

ڕامان

96

- ئاسۆکانی خوێندنەوەی دەق..... عەلی قاسمی
- کارنامەی پرۆژەی ئینسیکلۆپیدیایەک.. ئازاد عەبدولواحید
- تاقیکردنەوەم لە چیرۆکنووسیدا... محەمەد مەولوود مەم
- چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند (برایم قەرشی).....
- میتافیزیک چییە؟... لە ئەڵمانییەوە: د. عەمید عەزیز
- زمانی پاشا و زمانی ڕەعییەت..... فەرهاد شاکەلی
- تاڵۆزی کولتوور و کەسایەتی..... سەنگەر ڕەمزی زراری
- لەنێوان نووسەر و دەرهێنەری شانۆییدا... د. فازیل جاف

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری ڕەمان دەری دەکات

پەیکەر: چللینی - ئینالیا

RAMAN
May,2005
Issue, No. 96

گۆڤاریکی ڕۆشنبیریی گشتییە
بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیریی ڕامان دەری دەکات
خوولی دووەم - ساڵی نۆیەم
مایس/ **2005**

خاوەنی ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر
ئازاد عەبدولواحید

داڕێژەری هونەری
سەرکەوت وەلی

مۆتیڤ و پۆرترێت
قەرەنی جەمیل

ناونیشان
هەولێر - تەنیشت سینەما سەلاحەدین

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی
www.raman-media.net

تەلەفۆنی گۆڤاری ڕامان
٢٢٣٠٥٨٢

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر
٤٤٩٤٦٦٢
٢٢٢٨٥٠٦

چاپ
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە/ هەولێر

نرخ
(٧٥٠) دینار

ناوەرۆک

• **پێڕست** 2
• **سەرۆتار**
– لە یادی (107) ساڵەی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا..... سەرنووسەر 3
• **لێکۆڵینەوە**
– ژیان لەپێناوی گێڕانەوەدا..... جەبار سابیر 4
– ئاسۆکانی خوێندنەوەی دەق..... عەلی قاسمی 11
– کارنامەی پرۆژەی ئینسیکلۆپیدیایەک بە کوردی..... ئازاد عەبدولواحید 16
– قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی..... و/ ڕێبین ڕەسوول ئیسماعیل 25
• **تیۆری ئەدەبی**
– تیۆری ئەدەبی..... و/ لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی 34
• **ڕەخنە**
– چاوم بە فەرهەنگی «شیرین»دا خشاند..... عەزیزی مەلای ڕەش 40
• **دەق و ڕەخنە**
– دەق: سێبەرا خەباتێ.. حەسەن ئیبراهیم..... خوێندنەوە: عەبدولخالق سوڵتان 49
• **ئەزموون**
– تاقیکردنەوەم لە چیرۆکنووسیدا..... محەمەد مەولوود مەم 51
• **چاوپێکەوتن**
– چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەندی شانۆکار (برایم فەرشی)..... ئا: ئازاد عەبدولواحید 58
• **تۆمارێک لەبارەی (دڵدار)ەوە**
– دڵدار شاعیری شیعری ڕۆمانسی و ڕیالیزمی..... کەریم شارەزا 72
– دڵدار و وتار، زمان و نوێخوازی..... نەجات حەمید ئەحمەد 82
– لە یادی هەشتاو شەش ساڵەی لەدایکبوونی دڵدار..... ئەحمەد دڵزار 86
– دڵدار و سیاسەت..... مەجید ئاسنگەر 89
• **فەلسەفە**
– میتافیزیک چییە؟..... و/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز 92
• **کۆمەڵناسی**
– قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون..... جوان حوسێن 102
• **هونر**
– کورتەیەک لە میژووی هونری ڕامیاری لە سەردەمی ڕێنسانسدا..... و/ لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی 113
• **زمانزانی**
– زمانی پاشا و زمانی ڕەعییەت..... فەرهاد شاکەلی 121
• **بیروڕا**
– ئەولادی ئەم عەسرە..... فەرهاد پیرباڵ 132
• **وتار**
– ئاڵۆزی کولتوور و کەسایەتی کورد..... سەنگەر ڕەمزی زراری 138
– بیرانینەک ل سەر گۆڕا ئەحمەدێ خانی..... ڤەگوهاستن: ئەزهار بامەرنی 142
• **شیعر**
– سۆفیا..... هاشم سەڕاج 144
– هەڵاتن..... هۆشەنگ شێخ محەمەد یووسف 147
• **شیعری بیانی**
– سەرکەوتنەکانی ئیرۆس لە جەنگدا..... و/ لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل 149
• **چیرۆک**
– حەوتەمین ڕۆژ..... جەلیل کاکەوەیس 150
– ئیفلیج..... محەمەد ڕەنجاو 156
• **چیرۆکی بیانی**
– باوکی سیمۆن..... و/ لە فەرەنسییەوە: زەنوون بیلال محەمەد عەلی 161
• **گۆرانی و مۆسیقا**
– با ئەوانەش لەبیر نەکەین..... باکووری 166
• **شێوەکاری**
– بەسەر هێڵی سەڵت و هەستە دەروونییەکانەوە..... وریا بوداغی 171
• **فۆتۆگراف**
– جۆرەکانی هاوێنە.. کار و تایبەتمەندییەکانیان..... و/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی 174
• **شانۆ**
– ئەکتەر لەنێوان دوو قوتابخانەدا..... و/ شۆڕش محەمەد حوسێن 180
• **کتێب**
– شانۆکاری کورد لە یۆتۆپیای ئەزموونگەریدا..... لێدوانی: کامەران سوبحان 184
– نامەی منداڵان بۆ خوا..... لێدوانی: عەبدولخالق قەرەداغی 189
• **بەدواداچوون**
– داهێنان لەبەردەم ئیرادە و ویستی خێردا..... ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی 191
• **تیراژ**..... 193
• **زاراوەسازی**
– داستان..... د. موحسین ئەحمەد عومەر 207
• **دوایەنجەرە**
– لەنێوان نووسەر و دەرهێنەری شانۆییدا..... د. فازیل جاف 208

لە پەراوێزی کولتوورەوە

لە یادی (107) ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردیدا

وەستان و بەخۆداچوونەوە

سەرنووسەر

* لە دەمێکەوە وتراوە گۆڤار و رۆژنامە زمانحاڵی سەردەم و نەتەوەیە، بگرە ئاوێنەی بێگەردی هەست و نەست و خەون و خۆزگە و دنیابینی ڕۆڵەکانیەتی. بێگومان ئەگەر ڕۆژنامەگەریی هاوتەریبی سەربەستی قەڵەم و چاونەترسی ڕۆژنامەنووس بێت، ئەوە بە کۆشش و تەقالای بەردەوامی کارێکی زۆر گەورە دەکاتە سەر گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگا و پێشکەوتنی ژیان، هەر بۆیەشە ڕۆژنامەیان بەدەسەڵاتی چوارەم ژمارد‌ووە، یا هەندێ بە (دەسەڵاتی ڕای گشتی)یان داناوە، کە ئەمە بۆ خۆی باشترین بەڵگەی دەسەڵاتی ڕۆژنامەیە لەژیانی مرۆڤدا.

* ڕۆژنامەگەری وەک هۆیەکی ڕاگەیاندنی شارستانیی کاریگەر، ئەگەر سانسۆری لەسەر نەبوو، دەبێتە هۆیەکی فەرامۆش نەکراوی هوشیار کردنەوە و ڕاپەڕین و داچڵەکاندنی کۆمەڵ و دەتوانێ بۆ مەبەستی پەروەردە کردنی گیانی لێبرسینەوە و پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی تێبکۆشێ.

ڕۆژنامە هەر لەیەکەم ڕۆژی پەیدابوونییەوە خزمەتێکی ڕاستەقینەی نواندووە بۆ ڕێنمووئی و ئاراستەکردن و بەرینکردنی ناستی تێگەیشتن و پێگەیاندنی هوشیاری و ڕابەرایەتی کردنی کۆمەڵانی خەڵک، بگرە ئەو ڕۆژنامانەی زمانی ڕاستگۆیانەی گەل و نەتەوە بوون، لەکاروانی ئازادی و سەرفرازیدا ڕێبازی ڕاستوڕەوانی هێمنیان گرتووەتە بەر، بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسوودە و بێ پەڕژین، چونکە هەمیشە دەنگی دلێری بانگی شۆڕشگێڕانە بوون دژی بەڵاوەنان و پێشێل کردنی خەباتی شۆڕشگێڕانە.

* میژووی دەرکەوتن و پێشکەوتنی ڕۆژنامەگەری کوردی، بەشێکی زیندووە لە میژووی سەراپای ڕۆژنامەگەری لە جیهاندا، سەرهەڵدانەکەی بۆ ئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و شارستانیی دەگەڕێتەوە. ئەگەر میژووی سەرهەڵدانی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی بەند بێت بە پێشکەوتنی بارودۆخی سیاسیی کورد، کەوایە سەیر نییە بەردەوام دەنگدانەوەی ڕاز و سکاڵای ئەو خەڵکە بووبێ و میژوویەکی پڕ لە شکۆمەندیی بۆ خۆی نووسیبێتەوە، سەرەڕای هەموو جۆرە چاو سوورکردنەوە و گەف و هەڕەشەیەکی کە ڕووبەڕووی بووەتەوە، کەچی هەردەم نوێنەری دەنگی ئەو کەسانە بووە کە دڵسۆزانە درێژەیان بە خەبات داوە و لە هەوڵ و تەقالای خۆیان نەکەوتوون بۆ بە جێگەیاندنی پەیامی وشەی گەوارای کوردی.

* ئەو پێشمەرگانەی ڕۆژنامەیان کردووە بەنوێنەری دەنگی نەتەوە و شۆڕشگێڕان، دیارە هەبوون دژی خەباتەکەیان وەستابن بۆ مەبەستی دەم کوت کردن و ساردکردنەوەیان تا لە گەیاندنی ئەو پەیامە ڕێیان پێ لابدەن، بۆیە دەبێ هەمیشە یادی ئەو ڕۆژنامەنووسە پێشەنگانەمان لەبیر نەکەین کە تەمەنێکی دوور و درێژی پڕ لە تێکۆشان و شەونخوونییان لەگەڵ وشەی پڕشنگداری کوردی بردووەتە سەر، جگە لە یادکردنەوەی بەردەوامیان دەبێ ئەو ڕۆژنامەنووسە نەمرانە کە وەک مۆم بۆ گەشانەوەی وشەی کوردی توانەوە پەیکەریان بۆ دابتاشرێ و لەبەرچاوی نەوەکانمان نەمریان بکەین، ئەمەش ئەرکێکی نەتەوەیی سەرشانمانە.

* هەر لەم بۆنەیەدا پێم باشە چەند پێشنیار و بۆچوونێک بۆ بەبیرهێنانەوەش بێ بخەمە بەردەستی لایەنە بەرپرسەکان تا هەوڵی بۆ بدەن و لە داهاتوودا جێبەجێیان بکەن، کە بێگومان بە جێگەیاندنی ئەم ئەرکانە خزمەتی زیاتر بە ڕەوتی ڕۆژنامەگەری کوردی دەگەیەنن و بۆ بەرەوپێش بردنی تەکانێکی دیکە دەبێ لەوانەش:

(١) دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هەوڵ بدەن سەرجەمی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی خۆمان کە دەگەمەن و دانسقەن لە چاپ بدەنەوە و تەنانەت بیێتە یەکە ئەرک و کاری لە پێشینەیان، تا ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە لە فەوتان ڕزگار بکرێن وبخرێنە بەردەستی نەوەی ئەمڕۆکەمان و لێتوێژەرەوە و باسکارانمان سوودیان لێوەربگرن، چونکە ئاوێنەیەکی بااڵنما و سەرچاوەیەکی گرنگی میژوویی و کۆمەاڵیەتی و سیاسی و کولتووری ژیانی ئەو ڕۆژگارەی ئێمەن.

(٢) حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەهێنان و کڕینی چاپخانەی گەورە و مۆدێرن، دەتوانێ خزمەتێکی بەرچاوی بزاڤی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی کوردی بکات و لە ڕووی زۆر کردن و جۆری تەکنیکەوە قەڵەمبازێکی دیکە بە ڕۆژنامەگەری کوردی بدات، هەروەها هانی سەرمایەگوزارەکانی کورد بدرێ و کارئاسانییان بۆ بکرێ تا لەم بوارەدا جێ دەستیان دیارێ و ئەوانیش لەو ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییەدا دوانەکەون.

(٣) هیچ ڕۆژنامەگەرییەک لە دنیادا نییە پێشکەوتبێ و کاریگەریی هەبووبێ بەبێ فەراهەم کردنی کەشی لەباری (ئازادی) بۆ ڕۆژنامەنووسان، بەڵام دەبێ (ئازادی) لەناو چوارچێوەی یاسادا ڕێک بخرێ، تا کەسانی نامەسئوول بەخراپی بەکاری نەهێنن و (جنێوفرۆشی) و (تۆمەتبارکردنی) بێ بنەما و واهیمە تێکەڵ بە ئازادی نەکرێ و ئازادی تاکەکەس لەو شوێنەدا بوەستێ کە ئازادیی کەسانی دی دەست پێدەکات.

(٤) ئەرکی سەرشانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە، کە ئەندامانی خۆی لە (جنێوفرۆشان) و بوختانچییان بپارێزێ و ئەو جۆرە کەسە لامێڕ و مشەخۆرانەی سەر سفرەی ڕۆژنامەگەریی کوردی بداتە دەست یاسا و تەنانەت ئەوانەش کە لە دەرەوەی وڵات سوودیان لە لیبرالییەت و ئازادی ئەوێ وەرگرتووە بە شێوەیەکی یاسایی ڕاوەدوو بنرێن.

(٥) هەروەها ئەرکی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانە کە ڕێزەکانی ڕۆژنامەنووسان لە کەسانێ پاک بکاتەوە کە بەدار شەققە هاتوونەتە ناو ڕۆژنامەگەری و داوونەریتی ڕۆژنامەگەرییان تێکداوە و ناوو هەواکەیان ناساز کردووە، کە ئەوانەش فڕیان بەسەر پیشەی ڕۆژنامەگەرییەوە نییە و لە جیاتی لە ڕێگای ڕەواوە و لە دەرگاوە بێنە ناوییەوە، لە پەنجەرەو بنمیچەوە خۆیان کوتاوەتە ناوییەوە، بەداخەوەش ئەوانە بوونەتە هۆی لەکەدار کردنی ناوونابانگی پیشەی ڕۆژنامەگەری و بۆ هەر مەبەستێ بێ بەکاری دەهێنن. یان هەیانە لە پیشەی موزمینی ڕاپۆرت نووسینەوە پەڕیونەتەوە ناو ڕۆژنامەگەری کوردی،دیسان دەبێ دوای یەکگرتنەوەی ئەو دوو ڕێکخراوە هەوڵ بدرێ ڕێزەکانی سەندیکا لەو جۆرە کەسانە پاک بکرێتەوە.

(٦) تا بە ئەمڕۆکەش دەگات (ڕۆژنامەنووس!) هەیە لەنێوان تەپ و تۆز بەڕپاکردن و نوقرچک و ئیستیفزاز کردن و هەست بریندارکردن لەلایەک و (هونەری ورووژاندن)ی ڕۆژنامەوانی لەلایەکی دیکەوە کە کارێکی پێویستە لە ڕۆژنامەگەریدا جیاوازی ناکەن، بۆیەشە کە لە هونەری (زەق کردنەوە) و (خستنە ژێر میکرۆسکۆپی) گەورەکردنی ڕۆژنامەگەری و هونەری (ورووژاندن) نەزانراو بە پێخاوسی کەوتینە ئیستیفزاز کردن و یەکتر بریندارکردن و تانەوتەشەر و (قیل و قال)ەوە، ئەوکاتە دیالۆگ دروست نابێ، ئەوەندەی گێرەشێوێنی و وەاڵم و وەاڵمدانەوەی بێ ئامانج و بێ سەمەر جێگەی دیالۆگ دەگرێتەوە.

(٧) بۆ پەرەپێدان و پێشکەوتنی بەهرە و توانای ڕۆژنامەنووسە دڵسۆز و چاالکەکان، پێویستە سستمی خوێندنی (کۆرس) و پەیانگای ڕۆژنامەگەری بیری لێبکرێتەوە، هەروەها ناوبەناو چەند ڕۆژنامەنووسێک بە مەبەستی زیاتر شارەزایی پەیداکردن ڕەوانەی دەرەوەی وڵات بکرێن تا لەلایەک لەگەڵ زمانێکی زیندوو ئاشنایەتی پەیدابکەن، لەلایەکی تریشەوە بەچاوی خۆیان داوونەریتی پێشکەوتووی ڕۆژنامەگەری لە وڵاتانی پێشکەوتوو ببینن و لێیانەوە فێربن.

(٨) بە بەردەوامی ڕۆژنامەنووسی بەناوبانگ و خاوەن ئەزموون بۆ هەرێمی کوردستان داوەت بکرێن کە دۆستی کورد بن و لەنزیکەوە ڕۆژنامەنووسان لەگەڵیاندا ببروڕایان ئالوگۆڕ بکەن، ئەوانیش بەکۆڕگرتن و سیمینارەکانیان سوود بە ڕۆژنامەنووسانی لای ئێمە بگەیەنن.

(٩) لەپاڵ ئەوەشدا ناکرێ ڕۆڵی خوولە تایبەتەکانی ڕۆژنامەگەری لەبیر بکەین کە بۆ ڕۆژنامەنووسانی الو زۆر سوودی هەیە تا لایەنی تیوریکی خۆیان دەوڵەمەند بکەن و لەپاڵ لایەنە عەمەلییەکان خزمەتیان بکات، بەاڵم دەبێ ئەو خوولانەش خولی نەوعی بن نەک تەقلیدی و سارد و سڕ.

(١٠) هەوڵ بدرێ بەهەر نرخێک بێت هەموو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی خۆمان (هی ئێرە و هەندەران) لە سەنتەرێکدا کۆبکرێنەوە، تا کاریان لەسەر بکرێ و بخرێنە بەردەستی خوێنەرانەوە.

(١١) لە دواجاردا پێ لەسەر کارابوونی دەوری سەندیکای ڕۆژنامەنوسان دادەگرین کە بۆ خولقاندنی داوونەریتی ڕۆژنامەگەری هەوڵی زیاتر بدات و لەپاڵ دابین کردنی ژیانێکی سەربەرزانە بۆ ڕۆژنامەنووسان و پاراستنی کەرامەتیان، کەشوهەوای (ئازادیی بیروڕا)ی زیاتریشیان بۆ دەستەبەربکات، بێگومان ناشتوانێ داوونەریتێکی تەندروست فەراهەم بکات ئەگەر نەتوانێ لەپێشەوە عەریزەنووس و (گیاکەڵە)کان لەناو باخچەی ڕازاوەی ڕۆژنامەگەری کوردی ڕیشەکێش نەکات!

ژیان لە پێناوی گێڕانەوەدا

چەند قسەیەک لەسەر ڕۆمانی (سوەیلا)ی شارامی قەوامی

جەبار سابیر
(سلێمانی)

لە گۆشەنیگای سۆسیۆلۆژییەوە شار بەرئەنجامی پەرەسەندنی خۆبەخۆ و پێگەییوی کۆمەڵگەی بەشەرییە و، لێرەشەوە هۆکانی بەرهەمهێنان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پێشکەوتن و ڕسکانی فۆرمی شارەکان هەبووە. هاوشان لەگەڵ ئەو پێشکەوتنانەدا ئەدەبیش هەنگاوی هەڵهێناوە و ڕۆڵ و نەخشی لەو پێشکەوتنانەدا هەبووە و بەپێچەوانەوە ئەو پێشکەوتنانەش کاریان کردۆتە سەر تەواوی ژانرەکانی ئەدەب و هونەر بە گشتی، کە زۆرێک لەو ژانر و ڕێبازە ئەدەبی و هونەرییانە بۆ خۆی بەرئەنجامی دروستبوونی شارەکانن بەم فۆرمەی ئێستایانەوە.

بەر لە داهاتنی پیشەسازی کاغەز و شۆڕشی پیت، یا دروستتر بڵێین دۆزینەوەی پیتی چاپ لەلایەن گۆتێنبێرگی ئەڵمانییەوە لە ساڵی (١٤٤٨) مرۆڤ نەیدەتوانی زۆرتر پەنا بۆ نووسین بەرێ و زیاتر پشتی بە یادەوەری خۆی دەبەست، تەنیا لە ڕێگەی شیعر و داستانە شیعرەوە گوزارشتی لە دنیاو کەینونەی خۆی و ڕووداوەکان دەکرد و هەر لە ڕێگەی شیعرەوە سروشتی ڕاڤەکردووە، ئەمەش لەلایەک بۆ خۆش بەدەستەوەهاتنی بابەتەکە لە ڕێگەی شیعرەوە و لەلایەکی تریش بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە خەڵک دەیانتوانی لەدوای خوێندنەوەی بابەتەکە لە یادەوەرییاندا بیهێڵنەوە و سینە بە سینە بیگوازنەوە، تا بەوە گەیشت بخرێتە سەر پەڕەی کاغەز. مرۆڤ هەوڵێکی زۆری داوە بۆ ئەوەی شتێک دابهێنێ و بتوانی لەسەری بنووسرێ و گران نەکەوێ لەسەری، چونکە تەواوی فەلسەفە و پەڕاوە ئاسمانی و میراتەکانی تری ئەدەب و هونەر لەسەر پێستی گیاندارن بەتایبەتی ئاسک نووسراونەتەوەو ئەوەش دەست هەموو کەس نەکەوتووە و تەنیا پادشا و دەسەڵاتداران توانیویانە دەستی بخەن و بەمجۆرە ئەوەی کە دڵبەستەی ئەوان نەبووبێ فەوتاوە و بە ئێمە نەگەیشتووە، بەڵام داهێنانی کاغەز و دواتر پیتی چاپ ئەرکێکی گەورە و سەنگینی لەکۆڵ مرۆڤ کردەوە و خزمەتێکی پیرۆزیشی بەتەواوی بەشەر و ڕابردوو و داهاتووی بەشەر گەیاند.

لێرەوە داهاتنی کاغەز و دۆزینەوەی پیتی چاپ و بەرەو پێشچوونی پیشەسازی چاپ و چاپەمەنی و کۆبوونەوەی فراوانی مرۆڤ لە دەوری یەکتر و لە شارەکاندا هەم گۆڕانی لە کایە کۆمەڵایەتییەکاندا چێکرد، هەم لە کایە هونەری و ئەدەبییەکاندا پێشڤەچوونی هێنایە گۆڕێ. ڕۆمان کە لای هەندێک زادەی بۆرژوازییەتە، بەرئەنجامی شار و پێشکەوتنی شارەکانە و لە ڕەوتی بەرەو پێشچوونی خۆیدا تا بە ئەمڕۆش دەگات بەسەر تەواوی ژانرەکانی ئەدەبدا زاڵە و، لەدوای ڕۆمانەوە ژانرێکی ئەدەبی تر دروست نەبووە جێ بەو چۆڵ کات، واتا مرۆڤ

نەگەیشتۆتە قۆناغی پۆست ڕۆمان.

بە بڕوای شارەزایانی بواری ڕۆمان، ئەو گۆشە و کەلەبەرانەی میژوونووسان لای لێ ناکەنەوە ڕۆمانnووسان بەرجەستەی دەکەن و لێرەوە ئەرکی ڕۆمان زیندووکردنەوەی ئەو چرکەساتە لە یادکراوانەیە کە میژوونووسان نەیاننووسیوە، میژوو یا دەسەڵاتدار دەینووسێ یا بێدەسەڵات، لەو ناوەشدا ڕاستی و دروستی ڕووداوەکان ون دەبن و هەرکەسە و یا هەرچینە و لە بەرژەوەندی چینەکەی خۆی میژوو دەنووسێت، مارکس پێیوایە میژوو جگە لە ململانێی چینەکان شتێکی تر نییە، بەڵام ڕۆمان واقیعەکە وەک ئەوەی هەیە بە شێوازێکی فەنتازی و بااڵدەستی خەیاڵ دەنووسێتەوە و نە بەسەر شتەکاندا بازدەدات نە لە بەرژەوەندی لایەک دەنووسێت و نە لایەنگری لایەک دەکات.

شارامیش لەم ڕۆمانەدا هەمان شێوەی ڕۆمانnووسانی دنیا چرکەساتە ون و نادیارەکانی میژووی نەتەوەکەمان لەم پارچەیە دەنووسێتەوە و لێرەشەوە ڕەخنەیەکی زۆری ئاراستەی ئەم کۆمەڵگەیە کردووە کە چەند دڵڕەقانە ڕەفتار لەگەڵ دیاردە و ڕووداوەکاندا دەکات. وەک چۆن میلان کۆندێرا لە هەردوو ڕۆمانی (بەهاری پراگ) و (ئاهەنگی ماڵئاوایی)دا ڕەخنەکانی ئاراستەی کۆمەڵگەی چیکی دەکات.

ئێمەی کورد بە درێژایی میژوو بەهۆی ڕووداوە سیاسییەکانی دنیاو ناوچەکەوە لە هەموو بەرەو پێشچوونێک بێبەش بووین و، گوندەکانمان نەبوونەتە گوندێک وەک گوندەکانی وڵاتانی ئەوروپا و شارەکانیشمان تەنیا ناویان شارە و وەک فۆرم و پێوەندی کۆمەڵایەتی، وەک پیشەسازی و سیماکانی تری ژیاریش هەر لە گوند دەچن، بۆیە سەرپاکی ئەدەبی کوردی بگەڕێی تا نیوەی دووەمی سەدەی بیست جگە لە شیعر شتێکی تری بەرهەم نەهێناوە. گەر بە وردی لێی بکۆڵینەوە لە تەواوی کوردستانی گەورەدا تا سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست یەک تاکە ڕۆمانت بەرچاو ناکەوێت، کە دیارە ئەمەش هۆکاری خۆی هەبووە و کورد هەمیشە لە حاڵەتی بەرگری و کۆڵبەکۆڵیدا بووە و لە کوێ پەرژاوێتییە سەر ئەوەی بزانێ لە دنیادا ڕۆمان هەیە، چیرۆک هەیە، یا شتی تر.. لەلایەکی تریشەوە دروستبوونی شارەکان و فۆرم وەرگرتنی لەوێوە دەست پێدەکات. ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد ڕاڕاییەکە لەنێوان شار و گونددا، لەوێدا نووسەر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ شوێندا دەکات و ناتوانێ زۆر پێداگری بکات لەسەر ئەوەی کە شوێنی ڕووداوەکان شارە، بەڵام دەڵێت گونده و وێنای سروشتی گوندەکە دەداتە خوێنەر.

ئەمەش دیارە بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە و ئەوکات گەر کەشی ڕۆمان یا هەر نووسینێکی ئەدەبی کەشێکی گوندی و زمانێکی کشتوکاڵی نەبوایە پەسند نەدەکرا، دواتر ئەو نووسینە و خاوەنەکەی خۆیان بە بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی میللەتەکەیان زانیوە و ئەدەبیات وەک چەکێکی کاریگەر بۆ لە ڕووڕاوەستانی دوژمن و هاندانی خەڵکی نەتەوەکەیان بینیوەتەوە و ئەرکی سەرشانی خۆیان ڕاپەڕاندووە. ئەو سەردەمانە ڕۆیشتن و لەگەڵ خۆیان زۆر شتیان برد و سەردەمی نوێش بۆ ئێمەی کورد بەتایبەتی کۆتایی سەدەی بیست و سەرەتای ئەم سەدەیە، ڕەنگە زۆری لە هەگبەیدا بێت کە دیارە قسەی ئێمە لێرەدا لەسەر ئەدەبە و لە ئەدەبیشدا باسەکەمان لە دەرگای ڕۆمان دەدات و ڕۆمانی (سوەیلا) دەکاتە ئامانجی قسەکردن. (سوەیلا) ڕۆمانێکی تاڕادەیەک درێژ و یەکەم کاری (شارامی قەوامی)یە، کە پێدەچێت سەرەتایەکی درەوشاوە بێت هەم بۆ خودی شارام هەم بۆ ڕۆمانی کوردی.

ڕۆمانی سوەیلا هەر بەناوی یەکێک لە کارەکتەرەکانییەوە ناونراوە و هەر ئەویش فاکتەری نووسینی ڕۆمانەکەیە، کە نووسەر لە ڕێگەی فلاشباکەوە و بەپشت بەستن بە زەنگلێدانەکانی سوەیلا بۆ گێڕەرەوە واتا خودی نووسەری ڕۆمانەکە، ڕووداوەکان دەگڕێتەوە و بەمجۆرە ئەم ڕۆمانە لە دەرگای دەیان دیاردە و ڕووداوی گرنگ دەدات... پێدەچێت دوای ساڵانێکی دوور و درێژ گێڕەرەوە و کەسی هاوڵی کە لە وەختی نووسینی ڕۆمانەکەدا لە تەنیشتییەوەیەتی پێک گەیشتبێتن و سەربوردەی خۆی و عەشقی ناکام و بارودۆخی کۆمەڵگەکەی بۆ بگێڕێتەوە. پێشتر ئاماژەمان بەوەدا کە ڕۆمان زادەی بۆرژوازییەت و بەرئەنجامی دروستبوونی شارەکانە و ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لەو ڕۆمانە دەگمەنانەی کە لە شاردا نووسراون و خەم و دیاردەکانیش هەر زادە و هەڵقوڵاوی شارن.. کە دەڵێین دەگمەن مەبەستمانە بڵێین ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانەکانی بەختیار عەلی تەواو هەڵقوڵاوی شارن، چونکە لەم ڕۆمانە و ئەوانەی بەختیار عەلیشدا باس لە دیاردەگەلی وەک موعتاد بوون هەتیو بازی یاخی بوون و شۆڕش هەڵگیرساندن و پارک و سینەما و باڵەخانەی گەورە، گەورە دەکرێت.

ژیان خۆی جۆرێکە لە تەکنیک، هونەری ژیان ئەو تەکنیکەیە کە ئینسان ئاراستە دەکات و دەتوانێ بەپێوە بوەستێ، ئەم تەکنیکەش یان کۆمەڵگەیەکی تەندروست فێرت دەکات، یان ئیدیە و بەرنامەیەکی دیاریکراوی سیاسی. هەرکامیان بێت گرنگ ئەوەیە تەکنیکێک هەیە بۆ بەرێوەچوونی ژیان، ڕۆمان و هەر کارێکی ئەدەبیش کە هەڵقوڵاوی ژیان و دەرهاویشتەی ئەم ژیانەن بڕبڕەی پشتیان تەکنیکە و خاڵی هەرە بەهێزی ڕۆمان لە تەکنیکدایە، تەنانەت شێوازی نووسەریش هەر تەکنیکە و هەر نووسەرە و شێواز و تەکنیکی خۆی هەیە و ئەوی چەند ڕۆمانێکی گابریل گارسیا مارکیزی خوێندبێتەوە دەزانێ ئەم نووسەرە گەورەیە بایەخی گەورەی داوە بە تەکنیک، جیا لەوەش لە ئێستادا ڕیالیزمی ئەفسووناوی زاڵە بەسەر هەر جۆرە گێڕانەوەیەکدا لە دنیادا.

تەکنیکی ئەم ڕۆمانەش تەکنیکێکی ئاڵۆز و تێکچڕژاوە و کتومت ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگەی کوردی، تەکنیکی ئەم ڕۆمانە کار لەسەر ژیانی ڕۆژانەی ئینسان دەکات، ئەمە لای فارسەکانیش هەروایە، نەک هەر فارس و کورد بەڵکو مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی بەگشتی پەیوەستە بەژیانی ڕۆژانەی خۆیەوە، ئەمەش نەک هەر لەنووسین و کاری ئەدەبیدا بەڵکو ڕەنگدانەوەی بەسەر تەواوی بوارەکانی تری ژیانییەوە هەیە. لە پڕ گێڕەڕەوە دەگۆڕێت و تۆ پێی نازانی، ڕووداو دوای ڕووداو دێت و ناچاری دوای کەوی، وەک چۆن خێزانێکی کوردی بێ سەروبەر قسە دەکەن و قسەی یەکتر دەبڕن، بەڵام ئەم قسەبڕینانەی ڕۆمانی سوەیلا جوانییەکی بێ وێنەی بەخشیوەتە ڕۆمانەکە و بەردەوام سەرت لێ تێکدەدەن و بە ئاستەم جیای دەکەیتەوە کە کام کارەکتەر قسەت بۆ دەکات و چیرۆکەکەت بۆ دەگێڕێتەوە. ئەم تەکنیکە لای هەندێک کەس بەکاریگەری ڕۆمانی فارسی دەچوێنێت، بەڵام وەک پێشتر ئاماژەم پێدا ئەم تەکنیکە پڕ بەپێستی کۆمەڵگەی کوردییە و دەبێ ڕۆمانی کوردی هەروابێت، تۆ بڵێی ئەو گێژاو و قەیرانە یەک لەدوای یەکانەی ئەم کۆمەڵگەیەی تێکەوتووە چۆن لێبکدرێتەوە جگە لەوەی پەنا بۆ ئەم تەکنیکە بەریت. بۆیە مۆرکی کوردانەی ئەم ڕۆمانە لەو تەکنیکە ئاڵۆزییەوە دەردەکەوێت و جگە لەوەش زەمانە و زەمینی ڕووداوەکان و ئاخافتنی کارەکتەرەکانیش نەک هەر کوردین بگرە هێندە سادە و ساکارن، کە جیای ناکەیتەوە لە زمانی سەرەتایی ئینسان. کەسەکان لەم ڕۆمانەدا کەسی ئاسایی ناو کۆمەڵگەن و گوێ بە دنیا نادەن و سەرگەرمی گوزەراندنی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی خۆیانن و (یەدێ و عەبە) کە زۆرترین پانتایی ڕۆمانەکەیان داگیر کردووە نموونەی دوو ئینسانی کوردن کە ڕۆماننووس لە ڕێگەیانەوە هەم وەک قسەکەر و هەم وەک گوێگر قسەی خۆیان بۆ ژیان هەیە.. ئەم کەسایەتیانە هەمیشە بەختەوەرن و تا زەمەن دەگاتەوە سەر چرکەساتی گێڕانەوەکە ئەوان گرفتێکیان نییە و لە کاتی گێڕانەوەدا بوونەتە بەشێک لە گرفتەکانی دنیا.

شوێنی دەستپێکردنی ڕووداوەکان شاری سنەیە، بەڵام نووسینەوەی لە شاری تارانی پایتەختی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، ڕووداوەکان بۆ کۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو سەردەمی جەنگی عێراق/ ئێران دەگەڕێنەوە و دیسان گێڕەڕەوە دەگەڕێتەوە بۆ دەورانی منداڵی و هەرچی دیاردەی کۆتاییەکانی دەسەڵاتی شا و هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی کوردە لەو سەردەمەدا دەیداتە بەر نەشتەری ڕەخنە و ئەو دۆخەت وەک وێنەگرێکی سینەمایی کارامە دەخاتە بەردەست بە جۆرێک هەست بە ژان و ئازاری مرۆڤەکان بکەیت لە وەختی خوێندنەوەدا.

تانوپۆی ئەم ڕۆمانە بەهۆی جوانی کچێکەوە بەناوی سوەیلا، کە ئارام واتا گێڕەڕەوە چاوی پێیدەکەوێت کە لە تەمەنی دە ساڵیدا دەچنرێت و جگە لە چەند جارێک بینینی کورتخایەن ئیتر تەنیا تەلیفۆن دەنگیان بە یەکتر دەگەیەنێت و ئارام عەشقی سوەیلا موعتادی دەکات و لە دۆزەخەکانی ژیانی نزیک دەخاتەوە، ئارام لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە دانیشتووە و باسی سوەیلا و دەورانی منداڵی بۆ عەبەی هاوڕێی دەکات. جگە لە لایەنی جوانکاری مەبەستی سەرەکی ئەم ڕۆمانە لێدانە لە زۆرێک لە دیاردەکانی ناو کۆمەڵی کوردەواری، فەریدە ژنێکە و لە کۆڵانی منداڵی ئارام تەنیا لەبەر ئەوەی بۆ ئارەزووەکانی خۆی دەژی گەلەکۆمەی لێدەکەن و دەری دەکەن.. شۆڕش دوای سەرکەوتنی جەنگی ناوخۆ دەباتە شارەکانەوە و دواتر حکومەتی ناوەندی بە زۆری هێز شۆڕشگێڕان دووردەخاتەوە، لێرەدا ڕۆماننووس زۆر وریایانە باس لە دیاردەیەکی ترسناک دەکات کە نەک هەر ئێمەی کورد، بەڵکو تەواوی میللەتانی ئەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە ئالووەی بوون و پێش ناچێت وا زوو لەو پەتایە ڕزگارمان بێت، ئەویش شیرین کردنی خوێن و کوشتنە لەبەرچاوی منداڵ (مەرگدۆستی) necrophilia ئەم دیاردەیە تەنیا هەر منداڵ بەدبین و ڕەشبین ناکات، بەڵکو لە هەست و نەستی منداڵدا ڕق و کین دەچێنێ و مرۆڤ لەسەر یەکتر سڕینەوە و لەناوبردنی

یەکتر ڕادەهێنێ و بەمجۆرە لەم ڕۆمانەدا دەبینی منداڵەکان بەو تەمەنە هەرزەکارییەوە دەچنە بەرەی جەنگ و دەبنە پێشمەرگە و بەشداری شەڕی ناوخۆ و شەڕی حکومەتی ناوەندی دەکەن، لەکاتێکدا لە دنیای ڕۆژئاوادا ئەو تەمەنە تەمەنی گەڕان و پشکنینی ڕاز و ڕەمزەکانی دەوروبەرەو منداڵ فێری دەیان و سەدان هونەر و تەکنیکی زانستی دەکەن و ژیاندۆستی (bayophilia) لە هەستیاندا دەچێنن.

لەلایەک ئاستی خزمەتکردنی حکومەت لە تاران و سنەدا دەخاتە ڕوو لەلایەک بێدەربەستی کۆمەڵگەی کوردی دەداتە بەر ڕەخنە و لەنێوان تاران و سنەدا خەیاڵەکانی ڕۆماننووس پەرت دەبن و زۆرجار وا دەزانی باسی تارانە کەچی دواتر بە شوێنەکاندا تێدەگەی ئەوەی باسی دەکات سنەیە نەک تاران. لە شاری تاراندا خەڵک سەرقاڵی پەیداکردنی نانە و لە سنەش خەڵک خەریکی هەتیوبازی و قوماربازی و ژنبازین و هەردەم چاودێری ژیانی یەکتر دەکەن و بەکەوتنی یەکتر بەختەوەر دەبن، کە نووسەر هەموو ئەوانەی لە فۆرمی هونەریدا بەرجەستە کردووە و وەک ئەوە وایە فیلمێکی سینەمایی ببینی.. جیل دۆلۆز پێیوایە هیچ کارێکی هونەری لە ئارادا نییە ئاماژە نەکات بۆ دەرووبەک لە ژیان، ئەمەش مانای دەبێت لە سەروو هەموو فەنتازیا و جوانکارییەکەوە کاری هونەری و ئەدەبی ئاوڕ لە ژیانی خودی نووسەر و کۆمەڵگەکەی بداتەوە، ناکرێت ڕۆمانێک بنووسی و بەخۆێنەر نەڵێی زەمان و زەمینی ڕووداوەکان کوێیە، پێی نەڵێی خۆم کەسێ بووم لە کارەکتەری ڕووداوەکان وەک دەڵێن: ڕۆمان بەشێکی بچووکە یان بچووککراوەیەکە لە ژیانی نووسەرەکەی... بەو مانایەی هەر کەسێک چیرۆکێ یان ڕووداوێک دەکاتە ڕۆمانێ ناشێ خۆی لەو ڕووداو و چیرۆکەدا بوونی نەبێت و ڕۆڵی سەرەکیشی نەبێت.

زەمەن لەم ڕۆمانەدا زۆر بە خێرایی تێپەڕ دەبێت و مرۆڤەکان بەخانەی فەرامۆشی دەسپێرێ، ئەوان فریاناکەون یادەوەرییەکان بنووسنەوە، فریاناکەون عاشق بن و بگەنە مەعشوقەکانیان، ڕاناگەن بەشداری شۆڕشەکان بکەن و بۆیان نالوێ وەک گەنجێک، وەک پیاوێکی تەواو، وەک کچێ یا ژنێ، یاخود پیرەمێرد و پیرەژنێک تاموچێژێک لە ژیان بکەن... چرکەکانی زەمەن هێندە خێران تەنیا دەتوانین ڕووداو و کارەساتەکان بنووسینەوە و لەسەر پەڕەی دڵ بیانپارێزین. زەمەن گوێ ناداتە ئەوەی مرۆڤ فریا دەکەوێ یان نا، ئەو دەڕوات و دەبێ ئێمەش کوێرانە دوای کەوین، هەر هێندەی چاومان کردەوە ئیتر گیرۆدەی کابووسی هەتاهەتایی دەبین و سەرمان بەدیار یادەوەرییەکانەوە سپی دەبێت. زۆرجار ڕەنگە شکستی شۆڕشی نەتەوەیەک ئینسان کەنەفت کات و شێت و وەیلانی کات، زۆر کاتی تریش ئینسان هەموو شتێک دەخاتە لاوە و تەنیا عەشقی کچێک یاخود ژنێک بەسە بۆ ئەوەی لە هەموو دەوروبەری دابڕێت و ئیتر لای ئەو ولآت و نیشتمان و نەتەوە ئەرزشێکی نییە، ئیتر مرۆڤ تێکەڵەیەکە لە کابووسی مەرگ و ژیان لە عەشقی خاک و عەشقی ژن، لە سروشت و دیاردەکان. ئارامی پاڵەوانی ڕۆمانەکەش ناخی هێندە سیخناخە لەو یادەوەرییە تاڵ و سوێرانە لە پەلوپۆ کەوتووە و خۆی دەخواتەوە و خۆبەخۆ دەدوێ و ڕاڤەی ژیان و بوونی خۆی دەکات.. «چرکەکان وەک خۆیان تێپەڕ ئەبن و گوێ نادەنە دۆخی ئێمە. دەربایسی ئەوە نین کە ئێمە ماوەیێکی ئێجگار کورتمان هەیە بۆ قوواڵبوونەوە لە نیگاییێک، یان بەهیوابن مانگ و ساڵەکانی زیندان بە قەڵەمباز تێپەڕ بن. جاری وا لە مەودای دوو زەنگی تلیفۆندا زەمەن خەوی لێدەکەوێ و دواینێ شەوی دیداری خۆشەویستێک بەچاو تروکانێک ئەڕوا. مرۆڤ بۆ تێپەڕکردنی زەمەنە ناخۆشەکان خۆی بە گەمەی جۆراوجۆرەوە سەرقاڵ ئەکات. دەیەوێ بەیاری خۆی لە ساتە تۆقێنەرەکان دوورخاتەوە، یان بۆشایی نێوان ئێستا و ساتە پرشنگدارەکانی داهاتووی پڕکاتەوە، بەڵام یاری هەرچەندەش داخوڕێنەربێت ناتوانێ کابووسەکان لەبیر بەرێتەوە. لە نێوەڕاستی خۆشترین گەمەدا خەم داتەگرێت و لە کۆڵت نابێتەوە.»ل٤٤

مرۆڤ هەمیشە لە ترسێکی بەردەوامدا ژیان بەسەر دەبات و هەر خودی ئەو ترسەش وادەکەن مرۆڤ لە هیچ کارێکدا سەرکەوتوو نەبێت. کە دەگەیتە سەردەمێکی خۆش ناتوانی چێژ لە خۆشییەکانی وەرگری و هەمیشە بیرت لای ڕۆژگارە ناخۆشەکانە و ترسی گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژگارانە بەرۆکت بەرنادات و دەبیتە دێوەزمە.. «ترسی گەڕانەوە بۆ بارودۆخە تاڵەکان و نەگەیشتن بە ساتە خۆشەکانی ئاوات کابووسی ئەزەلی ئینسانە. مرۆڤ تێکەڵێکە لە خەون و کابووسی مەرگ..» هەمان لاپەڕە. کاتێک مرۆڤ بەهۆی هەر ڕووداوێکەوە دەخرێتە زیندانەوە و دواتر حوکمی مەرگی بەسەردا دەدرێ کە زیاتر لەم ولآتانەی ناوچەی ئێمەدا لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی و سیاسییە، ئەو چەند ڕۆژ و مانگ و ساڵەی ناو زیندان فێری دەیان پیشە دەبیت و بە هەر هۆکارێک

بێت دەیەوێ خۆی لەو کابووسی مەرگ و پەتی سێدارە دوورخاتەوە، دەیەوێ لە بیری خۆی بەرێتەوە کە مەحکومە بە لە سێدارەدان، ئاخر ئینسان تاقە کائینێکە کە حەزێکی لە ڕادەبەدەری بۆ ژیان هەیە و هەرچی شتی دنیایە دەیخاتە خزمەتی مانەوەی خۆی، وەک چۆن ئەفسانەکان دەگێڕنەوە کە ئەنکیدۆ بە دوای گیای نەمریدا دنیا گەڕاوە، یان شەهرەزاد هەزار و یەک شەو هەر شەوەی چیرۆکێکی بۆ شەهریار گێڕاوەتەوە بەخاتری کەمێک مەرگی دواکەوێت، بەڵام یاسای ژیانە و مرۆڤ هەرچی بکات مەحکومە بە مەرگ ئیتر لێرەو لەوێ بەهۆی دەسەڵاتەکانەوە جۆر و شێوەی مەرگەکە دەگۆڕێت..» کە مەرگی بیر دەکەوێتەوە، خۆی بە خەمی قەرزەکانییەوە خەریک دەکات. مەترسی دوژمن دێنێتەوە یادی خۆی، خۆی لە دووکەڵا نوقم دەکات، بەڵام هەموو ئەمانە ساتەوەختین و خووی پێئەگیرێ کەچی خەڵافاندنی بەردەوامی مێشک پێویستییەکی ئەبەدی ئینسانە. هەمان لاپەڕە.. مارکس دوای ئەوەی لەنامۆبوونی مرۆڤی کۆڵییەوە تێگەیشت بەشێک لەو دۆخەی مرۆڤ تێیدەکەوێ نەبوونی هیوا و خولیایە لای خودی مرۆڤ، مارکس پێی وایە هەژارترین مرۆڤ ئەو مرۆڤانەن کە هیچ هیوایەکیان نییە لە ژیاندا. ئارامی پاڵەوانیش وەک ماتەریالیستێک بۆ ژیان دەڕوانێ و دەڵێ: «مرۆڤ بۆ ئەوەی شێت نەبێ، ئەبێ لە دووڕە دەستەکانی زەیندا بەدوای هەویا و ئاواتێکدا وێڵ بێت..» ل٤٤

مەرج نییە شۆڕش و تێکۆشان بەختەوەری بۆ کۆمەڵگە بێنێ، زۆرجار شۆڕشەکان دەبنە خۆرکە و تەواو کۆمەڵگەیەک نغرۆ دەکەن، ڕەشبینی و بێئومێدی دەچێنن و ئینسان دەتاسێنن، دوای سەرکەوتنی شۆڕش گەر ئەرک و کاری تازەتر نەیاتە پێشەوە بەڵای کۆمەڵایەتی بەسەر ئەو کۆمەڵگەیەدا دێنێ، گەر خەونی نوێ نەبێت، ئینسان لە شۆڕشگێڕەوە دەکاتە بازرگان و وەک ئۆریۆڵ دەڵێ: مرۆڤ و بەراز جیاوازییەکی نامێنێ و ئەوەی تادوێنێ شۆڕگێڕ بوو ئەمڕۆ دەبێت شۆڕشی بەسەردا بکرێت و لە ڕەگەوە دەربهێنرێت، بۆ بەدبەختی ئێمەش مرۆڤی کورد زۆر کەم لە شۆڕشەکانی بەهرەی وەرگرتووە، هەمیشە لە دڵەڕاوکێیەکی دەروونیدا ژیاوە و بەمجۆرەش جاشێتی و باشێتی تێکەڵ بوون و مرۆڤی کورد لە پێناوی مانەوەدا تەواوی ڕێگا شۆڕشگێڕییەکان و خیانەتکارییەکانی تاقی کردۆتەوە.. «ساتەوەختەکانی تێکۆشان بەختەوەرانەترین چرکەکانی ژیانە و پاش گەیشتن ئەگەر خەونێکی تازەترمان لە باخەڵا نەبێت، سەرلەنوێ گیرۆدەی کابووسی ژیان دەبینەوە..» هەمان لاپەڕە.

ئەمەش پێمان دەڵێ مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە خەونی نوێیە، خەونێک لەوەی پێشتری نەچێت و شتێکی تازەی فێرکات، مرۆڤ دەیەوێ فێربێت، ئەمەشی لەخۆوە نییە و سنووری نێوان مرۆڤ و ئەوانی تر فێربوون و ئەزموونێکی شتەکانە، لێ زۆربەی جار فریا ناکەوێت و تەواو دەبێت، نووسینیش لای مرۆڤ هەر لەو مەیلە فێربوونەیەوە هاتووە و دەیەوێ هەڵەیەک ئەم کردی دوای ئەم نەیکات. بەمەش دەیەوێ قەرەبووی ئەوە بکاتەوە کە بە جەستە نەمری بەدەست نەهێناوە و، دەیەوێ وەک ڕۆح ئەو نەمرییە مسۆگەر کات.

لای شارام ڕووداوەکان لەبیر ناکرێن و تێپەڕینی ساڵەکانیش کەمڕەنگی ناکەنەوە.. «هەندێ ڕووداو لەبیر ناکرێ و تێپەڕینی ساڵەکانیش کەمڕەنگی ناکاتەوە. لەنێو ساتە ئاساییەکانی ژیاندا سەرهەڵدێنن و مەوداکانی تری ژیان دەسڕنەوە. مانەوەی ئەم ساتە هیچ پێوەندییەکی بە تیژبوونی زەینەوە نییە یان زێدە گرنگ بوون و جەخت لەسەرکردنی خەڵکی. ئەو ساتەوەختانەی بەزەینەوە دەلکێن و لە قووڵترین شوێنەکانی ڕۆحدا جێگە دەگرن، بۆ مانەوە پێویستیان بەهیچ بیانوویێک نییە. چارەنووسێکن هەموو ئینسانێک گیرۆدەی دەبێ، وەکو ئەوەی تاقە دۆستێکت هەبێ و بیکوژی... تاد». ئارام کە گێڕەوەی ڕووداوەکانە و بەدەم ژانی نەخۆشی و عەشقی سوەیلاوە باسی دەکات کاریگەری ڕووداوەکان دەکاتە بیانوو بۆ مانەوەی لە یادەوەریدا، ئەو پێیوایە ئەو ڕووداوانە وەک چارەنووس و گۆڕینی ڕێڕەوی ئەو چارەنووسە بە ئینسانەوە دەلێکن و ئیتر دەبنە کابووس و ئینسان بۆ هەر کوێ بڕوات بە شوێنییەوەن، ئەمەش دەمانباتەوە سەر قسەیەکی عیسا کە دەڵێت هەمیشە ئەو مرۆڤانەی خاوەن عەقڵی بچووکن بەختەوەرن، پاڵەوانەکەی شارام کە ئارامە عەقڵێکی گەورەی هەیە و ڕووداوەکان تاساندوویانە بۆیە یادەوەری ئەو هێندەی تێدایە بەرگەی ناگرێت و تووشی داوی تلیاک کێشانی کردووە و موعتاد بووە.

ئارام تەمەنی دە ساڵە کە سوەیلا دەبینێ ئیتر ئەم بینینە بۆی دەبێتە دەرد و ئەو بە یەکگەیشتنەی ئارام چاوەڕوانیەتی و بەڕووداوێکی گرنگی دەزانێت کە ژیانی بگۆڕێت هەر ڕوونادات و هەموو گێڕانەوەکەش خراوەتە خزمەتی دەرخستنی وردەکارییەکانی عەشقی ئارام بۆ سوەیلا.. مەنەلۆج کە پێکهاتەیەکی سەراسیمەکەر و بنەڕەتییە لەم جۆرە ڕۆمانانەدا زۆر شت دەدرکێنێت و

هەموو ڕستە جوانەکانی ئەم ڕۆمانە مەنەلۆجەکانن کە بوونەتە بڕبڕەی پشتی بونیادی تەواوی ڕۆمانەکە، ئارام خۆ بەخۆ قسە دەکات و وردەکاری زیاتر دەخاتە سەر یادەوەرییەکانی و هەستدەکەیت لە حاڵەتی نائاساییدایە بۆیە بەو جۆرە دەدوێت و، وێنای ڕووداوەکان دەکات «کارەسات لە کاتی ڕووداندا هیچ لە مرۆڤ ناکات. ڕووداو ئەو کاتە ئینسان تێک دەشکێنێ کە ئیدی ڕوونەدا و وەک خۆی بمێنێتەوە. لە هەناودا باڵا بکا، لە ڕۆحدا جێگیر ببێ و.. ببێ بە هەموو دەردەکان...»

عەباسی کیا ڕۆستەمی لە یەکێک لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ: ئێمە لە گۆشەیەکی تاریکی ئەم جیهانەدا دەژین.. شارامیش سەر بە نەوەی ئەو ڕابوونە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەیە کە عەباس قسەی لێوە دەکات و ئامانجیان هێنانە پرسیار و دواندنی کۆمەڵگەی ئێرانی و دواتر ناوچەکە بەگشتییە، هەموو ئەو تاریکی و دواکەوتنەی عەباس قسەی لێوە دەکات لای شارام بەرجەستە بووە و تەواوی کارەکتەرەکانی ڕۆمانەکە تێکشکاو و پەراوێز خراون و زۆرێکیش لەوان نەماوە و لە دەمی گێڕانەوەدا ئاوڕ لە خۆیان و بەسەرهاتیان دراوەتەوە، بەڵام دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردی و ئالوودەبوونی بە مادەی بێهۆشکەر و قوماربازی و قومارکردن لەسەر ژن و دۆڕاندنی ژن و هەتیوبازی بەڵایەکن و تووشی ئەم نەتەوەیە کراون، ژن لەم ڕۆمانەدا کائینێکی پاسیڤ و گۆشەگیرە و تەنیا لەو کاتانەدا وەک ئەکتیڤ دەردەکەوێت کە ڕووداوەکان دەچنەوە تاران و لەو سەردەمەی شاری سنەدا ژن تەنیا هوهای لێکێشراوە و ئەمەش بەزەقی لە ڕۆمانەکەدا دیارە و ڕۆمانەووس بە ئەنقەست ئەو لایەنانەی بەرجەستە کردووە.

ئەو سالآنەی کە ئەم ڕۆمانە بەسەریان دەکاتەوە و خودی ڕۆمانووسەکە تێیدا ژیاوە سالآنی شەڕ و شۆڕ بوون و ئینسان لەبەر شەڕ هەناسەی بۆ نەدراوە و شەڕ کۆنترۆڵی تەواوی فکر و هۆشی ئینسانی کردووە و ژیانی لێ زەوت کردووە. دیارە ئەمەش واتا شەڕ سەپاندنی هەیمەنەی کەسێکە بەسەر کەسێکی تردا، سڕینەوەی کۆمەڵە ئینسانێکە و دانانی کۆمەڵێکی تر لە شوێنیان، کە دواجار وێرانەیەک لە دوای خۆی جێدێڵێ و دنیا دەکاتە دۆزەخ و ئاسەواری بۆ دەیان سالآ دوای خۆی هەڵدەگرێ، کۆمەڵگە لە بۆتەیەکدا قەتیس دەکات و ناهێڵێ یەک شەقاو بۆ پێشەوە بڕوات، تەنیا مەودای گەڕانەوەی بۆ دەهێڵێتەوە.. «شەڕ جۆرێکە لە شەهوەت، هەموو شتەکان ئەخاتە پەراوێزەوە خۆی نەبێت. بەخێرایی کەرسوڕهێنەرەوە خەڵک بەدەوری دروشمێکدا کۆ دەکاتەوە. ڕێبان دەکات لە تەوژمی کوشتن، لە شانازی مردن..»

هەر ئەو سالآنەی ئەم ڕۆمانە ئاوڕی لێداوەتەوە سالآنێک بوون کە ئیدییەی مارکسییەت دنیای تەنیبۆوە و تەواوی شۆڕش و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی دنیاش مارکسییەتیان کردبووە بەرنامە و سەرمەشقی کارکردن، کوردیش یەک لەو نەتەوانە بوو لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا مارکسییەت و بیری سۆسیالیستی بووە بەرنامەی زۆرێک لە پارت و ڕێکخراوە شۆڕشگێڕە کوردییەکان، بەڵام دواتر دەرکەوت مارکسییەت ئەو فریادڕەسە نەبوو بۆ ڕزگاری ئێمەی کورد لە ستەم بۆیە ڕۆماننووس لێرەدا لە بری کۆمەڵگە دەدوێت و نەک هەر بیری مارکسییەت دەتفێتەوە، بەڵکو بەگشتی کوشتن و ئینسان سڕینەوەیە بە زەقی دەردەکەوێت.

«ئێمەش هەر ئەوە نەبوو باڵ بگرینەوە. هەرچی ژمارەی کوشتنەکانی دەوڵەت زۆرتربایە، زیاتر کەیفمان لێ دەهات.

«-کاک خەلیل تا کەی دەتانەوێ درێژە بەشەڕ بدەن؟ شەڕ چ دەرئەنجامێکی دەبێ لە مالوێرانی زیاتر؟ تۆ کە خەڵکت کوشت، لێت دەکوژرێ. خەوی دوژمنت بزڕێنی، بۆ خۆشت خەوی ئارامت بەچاوا ناچێ.

«- پێت وایە ئێمە قینمان لە پێخەفی نەرم و گەرمە؟ پێمان خۆشە بەر گوللە بکەوین؟ ئێمەش ئینسانێکین وەکو دیکەی ئینسانەکان، ئێمەش بە درکێک عاسی دەبین، بەڵام بۆ ئەو بەهایانەی کە باوەڕمان پێیەتی لە گوللەی داخیش سڵ ناکەینەوە.

- کامە بەها؟ شەڕ کە ژیانی لە خەڵک دەستاند، چ بەرهەمێکی لێ دەبێتەوە لە ژیان بە نرختر؟

- بەرابەری و یەکسانی مرۆڤ.

- کاک خەلیل بەرابەری ئینسان هێندە ئەژیت لە سەری ئینسان بکوژرێ؟ بۆ وا لە ژیان ئەڕوانێ؟ بۆ ئینسان ئەوەندە گەورە ئەبینی؟

عەباسی مەعرووفی لە ڕۆمانی (سەمفۆنیای مردووەکاندا) ئەردەبێڵ کە زێدی خۆیەتی دەکاتە هەموو دنیا و لە ئەردەبێلەوە تەواوی بەشەری دنیا دەبینێ، ئەردەبێڵ ناسنامەی مەعرووفییە و ناتوانێ باسی نەکات، لە ڕۆمانی (سوەیلا)شدا بەردەشت دەبێتە هەموو دنیاو،

هەموو دنیاش دەبێتە بەردەشت، نووسەر منداڵی لە بەردەشتدا لێ بەجێماوە و لە تاراندا شیوەنی بۆ دەکات، تەواوی ئەو شتانەی مرۆڤ لە ڕۆمانێکدا دەینووسێت سەردەمی منداڵییە لە یادەوەریدا دێتە جۆش و خرۆش و نووسەر لە ڕێگەی نووسینەوە خۆی خاڵی دەکاتەوە، لە هەموو خەم و خەفەت و کوڵوکۆیەکی سەردەمی منداڵی.

«بەردەشت وەکو دیکەی شوێنەکانی جیهان، وەکو ئەو شوێنانەی چەمەکانی زەمەن پێیدا بەر دەبنەوە و ئاوەدانییەکانی ژیان سازدەکەن..».

لافاوی نەهامەتی و دەردەسەرییەکان لە سەردەمی منداڵی و لەبەردەشتدا کە گەرەکێکی شاری سنەیە دەست پێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتایی دێت و جارێکی تر لە گەنجیداو دواتر لە پیریشدا دەست پێدەکاتەوە، مرۆڤی کورد مەحکومە بە ژیانێکی کولە مەرگی و پڕ گێرمە و کێشە و ئیتر منداڵ بێ و گەنج بێ و پیر بێت جیاوازی نییە، چارەنووسێکە و بەباڵماندا بڕاوەو هەر جۆرە هەوڵێکیش بۆ دەرچوون لەو بازنەیە وەک لە ڕۆمانەکەدا وتراوە مااڵوێرانترمان دەکات. لای مارکیزیش ماکۆندۆ هەمان دەرد و دەوای لێدەباڕێ و لە ڕۆمانی (چیرۆکی مەرگێکی ئاشکرادا) ئەوە دەردەخات کە مرۆڤی ئەو گوندە چەندە مەحکومە بەسەرگەردانی و مااڵوێرانی یاخود لە ڕۆمانی (سەد ساڵ تەنیایی)دا هەرچی مەینەتی خەڵکی ماکۆندۆیە بۆ ئێمەی دەخاتە سەر پەڕەی کاغەز.

پاڵەوانی ڕۆمانەکان پاڵەوانێکن لە کاغەز نەک لە گۆشت و خوێن بۆیە توانای گۆڕینی واقعیان نییە، ئەوە تەنیا نووسەرانی سۆسیالیزم بوون لە چەشنی مەکسیم گۆرکی کە لە ڕۆمانی (دایک)دا لە ڕێگەی پاڵەوانە کاغەزینەکەیەوە واقعی گۆڕی. ئارامی پاڵەوانی ڕۆمانی (سوەیلا)یش دەیەوێ واقع بگۆڕێ و پێچەوانەی شەپۆلی باوی کۆمەڵگەوە مەلە بکات، بەاڵم مایەپووچ دەبێت، ئەم پاڵەوانە بۆچوونی بەرامبەر ژن و ئینسان بەگشتی و مەسەلە کەینونەییەکان ڕوون و ئاشکراو ئینساندۆستانەیە، بەاڵم کۆمەڵگە ئەمانەی هیچی لێ قبووڵ ناکات و دواجار ئارام دەبێتە گەردکێش و موعتاد دەبێت، کە لەم ڕۆمانەدا بە سووچی دەوڵەتی دەداتە قەڵەم تا ئێستاش ئەو پەتای بااڵوکردنەوەیەی مادە بێهۆشکەرەکان چەکێکی کاریگەرە بەدەست دوژمنانی کوردەوە، کە کارکردنی شارامیش لەم ڕۆمانەدا ڕەخنەگرتنە لەو کۆمەڵگەیەی ڕێگە بە بااڵبوونەوەی مادەی بێهۆشکەر دەدات، دواتر قسەکردن لەسەر ژن و بەشمەینەتی ژنان لە سایەی ترادسیۆنێکی کۆمەاڵیەتی بە زۆر سەپاو بەسەر کورددا، ئارام دەیەوێت ئینسان وەک ئینسان بژی و ڕێگری بۆ دروست نەبێت بۆ هەر جۆرە ژیانێکی شایستە کە خۆی پێیخۆشە، کە دیارە قسەی ئارام قسەی کۆمەڵگەیە بەگشتی.

پیرماگ وشەیەکە تایبەت بە شاری سنە و دەوروبەری، کە بە مانای جووڵە و هەنگاونان دێت و ئەم ڕۆمانەش لە (١٤) پیرماگ پێک هاتووە و هەریەکەیان تەواوکەری ئەوی تریانە و ناکرێت بێ یەک بیانخوێنینەوە و بە هەموشیان جەستەی ئەو پەیکەرە زیندووە تەواو دەکەن کە شارام مەبەستیەتی و ئەوەشی لە هەمووی جوانترە ئەو عەشقەیە کە بۆتە ستاتۆی سەرەکی گێڕانەوەی ڕووداوەکان، ئەو عەشقەی تەنیا یەک جار بینین تێیدا ڕووەدات و ئیتر دەبێتە تراویلکە، لێرەدا مەعشوق (سوەیلا)یە و عاشقیش (ئارام) واتا خودی شارامی ڕۆمانەنووس، (ئارام و سوەیلا) هەوێنی تەواوی ڕۆمانەکەن و بێ ئەوان شتێک نامێنێتەوە لە ڕۆمانەکە، کە دەکرێ وەک ڕەمزی هەردوو کۆمەڵگەی کوردی و فارسی لێیان بڕوانین و گفتوگۆکانی نێوانیان وەک گفتوگۆکانی نێوانیان وەک گفتوگۆی هەردوو کۆمەڵگەی فارس و کورد لێکبدەینەوە، هەردوو شاری تاران و سنەش کە ڕووداوەکان تیایدا ڕووەدەن، وەک دوو شاری جەنجاڵی فارس و کورد پیشان دراون لەسەر ئاستی شارستانی هەردووکیان قسە کراوە. من کە ئەم ڕۆمانەم خوێندەوە تەواو هەراسان بووم، چونکە لەم ڕۆمانەدا توانەوە و فەنابوونی ئینسان خراوەتە بەر مایکرسکۆپی بینین و پێمان دەڵێ ڕۆژێک ژیان و ڕووداوەکانی ژیان بەو جۆرە فەنامان دەکات، هەرچی مرۆڤی ناو ئەم ڕۆمانەیە چارەنووسیان مەرگە و زۆربەشیان بە مەرگێکی جیاواز لە مەرگی ئاسایی تەواو دەبن، ئەمە جگە لەوەی کە ڕابردوو بە هەموو قورسایی خۆیەوە بەسەر جەستەی ئینسانەکاندا دەڕوات و دەیان پلیشێنێتەوە.

ئاسۆکانی خوێندنەوەی دەق

شیعر لەبەر تیشکی خوێندنەوەی جۆراوجۆردا

عەلی قاسمی
(نەغەدە)

شیعر ڕوویکەردێکی جوانیناسانەی زمانییە کە تەنیا خۆی توانای پێناسەی خۆی هەیە ئەگینا زۆر بە هاسانی لە زمانی ئاخافتن و پێوەندی نەدەکراوە، شیعر تەنیا و تەنیا کاتێک مانا بەرهەم دێنێ کە وشە لەگەڵ وشەکانی بەر و دوای خۆی لە کارکردێکی میکانیکیدا بن، بە وتەیەکی تر، وشە لەناو شیعردا بە سەرنجدان بە تەوەرەی هاونشینی (حضور) و تەوەرەی جێنشینی (غیاب)دا و لە تەک وشەکانی تردا دەتوانن لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی مانادا دەورگێڕ بن، ئەویش بە گوێرەی خوێندنەوەی خوێنەر.

تۆدۆرۆف دەڵێ: «زمان نیزامێکی سەمبولیکی پلەیەک و ئەدەبیات نیزامێکی سەمبولیکی پلەدووە»(١). بەپێی ئەم بۆچوونە، ڕاستە ماکە و پێکهێنەرەکانی ئەدەبیات- شیعریش وەک ژانرێکی ئەدەب- لەناو زماندا دەگۆڕێن، بەڵام نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە دواتر و دوای داڕێژران لە زمانی ئاخاوتن دەبنەوە و لە پرۆسەیەکی تری زمانیدا، بە شێوەی زنجیر لە ماوەیەکی زەمانی دوورودرێژدا تێکەڵ بە زمان دەبنەوە و دەسوێن و کارکردی جوانی ئەدەبیاتیان نامێنێ، هەر تۆدۆرۆف دەڵێ: «ئەوەندەی زمانی ئەدەبی لە زمانی ئاخاوتن زیاتر دوور کەوێتەوە، هەم بەم پێیە ڕادەی ئەدەبییەتی زیاتر دەبێتەوە(٢).

ئێستا ئەم پرسیارە دێتە ئاراوە: تۆ بڵێی ڕادەی تێگەیشتن لە شیعر بە لای هەموو خوێنەرانەوە وەکو یەک بێ؟ تۆ بڵێی هەموو شیعرێک بە هاسانی و بەبێ هەبوونی پاشخانێکی تیۆریک خۆی بەدەستەوە بدا؟ تۆ بڵێی بۆ وێنە، ئەو کەسەی بە هاسانی لە شیعری (هێمن) دەگا، هەر بەم هاسانییەش بتوانێ خەوە بەردینەی (سوارە) بخوێنێتەوە؟

ئێمە دەتوانین خوێنەری دەقە ئەدەبیەکان بە دوو دەستەی کارا و ناکارا دابەش بکەین، هەر لە بەرایی ئەم دابەشکردنەدا دەتوانین ئاوا باس لە شیعر و خوێنەر بێنینە ئاراوە:

١-شیعری کارا.
٢- شیعری ناکارا.
٣- خوێنەری کارا.
٤- خوێنەری ناکارا.

بەم شێوەیە چوار جۆر پێوەندی دەگەڵ شرۆڤە و مانا دێتە ئاراوە:

شیعری کارا ◯ ⟷ ◯ **خوێنەری کارا**

شیعری ناکارا ◯ ⟷ ◯ **خوێنەری کارا**

شیعری کارا ◯ ⟷ ◯ **خوێنەری ناکارا**

شیعری ناکارا ◯ ⟷ ◯ **خوێنەری ناکارا**[٣]

(أ) لە دەستەی یەکەمدا هەم خوێنەر و هەم دەق بە چالاکی لە گۆڕەپاندان و دەق توێژە جیاجیاکانی مانای لە هەناوی خۆیدا حەشار داوە کە بەبێ شارەزایی خوێنەر، ئەدەبییەتی دەق خۆیا نابێ و بە تێگەیشتنی باو لە شیعری ڕابردوو، ئەم شیعرانە خۆیان بەدەستەوە نادەن.
نموونەییەک:

نیاز
«ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ
نە بۆ هەور
نە بۆ زەریا
– خۆشەویستە ئاو–
بە قەت گۆرانی شنە با
نە بۆ شەڕ و
نە بۆ ئاشتی
– گەورەیە خاک–
وەکو پێکەنینی منداڵ
نە بۆ مەرگ
نە بۆ ژیان
– جوانە دایک–
ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ
نە بۆ پەرەستن
نە بۆ لاڕێ بوون
– عاشقەخوا–(٤)

ڕاستە تیۆری پێکهاتەشکێنی دریدا، باسی حزوور و غیاب و دوو جەمسەری بوونی فەلسەفە هەر لە چاخی کۆنەوە تا ئیمڕۆ دەکا، بەڵام لە گشتیترین باسدا دەڵێ: ئەگەر بۆ وێنە بیناسازێک بچێتە ناو بینایەکەوە و بیناکەی بە کەیف نەبێ، دەڵێ ئەگەر من بام، هەر بەم کەرەسەگەلە بنیایەکی تر، بە پێکهاتەیەکی ترم دروست دەکرد– دیارە باسەکەی دریدا لەسەر نقیسار و فەلسەفەیە– سەیرکەن شاعیری شیعری «نیاز» چۆن چۆنی مەهەندسی شیعرەکەی کردووە و بۆ خوێندنەوەی پێکهاتەشکێنانە ئەم شیعرە چۆن خۆی بەدەستەوە دەدا:
خوێندنەوەی(١)
ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ
– خۆشەویستە ئاو–
بەقەت گۆرانی شنە با
–گەورەیە خاک–
وەکو پێکەنینی منداڵ
– جوانە دایک –
ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ
– عاشقە خوا –

خوێندنەوەی(٢)
نە بۆ هەور
نە بۆ زەریا
– خۆشەویستە ئاو –
نە بۆ شەڕ و
نە بۆ ئاشتی
– گەورەیە خاک –
نە بۆ مەرگ
نە بۆ ژیان
– جوانە دایک –
نە بۆ پەرەستن
نە بۆ لاڕێ بوون
– عاشقە خوا –

خوێندنەوەی (٣)
– خوشەویستە ئاو –
– گەورەیە خاک –
– جوانە دایک –
– عاشقە خوا –

خوێندنەوەی(٤)
– خۆشەویستە ئاو–
نە بۆ هەور
نە بۆ زەریا
– گەورەیە خاک–
نە بۆ شەڕ و
نە بۆ ئاشتی
– جوانە دایک–
نە بۆ مەرگ
نە بۆ ژیان
– عاشقە خوا–
نە بۆ پەرەستن
نە بۆ لاڕێ بوون.

خوێندنەوەی (٥)
نە بۆ زەریا
نە بۆ هەور
ئەوەندەی تینوویەتی گوڵێ
– خۆشەویستە ئاو–

نە بۆ شەڕ و
نە بۆ ئاشتی
بە قەت گۆرانی شنە با
- گەورەیە خاک -
نە بۆ مەرگ
نە بۆ ژیان
وەکو پێکەنینی منداڵ
- جوانە دایک -
نە بۆ پەرەستن
نە بۆ لاڕێ بوون
ئەوەندەی ئازادیی مرۆڤ
- عاشقە خوا -

ئەم شیعرە بەم پێکهاتە دەوڵەمەندەوە لە ڕواڵەتدا ساکار دێتە بەرچاو، کەچی کاتێ تێی دەفکری و لایە جوانەکانی خۆیا دەکەی، تازە ئەم تاموچێژەی دەقێکی ئەدەبی دەیبەخشێ دەردەکەوێ، لە ڕاستیشدا خوێندنەوەی دەق، یانی دەرخستنی لایە جوان و تەکنیکاوییەکانی.

نموونەی دوو:

سەربەخۆترین
«سامانی بێ سنووری پاک
هەزاران خوێن...
هەزاران سەر...
تا دزینت بۆ سەرم.
سنووری سامانی سەرم! دەتپارێزم
وەک سەربەخۆ نیشتمانێک
وەک ئاڵا،
ئاڵای نیشتمانم لەشەکانەوەدا
تا سەرکەوتنم
تا دزینت بۆ ئامێزم
من سەربەخۆترین دز
لە لەشتا
لە چاوتا
لە قوواڵییت... تێدەپەڕم
ئەوسا هەموو تۆپەک لە خۆما
هەموو ساتێک لەگەڵما
ئەی بێ سنووری پاک
ئەی دزراو...».(٥)

خوێندنەوەی نموونەی دوو:

شیعری «سەربەخۆترین» لە ڕاستیدا شیعرێکی غناییە کە هەر لەسەرەتاوە بە سێ کۆپلە دابەشی دەکەین:

١- سامانی بێ سنووری پاک
هەزاران خوێن...
هەزاران سەر...
تادزینت بۆ سەرم.
٢- سنووری سامانی سەرم! دەتپارێزم
وەک سەربەخۆ نیشتمانێک
وەک ئاڵا.
٣- ئاڵای نیشتمانم لە شەکانەوەدا
تا سەرکەوتنم
تا دزینت بۆ ئامێزم
من سەربەخۆترین دز
لە لەشتا
لە چاوتا
لە قوواڵییت... تێدەپەڕم
ئەوسا هەموو تۆپەک لە خۆما
هەموو ساتێک لەگەڵما
ئەی بێ سنووری پاک
ئەی دزراو..

لە کۆپلەی یەکەمدا ئامادەبوونێک ڕادەگەیەنرێ تا گراوییەکەی تەنانەت ئەگەر بەنرخ و بایی هەزاران خوێن و هەزاران سەریش تەواوبێ، بەسەری بسپێرێ، دیارە دێڕی «تا دزینت بۆ سەرم» ئەگەر بگەڕێندرێتەوە بۆ «دزینت بۆ ئامێزم» ڕەنگە لە بواری مانایییەوە جوانتر بتوانێ خۆی بەدەستەوە بدا، هەرچەندە ئێمە چاک دەزانین شتێک کە لە ئامێزدا دەشاردرێتەوە، حەشاردانی چەندە سەختە، هەربۆیە لە دێڕی یەکەمدا «سامانی بێ سنووری پاک» واتە ئەویندارەکەی دەزەین و سەریدا دەشارێتەوە تا ئەوکاتەی دەبێ بیدرکێنێ.

لە کۆپلەی دووەمدا «سنووری سامانی سەر» واتە ئەویندارەکەی دەپارێزێ وەک نیشتمان و ئاڵاکەی، کە ڕۆڵەکانی لەپێناو سەربەخۆیی ئەودا ئامادەن سەریان ببەخشن.

لە کۆپلەی سێیەمدا ئەوین دەبێتە گرکانێک «ئاڵای نیشتمانم لەشەکانەوەدا» گراوی ڕاست ویست و ئارەزووەکانی وەدیهێناوە، بەڵام ئەم پێککگەیشتنەی کە پێویستە زەمانی نەگەییوە، هەربۆیە جارێ سەربەخۆترین «دزە» /لە لەشیا/ لە چاویا.

ئەوە دوای زەماوەند کە «ئەوسا هەموو تۆپەک لەخۆما»، «هەموو ساتێک لەگەڵما»، «ئەی بێ سنووری پاک» ئەی «دزراو» لەو...

پێکهاتەی کۆپلەکانی شیعری «سەربەخۆترین» :



جارێ ئەگەر بمانهەوێ باسی زاوزێی وشە و بەکاربردنی هەر وشەیەکی بە تۆڕ و لایەنەکی مانایەوە بکەین هەویرێکە ئاوێ زۆر دەبا ، تەنیا دوو نموونە دێنینەوە:

١- وەک سەربەخۆ نیشتمانێک
وەک ئالا.

«نیشتمان» و «ئالا» بە ئامرازی لێکچواندن «وەک» پاراستنی یاریان پێ شوپهێندراوە.

٢- ئالای نیشتمانم لەشەکانەوەدا
بە مانای گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکانییەتی.

(ب) ئەگەر پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ شیعرێکی ساکار بێتە ئاراوە، ئایا دەتوانێ لە بواری چالاکی بەخشییەوە ڕاست ئەم خەسڵەتەی هەبێ کە لە بەشی «ئەلف»دا ئاماژەمان پێکرد؟ سەرنجێکی ئەم دوو شیعرە بدەن:

نموونەی یەک:

پیرۆزبایی

«وا نەورۆزە..
هەست و نەستم لە دووری تۆ..
هەر مەپرسە چەند ئالۆزە

بەڵام بۆ دڵدانەوەی من
هێندە بەسە..
لێم قەبوڵ کەی..
سڵاو و جێژنە پیرۆزە» (٦)

نموونەی دوو:

ڕاگواستن

«جاران بەهاران، خێڵ بەرەو ژوور بوو
جێگای هەواریان، کۆستانی دوور بوو
نە کۆچ ما ، نەخێڵ، نە کۆستان کردن
ڕەوەند بە ئاوی گەرمەسێر مردن» (٧)

ئەگەر ئەم دوو شیعرە بدرێ بەدەستی خوێنەرێکی کارا و ڕەخنەگرێکی چالاک دەتوانێ چی لێبهەڵکرێنێ؟ یان با بڵێین چ خوێندنەوەیەکی بۆیان دەبێ کە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەخنەگر، یان خوێنەرێکی تر جیاوازی هەبێ؟ جگە لە شیعری دووەم کە ئەویش کاتێک بتەوێ لە بواری کۆمەڵناسییەوە لێکی بدەیەوە کە «دەسەڵات» کۆستان و جێ هەواریی هەوارچییانی کردۆتە قۆرغ و پاوانی خۆی و خێڵ نەک هەر ناتوانن بەرەو ژوور هەڵکشێن، بەڵکو بە ناچار داگەڕاون و بەئاوی «گەرمەسێر» مردوون.

لێرە بە باوەڕی من خوێنەری کارا دەگەڵ دوو بەرهەمی سست و ناکارا بەرەوڕوویە کە هەردوو بەرهەم بە یەکجار خوێندنەوە خۆیان بەدەستەوە دەدەن. هەرچەندە شک لەم ڕاستییەدا نییە کە هەردوو شیعر هەستێکی ناسکیان تێدایە ، بەتایبەتی لایەنی مۆسیقایی- نەک زمانی- شیعرەکان توانیویانە لە ڕازاندنەوەیاندا ڕۆڵ و نەخشی خۆیان بگێڕن.

(ج) لە دەستەی سێیەمدا، شیعری چالاک دەکەوێتە بەردەستی خوێنەری ناکارا، خوێنەرێک کە ناتوانێ پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ شیعرەکە بگرێ، بۆیە هەر لەجێوە یا ڕەدی دەکاتەوە و وەک ناشیعر ناوی دەبا ، یان خوێندنەوەیەکی وێرانی بۆی دەبێ. لێرەدا ئەم بۆچوونە وەڕاست دەگەڕێ کە هەر شیعرەی دەبێ بە تیۆری تایبەت بەخۆی و قۆناغی تایبەت بە خۆی بخوێندرێتەوە. بۆ وێنە تۆ بڵێی کەسێ کە لە خوێندنەوەی شیعری کلاسیکدا شارەزا و کارایە ، بتوانێ بۆ خوێندنەوەی شیعری مۆدێرنیش وا کارا و چالاک لە مەیداندا بێ؟ بە وتەیەکی تر تۆ بڵێی بە تیۆری خوێندنەوەی شیعری کلاسیک شیعری مۆدێرنیش بخوێندرێتەوە؟ بێگومان نا ، چونکە ئەو کەسانەی لەگەڵ قۆناغە جیاجیاکانی شیعری نەیانتوانیوە بچنە پێش، وەک خوێنەری ناکارا لە کاتی خوێندنەوەی شیعری قۆناغەکانی تردا مامەڵە لە تەک دەقدا دەکەن. هەرچەندە خۆیان پێ خاوەنڕابێ، دەگەڵ کەسێک کە بۆ یەکەمجار ئەم جۆرە شیعرانە دەبینێ هیچ جیاوازییەکیان نییە. با ڕوونتر بڵێم، تۆ بڵێی کەسێ کە شارەزا و چالاکێکی بەتوانای بواری بەیتە چۆن مامەڵە لە تەک ئەم شیعرەدا بکا ، ئەگەر تیۆری خوێندنەوەی شیعری قۆناغەکانی تری لەزەینیدا نەبێ؟ شیعرێک کە تەنانەت کەوانە کراوە و داخراوەکان و نوختەکانیش بوونەتە بەشێک لە پێکهاتەی شیعرەکە و پەیامی خۆیان بەگوێی خوێنەردا دەچرپێنن:

کەچی..
«-باسی چیم ئەکرد؟
- خەریک بووی ڕازی کچە لێڵەکانی ناو مەعبەدە دوورەکانت
بۆ دەدرکاندم

*** * ***

ئەم سەرە بابان وێرانەی من چەندە ڕازی
سەر بە مۆری تێدایە
[بیاندرکێنم
ئەگەر وشەم لە تەلیسمی ئەم قاموسە تێپەڕێ
ڕەنگی سوورم: (کەچێنی ساردی بەڵاڵووک و هەندێ شتی تریش
ئاوم: (دیوەخانی وەهم و کوڕی سەهۆڵ و هەندێ شتی تریش
مەرگم: (شتێکە ناهێڵێ چاوەڕوانی کچە سپیەکانی دوای من
بگا بە بلووغ هیچی تریش.)
دڕەنگان دەمهەوێ بەناو خوێنی وشەدا بگەڕێمەوە و کۆتاییم نەیە
کەچی لەشکرێک بەناومدا تێدەپەڕێ و خاپوورم دەکا]. (٨)

(د) خراپترین شێوەی خوێندنەوە لە بەشی خوێنەری ناکارا و شیعری ناکارادا بەدی دەکرێ، چونکە هەر دوو لا، لاوازن. نە شیعر توانایەکی لە ناخدا هەڵگری هەیە، نە خوێنەر توانای خوێندنەوەی شیعرەکەی هەیە، هەربۆیە بە خراپترین شێوەی خوێندنەوەی ناوزەد دەکەین.

پەراوێزەکان:

١- بوطیقای ساختارگرا، تزوتان تودوروف، ترجمەی محمد نبوی، مؤسسەی انتشارات آگاه، ص٣٣.
٢- هەمان سەرچاوە، ل٣٣.
٣- بوطیقای نو جلد١، زیر نظر منصور کوشان، بهار(١٣٧٤)، رهیافت های معنایی شعر، محمد رضا محمدی آملی، ص٥٦.
٤- هەر هیچ تەنیا، دەفتەرە شیعر، محەمەد ئەحمەدی، چاپی عابید، ل٦٢.
٥- شینترین بەتاڵ، دەفتەرە شیعر، یوونس ڕەزایی، چاپی عابید، ل٩٨.
٦- نوقڵێ، دەفتەرە شیعر، غەریب پشدەری، چاپی ماردین، چاپی یەکەم (٢٠٠١)، ل(١٧٠).
٧- سەرچاوەی ژمارە(٦)،ل(١٧٤).
٨- سەروە، ژمارە(١٩٥)، ڕەزبەری (١٣٨١)، ل(٤٢)، ڕەسوولّ سۆفی سولّتانی.

کارنامەی پڕۆژەی ئینسیکلۆپیدیایەک بە کوردی

ئازاد عەبدولواحید

لەم سەردەمەدا کە ئادەمیزاد هەوڵێکی فەرهادانە دەدات تا ژیانی خۆی تێدا ڕێک بخات، کەم نەتەوە و وڵات هەیە بە ڕۆژی ئەمڕۆکە گەیشتبێ و (ئینسیکلۆپیدیا)یەکی نەبێت، نەتەوەی وا هەیە بەدەیان ئینسکلۆپیدیای بەدەستەوە داوە و بۆ سەرجەمی بواره جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئەوان پەلی هاوێشتووە و لە کتێبخانەی نەتەوایەتیاندا جێگەیان بۆ کردوونەتەوە و ڕۆشنبیر و لێتۆژەرەوەکانیان سوودیان لێوەردەگرن. بێگومان سازدان و ئامادەکردنی (ئینسیکلۆپیدیا) کارێکی هەروا ئاسان نییە و زۆر زەحمەتە بە تاقە کەسێک جێبەجێ بکرێت، لە ڕووی داراییشەوە پێویستی بە بودجەیەکی تایبەتی هەیە، هەروەها پێویستی بە دەستەبەرکردنی ژوورێکی هونەریی تایبەتە، کە نوێترین ئامێری زانستیانە و وێنەگرتن و دەرهێنانی هونەریی تێدا بێت، بێجگە لەوەی پێویستمان بە کتێبخانەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی گەورە هەیە. لێرەشدا مەبەستمان لە بوونی ئەو کتێبخانەیە ئەوەیە: کە بتوانین لە کاتی ئامادەکردنی ئەو ئینسیکلۆپیدیایەدا سوودی لێوەربگرین بۆ وەرگێڕان و لێوەرگرتن و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەو دیاردە گشتی و بنەڕەتیانە، تا لەبەردەستدابن کە بۆ ڕۆشنبیری هەر میللەتێک پێویستن و بەشێوەیەکی تایبەت و جیاواز لەسەر پەیڕەوکردنی نەخشە و بەرنامەیەک تەواو کرابێ، چونکە بەرهەم هێنان و بەدەستەوەدانی هەموو ئینسیکلۆپیدیا و فەرهەنگ و فەرهەنگێکی زاراوەسازی لێی بێبەش نییە، تەنانەت (ئینسیکلۆپیدیا) پسپۆڕ و تایبەتەکانیش لەم کاره بە دوورنین. لەپاڵ ئەمەشدا پێویستمان بە سووربوون و بەردەوامی هەیە لە شوێن پێکەوتنی هەر زانیارییەکی نوێ و خوێندنەوە و پرکردنەوەی کەلێن و کەلەبەرەکانی پێشتر لە هەموو بوارەکاندا دەستمان کەوتبوون.

کەموکورتی لە بواری زانست و زانیاریدا کارێکی پڕ مەترسی و خەوشێکی گەورەیە میللەت بەدەستییەوە دەنالێنێ، بەڵام لەوە پڕ مەترسیتر و خەوشدارتر ئەوەیە زانست ببێتە واهیمە و واهیمە جێگەی زانست بگرێتەوە. لە هەمان کاتیشدا زانست بشێوێنرێ و ڕووکارەکەی وەربگیرێ. پێم وایە ئەم هەوڵانەی ئەمڕۆکە دەیاندەین ئەگەر سەرەتاییش بن، ئەوە لە نەبوون چاکترن، چونکە دەتوانرێت کەموکوڕییەکانی ئەم هەوڵانە لە پاشەڕۆژدا پڕ بکرێنەوە. هەروەکو چۆن بەر لەسەدەیەک زیاتر (بطرس البستاني) بۆ دانانی ئینسیکلۆپیدیایەک بۆ عەرەب یەکەم هەوڵی دا. هەروەها لە میسریشدا (محمد فرید وجدي) توانی بەر لە نیوسەدە زیاتر (ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامی)دابنێت. یان (الموسوعة العربية الميسرة) کە پێش (٣٠) ساڵ داموودەزگای (فراکلین) لەچاپیاندا. ئەمە بێجگە لەو دەیان

(ئینسیکلۆپیدیا)یەی کە لە لبناندا چاپ کراون و ناوبەناو چاپ دەکرێن. سەرەڕای ئەو هەوڵانەیان بۆ وەرگێڕانی ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی و دەیان ئیشی دی.

خوێنەری ئەمڕۆی کورد کە ڕابردووی ڕۆشنبیری کوردی دەهێنێتە بەرچاوی خۆی و لە ئێستاکەی خۆی ورد دەبێتەوە، غەمێکی گەورە دایدەگرێت بۆ ئەو وەچەیەی لە پاشەڕۆژدا جلەوی ڕۆشنبیری کوردی دەگرنە دەست، چونکە ئەگەر میللەتان هەوڵی ئەوەیان دابێ ئینسیکلۆپیدیایەک دابنێن و تێیدا سەرکەوتوو نەبووبن و خۆیان بۆ هەوڵێکی دی گورج کردبێتەوە، ئەوە لەلای ئێمەدا، جگە لە چەند هەوڵێکی زۆر سەرەتایی(١) و تاکەکەسی، نە لە ڕابردوو نە لە ئێستادا هیچ هەوڵێکی دی نەدراوە، هۆیەکەشی ئەوەیە ئەو هوشیارییە پێویستە هێشتا لەلای ڕۆشنبیری کورد پەیدا نەبووە کە هەست بە پێویستیی بوونی ئەو ئینسیکلۆپیدیایە بکات، چونکە پێویستی وا لە ئینسان دەکات ناچاربێت بەدوای هۆی نەبوونی ئەو بابەتەدا بگەڕێت و هەوڵی چارەسەرکردن و پڕکردنەوەی بۆشاییەکە بدات، بۆیە هەر کاتێ ڕۆشنبیری کورد لە ژیانی ڕۆشنبیری خۆیدا هەستی بە گرنگی و پێویستی پڕکردنەوەی ئەو کەلەبەرە کرد، ئەو کاتە ڕەنگە هەوڵ بدرێت بە هەرەوەزی بیر لە سازدان و دانانی پرۆژەیەکی وا گەورە و پێویست بکرێتەوە، لەسەردەمێکدا کە بەسەردەمی ئینسکلۆپیدیا ناسراوە و جارێ لەلای ئێمەدا بەندوباویشی نییە..!

لەلای ڕۆژئاواییەکان سەردەمی پەیدابوون و بایەخدان بە (ئینسیکلۆپیدیا) پێوەندی بەسەردەمی (ڕۆشنکردنەوە- تنویر)ەوە هەیە، تەنانەت ئەوان لەسەر ئەو باوەڕەدان (ئینسیکلۆپیدیا)کەی (دیدرۆ)ی فەرەنسایی لەگەڵ فیکری (ژان ژاک ڕۆسۆ) و ئەدەبیاتی (ڤۆلتێر) بوونە هۆی دروستکردنی ئەو کەشوهەوا فیکرییە لە بارەی شۆڕشی فەرەنسایان تەقاندەوە، ئێمە ئەمڕۆکە دەتوانین لەو دەرەتانە زۆر و زەوەندەی ڕۆژنامەنووسی کوردیماندا لە جیاتی قسەی بێ سەروبەر، ڕووپێوێ بۆ ئەو مەبەستە تەرخان بکەین، کە بە چاودێری و سەرپەرشتی چەند کەسانێکی پسپۆڕ و لێزان هەیکەلی ئینسیکلۆپیدیایەکی گەورە و فراوان بلاوبکرێتەوە و بەردەوام پیلە و لێدوانی لە بارەوە بکرێت، تاکو لەوسەر بە پوختەیی بکرێتە کتێبێک. ئەوە ئەگەر لە حاڵەتێکدا چەند کەسانێکی پسپۆڕ و شارەزامان هەبوو لەگەڵ یەکتر تەبابوون بۆ بەرژەوەندی نەتەوە ئەو ئەرکە شارستانییە هەرە پێویستەیان گرتە ئەستۆی خۆیان(٢). کە بەلای منەوە ئەمڕۆکە بوونی ئینسیکلۆپیدیایەکی تێروتەسەل و بێ کەموکوڕی شان بەشانی فەرهەنگێکی (کوردی- کوردی) کە هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی بگرێتەوە، بۆ پتەوکردنی کۆڵەگە و بنەمایەکانی بوونی نەتەوە، بە گەورەترین پێویستیی ئەم قۆناغە دەزانم.

ڕاستە سازکردنی ئینسیکلۆپیدیایەک لە وڵاتە ئەوروپاییەکاندا پێوەندی بە مانای (ڕێنسانس)ەوە هەیە، چونکە عەقڵی ڕۆژئاوا کەشوهەوایەکی مرۆڤایەتی موتڵەق و ڕەهای ڕەخساندووە، لە هەمان کاتیشدا ئەو (ڕاپەڕین)ە تایبەتمەندی خۆشی هەیە، بۆیە دەکرێ ئێمە چاخی (ڕێنسانس)ی خۆمان هەبێت، کە سوود لە لایەنە موتڵەقەکەی ئەوان وەربگرێت. بەبێ ئەوەی لاسایی لایەنی تایبەتێتی ئەوان بکەینەوە، چونکە دەتوانین ئەو تایبەتێتییە لە ڕاپەڕینی ئەواندا لە دەوروبەر و خسوسیەتی خۆمان و مێژووی نەتەوایەتی خۆماندا بدۆزینەوە.

تۆ تەماشای ڕاپەڕینی ڕۆژئاوا بکە، دەبینی بەروبوومی تێکەڵبوونی گیانی بەگیانی شارستانیەتی خۆیانە لەگەڵ کەلەپووری تێکڕای مرۆڤایەتی، بەڵام ئەوان کە وەردەگرن و ئەستاندنیان هەیە، ئەوە بە هەمان هێزەوە دان و بەخششی خۆشیان هەیە، ئێمەش میللەتێکین نابێ لەو یاسایە بەدەربین، بەڵکو دەبێ وەربگرین و بەخششیشمان هەبێت. ڕۆشنبیری کوردیش لەو سەردەمەدا دەبێ بەپێی (پێویستی) ئیش بکات و بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانین چەند ساڵ جارێک بەشێکی ئەو پرۆژەیە بخەینە ڕوو، یان هەر بەش و لایەنێکی ئەو ئینسیکلۆپێدیایە بە شارەزا و پسپۆڕێک بسپێرین کەوا دەست و بردی تێدا بکات، لەو حاڵەتەشدا پارەی زۆریشی تێ ناچێ و خوێنەریش بۆ کڕینەکەی ئەوەندە بارگران نابێت.

بمانەوێت و نەمانەوێت ئێمە وەکو میللەتێک بەهۆی ڕووخانی دەوڵەتی ئیسلامی و زاڵبوونی ئیمپراتۆریەتی عوسمانلی و لەپاشاندا هاتنی ئیمپریالیستی ڕۆژئاوا، میللەتەکەمان بۆ ماوەی شەش سەدە لە کاروانی پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤایەتی دواکەوتووە، بۆیە ڕاپەڕینی نەتەوایەتیمان لە مێژووی هاوچەرخدا لە کۆتایی هاتنی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەست پێ دەکات، لێرەوە بوو کەوتینە ناو کەشوهەوایەک کە لەگەڵ ئەوەی لەسەری ڕاهاتبوون

جیابوو، لەپاش ئەوەی دەمەتەقێی نێوان (کەوتن) و (ڕاپەڕین) لە ژیانی فیکری و ماددیماندا درێژەی کێشا. یەکێک لە نیشانە هەرە دیارەکانی ئەو (کەوتنەمان) ئەوەیە: ئێمە نەمانتوانیوە قۆناغی ڕاپەڕین بۆخۆمان دروست بکەین تاکو بەرەو سەردەمی (ڕۆشنکردنەوە- تنویر)ی تێپەڕێنین، کە بەدرێژایی ئەو مێژووە دوور و درێژە لە قۆناغەکەی پێشوومان پێشکەوتووتربێت.

وەکو میللەتێکین لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریییەوە دواکەوتووین، دەبا لە ڕووی فیکری و ڕۆشنبیرییەوە تەکان بەخۆمان بدەین و بیر لەپێداویستییە ڕۆشنبیرییەکانمان بکەینەوە، کە بەلای منەوە دانانی (ئینسکلۆپیدیا) یەکێکە لە سیمایەکانی ئەو پێشکەوتنە ڕۆشنبیرییە و ئەگەر بێتوو بەکاملّی بەرهەمی بێنین، ئەوە دەتوانین بە ڕاشکاوی بلّێین ئێمە کێشەی دەمەتەقێی نێوان (کەوتن) و (ڕاپەڕینمان) تێپەڕاندووە و کەوتووینەتە خۆمان بۆ کردنەوەی دەرگای چاخی (ڕۆشنکردنەوە). هەرچەندە ڕوالّەتی دواکەوتن و بێ ئومێدی گەمارۆی داوین، چونکە ئێمە هەندێک سەردەمان زیاد لە پێویست درێژەی کێشا، ئەوەش لەبەر بوونی ئەو کۆسپ و تەگەرانەیە کە هاتنە بەردەمی دروستبوونی قۆناغە جۆراوجۆرەکانی (کەوتن) و خەریک بوون و سەرقالّی بە (ئایدیۆلۆژیا) و باری سەرنجەکانەوە بوو، بەبێ ئەوەی (کەرەستەیەکی سەرەتایی)مان هەبێت بۆ ڕووداو و حەقیقەتەکان، یان ئەو زانیاریانەمان لەلا نەبوو کە بتوانین بەهۆیانەوە (باری سەرنجی) خۆمانی لەسەر بنیاد بنێین، کاتێکیش (ئینسیکلۆپیدیا)ی زمانەکانی بێگانە دەرچوون، ڕۆشنبیری کورد کەوتە سوود وەرگرتن لێیان. ئەمەش دیسانەوە بووە هۆی (جێگیر) کردنی (زانیاری) و (حەقیقەت) و (جیهانبینی) ئەوان نەک ئێمە، کە بەم کارەش عەقلّی ڕۆشنبیری کورد بە باری سەرنجی خاوەن ئینسیکلۆپیدیایەکانەوە بەسترایەوە، زیاتر لەوەی ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە ببنە هاندەرێک بۆ منەوەرانی کورد تاکو سوود لە جێگیرکردن و ڕەگاژۆبوونی زانست و بەرنامەی ئینسیکلۆپیدیایانەی زانیاری وەرگرێ. بۆیەش دەلّێم پێوستمان بە گەیشتنە بە قۆناغی (ڕۆشنکردنەوە) یان ئەلف و بێی (ڕۆشنکردنەوەی) نوێ، تاکو بتوانین عەقلّ و ویژدانی ئینسانی کورد لە خلّتەی ئەو (ئایدۆلۆژیایانە) ڕزگار بکەین کە جلوبەرگی زانستیان پۆشیوە، لەکاتێکدا زۆر لە ناوەرۆک و حەقیقەتەکانی زانست دوورن.

عەقلّی ئینسانی کورد لەمڕۆکەدا بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە (زانیاری) هەیە، پێویستی بە ڕووداوی زانستییانەی مەوزوعی هەیە، پێش ئەوەی هیچ جۆرە ڕایەک لە بارەی هیچ بابەتێکەوە پێکەوە بنێ، دەبێت زانیاری تەواوی لەبارەی ئەو بابەتەوە هەبێت. ئامانجیش لەو هەنگاوە ئەوەیە (زانیاری) بگاتە زۆرترین و فراوانترین خوێنەری کورد. ئایا دەکرێت ڕایەک، یان شیکردنەوەی دیاردەیەک، یان تیۆرێک هەبێ، بەبێ ئەوەی پشت بەو ڕووداو و حەقیقەتە سەرەتاییانە ببەستین کەوا زانست چەسپاندوونی..؟ بۆ نموونە: دابەشکردنی ئینسان بۆ گیان و جەستە، یان بۆ ڕابردوو ئێستا و داهاتوو هەمووی ئیجتیهاد کردنە، کە وێنەیەکی زانستیانەی وردمان بەدەستەوە نادات تاکو لەگەڵ دەستکەوتەکانی زانست یەک بگرێتەوە. لەولاش جیاوازی زۆر هەیە لەنێوان ئەو تیۆر و لێکدانەوەیەی پشت بە حەقیقەتە زانستییەکان دەبەستێت، لەگەڵ ئەو تیۆر و لێکدانەوەیەی پشت بە ئاوات و خواست دەبەستێ، بۆیە زانینی ڕووداو و حەقیقەتەکان لە دواجاردا بەرەو دامەزراندنی تیۆری کۆمەڵایەتی ڕاستەقینە و زانستیانەمان دەبات. کۆنەکان وایان دەزانی (زەوی) سەنتەری گەردوونە، هەندێ جاریش خۆی گەردوونە (کون)، بۆیە وەستاوە و ناجوولّێتەوە، پاشان کە زانست هات ئەو بۆچوونانەی دایە دواوە و هەمووی سەرنخوون کردەوە. ئێمە ئەوەی کە بەسەرمانەوەیە و دەیبینین ناومان ناوە (ئاسمان)، بەلّام ئەوەی لەسەر ڕووی مانگە، زەوی لەسەرووی خۆیەوە دەبینێ.

تاقیکردنەوەی میللەتانیش لەو بوارەدا هەر ئەوەیە کە ئەوانیش پشتیان بە ئینسیکلۆپیدیای میللەتە پێشکەوتووەکان بەستووە، بەلّام ئەو میللەتانە بەپێی پێویست و بارودۆخی میللەتەکەی خۆیان هەلّیان گێڕاوەتەوە. بۆ ئەو مەبەستەش دەتوانرێت سوود لە هەموو (ئینسیکلۆپیدیایەکان) وەربگرین، لەوانەش (ئینسیکلۆپیدیا)ی (میشیل بیزلّی) کە ئینسیکلۆپیدیایەکی بەنێوبانگە و پڕە لە وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ(٣)، بەلّام هەرگیز ناکرێ و نابێ ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە یەکسەر وەربگیرێن، بەلّکو پێویستە تەنیا لایەنی کەرەستە زانستییەکە وەکو خۆی بهێلّرێتەوە، چونکە بیروڕا و بۆچوونی جیاواز لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی (مێژوو) و (کۆمەڵ) و (شارستانیەت) هەیە، کە ئەم لایەنانە پێویستە

دەستکاری بکرێن و ئێمەش بۆچوونی خۆمان بەرامبەریان هەبێت.. بۆ نموونە: مەسەلەی ژن و ژن هێنان لای ئەوروپاییەکان لەسەر بنەڕەتی پێوەندی (سێکس) دەوەستێ کە پێش ژن هێنان دەکەوێت، کە ئەمە تیۆرێکی (کەونی) نییە، بەڵکو تێڕوانینێکی ڕۆژئاواییانەیە بۆ مەسەلەی ژن و ژن هێنان، لەبەر ئەوەی ڕوانینی کۆمەڵگای ئەوروپایی لەسەر ئەو مامەڵەیە بەندە، کە پیاو وەکو کەلوپەلێک خۆی بە ئافرەتەوە دەبەستێتەوە، وەک بڵێی لەماڵدا تەلەفزیۆن، یان ئۆتۆمبێل بێت، بەڵام ئەو کێشەیە لەلای ئێمەدا هەر تەواو جیایە.

لەلای ئێمەدا تا چەند ساڵێک پێش ئێستا بینینی بووکەکەیان لەپیاوەکە قەدەغە دەکرد پێش ئەوەی بیهێنن، لەبەر ئەوەی بیروڕایان وابوو گوایە ئەو کەسەی هەموو دنیای خۆش بوێت، ئەوە دەشتوانێ ژنەکەی خۆیشی خۆش بوێت. بەختیاری، یان کوێرەوەری لەژن و مێردایەتیدا هیچ پێوەندی بەو جۆرە تیۆرانەوە نییە، بەڵکو پێوەندی بە توانای هەردووکیانەوە هەیە کە چەند دەتوانن زەفەر بە خۆشەویستی ببەن. نەک خۆشەویستی یەکتر بە تەنیا، بەڵکو خۆشەویستی هەموو ئینسانێک، یان هەر بۆ نموونە: مەسەلەی ئاشتیخوازی لە ڕۆمانیادا، یان یاسای ڕۆمانی ئاشتییەکی مرۆڤانەی ڕەها نییە. یان یاسایەکی ڕەهای ئادەمیزاد نییە، چونکە ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لەبەرامبەر یاسای ڕۆمانیدا دانی بەیەکسانی خەڵکەکە دانابوو، بەڵام کێ دەڵێت یاسای ڕۆمانی بریتییە لە یاسای هەموو دنیا..؟ لەوانەیە یاسایەکە یەکسانی لەنێو ڕیزەکانی گەلی ڕۆمانیدا بڵاوکردبێتەوە، بەڵام هەرگیز بڕوای بە یەکسانی نێوان ڕۆمانییەک و کەسانی دیکەوە نییە، چونکە یەکسانی تەواو لەگەڵ هاتنی (مەسیحییەت) سەری هەڵدا.

هەندێک جار بەدەستەوەدانی ڕووداوێک خۆی بۆ خۆی باری سەرنجێکە، لەبەر ئەوەی ئەم ڕووداوانە بە تەنیا کەرەستەیەکی خاو نییە، بەڵکو کرداری دۆزینەوەی ئەو دەستکەوتە جێ پەنجەی خۆی بەسەرشێوە و ناوەڕۆکی ئەو ڕووداوەدا بەجێ دەهێڵێ. هەر بۆ وێنە: خڕی گۆی زەوی حەقیقەتێکی زانستییە، یان (ڕووداوێکە)، بەڵام دیسانەوە ئەمە باری سەرنجێک نییە لە بارەی (گەردوون)ەوە. دووەمیان پەیڕەوکردنی شێوازێکە بۆ ڕێکخستنی ڕووداوەکان، کە لێرەدا دارشتنی ڕووداوەکە لەسەر شێوەیەکی زنجیرەیی یەک بەدوای یەک، یان لە کۆتاییەوە بیگریت ڕووداو زانستییەکە لەوە دوورەدەخاتەوە کە (حەقیقەتێکی ڕووت) بێ، چونکە ئەم ڕێکخستنە و پشتگوێ خستنی ئەوەکەی دیکەیان دەبێتە باری سەرنج دەربڕین نەک حەقیقەتە ڕووتەکە. بۆ نموونە: تیۆری (داروین) دەتوانێ ڕووداوەکەی بەشێوەیەک ڕیز بکەی کە بەرەو (بڕواهێنان)ی ببەیت هەروەکو ژەنراڵ (سمتس) لە لێکۆڵینەوە ڕۆحییەکانیدا کردوویەتی، هەروەها دەتوانرێت هەر ئەو ڕووداوانە بەشێوازێک ڕیزبکرێن کە ببێتە پاساودان و بڕوبیانوو هێنانەوە بۆ کێشە و ململانێ لە پێناوی (مانەوە) و (مانەوە بۆ بەهێزتر). تەنانەت (سپنسەر) بونیادی سەرمایەداریانەی کۆمەڵی پێ پاساوداو پینەوپەڕۆی پێکرد، پاشان (نیچە) کردی بە چەکێک بۆ جێگیرکردنی بیری (سوپەرمانییەت)، هەندێکی دی بیری (یۆجینییەت)یان لێوە هەڵێنجا، واتە دەست نیشان کردنی وەچە بە پاککردنەوەی سیفەتە نێگەتیڤەکان و هێشتنەوەی خاوەنی سیفەتە بەهێزەکان و بایەخ پێدانیان، هەروەها توانرا ڕووداوەکانی (داروینییەت) بە ڕێگەی سێیەمیش ڕێک بخرێت کە دەبێتە یەکێک لە بنەما و ڕەگوڕیشەکانی فیکری مارکسییەت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (ڕووداو) بۆ خۆی زانستێکی سەربەخۆ نییە، ئەوە ئەگەر زانست خۆی لەخۆیدا گوزارشتێکی چینایەتی نەبێت لە کۆمەڵ، کە دۆزینەوە و پەی پێ بردنە زانستییەکان و پراکتیک کردنیان لە پێداویستییەکانی کۆمەڵ و خواست و ئاواتەکانی ئادەمیزاد بە دوور نییە، هەروەک چۆن لە ئامانجی چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان بە دوور نەبووە.

لە دانانی (ئینسیکلۆپیدیا)دا پێویستمان بە وەرگێڕان و وەرگرتنی ئەو ڕووداوەیە کە لەگەڵ زانست یەکدەگرێتەوە، بەڵام لایەنی شیکردنەوە و تەفسیرکردن پێویستی بە دەستکاری کردن و دەست تێوەردانە. هەر بۆ نموونە سەردەمی ڕۆمانی، سەردەمی ستەمی جیهانی بوو، کەچی (ڤرجیل)ی شاعیر ستایشی ئەو ڕژێمەی دەکرد، لەم حاڵەتەدا ناکرێ ئێمە بێین و ئەمڕۆکە بە نەوەکانی خۆمان بڵێین (ڤرجیل) شاعیرێکی مەزن و بلیمەت بوو، بەڵکو پێی دەڵێین شاعیرێکە لە بارەی (دادپەروەری) گوزارشتی لە ڕوانینی ڕۆمانییەکان کردووە، شیعرەکانیشی زۆر پڕۆپاگەندەی سیاسی نزمی گرتۆتە خۆی، کە پێویستە لەلای ئێمەدا بکرێن بە ڕووداوی زانستی، بەڵام کە وەکو خۆی گوێزامانەوە، ئەوە ئەوکاتە وەکو ئەوە وایە پشتگیری لە (باری سەرنجێ) بکەین

لەجیاتی ئەوەی پشت بە ڕووداوی زانستی ببەستین، تەماشاکەن (میژوونووسێک!) لە باکووری ئەفریقیاوە چ شەکرێکی شکاندووە: [ئەگەر کۆشش و تەقەللای لەشکری ڕۆمانیمان هەڵسەنگاند لە هەنگاونانیدا بۆ ناو ناوچە جیاجیاکانی ئیمپراتۆرییەت و لە بواری پێشکەوتنی ژیار و شارستانیەت، ئەوە دەبینین ئەو گۆڕەپانەیە، کەوا ئەو لەشکرە گەورەترین دەستکەوتی تێدا هێناوەتە دی. ئەوە بوو ناوچەیەک لەناوچە هەرە دواکەوتووەکانی کردە ویلایەتێک لەویلایەتە پێشکەوتوو و دەوڵەمەند و خاوەن ژیار و شارستانیەت. ئەو گۆڕانکاریانە کە ئەفریقیای گرتەوە، دانیشتووانی ئەو ئەشکەوتانە بوون کە وەکو شەمشەمە کوێرە دەقیرێنن و خاکی ئەو تیرانە بوون کە خواردنی سەرەکییان کوللەی وشک کراوی کوتراو بوو، کە زەوییەکانیان کرد بەخاکێکی ئاوەدان بە شارو گوند و کێڵگەی جوان جوان، هەموو ئەو گۆڕانکارییانەش دەستکردی فیرقەی ئۆگستۆسی سێیەمە کە ئەو کۆمەڵە سەربازە ڕاستگۆیە سەرەڕای ئەوە یاسا و پێڕەویان بۆ ئەو ناوچانەی ئەفریقیا بردووە کە دانیشتوانی لێ نیشتەجێیە..] وەکو دەبینین میژوونووس هەیە تا ئەو ڕادەیە کەوتۆتە ژێر کاریگەری تیۆرەکانی ڕۆژئاوا، کە وەکو دەبینین ئەو قسانە هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە زانستەوە نییە.. لێرەدا قەت مەبەستمان ئەوە نییە لە نیشتمانپەروەری و ئیمپریالیزم بدوێین، بەڵکو پێ لەسەر حەقیقەتە زانستییەکان دادەگرین لە دژی ئەو تیۆر و قسە و باسانەی دەبنە پاڵپشت بۆ پاساودانی زاڵبوونی (ڕۆمانیا) کە هەرگیز ناکرێت ئەوانەی بە ئیشی ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن گوێ لەو بڕوبیانوانە بگرن بەبێ بوونی پاڵپشتێکی زانستی. ئەوەتا (ڤرجیل) دەڵێ: [خەڵکی لەوانەیە لەتواندنەوەی برۆنز لە ئێمە سەرکەوتووترین، تاکو نەرمی بکەن وەکو نەرمی هەناسە، یان لە مەڕمەڕ گیانی ژیانێکی ئارام بنەخشێنن، یان لەلایەنی ڕەوانبێژییەوە دەسەڵاتدارین، یان فێری ئەوە بووین چۆن ڕێگاکانی ئاسمان بپێون و دەرکەوتنی ئەستێرەکان شارەزابن، بەڵام ڕۆمانی بیت و فەرمانڕەوایی گەلان بکەیت و بە دادپەروەری یاسا بنچینەییەکانی ئاشتی جێگیربکەیت، خەونی زۆرداران تێک و پێک دەیت، ستەمی ستەمکاران لابەریت، ئەوە ئێمەین هەتا هەتایە]. وەکو دیارە (ڤرجیل) لێرەدا بۆمانی شیناکاتەوە بۆچی (مافی) ڕۆمانیانە فەرمانڕەوایی گەلانی تر بکات و ئەو مافەش ببێتە مافێکی هەمیشەیی، وەک بڵێی ئەوە مافێکی خودایی بێت و گەلی ڕۆمانیا، گەلی هەڵبژاردەی خودابن و (زۆرداران) دەبنە شۆڕشگێڕی ولاتە داگیرکراوەکە، کە (ستەم لێکراوەکان)یش دەبنە داگیرکەرە ڕۆمانییەکان، ئەوە باشتر دەتوانین لە شیعری (ڤرجیل) تێبگەین، بۆیە دەڵێین دەبێت بەشێوەیەکی جیاواز لەوەی کە لە کەلەپووری ڕۆمانیدا تۆمار کراوە، پێشکەشی منداڵەکانمانی بکەین. لێرەدا دەپرسین: ئەو لیژنەیەی پێک دێت بۆ دەرکردنی ئینسیکلۆپیدیایەک بە کوردی، پێوستە چ ئینسیکلۆپیدیایەک هەڵبژێرن تاکو پشتی پێ ببەستن..؟

لە ڕاستیدا لە ئەنجامدانی کارێکی وا گرنگ پێویستە ئێمە کە لە سەرەتاین بە زۆری پشت بەوێنە ببەستین، چونکە لەمڕۆکەدا وای لێ هاتووە مەعریفەت بریتی بێت لە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ، لەکاتێکدا شارستانیەتەکە خۆی بووە بە شارستانیەتی وێنە، لە جیاتی ئەوەی شارستانیەتی وشە بێت.. لەم حاڵەتەشدا وێنەکە هیچی لە وشە کەمتر نییە. لە ڕۆژئاوادا وا بۆ چەند ساڵێک دەڕوات خەریکە ئەم بیرۆکەیە جێی خۆی دەکاتەوە و کاری پێ دەکەن. جەستەی مرۆڤ، یان بەرزی و نزمییەکانی زەوی هیچ ڕێگایەک بۆ ڕاڤەکردنیان نییە بە وێنە نەبێت. لە جیهانی چاپەمەنی کوردیدا (ڕەنگاو ڕەنگ) زۆرتر لە پۆستەرەکاندا دەبینرێ، کتێبی ڕەنگاوڕەنگ تائێستا لە ڕیزی نەبووندایە. لەو پێشەنگانەی لە سەرەتاوە لەناو ڕۆژئاواییەکاندا لە بواری وێنەی ڕەنگاوڕەنگدا سەرکەوتنیان بە دەست هێناوە (میشێل بیزلی)یە کە ئینسیکلۆپیدیایەکەی (٦٠٪)ی وێنەی ڕەنگاوڕەنگە، کە یەک بابەتی ئەو ئینسیکلۆپیدیایە دوو لاپەڕەی بەرامبەر بە یەکتر داگیر دەکات، چونکە سەرەڕای دەقە گشتییەکە وێنەش زانیاری نوێ ڕادەگەیەنێ، ئێمە لە ڕۆژهەڵاتدا زیاتر پێویستمان بە (هۆیەکانی ڕوون کردنەوە) هەیە وەک لە ڕۆژئاوا، لە (بریتانیا و ئەمریکا)دا تائێستاش هەر بایەخ بە (دەق و وتە) دەدرێت و وێنە پشتگوێ دەخەن، چونکە ئینسیکلۆپیدیایەکان تایبەتە بە پسپۆڕەکان. ئەوەی (میشیل بیزلی) لە کتێبی منداڵان دەکات، چونکە ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە زیاتر ئاراستەی خوێنەری گشتی کراوە، نەک بە تەنیا ئاراستەی پسپۆڕەکان کرابێت، ئێمە وەک دەزانین پسپۆڕان چەند پلەیەکیان هەیە، کە مامۆستای زانستگەیان تێدایە تاکو دەگاتە

لێتوژەرەوەکان. ئەوانەش هەمیشە دەقە ئەسڵییەکە دەخوێننەوە و پێویستییان بە وەرگێڕدراوەکان نییە، چونکە لە زۆر لەو ئینسیکلۆپیدیایانە دڵنیانین و پشتیان پێ نابەستن. گیروگرفتەکە لەوەدایە ئەو خوێنەرە پسپۆڕانە جاری وا هەیە بەبێ ئەوەی بە خۆیان زانیبێ دەکەونە نێو تەڵە و داوی کارتێکردنی بیروبۆچوون و تێڕوانینەکانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی بیروڕای ئەوتۆ کە پێویست ناکات بکەونە ژێر کارتێکردنیانەوە، بۆیە بەڵای منەوە ئەگەر نەشمان توانی لا لە ئینسیکلۆپیدیایەکی وێنەدار بکەینەوە، ئەوە خەریکی ئینسیکلۆپیدیایەک بین کەوا لێتوژرەوەی کورد زیاتر پێویستی پێی هەیە، لەبەر ئەوەی ئێمە لەو باوەڕەداین کەوا گۆڕانی بەشێکی زۆری نەوەی پێش ئێستا بە نیمچە مەحاڵێک دەزانین، کە تەنانەت ئەوانە خەریکە ئەستێرەیان دەکشێ، بۆیە پێویستە لە دانانی ئەو جۆرە پڕۆژانەدا بیر لە نەوەی ئێستا و داهاتوو بکرێتەوە، بۆیەش وا دەڵێم چونکە ناکرێ و ناتوانین پشتێک (جیل) ک زۆریان سەریان لە گوێ قەبرا دەلەرزێ، بەشەو و ڕۆژێ بگۆڕین، بەڵکو پێویستە لەو ئینسیکلۆپیدیایانەدا بایەخ بەوە بدرێت کەوا زانیارییەکی پەتی و ڕووت بگەیەنێتە سەرجەمی خەڵک و ئەو زانیاری و حەقیقەتانە بکەوێتە بەردەستیان، هەروەک چۆن حەزیش دەکەین ئەو زانیاریانە لە دواڕۆژدا بچنە ناو بەرنامەی خوێندنی قوتابخانەکانەوە، تاکو زەمینەیان بۆ بڕەخسێت لە داهاتوودا لێتوژەرەوەی نوێ پەیدا بین.

لە هەموو دنیادا دروستکردن و سازدانی ئینسیکلۆپیدیا وادەستی پێ کردووە کە لەسەرەتاوە مافی بڵاوکردنەوەکەی کڕاوە، کە ئەوە جارێ بۆ ئێمە نەبووە بەنەریت، دامودەزگایەکی بڵاوکردنەوەی گەورەمان هەبێت و مافی بڵاوکردنەوەی کتێبمان لێ بکرێت، چ جای لێژنەیەک لە چەند بوارێکی جیاجیا پێکبهێنێ، تاکو دەقەکانی ناو ئینسیکلۆپیدیاکە بپشکنن و لێی وردببنەوە، کە پێویستە ئەوانەش ئەو پسپۆڕ و شارەزایانەبن، ئەو زمانانە بزانن کە لێی وەردەگێڕن، تاکو ئەو دەقانە وەربگێڕن و ئەو حەقیقەتانەی پێویستن بهێڵرێنەوە، ئەوەکەی تریش کە (لێکدانەوە و تاووتوو) کردنە لابببرێن، بە تایبەتی ئەوەی کە لەگەڵ تێڕوانین و جیهانبینی خۆمان ناگونجێ، پاشان ئەوەی وێنەیە بکرێتەوە بە فیلم و وەکو خۆی دابنرێتەوە و ئەوەش کە بۆ خوێنەری کورد پێویست بێت، دەخرێتە سەر ئەو دەقانەی کە وەریان دەگرین، خۆ ئەگەر وێنەی وای تێدا بوو لەگەڵ تێڕوانین و بارودۆخی خۆمان نەگونجێ، ئەوە بە هەمان شێوە لایان دەبەین. هەر بۆنموونە قۆناغی (هەرزەکاری) لەلای خۆمان لەگەڵ قۆناغی هەرزەکاری لای ڕۆژئاواییەکان جیاوازیان هەیە، بۆیە لە بارەی ئەو مەسەلەیەوە دەقە نووسراوەکە و وێنەکە لادەبەین، تەنیا ئەوەی لە باسی ئەمریکاو ئەوروپا دێنە پێشێ دەهێڵرێنەوە، ئینجا وێنە و گوتەی تایبەت لە بارەی (هەرزەکارییەوە) لەلای خۆمان دەنووسین، نووسینەکە لە پاش وەرگێڕان و بە کوردیکردن و بژارکردنی لە هەڵە، بە چاپکراوی دەدرێت بە بەشی هونەری، تاکو ئەوان لەلای خۆیانەوە بەکاغەزەوەی دەنووسێنن و لەپاش نەخشەسازی و پێداچوونەوەیەکی تر دەنێردرێتە چاپخانە. هەندێک جار ئەو بابەتە زیاد و کەم دەکات، لەوکاتەدا (بەڕێوەبەری هونەری) داوای ئەو زیادو کەم کردنەوەیە دەکات، ئیشی لێژنەکەش بریتییە لە ئامادەکردنی ئەو بابەتانەی پێویستن و ئەوساکە دەدرێنە سەرنووسەر، ئەویش بەپێی پێویست چی بوێت داوای دەکات. هەر ئینسیکلۆپیدیایەک کە پشت بە ئینسیکلۆپیدیای ئەسڵ دەبەستێ لە وەرگرتنی وێنە ڕەنگاو ڕەنگەکانەوە، ئەوە پێویستە ئەو فیلمە ئامادەکراوانە بە قەوارەی گونجاو دابنێین، نەک بەو شێوەیەی کە لە ئینسکلۆپیدیا بێگانەکەدا هەیە، تا ئەگەر لە (٨٠٪) لەوەی ئەوان بچێت هەر باشە. با لاپەڕەی زیاتریشی بووێت، چونکە (وێنە) بۆ ئێمە زۆر پێویستە تاکو لە قسەی زۆر و گوتن بە دوور بین. بەرلەوەش پێویستمان بەوە هەیە کە:

(١) لە گیروگرفتی زمان و ڕێنووس و زاراوەسازی خۆمان بکۆڵینەوە و کارنامەیەک بۆ ئەو لایەنە سازبدەین، ئەمڕۆکە زمانێکی زیندووی وەکو زمانی ئینگلیزی، وشەکانی کە بەکاری دەهێنن گەیشتووەتە هەشت ملیۆن وشەی بەکارهێنراو، زمانی کوردیش زمانێکە تا بڵێی دەوڵەمەندە، بەڵام وشە بەکارهێنراوەکانی ناگاتە چارەکی ئەو فەرهەنگە، بۆیە پێویستمان بە فەرهەنگێکی فراوانی [کوردی-کوردی] هەیە تازووە بێتە بەرهەم، تەنانەت پێویستە پێش ئینسیکلۆپیدیایەکە بکەوێت.

(٢) یەک لەو لایەنە گرنگانەی دی کە لە ئینسیکلۆپیدیادا پێویستە (سەرژمێر - احصاء)ە، کە هەموو بوارەکانی ژیانمان بە زمانی ژمارە لەبەردەستدا بێت.

(٣) بایەخدان بە زانیاری و جۆری زانیارییەکە، بۆ

نموونە (سێکس) لە ڕۆژئاوادا دەخوێندرێت، بەڵام لە وڵاتی ئێمە بڤە و تابۆیە، تەنانەت بڵاوکردنەوەی وێنەی ئەندامانی زاووزێ کارێکی نەشیاوە و جایز نییە، لە کاتێکدا وێنەکە تەشریح کردنێکی زانستیانەی ئەندامەکانی زاووزێیی مرۆڤە.

(٤) ڕەچاوکردنی ئاستی ئەو زانیارییەی دەخرێتە ڕوو، خۆی بۆ خۆی گیروگرفتێکە، چونکە لە ئینسیکلۆپیدیای ڕۆژئاواییدا پسپۆڕان پشت بە باگراوەندی ڕۆشنبیری خوێنەرەکانیان دەبەستن، کە خوێنەری کورد ئەو باگراوەندی نییە.

پێویستە ئەوانەی بە کاری ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن دەست بخەنە ناو زۆر لایەنی ئینسیکلۆپیدیاییەکەی ئەوان کە لێیانەوە وەردەگیرێ، یان ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەینە دەست و (لێکدانەوە و ڕاڤە)ش بخەینە دووتوێی کارەکەیانەوە، یان زانیارییە بیانییەکە هاووێنە و هاوتاکەی لەناو کورد چییە. ئەوە لە شوێنەکەی دابنرێت، لەناو ڕۆژئاوادا یەکێتییەکی تەواوی ڕۆشنبیری و بەرنامەییان هەیە کە زەمینەی بۆ ڕەخساندوون باش لە یەکتر تێبگەن، بەڵام ئێمە هێشتاکە هیچمان نییە، بۆیە لەناو شەپۆلی تەوژمە ڕۆشنبیرییە جۆراوجۆرەکانەوە دێین و دەچین، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوا کە باسی جیهانی سێیەم یان جیهانی وڵاتە دواکەوتووەکان دەکات، ئەوە بەو شێوەیە لێیدەدوێت کە لە ڕووی (چەندێتی و چۆنیەتی)یەوە جیاوازە لەو شێوازەی باسی ئەمریکا و ئەورووپای پێدەکات، ئینسانی ڕۆژئاوا لەسەر ئاستێکدا (نەک هەموو ئاستەکاندا) هەر خۆی پێ (ئینسانە) کە توانای داهێنانی هەیە، ئەو وڵاتانەی وەکو خۆمانن بە بەشێکی بێ بایەخی بچووک- زۆر بچووک- لە جیهان دەزانن، کە ئەو تێڕوانینەیان جیایە لەو تێڕوانینەی ئەوان لە بارەی خۆیانەوە هەیانە، لەبەر ئەوە پێویستە لێژنە بەدیلی ئەو بۆچوونانە بخاتە ڕوو، ئەوەی درێژە پێدانە لە بارەی ئەوروپاوە لای بیات کە بۆ خوێنەری لای خۆمان ئەو گرنگی و سوودەی نییە، لەجیاتی ئەوە لەبابەت وڵاتی خۆمانەوە زانیاری بنووسین، کە بەلای ئەو خوێنەرەوە پێویست و گرنگ بێت، واتە لە ڕووی هەڵبژاردنی ڕووداو و زانیاری و حەقیقەتەکانەوە سەنگینییەکی هەبێت و سوود لەو ڕووداوانە وەربگرێت کە ئینسیکلۆپیدیای بێگانە دەیگرێتە خۆی و ئەو زانیاریانەی دەخەینە سەر کە نەیگرتووەتە خۆیەوە، لەمەشدا زۆر پێویستە بەپێی باری تێڕوانینێکی کوردانە و جیهانبینییەکی کوردانەوە بنووسرێت و هەندێ زانیاری دابڕێژرێت.

هەندێ جار چەند باری سەرنجێک بۆ هەندێ کێشە هەیە، نەک یەک باری تێڕوانین و سەرنج، بۆیە ئەوانەی بە ئیشی ئینسیکلۆپیدیاوە خەریکن، نابێت لایەنگیری خۆیان بۆ یەکێک لەو باری سەرنجانەوە نیشان بدەن، بەڵکو هەردوو، یان هەر سێ باری سەرنج وەکو خۆیان بخرێنە ڕوو، بۆ نموونە لە کێشەی (نوێبوونەوە)ی شیعری کوردیدا چەند بیروڕایەک هەیە، دەبێ بە کورتی ئەو بیروڕایانە وەربگرین و بەپێی بۆچوونێکی زانستی، نەک سیاسی، یان ئیقلیمی، یان شتی دی لێی بدوێین، یان چەند بیروڕا لە بارەی هەر تەوژمێکی فیکری و ڕۆشنبیری هەیە، زانیارییەکان وەکو خۆیان دادەنێین و بەپێی قسەی هەر قوتابخانەیەک و هەر تەوژمێک و بەبێ هیچ دەست تێوەردانێک لەلایەن ئەو کەسانەوە، با ئەو تەوژمە فیکری و ڕۆشنبیریانە پڕیش بن لە ناکۆکی و دژایەتی (تناقض) دەستکاری ناکرێن، چونکە ئینسیکلۆپیدیا بۆ ڕێنماییکردن نییە، بەڵکو بۆ ڕێگا ڕووناک کردنەوەیە، هەر بوونی ئینسیکلۆپیدیاش واتە گوێزانەوەمان بەرەو چاخی (ڕۆشنکردنەوە- تنویر) هەر ئەم ئەرکە پیرۆز و شارستانی و نەتەوەییە پێویستی بە ئیشکردن و تەقەللا و شەونخوونی هەیە، پێویستی بە سەرکێشی و موغامەرەکردن هەیە، تاکو ڕووبکەینە خوێندەوارەکانمان، بەتایبەتی ئەوانەی تامەزرۆی فێربوون و مەعریفەتن، چونکە ئەو ئینسیکلۆپیدیایە (ئەگەر وێنەداربێت چاکتر) جەنگانە لەگەڵ عەقڵی ئینسانی کورد و لە ناوەوە ڕا خزمەتی دەکات، لەکاتێکدا لە جیهاندا ئینسیکلۆپیدیاکانیان ساڵ بەساڵ زانیاری نوێ دەگرنە خۆیان و گۆڕانیان بەسەردادێت و لە هەموو بوارەکانی زانست و داهاتە نوێیەکاندا بەسەر دەکرێنەوە، بێجگە لەوەش هەموو ساڵێک پێویستە بەلایەنی کەمەوە کتێبێک چاپ بکرێت و زانیاری نوێ بگرێتە خۆی تاکو لەبەر دەستدا بێت وەکو تەواوکەرێک بۆ (ئینسیکلۆپیدیا)کە، سەرەڕای ئەوە پێویستە (ئینسیکلۆپیدیا) هەموو پێنج ساڵ جارێک بژار بکرێتەوە و پێیدا بچینەوە و لێی دەرکەین و لێی زیاد بکەین و لەچاپی بدەینەوە، کە ئەوەمان کرد ئەوساکە دەتوانین بەڕاشکاوییەوە بڵێین (نەوەی نوێ) قاچی خستۆتە ناو چاخی ڕۆشنکردنەوەوە، چاخێک کە پێویستە ئەو نەوەیەی ئێمە بیری لێ بکاتەوە و بەو

تۆبەیە گوناهی نەوەکانی ڕابردوو بسڕینەوە تا ئەو گوناهەیان بشواتەوە کە پێش ئێمە هاتن و ڕۆیشتن و ئەو سەردەمانەی کە دەست لەملانی ڕاپەڕین دەبوون بۆ تاوێک و ڕادەچڵەکین، ئەفسووس دەچوونەوە باوەشی تاریکی. بەڕێزان کاری ئینسیکلۆپیدیا هیچ جۆرە پێوەندییەکی بە ئایدۆلۆژیا و بە سیاسەتەوە نییە، تەنیا دەزگایەکی ڕۆشنبیری ئازا، یان خاوەن چاپخانەیەکی ئازاو بەجەرگ، یان کەسانی پارەداری ئازایان دەوێت کە چاپکردنی ئەو ئینسیکلۆپیدیایانە بگرنە ئەستۆی خۆیان...!

پەراوێزەکان:

١- مەبەستم لەو چەند هەوڵە:

أ- فەرهەنگی زانیاری (قاموس الاعلام) ئینسیکلۆپیدیای کورد کە عەقیدی خانەنشین (عەبدولقادر بەرزنجی) داینناوە و لە ساڵی (١٩٧١)دا لە چاپخانەی (ڕاپەڕین)ی شاری سلێمانی بەرگی یەکەمی بەچاپ گەیاندووە، ئەم ئینسیکلۆپیدیایە بەپێتی ئەبجەد لەناوداران بە گشتی دواوە، هەرچەندە نووسراوە (بەرگی یەکەم) بەڵام وا بیست و دوو ساڵە بەرگی تری بەدوا دا نەهاتووە.

ب- هەوڵی دووەم لەلایەن نووسەر و ئەندازیار (خوسرەو جاف)ەوە دراوە و بەناوی (دائیرەتولەعاریف- فەرهەنگی زانیاری و هونەر) لە ساڵی (١٩٨٩)دا بەرگی یەکەمی کەوتۆتە بازاڕەوە، ئەم ئینسیکلۆپیدیایە لە ڕووی چاپەوە زۆر پۆشتە و پەرداخە، لە ناوەڕۆکدا زۆر لە هەوڵی یەکەم تێڕوتەسەلترە، لەبەرئەوەی لەسەری نووسراوە (بەرگی یەکەم) جارێ خۆینەر ناتوانێ ڕای تەواو لەسەر ئەم ئینسیکلۆپیدیایە پێکەوە بنێ، هیوادارین بە زووترین کات بەرگەکانی دیکەی ئەم هەوڵە ببینین، ئەوسا دەتوانین قسەیەکی لەبارەوە بکەین.

ج- ئینسیکلۆپیدیای کیمیا بەرگی (١) و (٢) جەمال عەبدول و ئینسیکلۆپیدیای مەعدەنەکان و (کەڵە فەرهەنگی) ڕووەکە ئابوورییەکان کە لە لایەن کەمال جەلال غەریب دەرچووە.

٢- مێژوونووسە چینییەکان دەڵێن، چین لەپێش ئەورووپاوە کەوتە دانانی ئینسیکلۆپیدیا، چینییەکان ژمارەیەک ئینسیکلۆپیدیایان هەیە گرنگترینیان ناوی (ینگ لوتاتین)ە کە (٢٢٠٠) نووسەر بەشداریان کردووە لە دانانیدا و سەرجەمی بەرگەکانی تاکو ساڵی (١٤٠٧)ز گەیشتە (٨٩٢) بەرگ.

٣-لە ئینسیکلۆپیدیا گرنگەکانی جیهان:

أ- ئینسیکلۆپیدیای بەریتانی، کە بەناوبانگترین و کاملترین ئینسیکلۆپیدیای جیهانییە و چاپی یەکەمی لە کانوونی یەکەمی ساڵی (١٧٦٨)دا دەرچوو، لەسەرەتاوە بەشێوەی نامیلکە و سیپارە دەرچووە و لە (ئەدنبرە) چاپ کرا، بەڵام لە ساڵی (١٧٧١ز) لە سێ بەرگدا دەرچوو، لەدواچاپیشدا بوو بە (٢٤) بەرگ.

ب- ئینسیکلۆپیدیای فەرەنسایی، کە بەیەکێک لە پڕۆژە ڕۆشنبیرییە گەورەکان دەژمێردرێت، هزرڤانی فەرەنسایی (دینس دیدرۆ ١٧١٣-١٧٨٤ز) سەرپەشتی کرد، کە بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک هزرڤان و ئەدیبی ڕاسپارد بۆ نووسینی باس و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر، لەپێش هەموویانەوە (ڤۆلتێر) و (ڕۆسۆ) بوون. بەرگی یەکەمیشی لە ساڵی (١٧٥١ز) دەرچوو.

ج- ئینسیکلۆپیدیای ئەمریکی، کە گرنگترینیان ئەوەیە کە لەسالانی (١٨٧٣- ١٨٧٦ز) بەناوی (ئیلتون) دەرچوو کە فراوانترین ئینسیکلۆپیدیای ئەمریکییە و بە چاپێکی جوان و پڕ لە وێنە بلاوکرایەوە.

د- ئینسیکلۆپیدیای ئەڵمانی، بە ئاسانترین ئینسیکلۆپیدیا دەژمێردرێ کە زۆر بە چاکی ڕێکخراوە و بۆ خوێندنەوە ئاسانە کە بە شەش بەرگ دەرچووە لەنێوان ساڵانی (١٧٩٦- ١٨١٠) و لە (لیبزک) و ئەمستردام) چاپ کراوە کە لە ساڵی (١٩٦٨) دابوو بە پازدە بەرگ و یەکێکە لە ئینسیکلۆپیدیا گرنگەکانی جیهان.

هـ- ئینسیکلۆپیدیای ئیتالی، کە بەناوبانگترینیان (بیغاتی) پێ دەڵێن، هەندێ لەمێژوونووسان بە یەکێک لە کۆنترین ئینسیکلۆپیدیای ئەوروپایی لە قەڵەم دەدەن، کە لە ساڵی (١٨٨٤ز)دا چاپ کراوە.

و- لەناو عەرەبەکانیشدا، ئینسیکلۆپیدیای عەرەبی هەیە کە لە ئەنجامی پێداویستی ئەو سەردەمەوە هاتووەتەکایەوە، بۆ ئەوەی بتوانرێت لە ڕێگای ئەم ئینسیکلۆپیدیایەوە کەلەپووری عەرەب بە کەلەپووری شارستانیەتی ڕۆژئاوا ببەستنەوە، کە لە بواری زانست و زانیاری و هونەردا قەڵەمبازی گەورەی نابوو. یەکەم کەسیش کە بیری لە دەرچوونی ئینسیکلۆپیدیایەکی عەرەبی هاوچەرخ کردەوە (بطرس البستاني) بوو کە لە ساڵی (١٨٨٣)دا کۆچی دوایی کرد، کە دەستی پێ کردبوو شەش بەرگیشی لێ تەواو کردبوو، خەریکی تەواوکردنی حەوتەم بەرگی دەبێ کە ئەمری خوا بەجێ

دەهێنێ، بۆیە (سەلیم)ی کوڕی تەواوی دەکات و هەشتەمیش بەدەستەوە دەدات، پاشان چەند کوڕێکی لەگەڵ زاوایەکیاندا کە ناوی (سلێمان)ە بەرگی نۆیەم و دەیەم و یانزەیەم تەواودەکەن. بەرگی یەکەمی ئینسیکلۆپیدیای (البستاني) لە ساڵی (١٨٧٦ز)دا چاپ دەکرێت لە ساڵی (١٩٠٠ز) ئەم پڕۆژە پێشەنگە دەوەستێ، تا ئەوە بوو (فوئاد ئەفرام ئەلبستانی) دووبارە کەوتەوە دەرکردنی پڕۆژەکە.

* (کنز العلوم و اللغة) کە تەقەللاو کۆششی زانایانەی تاقە کەسێکە کە بە ئازایەتی و ڕەنجی (محمد فرید وجدي) کەوتە ڕوو، لە ئەنجامی هەستکردنی بە پێویستی ئینسیکلۆپیدیایەک، ئەم زانایە لە ساڵی (١٩٥٤)دا مردووە و پڕۆژەکەی گەیاندە دە بەرگ و ناوی ناوە (دائرة المعارف).

جگە لەوە (ئینسیکلۆپیدیای ئیسلامی)یش هەیە کە کۆمەڵێک ڕۆژهەڵاتناس دایان ناوە و (محمد ثابت الفندی)یش کردوویەتی بە عەرەبی لەگەڵ (عبدالحمید یونس) و کەسانی تر، تا لە ساڵی (١٩١٣)دا لە هۆڵەندا لە (لیدن) چاپ کرا و لە میسردا ساڵی (١٩٥٧) چاپ کراو شانزە بەرگی لێ دەرچوو، ئەمە و سەرەڕای بوونی چەندان فەرهەنگی زمانی وەکو فەرهەنگی (الوسیط) کە کۆڕی زمانەوانی عەرەبی دەری کردووە.

هەروەها ئینسیکلۆپیدیای سیاسی (د. عبدالوهاب الکیالی)یش هەیە کە بەرگی یەکەمی لە ساڵی (١٩٧٩)دا دەرچوو، هەروەکو باسیشمان کرد (الموسوعة العربیة المیسرة)ش هەیە کە گرنگترین ئینسیکلۆپیدیای هاوچەرخە لە ساڵی (١٩٦٥)دا دەرچووە و (محمد شفیق غربال) سەرپەرشتی کردووە، هەروەها ئینسیکلۆپیدیای سەربازی و زۆر ئینسیکلۆپیدیای تریان لە هەموو بوارە جیاجیاکانی پسپۆڕیدا هەیە.

* بۆ زانینی مێژووی سەرهەڵدان و جێگیرکردنی وشەی (ئینسیکلۆپیدیا) و بەناوبانگترین ئینسیکلۆپیدیای جیهان بڕوانە هەردوو وتاری کاک (کەمال جەلال غەریب) کە لە ژمارە (٣٩) و (٤٠)ی گۆڤاری (کاروان)دا لە ساڵی (١٩٨٥)دا بڵاوکراوەتەوە.

لەم ڕۆژانەشدا وەک کتێبێکی سەربەخۆ لەژێر ناوونیشانی (ئینسکلۆپیدیا) چییە؟ کەوتە بازاڕەوە.

قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری کۆمەڵایەتی

ئیان کریب
و/ ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل

(٢-٢)

کولتووری تاکڕەهەند

ئەو تێڕوانینە مێژووگەراییەی پێش کەمێک سیماکانیم دیاری کرد، باڵ بەسەر تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دەکێشێت، کاتێک باس لە شیکردنەوەی ڕاستەوخۆی کۆمەڵایەتی دەکەن، هەست بەسۆز و حەزێکی لە ڕادە بەدەر هەیە بۆ ڕابردوو. زۆرجار وا دەردەکەوێت کە ئەوان تەماشای سەردەمانێکی زێڕین دەکەن کە تازە لەدەست چوو و جارێکی تر ناگەڕێتەوە. موفارەقەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەو سەردەمە زێڕینەی زۆرجار چاوی لێدەکەن، سەردەمی سەرەتاکانی سەرمایەدارییە، کە پێیان وایە سەردەمی تاکگەرایی ڕاستەقینەیە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی نوێدا کە مرۆڤ تێیدا ئازادی تاکەکەسی خۆی لەدەستداوە. ئەو بیرۆکەیەش زیاتر ئەوکاتە دەردەکەوێت کە قوتابخانەی فرانکفۆرت باسی مەسەلەی کولتوور و ڕۆشنبیری دەکەن.

زۆر لە کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت جەختیان کردۆتە سەر مەسەلەی کولتوور، مادام لایەنگرانی ئەو قوتابخانەیە چیتر پێیان وا نییە کۆمەڵگا لەژێر دژکاری ئابووری و بونیادیانەدا دەناڵێنێت، ئەوە پرسی سەرەکیان دەبێتە چۆنیەتی ئاوێتەکردنی تاکەکان بە کۆمەڵگا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە، کولتووریش بۆتە ئەو ڕێگایانەی کۆمەڵگا و تاکەکان پێڕەوی دەکەن بۆ دانانی وێناندنێک لەبارەی جیهان، ئەوەش تاکە فاکتەری بەدیهێنانی ئەو ئاوێتەکردنەیە. ڕەنگە ڕوونترین وتووێژ لەبارەی ئەو بیرۆکەیە ئەوە بێت کە لای مارکۆزە و لە کتێبی (مرۆڤی تاکڕەهەند) بەدی دەکەین کە لە ساڵی (١٩٦٤)دا نووسراوە، بەڵام ئەدۆرنۆش لەنێو کتێبی (دیالیکتیکی ڕۆشنگەری)دا ئەو شتە شیدەکاتەوە کە ناوی دەنێت پیشەسازی کولتوور، بەتایبەتیش ئەدۆرنۆ ژمارەیەکی زۆر بەرهەمی لەبارەی ئەدەب و مۆسیقا و کولتووری میللییەوە داناوە. شیکردنەوەکە هەموو جۆرە شێوازەکانی کولتوور دەگرێتەوە، ئەوەی ئاراستەی چینە ڕۆشنبیرەکان دەکرێت و ئەوانەی ئاراستەی چینە نا ڕۆشنبیرەکانیش دەکرێت. بیرۆکەی سەنتەریش کە هەموو ئەو نووسینانە بەدەوریدا دەخولێنەوە، بیرۆکەیەکە ئێستا باوبووە و بریتییە لەوەی بوونەوەری ئادەمیزادی خاوەنی توانایەکی دیاریکراوە و لەنێو کۆمەڵگای مۆدێرندا لێی زەوتکراوە.

ئەوەی هەموومان لەسەری کۆکین ئەوەیە باڵاترین شێوەی کولتوور کە بریتییە لە هونەر و ئەدەب و مۆسیقا، بەرهەمی توانا مرۆڤایەتییەکانن و لەهەمان کاتیشدا خاڵی ڕەخنەن لە کۆمەڵگای ئێستامان، ئەگەرچی کاری ئەو فرمانە لەسەردەمێکی میژوویییەوە بۆ سەردەمێکی تر دەگۆڕێت. تیۆریستانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ڕاڤەکردنی ئابووری بۆ کارە هونەرییەکان بەدەستەوە نادەن، بەڵکو لە بری ئەوە جەخت دەکەنە سەر شێوەی ئەو کارانە. لە کاتێکدا شیکردنەوەی مارکسیانە بۆ ڕۆمانەکانی جین ئۆستن پێی وایە کە ئەو ڕۆمانانە بەرهەم و ئاوەژووکردنەوەی شێوەی ژیانی چینی ناوەڕاستی بەریتانییە لە سەدەی نۆزدەیەمدا، ئەوە پێشڕەوانی

قوتابخانەی فرانکفۆرت جەخت دەکەنە سەر شێوازی نووسین و دانانی لەگەڵ پێوەندی نێوان کەسایەتییەکان و شێوەی گرێچنەکە. شیکردنەوەی فیلمە کاوبۆییەکانیش کە لە یەکێک لە بەشەکانی ڕابردوودا خستمانە ڕوو، شیکردنەوەیەکی شێوەیی بوو، بەڵام بەهەمان ئەو شێوەیەش نەبوو کە لەنێو کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەیبینین.

قۆناغی سەرەتاکانی سەرمایەداری، قۆناغێکە زەحمەتە دەستنیشان بکرێت، بەڵام بەگشتی پێدەچێت لە کۆتایی سەدەی حەڤدەیەمەوە تاوەکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم بوو بێت. ئەو قوتابخانەیە بانگەشەی ئەوە دەکات کە کاری هونەری دەیتوانی لە ڕێگای فۆرم و هاوسەنگی خۆیەوە تێڕوانینێکی ئەلتەرناتیڤ بۆ واقیع پێشکەش بکات. بۆ نموونە، کارەکانی مۆزارت و بتهۆڤن، ئەوە دەسەلمێنن کە دەشێت جیهانێکی گونجاو و ڕێکخراو بێتەدی، ئەو جیهانەش دەشێت بەو جیهانە بەراورد بکرێت کە پڕە لە ئاژاوەگەری و بەدبەختی کە ئەو کارانە ڕۆشناییە ڕەخنەییەکانی دەخەنە سەر. لەگەڵ پێشڤەچوونی کۆمەڵگا تۆتالیتارییە مۆدێرنەکاندا، هونەر ئەو فرمانەی لە دەستدا. کۆمەڵگا مۆدێرنەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی کۆمەڵگای گونجاو و هارمۆنین، پارچە مۆسیقای مۆزارت بۆ مانگا لێدەدات تاوەکو پارێزگاری لەو ڕێژە زۆرەی شیر بکات کە بەرهەمی دێنێت، سەمفۆنیای نۆیەمی بتهۆڤن-یش مارسیلیزی نیشتیمانی کۆمەڵەی ئابووری ئەوروپی و ڕۆدێسیای سپی کۆن بوو. ئێستاش فرمانی ڕەخنەیی هونەر لەوەدایە کە بەرەنگاری ئەو بانگەشەکردنە ناڕاستەی گونجاوی بێتەوە و وامان لێبکات بیربکەینەوە، زەحمەتیشە تێبگەین، وەکو مۆسیقای شوینبێرگ. ئەو شێوەیە لە هونەر زیاتر و زیاتر پەراوێز دەکرێت، بۆتە هونەرێکی پێشڕەو و خەڵکانێکی کەمتر حەزی پێدەکەن و پیشەسازی کولتووریش بالادەست بووە.

مارکۆزە قسە لەبارەی ئەو شێوازە دەکات کە لەمیانەیدا پیشەسازی کولتوور پێداویستی ساختە بەرهەم دێنێت و ئەو پێداویستییانە تێر دەکات. بیرۆکەی پێداویستی ساختەش بیرۆکەیەکی زەحمەتە، چونکە مانای گومانکردنە لە ڕاستی خەملاندنی پێداویستییە تاکە کەسییەکانی مرۆڤ و بانگەشەکردنی ئەوەی کە ئێمە لە خودی کەسەکە زیاتر دەتوانین پێداویستییەکانی بخەملێنین و دیاری بکەین. ڕەنگە تۆ حەز بە گۆرانییەکانی تیپی پیتلز بکەیت، بەڵام دەبێت گوێ لە مۆسیقای شوینبێرگ بگریت. ئەو تێڕوانینە لە باشترین حاڵەتدا دەشێت بەرەو دروستکردنی کولتوورێکی توێژی، یان خۆ بەگەورەو زلزانین ببات، بەڵام توانای ئەوەی مرۆڤ خۆی بە ئەزموونی پێداویستی ساختەدا بڕوات، بیرۆکەیەکی ڕەسەنە لەنێو تیۆری ڕەخنەییدا. پێداویستی ڕاستەقینە ئەو پێداویستییەیە کە هەڵقوڵاوی هێزە داهێنەر و عەقڵانییەکانە کە ئێمە دەکاتە بوونەوەری ئادەمیزادی، یان گوزارشتی لێدەکات. ئەو پێداویستییەیە ئەگەر هاتەدی وام لێدەکات لە پێوەندیم لەگەڵ کەسانیتردا زیاتر حوکم لە ژیانی خۆم بکەن، ئەو پێداویستییەی پێوەندییەکانم لەگەڵ خەڵکانیتر قوواڵتر و دەوڵەمەندتر دەکات. دەشێت وا تەماشای پێداویستییە ساختەکان بکەین گوایە پێداویستییە ڕاستەقینەکان گەندەڵ دەکەن. ئەو نموونانەی خوارەوەش نموونەی خۆمن.

یەک لە نموونە هەرە دیار و بەرچاوەکان، ئەو گۆرانەیە کە بەسەر پاڵنەری پشت بزاڤی فێمێنستیدا هات. بزاڤی فێمێنستی بزاڤێکی کۆمەڵایەتییە، هەڵمەتێکە لەسەر کۆمەڵێک ئاست، جەماوەرێک بەڕێوەی دەبات کە لە بواره زیندەدارەکانی ژیانی گشتی و کۆمەڵایەتی دوور خراوەتەوەو پەراوێزە، هەروەها لە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتیش دوورخراوەتەوە. پەیامەکەشی بریتییە لە بانگەشەکردن بۆ یەکسانی کۆمەڵایەتی و ئازادی و بونیادنانی پێوەندییەکی قوواڵتر لەنێوان ئافرەتان خۆیاندا وەکو دەستە خوشکی یەکتری و لەنێوان خۆیان و نێوان پیاوانیش، بەڵام بەچ شێوە و ڕێگایەک ئەو بزاڤە ئیحتیوا کرا؟ یان چۆن پرۆسەی ئیحتیواکردنی ئەو بزاڤە بەڕێوە برا (ئەگەرچی تەواو سەرکەوتووش نەبوو). دەڵێم شێوازی ئیحتیواکردنی ئەو بزاڤە لەنێو کولتووری بالادەستدا بریتی بوو لە گۆڕینی پێداویستییە ڕاستەقینەکانی ئەو بزاڤە بۆ پێداویستی ساختە. داواکردنی یەکسانی گۆڕا بۆ داواکردن بەوەی ئافرەت دەبێت مافی ئەوەی هەبێت وەکو پیاو لە ژیانی کاری ڕۆژانەی خۆیدا سەربەخۆ بێت، ئەوەش بووە هۆی ئەوەی جەخت بکاتە سەر تواناکانی ململانێی نێو خۆی لەپێناو سەرکەوتندا، کەواتە دەسبەرداری یەکێک لەسیفەتە هەرە مرۆڤایەتییەکانی خۆی بوو کە پێیەوە نووساوە. بەڵام ئەو هەوڵە دامەزراندنی پێوەندی قووڵ و جیاواز لە ڕووی جۆرایەتییەوە لەوەی کە هەیە و باوە لە خۆیەوە ناگرێت، بەڵکو زیاتر پێوەندی سەر ڕوو و ئیستیغلالییە و هانی ململانێی تاکەکەسی دەدات لە بری ئەوەی هانی ڕۆحی کۆمەڵگەرایی بدات لە حوکم کردن لە چارەنووسمان و ئاراستەکردنی، ئەوە شتێکە هەر

تەواو فەرامۆشکراوە.

ئەو ئافرەتە مۆدێرنەی کە پیشەسازی ڕێکلام دروستی دەکات، کەسایەتییەکە هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ کەسایەتی پیاوی مۆدێرن، چونکە هەردووکیان دوو کەسایەتی سەر ڕوون و دەکرێت بەپێی داوای خەڵکانی تر خۆیان دابڕێژنەوە. ئەو واقیعە شێوێندراوە سەرکەوتنی کتێبێکی وەکو کتێبەکەی کولت دۆلینگ دەردەخات کە بەناوی (گرێی سەندریللا: ترسی ئافرەت لە ژیانی سەربەخۆ) بوو.

نموونەی دووەمیش، ئەو شەپۆلەی بایەخدانە بەتەندروستی کە ئێستا لە وڵاتە خۆرئاواییەکان بڵاوبۆتەوە و بریتییە لە بایەخدان بەخواردنی خۆراکی تەندروست و ئەنجامدانی وەرزشی پیاسەکردن و ڕاکردن و ڕۆیشتنی زۆر و بڵاوبوونەوەی ئەو ڕێکلامانەی سوپاسمان دەکەن، چونکە جگەرەمان نەکێشاوە و .. تاد. وەکو ئاشکرایە تەندروستی پێداویستییەکی ساختە نییە، بەڵکو پێداویستییەکی کۆمەڵایەتییە و بەڵگەی زۆر هەیە لەسەر پێوەندی نێوان بارودۆخ و ڕەوشتی کۆمەڵایەتی و تێکچوون و شڵەژانی تەندروستی، بۆیە گۆڕینی ئەو ڕەوشە کۆمەڵایەتییە پێویستی بە هەوڵ و کۆششی بەکۆمەڵ هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا، بایەخی میللی بە مەسەلەی تەندروستی دەبێتە مەسەلەیەکی تاکەکەسی، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو شێوە چالاکییانە ببنە جێگای گومان. بۆ نموونە، ئەگەر ڕێژەی مادەی (ڕەصاص) لەنێو هەوادا زۆربێت، ئەنجامدانی وەرزش و ڕاکردن مانای وایە من ڕێژەیەکی زۆرتر لە ڕەصاص هەڵدەمژم، ئەگەر من کرێکاری نێوکانەکان بم، هەرچەندە نانی جۆ بخۆم، هەرگیز ئەو تەمەنە درێژم پێنادات هاوشانی تێکڕای تەمەنی مامۆستایەکی زانکۆ بێت. هەرچەندەی لە کۆنترۆڵی بە کۆمەڵی کارە ترسناکەکان دووربکەوینەوە کە هەڕەشە لە ژیانمان دەکەن، ئەوەندە سەرگەرمتر دەبین بۆ کۆنترۆڵکردنی مەترسییە بچووکەکان. بۆ نموونە، من ناتوانم لە ئاست هەڵگیرسانی جەنگی ئەتۆمیدا هیچ شتێک بکەم، بەڵام دەتوانم واز لە جگەرەکێشان بێنم. بەهەمان شێوەش، پێویستی هەڵبژاردن، بۆتە پێویستی هەڵبژاردنی یەک جۆرە تایتی جل شۆڕین لەنێو بیست و سێ جۆردا، پێداویستی ڕادەربڕینیش بۆتە پێداویستی کۆمەڵێک کەسی دەوڵەمەند بۆ ئەوەی بەیەکەوە کۆببنەوە و ڕۆژنامەی بۆش و بەتاڵ دەربکەن.

ئەم شیکردنەوەیە بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوە ئەدۆرنۆ پێشنیاری ئەوە دەکات کە ئەو سەمتە - سیستەمی سەرمایەداری - تا ئێستاش جۆرە هەستکردنێک بە ناجێگیری ئابووری بەرهەم دێنێت - ئەوکاتەش ئەدۆرنۆ لەپەنجاو شەستەکانی سەدەی بیستەم بوو کە ئەوەی نووسی - ئێمە خۆشمان دەتوانین بڵێین هەر سەمتێکی کۆمەڵایەتی توانا سەرەکییەکانی مرۆڤ بەلاوە بنێت و پشتگوێیان بخات، جۆرێک لە هەستکردن بە نائارامی بەرهەم دێنێت. هەستکردن بەوەی ئێمە خاوەنی توانایەکین، بەڵام ناتوانین بەکاری بێنین، هەستێکی تێکشکێنەرە، بۆیە کولتوور و ڕۆشنبیری گشتی وا ساز و ئامادەکراوە جۆرە هەستکردنێکی ئەلتەرناتیڤ بەرهەم بێنێت کە لە ڕاستیدا هەستێکی ساختەیە بە ئارامی و جێگیری، ئەوەش هەرچەندە هەستێکی ساختەیە، بەڵام کاریگەریشە. دروستکردنی ئەو هەستە ساختەیە بەدوو ڕێگا و شێواز دەبێت، بەیەکخستنی مواسەفاتە پێوانەییەکانی بەرهەمهێنانی کولتوور، چونکە سەرجەم شێوازەکانی کولتووری میللی هەوڵدەدەن لە ڕێگای تەمسیل و زنجیرەی تەلەفزیۆنی سۆزداری و گۆرانی لاوان و چالاکییە وەرزشییەکانەوە، هەر هەموویان هەوڵدەدەن، هەریەکەیان بەڕێگا و شێوازی دیاریکراوی خۆی، ئارامی و دڵنیایی بڵاوبکەنەوە. لەبەرئەوەشە هەموو گرێچنی زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و ئاواز و وشەی گۆرانییەکان و یارییەکان لە یەکتری دەچن، بەشێوەیەک دەکرێت جێگۆڕکێیان پێبکرێت و لە جێگای یەکتری دابنرێن. ئەگەر ئەو قسەیەمان ڕاست نەبووایە، نەماندەتوانی دەستنیشانی سروشتی گرێچنی فیلمە کاوبۆییەکانی ئەمریکا بکەین وەکو ئەوەی لە بەشی حەوتەمدا قسەمان لەسەرکرد و خستمانە ڕوو. لەهەمان کاتیشدا، ئەو بەرهەمە لێکچووە هاوشێوانە خاوەنی مۆرکێکی ساختەی تاکگەراین و شتێکی وامان لا جێدەهێڵن کە ئێمە توانای هەڵبژاردنمان هەیە و گوزارشت لە مانا تاکگەراییەکان دەکەن.

بەم جۆرەش، ئەوەندەی خوا حەز دەکات دەتوانین قسە لەبارەی ئەوە بکەین کە چ گۆرانییەک خۆشترە و چ تیپێکی تۆپی پێش باشترە، واتا قسە لەبارەی جیاوازییەکی دروستکراو و ساختەکان بکەین، بەبێ ئەوەی بزانین ئێمە لە سایەی ئەوەوە هەستێکی ساختە بە دڵنیایی و ئارامی بەدەست دێنین بەهۆی هاوشێوەی و لێکچوونی تەواوی ئەو شتانەوە.

ئەدۆرنۆ لە وتارێکی هەرە جواندا بەناوی (دابەزینی ئەستێرەکان بۆ سەر زەوی) لە ساڵی (١٩٧٥)دا ئەوە ڕوون دەکاتەوە چۆن ئەوە لە ڕێگای بڵاوکردنەوەی ئەو گۆشانەی نێو ڕۆژنامەکان بەدی دێت کە تایبەتن

بەخستنەڕوو و خوێندنەوەی کەلوەکان کە گۆشەیەکە و خاوەنی خوێنەرێکی هەرە زۆرە. لەو گۆشەیەدا تەنجیم و فاڵگرتنەوە خۆی وا پێشکەش دەکات وەکو ئەوەی زانست بێت و بانگەشەیەکی دروستکراوی شارەزایی و لێهاتوویی باڵاودەکاتەوە کە خۆی لە خۆیدا مایەی دڵنیاییە.

ئێمە پێویستمان بەگێڕانەوەی نموونەکانی ئەدۆرنۆ نییە تاوەکو باشتر لە لایەنەکانی تری بابەتەکە تێبگەین. بۆ نموونە، کەلوی خۆم لە ڕۆژنامەی (صندای ئەکسپرێس)ی لەندەنی ڕۆژی ٣ی ئۆکتۆبەری ساڵی(١٩٨٢) دەڵێت: «ڕۆژی دووشەمە بەتایبەتی ڕۆژێکی باشە بۆ هەوڵدانی ئەزموونکردنی بیر و بۆچوونی نوێ، یان بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئیش و کارە ئیدارییانەی کە بەبێ چارەسەری ماونەتەوە، ئەو هەفتەیە بەشێوەیەکی باش کۆتایی دێت». کەواتە من شتێکم هەیە چاوی تێببڕم. من کەسێکی داهێنەرم و لەنێو جیهانی ئیدارەدا مامەڵە لەگەڵ خەڵک دەکەم و ئەو هەفتەیەشم بەباشی بەڕێوە دەڕوات و کۆتایی دێت. لێرەدا دڵنیاکردنەوەکە زۆر ڕوون و ئاشکرایە و لایەنی کەم بایەخەکەیە. لایەنی گرنگ ئەوەیە کە کەلوەکەی من بەتەنیا دڵنیام ناکاتەوە هەموو شتێک بەباشی بەڕێوە دەڕوات، بەڵکو سروشی ئەوەشم پێدەدات کە ئەو ڕەوشە باشە دەسکردی خۆمە، سەرەڕای ئەوەی شتێکە ئەستێرەکان نووسیویانەتەوە. من کەسێکی داهێنەرم و بیروبۆچوونی باشم هەیە و دەتوانم کێشە هەڵپەسێردراوەکانم چارەسەر بکەم. گوزارشتی چارەسەرکردن لێرەدا بەتایبەتی گوزارشتێکی سەرکەوتووە و دەشێت ئاماژەیەک بێت بۆ دوو ئەگەری دژیەک. ئەگەر من بەتووڕەییەوە خۆم بکەم بەدائیرەی وەرگرتنی باج و ئاماژە بۆ کۆمەڵێک هەڵە بکەم کە ئەم دائیرەیە تێی کەوتوون و بە هەڵەداچوون لەو هەموو باجەی لێمی وەردەگرن، گەڕامەوە ماڵەوەش دوای ئەوەی فەرمانبەرەکە بە سەرشۆڕییەوە داوای لێبوردنی لێکردم و چەکێکی باشیشیان دامێ و پارە زیادەکەیان بۆ گێڕامەوە کە بەهەڵە لێیان گێڕابوومەوە، ئەوە دیارە بەڕاستی من هەندێک کاری ئیداریم چارەسەر کردووە. بەڵام ئەگەر دوای دانیشتنێکی زۆر و بەسەرشۆڕی گەڕامەوە، ئەوە ئەوکاتەش من هەر هەندێک کاری ئیداریم چارەسەر کردووە. زیاتریش پێدەچێت زۆرینەی خەڵک دووچاری ئەو جۆرە چارەنووسەی دووەم بێنەوە، بەڵام بوونی گوزارشتی (چارەسەرکردن)، یان (مامەڵەکردن لەگەڵ) لەنێو ئەو کەلوەدا مانایەکی فریودەر دەبەخشێت، بەجۆرێک هیوامان پێدەدات، یان تەنانەت وامان لێدەکات خۆمان وا پیشان بدەین کە ئەوەی یەکەمیان ڕاستە. لە کۆتاییدا ئەوەی کەلو جێی دەهێڵێت جەختکردنەوەیەکی بۆش و بەتاڵە لەسەر مرۆڤایەتی من لە ڕێگای شارەزاییەکی ساختەوە، ئەوە جەختکردنەوەیەکی بۆش و بەتاڵە، چونکە لە دەرەوەی هەستی خۆمدا هیچ کاریگەرییەکی دیاری نییە.

پێویستی بە باڵادەستی

باڵادەستی تەنیا ناچێتە بونیادی پیشەسازی کولتوورەوە، بەڵکو پێویستی بەهەندێک سیمای دیاریکراوی کەسایەتیش هەیە هەر بەوەندە نەوەستێت بەرسڤی باڵادەستی بداتەوە، بەڵکو خۆیشی بەدوایدا بگەڕێت. ئەو بیرۆکەیە سێیەم بیرۆکەی سەرەکی بیرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتە. مەبەستم چۆنیەتی ڕوونکردنەوەی ڕۆچوونی باڵادەستییە بەرەو قوڵترین قووڵایی دەروونی مرۆڤایەتی. لەم بوارەشدا بەشێوەیەکی چڕ تیۆری دەروونشیکاری بەکاردێت و تەئویلەکانی بیری فرۆیدیش دووبارە بەشێوەیەکی کۆنسێرڤاتیڤانەتر تەئویل دەکرێنەوە زیاتر لەوەی تەئویل کردنی بیروبۆچوونەکانی مارکس بێت. ئەو لایەنەی بابەتەکە وا دەخەمەڕوو گرینانی ئەوە ناکەم خوێنەر شارەزای تیۆرەکەی فرۆید بێت بەشێوەیەکی ورد، جارێکی تریش، مەبەستی من ڕوونکردنەوەی بیرۆکەکەیە بەشێوەیەکەی گشتی زیاتر لەوەی چوونە نێو وردەکارییەکان بێت.

لێرەدا دوو کتێب زۆر لەیەکتری دەچن، سەرەتا باسی کتێبەکەی مارکۆزە دەکەم بەناوی (ئیرۆس و شارستانییەت)ە و لە ساڵی (١٩٦٦)دا نووسراوە و خاوەنی مۆرکێکی فەلسەفییانەیە و لە شەستەکاندا کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەو بیرۆکەیەش نزیکە کە لە تەوەرەیەکی تری بەشی ڕابردوودا باسمان کرد. دواتریش باس لە کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتدار) دەکەم کە لە ساڵی (١٩٦٩)دا ئەدۆرنۆ و هەندێکی تر بەیەکەوە نووسیویانە و بریتییە لە توێژینەوەیەکی مەیدانی مەزن و مەبەستی گەڕان بووە بەنێو ئەو گرینانەیەی دەڵێت: «پێوەندییەک هەیە لەنێو سیما کەسایەتییەکان و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا» ئەو توێژینەوەیەش لە کۆتاییەکانی جەنگی دووەمی جیهانی لە ئەمریکا ئەنجامدراوە و یەکێک بوو لەو پێنج (توێژینەوە لەبارەی دەمارگیری) کە هۆرکهایمەر خۆی سەرپەرشتی کردبوو.

کارەکەی مارکۆزە توندترین ئاستە گشتییەکانی نێو هزری فرۆید بەکاردێنێت بۆ پێشڤەبردنی تیۆرێک لەبارەی سێکسی کۆمەڵگای مۆدێرن. لێرەدا جێگای ئەوە نییە

بەوردی باس لە کارەکەی بکەین، تەنیا ئەوەندە دەتوانین قسە لەبارەی دیارترین بۆچوونە سەرەکییەکانی بکەین، ئەوانەی پەیوەستن بە پلەی خەفەکردن لەبەرئەوەی بێ بەشبوون لەخۆیەوە دەگرێت، چونکە ئەگەر بمانەوێت هەموو ئارەزووەکانمان تێر بکەین، جا ئەو ئارەزووانە سێکسی بن، یان ئارەزووی تر، ئەوە لە شەو و ڕۆژێکدا هەموو ئەو شارستانییەت و کولتوور و کۆمەڵگایە دادەڕمێت و ژیان لەبەر بلاّوبوونەوەی ئاژاوەگەری ئەستەم بێت و تەنیا ئەوەندە پێویستیمان بەیەکتر دەبێت تاوەکو ئارەزووەکانمان تێربکەین، لەو حاڵەتەشدا ژیانمان دەبێتە پێشێل کردنی بەردەوام و لە کۆتاییدا دادەڕمێت و لەناودەچێت. کەواتە ئێمە پێویستیمان بەوەیە دان بەخۆماندا بگرین و ئارەزووەکانمان خەفە بکەین و وزەکانمان ئاراستەی ڕووگەی تر بکەین، واتا ئاراستەی چالاکی کۆمەڵایەتی بەسوودی بکەین. پێدەچێت فرۆید پێی وابووبێت ئاستی خەفەکردن لەنێو هەموو کۆمەڵگاکان ئاستێکی جێگیر بووبێت، بەڵام مارکۆزە پێی وایە دەشێت ئەو خەفەکردنە لە کۆمەڵگایەک بۆ یەکێکی تر بگۆڕێت. قۆناغە سەرەتاییەکانی پێشڤەچوونی سیستەمی سەرمایەداری پێویستی بە پلەیەکی بەرزی خەفەکردن هەیە، بۆ ئەوەی سەرقاڵکردنی زۆرینەی خەڵک بەکارکردن مسۆگەر بکەین و وزەکانیان لە کارکردن سەرف بکەین و وەبەرهێنانی ئەو قازانجەی لە ئەنجامی کار دەست دەکەوێت نەوەکو خەرجکردنی. لەو قۆناغەدا ڕێگا بەزۆر لە ئارەزووەکان نادرێت بۆ ئاستی هەستی سەرهەڵبڕدن و ئەو ناوچانەی کە سەرچاوەی چێژن لەنێو جەستەدا تەنیا ئۆرگانە سێکسییەکان دەبێت. دەشێت وا تەماشای فرۆید بکەین کە وەسفی ئەم کردەیە دەکات.

پێشڤەچوونی هێزەکانی بەرهەمهێنان لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی تری سەرمایەداریدا، مانای وایە ئەو پلە بەرزەی خەفەکردن چیتر پێویست نییە. ئەوەش واتا زێدەییەک لە خەفەکردن هەیە و لەمەودوا دەردەکەوێت، ئەو زێدەییە لەو ئاستە پێویستە زیاترە بۆ پاراستنی مانەوەی کۆمەڵگا. ئەو شڵەژانەی ئەم زێدە خەفەکردنە دروستی دەکات دەکرێت هۆکارێک بێت ببێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و دامالّینی تێڕوانینی ئامێرگەرایانە بۆ شتەکان و جیهان، بەشێوەیەک لە توانامانداً بێت ئەو شتانە لەسەر بنەمای بەخشین و هێنانی چێژەوە ببینین، نەوەکو لەسەر بنەمای بەکارهێنانی کردارەکیانەیان. لەو حاڵەتەشدا هەموو جەستە دەبێتە کایەیەک بۆ چێژ وەرگرتن. لەگەڵ ئەوەشدا سیستەمی سەرمایەداری بۆ پاراستنی خۆی توانای ئەوەی هەیە لە ڕێگای ئەوەی مارکۆزە ناوی دەنێت (ئارەزوو پێکردنی سەرکوتکەران)ەوە ئەو نەزعەیە ئیستیغلال بکات. پەروەردەکردنی ئارەزووەکان، مانای خەفەکردنی ئارەزووەکان و ئاراستەکردنییەتی بەرەو لایەکی تر‌ەوە، ئەو وزەیەی من لە بری ئەوەی ڕۆبچێتە نێو کۆمەڵێک پێوەندی، بۆ نووسینی کتێبێک لەبارەی تیۆری کۆمەڵایەتی بەکاردێنم. کەچی حاڵەتی ئارەزووپێکردن حاڵەتێکە وا ل کان دەکات بگەنە ئاستی وشیاری. لەم حاڵەتەشدا ئیدراکی ئەوە دەکەم کە ڕۆچوومەتە نێو کۆمەڵێک پێوەندی. لە کاتێکدا حاڵەتی ئارەزووپێکردنی سەرکوتکەرانە، حاڵەتێکە من تێیدا بڕوا بەوە دێنم ک ب کانم بەشێوەیەک تێر بکەم کە سوود بەسیستەم ببەخشێت. کالاّکان پەیوەستن بەسێکس، ئافرەتە ڕووتەکانیش بۆ فرۆشتنی هەموو شتێک بەکاردەهێنرێن هەر لە سەیارەوە بگرە تا دەگاتە مەرەکەبی سرپنەوە (لاک). لێرەدا وێنەی ئافرەتی ڕووت چێژێکی سێکسی ئەلتەرناتیڤی چێژی سێکسی کردارەکی دەبەخشێت. بەم شێوەیە فیلم و کتێبەکان ڕاشکاوانەتر باس لە مەسەلە سێکسییەکان دەکەن، ئەگەر نەڵێین بەتەواوی بوونەتە خیلاعی و ئەفیونێکی تری جەماوەر. بەو جۆرە گۆڕان لە پێشڤەچوونی پێداویستییە مرۆڤایەتییەکان کە دەشێت مەترسی بێت، ببێتە شتێک سوود بەسیستەم ببەخشێت. ئەو تیۆرەی کتێبی (کەسایەتی دەسەلاّتدار) پشتی پێدەبەستێت، تیۆرێکە زیاتر لە واقیع نزیکە و کەمتر بەرەو تیۆریزەکردن دەچێت، ئەگەرچی ئەویش بایەخ بەئیستغلالکردنی کۆمەڵایەتییانەی پالّنەرە ناوخۆییەکانمان دەدات. بەراوردکردنیش لەگەڵ قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداری ڕوونترە، لەبەرئەوەی وا تەماشای ئەو قۆناغە دەکرێت کە قۆناغی تاکەکەسییە و تێیدا مرۆڤ توانیویەتی کەسایەتی خۆی بەهێز بکات و بەخۆی بڕیارەکان بدات و تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بەرەو جیهان بگرێتە بەر. کەسایەتی سەربەخۆی بەهێزیش ڕەهەندێکی تری ڕەهەندەکانی کولتوورە، یەکێکە لەو ڕەهەندانەی مرۆڤ لە کۆمەڵگای مۆدێرندا لەدەستی داوە - وەکو ئەوەی مارکۆزە پێی وایە - لە ئەنجامی ئاوێتەبوونی جیهانی تایبەتی مرۆڤ لەگەڵ کایە و جیهانی گشتی کۆمەڵگادا، ئەوەش بۆتە هۆی بێبەش کردنی لە سەربەخۆیی بڕیاردان بەسەر شتەکان.

ئەو کەسایەتییە سەربەخۆ و بەهێزە لە ئەنجامی ئەو کردارانە دێت کە فرۆید وەسفیان دەکات و پێویست بە

دۆزینەوەی باوکێکی بەهێز و سەربەخۆ دەکات تاوەکو منداڵەکانی بیکەن بە پێشڕەو و نموونەی باڵای خۆیان و لەیەک کاتدا پێیەوە پەیوەست بن و لەملمالانێشدابن لەگەڵی لەکاتی گەشەکردنیاندا. جۆری سەرەکی ملمالانێ ئەو جۆرەیە کە بەملمالانێی ئۆدیپی ناسراوە کە تێیدا کوڕ بۆ کۆنترۆڵکردنی دایک ڕووبەڕووی باوکی دەبێتەوە و دەچێتە نێو ملمالانێ لەگەڵیدا، لەبەرئەوەی باوک خاوەنی کەسایەتییەکی پێگەیشتوو و بەهێزە، بۆیە سەرکەوتوو دەبێت، ئەو ملمالانێیەش بەچەندین شێواز و ڕێگا لەکاتی هەرزەکاریدا دووبارە دەبێتەوە. ئەم ئاوێتەیە لە ملمالانێ و پەیوەستبوون بە باوک، لەکۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کوڕێکی بەهێز و سەربەخۆ. بەردەوام بوونی ئەم جۆرە ملمالانێیە باوکێکی بەهێز دەخوازێت کە سەرپەرشتی بەرژەوەندی و کاروبارەکانی خێزان بکات، جگە لەوەی دەبێت لە دەرەوەی خێزانیشدا خاوەنی ڕادەیەکی دیاریکراوی هێز بێت. بەپێشڕەچوونی سەرمایەداری بەرەو سیستەمێک کە لەسەر بوونی کۆمەڵێک کۆمپانیای زلهێز و دەوڵەتێکی ناوەندی بەهێز بونیادنراوە، ڕۆڵی خێزان و هێزی باوک بەیەکەوە هەم لەنێو خێزان و هەم لە دەرەوەی خێزانیشدا لاواز دەبێت و دەپووکێتەوە. پووکانەوەی ڕۆڵی خێزان ئێستا بەڕوونی دیارە، چونکە دەوڵەت دەستی بەسەر زۆر لە فرمانەکانیدا دەگرت، بەپلەی سەرەکیش لەمیانەی سیستەمی فێرکردنەوە، جگە لەوەش خێزان و فرمانی بەرهەمهێنانی خۆی لەدەستداوە و کارگەکان شوێنیان گرتۆتەوە و باوکیش پەیوەستی ئامێر بووە و بەدرێژایی ڕۆژ دوور لەماڵ و خێزان سەرقاڵی کارە، بەشێوەیەک هێدی هێدی دەسەڵات لەدەست دەدات. تەنانەت ئێستا توانای ئەوەی نەماوە قسە لەسەر ئەو مەسەلانەش بکات کە دەشێت قسەیان تێدا بکات، مەبەستم هەندێک مەسەلەی خێزانییە. ئەوەی زیاتریش وا لەو باوکە دەکات کە لە ماڵەوە دوورە لاوازتر بێت، ئەوەیە کوڕەکەی هەندێک شوێنی تری دۆزیوەتەوە کە هەست بەئینتیما دەکات بۆی لە قوتابخانەدا، جگە لەوەش هەر زوو لە ڕێگای سەربەخۆیی ئابووریەوە لە خێزان دوور دەکەوێتەوە. ئەو کوڕە هەر زوو بەزوو هەست بە بێهێزی و لاوازی باوکی دەکات، بەم شێوەیەش ئەو ملمالانێیانەی کە دەبووایە ڕووبدات و لە ڕێگای ملمالانێ لەگەڵ باوکیدا کەسایەتی خۆی گەشە پێبدات و بەهێزی بکات، یان ئەوەتا ئێستا ڕوونادات، یان بەشێوەیەکی زۆر کز و لاوازە، هەر لەبەرئەوەشە، سیستەمی سەرمایەداری پێشکەوتوو کەسایەتی نەرگسی لاواز بەرهەم دێنێت بەردەوام بەدوای دۆزینەوەی قدوەکەیە تاوەکو خۆی پێیەوە ببەستێتەوە. مادام ئەو قدوەش لە ماڵەوە بوونی نییە، ئەوە دێت لە جیهانی دەرەوەدا بەدوایدا دەگەڕێت. ڕەنگە ئەو قدوەیە زۆرجار کەسایەتییەکی ناودار، یان هونەرمەند، یا وەرزشوان بێت، هەندێک جاریش دەشێت کەسایەتییەکی نەگبەت بێت، سەرکردەیەکی سیاسی وەکو هتلەر، یان ستالین، یان حزبێکی سیاسی توندڕەو بێت. لەم حاڵەتەدا کەسایەتییەکە مادام لاوازە، ئەوە ساناترە لەلایەن کەس و هێزی وا ئیستغلال بکرێت. خاوەنی کتێبی (کەسایەتی دەسەڵاتدار) زیاتر بایەخی بەگەڕان بەدوای پێوەندی نێوان بونیادی کەسایەتی و ئەو پاڵپشتییەی کە لە بزاڤە جەماوەرییەکانی وەکو ناعەقڵانییەت و فاشیزم دەکات، ئەو پرسیارەش لەنێو جەوهەری نیوەی خوێنەری ئەو کتێبەی ئەدۆرنۆ ئەوەیە: ئەی ئافرەت؟

وەڵامی ئەو پرسیارەش لەنێو واقیعی کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا ئەوەیە کە ڕۆڵی ئافرەت ڕۆڵێکی پەراوێزە. لەنێو قسەکانیشیان تێدەگەین کە ئەوان بانگەشەی گەڕانەوە دەکەن بۆ سیستەمێکی پەتریارکیانەی ڕاست لە پێوەندییە خێزانییەکاندا.

لەنێو نووسینەکانیشیاندا، هەندێک جار تێڕوانینێک هەیە بۆ دایک وەکو ئەوەی توانای هەبێت ببێتە قدوەیەکی باش بۆ منداڵ، بەڵام دایک خۆیشی لەنێو کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوودا ئیرادەی لێ وەرگیراوەتەوە و کۆنترۆڵکراوە. پێدەچێت ئەو تیۆریستانە دووچاری زەحمەتییەکی زۆر ببنەوە کاتێک هەوڵدەدەن وێنای ئەلتەرناتیڤی ڕەوشی خێزانی ئێستا بکەن، ئەوەش شتێکە کرستۆفەر لانش لەنێو کتێبی (کولتووری نارسیزم)دا جەختی لەسەر دەکاتەوە، کە بە یەکێک لە بەهێزترین ئەو کتێبانەدا دادەنرێت کە باس لەو مەسەلانە دەکات، چونکە بەئاشکرا نائامادەگی ئەلتەرناتیڤی فۆرمی خێزانی تەقلیدی دەردەکەوێت، بەڵام ئەو قسەیە مانای چییە؟ مانای وایە ئێمە دەبێت میلەکانی کاتژمێری میژوویی بگەڕێنینەوە دواوە، نەوەکو پێشڤەی ببەین.

کێشە و بەشداریکردنەکان

شانسی تیۆری ڕەخنەیی لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیدا، لە هەڵچوون و داکشاندایە، بۆ چەندین ساڵ ئەو تیۆرە تیۆرێکی فەلسەفی پەراوێزخراو بوو، لە شەستەکان و حەفتاکاندا، نەوەکو هەر بووە چرایەک بۆ بیرکردنەوەی سیاسی هێزە کاراکانی نێو

بزووتنەوەی قوتابیان، بەڵکو بوو بە ڕێگا نیشاندەری ئەکادیمیستە ڕادیکاڵەکانیش بۆ دۆزینەوەی بنەمایەکی هزری بۆ کارەکەی خۆیان.

ئەوەی جێگای سەرسوڕمانیشە کاتێک ئاوڕ لە دواوە دەدەینەوە، بەتایبەتیش ئەگەر چاو بەو کارە تازانەدا بخشێنین کە لەم بوارەدا بڵاوبوونەتەوە، تێبینی دەکەین کە دەستی بیرچوونەوە گەیشتۆتە ئەو تیۆرانە، بەرلەوەی خۆی ڕێگا لەبەردەم ئەو شەپۆلە لە تیۆری بونیادگەری و تیۆرە پۆست مۆدێرنەکان چۆڵ بکات کە ئەو کۆمەڵناسانەی بۆ خۆی کێش کرد خاوەنی بۆچوونێکی فەلسەفی بوون.

بەڕای منیش ئەو مەسەلەیە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تیۆری ڕەخنەیی لە ئاستێکی هەرە باڵای ئەپستراکت بوونداید.

لە واقیعدا کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەلایەن دوو ڕەوتی سەرەکییەوە ڕەخنەباران کراوە، لەلایەن ئەوانەی بە کۆمەڵناسە پۆزیتیڤیستەکان ناودەبرێن، لەگەڵ مارکسیستەکان. بنەمای ڕەخنەکانی هەردوولاش یەک شت بوو، ئەگەرچی زاراوەی جیاوازیان بەکارهێناوە: تیۆری ڕەخنەیی تێڕامانێکی پووچ و بەتاڵە. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسە تەقلیدییەکانەوە لەنێو واقیعدا بنچینەیەکی پتەوی نییە، چونکە بەپێی پێوەرێکی سەربەخۆ تاقی ناکرێتەوە و ناسەلمێندرێت و پووچەڵیش ناکرێتەوە.

زۆرجاریش لە ڕێگای زاراوەی ئاڵۆزی بەئەنقەست داڕێژراوە و گوزارشت لە ڕەسەنایەتییەکی هزری، یان زەحمەتی مەسەلەکان ناکات، بەو ڕادەیەی نووسەرەکانی چێژ لەم جۆرە ئاڵۆزییە وەردەگرن. زۆربەی زۆری قسەکانیان مانایەکی لۆژیکی نییە، تەنانەت ئەگەر توانیمان وەریان بگێڕینە سەر زاراوەی تێگەیشتراویش. لەوڵاشەوە، مارکسیستەکان لەوە کەمتر نالێین و پێیان وایە تیۆری ڕەخنەیی گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی تەقلیدی ئایدیالیزمی ئەڵمانی، بۆیە ناتوانێت مەعریفەیەکمان لەبارەی واقیع پێببەدات، یان بونیادە کردەییە کۆمەڵایەتییەکان شی بکاتەوە. جگە لەوەش، بەگشتیکردنەکانی ئەپستراکت و تێڕامانکارانەیە، ئەگەرچی ڕەنگە گرنگ بێت لەبەرئەوەی گوزارشت لە بۆچوونی گرووپێکی دیاریکراوی ڕۆشنبیرانی ڕەشبین دەکات. زۆرجاریش جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە تیۆری ڕەخنەیی تیۆرێکە پەیوەستی کولتووری باڵایە و بنەماکەشی زانکۆیە، جگە لەوەش پێوەندی بەپراکسیسی سیاسی کردەیی زۆر لاوازە، یا هەر نییەتی.

پێم وایە هەموو ئەو خاڵانە بەشێک لە ڕاستیان تێدایە، بەڵام شتێکی گرنگیان لەبیرکردووە. پێشتر باسی ئەوەم کرد کە دەشێت وا تەماشای قوتابخانەی فرانکفۆرت بکرێت کە بزاڤێکی ڕەشبینی بەندۆلی هەڵکشاو و داکشاوی نێوان بونیادە کۆمەڵایەتییە بە شت کراو و نامۆکان و نێوان کردەی مرۆڤ بێت. بێگومان ئێمە دەتوانین لەنێو قوتابخانەی فرانکفۆرتدا وتوێژ لەبارەی پرسی بونیادی کۆمەڵایەتی بەدی بکەین، ئەو وتوێژانە بەردەوام لەنێو کارەکانی هەرسێ بیریاردا بوونیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا زیاتر لە شێوەی بەگشتیکراو خراوەتەڕوو نەوەکو شیکردنەوەیەکی لەسەرەخۆ و هێمنانەی پێوەندییەکان بێت وەکو ئەو شیکردنەوانەی لای پارسۆنز یا پۆلانتزاس بەدییان دەکەین.

ئەگەر ئەو گریمانەیەی پێشتر ڕاست بێت کە ڕایەکەی من پشتی پێدەبەستێت، ئەوە گونجاوترین شیکردنەوە، ئەو شیکردنەوەیە کە دان بەوە دادەنێت بونیادە کۆمەڵایەتییەکان ئەو بونیادانە نین کە ئەنجامی کردەی دابڕاوی مرۆڤ بن لە ئەسڵی خۆیدا. لە حاڵەتی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا، مەسەلەکە ئەوە نییە کە خاوەنەکانی ناتوانن شیکردنەوەیەکی بونیادیانە پێشکەش بکەن، یان ئەم جۆرە شیکردنەوەیە ئەنجام نادەن، چونکە پێدەچێت ئەوان پێیان وابووبێت ئەنجامدانی ئەو جۆرە شیکردنەوە بونیادیانە مانای خۆبەدەستەوەدانە بەدەست عەقڵی ئامێرگەرایی. ئەدۆرنۆ کاتێک باس لەو هەڵوێستە دەکات دەڵێت: «ئابووری گەمە نییە، مرۆڤ دەبێت پسپۆڕ بێت لە ئابووری، ئەگەر ویستی تێیبگات». ئەو هەڵوێستەش شیکردنەوەکانیان دەکاتە شیکردنەوەیەک کە ڕۆچۆتە نێو عمومیات.

دەشێت بەسانایی ئاماژە بۆ زەحمەتییەکانی ئەو تیۆرە بکەین. ئەگەر بونیادی خێزان وەربگرین، کە بونیادێکە لە چینێکی کۆمەڵایەتی بۆ چینێکی تر دەگۆڕێت، دەبینین ئەوەی ئەو تیۆریستانە بە ئەسڵی بونیادی خێزانی دادەنێن لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرمایەداریدا، بەسەر بۆرژوازی پیشەسازی و بازرگانیدا ناسەپێت، کە نەخۆشەکانی فرۆید سەر بەو چینانە بوون، بەڵام (کایەی تایبەت) کە وەکو بنچینەیەک بۆ بڕیاردان و ڕادەربڕین لە ئاستیان وەرگیرا هەمان ئەو چینانەبوون، ئەوەی گرنگتریشە ئەوەیە دەشێت چینی کرێکار، یان گرووپە ئەتنییەکان هەمان وەزیفە ببینن لەکاتی ئێستادا. شکستی کۆمەڵگای ئەمریکی لە تواندنەوەی گرووپە ئەتنییەکان لەنێو یەکەیەکی هاوبەشدا، سەرەڕای هەموو

شێوازەکانی پیشەسازی کولتووری، گەورەترین بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە کردەی بالآدەستبوون بەو ڕادەیە کامڵ نییە کە قوتابخانەی فرانکفۆرت هەوڵیدا بڕوامان پێبێنێت. مارکۆزەش لەوانیتر زیاتر هەستی بەم مەسەلەیە کردووە.

کەمتەرخەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە بەکارهێنانی شیکردنەوەی بونیادیانە، لەهەمان کاتدا ڕێگر بوو لەبەردەم ڕەوتی ڕەخنە و پێشڤەبردنی بەرەو ڕووگەیەکی کردەیی. لەبەرئەوەی چەمکی کردەی مرۆڤانە لای ئەو هەر بە چەمکێکی زۆر عمومی دەمێنێتەوە. پێویستیشە بەچاوێکی ورد و جیاکەرەوە تەماشای هەریەک لە بونیاد و کردە بکرێت تاوەکو ئەو دووانە تێکەڵاوبن بەشێوەیەک ببێتە هۆی پراکسیس کردنی (ڕەخنەی کردەیی) ڕووەو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، یا بۆ تێگەیشتنێکی تەواو لەڕەوشی ئێستا. ئەگەر پیشەسازی کولتوور وەکو نموونەیەک وەربگرین، ئەوە پێویستە دەستنیشانی ئەو دامەزراوە بنچینەییانەش بکەین کە بەشدارن لە پێکهێنانی ئەو پیشەسازییە و پێوەندی نێوان ئەو دامەزراوانە بەیەکترییەوە، هەروەها پێویستە شێوازێک بدۆزینەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوەی کامە دامەزراو گرنگە و کامەیان گرنگ نییە، هەروەها پێویستیمان بەوەیە تەماشای بونیادی ناوەوەی ئەو دامەزراوانە بکەین تاوەکو لە پێوەندییان بەئاستەکانی تری کۆمەڵگا تێبگەین. لەلایەکی تریشەوە پێویستیمان بەوەیە ئامانجی ئەو مرۆڤانەش بزانین کە لەو دامەزراوانە کاردەکەن و لەنیاز و هەڵبژاردنەکانیان شارەزابین، لەگەڵ شێوازی درککردنی ئەوانە بۆ جیهانی خۆیان و تێگەیشتن لەو جیهانە و لە هەڵوێستی خۆیان لەنێو ئەو جیهانەدا. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەش دەبێت هانا بەرینە بەر کۆمەڵناسی ئەزموونگەرایی کەلای زۆربەی هزرڤانانی فرانکفۆرت جوێنێکی نەفرەتکراوەیە، بەڵام کارەکانی ئەو هزرڤانە هەر ئەوەندە نییە. توانای ئەو کارانە لەسەر ڕاڤەکردنی شارەزاییەکانی ئێمە بەڵگەن لەسەر ئەوەی شیکردنەوەکەیان وەسفی شتی ڕاستەقینەی نێو جیهانی دەرەکی کردووە. پێویست نییە لەسەریشمان ئەوە قبوڵ بکەین کە جیهانی کۆمەڵایەتی بەرهەمێکی مرۆڤانەیە بۆ ئەوەی بڕوا بەوە بێنین دەشێت کۆمەڵگایەک دابمەزرێت زیاتر ئازادبێت، کۆمەڵگایەک بەبەراورد بە کۆمەڵگای ئێستاماندا مرۆڤ بتوانێت تێیدا کۆنترۆڵی چارەنووسی خۆی بکات. بێگومان دەشێت بگوترێت کارەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت هەستی زۆر لەو کەسانە بەرجەستە دەکات کە دان بەبوونی ئەو توانایەوە دەنێن. بەو مانایەش ڕەنگە سوودبەخش بێت لە ڕاستکردنەوەی ڕووگەی تیۆری بونیادگەری و تیۆری کردە بەیەکەوە. لەبواری بونیادگەریدا، ئەو توێژینەوەیە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە مرۆڤ بووکۆڵەیەک نییە بەدەستی ئامێری کۆمەڵایەتییەوە، ئەگەرچی دان بەوە دادەنێت ئەم ئامێرە کۆمەڵایەتییە لەبەشی هەرە زۆری مێژوومانداکۆنترۆڵی کردووین و بەسەرماندا زاڵ بووە و بەرەو ڕێگای وا پاڵی پێوەناوین کە ڕەنگە نەمانویستووە ڕۆبچینە ناوی، بەڵام لەبارەی تیۆری کردەوە، جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە – بەتایبەتیش کارەکانی لۆکاش – کە کردەی مرۆڤانە مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە نەوەکو تەنیا مەسەلەیەکی تاکەکەسی بێت، ئەو پێوەندیانەش کە ئەنجامی کردەی مرۆڤن دەشێت خاوەنی بزاڤی خودی تایبەت بەخۆیان بن. جگە لەوەش، دەکرێت ڕاوبۆچوونەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئەو شتەمان پێبدا کە کۆمەڵناسە مەیدانییەکان ناوی دەنێن (گریمانی کردەیی) و بریتییە لە کۆمەڵێک ڕێگا و شێواز بۆ تێڕامان لە کۆمەڵگا کە دەشێت سوودمەند بێت بۆ ڕاڤەکردنی هەندێک لایەن لەوانەی ئێمە دەمانەوێت لێیان بکۆڵینەوە، نەوەکو هەموویان. هیوادارم هەندێک لەو نموونانەی لەم بەشەدا خستمەڕوو شایەد بن لەسەر سوودی بیروبۆچوونەکانی ئەم قوتابخانەیە لەبواری پراکتیکی کردەییدا.

ئەگەر لەژێر ڕۆشنایی ڕەوتی پۆست مۆدێرنەدا تەماشای ئەو ئاستە هەرە ئەپستراکت و بەسوود و بەهایەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بکەین، ئەوە دەبینین هەندێک سیمای نوێ و گرنگ و بەهادار دەردەکەون. ئەو ئاستەی قسەی لەسەر دەکەین ئاستی سروشتی مەعریفەیە، ئاستی ئایدیا و پێوەندی بەمێژووەوە. بۆچوونێکی واش هەیە پێی وایە ئەدۆرنۆ دامەزرێنەری ڕووگەیەکی پۆست مۆدێرنەیە، چونکە ڕەخنەکانی لە هزری ڕۆشنگەری ئاماژە بۆ ئەو سیمایانە دەکات کە لای خاوەنی ڕەوتی پۆست مۆدێرنە شوێنگەی ڕەخنەگرتن و پێوەندی پتەوی بە مەسەلەی بالآدەستی و کۆنترۆڵ و دوورخستنەوە هەیە.

پێوەندی نێوان چەمکی تۆتال و تۆتالیتاریش لەنێو ڕەخنەکانی فەلسەفەکارە تازەکان سەدایەکی هەیە کاتێک دژ بەمارکسیزم ئاراستە دەکرێت، ئەو ڕەخنانەی لەنێو کارەکانی فوکو و کەسانیتریشدا ڕەنگدەداتەوە. پێدەچێت دابەشبوون لە مەبەست و بۆچوونەکانی پۆست مۆدێرنە، ڕەگوڕیشەکەی بۆ شێواز و هزرە ڕاشکاوەکانی ئەدۆرنۆدا دەگەڕێتەوە بەتایبەتیش لەنێو کتێبی وەکو (دیالیکتیکی نێگەتیڤ) و (ئەخلاقە بچووکەکان)، بەڵام وەکو ئەوەی فردریک جیمسۆن پێی وایە، پێدەچێت قوواڵی کارەکانی

ئەدۆرنۆ لەوەش تێپەڕێت کە تیۆری پۆست مۆدێرنە دەیخاتەڕوو. جیمسۆن دەڵێت: بەکارهێنانی ئەدۆرنۆ بۆ چەمکی هەمەکی، کە چەمکێکە بۆتە خاڵی ڕەخنەگرتن لەنێو هزری پۆست مۆدێرندا، چەمکێکی ڕەمزییە و سیفەتێکی ڕەخنەیی بەکارەکەی خۆی دەدات. مەبەستی لە هەمەکی کۆمەڵگا و بونیادی کۆمەڵایەتییە، ناکرێت ئەو چەمکەش ببەزێنرێت بەبێ شاردنەوەی ئەو شتانەی لە واقیعدا ڕووەدەن. موفارەقەکەش لێرەدایە کە ئازادی هونەر لای پۆست مۆدێرنەکان ئەوکاتە دەرکەوت کە ئەو هەمەکییە گەیشتە ئاستێکی نوێی باڵاتر لە ئیدارە و کۆنترۆڵکردندا.

جیمسۆن دەڵێت: دارمانی سیستەمە کۆمۆنیستییەکان سەرەتای قۆناغێکی نوێیە لە پێشڤەچوونی هێزی ئەو هەمەکییە تۆتالیتارە و ڕێکخستنیدا، قسەکردنیش لەبارەی ئازادی لەنێو ئەو چوارچێوەیەدا واقیعی باڵادەستی سەپێنراومان بەسەردا دەشارێتەوە. ئەو تێڕوانینە پۆست مۆدێرنە وا بەدی دەکات وەکو ئەوەی ئایدیۆلۆژیایەک بێت بەمانا مارکسییە تەقلیدییەکەی، واتا دیاردەیەکی جوزئی بێت وەکو دیاردەیەکی هەمەکی و گشتی مامەڵەی لەگەڵدا کرابێت.

لەوەش گرنگتر لە ڕوانگەی ئەو تێڕوانینەی لێرەدا دەیخەمەڕوو، ئەو تیۆرە هەڵوێستێکی ئەخلاقی ڕەخنەیی و چەمکێکی ترمان بۆ عەقڵانییەت پێدەدات.

ئەو ئیشکالییەتانەی لەنێو هەموو کارەکانی ئەدۆرنۆدا دەردەکەوێت خاوەن سروشتێکی فەلسەفی ئەپستراکتە، ئیشکالییەتی سەرەکی تیۆری بونیادگەری و پۆست مۆدێرنەیە و بریتییە لەپێوەندی نێوان وێناکردنی عەقڵی و زمان و بابەت. هەوڵیش دەدات هەردوو هەڵوێستی دژیەک ئاوێتە بکات. ئەگەر ئێمە وێناکردنی عەقڵی و بابەتمان کردە یەک و بەیەک شتمان حیساب کرد، ئەوە دەکەوینە نێو داوی ڕووگەی ئامێرگەرایی نێو عەقڵانییەتی ڕۆشنگەری و دەوڵەمەندی ئەزموونی خۆمان دەشێوێنین، یان لەدەست دەدەین. بەڵام ئەگەر خۆمان دایە دەست ئەزموونی تاکەکەسی بەهەموو فرەیی و دەوڵەمەندییەوە، ئەوە ناتوانین هزرەکان بۆ ئەوە بەکاربێنین تاوەکو هەندێک لەو شتانە دووربکەوینەوە کە بەسەرمان دێت و لێیان ڕامێنین و بگەینە جۆرێک لە تێگەیشتنی ڕەخنەیی بۆ ئەو شتانەی لە دەوروبەرمان ڕوو دەدەن و دەست بکەین بەشێوەی گۆڕین بیریان لێبکەینەوە.

بەڵام ئەگەر دەستمان بەهەردوو هەڵوێست بەیەکەوە گرت، ئەوکاتە بیرکردنەوە دەبێتە بزاڤێکی بەردەوام لە وێناکردنی عەقڵی بەرەو ئەزموون و بەپێچەوانەشەوە. وەڵامی ناونیشانی ئەو بەشەش ئەوەیە کە هیچ ڕێگایەک نییە بۆ دەرچوون لەم تەڵەزگەیە و ئێمەش لەنێو بازنەیەکی بەتاڵدا دەسووڕێینەوە، ئەوەش بازنەیەکە هیچ چارمان نییە تەنیا خولانەوە نەبێت تێیدا. بەڕاستیش دەکرێت وا بیر لە میژوو بکەینەوە کە شێوەیەکی ئاڵۆزی ئەو بزاڤەیە، دەتوانین هەر بەهەمان شێوەش بیر لە میژووی تاکەکەسی خۆمان بکەینەوە: ئێمە بیر لە خودی خۆمان دەکەینەوە و لێی ڕادەمێنین بەو سیفەتەی کە شتێکی دابڕاوە لێمان و بەو شێوەیەش تێیدەگەین، لە هەمان کاتیشدا ئێمە لە ڕێگای شارەزایی و ئەزموونەوە فێردەبین.

ئەگەر کارەکانمان ڕاست بێت، ئەوە ئێمە بەردەوام لە هەڵکشان و داکشان دەبین بۆ ئەوەی زیاتر بایەخ بەکام ڕێگا بدەین (ڕێگای عەقڵی، یان ئەزموونگەرایی). هیوادارێشین، بەوەش هیوایەکە نایەتەدی، ڕۆژێک بێت هەردوو ڕێگا یەکبگرن و هاوشێوەبن.

ئەو هیوایە پێویستە بۆ بەردەوامبوونی پرۆژەکەمان (پرۆژەی زانستە مرۆڤایەتییەکان) تەنانەت ئەگەر بزانین کە هەرگیز نایەتەدیش. هیوا لەنێو فەلسەفەی ئەدۆرنۆدا بریتییە لە گەیشتن بە ئاشتەوایی کۆتایی نێوان مرۆڤ و کۆمەڵگا، بەڵام ئەوە ئاشتەواییەکی ئەستەمە. ئەو فەلسەفەیە هەرچەندە تێڕامانکاری و زەحمەتیش بێت، بەڵام هۆیەکی تێدایە بۆ تیۆریزەکردن، ئەوە فەلسەفەیەکی تراژیدیانەیە بۆ میژوو، بەڵام فەلسەفەیەکی ڕەشبین نییە.

بێگومان کاردانەوەی تریش هەن لەبارەی پۆست مۆدێرنە، بەشی داهاتووش دەڕوانێتە کارەکانی ئەندامێکی نەوەی دووەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت کە یۆرگن هابرماس-ە، ئەوەی گەڕاوەتەوە سەرلەنوێ لەبەرانبەر پێشڤەچوونە تازەکانی فەلسەفەدا بەرگری لە پرۆژەی ڕۆشنگەری دەکات.

سەرچاوە:

کتێبی «تیۆری کۆمەڵایەتی - لە پارسۆنزەوە بۆ هابرماس».

تیۆری ئەدەبی

جاناتان کالێر
و/لە فارسییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
(بۆکان)

پێشەکی

لە زۆربەی هەرە زۆری ئەو کتێبانەی کە دەیانەوێ باسی تیۆری ئەدەبی بکەن زنجیرەیەک لە «قوتابخانەکانی» ڕەخنە پێناسە دەکرێن. تیۆری وەک کۆمەڵێک دید و «ڕووکردی» نەیار دەکەوێتە بەرباس کە هەر دید و ڕووکردێک خاوەنی هەڵوێستی تیۆرێکی خۆیەتی، بەڵام ئەم بزووتنەوە تیۆریکانەی کە لەم کتێبانەدا دەناسێنرێن- وەک پێکهاتەخوازی، پێکهاتە هەڵوەشێنی، فێمینیسم، دەروونشیکاری، مارکسیسم، و نوێ مێژووییگەری- گەڵێ لایەنی هاوبەشیان هەیە، هەر بۆیە خەڵکان تەنیا باسی تیۆرییە تایبەتەکان ناکەن، بەڵکو باسی «تیۆری» [بەگشتی] دەکەن بۆ ناساندنی تیۆری باشتر وایە باسی کێشە و داوا هاوبەشەکان بکەین تا ئەوەی قوتابخانە تیۆریکەکان هەڵسەنگێنین. باشتر وایە سەبارەت بەو دەمەتەقە گرینگانە قسان بکەین کە «قوتابخانەیەک» لە هەمبەر «قوتابخانە»یەکی تردا دانانێین، بەڵام لەوانەیە پۆلێن کردنە گرینگەکانی نێو بزووتنەوەکان دەسنیشان بکەن، ئەگەر بێت و تیۆری هاوچەرخ وەک کۆمەڵێک دید، یان ڕەوشتی ڕاقە تاوتوێ بکەین کە پێکەوە ڕقە بەرایەتی دەکەن، بەشی هەرە زۆری خۆشی و تواناکانی لە کیس دەچێ، خۆشی و تواناییەک کە لە سۆنگەی بۆ شەڕ بانگ کردنی عەقڵی مرۆڤ لە گۆڕەپانێکی بەرفراواندا، و دۆزینەوەکانی لە چلۆنایەتی خوڵقاندنی مانا و بیچم گرتنی شوناسە ئینسانییەکاندا دێتە دی. من وام بە باش زانیوە کە زنجیرەیەک باس بێنمە ئاراوە، و ناوەندی باسەکە بکەمە ئەو باسوخواسە گرینگانەی کە هاتوونەتە گۆڕێ و پێم وایە زۆر شتیان تێدایە کە بۆ فێربوون بە کەڵکن.

سەرەڕای ئەمانە، ئەو کەسەی کتێبێک سەبارەت بە پێناسەی تیۆری ئەدەبی دەخوێنێتەوە، مافی خۆیەتی چاوەڕوانی خوێندنەوەی ڕوونکردنەوەیەک بێت سەبارەت بە دەستەواژەگەلێکی وەک پێکهاتەخوازی و پێکهاتە هەڵوەشێنی. لە پەیوەستی ئەم کتێبەدا ئەم قوتابخانە و بزووتنەوانەم بە کورتی پێناسە کردووە، کە دەکرێ هەر لەسەرەتاوە بخوێندرێنەوە، یان دواجار بخوێندرێنەوە، یان ئەوەی بەردەوام ببنە سەرچاوەیەک بۆ بابەتەکان. هیوادارم خوێندنەوەی ئەم کتێبە بەتام و چێژ بێ!

تیۆری چییە؟

ئیمرۆکە لە باسوخواسی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کولتووریدا سەبارەت بە تیۆری، زۆر شت دەبیسین- تکایە سەرنج بدەن مەبەستی من تیۆری ئەدەب نییە، مەبەستم «تیۆری» ڕووت و وشک و برینگە، بۆ ئەو کەسەی لە دەرەوەی ئەم مەیدانە بێت. ئەم شێوە کاربردە دڵنیام شتێکی زۆر سەیر و سەمەرە دێتە بەرچاو.

دەخوازن بپرسن: «تیۆریی چی؟» خاڵی سەرسوورهێنن ئەوەیە کە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گەلێ ئەستەمە. نە تیۆری سەبارەت بە شتێکی تایبەت لە ئارادایە، نە تیۆرییەکی کامڵ و پڕبە پێست سەبارەت بە کۆمەڵێک شت بە گشتی. جاری وایە وێدەچێ تیۆری پتر لەوەی شیکردنەوەی شتێک بێت، خۆی جۆرێک چالاکی و هەڵسووڕان بێت،- کارێکە کە مرۆڤ دەیکات یان نایکات. لەوانەیە مرۆڤ سەری بەکاری تیۆرییەوە قاڵ بێت، لەوانەیە تیۆری وەک وانە بڵێتەوە، یان بیخوێنێتەوە، لەوانەشە ڕقی لە تیۆری بێت، یان لێی بترسێ، بەڵام هیچ کام لەمانە بۆ تێگەیشتن لە چییەتی تیۆری هێندە بەهانامانەوە نایەن.

دەڵێن «تیۆری» سەرچاوەی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گۆڕیوە، بەڵام مەبەستی ئەوانەی ئەم قسەیە دەکەن، تیۆری ئەدەبی، واتە شیکردنەوەی سیستماتیکی سەرچاوەی ئەدەب و شێوازەکانی لێکدانەوەی ئەدەب، نییە. کاتێک کەسانێک گلەیی لەوە دەکەن کە ئیمڕۆکە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لێوانلێو بووە لە تیۆری، مەبەستیان ئەوە نییە کە بۆ نموونە تێڕامانێکی لە ڕادە بەدەر لەسەر سەرچاوەی ئەدەب هەیە، یان سەبارەت بە لایەنە تایبەتەکانی زمانی ئەدەب باسوخواسان دێتە ئاراوە. بە هیچ کلۆجێک وانییە. مەبەستیان شتێکی ترە.

مەبەستی وان لەوانەیە ڕێک ئەوە بێ کە پتر لەوەی پێوەستە سەبارەت بە بابەتی غەیرە ئەدەبی قسان دەکرێ و سەبارەت بەو بابەتە گشتییانەی کە پێوەندییان بە ئەدەبەوە ئاشکرا نییە چییە و چۆنە باس و دەمەتەقە دەکرێ و دەقی خۆ بەدەستەوە نەدەری دەروونشیکاری و سیاسی و فەلسەفی دەخوێندرێنەوە. تیۆری بۆتە کۆمەڵێک ناو (زۆربەشیان بیانی)، مەبەست، بۆ وێنە، ژاک دریدا-یە، میشیل فوکو و لوس ئیزیگاری و ژاک لاکان و جودیت باتلێر و لویس ئالتۆسێر و گایاتری ئیسپیواک-ە.

دەستەواژەی تیۆری

ئێ باشە، دەیجا تیۆری چییە؟ بەشێک لە گرفتەکە بۆ سەر خودی دەستەواژەی تیۆری دەگەڕێتەوە کە ئاماژە بە دوو لایەن دەکات. لەوانەیە مەبەست لە تیۆری شتێکی وەک «تیۆری نیسبیەت» بێ کە کۆمەڵەیەکی سەقامگرتووی پێکهاتوو لە چەند گوزارەیەکە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، وشەی تیۆری کاربردێکی زۆر ئاسایشی هەیە.

«ژیان و ئازاد(١) بۆچی لە یەک جیابوونەوە؟»

«ڕاستت بوێ تیۆری و ڕای من ئەوەیە کە...»

تیۆری لێرەدا هەڵگری چ واتایەکە؟ یەکەم شت، دەبێ بڵێم تیۆری دەربڕی جۆرێک «مەزەندە کردن»ـە، بەڵام تیۆری و مەزەندە پێکەوە جیاوازییان هەیە، ئێمە کاتێک دەڵێین «وا مەزەندە دەکەم کە...» بە مانای ئەوەیە کە وەڵامێکی ڕاست بۆ ئەم بابەتە هەیە، بەڵام من بە ڕێکەوت نایزانم: «وا مەزەندە دەکەم ژیان لە دەس بۆڵە بۆڵی ئازاد وەئامان هات، بەڵام ئەو کاتەی هاقاڵەکەیان کەژاڵ(٢) بێت تێدەگەین ئەسڵی کێشەکە چی بوو»، بەڵام تیۆری، مەزەندە کردنێکە کە لەوانەیە نەکەوێتە ژێر کاریگەریتی ئەو شتەی کەژاڵ باسی دەکات، شیکردنەوەیەکە ک سەلماندنی ڕاستی، یان ناڕاستییەکەی لەوانەیە کارێکی ئەستەم بێت.

بێژەری ڕستەیەکی لەم دەستە «تیۆری و ڕای من ئەوەیە کە...» هەروەتر دەربڕی ئەم ڕاستییەیە کە خەریکە شیکردنەوەیەک بە دەستەوە دەدات کە حاشا هەڵنەگر نییە. چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکەین کە دوا بەدوای ئەو ڕستەیەی سەرەوە بڵێ: «تیۆری و ڕای من ئەوەیە کە لە یەک جیابوونەتەوە، چونکی ماوەیەکە ئازاد و نەرگیس دڵیان بەیەکەوەیە و هاموشۆیان هەیە». ناکرێ بەمە بڵێین تیۆری. بەبێ زیرەکی و زانایییەکی ئەوتۆش لە بواری تیۆری دارشتندا بۆمان هەبوو بەو ئاکامە بگەین کە ئەگەر ئازاد و نەرگیس دڵیان بە یەکەوە بووە، لەوانەیە هەر ئەمە بیری کەژاڵی سەبارەت بە ئازاد گۆڕیبێت. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەمەیە کە ئەگەر بێژەرەکە بیگوتایە «تیۆری و ڕای من ئەوەیە کە ئازاد دڵی بە نەرگیسەوەیە و هامۆشۆی دەکات،» لە کتوپڕ بوونی ئەم پێوەندییە وەک مەزەندە و گومانی لێدێت و ئیتر بە شتێکی قەتعی داناندرێ و. هەر بۆیە دەبێتە تیۆرییەکی گرنگانکراو، بەڵام بە گشتی، هەر چەشنە دەربڕین و شیکردنەوەیەک، بۆ ئەوەی ببێتە تیۆری، دەشێ نەک هەر ئاشکرا، حاشاهەڵنەگر نەبێت، بەڵکو هەندێ گرێ و گۆڵ و پێچ و پەناشی تێدا بێ، «تیۆری و ڕای من ئەوەیە کە ژیان هەمیشە لە دڵی خۆیدا ئاشقی باوکی بووە و ئازاد هیچ کات نەیتوانی ببێتە ئەو مرۆڤەی کە ژیان دەیخواست.» تیۆری، دەشێ شتێکی زیاتر لە گرنگانە (فرضیە) بێت: ناشێ حاشا هەڵنەگر و ڕوون و ئاشکرا بێت، دەشێ لە تیۆریدا و لەنێوان چەندان ڕەگەزیدا کۆمەڵێک پێوەندی بە پێچ و پەناو سیستماتیک هەبێ و نەکرێ بە هاسانی قبوڵ بکرێت، یان تووڕ هەڵدرێت. ئەگەر ئەم ڕەگەز و

هۆکارانەمان لە بیر بمێنێ، ساناتر دەتوانین لەو شتە بگەین کە پێی دەڵێن «تیۆری».

تیۆری وەکو ژانر

تیۆری لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا شیکردنەوە و تاوتوێکردنی سریشت، یان شێوەگەلی هەڵسەنگاندنی ئەدەب نییە (ئەگەرچی باباتگەلی لەم چەشنە بەشێکن لە تیۆری و لەم کتێبەدا، بە تایبەت لە بەشی «٢، ٥، ٦» باسیان لێدەکەین). تیۆری لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا بریتییە لەکۆمەڵێک کاری فیکری و هزرڤانی و هەندێک نووسراوە کە دەسنیشانکردنی سنوورەکانی کارێکی هەتا بڵێی ئەستەمە. ڕیچارد ڕۆرێتی، فەیلەسووفی ناسراو، باسی ژانرێکی نوێ و تێکەڵاو دەکات کە لە سەدەی نۆزدەدا دەستی پێکرد: «لە سەردەمانی گۆتە و ماکیاڤیلی و کارلایل و ئیمێرسن-ەوە، جۆرێکی تازەی نووسین هاتە ئاراوە کە نە هەڵسەنگاندن و نرخاندنی بابەتییە ڕێژەییەکانی بەرهەمگەلی ئەدەبییە، نە میژووی هزر و ئەندێشەیە، نە فەلسەفەی ئەخلاقی و نە پێشگۆییکردنی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو بریتییە لە سەر و مڕی ئەم شتانە کە لەنێو بۆتەی ژانرێکی نوێدا تواونەتەوە.» ساکارترین ناوێک کە بۆمان هەیە بۆ ئەم ژانرە هەمەڕەنگە هەڵێبژێرین (تیۆری)یەکە لە ساتەوەختی ئێستادا بەو شێوەنەوارە دەگوترێ کە دەسەڵاتی ئەوەیان هەبێت هزر لە گۆڕەپانگەلێکی جیا لەو گۆڕەپانانەی کە بە ڕواڵەت ئی خۆیانە، بێتە مەیدانی بەرەنگاری و ململانێ و ئاراستەکەی بگۆڕن. ئەمە سادەترین شیکردنەوەی ئەو تایبەتمەندییەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەی بەشتێک بڵێین تیۆری. ئەو شێوەنەوار و ئاسەوارەی، کە بە تیۆری ناویان زڕاوە لەو دیو سنووری گۆڕەپانی سەرەکی کار و ئەرکی خۆیان کاریگەر و شێوێندانەرن.

ئەم شیکردنەوە سادەیە پێناسەیەکی ڕازیکەر و دڵخۆشکەرە نییە، بەڵام وێدەچێ بۆی هەبێ داگری ئەو شتە بێ کە لە دەیەی (١٩٦٠)ەوە ڕوویداوە: ئەوکەسانەی کە لە گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا کار دەکەن، کەڵکیان لە نووسراوەکانی دەرەوەی گۆڕەپانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی وەرگرتووە، چونکی لێکدانەوەیەک کە ئەم نووسراوانە سەبارەت بە زمان، یان زەین، یان میژوو، یان کولتوور بە دەستەوەیان داوە شیکردنەوەگەلێکی تازە و نۆژەن و قەناعەتپێهێنەر لەمەڕ کێشە دەقی و کولتوورییەکان دەخاتە بەردەم ئەوان. تیۆری بەم مانایە کۆمەڵێک ڕەوشت و میتۆد نییە بۆ هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردنی ئەدەب، بەڵکو گۆڕەپانێکی بێ سنوورە پێکهاتووە لە کۆمەڵێک نووسراوەی سەبارەت بە هەر شتێکی بیرتان بۆی دەچێ، لە بە پێچوپەناترین پرسەکانی فەلسەفەوە هەتا شێوازە بگۆڕەکانی ئاخافتن و تێفکرینی خەڵکان سەبارەت بە لەشی مرۆڤ. ژانری «تیۆری» ئاسەواری مرۆڤناسی، میژووی هونەر، هەڵسەنگاندنی فیلم، لێکۆڵینەوەی پێوەندیدار بە نێرمایی (جنسییەت)، زمانناسی، فەلسەفە، تیۆری سیاسی، دەروونشیکاری، لێکۆڵینەوەی زانستی، میژووی کۆمەڵایەتی و فیکری و کۆمەڵناسی دەگرێتەبەر. ئەم ئاسەوارە بە باسوخواسی نێو ئەم گۆڕەپانانەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام بۆیە بوونەتە «تیۆری» چونکی تێڕوانین، یان لێکدانەوەکانیان بۆ ئەو کەسانەی کە لەو لقانەدا کار ناکەن ئیلهامبەخشی، یان بەکەڵک بوون، ئەو ئاسەوارەی کە دەبنە «تیۆری» شیکردنەوەگەلێک بە دەستەوە دەدەن کە خەڵکانی تر دەتوانن لە لێکۆڵینەوەی مانا، سروشت و کولتوور، کارکردنی دەروونی مرۆڤ، پێوەندی نێوان ئەزموونی گشتی و ئەزموونی تاکەکەسی و پێوەندی نێوان هێزە گەورەترەکانی میژووی و ئەزموونی تاکەکەسی بەکاری بێنن.

کاریگەرێتی تیۆری

ئەگەر بێت و تیۆری بە پێی کاریگەرێتی کردەییەکەی پێناسەی بکەین، واتە وەک شتێک کە تێڕوانینی خەڵک دەگۆڕێ و دەبێتە هۆی ئەوەی سەبارەت بەو بابەتانەی لێی دەکۆڵنەوە و هەڵسوکەوتی خۆیان لە لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتانەدا بەشێوەیەکی جیاواز لە شێوەکانی پێشوو بیربکەنەوە، دەشێ ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە ئەم کاریگەرێتییانە کامانەن؟

کاریگەرێتی سەرەکی تیۆری پرسیارکردنە لە «عەقڵی باو»: تێڕوانینی دامەزراو لەسەر بنچینەی عەقڵی باو لە هەمبەر پرسگەلی وەک مانا، نووسین، ئەدەب، ئەزموون، بۆ وێنە، تیۆری لەمەڕ خاڵەکانی خوارەوە پرسیار بە ڕەوا دەزانێ:

* باوەڕ بەوەی مانای گوتە، یان دەقێک هەر هەمان شتە کە بێژەرەکەی «لە زەینیدا هەڵیگرتووە».

* یان باوەڕ بەوەی نقیسان شێوە دەربڕینێکە کە ڕاستییەکەی لە شوێنێکی تر، لەو ئەزموونە، یان دۆخەی کە دەریدەبڕێ، خۆیا دەبێ.

* یان باوەڕ بەوەی ڕاستەقینە (واقیع) واتە شتێک کە لەکاتێکی دیاریکراودا «بوونی بێت».

تیۆری، گەلێ جار ڕەخنەگری کەللەڕەقی بیروبۆچوونی باوە، و جیا لەمە، هەوڵێکە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستییە کە ئەو شتەی ئێمە بە «عەقڵی باو»ی دەزانین و پێمانوایە شتێکی حاشاهەڵنەگرە لە ڕاستیدا پێکهاتەیەکی میژوویی، تیۆرییەکی تایبەت کە ئیتر هێندە سروشتی دێتە بەر چاو کە تەنانەت وەک تیۆری لێی ناڕوانین. تیۆری، کە ڕەخنەگری عەقڵی باوە و چەمکە جێنشینەکانی ئەو عەقڵە دەدۆزێتەوە، پێویستی بە پرسیار کردن لە بنچینەییترین سەرەتا، یان گریمانەکانی لێکۆڵینەوەی ئەدەبییە، بنکۆڵکردنی هەر شتێک کە لەوانەیە وەک شتێکی حاشا هەڵنەگر گریمانە دەکرێ: مانا چییە؟ نووسەر چییە؟ خوێندنەوە چییە؟ «من» یان بکەرێک کە دەنووسێ، دەخوێنێتەوە، یان کارێک دەکات، چییە؟ دەق چۆن چۆنی لەگەڵ ئەو دۆخەی کە تێیدا دەخوڵقێن پێوەندیان هەیە؟

بۆمان هەیە چ نموونەیەک بۆ «تیۆری» بە دەستەوە بدەین؟ واباشە لە بری قسەی زۆر و بۆر سەبارەت بە تیۆری، یەکسەر سەرێک بەنێو ماڵی چەند نووسراوەیەکی ئەستەمی دوو کەس لە بەناوبانگترین تیۆریستانی هاوچەرخ دابکەین تا بزانین چییان لێ هەڵدەکرێنین، من باسی دوو بابەتی پێوەندیدار، بەڵام لێکدژ دەکەم کە لەواندا هزرگەلی دامەزراو لەسەر بنەمای عەقڵی باو سەبارەت بە «جنس»، «نووسین»، «ئەزموون» ڕەخنەیان لێگیراوە.

فوکو سەبارەت بە جنس

میشل فوکو، تۆژەری فەرەنسەیی میژووی هزر، لە کتێبێکیدا بەناوی «میژووی هەستی جنسی» خۆی گوتەنی لە «گریمانەی سەرکوت» دەکۆڵێتەوە: لەم بیرۆکە باوە کە جنس شتێکە کە سەردەمانی ڕابردوو، بەتایبەت سەدەی نۆزدە، سەرکوتیان کردووە و سەردەمی مۆدێرن شەڕی بۆ کردووە تا ئازادی پێبەخشیوە و ڕزگاری کردووە. بە قسەی فوکو. «جنس» نەک هەر شتێکی سروشتی نەبووە کە سەرکوت کراوە، بەڵکو لە ڕاستیدا بیرۆکەیەکە بە پێچوپەنا و پڕ لە گرێوگۆڵ کە لە سەردەستی هەموو جۆر و چەشنەکانی دابی کۆمەڵایەتی و لێکۆڵینەوە و باسوخواس و نووسراوە- بە کورتی «گوتارەکان» یان «بەستێنە گوتارییەکان» کە لە سەدەی نۆزدەدا کۆ ببوونەوە، پێکهاتووە. هەمە جۆر و چەشنی قسە و باس- قسە و باسی پزیشک..مەلا، ڕۆمانnووس، دەروونشیکار، ئەخلاقگەرا، یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی، سیاسەتمەدار- کە ئێمە دەیانلکێنینەوە بە سەرکوت کردنی هەستی جنسی، لە ڕاستیدا بە شێوازی جۆراوجۆر شتێکیان بەرهەم هێناوە کە ناوی دەنێین «جنس». فوکو دەڵێ: «چەمکی جنس ئەم هەلەی ڕەخساند کە ڕەگەزەکانی پێوەندیدار بە ناسینی جەستە، کارکردەکانی ژیناسی، ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکان، هەست و خوستەکان و چێژ و لەزەتەکان لە یەکێتییەکی ساختە و دەسکرددا کۆببنەوە و ئەو توانایییەی بە مرۆڤ بەخشی تاکو لە ئەم یەکێتییە ساختەیە وەک هۆکار و مانایەکی گشتگیر و نهێنییەک کە دەشێ لە هەموو شوێنێک بەدوایدا بگەڕێن و بیدۆزنەوە کەڵک وەربگرن». فوکو حاشا لە کردەوەی جەستەیی دەستێکەڵکردنی جنسی، یان جنسییەتی ژیناسانە و ئەندامە جنسییەکانی مرۆڤ ناکات. ئەو باسی ئەوە دەکات کە لەسەدەی نۆزدەیەمدا ڕێگای نوێ هاتە ئاراوە بۆ ئەوەی هەمەجۆر و چەشنی شتی هێزەکی تەواوەن جیاواز، لە یەک تەوەرەی تاقانەدا (جنس) کۆببنەوە. کردەوەگەلێکی تایبەت کە ئێمە پێیاندەڵێین جنسی، جیاوازیگەلی ژیناسانە، ئەندامەکانی لەش، پەرچەکرداری دەروونی و گرینگتر لە هەمووان واتاگەلی کۆمەڵایەتی. شێوازی ئاخافتنی خەڵکان سەبارەت بەم ڕەفتار و هەڵسوکەوت و هەست و کارکردە ژین ناسانانە، و شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەیان لە هەمبەر ئەوان، شتێکی جیاواز و یەکێتییەکی ساختەی بەناوی «جنس» خوڵقاند کە دواتر وەک ڕەگەزێکی بنەڕەتی بۆ شوناسی تاکەکەس دەهاتە ئەژمار، دوای ئەمە، بەراوەژووبوونەوەیەکی گرینگ هاتە ئاراوە و هەر ئا ئەم شتەی کە «جنس»یان پێدەگوت بە هۆکاری چەشنەکانی ئەو دیاردانە لە قەڵەم درا کە پێکەوە کۆببوونەوە تا ئەم بیرۆکەیە پێک بێنین. ئەم پرۆسەیە گرینگی و دەورێکی نوێی بە هەستی جنسی بەخشی و بوو بەهۆی ئەوەی کە هەستی جنسی ببێتە نهێنی و ڕازی سریشتی تاکەکەس. فوکو کاتێک باسی گرینگایەتی «مەیلی جنسی» و «سروشتی جنسی»ی ئێمە دەکات، ئەم پرسە دێنێتە ئاراوە کە ئێمە گەیشتووینەتە ئەو شوێنەی کە چاوەڕوانی دەکەین لەسەر دەستی شتێک تێمانبگەن کە سەدەهای سەدە بە شێتی لە قەڵەم دەدرا،.. شوناسمان لە شتێکەوە سەرچاوە بگرێت کە بە مەیلێکی بێ ناو دەناسرا. ئەو گرینگایەتییەی کە بۆی قایلن، ئەو ترسە تێکەڵ بە حورمەتی کە لە دەوریان ئاڵاندووە، ئەو زەحمەتەی کە لە

پێناوی ناسینیدا دەیکێشین، هەمووی لێرەوە سەرچاوە دەگرێ. ئەو ڕاستییەش کە بەدرێژایی سەدەهای سەدە لە ڕۆحیشمان بۆمان گرینگتر دەنوێنێ هەر لێرەوە سەرچاوە دەگرێ.

نموونەیەک لەو پرۆسەیەی کە «جنس»ی کردە ڕازو نهێنی بوونی تاکەکەس کە سەرچاوەی سەرەکی شوناسی تاکەکەسە، داهێنانی «هاوجنس خواز» وەک تایپ (جۆر)، یەکێک لە «جۆرەکانی بوونەوەران»، لە سەدەی نۆزدە دایە. لە سەردەمانی پێش ئەم داهێنانە کردەی دەست تێکەڵکردنی جنسی لەنێوان کەسانی هاوجنس دەبووە هۆی ڕووڕەشی (وەک نێربازی)، بەڵام لەم سەروبەندەدا ئیتر ئەم کردانە بریتی نەبوون لە کۆمەڵێک کردار، بەڵکو بە پرس و کێشەی شوناس-یان دەزانی، کێشەکە ئیتر ئەوە نەبوو کە کەسێک کردەیەکی ناڕەوا و حەرامی کردووە، بەڵکو ئەمە بوو کە ئەو کەسە کەسێکی «هاوجنس خوازە» فوکو دەڵێ نێربازی بریتی بوو لە کردارێک، بەڵام «لەو زەمان و سەردەمەدا کەسی هاوجنس خواز بووە یەکێک لە بوونەوەران» جاران باسوخواسی کردارگەلی هاوجنس خوازانە لە گۆڕێدا بوو کە لەوانە بوو کەسانێک بە کردەوە بیکەن، لەم سەردەمەدا کێشەکە لە ڕاستیدا کێشەی ناوەند، یان جەوهەرێکی جنسی بوو کە هەر لە بنەڕەتەوە دابینکەری بوونی تاکەکەس دەهاتە ئەژمار: ئایا ئەم کەسە هاوجنس خوازە؟

بەپێی شیکردنەوەی فوکو، گوتارگەلی پێوەندیدار بە داب و بنەما جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵایەتی- شێوەی هەڵسوکەوتی پزیشکان، مەلاکان، کاربەدەستانی حکوومەتی، یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ڕۆمانووسان لە هەمبەر ئەو دیاردانەی کە بەپێی پێناسەی ئەوان «جنسی»ین،- «جنس» پێکدێنن، بەڵام ئەم گوتارانە جنس وەک شتێکی کە پێش خودی ئەم گوتارانە بووبێتن، پێشکەش دەکەن. بیرمەندانی مۆدێرنیش زۆربەیان ئەم بۆچوونەیان قبوڵ کردووە و ئەو گوتار و دابە کۆمەڵایەتیانەیان شەرمەزار کردووە کە لە ڕاستیدا خۆیان خەریکی داهێنان و ڕێکخستنی ئەوانن. لە لێکۆڵینەوەی فوکودا ئەم پرۆسەیە بەراوەژوو دەبێتەوە و جنس نەک وەک هۆ (علت)، بەڵکو وەک هۆکرد (معلول) شی دەکرێتەوە، واتە بەرهەمی ئەو گوتارانەیە کە دەخوازن چالاکی و کاروباری مرۆڤان لێکبدەنەوە و پێناسە و ڕێکوپێکیان بکەن.

لێکۆڵینەوەی فوکو نموونەیەکە لە شیکردنەوەیەک کە لە گۆڕەپانی مێژووەوە هاتووە و بۆتە «تیۆری»، چونکی خەڵکانی تر لە بواری دیکەدا ئیلهامیان لێوەرگرتووە و بە کاریان هێناوە. ئەم لێکۆڵینەوەیە تیۆرییەک نییە سەبارەت بە هەستی جنسی بە مانای کۆمەڵێک ئەسڵی بابەتییانە کە لافی جیهانگیر بوون لێبدات. ئەو شتەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەیڵێ ئەمەیە کە ڕەوتی شکڵ گرتنی مێژوویەکی تایبەتی شیکردۆتەوە، بەڵام کە کارەکەی حاسڵێکی زیاتر و بەرفراوانتری بەدوادا دێت. دنەتان دەدا کە بە چاوی گومانەوە لەوشتانە بڕوانن کە تا ئێستا بەسروشتی و سەقامگیر دەزانران. واتە پرسیار لەخۆتان بکەن کە ئایا بۆی نییە بە پێچەوانەوە ڕاست بن؟ واتە ئەم شتانە هەر لە بنەڕەتەوە لە سۆنگەی گوتارەکانی کارناسان. ئەو بوارە پێوەندیدارانە بە گوتارگەلی ئەو زانستەی کە پێیانوایە پێناسەی دەکەن بەدی هاتوون؟ بەپێی لێکدانەوەی فوکو، ئەوە هەوڵ و تێکۆشان بۆ زانینی هەقیقەت سەبارەت بە مرۆڤەکانە کە «جنس»ی وەک ڕاز و نهێنی سریشتی مرۆڤ بەدی هێناوە.

بزووتنی تیۆری

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو بیرۆکەیەی کە بۆتە تیۆری پێشنیاری ئەو «بزووتن»ـە سەرنجڕاکێشانەیە کە مرۆڤەکان دەتوانن لەکاتی تێفکرین لە بابەتی دیکە کەڵکیان لێوەربگرن. یەکێک لەم بزووتنانە ئەم بۆچوونەی فوکو کە دژواری گرێمانکراوی نێوان هەستی جنسی سروشتی و هێزی کۆمەڵایەتی (دەسەڵات) کە ئەو هەستە سەرکوت دەکەن لەوانەیە لە ڕاستیدا هاوەستانە بێت: هێزی کۆمەڵایەتی ئەو شتە (جنس) بەدی دێنن کە بە ڕواڵەت بۆ ئەوە تێدەکۆشن کە بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان. بزووتنێکی تر- لە ڕاستیدا خەڵاتەکەی ئێمە- ئەوەیە کە پرسیار بکەین لە شاردنەوەی ئەم هاوەستی و پیلانە لەنێوان دەسەڵات و جنس، کە دەڵێن دەسەڵات دەیچەپێنێ و سەرکوتی دەکا، چ شتێک وەدەست دێ. کاتێک ئەم وابەستەییە دوو لایەنەیە دژوازی لە قەڵەم بدرێ نەک وابەستەیی دوو لایەنە، چی ڕوو دەدا؟ وەڵامێک کە فوکو بە دەستەوەی دەدات ئەمەیە کە بەمجۆرە دەستڕێشتوویی هەمەلایەنەی دەسەڵات دەشاردرێتەوە: مرۆڤ پێی وایە کە لە ڕێگای بەرگریکردن لە جنس لە هەمبەر هێرشی دەسەڵات خۆڕاگری دەنوێنێ، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا خەریکە بە تەواوی بەپێی ئەو ڕێسایانەی کە دەسەڵات دەستنیشانی کردوون، دەجوڵێتەوە. بە وتەیەکی تر، چونکی وێدەچێ کە ئەم

شتە، واتە «جنس» لە دەرەوەی هەرێمی دەسەڵاتە- واتە شتێکە کە هێزی کۆمەڵایەتی لە خۆڕایی هەوڵ دەدەن بیخەنە ژێر ڕکێفی خۆیان- کە وایە دەسەڵات چوارچێوەدار و بەرتەسک دێتە بەرچاو، بۆیە هەر لە بنەڕەتەوەش ئەوەندەی کە پێمانوابوو دەسەڵات بەهێز نییە و (ناتوانی جنس بخاتە ژێر ڕکێفی خۆی)، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت دەسەڵات دەستڕۆیشتوویەکی هەمەلایەنەی هەیە و لە هەموو شوێنێک ئامادەیە.

بە بۆچوونی فوکو، مرۆڤەکان دەسەڵات وەگەڕ ناخەن، بەڵکو «دەسەڵات/ مەعریفە» دەخەنەگەڕ: دەسەڵات لە قەوارەی مەعریفەدا، یان مەعریفە وەک دەسەڵات. ئەو شتەی پێمانوایە لە مەڕ جیهان دەیزانین- ئەو چوارچێوە چەمکییەی کە وایان لێکردووین لە قاڵبی ئەودا بیر لە جیهان بکەینەوە- دەسەڵاتێکی زۆر دەخاتە گەڕ. دەسەڵات/ مەعریفە، بۆ وێنە، دۆخێکی هێناوەتە گۆڕێ کە لەودا جنسی ئێوە، پێناسەتان پێدەبەخشێ، دۆخێکی هێناوەتە گۆڕێ کە ژن وەک کەسێک دەناسێنێ کە وا گرێمان دەکرێ بوونی ئەو ژنە وەک تاکێکی کۆمەڵ لە گرەوی ئەو پێوەندییە جنسییە دایە کە لەگەڵ پیاوێکدا هەیەتی ئەم بیرۆکەیە کە جنس لە دەرەوەی دەسەڵات و بەرامبەری دەسەڵات وێستاوە مەیدانی دەستێوەردانی دەسەڵات/ مەعریفە دەشارێتەوە.

چەند خاڵێکی گرینگ سەبارەت بە ئەم نموونەیەی تیۆری لە ئارادایە کە دەشێ باسیان بکەین. تیۆرییەک کە فوکو لێرەدا هێناویەتە گۆڕێ لێکۆڵینەوەییە- لێکۆڵینەوەی چەمکێک، بەڵام سەرەڕای ئەوە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری مەزەندە کردنیشە، بەو واتایە کە چ شاهید و بەڵگەیەکی شایانی پێشکەشکردن لە ئارادانییە تا بێت و دروستبوونی ئەم گرێمانەیە لە بارەی هەستی جنسییەوە بسەلمێنێ. (گەلێ نیشانە هەن کە شیکردنەوەکەی فوکو پاساوهەڵگر دەنوێنن، بەڵام تاقیکاری و سەنگی مەحەکێکی قەتعی بۆ سەلماندنی دروستبوونی ئەو شیکارییە لە گۆڕێدا نییە.) فوکو بەم جۆرە لێکدانەوەیە دەڵێ: «ڕەخنەی ڕەگەزناسانە»: دەرخستن و لەهەرادانی ئەم شتە کە چۆن چۆنی ڕەوتی گوتاری بابەتی بە ڕوالەت زاتیی، وەک «جنس»، بەرهەم دێنن. ئەم چەشنە ڕەخنەیە هەوڵ نادات پێمانبڵێ جنس «لە ڕاستیدا» چییە، بەڵکو دەیەوێ ئەوە نیشان بدا کە ئەم چەمکە چۆناوچۆن بەدی هاتووە. دەبێ هەروەتر سەرنج بەمەش بدەن کە فوکو لێرەدا هەر لە بنەڕەتەوە باسی ئەدەب ناکات، گەرچی ئاگامان لێیە کە تیۆرییەکەی بۆ ئەوانەی سەرقاڵی کاری لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبن، گەلێ سەرنجڕاکێش بووە. سەرەتا ئەوەیە کە ئەدەب لە بارەی جنسە، ئەدەب یەکێک لەو شوێنانەیە کە بیرۆکەی جنس لەوێدا پێکهاتووە، شوێنێک کە تێیدا پەرە بەم بیرۆکەیە دەدرێ کە قوواڵترین شوناسی مرۆڤەکان بەو مەیل و خواستەوە گرێ دەدرێ کە لە هەمبەر مرۆڤێکی دیکە هەستی پێدەکرێ. شیکاری فوکو هەم بۆ ئەوانەی کە لە ڕۆمان دەکۆڵنەوە و هەمیش بۆ ئەوانەی کە لە ڕوانگەی هاوجنس خوازانی ژن و پیاو و موتاڵای جنسییەتی بەگشتی، سەرقاڵی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەدەبن خاوەنی گرینگاتی بووە. فوکو زیاتر لە هەرشتێک لە سۆنگەی داهێنانی شتی مێژوویی نوێ کاریگەری هەبووە: شتی وەک «جنس»، «سزا»، و «شێتی» کە جاران پێمان وانەبوو کە خاوەنی مێژووی خۆیان بن. لە ئاسەواری فوکودا ئەم شتانە وەک پێکهاتەیەکی مێژوویی لێیان دەکۆڵدرێتەوە و هەربۆیە هانمان دەدەن تا سەرنج بدەین کە ڕەوتی گوتاری دیاردەیەکان، یەک لەوان ئەدەب، چلۆن لەوانەیە چوارچێوەی ئەو شتانەی کە بە ئەسڵێکی حاشا هەڵنەگرمان دەزانی داڕشتووە.

پەراوێزەکان:

١- ناوەکانی دەقی سەرچاوە «لۆرا» و «مایکێل» بوون.

٢- لە دەقی سەرچاوەدا «مێری» بوو.

ژێدەر:

نظریه ادبی- معرض بسیار مخقصیر، جانان کالر، ترجمه فرزانه طاهری نشر مرکز، تهران، ١٣٨٢، ص٤-١٧.

چاوم به فەرهەنگی «شیرین»دا خشاند

عەزیزی مەلای ڕەش

لە خوێندنەوەی ئەم فەرهەنگەدا «خەزەرە»یەکی لابەلا لە ناخمەوە ڕوا و دەڵحاز نقوومی دەریای دوودڵی: «وایە و وانیـیـە»ی کـردم. پاش بینەو بگرەیەکی زۆر چەندین بەڵگەی هەموار کلیلی دەرگای پێنج شەش تەگەرانی لە مـست نام. والاکـردنەوەی حـەقـیـقـەتیش لە ڕێبـازی زمانەکەماندا پەردەی ڕووانی ناوێت و لەسەرایی هەموو شتێکە. تەماخوازم لە بۆچوونەکەم سەرچیغ نەچووبم و سـەری ڕێزو تەوازووشم بەوپەڕی سـۆزەوە بۆ هەوڵ و کۆششە لە ڕادە بەدەر زۆرەکەی مامۆستای خۆم نەمرو خوالێخۆشبوو: «دانەر» دادەنوێنم.

تەگەرەی یەکەم: لە زماندا نێوان ئەمەو فەرهەنگەکەی پێشتری «ئەستێرە گەشە» ئاسمان و ڕێسمانە. کەچی لەبەر ئەوە ئەستێرە گەشە فەرهەنگی «کوردی و عەرەبی»یە سوودی بۆ خوێنەری کورد گەلێک پترە. لەگەڵ ئەوەشدا (شیرین) زۆر بەپێزترەو دە ئەوەندەی ئەستێرەش ئارەقەی تەقەلای بۆ ڕژاوە. تەنیا لەبەر ئەوەیە: «عەرەبی و کوردی»یە. بەڵگەش کەسێک مانای وشەیەکی عەرەبی نەزانێت، زەینی ناچێت لەم فەرهەنگەدا، کە لە «١٪»ی وشـەی عـەرەبی بەخـۆوە نەگـرتووە بگەڕێت. بەڵکو فەرهەنگە عەرەبییەکان دەپشکنێت.

تەگەرەی دووەم:

لادانە لە ڕێبازی نووسینی فەرهەنگی پێشتری خۆی و فەرهەنگنووسانی کورد: «کوردی و کوردی» و «کوردی و عەرەبی»ینە.

تەگەرەی سێیەم:

لەسەر بەرگەکەی نووسراوە: «فەرهەنگی «عـەرەبی و کـوردی» کـەچی لە ڕاسـتـیـدا: فـەرهەنگی «عـەرەبی و عەرەبی» و «عەرەبی و کوردی» و «کوردی و کوردی»یە. ئەمانەی خوارەوەش خوێنەر دڵنیا دەکەن:

١- لـەلاپـەڕە «١١١» دەڵـێـت: «جـمـاعـة: زمـرة= کۆمەڵ، کۆڕ، برادەران».

٢- لاپـەڕە «١٣٧»:- «حـرامي: لص= دز، جـەردە، دەست پیس، ڕێگر، تەریدە».

٣- ل ٢٠٧:- «دخل: ضـد خـرج= چووە ناوی، تێی چوو، خۆی پێکرد، هاتە کایەوە».

تەگەرەی چوارەم:

لە هێندە شوێنان بۆ پێکانی مەبەستی پەیڤێک وشە لە دوای وشەی زۆرو بۆری ڕیزکردووە. کە تێیاندا هەیە زۆر دووەر ئاوێزانی مـەبەسـتـەکـەیە. ئەمـەش سـوخـەتی فەرهەنگنووسان نییـە. بۆ ئاو خواردنەوەی دڵی دوو دڵان چاوێک بە مانەی خوارەوە دابێنن:

أ- لەلاپەڕە «٤٩٩»دا دەڵێت: «عنیـد، مـعـانـد: عـاص= یاخی، بەلەسـە، ڕاڕا، خۆسە، چەپخۆن، چەقاوە سوو، چەتاوەر، چەموور، شێرگێڕ».

وامـان بە هەمـوار زانی لە دواییـدا پەنجـە بۆ ئەمـەو

ئەوانەی خوارەوەش دریژ بکەین.

ب- ل١١٥:- «جنی: حصد= دووریيەوە، کۆی کردەوە، کردییەوە، دروێنەی کرد».

ج- ل٧٨٧:- «هزيل، مهزول: خلاف السمين= چرووساوە، لاواز، لەڕ، سیس، سیسەلّە، باریک و بنێس، ڕەق و تەق».

تەگەرەی پێنجەم:

ئەم وشانەی خوارەوە، تەنیا کاغەزیان پێ ڕەش کراوەتەوە.

نە بە کوردی، نە بە عەرەبی ڕاڤە نەکراون. وەک چۆن نووسراون ئاواشم نەقڵ کردوون:

١- ل٤٥٤- عبارة «في عبر».

٢- ل٥٠٧- عيد «في عود».

٣- ل٦٨٤- مراهق «في رهق». مرجل «في رجل».

٤- ل٦٩٠- مسخرة «في سخر». مسطرة «في سطر».

٥- ل٦٩١- مسيح «في مسيح».

بە دەیان وشەی تر. پێویست بە وێنەی دیکە ناکات.

دەبێ وا بڵێین: مامۆستا ماناکەیانی نەزانیوە، یاخۆ لە یادی چووە بیان نووستەوە. ئەمەش هەرگیز لە فەرهەنگنووس وەرناگیرێت. تەگەرەکە لێرەدا خۆی لە مێشکی زەینداران دەچەسپێنێت: ئەگەر قەڵەم لە دەستە خۆی بووایە هەر لە هەوەڵەوە وشەکانی نەدەخستنە سەر کاغەزەوە.

تەگەرەی شەشەم:

ئەم تەگەرەیە دەبێژێت:- من بە «زواج المتعة» کە لەلاپەڕە «٦٧٥» نووسراوە، زۆر بەهێزم. بەڵگەش: جەنابی مامۆستاو نووسەری خوالێ خۆشبوو، خۆی «سونی» بوو، بۆچی باسی ئەم تەرحە «زیواج»ە دەکات، کە لە مەزهبی شیعاندا هەیە و لە مەزهبی خۆی ڕێنەدراوە. ئەدی بۆ باسی «مارەبەجاش»ی نەکردووە، کە لە مەزهبی خۆیدا ڕێدراوەو لەشەرع ئەم وشانەشی بەسەردا سەپاوە:

أ- «تحليل»= حەلاڵ کردن.

ب- «محلل»= حلاڵ کەر. واتە جاشەکە.

ج- «محلل له»= بۆی حەلاڵ دەکرێت. واتە کابرای تەلاق کەوتوو.

وێڕای ئەوانەی گوتمان چەندین کەم و کوڕی تر بەرچاو دەکەون.

یەکەم:- لە زۆر شوێنان وشەی دووبارە کردووەتەوە ئەوەتە لە:

١- ل١١٤:- مجنون: ذاهب العقل= (شێت، وێت، پەتیارە، پەتەڕێ، شەیدا، دێوانە».

لە ل٦٧٧:- مجنون «في جن».

ئەوجا لەلاپەڕە «٩٦»دا دەڵێت: «مجذوب: مجنون= شێت، وێت».

٢- ل٤٦:- بارید: بلید= «کەودەن، گێل، دەبەنگ، گەلۆر، کاس، گەمژە، تەپۆ».

لە ل٦٠دا- دەڵێت: بلید: أبلد، غنی، أحمق= «گێل، کەودەن، تەپۆ».

با لە کورتی ببڕێتەوە، ئەگەرنا دەیان وێنەی تری تێدایە.

دووەم:- چاپێکی خراپ و زۆر ورد نەخەسەلە بۆ من، کە بەشەو ماوەی سەیر کردنیم هەیە، چاوم باش سەح ناکات. دەنا چەندم نووسیوە بڕوا بکەن هێشتا پتر ماوە. ئەوجا چوار جار چاپ کراوەتەوە. خۆزگە یەک جار بووایە، بەڵام لەشێوەی «ئەستێرەگەشە» بووایە.

سێیەم:- لە ل٤٣٠دا، تاکو ل٤٥٠ وە چاپەکەی دووبارەیە.

ئەمەش سووچی سەر پەرشتکەری چاپەکەیە.

چوارەم:- پڕی هەڵەی ئیملاییە. بەتایبەتی وشەی «بوو» و «چوو» بە یەک «و» نووسراوە. لەم لاپەڕانە «٣٠، ٣١، ٣٢، ٣٣، ٣٤، ٣٥، ٣٦، ١٠٠» ئەمانە دێنە بەرچاو: «پاک بو، رازگربو، دڵنیابو، بێزاربو، هۆگربو، لە کۆێ یە، چوە ژێر، هەڵ کشا، بێ دەنگ، ڕێ باز، ڕێ ڕەو» و زۆری تریش.

فەرموون ئێوەو فەرهەنگەکە

١- ل٣٦:- مامۆستا دەڵێت: أیار= مایس= «جۆزەردان، بەختەباران».

ڕۆژی «٢٢»ی مانگی مایس بەرامبەر «١»ی مانگی جۆزەردانی کوردییە.

هەردوو مانگ «٣١» ڕۆژەو مایس کۆتایی دێت ئەوجا دەبێتە «١٠»ی جۆزەردان. ئەمەیان «٢١» ڕۆژی دەکەوێتە مانگی حوزەیران. بۆیە مانگی مایس و جۆزەردان جیاوازییان هەیە.

٢- ل٣٦:- تأیید: تعضید= «بارەبوو، یارمەتی، یاریدە، پشتگیری».

وشەی «تأیید» و «تعضید» لە یەک ئایرن. ئەویان لایەنگیرو پشتگیرییە، کەچی ئەمیان بە مانا یارمەتیدان و دەسگرتنە. بە عەرەبی «اعانه».

٣- ل٣٧:- بابوج: خف، مز= «بابوج، سۆل».

وشەی «خف»ی عەرەبی بە مانا «سۆل»ە. کە وەک نەعلی ئێستا وابوو. کەچی ئەو قایش بوو، نەک لاستیک. کەرخی پەنجانیش کون نەبوو. «بابوج» پاشپانی بەرزەو لەگەڵ ئەو دووانەی گوتمان جودایە. مانای وشەی «مز»یش نازانم.

٤- ل٤٢:- بیدر= «موضع دراس الحنطة وغیرها= خەرمان، شوێن خەرمان».

«بیدر» خەرمانە و ئەویتر زێدەیە و تەنیا بۆ بابەت زۆرییە.

٥- ل٤٣- بدن: جسد= «تەن، لاشە، داروبار».

فەرهەنگنووس دەبێ زانیاری تەواوی لەسەر زۆربەی فەرهەنگە کوردییەکان هەبێت. هەر لەبەر ئەمەش بوو من تاسام نەکرد خۆم لە قەرەی فەرهەنگ نووسین بدەم. فەرموون لە یەکەم دێری کتێبی ئەحمەدی هاتووە:

«رأس سەرە، عین چاوە + بدن قالب، إسم ناوە».

کەچی نازانم چۆن باسی «قالب»ی نەکردووە. کە شێوەزاری لای خۆیانە.

سەیر لێرەدایە: لە کوردەواریدا دەگوترێت: «فلان کەس بە داروبارە»، واتە هێسکی دەست و پێی و جەستەی ئەستوورە، کەچی مامۆستا: «داروبار»ی کردووەتە «قالب».

٦- ل٤٨:- برغل: جریش من الحنطة المسلوق «ساوار».

لە هەمان لاپەڕە دەڵێت: برغل ناعم= «پیرخەنیلە، لەپە ساوار، بڕوێش».

لێرە دەردەکەوێت مامۆستای خوالێ خۆشبوو: لە بابەتی ساوارو بڕوێش نەشارەزا بێت. «ساوارو بڕوێش» لە یەکتر جودان.

ئەویان گەنمەکەی دەکوڵێت ئەوجا لێدەکرێت، کەچی ئەمیان گەنمەکە ناکوڵێت و لێدەکرێت.

مامۆستا لەلایەک دەڵێت: «برغل= جریش» و لەلایەکی ترەوە دەڵێت: «برغل ناعم= بڕوێش». لە ڕاستیدا «برغل= ساوار» و «جریش»یش بڕوێشە. «برغل ناعم» پیرخەنییە» وردتریش ئارده ساواره و چ پێوەندییان بە بڕوێشەوە نییە.

٧- ل٤٩- بورکان: جبل النار= «شاخی ئاگرین، ئاگر پرژێن، گرکان».

«جبل النار» و «شاخی ئاگرین» وەسفی بورکانە و ناو نین بۆی.

هەمبانە بۆرینە دەڵێت: «گرکان ئاگر پرژێن». بە ئاگرێک دەگوترێت پرووشک باوێت. ئەمەش هەر لە بورکان نایەتە کایەوە. کاتێک ئاسنگەر ئاسنی سوورکراوە دەکوتێت پرووشک داوێت.

٨- ل٥٩- بعل: بعل الرجل للمرأه: صار بعلها «بووبەمێردی، ژنی هێنا».

باشتربوو بیگوتبووایە «بعل= مێرد»ەو مانای وشەکە دەردەکەوت و لە کورتیش دەبڕاوە.

٩-ل٦٧- بور: أرض المتروکة بلازرع= «دێم، بەیار».

دێم بە عەرەبی= «أرض تسقی بماء المطر». واتە ئاودێر نەبێت.

لەگەڵ «بور» جودایە. ئەم وشەیە لە کوردیشدا هەیە و بەو زەوییە دەگوترێت کە یەک ساڵ نەکێڵدرابێت، کەچی «بەیار» لە سالێک زیاتر نەکێڵدرابێت، یان هەر لە ئیجادەوە نووکی گاسنی پێنەکەوتوو بێت.

١٠- ل٧٧- تفاح= «سێو، دارسێو، مێوەی سێو».

لێرەدا بۆ خوێنەران واژی دەبێتەوە تەنیا مەبەست زۆرو بۆرە.

ئەگەر نا «دارسێو، مێوەی سێو» لە مانای وشەکە بەدەرن.

١١- ل٧٦- تموز= «مانگی خەرمانان، گەرما جمان».

مانگی تەمووز تا «٢٢»ی مانگی پووشپەڕی کوردییە و «٩» ڕۆژی دەکەوتە مانگی خەرمانان. بۆیە تەمووزو خەرمانان لەگەڵ یەکتر بەراورد ناکرێن.

١٢- ل٨٠- تیس: ذکر الماعز= «بزن، خرت، تەجە، تەژ، سابڕێن».

«تیس» ڕەشانی نێرە= «تەگە»، کەچی «بزن» ڕەشانی مێیە.

سەریشم لە وشەی «تەجە» و «تەژ» دەرناچێت. خرت تەگەیە کە پێی نابێتە سێ «٣» ساڵییەوە. سابڕێن= «تەگە» بەشێوەی سلێمانی.

١٣- ل٨٢- ثخین: غلیظ= «خەست».

وشەی «ثخین» بە مانا خەستە. کەچی وشەی «غلیظ» بە مانا ئەستوورە، نەک خەست.

١٤- ل٨٨- ثوب: رداء= «کراس».

لە هەمان لاپەڕە هاتووە: «ثیاب کە کۆی «ثوب»ە: ملابس= بەرگ، پۆشاک، جل و بەرگ». کەواتە هەر بە نووسینی خۆی «ثوب» تەنیا کراس نییە و بەڵکو بە جل و بەرگ دەگوترێت.

١٥- ل٩٣- جحش: ولد الحمار= «جاش، جاشەکەر».

چەند جاری دیکەم بڵاو کردووەتەوە «جاش» و «جاشک و جاشکەکەر»، یان «جاشەکەر» لە یەکتر

جودان.

«جاش» لە «د. ھ»= ھێستری ساوا. بەڵگەش لەبەر ئەوە باوک و دایکی لەیەک ڕەگەز نین، بۆیە کراوەتە ناو بۆ ئەو خۆ خۆرانەی کە ھەردەم لایەنگیری دوژمنی کوردو کوردستان بوونە.

١٦- ل١٠٥- جعبة= «ھەگبە، خورج، تووڕەگەی تیر».

«جعبة» لەگەڵ ھەگبە دەگونجێت. ھەگبە لەبەن، یاخۆ لەپەڕۆ دروست دەکرێت. یەکتاو دووتای وەک تیرکەیەکی بچووک وایە، کەچی خورجە یەکتایە و لە بەنیشە و سەردەمایەک کچی قوتابی لە جیاتی جانتا بە کاریان دەھێنا. تووڕەگەی تیرپیش-م بەرگوێ نەکەوتووەو نازانم مەبەستی چییە.

١٧- ل١٠٥- جاف: خشن= «دڵڕەق، تووڕە، تڕۆ».

دیارە مەبەستی نووسەر لە «جاف» مرۆڤە.

من وای بۆ دەچم وشەی «جاف» بە مانا «وشک» بێت، نەک بە مانا «خەشین» و «دڕ». وشەی «تڕۆ» مانا مرۆڤێکی سووک و ھیچ و پووچ، لەگەڵ مانای جاف ناگونجێت.

١٨- ل١١١- جماعة: زمرة= «دەستە، کۆمەڵ، کۆڕ، برادەران».

وشەی «کۆڕ» لەمەوە ھاتووە: «چەند مەڕێک لە تاو گەرمی ڕۆژ سەردەبەنە ژێر سەری یەکترو پاشەڵ لە دەرەوە». لەمەوەش گواستراوەتەوە بۆ «کۆڕو کۆبوونەوە». وشەی «برادەران» بە عەرەبی پێیدەگوترێت «أصدقاء»، نەک «زمرة».

١٩- ل١١٤- مجنون: ذاھب العقل= «شێت، وێت، پەتیارە، پەتەڕێ، شەیدا، دێوانە».

لێرە بۆ خوێنەران والاّ دەبێتەوە مامۆستای دانەر نیازی تەنیا زۆری بابەتەکە بووە. ئەگەرنا «وێت» کەی بە مانا شێت دێت. بگرە بۆ زۆربوونی وتەی کەسی قسەکەر بەکاردێت. وەک «شێت و وێت، نان و مان، ئیش و میش، ئاووماو....».

سەیر لێرە دایە مامۆستا «،» فاریزەی خستووەتە نێوان «شێت، وێت» کەچی لە ڕاستیدا ھەر بە «و»= «شێت و وێت» بیستراوە.

٢٠- ل١١٥- جنی= حصد= «دووریيەوە، کۆی کردەوە، کردییەوە، دروێنەی کرد».

تۆ خوا دروێنە بە مانا «کۆکردنەوە» و «کردییەوە»یە. ئەوەی قرشەی لە پەرێز کۆ دەکاتەوە پێیدەگوترێت: «گیشەکەر، تیلەکێش» و پێوەندی بە دروێنەکەرەوە نییە. مەگەر بە دەگمەن: پاڵەکە، کەسی نەبێت، یان لەبەر نەبوونی تیلەکێشی پێ نەگیرێت، ئەوکات بەخۆی دروێنە دەکات و قرشەش کۆ دەکاتەوە. من ئەمەی گوتم لە دەشتی ھەولێر بەڕاست دەزانم، نەک لەناوچەکانی تری کوردستان.

٢١- ل١١٨- جوبة: حفرة= «چاڵ».

جوبة کۆ «جمع»ەو دەبووایە تاکە «مفرد»ەکەی کە «جوب»ە بەکاربھێنابووایە.

بۆ مامۆستا لە بارتر بوو «قۆرت»ی لە جیاتی «چاڵ» بەکاربھێنابووایە. قۆرت گشتی تڕە. کونێک بەس دەستی پێوە بچێت پێیدەگوترێت «قۆرت» کەچی «چاڵ» لە دەشتی ھەولێر بەم چەشنە بووە: «بەژنێک زیاتر قوواڵە و بەرینیشی نزیکەی دوومەتر دەبێت. کاتی خۆی دەغڵیان تێدا ھەڵدەگرت». ئەگەر شتێک وەک تۆپ بەشوێنێک بکەوێت و زۆر قووڵی بکات دەڵێن: «جێیەکەی کردیتە چاڵێکی گەورە».

٢٢- ل١١٩- جوع: نقيض الشبع= «برسێتی، خورێن».

برسێتی و خورێن لەیەک ئایرن. ئەویان دەڵحاز ئارەزووی بۆ نان خواردن دەچێت، کەچی خورێن دوای لەخەوھەستان و ھیچی نەخواردبێت، مەرج نییە برسی بێت. ھەیە تا یەک دوو ساعات دڵی نان نابات بیخوات.

٢٣- ل١٢٢- محبوب: معشوق= «دڵخواز، دڵ ئارام».

«محبوب» مانا خۆشەویست، «معشوق»= دڵدار، ئەویندار. «ئازاد منداڵەکەی خۆی خۆشدەوێت»، جیاوازە لەگەڵ «نەوزاد ئاشقی ئەڤین بووە». کەچی مانای «دڵخواز» ئەو کەسەیە کە دڵی ئارەزووی شتێک دەکات.

«دڵ ئارام» ھەمبانە بۆرینە دەڵێت: «بێ جوولەو ھێدی». کەواتە مانای وشە کوردییەکان لەگەڵ مانای وشە عەرەبییەکان یەکتر ناگرنەوە.

٢٤- ل١٣٨- حزام: زنار= «پشتوێن، پشتێن، کەمەرە بەست، کەمەرە».

فەرھەنگی خاڵ دەڵێت: «کەمەرە بەستە: بریتییە لە کەسێک ئامادەی فەرمان بێت، کەمەر پشتێنی زیو، یا زێڕە». بۆیە لەگەڵ مانای «حزام= پشتێن» جودان.

٢٥- ل١٤٤ حاصود، حاصد، حصاد: الذی یحصد الزرع= «دروێنەکەر، سەپان، پاڵە».

وشەی «حاصود» کۆی «حاصد»ەو مانا دروێنەکەر. جا چ سەپان بێت، یاخۆ پاڵە. کەچی «حصاد» مانا

درۆینەیە، نەک درۆینەکەر.

سەپان و پاڵە لە یەکتر جودان. ئەویان ئەو کەسەیە کە لە یەکەم ڕۆژی درۆینەوە بەشداری دەکات، تا کۆتایی «جۆخین» و داکردنی «کا»و دان. کەچی پاڵە بەس بەو کەسە دەگوترێت: تەنیا درۆینە بکات، جا بەلاش بێت، یان بەکرێ.

٢٦- ل١٤٦- قدوم= «هاتن، گەیشتن، دیمانە».

دیمانە چاو پێکەوتنی یەکێک بە یەکێکی تر. نەک بە مانا «قدوم»

٢٧- ل١٥٦- حلاب: الذي يحلب= «شیردۆش، دۆشەر».

مەڕدۆش و چێڵ دۆشم بیستووە، بەڵام یەکەمجارە بەرگوێم بکەوێت: «شیردۆش» کەسێک شیر بدۆشێت. دیارە مامۆستا مانا مەشهوورەکەی «دۆشەر»ی نەبیستووە «بێری، بێریوان»ە.

٢٨- ل١٥٩- حمام، استحمام: اغتسال= «گەرماو کردن، خۆشتن، مەلەکردن».

«حمام»= گەرماوە. «استحمام» خۆشوشتنە لە حەمام. إغتسال گشتی تر لەمەی دوایی. «مەلەکردن» هەڵەیە.

وا پێدەچێت مامۆستا ئاگای لە شێوە زاری هەولێر نەبێت.. سەردەمایەک «سەر شۆرک» لە جیاتی «حەمام» بەکاردەهات. پاشدان «گەرماو»ی تەرجومەی «حمام» بەسەریدا زاڵ بووە، بۆیە لێی نەدواوە.

٢٩- ل١٦١- حمال: شيال= «کۆڵ هەڵگر، باربەر».

«باربەر»، یان «بارەبەر» لە «د. ھ» تەنیا بۆ وڵاخ دەگوترێت.

فەرهەنگی خاڵ جوانی ڕاقە کردووە: «بارەبەر= وڵاخێکە باربات» نەک مرۆڤ.

٣٠- ١٧٩- خروف: حمل= «بەرخ». لە لایەکی دیکەوە دەڵێت: خروف: ذكر الغنم= «بەران، شەک».

من نەم بیستووە «خروف» بە مانا «بەران و شەک» بێت.

کە تەمەنی لە ساڵێک ڕەت نادات.

٣١- ل٢٠٧- دخل: ضد خرج= «چوونە ناوی، تێی چوو، خۆی پێکرد، هاتە کایەوە».

هاتە کایەوە: مانا هاتە وجوود. لەگەڵ چوونە ژوورەوە جیاوازە.

٣٢- ل٢٣٥- رأفة: رحمة= «بەزەیی، میهرەبان، دڵسۆزی».

دڵسوزی بە عەرەبی مانا «مخلص»ە و لەگەڵ «رأفة» جودایە.

٣٣- ل٢٣٦- رؤيا: ماتراه في المنام= «خەو، خەون».

عەرەبییەکە مەبەستی «خەون»ە، نەک «خەو»ی بە مانا «نوم».

٣٤- ل٢٤٦ ترادف: ركب الواحد خلف الآخر= «یەک لە دوای یەک سوار بوون».

من ئەمەی بە ڕاست دەزانم: «یەکێک لە پشت یەکێکی تر سوار بێت».

یانی دووکەس سواری وڵاخێک بن نەک ئەو سوار بوونەی یەک لە دوای یەک.

٣٥- ل٢٥٥- راعي القطعان= «ڕەوەوان، ڕەوگەوان».

«القطعان» ئەگەر مەبەستی مێگەلە بزن و مەڕ بێت «راعی» یەکەی «شوان»ە، ئەگەر گاڕان بێت «گاوان»ە.

٣٦- ل٢٥٥:- رغيف الكتلة من العجين: «گونک».

لەلاپەڕە «٥٧٧» دەڵێت: «قرصة: رغيف= کولێرە، لەواشە، ئەستووک، خەپلە».

سەیرە «رغیف»ی بە تەنیا کردە ئەنگوتک، هەر کە وەگەڵ «قرصة»ی دا لە ئەنگوتک ترازاو بوو بە «کولێرە، لەواشە، ئەستوورک، خەپلە». «رغیف» نانەو ئەنگوتک نییە. «کولێرەو ئەستوورک» یەکن ئەم شێوە زاری هەولێرە، ئەویش شێوەزاری سلێمانی. «لەواشە» جۆرە نانێکە «کەرە ڕۆن و تەڕەپیاز»ی دەخرێتە ناوی. «خەپلە» ئەستوورکێکی تەواو نەبرژاوو ئەستووڕە، کاتی خۆی تایبەت بۆ سەگ دروست دەکرا.

٣٧- ل٢٧٢- ريق: لعاب= «لیکاو، تف».

وشەی «تف» بە عەرەبی «بصاق»ی پێدەگوترێت، لەگەڵ لیکاو= «ریق و لعاب» لەیەک ناکەن.

٣٨- ل٢٧٦- أزرق= زرقاء= «شین، خومی، کەوە، خوم».

وشەی «خوم» هەڵەیە. هەرچی شینە پێی ناگوترێت «خوم». خوم جۆرێکە لە شین، دەگوترێت: «شینی خومی».

وشەی «کەوە» لە «کەوی»ی وەرگیراوە. واتە سووتانێک پێش ڕەشداگەڕان مەیلەو سۆر، بۆرە. بەڵگەش: هەورێکی تەنکی بۆر کاتێک بە ئاسمانەوە بێت دەگوترێت: «ڕۆژەکەی کەوە ڕۆژە».

٣٩- ل٢٩٣- سجيل: حجارة كالطين اليابس= «کلمتک، خڕکە بەرد، تەمۆخ، تەموخ».

وشەی «سجیل» لە «سەنگە گل»ی کوردی وەرگیراوە. مامۆستا تەنیا مانای ڕاستییەکەی نەزانیوە، کە

پێیدەگوترێت «تاسولقە» من نازانم «خرکە بەرد» و «تەموێخ» چۆن دەگەنەوە یەک.

٤٠- ل٢٩٥- مسحوق: سحوق= «هاڕدراو، وردو خاش، فلیقاو»

«وردو خاش» لەگەڵ «فلیقاو» ناگونجێت. ئەمەیان بۆ شتی نەرمەو بتولخێتەوە، کەچی ئەویان دەبێ شتی ڕەق بێت.

٤١- ل٢٩٦- سخرة: عمل بلا أجر= «بێکار، خۆڕایی».

هەردوو وشە بەم تەرحە «بێکار، خۆڕایی» هەڵەنە. دەبووایە «کاری بێکرێ، کاری خۆڕایی»ی بگوتبووایە.

«سخرة» لە «د. ھ» کارێکی بە زۆرو بێکرێ بوو. کاری خۆڕایی و بێ پارە ناچێتە ژێرپەوە. چونکە ئێستاش لەگەڵ دابێت، زۆر کەس هەیە ئیش بۆ خزم و دۆستی بێکرێ دەکات و سوخرەشی پێناگوترێت.

٤٢- ل٣٠٨- سقف، سقف البيت: جعل له سقفا= «سەری گرت، سەربانی گرت، دارە ڕای کرد».

دارە ڕا= «دارە ڕێ» هەڵەیە. لە زەمانی زوو خانوو «دارەڕێ» دەکراو هەراش = «کەپەر و گۆگەم و قەسەڵ» یان دەهاوێشتە سەر دارەڕاکە، ئەوجا بەقوڕ سەری دەگیرا.

٤٣- ل٣٢٠- سنة: فرض= «فەرمان».

بەرامبەر وشەی «سنة» و «فرض» وشەیەکی لە زمانی کوردی بەرچنگ نەکەوتووە، بە خوایشتی خۆی «فرمان»ی داناوە. ئەویش هەڵەیە.

هەموومان دەزانین «ئایین»ەکەمان عەرەبییە، گەلی کوردیش پێش ئیسلام ئایین پەروەر بووە و خواپەرستی کردووە. «ڕۆژوو»ی گرتووە بەرامبەر «صوم»ی عەرەبی و نوێژیش بەرامبەر «صلاة»، کەچی حەج و زەکاتی نەبووە ناچار وشە عەرەبییەکانی بەکارهێناون. هەروەها «سنة» و «فرض»یشی لا باو نەبووەو دەقە عەرەبییەکەی بەکاردەهێنێت.

«سنة» و «فرض» یەک نین، هەروەکو مامۆستا وای بۆچووە، ئەویان ئەگەر بیکەیت خواخێرت دەداتێ، ئەگەر نەیکەت سزات نادات. کەچی «فرض» دەبێ بیکەیت. ئەگەر نا سزا دەدرێیت.

٤٤- ل٣٣٨- شخيص: جسيم= «کەتە، زەلام، زەبەلاح، چەتەول، تەراح، دێوی».

گەلی کورد حەق وایە خەنی ببێت بەرامبەر هەر وشەیەکی عەرەبی ئەوەندە وشەیەی هەبێت. من هەر ئەوەندەی دەڵێم: «تەراح» بەو کەسە دەگوترێت کە دەغڵ دەپێوێت. ئیتر چیتر نالێم و بابەس بێت.

٤٥- ل٣٤٠- شوربا= «شۆربا= شلە».

مهاباد دەڵێت: «شۆربا= مەرەگ».

هەمبانە دەڵێت: «شۆربا چێشتی تراو».

خاڵ دەڵێت: «شۆربا چێشتێکی شلی تراوە».

منیش دەڵێم: «شۆربا چێشتێکی زۆر شلە و دانی وەک برنج و نیسکی تێدابێت».

٤٦- ل٣٥٤- شک: خلاف اليقين= «گومان، دوودڵی، دڵپیسی، دڵکرمی».

«دڵپیسی» و «دڵکرمی» هیچ پێوەندییان بە «شک»ەوە نییە.

«من دڵنیام: ئازاد کابرایەکی دڵپیسە». کەواتە لێرەدا کەوتە خانەی «یەقین»ەوە.

٤٧- ل٣٥٥- شكيمة: أنفة= «لووت بەرزی، ترزلی، ترۆیی».

«ترۆیی» بەکەسێک دەگوترێت کە سووک بێت لەگەڵ لووت بەرزی زۆر لەیەک دوورن.

٤٨- ل٣٥٧- شمسية: مظلة= «چەتر، چەرداخ، سێبەر، سەیوان» تۆخواکەی «سێبەر» بە مانا چەتر هاتووە. چەتر سێبەری هەیە نەک سێبەرەکە بێت.

٤٩- ل٣٦٦- مشيمة الجنين: خلاس= «وێلاش، پزدان زارۆک» ڕاستە «مشيمة= پزدان»ە، بەڵام نازانم وشەی «خلاص، زارۆک چ لێ بکەم.

٥٠- ٣٦٩- صبي: ولد، غلام= «کوڕ، گەنج، لاو».

من ئەمەی بە ڕاستتر دەزانم «صبي= طفل= کوڕی ساوا». وشەی گەنج و لاو زێدەنە.

٥١- ل٣٩٦- ضد: خصم= «دژ، دژکار، ناحەز، دوژمن دژوار، نەیار».

هەمبانە دەڵێت: «دژوار= چەتوون، سەخت، زەحمەت»، لەگەڵ مانای وشەکانی دی ناگونجێت.

٥٢- ل٤٢٦- طوفان: سيل، مغرق= «لافاو بوران».

بووران= باوبارانە= «الريح مع المطر». لەگەڵ لافاو لەیەک دوورن.

٥٣- ل٤٥١ ظبي: ذكر الغزال= «نێر ئاسک، نێرە ئاسک».

ئەگەر ئاسکی نێر»ی بگوتبووایە ڕەواتر بوو.

«ظبية: أنثى الغزال= «نێر ئاسک، نێرە ئاسک».

دەبووایە بیگوتبووایە «ئاسکی مێیە». وێدەچێت: هەڵەی چاپ بێت.

٥٤- ل٤٥٥- عبس، عبس وجهه: قطبه= «ڕووی گرژ کرد، خۆی گرژو مۆن کرد».

وشەی «مۆن» لەگەڵ ڕووگرژی جودایە: «منداڵەکە چاوی مۆنە».

ئەوکاتە دەگوترێت ئەگەر منداڵەکە کارێکی خراپی کردبێت، وەک پیسایی بەخۆداکردن.

٥٥- ل٤٥٨- عثمان: حیة: فرخ الحیة= «مار، بەچکە مار، تووڵە، تووڵە مار» «عثمان» = «تیرەمار»و بەس. ئەوانی دی زێدەنە. «تیرەمار»، بە بۆچوونی من لە «تووڵەمار» شیاوترە. واتە مارێکی باریکی وەک تیر.

٥٦- ل٤٦٠- عجل ولد البقرة= گوێرەکە، پارێن، یۆغە، جوانەگا، نۆبەن، نەوەن، نەنگین».

گوێرەکە لە کوێ و نۆبەن= «جوانەگای سێ ساڵی» لە کوێ. گوێرەکە بە تەمەن زۆر بچووکترەو لەگەڵ «٣» وشەکەی تریش ناگونجێت. مامۆستا تەنیا بۆ زۆری و بۆری خستوونیە سەر کاغەز.

٥٧- ل٤٩٧- عامل، فاعل: الذي فعل الأمر= «بکەر، کارا، کار».

وشەی «کار» بە مانا «فعل»ی عەرەبییەو چۆن دەچێتە ژێر باری «فاعل»ەوە.

٥٨- ل٤٩٩- عنید، معاند: عاص= «یاخی، بەلەسە، خۆسە، چەپخوون، چەقاوە سوو، چەتاوەر، چەموور، شێرگێر».

«عنید»= «لامل»، «ملهور= لاسار» ئەمەیان بەرامبەر «عنید»ەو لە وشەکانی پێشوو شیاوترە.

وشەی «چەقاوەسوو»: هەمبانە دەڵێت: «چەقاوەسوو: خووگرتوو بەخراپە، بێ شەرم و بە چەقەو شلتاخ».

خاڵ دەڵێت: «چەقاوە سوو= مردوومی بێ شەرم و چوختی».

مهاباد دەڵێت: «وقیح، عدم الحیاء».

منیش دەڵێم: «چەقاوە سوو کەسێکی بێ شەرم و لە هیچ کۆڕو کۆمەڵگەیەکدا، لەکاتی ئاخافتندا گوێ لە گفتی کەس نەگرێت و تەنیا خۆی بێ کەڵێندان میرپەنجوێ قسان بێت».

٥٩- ل٥١٢- غدیر: برکة ماء= «ئەستێرک، ئەستیل، ئەستێک، گۆم، زەلکاو پەنگاو سەراو».

مهاباد دەڵێت: «زەلکاو: مستنقع».

خاڵ جوانی ڕاڤە کردووە: «زەلکاو= شوێنێکە ئاوی تیا وەستا بێ و ناوە، ناو زەل و گیای تیا ڕوابێت».

کەواتە «زەلکاو» لەگەڵ «غدیر» یەکتر ناگرتەوە. وشەی «سەراو» لە «د. ھ» چوونە «سەرئاوە». «قیان چوویتە سەراوێ، یا سراوێ». واتە چووە ئاو بۆ ماڵەوە بهێنێت. کەواتە لەگەڵ «غدیر» یەک ناگرتەوە. هەروەها «پەنگاو»یش کە ئاوێکە لە شوێنێک کۆ ببێتەوەو جێی ڕۆیشتنی گیرابێت.

٦٠- ل٥١٣- غرارة: کیس= «هۆڕ، گونیە، تووڕەگ، خەرار، خورج، جەواڵ، کیسە».

«غرار» لەگەڵ «خرار»، یان «خەرار» یەکە. جەوالێکە لە موو دروست کرابێت، نەک لە بەن. وشەکانی تر خڕیان زێدەنەو لەبەر درێژ دادڕی نەبێت، لە یەکەیەکەیانم دەکۆڵییەوە.

٦١- ل٥١٥- غرس: زرع= «چەقاندن، ڕواندن».

لە جیاتی وشەی «چەقاندن» وشەی «چاندن»ی بەکار بهێنابووایە لەبارتربوو: «زانا دارەکەی لەسەر بان چەقاند» ئەمەش لە مانای «غرس»ی عەرەبی دوورە.

٦٢- ل٥١٨- غشاش، مخادع، یخدع= «فێڵباز، گزیکەر، خەڵەتێنەر، کەڵەکچی، سەرچەوت، جامباز، تەڵەکەباز، دەست پیس، داوێن پیس، کەڵەکە باز، فریوباز».

«جامباز» دەڵاڵی فرۆشتنی ئاژەڵەو والێرەش کراوە بە «غشاش».

مەرجیش نییە ئەو کەسەی داوێن پیس بێت ئەو هەموو سوخەتانەی سەرەوەی لێ بێتەدی.

٦٣- ل٥٢٧- مغن: منشد= «گۆرانی بێژ، دەنگ بێژ، دەنگ خۆش».

یەکەم کەڕەتە من وشەی «دەنگ بێژ»م بکەوتە بەرگوێ. گۆرانی بێژیش مەرج نییە دەنگی خۆش بێت. هەروەکو مامۆستا وای داناوە.

٦٤- ل٥٣٣- فتح: ضد أغلق= «کردییەوە، خستییە سەر پشت».

خستنە سەر پشت بۆ دەرگا دەگوترێت، بۆ «فتح آزاد فمە» ناشێت:

٦٥- ل٥٣٣- مفتوح: ضد مغلق= «کراوە، دەست پێکراو، زەق».

«دەست پێکراو»، یان دەست پێ بکرێت «إفتتاح» (*)ەو وشەی «زەق»یش هەڵەیە.

لەسەر فەرهەنگنووسیی «عەرەبی و کوردی» پێویستە «چاوگە»= «مصدر»ی وشە عەرەبییەکە ڕاڤە بکات و بەس. بۆ وێنە «فتح»= کردنەوە. نەک پەل بۆ ئەو وشانەی کە لە «فتح» وەرگیراوە باوێت.

وەک: «فتح، یفتح، فاتح، مفتوح». ئەوسا ئەوەندە زۆر دەبێت بە دەیان فەرهەنگ ناگەینە ئامانج. مامۆستا بە داخەوە ڕەچاوی ئەمەی نەکردووە.

٦٦- ل٥٤٠- فرخة: دجاجة= «باڕۆکە، فروج،

مریشک».

مامۆستا لە هەوڵی نووسینەکەیدا ئەگەر وشەیەکی عەرەبی، بە عەرەبی ڕاڤە کردبێت لە نێوانیاندا «:» داناوە. لێرەش بەهەمان شێوە لە نێوان «فرخة: دجاجة»ی داناوە. گوایە: «فرخة= دجاجة»ە.

٦٧- ل ٥٤٨- فصح: كان فصيحا= «زمانەکەی خاراو بوو، خاوێن بوو، پاراوبوو» زمان خاوێنی و پاکی بە کەسێک دەگوترێت، قسەی دزێوو جوێنی بەسەر زاردانەیەت. نەک بەمانا: «زمان لووس، فەساحەت»ی لە قسە کردندا هەبێت.

٦٨- ل٥٥٢- فطس: مات= «تۆپی، پسا، مرد، مردار بووەوە» «تۆپی» و «مردار» لەیەکتر جودان. تۆپین بۆ مردنی ئاژەڵێک دەگوترێت کە گۆشتی نەخورێت وەک «سەگ و گوێدرێژ»، کەچی مردار مردنی ئاژەڵێکە کە گۆشتی بخورێت. وەک «چێڵ و مەڕ». وشەی «پسا» لێرە زێدەیە.

٦٩- ل٥٦٦- قابل: واجه= «بەرەو ڕووی بووەوە، بەرەنگاری بوو، بەرەو ڕووی وەستا، دیدەنی کرد».

وشەی «بەرەنگار» بەزۆری بۆ شەڕ دێت، نەک بۆ دیدەنی، هەروەها بەرەو ڕووی وەستا»ش.

٧٠- ل٥٧٣- قدوم: مجيء، حضور= «هاتن، ئامادە بوون، دیمانە».

وشەی «دیمانە» بە مانا دیتنە، نەک هاتن و ئامادە بوون.

٧١- ل٥٧٦- قرب: خلاف البعد= «نزیکی، کن».

مهاباد دەڵێت: «کن: عند، لدی». «ئامانەتەکەت لە کنە منە». کەواتە لەگەڵ «قرب» یەک مانا نین.

٧٢- ل٥٧٨- قرع: دق= «لێدان، کوتان، داپلۆسین»

«قرع» و «دق» بۆ لێدان و کوتانی دەرگا دێن. «داپلۆسین» لەگەڵ ئەوان ڕێکناکەوێت: «ئازاد نەوزادی باش داپەلۆسی».

٧٣- ل٥٨٠- قرينة: زوجة= «خێزان، ژن، هاوسەر، هاومل، مێیە».

«هاومل» و «هاونیر» بە دوو گوێدرێژ، یان دوو ولاخ دەگوترێت کە بەرزی بالایان وەک یەک بێت. کە گوتراش «ژن» پێویست بە وشەی «مێیە» ناکات.

٧٤- ل٥٨٤- قاص، قصاص، من يأتي بالقصة: الذي يروي القصص= «چیرۆک خوان، دەنگ بێژ، بەیت بێژ».

سەرم لە مانای «دەنگ بێژ» سوڕماوەو کەچی «بەیت بێژ» ئەو کەسەیە: کە بەیت و بەستە دەڵێت، نەک چیرۆک.

٧٥- ل٦٠٠- قلس: خرج من بطنه إلى فمه طعام أو شراب= «هێلنجی دا، هێنایەوە، ڕشایەوە، قوڵپی دا»

قوڵپ و هێلنج نیشانەی ڕشانەوەنە. هەیە قوڵپ و هێلنجیشی دێتێ ئەوجا ئیستیفراق ناکات.

٧٦- ل٦١٦ كبر، كبرياء: تجبر= «ترۆپی، زۆرداری، زۆر و ستەم»

«كبرياء»= «لووت بەرزی و خۆ بەگەورەزان». مانای هەرسێ وشەکانی مامۆستا لەگەڵ مانای «كبرياء» ناگونجێت.

٧٧- ل٦١٧- كبش: ضأن= «بەران، تگل».

«ضأن» مەڕەو «تگل» تەگەیە و لەگەڵ «كبش»= بەران ئایرن.

٧٨- ل٦٢٨- كسوف وانكساف الشمس أوالقمر: حجبها= «خۆرگیران، مانگ گیران».

«كسوف» بەس بۆ خۆرگیران دەگوترێت. بۆ مانگ گیران «خسوف»ە.

٧٩- ل٦٣٢- كفاح: نضال= «خەبات، تێکۆشان، پەل کوتان، هەوڵدان، تەقەلادان»

مانای «خەبات» و «تێکۆشان»، لەگەڵ مانای وشە عەرەبییەکان دەگونجێت، کەچی سێ وشەکانی تر بە هەڵە بەکارهاتوون.

٨٠- ل٦٣٦- جندي مكلف= «سەربازی گیراو». کەچی لە ڕاستیدا سەربازی بەزۆرە، نەک گیراو.

٨١- ل٦٣٧- كمامة، كمام الفم: مایکم بە فم الحيوان لئلا يعض= « دەم بەست، لەواشە، کەمۆلە، قەمتەر، سنگ، سندم».

لە «د. ھ»: «لەواشە»ی ناوە. شتێکە وەک لغاو لەکاتی نالکردندا بۆ ئەوەی بەرزەفت ببێت، لە دەمی ئەسپی بە بزێوو هێستری چەمووش دەکرا، نەک بۆ گەزە لێنەدان هەروەک مامۆستا وای بۆچووە.

مانای وشەی «قەمتەر و سنگ و سندم»یش بۆ ئێرە دەست نادات.

٨٢- ل٦٥٠- لاحق: تبع= «شوێنی کەوت، دوای کەوت، ڕاوی نا، نیشتە سەری». «نیشتە سەری» بەمانا لێدانەو بۆ ئێرە ناگونجێت.

٨٣- ل٦٦٧- لها: لعب= یاری کرد، گەمەی کرد، خۆی خەریک کرد، خۆی خافلاند».

گەمەو خۆ خەریک و خافلاندن کوجا مەرحەبا.

٨٤- ل٦٦١- ملان: ملجأ= «پەرێز، پەنا، پەناگە، حەشارگە، هەناگە».

من منداڵی نێو کشتوکاڵم هەرگیز بەرگوێم نەکەوتووە: «پەرێز» بە مانا «ملجأ» بووبێت.

٨٥- ل٦٨٦- ممرضة: المرأة التي تعنى بالمرضى= «نەخۆشکار، برین پێچ، سستەر، ئافرەتی نەخۆشەوان».

ئەمە یەکەم کەڕەتە: وشەی «نەخۆشکار» و «نەخۆشەوان» ببیستم.

٨٦- ل٦٩٢- ممشى: مكان التمشي= «شۆستە، وشکانی، شوێن ڕەو، گوزەر».

«پیادەڕۆ» لە هەموو بێژەکانی ماموستا هەموارترە. «وشکانی» هەڵەیەو لەگەڵ ئێرە ناگونجێت.

٨٧- ل٦٩٣- مصاصة: مايص= «مژەر، مژمژۆک».

وا دیارە ماموستا لە شێوەزاری هەولێر بەڵەد نییە، کە دەڵێن «مژمژە».

٨٨- ل٦٩٦- معز، معز: معزى، عنزه، تيس= «بزن، چتیر، خرت».

وشەی «معزی» کۆی «معز»ە= «ڕەشانی مێ». «تیس»= ڕەشانی نێر= «تەگە». «چتیر»= ڕەشانی مێی دوو ساڵی. «خرت»= ڕەشانی نێری «٣» سێ ساڵی= «تەگ». کەواتە «خرت» و «تیس» بۆ ئێرە هەڵەنە.

٨٩- ل٧٣٧- منتشر: ممتد: «ڕاخراو، داخراو، بڵاو، فراوان».

وشەی «منتشر»= بڵاو بوونەوە، کەچی «ممتد» درێژ بوونەوەیە. «ڕاخراو» و «داخراو» دژی یەکترن. «فراوان»یش بە شوێنێکی «بەرین» دەگوترێت پێوەندی بە دوو وشەکەی سەرەوە نییە.

٩٠- ل٧٤٦- نعجة: أنثى الضأن= «مەڕ»

لە هەمان لاپەڕە دەڵێت: «نعاج= «مێگەل».

«نعاج» کۆی «نعجة»یە. مێگەڵ «قطيع»ی پێدەگوترێت، نەک نعاج. ئەمەیان بۆ «٣» سەرمەڕیش دەبێت، کەچی ئەویان دەبێ لە «٢٠» سەرمەڕ زیاتر بێت.

٢٠٠٥-١-٤

١٤/ی بەفرانباری -٢٧٠٤/ کوردی

(*) لە دەشتی هەولێر لە جیاتی «إفتتاح» سفتاح بەکاردێت.

بەرجەستەکرنا دلینکی د چیرۆکا (سیبەرا خەباتێ)دا

عەبدولخالق سولتان
(دهۆک)

سیبەرا خەباتێ

حەسەن ئیبراهیم
نورنبێرک- ۲۰۰۳

سەرێ خۆیێ وەرمتی دانا سەر وێ ماسا ژ پیساتیێ و کەڤناتیا سالان رەنگێ خوە گوهارتی.

چەند جارەکێ دەنگ ژ گەوریا ئێک ژوان روینشتیان دئێت یان دەنگێ لێکدانا دوو شویشا دئێت، سەرێ خوە بلند دکەت و بەرێ خوە ددەتە جهێ دەنگ ژێ هاتی.

جار ژی دویکێلا جگاران، ئەوا ب بانێ وێ مەیخانا وەک شکەفتا ڤە بوویە ئەور، ب هەمی هێزا خوە د هەلکێشیتە گەوریا خوە.

جار ژی وان شویشێن ڤالا سەروبن دکەت و هندەک چپکا ژێ بەردەتە گەوریا خوە و جارەکا دی دزڤرێتە جهێ خوە و روینشتنا خوە.

– مامۆستا.. مامۆستا

– بەلێ تە خێرە؟

– هلۆ، ڤی جهی ڤالاکە.. ئەڤە هندەک میهڤان هاتن.

– بلا کەرەمکەن.. جهێ وان ژی هەیە..!

– نە.. نە تو کەرەمکە دەرکەڤە، دا ئەم بزانین شۆل بکەین.

– دێ کیڤەچم؟ ئەز ژی وەک وان مرۆڤم!

– لێ ئەو وەک تە نە قەردارێن مەنە.. هەتا تو وان پارێن ل سەر خوە نەدەی.. تۆ فرێ لێ نادەی.

– وەسا دیارە تۆ من نانیاسی؟ ما تۆنزانی، گەلەکێن وەکی تە ل هێڤیێ بوون چانتکێ من هەلگرن و گەلەکا هیڤی بوو تڤەنگا من راکەن؟ هەوە هەمیان مراد بوو ل دیوانا من روینن.

– ئەو دوهی بوو.. سلاڤ ل ئەڤرۆیە.

– لێ هەر ئەز ئەو مرۆڤم.. هەر ئەز ئەو شێرم.. تنێ، تنێ یا ژ من کێم چەند فلسەکن و ئو.. ئو...ئو

– ئەها مە ئەو چەند فلس و ئەو ئو ئو دڤێن مادێ چ ل تەکەین.

* * *

دڤێ کورتە چیرۆکێ دا نڤیسەری هەولدایە بۆمە سەروبەرێ پێشمەرگەکێ کەڤن و دێرین و خەباتکەر ل ڤی سەردەمی بدەتە خویاکرن، ئانکو ڤیایە بۆ مە دیتنا مرۆڤێن ئەڤرۆ بۆ وان کەسێن د سالێن بەرێ دا خەبات و شۆرەش دکر بەرجەستەکەت..

چیرۆک ب دیمەنەکێ سەرنجڕاکێش دەستپێ دکەت، ئەو ژی دیمەنێ مرۆڤەکێ ماندییە (سەرێ وی یێ وەرمتریە) بێ ل باڕەکێ- مەیخانەکێ- روینشتیە و دیارە کو یێ سەرخۆشە و ئەڤە ماوەکێ درێژە یێ روینشتی، چنکو

شـویشـێن وی هەمی یێن ڤـالا بووین تنێ چپک یێن تێداماین.. بەڵێ سەرەڕای ڕوینشتنا وی یا ژمێژە ئەوی دڤـێت هێـژ ڤەخـۆت و جگارە ژی ڤێ نەمـاینە بکێشـیت لەورا بێ وێ دویکێـلا ژمێـزێن دەوروبەر د هەلکێـشـیت (جـار ژی دویکێـلا جگاران، ئەوا مـایە ب بانێ وێ مـەیخـانا وەک شکەفـتـا ڤـە بوویە ئەور، ب هەمی هێـزا خوە هەلکێشتە گەوریا خوە، جار ژی شویشێن ڤالا سەرو بن دکەت و هندەک چپکان ژێ بەردەتە گەورەیا خوە).

وەسا دیارە کو ئەو مرۆڤەکێ بێ پارەیە لەوما نەشێت چ ڤەخۆت.

پشـتـی دانوسـتـاندنەکـا کـورت دناڤـبـەرا وی و خـزمـەتکارەکێ مـەیخـانێ دیار دبیت کـو ئەڤ زەلامـە دەدەمێ خوەدا مێرەکێ چەلەنگ بوو و زەلامەکێ عەگید و مێرخاس بوو، زۆربەیا کەسان، دڤیان ب خزمـەتا وی رابن (ما تۆنزانی ئەز کیمە، گەلەکێن وەک تە ل هیڤیێ بوون تڤـەنگا من راکـەن؟ هەوە هەمـیا مـراد بوو ل دیوانا من روینن).

بەڵێ سەرەڕای ڤێ دیرۆکـا پڕ شـانازی و مـێـرخـاسی وزیرەکی ئەڤا ڤی کەسی هەی دێ بینی خزمەتکارەکێ بێ دەستـهـەلآت یێ لێ دخـۆڕیت و ژ مـەیخـانێ دەردئێـخیت ژبەرکو چ پارە د بەریکا وی نینن..!

ئەڤـە ژی لێنێـرینەکـا جـوانە ژڵایێ نڤـیـسـەری ڤـە بۆ ژبیرکرنا جڤاکێ مە بۆ ڤان توخمە کەسان ئەوێن گەشترین ڕۆژێن ژیێ خـوە کرینە قـوربانی بۆ مللەتێ خوە.. و ئەڤ چیـرۆکـە مـینا نامـەکـا ڤـەکـریە بۆ هەمی تەخ و تویژ و چینێن جڤاکی کو چاڤێ خوە بدەنە ڤان ڕەنگەکەسان و چ جـاران قـەرێ وان ژبیـر نەکـەن.. و ب دیتنا من ئەڤـە ناڤەرۆکەکا باشە بەڵێ یا دویرە ژ ناڤەرۆکا کورتە چیرۆکا ئەڤرۆ.. چونکی کورتە چیرۆکا کوردی نوکە ژوێ قۆناغێ دەرباسبوویە ئەوا کو چیرۆک ببیتە ئالاڤەک بۆ گەهاندنا ئاریشەکێ یان کێشەکا جڤاکی.. کورتە چیرۆکا کوردی یا نوکـە هەمی سـەنگێ خـوە ددانیـتـە ل سـەر هندێ کـو سەرێ خواندەڤانی تژی پرسیارکـەت و هەمی بیـاڤان ل بەر ڤـەدکـەت دا کـو ئەو بخـوە هزرێن خـوە تێـدا بکەت، ئانکو خـواندەڤـان نەتنێ دچارچوڤێ رویدانێ دا بمینت.. بەلکو ئەو ژی ببیتە ئاڤا کەرەکێ دی یێ چیرۆکێ..

هەرچەندە چیرۆکنڤیس (حەسەن ئیبراهیم)ی هەولدایە خـواندەڤـانی ب رویدانێن چیـرۆکێ ڤـە گـرێبـدەت، لەورا چیرۆکا خوە ب ئێک سەلیقە نەبریە، بەلکو جار ڤەگێڕان بکارئینایە و جار ژی دیالۆک و فلاش باک و جـاران ژی شـێـوازێ سـالوخـەتی بۆخوە کریە رێکا دەربرینێ.. ئەڤـە هەمی نیـشـانێن شارەزایا وی نە دلایێ تەکنیکا کـورتە چیـرۆکـێـدا.. بەڵێ سەرەڕای ب کـارئینانا ڤان تەکنیکان ناڤەرۆک هەر مایە ئەو نـاڤەرۆکا تنێ ئێک شرۆڤەکرن بۆ دهێـتـە کرن و ژ قـالبێ ئێک ئەگەر نەدەرکـەفـتـیـە، چنکو خواندەڤان نەشێت، خو ژ چارچوڤێ رویدانێ قورتال کەت و هزرا وی ژ بازنێ وێ رویدانێ دەرناکەڤت.

ب دیتنا من ئەڤـە خالەکە یا پێدڤـیە چیرۆکنڤیس باش ل سـەر راوەسـتـیت و هویر هزرێن خوە تێدا بکەت چنکو پڕانیا چیرۆکێن د کۆمەلا (هەلوو ئەوروپا)دا ل دویڤ ڤی تەرزی هاتینە دارێتن.. و ڤێ چەندێ ئەگـەرێن خـوە هەنە و ب دیتنا من ئەگـەرا ژ هەمـیـان مـەزنتـر ئەوە کـو چیـرۆکنڤیس ئەڤـە پتـرە ژ دەھ سـالان ل دووری وەلاتی دژیت- پـەنا بەرە ل ئەلمـانیـیـا- و ڤێ چەندێ رەنگە ڤـەڤـەتیـانەک دناڤبەرا وی و پیـڤـاژوویا کـورتە چیـرۆکـا کـوردی یا دەڤـەرێ کـریە.. و چەوا ئەم دزانین چیـرۆکـا کـوردی دڤـان سـالێن بۆریدا زۆر وەرار کـریە و پێشکەفتیە.. و ئەڤ چەندە یا دیارە دەمێ ئەم چیرۆکەکا چیرۆکنڤیسەکی مینا جەلال مستەفا یان یونس ئەحمەدی یان سالح غـازی یا ئەڤرۆ بەراورد دکەین دگەل چیرۆکەکا بەری دەھ سـالان، کـو دێ گـوهورپنێن مـەزن و بەرچاڤ بۆمە تێدا دیاربن ژ ئالیێ ناڤەرۆکێ و فۆرمێ و تەکنیکێ و زمـانی.. ئەڤـە ژی بۆ هندێ ڤـەدگـەرێت کـو چیـرۆک و چیـرۆکنڤیسـێن مە بۆ خوە مفا ژ تیـۆرێن ئەدەبی یێن نوی وەرگرتیە و ب تایبەتی تیۆرا وەرگرتنێ (نظرية التلقي) ئانکو وەرگر کریە ئارمانجا خوە و هەمی گرنگیا د دانیـتـە ل سـەر هندێ کـو ڤی وەرگـری تێـرکـەت و نەهێلیت تنێ وەرگـر، بەلکو ببـیـتـە ئێک ژ ڕەگـەزێن سـەرەکی یێن چیرۆکێ و ڕۆلێ خوە دناڤ رویدانان دا ببینیت.

هەروەسـا گـوهرپنێن بەرچاڤ د ئالیێ زمـانێ چیـرۆکێ ژی دا هاتینەکرن کـو بەرەڤ شاعیریەتێ چوویە، ل ڤێرێ دڤـێت بێـژین کـو زمـانێ چیـرۆکـا (سـیـبـەرا خەباتێ) زمـانەکێ خـۆشـە و جـوانە و خـواندەڤـان هیچ ئیـزایێ و نەخـۆشـیـێ پێ نابەت ب دیتنا من ئەڤـە کـارەکێ باشـە هیڤیە چیرۆکنڤیس بەردەوامیێ ل سەر بکەت.

ل دویماهیێ من دڤـێت بێـژم کـو شـیـوازێ ڤـێ چیـرۆکی شـێـوازەکێ تەقلیـدی بوویە و ب دیتنا من ئەڤـە ژی بۆ هندێ دزڤـڕیت کـو چیـرۆک ب شـێـوەکێ دلینکی هاتیەدارێتن.

تاقیکردنەوەم لە چیرۆکنووسیندا

محەمەد مەلوود مەم

* لە حەفتایەکان کە لە هەولێر بووم پێش ئەوەی لەگەڵ هاورێیم (شێرزاد حەسەن) بەرەو سلێمانی بڕۆین، من یەکێک بووم لەوانەی زۆر لە خوالێخۆشبوو (محەمەد مەلوود مەم) نزیک بووم، ئەم برادەرایەتییەش زیاتر هونەرەکەی بۆ ئەو دەگەڕایەوە، چونکە خۆی هەستی نەدەکرد تەمەنی لە ئێمە گەورەترە. (مەم) وەک گەنجێکی خوێندەوار و داهێنەر دەهاتە بەرچاو، نووسەرە لاوەکانی زۆر خۆشدەویست و هانی دەدان. کە لەگەڵیدا دەکەوتیتە گفتوگۆ کردن هەستمان بە جیاوازی تەمەن نەدەکرد.

* لە دیداری دووەمی چیرۆکی کوردیدا (١٩٨٢ – هەولێر) (مەم) ئەزموونی چیرۆکنووسیی خۆی خوێندەوە، پاشان لە ژمارە (١)ی گۆڤاری کاروان–دا بڵاوکرایەوە، کە بینیم دیاربوو لە بێ سەروبەری بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی زۆر پەست و نابەدڵ بوو، هەرچەندە بڕیاری دووبارە بڵاوکردنەوەیان پێدابوو و جارێکی دیکەش بۆیان بڵاوکردەوە، بەڵام ئەو هەر تووڕە بوو، چونکە پێی وابوو دیسان هەڵەی زۆری تێکەوتووە، بۆیە (مەم) دانەیەکی لەو ئەزموونی چیرۆکنووسییەی خۆی دامێ و گوتیشی پشت بە نووسینە بڵاوکراوەکە نابەستڕێ، پێی باش بوو دانەیەکی دەستوخەتی خۆی لەلام بێ و ڕاستەوخۆ ئەو نوسخە دەستوخەتەی ئەو بخوێنمەوە.

* ئەمڕۆکە دوای تێپەڕبوونی چارەکە سەدەیەک بەسەر نووسینی ئەو بابەتەی (مەم)ی نەمر وەک وەفادارییەک بۆ گیانی پاکی ئەو داهێنەرە کوردە، بە کەمێک دەسکاری ڕێنووسەکەی حەز دەکەم دەقی تەواوی ئەو نووسینە وەک خۆی و بەبێ هەڵە لە (ڕامان)دا بڵاو بکەمەوە، تا زیاتر سوود بە خوێنەران و باسکاران بگەیەنێ و نەوەی ئەمڕۆشمان لەسەر تاقیمانە و ئەزموونی ئەو نووسەرە گەورەیە بوەستن.

* ڕەخنەگر و لێتوێژەرەوەی کورد دەتوانێ زۆر سوود لەو نووسینە وەربگرێ و زیاتر لە جیهانی چیرۆک و

نۆقلێت و ڕۆمانەکانی (مەم) نزیک ببێتەوە و شارەزای سەرچاوە و چاووگەکانی ڕووناکبیریی ئەم نووسەرە بن، بۆیە پێش نووسین لەبارەی بەرهەمەکانی (مەم) ناکرێ ئەو نووسینە نەخوێنرێتەوە.

(سەرنووسەر)

بەڕێزان:

ڕەنگە هەندێک لە ئێوەی بەڕێز، وایان دانابێ کە، تاقیکردنەوەکانی نووسەرێک.. شتێکی تایبەتین! واتا دەچنە چوارچێوەی «زاتیەتێکی صرف!!». ئەگەر بە تەمای ئەوەبن، چۆن لەبەر دەکەم، چۆن دەخۆم، چۆن دەخەوم، ئەوا حیساب بکەن ڕەنجی ئەمڕۆمان بە خەسارچوو؟!

پێرێژنەکەی دایکم دەیگوت: ئەگەر جۆی زەردکراو «واتا نیوە کوڵاو» بدەی بە مریشکێکی هێلکەکەر، هێلکەی زۆرتر دەکا!! تاقیکردنەوەکانی زانستیش دەرمانی وایان دۆزیوەتەوە هێلکەی مریشکی پێ ڕەنگاوڕەنگ دەبێ. ڕەنگە ئەمانە ڕاست بن، بەڵام نووسەر، ئەم جۆرە تاقیکردنەوانەی لێ نایەن!. مەرج نییە هەورە تریشقە، یان لێزمەی باران، یان زەردەپەڕ، یان مانگی چواردە، دەرگای ئیبداع بۆ نووسەر بخەنە سەر پشت، یان دیمەنی جوان، کچی جوان.. گوڵی جوان، شاعیر وەشیعر بهێنن.

بە ڕای من تاقیکردنەوەکانی نووسەرێک هەرچەندە زاتی-یش بن، دەبێ بەشێک بن لە تاقیکردنەوەکانی کۆمەڵەکەی. لەبەر ئەوە تاقیکردنەوەکانی من پتر گشتین و پێوەندییان بە باری گشتی گەلەکەمەوە هەیە.. ئیتر لەو مەودایەدا دەچمە ناو باس.

* * *

کە منداڵ بووم لەگەڵ زارۆکانی گەڕەک، دەچووینە سەر جۆگەلە ئاوەکە، لە دارە هەنجیرەکە، کارکە هەنجیرێکمان دەچنی، تەوەرێکی دارمان بە ناوەندیدا ڕایەڵ دەکرد، بە زلکەدار، بە دەورەی هەنجیرەکە پەڕمان دەچاند، ئینجا بەسەر جۆگەلەکەدا هەڵمان دەخست، کە پەڕەکان دەگەیشتنە ئاوی جۆگەلەکە، هەنجیرەکەیان دەسووڕاند، لەگەڵ سووڕی هەنجیرەکە ئێمەش بە دەوری خۆمان سووڕمان دەخوارد و دەلەیزین.. بە خۆشییەکەوە بانگمان دەکرد:

– هۆ.. ئاشەکە سووڕا.. ئاشەکە کەوتە گەڕ!

بەم ڕەنگە بە خەیاڵی بچووکانەی خۆمان، ئاشمان دروست دەکرد، هەتا ئاوەکەشمان پتر دەکرد، ئاشەکە بە گوڕتر دەسووڕا، کە ئاوەکەشمان چک دەکرد، ئاش دەوەستا!، وردە وردەش ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە کە ئەگەر ئاوەکە لە بەرزاییەوە بەرەو خوار ببێتەوە بە گوڕتر دەبێ و تەوژمی بەهێزتر.. ئاشەکەش توندتر بەگەڕ دەخا.

کە شارۆچکەشمان دروست دەکردن، بە تاقیکردنەوە دەگەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە هەتا بناغەی خانووەکانی شارۆچکەکەمان پانتر و بەتینتر بن، دەتوانین کۆشکی بەرزتر و نهۆمی زۆرتر بەسەریەکەوە هەڵ بنێین. هاوینان لە گۆڕەپانەکەی پشت مالآن، لە ناو خۆڵەکە، بە بەری پێ شەقامان دەکێشان، هەندێکمان شەقامی ڕاست، هەندێک کەوانەیی، هەندێک بازنەیی و چوارگۆشە!، بەڵام ئەو منداڵە دەبووە سەردەستە و ئازایی دەبردەوە کە جادەی پێچاوپێچی پڕ کۆسپ و قۆرت و هەڵدێر و ئاڵۆزی دەکێشان و بە ڕاکردن، بێ هەڵە و بێ وەستان و سەنگرانەوە، بەسەری دادەچووەوە.

ئەمانە یادگاری سەردەمی منداڵین، ڕەنگە ئێرە جێگای گێڕانەوەیان نەبێ، بەڵام چونکی پێوەندییان بە تاقیکردنەوەکانمەوە هەن، وەک نموونە هێنامنەوە.

* * *

گوندەکەم چۆن هەموو جوانی سروشتی تێدا کۆبووەوە، ساردی و بەفری زستانیش، لەو جوانییە سروشتییەی پتر دەکرد و باری ژیانی خەڵکە هەژارەکەی گرانتر.. هەروەها هەموو (تناقضات) و نالەباری ژیانیشی بە کۆڵەوە بوو!! لە گوندەکەم، جوولەکە، دیان «مەسیحی»، کرمانج، بەگزادە، ئاغا.. لە سەری ئەم بەشانەش، دەستەی پیاوانی حکوومەت و بنەماڵەی میرەکان وەکو دێر دوولینگیان داکوتابوو.. جوولەکە، لە پاش دیانەکان ئەمانەش.. لە دوای کرمانجەکان.. کرمانجیش لە ڕکێف بەگزادەکان دەگەیشتنە سەرەوە. دەوڵەمەندی جوولەکە و دیان لە کرمانجی هەژار بە ڕێ و جێتر وەردەگیران، کرمانجی دەوڵەمەندیش لە بەگزادەکان بەڕوەتتر بوون!. مەلا ڕیش سپییەکەش هەر پێنج فەرزە بەسەر قووچکەی مزگەوت دەکەوت و بانگی یەکسانی ڕادەهێشت!. ئەوەی لەم چۆنیەتییە سەرنجی ڕادەکێشام ئەوەبوو، کە هەموو ئەم بەشە بەشخوراوانەش، لەگەڵ یەکدا ناتەبا و دوودڵ بوون!. تاقە شتێک کە کۆی دەکردنەوە، بە زار خواپەرستی و بە کردار ڕازی کردنی میر و میری بوو!.

بەم ڕەنگە دەوری منداڵیم لەگەڵ شەڕەگەڕەک ڕابوارد، گوێچکەم پڕ باسی دزی و پیاوکوژی و زەوتکردن و جەور و ستەم بوو. گەلێک جار دەمدیت پۆلیس بە لیس خەڵکی گوندیان کۆ دەکردنەوە و وەک ڕانە مەڕ بۆ بێگار لێیان دەخورین! زۆر جار لەگەڵ خۆمدا دەمپرسی:

– چۆن ئەم هەموو خەڵکە ڕەشۆڕووتە بە کڕی و بەبێ سەرپێچی ئەوها مل دەدەن؟!

وەڵامی ئەم پرسیارەم ئەوکاتە وەچنگ کەوت، کە بووم بە شوانی ڕەوەیەک عەلیشیش!. بەیانیان شووڕکە داریکم وەدەست دەگرت کە ڕام دەوەشاند گڤەی دەهات، قەلەمووەکانم دەدانە پێش خۆم، تەنانەت قەلەمووێک لە ڕەوە دەرنەدەچوو!، وەڵامەکەش وەکو لێکدانەوە و پرسیارێکی تر بوو کە لە خۆم دەکردەوە:

– بزانە خەڵکی گوند و ئەم عەلیشیشانە چەند وەیەک دەچن؟!

بە خەیاڵی منداڵانەی خۆم، عالەمی گوندەکەم دەکرد بە دوو بەشەوە.. بەشێکی پۆلیس و بەشەکەی تری عەلیشیش!

* * *

لە پۆلەکانی سەرەتایی قەشەی بەڕێز (جبرائیل شێر) مامۆستای زمانی کوردیمان بوو، ئەم ئینسانە مەزنە خوێنی خۆشەویستی ئەدەب و زمان و وڵات و کەلەپووری نەتەوەکەمی لە دەمارەکانمدا جووڵاندەوە، ئەو حاجی قادری کۆیی پێ ناساندم، جوانی شیعری نالی، وەفایی.. و ئاوات و ئازاری مەم و زینی ڕژاندە گیانم. ئەگەرچی مامۆستای یەکەمم دایکم بوو.. بە چیرۆکی

کوردی فۆلکلۆری ، ئەفسانە و پەندی پێشینان فرچکی دابووم، بە باس و خواسی سەفەربەر و گرانییە گەورەکە و ڕشانەوە و ڕۆژە تاڵ و نالەبارەکانی کۆمەڵەکەمان کولانکەی ژیانی بۆ کردمەوە، بە قارەمانیەتی پیاوانی دم دم، شێخ فەرخ، خەج و سیامەند، برایۆک و لەیل و مەجرووم، تێر شیری کردبووم، بەڵام ئەم قەشە مەزنە ئەو شیرەی پێ کردم بە خوێن و هێسک و گۆشت، شانەکانی لەشمی پێ گورج و گۆڵتر کردم. تاکو قۆناغی سەرەتاییم تەواوکرد.. شیعرەکانی حاجیم دەور دەکردنەوە، چیرۆک و ئەفسانە و سەربوردەکانی دایکم لەلا ڕوونتر دەبوونەوە. بۆ قۆناغی خوێندنی ناوەندی کەوتمە باوەشی شارە پیرە بەڕێزەکەی هەولێر، لەم شارەدا، پتر لە ژیان ئاشنابووم، کەوتمە ناو ڕێکخراوەیی نیشتمانی، بەو هۆیەوە لایەنی دیکەی ژیانم بۆ ڕوون بوونەوە.. فێری زمانی عارەبی بووم، لە تەک دیوانە کۆنەکانی حاجی و تایەر بەگ و شێخ ڕەزا و دیاری و یادگاری لاوان.. کتێبەکانی مەنفەلۆوتی و زەییات و ئەحمەد شەوقی و سەلامە موسا و زەنوون ئەیووب و عەبەسبوسم کردنە هۆگر و دۆست. بەهۆی ئەمانەشەوە دەرگای ئەدەبیاتی عەرەب و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام بۆ کرایەوە، ئەفسانەکانی هیند و گریکم خوێندنەوە، ئاشناییم لەگەڵ بەلزاک–دا پەیدا کرد، چۆنیەتی مردنی لۆرد بایرۆن.. دڵتەنگی دەکردم، چیرۆکەکانی موپاسان کۆمەڵێکی لە کۆمەڵەکەی خۆم فراوانتریان پێ ناساندم، جوانیم لەگەڵ لامارتین و شاتوبریان هەڵدەچۆڕاند، ڕک و فرمێسکم بۆ جان فالجان و مام تۆما هەڵدەڕشتن.. ئازاری دەروونم تێکەڵ بە ئازارەکانی تۆلستۆی و ژانەکانی فیرتەر دەبوون.

لەو ڕۆژانەدا، شەڕی دووەمی جیهانی هەموو دنیای گرتبووەوە، لەگەڵ مەلا کوێرە بیر ڕووناکەکە دەمگوتەوە:

ئەم ڕۆژە چ ڕۆژێکە کە دنیا شڵەژاوە
هەر کەس بە جەخارێ جگەری قیمە کراوە

منیش کە بەو فەریکییەوە بەرەنگاری ڕێگای سەختی ژیان ببووم، ژیانی منیش شڵەژا.. برسییەتی پتر پێی پێوەنام، ناچار خوێندن و قوتابخانەم لەگەڵ ئاهێکی سارد بۆ دەرەوەی سنووری ژیانم تێ هەڵدا.. خۆم هاویشتە ناو گێژەلوکە و گەردابی ڕۆژگار، پێویست بوو نان بۆ خۆم و پاشماوەکانی باوکی کۆچ کردووم پەیدا بکەم، لەو ماوە درێژەی لە سنوور فەرمانبەر بووم، کەوتمە ناو لەعنەتی سنوور، بە تەواوی خزامە ناو کانگای دەردی کۆمەڵ، ناو جەرگەی ڕووداوی تاڵ و سوێر.. ملم بە کەند و کۆسپی چیای سەختی ژیانەوە نا، لەو ماوەیەدا گەلێک ڕاستی ئەم ژیانەم بۆ دەرکەوتن. هەوڵم دەدا ئەو

ڕاستییانەی من پێیان گەیشتم و هەستم پێ دەکردن لە پێش چاوی ڕەشوڕووتی خەڵک قیتیان بکەمەوە، هەستی ئەوانیش بجوڵێنمەوە، ئەوەڵ جار ڕێگای شیعرم گرتەبەر، لام وابوو دەتوانم بەم ڕێگایەوە بگەم بە هەوارگەی دڵی ئەوان!، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت ئەم ڕێگایەم لێ ون بوو!

ئەو سەردەمە کتێب لە نان هەرزانتر بوو، پتر کتێبم دەخوێندنەوە، جگە لە ئەدەبیاتی کۆمەڵە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، چیرۆکنووسە گەورەکانم ناسین، چێخەفم ناسی، خۆزیام دەخواست بتوانم وەک ئەم نووسەرە نەمرە، بچمە ناو دەروونی ئینسان و ببم بە بەشێک لە خەمی کۆمەڵەکەم. چێخەف ڕێگای چیرۆکنووسینی نیشاندام، پاڵی پێوەنام قوڵتر بە دەریای ئەدەبی چیرۆکدا نقووم بم، ئاشنایی لەگەڵ تۆلستۆی و دۆستۆیڤسکی و گۆرکێ پەیدا کردم، لەو سەردەمەی ئەمانەم ناسین یەکەم چیرۆکم بە ناوی «برسیەتی بەهێزترە» لە سەرەتای پەنجاکان، نووسیوە. ئەم چیرۆکە لە بەرگی دووەمی چیرۆکەکانمە کە سااڵێک پتر دەسگای ڕۆشنبیری کوردی بە نیەتی چاپکردنی وەری گرتووە. بەهۆی (گەلاوێژ) بەشێک لە ئەدەبیاتی بێگانەم بە کوردی خوێندنەوە، نووسینەکانی (ئیبراهیم ئەحمەد و عەلائەدین سەجادی)، شیعرەکانی (بێکەس و گۆران و ئەسیری)، چێژی ئەدەبییان لا خۆشتر کردم، چارەنووسیان بەستم بە چارەنووسی ئەدەب بە تایبەتی چیرۆک.. تا گەیاندیانە قەسرە تەلیسماوییەکەی (کافکا)، ماوەیەک لە ناو قەسرەکەدا گەڕام، سەرم لە ناو عالەمەکەی بیکیت و ئادامۆف دەسووڕا.. خۆم لە ناو (غەریب)ی کامو دەدۆزییەوە، تێکەڵاوی (سوء تفاهم)ەکەی بووم. لە قوڕنەیەکی دادگاکەی (کافکا) شێخ مەلا عەبدولقەدوسی خوالێخۆشبووم دیتەوە، لەوێش ڕەشوڕووتێکی زۆر وەک دیوار دەوریان دابوو! کە ئەو باسی عەزابی دۆزەخی دەکرد، وەسفی لاشەی وەک کەباب لە شیش دراو و ئافرەتی بە مەمک لە زارکی کووڕەی ئاگر هەڵواسراو و باسی زەبانیەکانی جەهەنەمی دەکرد کە چاویان وەکو کووڕەی زەردەواڵە و لێوبان وەک تەختە بەڕ و ددانیان وەک پێمەڕەن! ئەوان دەستیان بە نااڵە و هاوار دەکرد.. شیوەنیان دادەمەزراند، لووڕەیان لێ هەڵدەستا، دیوارەکەیان دەهەژاندەوە! کە جەنگاوەرەکەی (بیکیت)م ناسی، وێنەی ئەژدیها هەشتا سەرەکەی ئەفسانەکانی ڕۆژهەاڵت و مەرجانی جادووی ئەفسانەکانی کوردیم دەهاتنەوە بەرچاو!. بە کارتێکردنی ئەمانەوە چیرۆکی قووچکە و سەرەتایی و دوایی، پاشدانیش (عاجباتی هەشتەم)م نووسی.

کە ئەم وێنانەم هێنانەوە و بەراوردکردن، هەر لەبەر وێکچوونیان بوو و بەس! دەنا بە بێ یەک و دوو پێ لەوە دەنێم کە نەمتوانیوە ئەم سێ کەڵە نووسەرە هەزم بکەم، یان ئەو کەم خۆراکەی لەوانم خواردووە تێری نەکردووم!، جگە لەمەش، بڕواییم بە گەڕانەوە نییە بۆ عالەمی تەلیسم و دێو و درنج. من کە پیاوێکی ئاساییم و دەمەوێ شتێک بەم خەڵکە بڵێم، ئەگەر بمەوێ خەڵکەکە تێم بگەن، دەبێ بە زمانی ئەوانەوە بدوێم و سنووری فیکری ئەوان بە یەکجاری نەسڕمەوە، کە بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە دەنووسم، دەبێ پێشەکی باری سایکۆلۆژی و کۆمەاڵیەتی ئەو خەڵکە بزانم، کە دەمەوێ بەهۆی چیرۆکەوە، مامەڵەتیان لەگەڵدا بکەم، دەبێ بیر لەوە بکەمەوە چۆن گرێ کوێرەی هەزاران ساڵیان دەکەمەوە و درندە سندم کراوەکەی هەزاران ساڵەی دەروونیان کەی بەڕەڵاڵ دەکەم.

هەرگیز ناتوانم وەکو نووسەرێکی ڕۆژئاوا کە بۆ خەڵکی ڕۆژئاوا دەنووسێ، وەک ئەو نووسەرە بۆ خەڵکی ڕۆژهەاڵت بنووسم. چۆن دەتوانم بە خەڵک بڵێم ئەوەی باوکی خۆی بکوژێ قارەمانە؟! هەتا لەلایەن شێوەشەوە، بە لای من، ئەمە ڕاستە، هەتا لە شێوەش، شێوەکە ئەداتێکە گەیاندن خۆشتر دەکات. مومکین نییە هەتا فرۆکەخانە لە گوندی (زەڵم) دروست نەکرێ بە فرۆکە لەو گوندە دابەزم، لەگەڵ بڕوایی پتەویشم بەوەی کە دەبێ ڕۆژێک بێت بتوانم بە فرۆکە بچمە ئەو گوندە. ماوەیەکی کەم لە ڕۆژئاوادا ژیاوم، لە کۆاڵنەکان، لە ناو پاس، شەمەندەفەر، لە گازینۆکان، چێشتخانەکان، لە پارکەکان، کۆڕ و کچ هیچ پەردەیەکیان لە ناویندا نییە، سێکس لەوێ مەفهومێکی تایبەتی و مەقبوولی هەیە، ئەوانەی لەو جێگایانە، لە عالەمی سێکسدا دەیانبینی، ڕۆژانی یەکشەمە، بەیەکەوە، لە ڕیزەکانی کەنیسە دەیاندۆزییەوە!.

هەرگیز پێم وانەبووە وەپێش عەسری خۆم کەوتووم، یان زووتر لە وادە و بە کاملیش خوڵقاوم، دەنا هانام دەبردە بەر ئەو جیهازەی دەڵێن گیانلەبەر دەخەوێنێ، یان دەیبەستێ، واتا (تەجمیدی) دەکا! و دەیخاتە دەوری (سُبات).. تا لەو عەسرەی کە بە عەسری خۆمی دەزانم بێمەوە مەیدان.

لە تاقیکردنەوەکانم، ئیمان بە خاک و بە ئینسان دروشمی یەکجاریم بوون، بڕواییم وا بووە کە پێم لەم زەوییە چەقیون، ڕەگم لەم خاکە قوواڵ قووڵ داکوتاون، گیانم وابەستەی ئەو ئاخەیە کە لەسەری دەژیم، بە ئاو و

هەوای نەشونوما دەکەم.. خۆشەویستیم بۆ ئینسان بە گشتی و بۆ ئینسانی ولاتەکەم بە تایبەت، بێ دواییە. هەرگیز شەوازی کۆمەڵەکەم بە نموونە نەناسیون، هەرگیز بڕواییم بە قارەمانی خوداسیفەت نەبووە، لام وایە هەموو کەسەکانی چیرۆک مادام ڕۆڵی خۆیان بە چاکی دەگێڕن.. هەریەکەیان قارەمانێکە و بە هەموویانەوە ژیان دەخەنە بەر چیرۆکەکە. ئەم ئیمانەشم کردووەتە بنکەی ماملەتم لەگەڵ کۆمەڵدا. هەرگیز پەنام نەبردووەتە بەر دەست و لاق، بۆ شیکردنەوەی گیروگرفت. هەرگیز لە سەرەوە سەیری خەڵکم نەکردووە و ئەو حەقیقەتەم لا ڕوون بووە کە ڕۆژ زۆر لە سەرەوەترە. هۆگری پیاهەڵدان و ئافەرینی ساختە و دەست لە پشتدان نەبووم، ئەمانەم بە هەڵدێرێک ژماردوون، کە نووسەر بەهۆیەوە لە خشتە دەچێ و هەڵدەخلیسکێ و دەدۆڕێ، یا وەک پەینی کیمیاوی کە بەرەکەیان وەک ئەو شووتیانە دەبێ کە ئیمڕۆ لە بازاڕی هەولێر، لە ڕۆخ جادەکان کۆمەڵ کراون.. شووتی زل و بە شان و شەوکەت.. بێ تام و شام.

بە هۆی گیروگرفت و سەختی ژیانی ڕابردووم لە گیروگرفتی ئەوانی دیکە شارەزاییم پەیداکردووە و هوشیاری مەسەلە گشتییەکان بوویمەوە، بێزم لە خۆپەرست و دووڕوو و ئەوانە دەبێتەوە کە دیلی گیرفان و ورگیانن. بڕواییم وایە ئەدەب و سیاسەت وەک دوو قوتبی کارەبان، پێکەوە نەبێ ڕووناکی نادەن. لە پێویستیشدا ئاگر هەڵناکەن. یاخی بوو لە لای من ئەو کەسەیە ئامانجێک بۆ ژیان بەدی دەکا، بڕوایی بەوە هاتووە کە ژیان هەرگیز ناوەستێ و هەر بەرەو گۆڕانێکی باشتر دەڕوا و هەوڵ دەدا کە لەو گۆڕانەدا بەشداری بکا و قاوغی ژیانی ئاسایی ڕۆژانەی بدڕێ، تا دەگاتە باریک عالەم لەبەر دەمیدا ئاشکراتر و شتە وردیلەکان لەبەر چاویدا مەزن و گەورەتر دەبن و بڕوایی بەوە قایمتر دەبێ کە ژیان جوولانەوەیەکی بێ کەڵک نییە و هەموو ئامانجی ئینسان هەر تەنیا خواردن و زاوزێ و مردن نییە. ئەم بڕواییەش بەهێزتری دەکا و بەسەر ترس زاڵ و توانای ئەوەی پێ دەبەخشێ کە خۆشەویستترین شت تەرخان و لە پێناو ئەو ئامانجەی بەخت بکا.

* * *

نهێنییەک ئاشکرا ناکەم کە دەڵێم هەر بیروڕایەک، یان هەر ئەفکارێک کە لە چیرۆکەکانی منda هاتوون، یان هەر جوولە و کردەوەیەک کەسانی ئەو چیرۆکانە بە مرازی گەیشتنە هەڵوێستێکی تایبەت، یان بیروڕایەکی تایبەت دەیکەن، ئەوانە هەموو بیروڕای خۆمن، هەڵوێستی خۆمن، پاش لێکدانەوە و قەناعەتێک یەکسەر، یان لە زاری، یان بە هۆی کردەوەی کەسەکان دەرم بڕیون. بە لای منەوە ئەم ڕێڕەوە، ڕێڕەوی ڕاستەقینە و ڕەوا و ڕەوانە، ئەگەر نووسەر ڕەچاوی نەکا کارەکەی دەبێتە جۆرە کرێ گرتەییەک، یان دەچێتە چوارچێوەی کاری کۆسەکان (موهەڕیجەکان)، ئەوانەی بازرگانی بە هونەر دەکەن، نووسەری سەرڕاست ناتوانێ لە ئەفکار و بیروباوەڕ و هەڵوێستی خۆی بەولاوە تەعبیر لە شتی تر بکا، ئەگەر نا دەبێتە میرزا و وەعزخوان و دەچێتە ڕیزی ئەو شاهیدە حازربەدەستانەی کاتی خۆی لەبەر دەرگای دادگاکان ڕادەوەستان و بەپێی پێویست و بەرژەوەندی تایبەت دەستیان لە سنگیان دەدا و ڕاستیان بە چەوت نیشان دەدا و خراپەیان دەشاردەوە، یان دەیانکردە چاکە.

بێگومان من ناڵێم هەموو ئەو بیروڕایانەی دەرم بڕیون، یان ئەو هەڵوێستەی لێی دەوەستم، هەر دەبێ ڕاست و بێ گرێ و کەموکورتی بن.. نا.. هەرگیز من وام نەگوتووە. زۆر ئاساییە ئەگەر نارێکی، یان لاوازی، یان.. یان.. بیر و هەڵوێست گۆڕیش لە پێچ و پەنا و سووچی ئەو نووسینانەم هەبن، ژیان حاڵەتێکی (جامد) نییە، دەشێ نووسەر لەگەڵ گۆڕانی ژیان و تەمەنی خۆی و تاقیکردنەوەی ڕۆژانەی، پتر بیر بکاتەوە، قوواڵتر بیر بکاتەوە.. لە شیکردنەوە و کۆکردنەوە و لێکدان و لێکدەرکردندا پتر وریایی پەیدا بکا و ئەنجامی پوختتر وەدەست بهێنێ، بەڵام وەک ئەشکەوت دەنگدانەوە، لاساییکردنەوە، گوێ نەدانە پێویستی جەماوەر، یان بوون بە (وەعزخوان) و میرزا و شاهیدی حازربەدەست ئەمانە دوورن لە نووسەری سەرڕاست.

* * *

چیرۆکی کوردی وەک لایەک لە ئەدەبی کورد، بەشێکن لە ئەدەب و چیرۆکی عیراق، عیراق ولاتی هەموومانە، بەڵام ئەوەی جێگای خەفەت و داخە، ئەوەیە کە نووسەرانی عیراقی (عەرەب) خۆیان لەم حەقیقەتە بواردووە! وەک ئەم حەقیقەتە هەر نەبێ، ئەوها هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەدەب و بەتایبەتی چیرۆکی کوردی دەکەن!؟ ئێمە هەرگیز گومان لە دڵسۆزی ئەم برا نووسەرانە ناکەین، بەڵام ئەمە ڕەوایە ئەگەر لێیان بپرسین:

– بۆچی وا؟! ئایا چیرۆکی کوردی، چیرۆکی عیراقیش نین؟!

القصة العراقية.. دانەری: جعفر الخليلي

الادب القصصي في العراق منذ الحرب العالمية الثانية.. دانەری: د. عبدالاله أحمد

الرواية العراقية وقضية الريف.. دانەری: باقر جواد

الزجاجي.

ئەم کتێبانەم نەدیون.. دەیان دیراسە و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەم لەسەر چیرۆکی عیراقی خوێندوونەتەوە، ئەوەی سەرم لێ سوڕماوە ئەوەیە کە چ یەکێک لەم کتێب و ڕەخنە و نووسینانە کە باسی چیرۆکی عیراقی دەکەن کەم و زۆر باسی چیرۆکی کوردیان نەکردووە!

جەعفەر ئەلخەلیلی هەرچەندە لە پێشەکی کتێبەکەیدا، کە باسی چیرۆکی کۆنی عیراقی دەکا، دەڵێ: «ئەم شێوەیە تا ئێستاش لە گوندەکانی کورد هەر باوە».

ئەمە وەک بەڵگەیەکی بوونی ئەم جۆرە چیرۆکە لە عیراقدا دەهێنێتەوە! کەچی پاش ئەم چەند دێڕە تەنانەت بە یەک تاقە وشەش، لە بەشێکی گرنگی چیرۆکی عیراقی کە چیرۆکی کوردییە، نادوێ؟!. د. عەبدولئیلاهیش لە کتێبە نایابەکەیدا هەتا ئەگەر خۆی بەمە ڕازی بکا کە داوای بەخشین لە خوێنەر بکا، چونکی ئاگاداری چیرۆکی کوردی نییە.. ئەم داوای بەخشینەی لە لای منەوە جێگای خۆی نییە، چونکی دکتۆر دەیتوانی هەر لە هەڤاڵە کوردەکانی خۆی لە دکتۆرەکانی زانکۆی بەغدا ئاگادارییەکی وا لە بابەت چیرۆکی کوردی پەیدا بکا، کە ناو و ناوەرۆکی کتێبەکەی پێ یەکتری بگرنەوە، ئێمە هەموومان دەزانین کە پتر لە دوو دکتۆر لەو دکتۆرە کوردانە چیرۆک دەنووسن، ئەوانی تریش زۆربەیان بڕوانامەیان لەسەر ئەدەبی کوردی وەرگرتووە. هیچ چارەم نییە لێرەدا هەر دەبێ بپرسم:

– ئایا بەم کردەوەی جەعفەر ئەلخەلیلی و د.عەبدولئیلا ئەحمەد و نووسەرەکانی دیکەش، ئایا چیرۆکی کوردی لە عیراقییەتەکەی دەشۆرێ؟! یان عیراقی بوونی ئەدەبی کوردی ڕەش دەبێتەوە؟! و عیراقییەتی گەلی کورد لە عیراقدا دەپەڕێ و دەبێتە هەڵم؟!

هەموومان دەزانین زۆر دەقی چیرۆکی کوردی هەر لەم وڵاتەی عیراقەماندا، بە هۆی ڕۆژنامە و گۆڤارە عیراقییەکان کراونەتە عەرەبی، نووسەرە کوردەکانیش تا ڕادەیەکی باش توانیویانە ئەدەبی کوردی بە گشتی بە برا عەرەبەکانمان بناسێنن، لام وایە ئەوەی بیەوێ ئاگاداری لەم بابەتەوە پەیدا بکا دەتوانێ بگەڕێتەوە سەر ئەو دەقانە و کەڵکیشیان لێ وەربگرێ. کاکە ئەمەش نا، خۆ ئەم زاتانە ئەگەر زمانی کوردی برا بچووکیشیان نازانن، لە زمانەکانی بێگانە شارەزان، بە بەڵگەی ئەوەی لە هەموو زمانەکانی گەلەکانی دنیا، لە هەر پێنج قارە ئەدەب و چیرۆکیان کردووەتە عارەبی.. ئەو بێگانانەش، تەواوێک چیرۆک و دەقی ئەدەبی کوردیان بۆ زمانی خۆیان وەرگێڕاوە، خۆ دەیانتوانی لەو زمانە بێگانانەوە دەقە کوردییەکان وەربگێڕن، یان بە هۆی ئەو زمانانەوە لە ئەدەب و چیرۆکی کوردی ئاگاداری پەیدا بکەن.

من بە حەقی خۆمی دەزانم کە بەمانە بڵێم:

– کاکی برا.. خوا لێتان ڕازی بێ.. خۆ ئەگەر ئەمە وا نەبوایە من ئەوەم بۆ نەدەڕەخسا کە لێرەدا بە گوێتا بچرپێنم:

– بە خوا هەر چی بکەی، لە عیراقییەتی ئێمە، لە خۆشەویستی ئێمە بۆ ئەم وڵاتەمان، کەم ناکەیتەوە. مەسەلەکەی تۆش وەک مەسەلەی مام وەیسە، هەموو خەڵکی گوندەکەی دەیانناسی، بەڵام کەس ڕکی لێ نەدەبووەوە. ڕەنگە بپرسن ئەم مام وەیسە کێیە؟!

مام وەیس یەکێکە لە کەسەکانی چیرۆکێکی ئەفسانەیی کوردی، دایکی خوالێخۆشبووم بۆی دەگێڕامەوە و دەیگوت:

– مام وەیس لەگەڵ برا بچووکی لە قوڕنەیەکی گوند لە خانوێکدا دەژیان، هەموو ڕۆژێکی خوا، لەگەڵ ڕۆژهەلآت مام وەیس لە دەرگای پشتەوەی خانووەکەیان دەچووە دەرێ، تا لە گوند دوور دەکەوتەوە دەڕۆیی، پاشدان بە ڕێگا باریکەکە بەرەو گوند دەگەڕایەوە! یەکە یەکە بە ناو کۆڵانەکانی تێدەپەڕی، کە خەڵقی چاویان پێدەکەوت و لێیان دەپرسی: ها خێرە وا... مام وەیس؟!

مام وەیس لە وەڵامدا بە خەڵقەکەی دەگوت: وەڵاهی غەریبی برا گچکەکەم کردووە.. ئەوا دەچم سەرێکی لێ دەدەم!.. بە کۆڵانەکانی گوند هەڵدەچوو، تاکو لە دەرگای پشتەوە خۆی دەخزاندەوە پیرە خانوو! خەڵکی گوندیش، بەشێکیان بەزەیی بە مام وەیس دەهاتەوە، بەشەکەی تریشیان لە ناوەوە پێی پێ دەکەنین، بەڵام کەسێکیان ڕقی لێ هەڵنەدەگرت.

* * *

دەگوترێ.. چیرۆکنووس شاهیدی سەردەمی خۆیەتی، بە لای منەوە ئەو وتەیە ناتەواوە، ڕەنگە بپرسن.. چۆن دەبێ ناتەواو بێ؟. جارێ با بزانین شاهید کێیە؟ و پێوەندی شاهیدێک بە قەزییەیەکی دیاریکراو چییە؟! ئایا شاهید بەشێکە لە قەزییەکە؟ یان ئایا شاهید پێوەندداریکە، واتا بە (ذوي العلاقة) دەژمێردرێ؟.. بێگومان نا، تەنانەت لە لایەنی یاساییەکەشەوە، شاهید پێوەندداری هیچ قەزییەیەک نییە، شاهید پیاوێکی لاتەریکە لە ڕۆخی مەسەلەکە ڕادەوەستێ، ئەی کەواتە چیرۆکنووس چۆن دەبێتە شاهید؟

با بڵێین مرۆ خۆی بەوە ئیقناع بکا کە چیرۆکنووس جۆرە شاهیدێک بێ، بە چەشنێک بە شاهید بچێ! بەڵام

کام شاهید؟

شاهید هەن، با ناویان بنێم (شاهیدی کلاسیکی)، ئەم شاهیدانە کە خەڵک بە زۆری دەیانبینن و دەیانناسن، ئەوانەن کە شتێک دەبینن زەق دەیگێڕنەوە، یان تۆماری دەکەن، واتا لێرەدا چاو ئەندامی سەرەکیانە لە گەیاندنی شاهیدییەکەیان، با دەست و قەڵەمیش دەورێکیان هەبێ لە چەسپاندنی ئەو چاودێدەییە، لەسەر لاپەڕەیەک، یان لەسەر تەلیشە بەردێک، یان لە ماددەیەک دابڕێژرێ، یان بە ڕەنگ عەکسی بکاتەوە. بە لای منەوە ئەم بابەتە شاهیدە فرمانی هونەرمەندی ڕاستەقینە ناگەیەنن، ئەمانە شاهیدی ئاسایین، چۆن دەبینن وا دەیڵێنەوە و لەمە پتر خۆیان ماندوو ناکەن لەوەی بە چاو دیویانە، یان بە دەست گرتوویانە، یان گوێبیستی بوون.. زیاتر بکۆڵنەوە، بەم چەشنەش خوای خۆیان ڕازی دەکەن، ئیتر کاریان بەسەر ئەوەدا نییە کە بیر لە ڕەگوڕیشەی ڕووداو بکەنەوە، یان لە دەوافعی بکۆڵنەوە، هەتا وەک ئینسانێک هەڵوێستێکی بۆ وەربگرن! و بەپێی ئەو هەڵوێستە بجوڵێنەوە. ئەم شاهیدانە ناتوانن خۆیان لە کۆیلەیەتی پێنج حەواسەکانیان ئازاد بکەن و هەرگیز چاویان لە خۆڵەکەی بەرپێی خۆیان بەرزتر ناکەنەوە و لەو بستە زەوییە پتر نابینن کە وەک دەڵێن بارگیری گالیسکە دەیبینێ!

بە لای من ئەم جۆرە چیرۆکنووسە شاهیدانە، یان شاهیدە چیرۆکنووسانە، دەکەونە ڕیزی چیرۆکنووسە قۆپیەچییەکان و لە ڕوانگەیەکی تەسک خۆیان مات کردووە و ڕاوی ڕووداو دەکەن، هەرگیز خۆیان بە بەشێک لە ڕووداوەکە دانەناوەو نەیانوبستووە، یان نەیانتوانیوە لەمەندە پتر لە مەسەلەکە نزیک بکەونەوە کە جازبیەتی ڕووداو بیانکێشێ و تووشی سەر ئێشە بن!.

شاهیدیش هەن پێیان دەڵێن شاهیدی حازربەدەست!. لە سەرەتای چلەکان لە ناوەندی هەولێر دەمخوێند، باسی ئەو شاهیدانەیان دەکرد کە لەبەر دەرگای دادگای هەولێر ڕادەوەستان، یان لە خزمەتی ئاغایەکان دەهاتنە دادگا و بۆ چەند دیناریک، یان بۆ ڕازیکردنی ئاغا، لە پێش حاکم دەستیان لە کتێبە پیرۆزەکە دەدا. ئەم شاهیدانە بە چاویش شتێکیان نەدیبوو، تەنانەت (حەواسی خەمسەشیان) نەجووڵابووەوە!، بەڵام بەپێی بەرژەوەندی و لەپێناو ڕازیکردنی ئەوانی تر دەجووڵانەوە، بێ ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە کە ئەم کردەوەیان مافی خەڵکی بێ تاوان بە فیڕۆ دەدا و ڕەنگە ژیانیشیان بخاتە مەترسی!.

شاهیدیش هەن لە ڕاستی لا نادەن، هوشیاری ئەوەیان هەیە کە ئادەمیزاد هەر تەنیا چاو و پێست و زمان و لووت و گوێچکە نییە، بڕوایان بەوە هەیە کە هەر یەکێک لەو حەواسانە چەند شانەیەکن لەو ملیۆنەها شانانەی بنیادی ئینسانی لێ پێک هاتووە. ئەوانە دەزانن کە ئینسان زۆر لەو پێنج ئەندامە زۆرترە. ئەم شاهیدە ئەو حەقیقەتەی دەیڵێ حەقیقەتی خۆیەتی، لاتەریک لە مەسەلەکە ڕانامێنێ، خۆی بە بەشێک لە مەسەلەکە دەژمێرێ، بگرە زۆر جار تەنانەت خۆیشی بە دروستکەر و هۆیەکی ڕووداوەکە دەزانێ.

ئەم شاهیدە هەڵوێستی تایبەتی خۆی هەیە، لەبەر ڕووناکی ئەو هەڵوێستەی بە هەموو هوشیارییەوە شاهیدییەکەی دەدا و ئەو ڕاستییە دەچەسپێنێ کە چیرۆکنووس نەک شاهیدە، بەشکەم بەشداری ڕووداوی سەردەمی خۆیەتی، دەستی لە دروستکردنی عالەمەکەی خۆیدا هەیە.

ئادەمیزاد لوغزێکە کلیلی شیکردنەوەی لە گەرووی حووتەکانی دەریا دایە، ئەشکەوتێکە دەنگی سەدەکان دووبارە دەکاتەوە، ئاسمانێکە بێ دوایی.. چیرۆکنووسیش ئادەمیزادە، هەر چەند بکۆشێ ناتوانی بە تەواوی خۆی بە عالەم بناسێنێ، دەڵێم نەیتوانیوە تەنانەت خۆی بە خۆی بناسێنێ!.. لێرەشدا تەنیا دڵم بەوە خۆش دەکەم کە لەم چەند دێڕانەی خوێندمەوە، بە ڕاستگۆیی و ئەمینی بەشێک لە تاقیکردنەوەکانی ئەدەبی خۆم بە ئێوەی هێژا گەیاندن، هیوادارم کە لە دواڕۆژیش وەک نووسەرێک دەکرێم بە شاهیدی ئەم ڕۆژانەمان، ئەو شاهیدە حازربەدەستە نەبووبم، کە دەست لەسەر سینگ وەستاوە و ئارەزووی ئەوانی دی دەهێنێتە دی، هەروەها ئەو شاهیدە ئاساییەش، کە مێش دەچنە کوونە لووتی ئەوجا سەری دەلەقێنێ! بەشکەم ئەو شاهیدە بووبم کە لە مەسەلەی گەلەکەی، لە مەسەلەی ئینسان خۆی بە پێوەندار و (ذوي العلاقة) دەناسێ و بە هوشیارییەوە شت لێک جودا دەکاتەوە و توانای ئەوەی هەیە بە ڕەش بڵێ ڕەش و بە سپیش.. سپی..

هەولێر
١٩٨٢/٨/١٧



برایم فەرشی:
هەموو ڕەگەزەکانی شانۆی نەتەوەیەکمان هەیە، ئەوەی نیمانە تیۆری شانۆییە

هەڤپەیڤینی: ئازاد عەبدولواحید

برایم فەرشی خەڵکی شاری بۆکانە و ئێستا لە ئەڵمانیا دادەنیشێ، زیاتر لەناو هونەری شانۆدا خۆی دۆزیوەتەوە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە وەک ئەکتەر و پاشان دەرهێنەر و نووسەری شانۆیی خۆی ناساندووە.

لە تارانیش لە تەک هونەرمەندە پسپۆڕ و خاوەن ئەزموونەکانی ئێران کاری کردووە، تا تەنگەتاو دەکرێ و بەرەو هەندەران دەڕوا.

لە ئەڵمانیا جگە لە خوێندن و بەدواداچوونی خۆی بەدوای هونەری شانۆ، یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیپی شانۆی (کۆچەر) کە لە ئەورووپا بەشداری لە کار و چالاکی هونەری و شانۆییدا کردووە.

لەم دواییەدا سەردانی کوردستانی کرد و گۆڤاری (ڕامان)ی بەسەرکردەوە، لەو دەرفەتەدا بە هەلمان زانی و هەڤپەیڤینێکی تێروتەسەلمان لەگەڵ سازدا.

ڕامـــان: سەرەتا بەخێرهاتنت دەکەین بۆ سەردانی گۆڤاری ڕامان؟

برایم فـەرشی: زۆر سوپاس.. خۆشحاڵم دوای چەندین ساڵ هاتوومەتەوە ماڵەکەی خۆم.

ڕامـان: پێم چاکە باسێک لە ژیانی خۆت بکەی.. لە خوێندنت.. ئینجا دێینە سەر قۆناغەکانی ترت لە هەندەران.

برایم فـەرشی: من ساڵی (١٩٥٧) لە شاری بۆکان لە دایک بووم، بەپێی چۆنیەتی ژیانێکی کە هەمبووە، هێدی هێدی بەرەو چێژ وەرگرتن لە هونەری ئەو سەردەمەی خۆمان ڕۆیشتووم. بەو مانایە کە بیستنی هەر گۆرانییەک یان هەر شیعرێک کە لەدەوروبەری من دەگوترا و دەبیسترا، کاریگەریی تایبەتی لەسەر مێشک و ڕۆحم هەبوو، بە چەشنێک کە هەر لە منداڵییەوە منداڵێکی ئیحساساتی بووم. ژیانی بنەماڵەش وای لێکردم هەوڵ بدەم دایکم وەپێکەنین بێنم، بۆ ئەوەی ئەو هەموو ئازارانەی هەیبوو و کەسیش پێی نەدەزانی کەم بکەمەوە. ڕۆژێکی کە ئەو لە حەسارێ شیوی دەکرد، بەرگێکی کچانەم لەبەر کرد و چووم لە بەرانبەریدا، دوورتر ڕاوەستام. کە سەری هەڵێنا، گوتی: کچەکە گیان، خۆشەویست، وەرە پێشێ با بتبینم بزانم کێی. کە چوومە پێشێ و منی دیت لە قوواڵایی دڵییەوە دەستی کرد پێکەنین. ئەو خۆگۆڕینە لای من بوو بە کەرستەیەک بۆ ئەوەی دایکم وەپێکەنین بخەم.

ڕامان: تەئسیری باوکتان و خانەوادەتان لەسەر تۆ چی بوو؟

برایم فـەرشی: دایکم لە خانەوادەیەکدا بوو کە زۆر پڕ خێزان بوو، باوکم دوو ژنی هەبوو، ئەو پڕ خێزانییە و ئەو حاڵەتە کوردانەیەی لە ژنی کورددا هەیە، حاڵەتێک کە هەموو شتێک تەحەمول دەکا، وای لێکردبوو ئەو لە هەموویان زۆرتر کاری دەکرد. دەپێش هەموویاندا هەڵدەستا و دوای هەموویان دەخەوت. سەرەڕای ئەوەش لەلایەن خەسوو و زڕایکی ئێمەوە ئازار دەدرا. زۆرجار دەمدی لە دنیای خۆیدا دەگریا. هەر کاتێک دەمپرسی بۆ دەگری، وەڵامی نەدەدامەوە. ئەوە ئەوەندەی تەئسیر لەمن کردبوو، منێکی پێنج ساڵانە بەشوێن ئەوەدا بگەڕێم وەڵامی پرسیارەکەی خۆم بدۆزمەوە. ئەوە بەو مانایە نییە بڵێم من لە مانێکی زاڵمدا دەژیام. لە ڕاستیدا مانی ئێمە ئاوێنەی کۆمەڵگاکەمان بوو. من ئێستا ناتوانم ئەو کەس و کەسانەی دایکم لەگەڵیان ڕووبەڕوو بووە، تاوانبار بکەم، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەوە یەکەم نیاز

ئازاد عەبدولواحید - برایم فەرشی

بوو لە مێشکی مندا پێکهات. لەپاڵ ئەوەدا تەئسیرێکی دیکە کە هەبوو باوکم شەوانی جومعەی بەتایبەت مانگی ڕەمەزان شاعیر و نووسەر و بەیتبێژ و گۆرانیبێژی دەهێنایەوە ماڵێ. یەکێ لەو بەیتبێژانە کەسێک بوو بەنێوی «عەلی کەردار». ئەوە دەگەڕێتەوە ساڵی ١٣٤٠ (١٩٦١-١٩٦٢) یەکێک لە شاعیرەکان بەنێوی «حسێن نەورۆز» بوو. یەکێک لەوانەی نەقڵ و چیرۆکیان دەگێڕایەوە خاڵم بوو بەنێوی «محەمەد پیرۆتی» کە دەیان چیرۆک و حیکایەتی کۆنی کوردی دەزانی. باوکم «عەلی فەرشی» بۆ خۆشی نوکتەی خۆشی دەگێڕانەوە. حەز دەکەم ئەوەش ڕوون بکەمەوە کە شۆرەتی «فەرشی» لەوەوە هاتووە کە هی ئەو کەسەیە فەرش دروست دەکا. باپیرم یەکێ لە بەناوبانگترین تەونکەرەکانی تەورێز بووە کە هەم تەونی کردووە و هەم نەخشەی فەرشی کێشاوەتەوە. پاشان هاتۆتە کوردستان و هونەری فەرش چنین لە موکریان و بە تایبەتی لە بۆکان و بۆ ناو ئێلخانییەکان و فەیزوڵڵا بەگییەکان، باپیرم هێناویەتی کە بەشێک لەو فەرشانەش ئێستا ماون. خراپ نییە لەو پێوەندییەشدا باسی ئەوە بکەین کە ئەو بەرهەمە بەنرخانە چۆن لە کوردستان چوونەتە دەرێ و گەیشتوونە شوێنی دیکە و ئەمە نیشان دەدا کە کەلەپووری کوردی چۆن لە دەستی خۆمان چووە.

ڕامـان: ئەو هونەرەی کە خۆت ناوت نا هونەری فەرش چنین کە خۆی هونەرێکە و زەخرەفەی جوانی تێدایە و تەئسیری هونەری میللی چۆتە ناو ئەو فەرشانەوە، لەسەر چێژی تۆ چی بەجێ هێشتووە؟

برایم فـەرشی: دیارە فەرش چنین دنیایەکی ڕەنگ و تەرح و نەخشە و هەروەها ئەو کەسەی فەرشەکە دەچنێ لەگەڵی دەژی. ڕۆژێک نییە، دوو ڕۆژ نییە، مانگێک

نییە، لە بەیانی زووەوە تا درەنگانێک لەگەڵ یەکتری دەژین. تەئسیری ئەوە لەسەر من بەجۆرێکە ئێستاش کەسێک کە بیستە مالّەکەی من ئەوەی کە بەرچاوی دەکەوێ، ئەو فەرش و جاجم و بەڕانەیە کە هەن.

ڕامان: لە کاری هونەریتدا سوودت لەو ڕەنگ و زەخرەفانە وەرگرتووە؟

برایم فەرشی: لەسەدا سەد، چونکە چنینی فەرش لە کوردستاندا تایبەتمەندیی خۆی هەیە. ئەویش ئەوەیە بە دەگمەن شتی خڕمان هەیە. هەموو ئەو تەرحانەی لە فەرشەکانماندا هەیە گۆشە گۆشەن، گۆشەدارن. بۆ نموونە ئەگەر وێنەی پەلەوەر و گیانلەبەرێکیش کێشرابێتەوە، ئەگەر لە حالّەتی ئاساییدا شکلّێکی خڕی هەبێ یان شکلّێکی هێلکەیی هەبێ، لە فەرش و مافوورەکانی کوردیدا ئەوە گۆشەگۆشەیە. ئەو ڕەنگانەی لە فەرشدا بەکاردێن هەر ئەو ڕەنگانەن کە لە جلوبەرگی کوردیدا هەن. هەر ئەو ڕەنگانەن کە لە مالّەکاندا و لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەکەدا دەبینرێن، بەڵام ئێمە لێرەدا لەگەڵ پرۆسیسێکی هونەری ڕووبەڕووین.

لە بواری فیکر و کاری هونەری و تەکنیکدا هەندەران لە هەموو کاتژمێر و ڕۆژ و مانگێکی شتی بە من بەخشیوە

ڕامان: ئەو سوودەی لەو ڕەنگ و زەخرەفانەت وەرگرت لە چ ڕوویەکەوە بووە؟

برایم فەرشی: لەناو شانۆدا تا ئێستا زۆر بە قوواڵی نەچوومەتە نێو مەسەلەکەوە، ئەوەی بووە تەنیا خوێندنەوەیەک لەو دیاردەیە بووە، بەڵام بێم وەک «پیتر بروک» فەرش بێنمە نێو شانۆ، ئەو کارەم نەکردووە، هۆیەکەشی ئەوەیە هێشتا شانۆیەکی وام کار نەکردووە یان شانۆنامەیەکی وام دەست نەکەوتووە کە ئەمە لەگەڵ سەرجەمی شکڵ و تێم و ناوەرۆکی شانۆکە ڕێک بێتەوە.

ئەوەش بەشێک بووە لە کۆمەڵە تەئسیراتێک کە لە ژیانی منداا هەبووە و بە هەمووی بنەمایەک بووە بۆ ئەوەی چێژی هونەریی من پێک بێنێ. دیارە کارێکی گرنگی کە باوکم دەیکرد ئەوە بوو هەموو ئەو دانیشتنانەی هەیانبوو تۆمار دەکرا. بەشێکیان ماون و بەشێکیان بەداخەوە لەناو چوون. باوکم ئیمکانی ئەوەی بەمن و براگەورەکەم دەدا کە ڕۆژ تا ئێوارێ گوێمان لەو بەیت و گۆرانییانە بێ. تارادەیەک کە خۆشمان لە قوتابخانە بتوانین گۆرانی بڵێین یان وێنە بکێشینەوە، ئەوە سەرەتایەک بوو. ئینجا ئەو خۆگۆڕینەی کە بۆ وەپێکەنین خستنی دایکم باسم کرد، دوو کەسایەتی لە منداا پێکهێنا. کەسایەتییەک کە هەموو خەڵکی دەیدیت و کەسایەتییەکی دیکە خەڵک نەیدەدیت، واتە ئەو کارانەی من دەمکردن خەڵکەکە نەیاندەزانی کێیە ئەو کارانە دەکا. با نموونەیەک بێنمەوە. لەو بنەمالّە خێزانداردا من یەکێک بووم لەو کەسانەی بۆ شت کڕین بەردەوام لەهاتوچۆی ناو بازاڕدابووم. ڕۆژێک لای کاتژمێر (٢)ی پاش نیوەڕۆ کە خەڵک لە مالّەکانیاندا دەحەسێنەوەو کۆڵانەکان چۆڵن، بە کۆڵانەکاندا دەهاتم و یەک بەخۆم هەرام دەکرد: «ئاردە تووە، بە خوری بە موو، بە ڕوحە شکاو» ئەوەم دەگوت و خۆم مات دەدا بزانم ژنان لە پەنجەرەوە یان لە دەرگاوە دێنە دەرێ؟ زۆرجار دەمدی ژنان لە پەنجەرەوە سەر دەردێنن و هەرای کابرا دەکەن تا ئاردەتووی لێبکڕن، بەڵام لە کۆڵاندا کەس نەبوو.

ئێستا کە تەماشای کاری ئەو ڕۆژانەم دەکەم مەسەلەیەکی کە دەیبینم ئەوەیە من لەو کارانەمدا جیددی بووم، بەو مانایە کە کارەکەم درێژە پێدەدا. ئەو درێژەپێدانە شێوەی کاری لەمندا دروست دەکرد. دواتر کە چوومە قوتابخانە، دیتم ئەو شتانەی من فێری بووم، وادەکا کە بانگم بکەن گۆرانی بڵێم و چیرۆک بگێڕمەوە. لەوێ دەگەڵ کەسانێکی زۆرتر ڕووبەڕوو بووم کە بینەر و بیسەری من بوون.

ڕامان: ئەو سالّانە کەسانێکی وات تووش نەبوون هانت بدەن؟

برایم فەرشی: سالّی ١٣٤٢ (١٩٦٣) لە موکریان خەڵکێکی زۆر کە گومانی ئەوەیان لێدەکرا فکری دیموکراتیان هەبێ و سەر بە حزبی دیموکرات بن، گیران. ئێمە مامۆستایەکمان هەبوو بەناوی «خەلیل زادە» کە لەگەڵ ئەو کەسانەدا گیرا. ئەو مامۆستایە لای ئێمە زۆر خۆشەویست بوو، چونکە بەپێچەوانەی مامۆستاکانی دی دۆستانە لەگەڵ ئێمە دەجوواڵیەوە. قسەشی بۆ دەکردین. ئەوانە هەموو پارامیترێ بوون کە تەئسیریان لە مێشک و ڕۆحی من دەکرد. تا گەیشتمە پۆلی چواری سەرەتایی. لەوێدا لە کتێبی «ئەدەبیات»دا بەشێک لە شانۆنامەی «خەسیس/ چاوچنۆک»ی «مۆلێر»ی تێدابوو، من پێشنیارم کرد لە پۆلەکەماندا وەک شانۆ دەری بێنم. دێمە

پێشەوە و پێشکەشی دەکەین. مامۆستاکەمان کەسێک بوو بەناوی ئاغای «خاوەری» کە خەڵکی مەهاباد بوو. زۆری پێخۆش بوو و من ئەو شانۆیەم لەوێ پێشکەش کرد. ڕەنگدانەوەی ئەوەش لای هاوپۆلەکانم باش بوو و تەئیدێک بوو بۆ مەسەلەکە.

ڕامان: ئەی کەشوهەوای فەرهەنگیی شاری بۆکان چەندە لەسەر تۆ کاریگەر بوو؟

برایم فەرشی: ئەوە دەچێتە سەردەمێکەوە کە من چوومە قۆناغی دواناوەندی، لەو سەردەمەدا لە بۆکان و هەموو شارەکانی کوردستان و ئێرانیش بۆنەکانی کە پێوەندییان بە (۲۵۰۰) ساڵەی شاهەنشاییەوە بوو، جێژن دەگیران. بۆ نموونە لە ڕۆژی لە دایکبوونی شا و ڕۆژی لە دایکبوونی مندالەکانی شادا بەرنامەی مۆسیقا و گۆرانی و نمایش پێشکەش دەکرا کە پێیاندەگوت نمایشی «میهەنی» و بەشێکی دیکەش نمایشی کۆمێدی پێشکەش دەکرا. من پێمخۆشبوو، ئەوانەم دەدین، بەڵام هەستم کرد ئەوە ئەو شتە نییە کە من بەدوایدا دەگەڕێم، بۆیە کەشوهەوای شارەکە لەژێر دەسەڵاتی ڕژێمی شاهەنشاهی بەجۆرێک بوو زیاتر لەوە شتێک نەبینین شتێک بە زمانی کوردی نەبوو. تەنیا شتێکی کە هەمانبوو، ڕادیۆکان بوو. ڕادیۆ کوردییەکانی تاران و کرماشان و بەغدا. ئەوکاتە بەهیچ شێوەیەک لە بۆکان شتێک بەناوی شانۆ نەبوو.

ڕامان: ئەوە کە لە چواری سەرەتایی بیر لەوە بکەیەوە شانۆگەرییەکی مۆلێر دەربهێنی لە چییەوە سەرچاوەی گرتبوو؟

برایم فەرشی: لەڕاستیدا شانۆگەرییەکەی مۆلێر لە کتێبی دەرسی ئێمەدا بوو، باسی ئەوەشم کرد کە پێشتر کاری لاساییکردنەوە و خۆ گۆڕینم کردبوو. ئەوە شتێک بوو کە هەستم دەکرد خۆمی تێدا دەبینمەوە.، دواتر تەلەڤزیۆنی ئێران کاریگەریی تایبەتی لەسەر من هەبوو، لەبەر ئەوەی بەشێک لە شانۆکان لە تەلەڤزیۆن بڵاودەبوونەوە. لەلایەکی دیکەوە بۆکان سینەمایەکی تێدا بوو. من بەردەوام دەچووم فیلمم دەبینی. ئەوانە هەموویان لەپێکهێنانی فکری شانۆیی منداکاریگەریی خۆیان هەبوو.

ڕامان: دەکرێ ئاماژە بە چەند نموونەیەک لەو شانۆگەری و فیلمانە بکەی کە ئەوکاتە بینیوتن و لە یادەوەریتدا ماون؟

برایم فەرشی: بەداخەوە ئێستا ناتوانم ناوێک بێنمەوە یادم، بەڵام من تەئسیرم زۆر لە سینەما وەرنەگرتووە، بەڵکو زیاتر لەو شانۆگەرییانەی لە تەلەڤزیۆن دەمدیتن. هەر لەو پێوەندییەدا ئەو کاتە کاکە سواری ئێلخانیزادە دوو بەرنامەی ئەدەبی لە ڕادیۆی تاران بڵاودەکردەوە بەناوی «تاپۆ و بوومەلێڵ»، هەروەها بەرنامەیەکی دی کە لە ڕادیۆی بەغدا بڵاو دەکرایەوە بەناوی «ڕۆژێ لە ڕۆژان» ئەودوو بەرنامەیە زۆر زۆر تەئسیریان لەسەر من هەبوو.

دوای ئەوەی قۆناغی ناوەندیم لە بۆکان تەواو کرد، لە شاری تەورێز قۆناغی دواناوەندیم خوێند. ساڵانی (۱۹۷۱-۱۹۷۲) لەوێ لەگەڵ «تیئاتری تەورێز» ئاشنابووم. ئەو کەسانەی کە لە قوتابخانەکەی ئێمە کاریان دەکرد، تەئسیرێکی زۆریان لەسەر دانام، دواتر بۆ چارەسەرکردنی لاقم چوومە تاران و لەوێ لە ڕێگای زرخاڵمەوە لەگەڵ زۆر کەس ئاشنابووم کە مامۆستای زانکۆ و قوتابخانەکان بوون. یەک لەوانە «دکتۆر سادق شەرەفکەندی» بوو. ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو کەسایەتییە کوردانە هێندێک لایەنی فکرییان لەمێشکی منداا بەهێز کرد. پاش ئەوە من گەڕامەوە بۆکان. لەو ماوەیەشدا دایکم کۆچی دوایی کرد کە لەگەڵ مەرگی «حەسەن زیرەک»دا مانگێکیان نێوان بوو. من ئەوکاتە بە شەقە (داری بن باغەڵ) دەڕۆیشتم. ئەو چەند مانگەی کە بۆ چارەسەری نەخۆشی لە نەخۆشخانەی تاران کەوتم، پرسیارێک لای من دروست بوو.

«باشە بۆ هەموو کەس دێنە سەردانم، دایکم نایە؟» لە کاتی گەڕانەوەمدا، لە سەرتاسەری ئەو ڕێگا دوورو درێژەی تاران تا بۆکان ئێستاش وەک فیلمێک لە مێشکی منداا هەیە و دەیان جاریش لە سەرەتاوە تا کۆتایی پێیدا چوومەتەوە. کاتێک هاتمەوە بۆکان لەگەڵ مانگێکی چۆڵ ڕووبەڕوو بووم. باوک مانگی گوێستبۆوە و لەگەڵ ژنی تازەی خۆی بوو. ئەوە تەئسیرێکی ڕۆحیی یەگجار زۆری لەسەر من دانا و هەموو ئەو شتەی لەو سالانەدا لە منداا کۆببۆوە دەبوو بە شێوەیەک دەریبڕم و لەخۆمی دوور بکەمەوە. دەستم کرد بە خوێندنەوەی زۆرتری بەیتە کوردییەکان و لەلایەکی دیکەشەوە خوێندنەوەی ئەدەبی کۆنی یۆنان، ئەوەشم لەبیر چوو بڵێم، من لە سەرەتاوە ئینسانێکی مەزهەبی بووم و پێموابوو مەزهەب و ئایین مرۆڤ لە زۆر شتی خراپ دوور دەخاتەوە.

ئەو کاتەی لە تەورێز لە دواناوەندیدا دەمخوێند زۆر لە هاوپۆلەکانم کەسانێک بوون کە قوتابی سەمەدی بێهرەنگی بوون. ئەوە فکری منی زیاتر ڕۆشن دەکردەوە. لە لایەکیشەوە هەموو ڕۆژێ مشتومڕی شیعە و

سوننەمان هەبوو. هەمیشە شەڕی «عەلی» و «عومەر» بوو. تا وای لێهات ئەوە ژیانی لە من تاڵ کرد و گەیشتمە ئەو شیعرەی «نە قم باشە نە کاشان، لعنت بە هر دو تاشان».

ڕامان: ئەی سەرو ساختێکتان لەگەڵ مۆسیقا و نەقاشیدا نەبووە؟

برایم فەرشی: من لە سەرەتاییدا نەقاشیم دەکێشایەوە. هەر شتێکی کێشابامەوە فۆرمی ئێسقانم دەدایە. ئەوەشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی چەندین جار دەست و لاق و سەرم شکاوە، بزۆز بووم. لە قوتابخانە گۆرانیشم دەگوت. دواتر وازم لەوانە هێنا.

ڕامان: ئەی توانیت هاوکێشەی نێوان سوود وەرگرتن لە هونەری نەقاشی و شانۆ بدۆزیتەوە؟

برایم فەرشی: ئەو تەئسیرە دواتر لە یەکەم شانۆکانمدا خۆی دەرخست. بەوەی کە بایەخێکی تایبەتیمان دا بە دیکۆر. بۆ مۆسیقاش لە قۆناغەکانی سەرەتادا نا، بەڵام دواتر کاتێ توانیم شانۆنامە بنووسم و بەشەکانی شانۆ باشتر بناسم، لەوێدا جارێکی دیکە مۆسیقا وەک بەشێکی بنەڕەتی کاری شانۆیی من خۆی دەردەخات.

ڕامان: یەکەم شانۆنامەت ساڵی چەند نووسیوە؟

برایم فەرشی: یەکەم شانۆنامەم بەناوی «کۆشکی ئاوات» بوو. ئەوە لە شاخ نووسرا و لە شاخیش پێشکەشمان کرد، بە بۆنەی (۲)ی ڕێبەندانی (۱۳٦۳)- (۱۹۸۵ز) بوو. لە دەرەوەش، لە ئەڵمانیا، ویستمان بەشێوەیەکی نوێ پێشکەشی بکەینەوە، بەڵام بە چەند هۆ سەری نەگرت. یەک لەوانە نەبوونی کەسێک کە مۆسیقاکەی لێبدا. بۆ ئەوە پێوەندیم بە «ئیقبالێ حاجبی»یەوە کرد و زۆری پێخۆش بوو. هەروەها کەسێکمان دەویست وەک گۆرانیبێژ بەشداری بکا. بۆ ئەوەش کەسێک هەبوو بەناوی «هێدی ئەلوەندی»، بەڵام بەداخەوە بەهۆی هاوکاری نەکردنی ئەو دۆستانە و بە هۆی ئەوە کە کارەکە خۆمی ڕازی نەدەکرد پێشکەش نەکرا.

ڕامان: ئەی لەو باکگراوەندەی لە بەیتی کوردی هەتبوو، چەند سوودت لەوە وەرگرت بۆ نووسینی یەکەم شانۆنامەت؟

برایم فەرشی: ئەو «کۆشکی ئاوات»ە دووەم شانۆنامەم بوو. یەکەم شانۆنامەم بەناوی «خودموختاری یانی چی» بوو کە ساڵی (۱۳۵۸) (۱۹۸۰) پێشکەش کرا. لە ڕاستیدا ئەو شانۆیە تەواو لە بەیتی کوردی و لە فۆرمی گێڕانەوەی کوردی سوود وەرگیرابوو. واتە بنەماکەی ئەدەبی زارەکی کوردی بوو. لەوێدا کەڵکم لە فۆرم و ناوەرۆکی بەیتە کوردییەکان وەرگرتووە.

لە «کۆشکی ئاوات»دا کەڵکم لە ئەدەبی مەنزوومی کوردی وەرگرتووە. لەوێدا زیاتر کەڵک لە هەڵپەڕکێ وەرگیراوە. زیاتر لە بزووتن و جوواڵە و فۆرمی لەش کەڵک وەرگیراوە. کە زۆربەی زۆر هاتوومە سەر فۆرمەکانی کاری «ئەبستۆکوال» کە فۆرمی شانۆی پەیکەرە.

ڕامان: بە تەئسیری شانۆگەرییەکانی تەلەڤزیۆنی ئێران هەندێک بیرۆکەی دەرهێنانی شانۆ لای تۆ دروست بوو. بیرت لەوە نەکردەوە لەگەڵ چەند کەسێک تیپێک دابنێن؟

برایم فەرشی: پێشنیازم بە مامۆستاکەمان کرد کە «زانستی سروشتی» پێدەگوتین کە من دەمەوێ سیمیناریک لەسەر «تەکامول» دابنێم. گوتی: زۆرم پێ باشە. دوایەش کە لەگەڵ پۆلەکە قسە کرا، چونکە ئێمە لە هەفتەدا سێ کاتژمێرمان هەبوو، ئەوە وەختێکی باش بوو بۆ ئەوەی کێشە فکرییەکانی خۆم بۆ یەکەم جار باس بکەم. ئیتر هەفتەیەک خۆم بۆ ئامادەکرد و ئەوە یەکەم دەرکەوتنی من لەسەر شانۆ بوو. یەکەم جار وەڵامی ئەو پرسیارانەم دەدایەوە کە لێم دەکرا. ئاخرییەکەی باسەکە هاتە سەر باسوخواسی سەیر و ئاڵۆز هەرچەند باسەکەی من ئەوە بوو، لە بنەڕەتدا مەسەلەی تەکامول چییە؟ ئەوکاتە وا بوو تا کاتژمێر دوازدە دەمانخوێند و ئینجا دەچووینەوە ماڵێ، پاشان سەعات دوو دەگەڕاینەوە قوتابخانە، ئەو ڕۆژە هیچ کەس نەچۆوە ماڵێ. لە جادە دوو دوو و سێ سێ گفتوگۆیان لەسەر ئەو مەسەلانە دەکرد. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی لە مێشکمدایە بتوانم گەڵاڵەی بکەم. بە شوێن ئەوەدا ڕۆژنامەیەکی دیواریم بە تەنیا دەردەکرد بەناوی «تیئاتر»، بە زمانی فارسی، کە بابەتی جۆراوجۆرم لە کتێبەکان دەردەهێنا و لەوێ بڵاوم دەکردنەوە لە سەرەتاکەشیاندا کەڵکم لە فیگەری «چارلی چاپلن» وەردەگرت، چونکە کارەکانی چارلی چاپلن تەئسیرێکی یەکجار گەورەی لەسەر من هەبوو.

پایزی ساڵی ۱۳۵۲ (۱۹۷۳) کە لە ڕۆژی لە دایکبوونی شادا کە نمایش پێشکەش دەکرا، هاتن گوتیان وەرە تۆش لەگەڵمان کار بکە. من حەزم لەو جۆرە نمایش کردنە نەبوو، گوتم ئەگەر دەتانەوێ ئێمە دەتوانین کاری تیئاتر بکەین، لەو قۆناغەدا مامۆستایەکی تارانیمان هەبوو بەناوی «محەمەدڕەزا ئەفزەل»، کە وەک سەرباز

هاتبووە بۆکان. ئەو گوتی من یارمەتیتان دەدەم. بەهۆی ئەوە بوو ساڵی (١٩٧٣) توانیمان تیپی شانۆی «لاو» دروست بکەین، بە ڕێنومایی محەمەد ڕەزا ئەفزەل.

شانۆنامەیەکمان بەدەستەوە گرت لە نووسینی «ناسر ئیرانی». لەو سەردەمەدا پێشکەشمان کرد، کە چەند سەربازێکن لە شەڕ هەڵدێن و دەچنە ئەشکەوتێکەوە و لەگەڵ پیرە پیاوێک ڕووبەڕوو دەبن. بێ ئەوەی ئێمە بە ئەنقەست فکرێکی وامان کردبێتەوە، زۆر لە مەسەلەی شۆڕشی کورد لە کوردستانی عیراق نزیک بوو. هاوکات لەگەڵ شۆڕشی ئەیلوول بوو. ئینجا بۆ یەکەم جار لەگەڵ دیاردەی دیکۆر بەرەو ڕوو دەبین. دەبوو ئەشکەوتێک دروست بکەین. ئەوکاتە لە بۆکان هۆڵی شانۆ نەبوو. ساڵۆنی کتێبخانەی گشتییان داینێ. هەموو بۆکان گەڕاین تا توانیمان کاغەزی چیمەنتۆمان پەیدا کرد و دەبوو ایە ئەشکەوتەکە بەشێوەیەک دەربهێنین کە فۆرمی بەردی هەبێ. لەوێ مەسەلەی تێکەڵ بوونی ڕەنگەکان هاتە ئاراوە. دوای ئەوە تا دەگەینە ساڵی (١٩٧٩) هەموو ساڵێ یەک دوو شانۆمان پێشکەش دەکرد.

ساڵی ١٣٥٤ (١٩٧٥) لە مەهاباد فیستیڤاڵێک بۆ شانۆ هەبوو کە لە بۆکانەوە دوو گرووپی شانۆ بەشداربیان تێدا کرد. یەکیان گرووپی «شانۆی لاو» و ئەوی دیکەیان بەناوی «ئازاد» بوو. گرووپی تیئاتری ئازاد ئەوانە بوون کە نمایش «میللی میهەنی» یان پێشکەش دەکرد. یەک دوو کەس لەو کەسانەی لە گرووپی تیئاتری ئازاد بوون لە ڕاستیدا لە بەشدارانی گرووپی «لاو» بوون. لەسەر ئاستی موکریان ئەوە یەکەم جار بوو شانۆکارانی مەڵبەندی موکریان و شاری مەریوان بەشداری بن. لە مەهاباد دوو گرووپی «ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن» و «فەرهەنگ و هونەر» بەشداربوون کە ئەودەم ئاغای «ئاتەش تەقی پوور» لەوێ کاری دەکرد لەگەڵ «نوسرەتوڵڵا سەیافی» کە خەڵکی کرماشان بوو. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئەوەی لەگەڵ شانۆ بەشێوەی فیستیڤاڵدا ئاشنا بین، بەڵام تێکەڵی ئێمە لەگەڵ مەهاباد هەر لە سەرەتاوە بوو، لەبەر ئەوەی بۆکان هیچ ناوەندێکی هونەری لێنەبوو، بەڵام لە مەهاباد ئیدارەی فەرهەنگ و هونەری لێبوو. ئەو «ئاتەش تەقی پوور»ە کە لەوێ بوو یەکێ لە باشترین کارناسەکانی ئەو سەردەمەی شانۆ بوو. من یەکەمین خولی فێربوونی کار لەگەڵ لەش و لەگەڵ دەنگ لای ئاتەش تەقی پوور فێر بووم. هەر لەو سەردەمەدا لە شاری سنە شانۆ هەبوو. لە شاری ورمێ شانۆ هەبوو. یەکێک لەو کەسانەی لە ورمێ هەر لە ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر بوو «غوڵامرەزا عەباسی» بوو کە کرماشانی بوو. لە کرماشانیش دیارە شانۆ هەبوو. کرماشان یەکێک لە کۆنترین شارەکانە بۆ پێشکەشکردنی شانۆی نوێ.

ڕامان: ئێوە بۆ بینینی شانۆ سەردانی ئەو شارانەتان دەکرد؟

برایم فەرشی: ئەوکاتە لە ئێران لە هەموو شارەکان فیستیڤاڵی شانۆ هەبوو. لە یەک نزیک بوونەوەی مەهاباد و بۆکان و کرماشان ئیمکانێکی ڕەخساند بە یەکەوە بۆ کاری شانۆ هەوڵ بدەین ئەو هەوڵە خۆی لە شانۆنامەی «شێخی سەنعان»دا نواند کە ئێمە هەمووان تێیدا بەشداربووین، ئێمە لە شانۆوە یەکڕاست چووینە خانەقاکانەوە.

لە شانۆی کوردیدا ئەزموونەکان تاکەکەسی و چەند کەسین کە لەگەڵ یەکتری گرێ نادرێن

ڕامان: کێ ئەو شانۆنامەیەی نووسی؟

برایم فەرشی: بە هاوکاریی هەموو گرووپەکان بەتایبەتی «ئاتەش تەقی پوور» و «نوسرەتوڵڵا سەیافی» نووسرا.

ڕامان: نوسرەتوڵڵا سەیافی کێیە؟

برایم فەرشی: نوسرەتوڵڵا سەیافی نووسەر و دەرهێنەری شانۆ و سینەما و خەڵکی گوندێکی کرماشان بوو کە مانگێک لەوە پێش کۆچی دوایی کرد. دەتوانم بڵێم یەکێک لە یەکەمین کوردەکان بوو کە کاری شانۆی کرد. ئەویش دوای ئەوەی لەخۆیدا هەست بە توانای شانۆیی و نواندن دەکا، لە کرماشان بەشداری خولی فێربوونی ئیدارەی فەرهەنگ و هونەر دەبێ. پاشان بەهاتنی ئاتەش تەقی پوور زۆر لەو نزیک دەبێتەوە و دواتر درێژە بە خوێندن دەدا. نوسرەتوڵڵا سەیافی هەرچەندە زۆر نەناسراوە، بەڵام یەکێ لەبەرجەستەترین و دیارترین کەسایەتییەکانی شانۆی کورد بووە. سی ساڵ لەمەوبەر لە تەلەڤزیۆن شانۆی بە زاراوەی گۆرانی پێشکەش دەکرد. ئەوە سەردەمێک بوو کە کاک مەزهەری خالقی بەرپرسی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی کرماشان بوو. لەوێ

گرووپێکی شانۆیی پێکهات کە منیش ئەندامی ئەو گرووپە بووم، دەکرێ ئێمە لە وتارێکی سەربەخۆدا باسی نوسرەتوڵڵا سەیافی بکەین.

ڕامان: ئەگەر وێستگەیەکی گرنگ لە ژیانی ئەو ساڵانەتدا نەمابێ باسێکی ئەوە بکەین کە کەی بیرت لەوە کردەوە بچیە هەندەران؟

برایم فەرشی: من بەر لەوەی باسی هەندەران بکەم، دەبێ باسی سەرەتایەکی گرینگ بکەم کە ئەویش ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) کە دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای شانۆیی «دایکی نیشتمان»ی سەردەمی کۆماری کوردستان یەکەم شانۆگەریی کوردیم پێشکەش کرد. شانۆنامەیەک بوو بەنێوی «مان گرتن» کە نووسراوە لە نووسینی «عەبدوڵڕەحمان زەنگنە»، بەڵام بەپێی وتەی کاک ئەنوەر ڕەشید لە ئەڵمانیا دەبێ وەرگێڕان بێ و کاک فازڵ جاف لەگەڵ کاک عەبدوڵڕەحمان زەنگنە تەرجەمەیان کردبێ. ئەوە یەکەم شانۆنامەی کوردی بوو کە تیپی شانۆیی «لاو» کاری لەسەر کرد. لە زۆر لە وشەکانیش نەدەگەیشتین، بۆ نموونە نەماندەزانی بەرمیل چییە. لە زۆر کەسمان پرسی ئەوانیش نەیاندەزانی بەرمیل چییە؟ دوایە لە شانۆنامەکەوە بۆمان دەرکەوت بەرمیل دەبێ بۆشکە بێ. ئەوە سەرەتایەک بوو بۆ ئێمە کە لەگەڵ فەرهەنگی شانۆی باشووری کوردستان ئاشنا دەبووین.

ڕامان: کێ دەری هێنا؟

برایم فەرشی: دەرهێنەرەکەی من بووم. لە شارەکانی بۆکان و مەهاباد و سەقز و سنە و شنۆ پێشکەشکرا. من لە شوێنێکی دیکەدا لە چواچێوەی «پەنجا ساڵ نمایش و شانۆی بۆکان» چۆنیەتی پێشکەشکردنی ئەو شانۆیەم باس کردووە. بە شوێن ئەودا شانۆگەریی «خودموختاری یانی چی» بە زمانی کوردی لە نووسین و دەرهێنانی من پێشکەشکرا. دوای ئەوە و دوای فیستیڤاڵێکی گەورەی مۆسیقای گەلانی ئێران من چوومە تاران کە لەوێ لە «ئەنجومەنی تیئاتری ئێران» و سەندیکای کارمەندانی تیئاتر کارم دەکرد و بەرپرسی شەریکەی فیلم و نمایش بووم. لەوێ ئیدی ڕاستەوخۆ تێکەڵی شانۆی ئێران و شانۆکارانی ئێران بووم. ساڵی (١٩٨٥) لە ئێران هاتمە دەرێ.

ڕامان: هەر ئەو کاتە یەکسەر بەرەو ئەڵمانیا..؟

برایم فەرشی: ڤیزەی ئەڵمانیام هەبوو، بەڵام بە تورکیاداچووم و مەبەستم ئەوە بوو دوو حەفتە لەوێ مامەوە و ئەوەش داستانێکی خۆی هەیە و دوای ئەوە یەکسەر چوومە ئەڵمانیا.

ڕامان: لە دەرهێنانی ئەو دوو شانۆگەرییەی «مان گرتن» و «خودموختاری» ئایا پەیڕەوی میتۆدێکی دیاریکراوت دەکرد و ئایا بەرچاو ڕوونییەکت لە هونەری دەرهێنان هەبوو یان هەروا شتێکی عەفەوی بوو؟

برایم فەرشی: ئەو دەمە میتۆدێکی تایبەتی دەرهێنان لای من نەبوو، بەڵام میتۆدی کارکردن و نواندن هەبوو. من پێشتر لای ئاتەش تەقی پوور سیستەمی کاری ستانسلاڤسکی-م خوێندبوو.

ڕامان: ئەویش کورد بوو؟

برایم فەرشی: نەخێر ئازەری بوو، بەڵام ژنەکەی کرماشانی بوو و لەبەر ئەوەی کاری لەسەر شانۆیی شێخی سەنعان کردبوو و لە مەهاباد بوو زۆر ئاشنای مەسەلە کوردییەکان بوو.

ڕامان: پێشوازیی بینەران، کە لایەکی گرینگی شانۆیە، بۆ ئەو شانۆگەرییانەی پێشکەشتان کردن، چۆن بوو؟

برایم فەرشی: پرسیارێکی زۆر بەجێیە. یەکەم جار کە ویستمان شانۆگەریی «کونە ئەشکەوت» لە بۆکان پێشکەش بکەین، دیارە پلاکارد بلاوکرابوونەوە و خەڵک ئاگادارکرابوون، بەڵام لەکاتژمێر (٧) نزیک ببوینەوە دوو سێ کەس هاتبوونە هۆڵەکەوە. زەحمەتێکی یەگجار زۆر کێشرابوو، دوو سێ مانگ کارکرابوو. بەفڕێکی قورسیش باریبوو. سەرمایەکی زۆر سەخت بوو. ئەو سێ چوار کەسەش کە لە هۆڵەکەدا دانیشتبوون دەلەرزین. ئێمەش بەهەر چەشنێک بێ دەبوو (١٥-٢٠) کەسێک لەخۆمان کۆ بکەینەوە. شانۆکارەکان هەر بە جلوبەرگی شانۆوە دەچوونە قاوەخانەکان و بە خەڵکیان ڕادەگەیاند کە وەرن شانۆ ببینن. ئەو شەوە (١٥) کەسێکمان کۆکردەوە.

ڕامان: بەبێ بلیت؟

برایم فەرشی: بەبێ بلیت، بەڵاش. ئێمە لە هەموو ئەو ساڵانەدا کە کاری شانۆمان کردووە، پەناباتێکمان لە هیچ کەس وەرنەگرتووە.

ڕامان: ئەدی کاک برایم هیچ وێنەتان لەو شانۆگەرییانە نەگرتووە؟

برایم فەرشی: وێنەی هەموویان هەیە، لە ئینتەرنێتیشدا بڵاومان کردوونەوە. ئەو شەوە کە شانۆیەکە پێشکەش کرا ڕۆژی دوایە لە قوتابخانەکاندا دەنگی دایەوە. شەوی دواتر جێگا نەدەبۆوە خەڵک لێی دابنیشێ. یەکەم جار بوو لە بۆکاندا دەوڵەت بەڕێوەبەری

بەرنامەیەک نەبوو. چەند لاوی سەر ڕووت بوون کە کارەکەیان ڕاپەڕاندبوو. هیچ پێشگیرییەک نەبوو بۆ ئەوەی بینەر نەیەتە ژووری. زۆر کەس بە پێمەڕەوە هاتبوو لەوێ ڕاوەستابوو، زۆر کەس منداڵەکەی بە باوەشەوە گرتبوو هاتبووە ئەوێ. واتە باشترین بینەر کە بتوانم باسی بکەم هی ئەو سەردەمەیە، یەکەم جاریش بوو لە گرووپەکەماندا کچ بەشداری دەکرد. سێ کچ لەو شانۆگەرییەدا بەشدار بوون.

ڕامان: ئەو کچانە لەپاش ئەو شانۆگەرییە بەردەوام بوون؟

برایم فەرشی: چەند کەسێکیان بەڵێ، بەڵام بەداخەوە نا.. دواتر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنی مەهاباد هات قسەی لەگەڵ کردن و ئەوەش بۆ خۆی بۆ ئەو سەردەمە شتێکی نوێ بوو کە کچان کەوتنە قسەکردن. ساڵی (١٩٧٤) بوو کچان باسی ئەوەیان کرد کە لە ماڵێ چیان لێدەکەن. ئەوە لە ڕادیۆ بڵاوکرایەوە و دەنگێکی یەگجار زۆری دایەوە. شانۆکە هێشتا دەستی پێنەکرابوو دیتمان یەکێک زرم زرم لە شووشەی پەنجەرەکەی دەدا. کە پەردەکەیان لادا دیتمان سەرۆکی «ئیدارەی پەروەردە و فێرکردنی»ی بۆکانە، دەڵێ ڕێگام بدەن بێمە ژووری. جێگا نەبوو. لە پەنجەرەکە هەڵیانکێشایە سەرێ دوای ئەوەی شانۆکە پێشکەش کرا حاڵەتێکی تایبەت لە شارەکەدا پێک هات. تیپەکە لە زۆربەی شارەکانی دەوروبەر ناوبانگی دەرکرد.

لە شاری سەقز بووین، لەکۆتایی شانۆکە من هاتمە سەر شانۆ، داوای لێبوردنم لە خەڵکەکە کرد، کە ڕەنگە کەموکوڕی لە کارەکەی ئێمەدا بووبێ. کەسێکی بەتەمەن لە پێشەوە دانیشتبوو، هەستایەوە گوتی: نا ڕۆڵە گیان ئێمە سوپاسی ئێوە دەکەین. من سی ساڵە لەو شارەدا مەعەلیمم، ناتوانم بە کوردی بنووسم و بخوێنمەوە، بەڵام ئێوە هاتوون شانۆ بەزمانی کوردی پێشکەش دەکەن.

بەهەرحاڵ بینەر دەورێکی بنەڕەتی گێڕا بۆ ئەوەی ژیانی من بەرەو شانۆ بڕوا. من لەسەرەتا ئەو بیرەم نەبوو کە بەردەوام کاری شانۆ بکەم، بەڵام ئەو کارە هونەرییانەی لەو شەش حەوت ساڵەدا واتە تا ساڵی (١٩٨١) لە کوردستان کرا ئەوە تەواو ژیانی منی گۆڕی.

ڕامان: تا گەیشتیتە تاران، لە بۆکان چ قۆناغێکی خوێندنت تەواو کرد؟ ئایا وەرگرتنت لەو شوێنە هونەرییانەی تاران زەحمەتیت بینی یان نا؟

برایم فەرشی: من پاش ئەوەی دیپلۆمم وەرگرت، هەر لەو دواناوەندییەی دەرسم خوێند، دامەزرام و لەوێ نە تەنیا شانۆم پێشکەش دەکرد بەڵکو کلاسی شانۆم دادەنا، لەماوەی ئەو چەند ساڵەدا کە کلاسی شانۆم بۆ ئەو کەسانە دانا کە حەزیان لە شانۆ بوو، پەنجاوسێ کەس توانییان ئەو خولانە تەواو بکەن. هێندێک لەو کەسانە ئێستا لە شانۆی ئێران و کوردستاندا خاوەن ناون لە بواری خۆیاندا، بەشێکیشیان لە بواری سیاسیدا کاریان دەکرد و چوونە نێو حزبەکانەوە کە لەوێش هەر کاری شانۆییان دەکرد. ئەو (٥٣) کەسە لە ڕاستیدا بەنێو کوردستاندا بۆ کارکردن بڵاوبوونەوە.

ڕامان: وەرگرتنت لە تاران ئاسان بوو؟

برایم فەرشی: بەڵێ لەبەر ئەوەی لاساییکەرەوە نەبووم و شتم پێببوو، ئاسان وەرگیرام. لەوێ کە لەگەڵ شانۆکارانی تاراندا دادەنیشتم وەک دەڵێن کۆڵێک شتی ناوچەکەی خۆمانم پێببوو.

من لەوێ کە بە فارسی قسەم دەکرد دیتم فارسییەکەی من وەک هی ئەوان نییە. هەر لەوێوە بە تەکنیکی شانۆ، هاتمە سەر ئەوەی کە فەننی بەیان و دەنگەکان لە زمانی کوردیدا و جیاوازیی ئەو لەگەڵ دەنگەکانی زمانی فارسی وای لەمن دەکرد بیر لەوە بکەمەوە ئێمەی کورد لەکوێی فارسی گوتندا تووشی گرفت دەبین.

ڕامان: باشە سوود وەرگرتنی تۆ لەو شانۆکارانەی تاران بە چ شێوەیەک بوو؟

برایم فەرشی: لەو سەردەمەدا لە ئێران سیستەمێکی ڕاهێنانی شانۆیی بوو کە «ئاگۆستۆبوال»ی ئارژانتینی پێکی هێنابوو. پاشان دێتە فەرەنسا و لەوێ قوتابخانەیەکی بوال دادەمەزرێنێ. لە شانسی من باشترین قوتابی ئاگۆستۆبوال کە خانمێکی ئێرانی بوو گەڕایەوە ئێران و ڕاست هاتە ئەو شوێنەی کە من کارم تێدا دەکرد واتە ئەنجومەنی تیئاتری ئێران. من ئەوەش بڵێم چونکە لەگەڵ ڕێکخراوێکی سیاسیدا کارم دەکرد، بوومە بەرپرسی شانۆی ڕێکخراوی (اکثریت) لە ئێراندا. تەواوی کەسە بەناوبانگەکانی شانۆی ئێران کە لەگەڵ ڕێکخراوی چریکەکان بوون و پاشان لەگەڵ (اکثریت) لە ڕاستیدا لەو بەشەدا بوون کە من بەرپرسی بووم.

من ناوی کەس ناهێنم چونکە هێندێکیان ئێستا لە کۆماری ئیسلامیدا کاردەکەن و بەناوبانگیشن، بەڵام بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی لە شانۆ و سینەما و تەلەڤزیۆنی ئێراندا کاردەکەن لەو تەشکیلاتەدا بوون کە من بەرپرسی بووم. ئەو خانمەش کە هاتەوە من لەنزیکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆم لەگەڵی هەبوو. پێشنیازمان کرد

عەینی ئەو خولەی خۆی دیتوویەتی، لەوێ دابنێین، ئەم پرۆژەیە شەش مانگی خایاند و منیش یەکێک لەو کەسانەبووم کە دەورەکەم تەواو کرد. بەو ئسلووبە دەستمان بەکاری شانۆیی کرد.

ڕامان: لەو شانۆییانەی ئەو کاتە کارتان لێ کرد؟

برایم فەرشی: بەشێکی زۆری شانۆیی سەر شەقام بوون، کە بەشێکی هەر لە تاران پێشکەش دەکرا، بەشێکیش تێکستەکەی دەنووسرا و دەنێردرا بۆ شارەکانی دیکەی ئێران کە لە ڕاستیدا لە چوارچێوەی شانۆی کلاسیکدا نەبوون. تێکستەکانی کورت و موختەسەر بوون، کە زیاتر پێوەندی بە کێشە سیاسی و کۆمەلایەتییەکانەوە هەبوو.

من شانۆ بە بنەمای شارستانییەت دەزانم هەر لەو ڕێگایەوە دەتوانین شارستانییەتی خۆمان بنەخشێنین

ڕامان: چۆن بوو بڕیارت دا بچیتە هەندەران؟

برایم فەرشی: لەو قۆناغەدا دۆخی سیاسی و ئاسایشی ئێران گەیشتبووە جێگایەک کە من نەمدەتوانی بمێنمەوە. لە تاران هێرش کرایە سەر مالەکەمان. لەلایەکی دیکەوە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی کە کاری شانۆیان دەکرد تەنانەت ئەوانەش کە مامۆستای زانکۆ بوون، هەموویان دەرکرابوون. بۆ بواری کاری شانۆش ڕێگا نەدەدرا. ئێمە زۆرجار شانۆنامەمان داوە بە «ئەنجومەنی بەرنامەکانی تیئاتر» شانۆکانیان ڕەت دەکردینەوە. تەنیا شتێکی کە بەشداریی چالاکم تێیدا هەبوو یەکەم کەرنەڤالّی میژووی ئێران بوو (١٩٨١) کە لە مانگی ڕێبەندانداوەڕێمان خست، کەرنەڤالّێکی یەگجار گەورە کە بەشێکی زۆری شانۆیی تێدا بوو. ئەو کەرنەڤالّە کە لە شەقامی «شا»ی تاران بەڕێوەچوو، کەوتە بەر هێرشی هێزە سەربازییەکانی ئێران، کە ژمارەیەک بریندار کران و ژمارەیەک گیران. ئەوە دوایین کاری هونەریی من لە ئێراندا بوو.

ڕامان: هەندەران وەک شەخسێک چی بەتۆ بەخشی؟ ئایا سوودێکی باشت لێ بینی؟

برایم فەرشی: هەندەران، هەموو ڕۆژ و کاتژمێر و مانگێکی شتی بە من بەخشیوە. بەتایبەتی لە چوارچێوەی فکری و کاری هونەری و تەکنیکیدا. ئەگەر ئەوە نەبوایە بێگومان من نەمدەتوانی تەحەمولی ئەوروپا بکەم. ئەوروپا دەرەتانێکی یەگجار زۆر بوو بۆ ئەوەی من بتوانم لە چوارچێوەی فکر و هونەر و تەکنیکدا خۆم بەرمە پێش.

ڕامان: کە گەیشتیە ئەوروپا خوێندنت دریژە پێدا؟ بەتایبەتی ئەوەی پێوەندیی بە هونەری شانۆوە هەبووە؟

برایم فەرشی: لەسەرەتادا چوومە ئەو خولانە بۆ ئەوەی شانۆ فێر بم، دوایە دەستم بە خوێندنی «شانۆی پیداگۆگی» کرد. لە پاڵ ئەوەدا لە ڕێگای نامەکارییەوە لە زانکۆی «هاگن» دراما و ئەدەبی نوێی ئەڵمانیم خوێند. دوایەش بۆ ئەوەی کە تیئاتر پێداگۆگی لەگەڵ سیستەمی ئەورۆی «مۆلتی میدیا» تێکەڵ بکەم. خولێکی تەکمیلی داڕشتنی سیستەمی فێربوونم خوێند، کە ئەوە سەرجەمی خوێندنی من لەو بوارەدا بووە.

ڕامان: دەکرێ هەر یەکێ لەو قۆناغانەی خوێندنت کەمێک بە وردی باس بکەی؟

برایم فەرشی: کۆمەڵگای ڕۆژئاوا بەدوای ئەو ئالۆگۆڕە یەگجار بە پەلانەی کە بەسەریدا هاتووە لە بواری سەنعەتی و تەکنیکی و بوارەکانی دیکەی ژیاندا، گیروگرفتی تایبەت بەخۆی هێناوە، کە زۆربەی زۆری گیروگرفتی کۆمەلایەتی و فەرهەنگییە. لەبەر ئەوەی هونەر لە پێوەندی لەگەڵ خەڵکدا مانای هەیە، دەبێ لەگەڵ ئازارەکانی خەڵکدا پێوەندی هەبێ.

دوای ئەوەی سیستەمی «بوال» کە لە ئەوروپادا بەشێوەیەکی سیاسی کەڵکی لێوەردەگیرێ، وردە وردە ئەو سیستەمە دەگوێزرێتەوە بۆ سیستەمە کۆمەلایەتییەکان منیش لە وڵاتێکەوە هاتبووم کە هەموو ئەو ئازارانەم لەگەڵ خۆم هێنابوو، جگە لەوەی لەوێش دەمدی ئەو ئازارانە هەیە، ئۆتۆماتیک من کێشرام بەرەو ئەوەی کە هونەری شانۆ لە مەسەلە کۆمەلایەتییەکان زۆر نزیکتر بێتەوە.

لە ڕاستیدا تێکەڵی ئەو جوولانەوەیە بووم کە لە ئەڵمانیا هەبوو بۆ ئەوەی ئەو گیروگرفتە کۆمەلایەتییانە لە ڕێگەی شانۆوە پێشکەش بکرێ و ئەو خەڵکە کە خۆی ئازارەکەی هەیە بەشداری پرۆسێسەکە بێ.

ئێمە لە شانۆی نۆرمالدا کە دەیناسین کەسەکان لە ڕێگای شانۆکەوە لەگەڵ مەسەلەکان تێکەڵ دەبن، بەڵام لێرە بینەرەکە بۆ خۆی تێکەڵی پرۆسێسەکە دەبێ. تەنانەت داهێنانەکە بەشێکی هی ئەوە.

هەروەها دەیهەوێ پێشکەشی بکا خۆی لە پرۆسەکەدا

وەک شانۆگەر بەشدارە، وەک بەشدار لە نووسینی تێکستەکەدا دەردەکەوێ. واتە پرۆسێسێکی بەو شێوەیە لە تیاتر پیداگۆگیدا دێتە پێشەوە. کە شانۆ و زانست لەو شێوازەدا لە یەکتری نزیک دەبنەوە، بەڵام سەرەنجام ئێمە دەڵێین کاری شانۆ دەکەین و شانۆ کەسایەتیی خۆی لەدەست نادات.

هەر ئەوەشە شانۆ لە هۆڵەکان دێنێتە دەرێ و دەیباتە نێو خەڵکەوە و زۆرتر پەرە دەستێنێ، تا ئەوەی چوارچێوەی تیۆریک بەخۆیەوە دەگرێ. ئەو چوارچێوە تیۆریکەش بەتایبەتی لە ئەڵمانیا لە یەکێتی شانۆ پیداگۆگییەکانی ئەڵمانیادا پێکهات. تا ئەوەی کۆمیسیۆنی جیاجیا بۆ لێکۆڵینەوە لەوە پێکهات و شتەکان کلاسەکران، کە تیئاتر پیداگۆگی چییە و بۆچی دەبێ بکرێ؟ لە ڕەوتی ئەو پازدە ساڵەدا کە منیش ئەندامی ئەو شوێنە بووم، لایەنی زۆرتری لێ جیابۆوە. نەک لایەنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکو لایەنی فەرهەنگی. لە وڵاتێکی وەکو ئەڵمانیادا شەست و چەند نەتەوەی دیکە دەژین، کەسێکی وەک من کە باکگراوەندێکی وام هەبوو کە لەنێو چەند نەتەوەی تردا ژیابووم، ئەوە وای کرد کە من بەرەو شانۆی فەرە کولتووری بڕۆم. شانۆیەک کە کەسانێکی وا تێیدا بەشدارن کە کولتوور و زمانی جیاوازیان هەیە.

ڕامان: ئایا ئەوە بەو مانایەیە کە باوەڕت بەوە هەبێ کە شانۆی نەتەوەیی نەبێ؟

برایم فەرشی: من لە سەدا سەد بڕوام بەوەیە کە شانۆی نەتەوەیی هەیە. ئێمە بە سەعات دادەنیشتین باسی ئەوەمان دەکرد، ئینسانێکی ترک کە لە ئەڵمانیا دەژی، چ جیاوازییەکی ڕۆژانەی هەڵسوکەوت کردنی لەگەڵ ئەڵمانییەکدا هەیە؟ مندااڵێکی ترک لە شێوەی کەڵک وەرگرتن لە کەرەسەکانەوە بگرە تا شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ مەسەلەکان جیاوازی هەیە.

لەو کۆمیسیۆنەدا کە من ئەندامی بووم و دوو ساڵیش بەرپرسی بووم، لەکۆنفرانسەکانماندا باسی جیاوازییەکانی نێو تورکیامان دەکرد.

ئەو جیاوازییە فەرهەنگییانە لە شانۆدا کە فۆرمێک لە ژیان بێ لەسەر سەکۆ، فۆرمێک لە هەموو ئەو شتانەیە کە پێوەندیی بە ئینسانەکانەوە هەیە.

ڕامان: ئاخر تۆ باسی ئەوە دەکەی کە کورد بوون زیاتر ناوەرۆکێکی سیاسییە، دەکرێ ئەوە لە ڕۆمانیش هەبێ، لە گوتاری سیاسیش هەبێ. ئێمە باسی تایبەتمەندیی شانۆ دەکەین، وەکو هونەرە زیاتر ڕۆژئاواییە.. وەک هونەری شانۆ چەند دەکرێ تایبەتمەندیی کوردێنی باوێیتە ناو ئەو شانۆیە، جگە لە مێژوو و جگە لە ناوەرۆک؟

برایم فەرشی: شانۆ وەک شکڵ و فۆرم و بینا و وەک تێکست و هەمووی ئەوانە لەو کاتەی کە یۆنانییەکان دەستی پێدەکەن بەنێوی شانۆی ئەوروپی ناسراوە، بەڵام پێش ئەوە، وەک مرۆڤایەتی ئێمە بێ مێژوو نەبووین. بەتایبەتی ئەگەر من بێم لەسەر میزۆپۆتامیا قسە بکەم، ئێمە لەگەڵ مەڵبەندێک ڕووبەڕووین کە نەتەوەی جیاجیا لە میزۆپۆتامیادا هەبوون. هەموو ئایینە جیدییەکان لەو ناوچەیەوە سەریان هەڵداوە. دوو لەو ئاینانە ڕاستەوخۆ پێوەندیی بەو بنەچەکەوە هەیە کە ئەورۆ بە کورد دەناسرێ. یەکیان ئایینی میترایییزمە و دووەمیان ئاییننی زەردەشتییە. میترایییزم ئاینێکە پڕە لەکاری نواندن. وەختێکی میترایەکان لە ئەشکەوتەکاندا دەیانەوێ ڕێز لە میترا بگرن گا قوربانی دەکەن. پاشان لە نێوەڕاستیدا ئاورێک دەکەنەوە و لە دەوری ئاورەکە بەشێوەیەکی بازنەیی دەست دەکەن بە سەماکردن و چەشنە مۆسیقایەک. ئەو فۆرمە بازنەییە و کەڵک وەرگرتن لە مۆسیقا و سەما کە جوولەی تێدایە، لێرەدا لەگەڵ دوو شتی بنەڕەتی شانۆ بەرەو ڕوو دەبین.

ڕامان: تۆ مێژووی شانۆی کوردی لەوێوە، دەستنیشان دەکەی؟

برایم فەرشی: لەوێوە دەستنیشانی دەکەم و ئەگەر ئیمکانی لێکۆڵینەوەم هەبێ بۆ پێش میترایییزمیش دەڕۆم. ئیمکانی ئەوە کە بزانین پێشتر لە قەفقاز چ خەبەر بووە؟ دوایی کە ئەو کۆڕەوە دەستی پێکردووە و هاتوون بۆ ئەم ناوچەیە، بە چ شێوەیەک بووە؟ ئێمە دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو قۆناغە کە سەردەمی چەند خودایی بووە، سەردەمی ئەفسانەکان و ڕێوشوێنە تایبەتییەکان بووە.

ڕامان: تۆ پێت وانییە ئەو شتانە تەنیا لاساییکردنەوەی سروشت و تقووسی دینی و جوولەیەکی ساکار بێ و ئەمانە بکەوێتە چوارچێوەی هونەری شانۆ بەمانای ئەوەی خاوەنی کۆمەڵە تایبەتمەندییەکی خۆیەتی؟

برایم فەرشی: ڕاستە، تۆ باسی هەر شتێ بکەی کە پێوەندیی بە چەند هەزار ساڵ پێشەوە بێ، لەگەڵ ئەمڕۆ ناتوانرێ بەراورد بکرێ. شانۆش وەک هەر دیاردەیەکی دیکە پرۆسە و مێژوویەکی هەبووە. لە یەکەم شانۆکانی یۆنانییشدا خۆ بێ بنەما نەبووە، ئەوان یەکەم شانۆنامەکانیان لە شتە زارەکییەکان وەرگرتووە.

ئەویش مێژوویەکی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەو مێژووە بە هونەرێکی زارەکی گرێ دەدرێ کە هەمان ئەو شتانەیە کە ئێستاش لە کوردستاندا هەمانە. کاتێ باسی تراژیدی دەکرێ و لەو تراژیدییانە بۆ نموونە بزن ڕۆڵی هەیە، لە هونەرە زارەکییەکوردییەکانیشدا بزن هەمان ڕۆڵی کاریگەریی هەیە.

من لە سەردەمی میترابییزمدا باسی شانۆ ناکەم، بەڵکو باسی ڕێوشوێنەکان دەکەم. دەڵێم ئەو ڕەگەزانە هەبووە. من باسی ئەوە دەکەم کە بوونی شانۆ پێوەندیی بە بوونی کیانەوە هەیە. تۆ تا چوارچێوەیەکی دەسەڵاتی سیاسیت نەبێ، شانۆش بەو مانایە ناتوانێ دروست بێ.

لە سەردەمی زەردەشتیدا ئێمە ڕووبەڕووی تێکستیش دەبین. گاتاکانی زەردەشت ئەگەر سەیری ناوەرۆکەکەشی نەکەین ئێمە دیالۆگی تێدا دەبینین. کاتێ ئەهورامەزدا لەگەڵ دەستەی ڕاوێژکاران دەیانەوێ کەسێک پەیدا بکەن کە زەوی لە پیسی و چەپەڵی پاک بکاتەوە، لەگەڵ یەکتر دیالۆگ دەکەن و زەردەشت هەڵدەبژێرن.

دواتر کاتێ دەبینە خاوەن دەسەڵاتی مادەکان، خاوەنی بینای شانۆ بوون. خاوەنی تێکستی شانۆیی بوون و شانۆ پێشکەش کراوە. یۆنانییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ئەو شانۆیەی لە دەورەی پارسەکانیشدا هەبووە لە مادەکانەوە هاتووە.

کاتێ ئەسکەندەر دێ بۆ مێزۆپۆتامیا و دێتە کوردستان، لە هەر شوێنێک کە شارێکیان وێران کردووە، شارێکی دیکەیان دروست کردووە و لە هەر شارێکدا کە دروستیان کردووە بینا و عیمارەتی شانۆ هەبووە.

لە سەردەمی مادەکاندا تێکەڵاوییەکی زۆر لەنێوان مادەکان و یۆنانییەکاندا هەبووە. یەکێک لەو بوارانە دەگەڕێتەوە سەر مەسەلەی شانۆ. ئەو تێکەڵاوییە فەرهەنگییە درێژەکەی هەم لە ئێراندا دەبینین، هەم لە یۆناندا. لە یۆنان وردە وردە فکر دروست دەبێ و بەرەو تۆمارکردنی هەموو شتەکانیان دەچن، بەڵام لە ئێراندا حکوومەتەکان ناگەنە ئەوەی فکر دروست بکەن و شتەکان بپارێزن.

ئەو ڕێوشوێنەی لە ئایینە کۆنەکاندا باسم کرد درێژەی کێشاوە و ئێستاش لە ئایین و ئاینزاکانی کوردستاندا هەن، کە ئێمە دەتوانین لە شانۆی ئەمڕۆشدا بەکاری بێنین. لەلایەکی دیکەوە وەک پرۆسە، شانۆ نەپچڕاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیت نەبووە لەژێر دەسەڵاتێکی سیاسی تردا درێژە بەمانەوەی شانۆیی دراوە. تا دەگەینە ئەو دەورەیە کە شانۆ بە شێوەی نوێ لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیادا دێتە دی و ئێمەش تێکەڵی ئەو ڕەوتەین، تا دەگەینە ئەو قۆناغە کە لە ڕووی ئەو فکرە ناسیونالیستیەی هەمانە، لەوێوە هەوڵی ئەوە دراوە ئەو ڕەنگە تایبەتییەی کە شانۆی ئێمە هەیەتی پەیدای بکەین. لێرەوە باسێکی تازەی ئێمە دەتوانێ دەست پێبکا.

ڕامان: پێت وایە ئێستا شانۆی کوردی سیما و ئادگاری خۆی هەیە؟

برایم فەرشی: ئێستا دەبێ بەشێوەیەکی جددی ئانالیزی بابەتەکە بکەین، ئەوەی کە لە سەدا سەد هەمانە ئەوەیە کە هەموو ڕەگەزەکانی شانۆی نەتەوەیەکمان هەیە، ئەو ڕەگەزانە وەک تێکست، مۆسیقا، هەڵپەڕکێ، جوواڵەی لەشی ئینسانی کورد کە تەواو لە هی ئینسانەکانی دیکە جیاوازە. هەموو ئەوانەمان هەیە، بەڵام ئەوەی ئێستا نیمانە تیۆری شانۆیە، یان زانستێک و سیستەمێکی شانۆیی و ڕاهێنانە کە نیمانە.

ڕامان: هونەرمەندی دی هەیە دەڵێ میتۆدمان نییە.

برایم فەرشی: میتۆد هەیە، بەڵام کلاسیک نەکراوە. شانۆکاری کورد بۆ ئەوەی بێتە سەر سەکۆیەک کە تێکستەکەی کوردییە و مالەکەی کوردییە، دەبێ فۆرمی ڕاهێنانی لەشی ئەو ئینسانەش لای ئێمە هەبێ. ئەمەش بەوە دەکرێ ئەو جوواڵەیە ئانالیز بکەی. وەک چۆن تۆ نۆتی مۆسیقا بەیەکەوە دەنووسێنی، ئەو جوواڵانە بەیەکەوە بنووسێنی. بۆ من پێکهێنانی سیستەمەکە گرینگە. جا ئەو سیستەمە چ نیۆێکی لێدەنێی ئەوە باسێکی ئەکادیمیکە کە دەبێ بکرێ، بەڵام من میتۆدەکەم لەو کۆمەڵە شتە وەردەگرم کە باسم کردووە.

ڕامان: تۆ میتۆدەکە لە دانان دەبینی، یان لە دەرهێنان یان لە ئەکتەر؟

برایم فەرشی: من پێشتر باسی ئەوەم کرد کە ڕاهێنانی شانۆگێڕی کورد. لە جیهاندا سیستەمی جۆربەجۆر هەیە. کاتێ من بەوێ لەگەڵ «ئۆژینۆ باربا» کار بکەم کە لەگەڵ فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا کار دەکا، ئەو لە پێشدا ئانالیزی جوواڵەکان دەکا، چووەتە نێو ئەنتڕۆپۆلۆگی مەسەلەکەوە. جا ئەگەر لە هیندستانە، ئینسانی هیندی لە پرۆسە مێژوویی و فەرهەنگییەکەیدا ئانالیز دەکا و دەڵێ ئەو جوواڵانە جوواڵەی هیندین. ئەگەر نموونەیەک لە جوواڵەی کوردی بێنمەوە، ئەوەیە، ژنی کورد وەختایەک کە کەسێکی لێ دەمرێ، دەست دەکا بە ڕۆڕۆ کردن و قوڕ پێوان. ئەم ڕۆ ڕۆکردنە دەنگ لە خۆی دەردێنێ. تۆ دەتوانی بیگری و شانۆگێڕی پێ ڕابهێنی. ئەو ژنە

قۆرەپێوێ و جوولّە دەکا و فۆرمێک لە لەشی نیشان دەدا. ئەو فۆرم و جوولّەیە فۆرمێکە کە بە تایبەتی ژنی کورد دەیکا.

ئێمە هەر ئەو جوولّەیەمان پازدە ساڵ لەوەپێش لەگەڵ دوو کەس کە لە «لیوینک تیئاتر»ی ئەمریکا کاریان دەکرد، هێنامان ئانالیزمان کرد و ئەوە جوولّەیەکی شانۆیی لێدەرهات. ئێستاش ئەوان ئەو جوولّەیە لە ئەمریکا بەکاردێنن بە ناوی جوولّەیەکی کوردی.

تورکەکان شانۆیەکی تایبەتییان هەیە بەناوی «قەرە گۆێز» لە ڕاستیدا تایبەتمەندییەکە هی ئەوانە، یان شانۆی «تەعزیە»ی ئێرانی هەم سەکۆکەی جیاوازە، هەم جوولّەکانیان هەم دەرهێنانیش جیاوازی هەیە.

ڕامان: ئەدی ئەوە چەند لەناو شانۆی کۆچەر جێبەجێ دەبێ؟

برایم فەرشی: لە شانۆی کۆچەردا ئێمە شانۆنامەیەکمان پێشکەش کرد بەناوی «زەوی» کە ئەو پرسیارە مێژوویییەی کێشەی کورد باس دەکا. کێشەی خاک و ئینسانی کورد. ئێمە لەو جوولّەیەوە دەستمان پێکرد کە پێشتر باسم کرد ڕێزگرتن لە میترا.

یەکەم دیمەن، کێوێکە بە وێنەی ژنێک. لەو کێوە ئینسانە کوردەکان دێنە دەرێ کە لە ڕێگای پشتێنەکانەوە بەیەکەوە بەسراونەتەوە. دەست دەکەن بە جوولّە و بە گوتن کە لەسەر شێوەی گاتا خوێندنەوەیە.

ئینجا لە قوولاّیی و ناوەندی شانۆکەدا مەسەلەی یەکتر کوشتن دێتە گۆڕێ کە ئەگەر ئێمە لە ڕووی میتۆلۆژیش باسی بکەین، لە هەموو مێژووی کوردا یەکتر کوشتن هەبوو. لێرەوە چەمەری خوێندن دێتە ناو شانۆیەکەوە. لێرەدا ژنان دەورێکی سەرەکی دەبینن بە هەموو فۆرم و بەهرەیەکی لەشی کە هەیانە. لەوێوە دێین بەرەو وشکەسالّی. لەوێ لەگەڵ زەوییەک ڕووبەڕووین کە وشکە و گەنمی لێ ناڕوێ. ئینجا دەگەینە بەشی کۆسەگەڕی، لێرەش تەواوی ڕەگەزەکان ئەوانەن کە لەناو خەڵکەوە هێناومانە . ڕاهێنانی هەموو شانۆگێڕەکانیش بە مۆسیقای کوردی بووە واتە بەشێک لە ڕاهێنانی فۆرمی شانۆگێڕەکان لەو شانۆگەرییەدا لە سیستەمی ئەوروپایی کەڵک وەرگیراوە و بەشێکیش لە تایبەتمەندییەکانی جوولّەی کوردین.

ڕامان: ئایا ئەمانە تایبەتمەندین بۆ تیپی شانۆی کۆچەر؟

برایم فەرشی: بەڵێ بە تەواوی، بەڵاّم کاتێ لە زانستەکەی ئەوێم کەڵک وەرگرتووە، من زانستەکەی ئەوێم نەهێناوە لاسایی بکەمەوە. هەروەها سوودم لە زۆر شتی دیکەش وەرگرتووە. تەنانەت لە زانستی پلان و داڕشتنی بینای ئەوروپی کەڵکم وەرگرتووە.

لە شانۆی «ماندانا»دا کێشە مێژووییەکە دەخەینە بەرباس، کە مرۆڤی کورد بۆ دوای مادەکان کەسایەتی نییە. ڕۆشنبیر (من لەگەڵ وشەی ڕۆشنبیر نێوانم خۆش نییە چونکە مانایەک لە مێشکمدا دروست ناکا) ئەو ڕۆشنبیرانەی لە درێژایی مێژوودا هەبوون بۆ کەسایەتیی خۆیان لەدەست دەدەن؟ لێرەدا گفتوگۆیەک لەگەڵ زەردەشت پێکدێت. گفتوگۆیەک لەگەڵ شەرەفخانی بتلیسی و ئەحمەدی خانی پێکدێت. ئەو گفتوگۆیەش ڕۆشنبیرێکی ئەمڕۆیی دەیکا. لە ڕاستیدا هەم ڕەخنە و پرسیارە لەوان، هەم تێهەڵچوونێکە. زەردەشت، تۆ بۆ لەنێو کورددا نەمای؟ ئەحمەدی خانی، بۆ بیرە نەتەوایەتییەکەت لەنێو کورددا درێژەی نەکێشا؟ شەرەفخانی بتلیسی، بۆ مێژوو نووسینەکەت و ڕاستکردنەوەی مێژوو لەنێو کورددا درێژەی پەیدا نەکرد؟

واتە ئێمە لە ڕووی ناوەرۆکەوە دەچینە ناو بابەتێکی لەسەداسەد کوردییەوە و لە باری فۆرمیشەوە، بەشێکی ئەوانەن کە لە ئەوروپا وەرم گرتووە و تا ئەو جێگای ئیمکانی هەیە فۆرمەکان کوردییە. شتێکی کە زۆر تازە بوو بۆ ئێمە مەسەلەی زمانە کە لە «ماندانا»دا دوو زاراوەی سەرەکیی کرمانجی و سۆرانی هاوکات پێشکەش دەکەین.

ڕامان: ئێمە ئێستا لە سەرەتای دامەزراندنی سیستەمی خوێندنی ئەکادیمین لە کوردستان بۆ بەشی شانۆ.. چەند دەتوانین سوود لەو سیستەمانەی ئەوروپا وەرگرین کە تۆ زانیاریت لەسەریان هەیە و خوێندووتە؟ یان شێوەی سیستەمەکە بەڕای تۆ چۆن بێ؟

برایم فەرشی: ئەوەی زۆرتر پێوەندیی بەمنەوە هەبێ، سیستەمی «تیئاتر پێداگۆگی»یە ئێمە پێوبستە لەخوارەوە بۆ سەرێ سیستەمەکە بێنین نەک لەسەرەوە. بەو مانایە کە «تیئاتر پێداگۆگی» وەک سیستەمێکی ڕاهێنانی سەربەخۆمان هەبێ، تا ئینسانەکان پەروەردە بکا.

بەشێکی دیکەی ئەوەیە ئەو سیستەمانەی دیکە کە لەوێ هەن وەک سیستەمی «بوال»ی یان ئەو سیستەمەی کە «ئۆژینۆ باربا» سەرپەرشتی دەکا لە پێوەندیی لەگەڵ نەتەوەکاندا ئەمانە لە چوارچێوەی زانستەکەدا دەتوانێ یارمەتیی ئێمە بدا. جگە لەوە سیستەمی شانۆیی دیکەش هەن شانۆکاری کورد پەروەردە دەکا، دەبێ هەبێ،

بەڵام ئێمە لە بنەڕەتدا وەک کورد دەبێ دامەزراوێکمان لە زانکۆکاندا هەبێ بۆ ئەوە کە سوود وەرگرتن لەو سیستەمانە ئەداپتێک بکەین بۆ وڵاتەکەی خۆمان.

سیستەمێکی وا کە تاموبۆنی وڵاتی خۆمانی هەبێ. ئێمە بۆ ئەوە دەبێ پرۆژە یان پرۆژەگەلێکمان هەبێ بۆ ئەوەی سیستەمەکە دابمەزرێنین.

ڕامان: بەتێکڕایی چەند ئاگات لە شانۆی کوردی هەیە؟

برایم فەرشی: بەشێک لەو کارانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکرێن گەیشتۆتە دەستی من. بەشێک لەو کارانەی لە باشووری کوردستان دەکرێن لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەکانەوە دیتوومن و جارجارەش لە ئەوروپا دیومن. هەروەها هێندێ لەو کارانەی کە لە باکووری کوردستان دەکرێن هەر لە ڕێگەی تەلەڤزیۆنەوە و جار جارەش هەڵکەوتووە کە ڕاستەوخۆ بیانبینم، زۆر بە وردی ئاگام لە هەموو پێشکەش کردنەکان نییە، بەڵام دەتوانم بڵێم ئاگادارییەکی گشتیم لە شانۆی ئەمڕۆی کوردستان هەیە.

ڕامان: تێبینیت لەسەری چییە؟

برایم فەرشی: بەداخەوە گرووپە شانۆییەکان کە شانۆگەرییەک پێشکەش دەکەن لەچوارچێوەیەکی زەمەنی سنووردار دا پێشکەشی دەکەن و دەڕۆن. بەردەوامی لە شانۆدا پێک نایە. گرووپەکانیش تێکەڵاوی یەکتری نابن تا لە نزیکەوە باس لە کێشە سەرەکییەکانی شانۆی کوردی بکەن و ئەو شانۆیانەی پێشکەش کراون جارێکی تر بیهێننەوە ناو خەڵک، هەر کەسێک بەپێی بۆچوونی خۆی شتێکی هێناوەتە نێو گۆڕەپانی شانۆوە و ئەوە نەبۆتە نەریتێکی شانۆیی کە بۆ وێنە بڵێین ئێستا لە کوردستاندا سێ نەریتی شانۆیی هەیە کە دەستنیشانی لێکچوون و جیاوازییەکانیان بکەین، ئەزموونەکان ئەزموونی تاکەکەسی و چەند کەسین کە بەداخەوە لەگەڵ یەکتری گرێ نادرێن.

ڕامان: ئەی چارەسەرێکی خێرا بۆ ئەوەی هەندێ لەو نەخۆشییانەی لێ دوور خەینەوە چییە؟

برایم فەرشی: چارە ئەوە لە ماوەیەکی چەند هەفتەییدا لە هەموو کوردستان کۆمەڵێک لەو کەسانەی لە شانۆدا کاریان کردووە، لە پرۆسەیەکی بەردەوامی کاری ڕۆژانەدا ئەو کێشە فکری وتیۆرییانەی هەن باسی لێوە بکەن، تا دەستنیشانی دۆخی ئێستای شانۆی کوردی بکەن و بەخەڵک و بەدەسەڵاتی سیاسیشمان بڵێین، ئەمە بەرنامەی ئێمەیە بۆ ئەوەی شانۆی کوردی لەو ڕەوشە بێتە دەرێ.

ڕامان: ئێستا بەتەمای دروستکردنی تیپی نەتەوایەتین بۆ شانۆ تۆ پێشەکی چ پێشنیارێکت بۆ ئەو تیپە هەیە و ئەولەویات چییە؟

برایم فەرشی: ئێمە دەبێ لەپێشدا خوێندنەوەیەکمان هەبێ، بڵێین ئەوە ئەو شتەیە کە ئێمە هەمانە و ئەوە ئەو شتەیە کە دەبێ پێی بگەین. لەپشت تیپێکی نەتەوەیی شانۆدا دەبێ پرۆسەیەکی بەردەوامی فێرکردن هەبێ. واتە ئەو ئینسانانە لێرەوە بچنە سەر شانۆ، نەک بەشێوەیەکی فیزیکی. زۆر هەوڵی ئاوا دراوە، تەنانەت بۆ مۆسیقاش، بەڵام لەبەر ئەوەی بە قووڵی نەچوونەتە نێو بابەتەکەوە و لێکۆڵینەوەی تەواو نەکراوە و فۆرم و میتۆدمان نییە، سەرکەوتوو نەبوون.

ڕامان: ئێستا تۆش هاتیتەوە سەر قسەی ئەو برادەرانەی کە دەڵێن گەورەترین گرفتی شانۆی کوردی ئەوەیە کە میتۆدمان نییە.

برایم فەرشی: بێ میتۆد کار ناکرێ!

ڕامان: ئەی حاڵی حازر دەنگوباسی تیپی شانۆی کۆچەر چییە؟

برایم فەرشی: تیپی شانۆی کۆچەر دوای دە ساڵ، ئێستا چەند ساڵێکە بێدەنگە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە لەدەرەوەی وڵات هەیە. کۆچەر کاری باشی کرد، بنەمایەک بوو بۆ کارکردنی شانۆ لە دەرەوەی وڵات، بەڵام بە داخەوە ئەو پرۆژەیە وەستێندرا. زیندووکردنەوەی ئەو پرۆژەیە دەتوانێ ببێتە هۆی ئەوەی وەکو ناوەندێک بۆ پێوەندیی شانۆی ناوەوەی وڵات و دەرەوەی وڵات کەڵکی لێوەربگیرێ.

ڕامان: ئاستەنگەکانی کاری شانۆیی لە هەندەران چین؟

برایم فەرشی: زۆر شتن. یەکەم ئەوەیە کە تۆ ناتوانی مووچە بدەی بە شانۆگێڕ. تۆ بۆ ئەوەی کارەکەت بە شێوەیەکی پرۆفیشنالّ بێ، دەبێ پێش هەموو شتێک مەسەلە مادییەکەت بۆ چارە بووبێ. کە بتوانی (١٠) کەس (١٥) کەس دابمەزرێنی، تۆ لە ئەوروپا دەژی دەبێ شان بەشانی شانۆی ئەوروپا کاربکەی، بۆ ئەوەش پێویستیت بە هەموو ئەو ئیمکاناتە هەیە و بەداخەوە ئەوە ناڕەخسێ. پشتگیریکردن لە بیانییەکانیش وەک جاران نییە و بارودۆخی ئەوروپا گۆڕاوە. ئەوە شتێکە کە دەکرێ لەو چوارچێوە نەتەوەییەدا بگونجێ کە ئێوە باسی دەکەن. من شانۆ بە بنەمای شارستانییەت دەزانم. ئێمە لە ڕێگای شانۆوە دەتوانین شارشتانییەتی خۆمان

بنەخشێنین.

ڕامـــان: ئەزموونگەری لەنێو شانۆی کوردی هەندێک باسوخواسی هەبوو. تۆ چۆنی تێدەگەی؟

برایم فـــەرشی: ئەگەر ئەزموونگەری هەر بریتی بێ لە لاســـاییکردنەوەیەک کـــە لە ڕابردوودا هەبووە، من بەزەرەری دەزانم، بەڵام ئەگەر ئەزموونگەری وەک ئەوەی باسم کرد بێنین ئانالیزی شتەکانمان بکەین، ئەوە بەباشی دەزانم. مەیدانی ئەزموونگەرییەکەی خۆت بە کەڵک وەرگرتن لە زانستێکی کە هەتە، بەربڵاوتر بکەی. نەک ئەوەی کاڵایەکی کە هەتە بە زۆر بەسەر خەڵکەکەیدا بسەپێنێ و بڵێی ئەوە ئەزموونگەرییە.

ڕامـــان: لەنێوان دانان و نووسینی شانۆنامە لەگەڵ ئەکتەر، لەگەڵ دەرهێنەر، کامەیان لای تۆ گرنگی زیاترە و لەپێشترە؟

برایم فـــەرشی: هەمـوویان گـرینگن. بەڕاستی نابێ تەرازوویەک دابنرێ و بڵـێی ئەوەیان دەبێ مـسـقـاڵێک لەوی تریان زۆرتر بێ. شانۆی بێ تێکست شانۆ نییە، شانۆی بێ شانۆگێڕ شانۆ نییە و بۆ ڕەگەزەکانی دیکەش هەروەتر.

کاتێک تۆ پێناسەی شانۆ دەکەی هەریەک لەوانە دەبێ لە جێگای خـۆیدابێ، کـەمـایەسی یەکێک لەوانە وەک مرۆڤێکە کە دەستێک یان لاقێکی نەبێ.

ڕامـــان: ئەی ڕات لەسـەر ئەوە چییـە، شـانۆکـارێکی بەتوانای وەک د. فـازیل جـاف دەڵـێ لای من ئەکـتـەر تەوەری سەرەکییە؟

برایم فەرشی: ئێمە لەکوێ ئەو قسەیە دەکەین؟ لەکوێی ئەم جیهانەداین؟ ئەوە بۆ شانۆیەکی زۆر پێشکەوتوو کە لەوڵاتانی تردا هەیە و هەمـوو ئەو بەشانە ورد ورد کـاری لەسـەر کراوە، تۆ دەتوانی لە ڕێگای جەستەوە تێکست بخولقێنی، دەتوانی مانا بخولقێنی. ئەگەر ئەو ئیمکانە لە کـوردسـتـاندا هەبێ کـە ئەو کـارە بکرێ، من بەباشی دەزانم، بەڵام ئێمە میللەتێکمان هەیە کە لە سەر تا پێی لەگـەڵ تێکست ڕووبەڕووە، لەگـەڵ شـیـعـر و بەیت و حەیران و لەگەڵ وشە ڕووبەڕووە. من ناتوانم ئەو ڕەگەزە لە شانۆی کوردی دەربێنم.

ڕامان: تۆ تا ئێستا (٥-٦) شانۆنامەت نووسیوە پێت وایە چەند تێیاندا سەرکەوتوو بووی؟

برایم فـــەرشی: شـانۆنامـەنووسی کـارێکی یەگـجـار سەختە، چونکە لە ڕاستیدا کارێکی مەیدانییە. یەکەم دەبێ تەکنیک و سـەنعـەتەکـە بناسی، دووەم ئەو بوارەی کـە تۆ دەینووسی دەسـەڵاتی تەواوت بەسـەریدا هەبێ، کاتێک هەموو ئەو شتانەت هەبێ دیارە سەرکەوتووی. بۆ من کە دەسەڵاتم سنووردارە، هەر ئەوانەن کە نووسیومن و دوای «مـاندانا» شـانۆنامـەی دیکەم نەنووسـیوە، چونکە کـاری شـانۆیی من بە جـۆرێک بووە کـە لە خـۆم ڕانەدیوە شانۆنامەیەکی تر بنووسم. ئەو دوو تاقیکردنەوەش زۆرتر بۆ ئەوە بـووە، ئەو فـکـرەی لەمـــێـــشـکـی منـدا هەیە و تەجـرەبەیەکی هەمـبـووە بتـوانم بیخـەمـە نێـو قـاڵبـەکـەوە. ئەوەی کـە چەند سـەرکـەوتـوو بووم باسـێـکـی دەوێ، بەڵام باسـێـکـی دیکە ئەوەیە من چۆن شـانۆیی «مـاندانا» یان «زەوی» پێشکەش دەکەم، کە ئەوەش باسێکە دەکەوێتە دەرەوەی شـانۆنامـەکـەوە، من ئەو سـەردەمـە کـە ئەوانەم نووسین لەو کـارانەم ڕازیم، بەڵام ئەگـەر شـتـێـکـی تر بنووسم دەبێ کاری زیاتری لەسەر بکەم.

ڕامـــان: وا دەردەکـەوێ ڕایەکـی خـۆت هەیە، کێ لەناو هونەرمەندانی کورد، یان چ تیپێک لە تیپە شانۆییەکانی کـوردسـتـان، چ لێرە و چ لە هەندەران لە بۆچوون و خەونە هونەرییەکـانی خـۆت بە نزیک دەزانی تا کـاریان لەگەڵدا بکەی؟

برایم فـەرشی: بەداخەوە گرووپێکی تایبەتی ناناسم کە ناوی ببەم، بەڵام ڕەگەزەکان دەبینم. بۆ نموونە کاتێ دەبینم لە سنە شـانۆگـەریی «گـوڵـی خـوێناوی» لەلایەن «برایم کـازمی»یەوە پێـشـکـەش دەکـرێ، لەوێدا هەندێک لەو ڕەگەزانە دەبینم کە من کـاری تێدا دەکـەم. یان کـاتێک کارەکانی دکتـۆر قوتبەدین سادقی دەبینم، هەندێک لەو ڕەگەزانەی کە ئەو بۆ شانۆی فارس کاری کردووە، ویست و داخوازی منە کە هەمـوو ئەوانە بگوێزمـەوە نێـو شـانۆی کـوردی. ئەوانە دەتوانن شـانۆی ئێـمـە زۆر دەوڵەمـەند بکەن.

هەمـوو ئەو ئازیزانەی کـە تا ئێـسـتـا کـاریان کـردووە لە باشـووری کـوردسـتـان زۆربەی کـارەکـانیـانم دیتـووە، بەڵام خـۆم لە کـارەکـانیـاندا نابینمـەوە، هەرچەندە لەکـۆنەکـاندا دەبینم ئەو هەوڵ و تەقەللایەی دراوە، زۆر لەو ڕەگەزانەی تێدایە. کەسی تاک تاک هەن هیـوادارم ڕۆژێک لەڕۆژان ئەو تاک تاکانە ببن بە گرووپێک و بەدڵنیاییـەوە من خۆم لە کاری ئەواندا دەبینمەوە.

دڵدار
شاعیری شیعری ڕۆمانسی و ڕیالیزمی

کەریم شارەزا

پێشەکی

دڵدار شاعیرێکی نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کورد بوو، لە ناوەڕاستی سییەکانی سەدەی بیستەمەوە بەهرەی شاعیریی هێنایە نێو مەیدانی شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و بەپێی سەردەمەکەی دەورێکی دیارو بەرچاوی لە بەرەوپێش بردنی شیعری نەتەوەکەی خۆی بینی و هۆنراوەی ڕۆمانسی بە تەواوی لە شیعری کوردیدا بەرجەستەکرد، بەتایبەتی لە دوو هۆنراوەکەی (گوڵی سوور) و (خەندەکەی بایی)دا و هۆنراوەی ڕیالیستی ڕەخنەگریشی خستە قاڵبی شیعری چینایەتی و لە ژیانی کۆڵۆڵ و بێنەوایان بە وردی دوا، کە لە ڕووی چۆنییەتییەوە لە ئاستێکی باشدا بوون و سەرنجی ڕەخنەگرانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی پێ ڕاکێشان و بەشاعیرێکی بەهرەداری داهێنەر لە قەڵەم درا.

ئەوەتا هۆنراوەکانی (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) و (منداڵی هیوا) و (ئەی ڕەقیب) بوونەتە نموونەی شیعری بەرزی کوردی و تا میللەتی هوشیاری کورد مابێ لە یاد ناچنەوە و بە نەمریی لە دڵ و ویژدانی ڕۆڵەکانی نەتەوەکەمان دەمێننەوە. خۆ هۆنراوەکەی (ئەی ڕەقیب) لەسەردەمی حوکمڕانی (کۆماری دیموکراتیی مەهاباد)ەوە، بووەتە سروودی مارسلیزی کورد و شەو و ڕۆژ بەسەر زاری گەنج و پیری نەتەوەکەمانەوەیە و ئاهەنگی بۆنە نیشتمانییەکانی کوردستانی پێدەکرێتەوە و هەست و سۆز و وەرە بەرزییەکی تەواو بە نەوەی نوێی گەلەکەمان دەبەخشێ و بەرەو مەیدانی خەباتیان ڕادەکێشێ.

بە کورتی دڵدار شاعیرێکی نوێکاری پێشکەوتنخوازی وابووە، پێویست دەکات ئاوڕێکی جیددی لە هەڵوێست و شاعیرییەتی بدرێتەوە و هۆنراوەکانی بەپێی قۆناغی ژیانی شاعیر مافی ڕەوای خۆیان لە ڕووی هونەرییەوە پێبدرێ، تاکو بزانرێ شاعیرمان چ داهێنانێکی تازەی لە بنیادی شیعری هاوچەرخی کوردیدا کردووە؟ تا چ ڕادەیەکیش لەو پرۆسەیەیدا سەرکەوتنی وەدەست هێناوە؟

جارێ پێش ئەوەی بکەوینە سەر هەڵسەنگاندنی هۆنراوەکانی با بزانین دڵدار کێ بووە؟ لە چ ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیدا ژیاوە و چ دەورێکی سیاسی لە بزووتنەوەی نیشتمانی و کوردایەتیدا بووە؟

دڵداری مرۆڤی ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەر

دڵدار نازناوی شاعیری نیشتمانپەروەری پێشکەوتنخوازی کورد یوونس کوڕی مەلا ڕەئووفی کوڕی مەحمود ئەفەندی خادیم سوجادەیە، بەر لە کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانی بە چەند مانگێک، لە (١٩١٨/٢/٢٠)دا لە شاری کۆیە، شاری ئەدەب و

هونەر چاوی ژیانی هەڵێناوە. خوێندنی سەرەتایی لە ڕانیە و کۆیەدا تەواو کردووە و لە ساڵی (١٩٣٥)دا چووەتە قوتابخانەی ناوەندیی هەولێر و لە ساڵی (١٩٣٨)دا ئەو قۆناغەیشی بڕیوە و چووەتە کەرکووک پۆلەکانی ئامادەیی لەو شارەی کوردستان لەساڵی (١٩٤٠)دا تەواو کردووە و چووەتە بەغداو لەکۆلێجی حقووق وەرگیراوە و لە (١٩٤٥)دا خوێندنی یاسای تەواو کردووە و بووەتە پارێزەرێکی یاساناس و دوای سێ ساڵ کارکردنی لەپیشەی پارێزەری لە ئێوارەی (١٩٤٨/١١/١١)دا لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا لە شاری هەولێر جوانە مەرگ بووە و لە گۆڕستانی گەورەی ئەم شارە دێرینە نێژراوە.«١»

دڵدار مرۆڤێکی کورد پەروەری بە جەرگ بوو، جارێ هەر لە قۆناغی خوێندنی ناوەندی بوو لە ساڵی (١٩٣٧)دا لەگەڵ دەستەیەک لە قوتابیان و لاوانی هەولێر و کەرکووک و سلێمانی و خانەقین کۆمەڵێکی سیاسییان بەناوی (کۆمەڵی دارکەر) دامەزراند، بە نیازی ڕزگارکردنی کوردستان لەژێردەستی و بۆ ساڵی (١٩٣٩) ناوەکەیان گۆڕی بە (حزبی هیوا) بەسەرۆکایەتی مامۆستا (ڕەفیق حیلمی)، دڵداری تێکۆشەریش بە سکرتێری حزبەکە هەڵبژێردرا و ئەم حزبە دەورێکی زۆری هەبوو لە هەڵگیرسانی شۆڕشی بارزانی ساڵی (١٩٤٣-١٩٤٥) بەسەرکردایەتی بارزانی مستەفا و پشتگیری کردنی هیوا، بەڵام لە ساڵی (١٩٤٤)دا ورده ورده دەوری سیاسی ئەو حزبە کزبوو تاکو هەڵوەشایەوە و لە دوای (هیوا)ش دڵدار بووە نیشتمانپەروەرێکی چەپڕەو، بەڵام نەچووە پاڵ هیچ حزبێکی سیاسی تر.

ژیانی دڵدار لە بەغدا و لەکۆلێجی حقووق و بەخوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و سیاسی ئاسۆی بیر و لێکدانەوەی فراوانتر بوو و زنجیرەیەک لە وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و هونەری لەسەر ڕووپەڕەکانی گۆڤاری گەلاوێژدا بڵاو کردەوە لەگەڵ هەندێک لە هۆنراوە تازەکانی و خۆی بە خوێندەواری کورد بە تەواوی ناساند.

ژیانی دڵداری شاعیری ڕووناکبیر هەردەم لە بزووتنەوە و جموجۆڵدا بووە، ئەوەی بە وردی یادداشتەکەی بخوێنێتەوە«٢»، ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێ کە دڵدار ڕۆژ بەڕۆژ لە گۆڕان و پێشکەوتندا بووە (هەر کتێبێکی خوێندبێتەوە هوشیارانە ڕەخنەی لێگرتووە، ئەمە بە ئاشکرا لەو سەردەمەیدا دەردەکەوێ کە خووی دابووە فەلسەفەی مەزهەبی (بەهائی) و خۆی پێوە خەریک کردبوو«٣».) هەندێ جاران مەدحی کردووە و لە هەندێ ڕووەوەش ڕەخنەی لێگرتووە.

ئەوەی شیاوی گوتنە دڵدار لە سەردەمی پارێزەریدا هەموو هەڵوێستێکی لەگەڵ بەرژەوەندیی هەژار و چەوساوەکانی میللەتەکەی بووە و خاوەنی بیروباوەڕێکی سوسیالیستی بووە و بە زۆری دەعوای جووتیارەکانی دەگرت و بەبێ پاداشت پارێزەری بۆ دەکردن و لەسەر ئەم هەڵوێستەی، دەرەبەگە خاوەن مولکەکان چەند جار ویستیان تیرۆری بکەن، بەڵام سەرنەکەوتن.

دڵداری شاعیر

دڵدار شاعیری قۆناغی گواستنەوە بوو، لەناوەڕاستی سییەکانی سەدەی ڕابوردوو تاکو ساڵی (١٩٤٠) شاعیرێکی کلاسیکی بوو، لە ڕیزی شاعیرانی وەک (صافی) و (عەونی) و (مەیلی) بوو. هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی کلاسیکی لە هۆنراوەکانی بەراییدا بەکارهێناوە و با سەرنجێک بدەینە هۆنراوەیەکی بەناوی (نائومێدی) هەست دەکەین هەمان ڕوخسار و ناوەرۆکی شیعری کلاسیکی کوردی تێدا بەدی دەکرێ، هەروەک لە سەرەتاکەیدا هاتووە:

زەدەی تیری نیگاهی فیتنە پەردازی نیگارێکم
گراوی داوی زوڵفی مشکباری گوڵعوزارێکم
لە دەشتی نائومێدیدا بەدەم بایی قەدەر هەروەک
پەڵاشێ وام کە هەر ساتە لە گۆشە یا کەنارێکم!«٤»

ئەم نموونانەی شیعری دڵدار کتومت نموونەی شیعری کلاسیکین، چ لە بارەی بابەت و ناوەرۆک و چ لە بارەی داڕشتن و ڕوخسارەوە و چ لەبارەی سۆز و ئاواز و چ لە بارەی کێش و سەرواوە و چ لە بارەی خەیاڵ و وشەی زلەوە بەر کلاسیک دەکەون.«٥»

دڵدار و شیعری ڕۆمانسی

دڵداری شاعیری نیشتمانپەروەر لە قۆناغێکی گەلێک ئاڵۆز و پڕ تەنگوچەڵەمەی کۆمەڵی کورددا ژیاوە، ئەو ئاڵۆزییە لەناو بەرهەمەکەی ڕەنگی داوەتەوە. خەبات و زۆرانبازییەکی تۆند لە نێوانی قوتابخانەی کلاسیکی و بزووتنەوەی شیعری ڕۆمانسیدا هەبووە، دڵداری ڕۆشنبیریشمان کەوتە ناو ئاو و هەوای ڕۆشنبیریی تازەوە و لە ڕێگەی زۆر خوێندنەوەوە مێشکی خۆی بەزانستی

نوێ ئاودا و بوو بە ڕووناکبیرێکی تێگەیشتوو و لەبارەی هەڵوێستی سیاسیشی لە ڕووی دڵسۆزییەوە بۆ مەسەلەی کورد بووە کادیرێکی گەورەی (کۆمەڵی دارکەر) و سکرتێری (حزبی هیوا) و بەپێی ئەو گۆڕانە سیاسییەی هەڵوێستی، هەڵوێستی شیعریشی گۆڕاو ڕێبازی کلاسیکی بەردا و پێی نایە ڕێبازی ڕۆمانسیەت و زۆری پێ نەچوو نەک هەربووە شاعیرێکی ئەو ڕێبازە تازەیە، بەڵکو بگرە بووە یەکێک لە چەسپێنەرانی.«٦» هەندێ لێکۆڵەرەوەی ئەدەبی نوێی کوردیشمان لەو ڕایەدان کە شیعری تازەی کوردی (ڕۆمانسی) لە (گۆران)ەوە دەستپێدەکات، جا ئەگەر (هەردی) هاوڕێی دەستەڕاستی بێ، ئەوا دڵدار هاوڕێی دەستەچەپی بووە.«٧»

چەند هۆنراوەیەکی ڕۆمانسی دڵدار لەبەر تیشکی هەڵسەنگاندنا

دڵدار گەلێک نموونەی شیعری ڕۆمانسی هەیە، دیارترینیان هۆنراوەکانی (منداڵی هیوا) و (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور)ن و لێرەدا کەمێک تیشکی هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەیان دەخەینە سەر.

١- منداڵی هیوا

نموونەیەکی گەش و گۆڵی هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دڵدارە، سۆزێکی پڕ جۆششی کوردایەتییە و بەرهەمی ئەندێشەیەکی قوواڵی خوێن گەرمی شەیدای خاکی کوردستان و خۆشەویستی نەتەوەی کوردە و لەو جۆرە هۆنراوە ڕۆمانسییانەیە کە دواڕۆژێکی ڕووناک بۆ نەتەوەکەی دەستنیشان دەکات، بەپێچەوانەی ئەو جۆرە ڕۆمانسییانەی کە نائومێدی و ڕەشبینی بۆ پاشەڕۆژی گەلی کورد و ئادەمیزاد چاوەڕوان دەکات و لە بارەی کێش و مۆسیقای دێرە شیعرەکانیشیەوە پشتی بە کێشی عەرووز بەستووە و بابزانین چۆنی دارشتووە؟

منداڵی هیوا کوولەکەی دڵان
تازە خونچەکەی نێو باخی گوڵان
هەرچەندە سەیری نێو چاوت دەکەم
نابینم گەردێ نە زۆر و نە کەم
تیشکی ئومێدی سەر دڵی تاری
لە ئاسمانی ڕووت ئەدا دیاری
خەندەی بێ فێڵی لێوە ئاڵەکەت
نەشئەی دووچاوی مەست و کاڵەکەت
بێ شک پێشەنگی مژدەی دڵشادین
یا نەغمە خوانی باخی ئازادین
هیوام بە تۆیە ئەی تازە مناڵ
بەیانی ببیە نموونەی میسداڵ!

هەرچەندە هۆنراوەکە هەندێ سیمای شیعری ڕیالیزمیشی بەسەرەوەیە، بەڵام وەک سەرنج دەدەین بە ئەندێشەی قوواڵی و سۆزی پڕ جۆششی نەتەوایەتی کورد (منداڵی هیوا)ی دواڕۆژی کوردستان وەک نموونەیەک پەروەردە دەکات، نەک وەکو منداڵێکی ئاسایی کورد، واتا: بە ئەندێشە ئەدگار و خوو و ڕەوشتی ئەو منداڵە نموونەییە دەردەبڕێ تاکو ببێتە پیاوی دواڕۆژ و دەوری خۆی لە مەیدانی ژیان و خەباتی نەتەوەکەیدا ببینێ، چونکە وا دیارە لە نموونەی پیاوەکانی سەردەمی خۆی نائومێد بووە کە ئەو کارە پڕ شەرەفمەندییە ئەنجام بدەن و دەیەوێ نەوەیەکی نوێ بێنێتە بەرهەم تا ئەرکی خەبات و پێشخستنی ژیانی دواڕۆژی نەتەوەکەی پێ بسپێرێ، ئینجا بەو منداڵە نموونەییە دەڵێ:

ڕۆژێ کە هاتوو تۆ پێگەیشتی
چاوت کردەوە لە ژین گەیشتی
ئەبینی ژیان کێوێکی بەرزە،
ڕێگەی خوار و ژوور بەترس و لەرزە
سەر ڕێگەت هەمووی دانەیە و داوە
نادان و دانا لەوا داماوە!!
تۆ دەبێ چرای زانستی هەڵکەی
دەستم داوێنت ڕێگا ون نەکەی
بیر و هۆشی خۆت بەکار بهێنە
ئەم دانە و داوە یەک یەک بپسێنە
تاکو دەرکەوێ لە هەموو دنیا
چەندیان کرد بۆ کەچی کورد هەرما

ئەم هۆنراوەیەی دڵدار زادەی سەردەمی ئیشکردنی بووە لە (حزبی هیوا)دا، چونکە حزبەکە، حزبی لاوان بووە، ئامانجی ئەوە بووە، بیری ژیاندنەوەی کورد و ڕاپەڕینی نەتەوەیی بەناو ڕۆڵەکانی گەلی کورددا بڵاوبکاتەوە، تاکو ئەو هەموو دانە و داوەی لەسەر ڕێی نەتەوەکەیەتی بپسێنێ و بەرەو ژیانێکی سەر بەرزیان ببات و بۆ هەموو عالەمیش دەربکەوێ کە کورد نەتەوەیەکە هەرگیز نامرێ و هەر دەمێنێ.

هۆنراوەکە لە بارەی ڕوخسارەوە ڕێکوپێکە و وشەکانی جوان و پەتین و دێرە شیعرەکانیشی لەسەر کێشی ١٠ برگەیی (٥+٥) داڕێژراون و بەکارهێنانی کێشی هیجائی کوردیش خاسییەتێکی شیعری ڕۆمانسی

نەتەوەییمانە و لە بارەی ناوەرۆکیشەوە، یەکێتی بابەتی تێدا ڕەچاوکراوە و زادەی ئەندێشەیەکی بە پیت و سۆزێکی نەتەوەیی بە هێزە، ئەمەشیان دیسان تایبەتمەندییەکی دیکەی شیعری ڕۆمانسییە.

(٢) هۆنراوەکەی (گوڵی سوور)

گوڵی سوور لە هۆنراوە ڕۆمانسییەکانی دڵدارە، لەپاش هۆنراوە نایابەکەی (خەندەکەی بایی) کە دوایی دێینە سەری، بە نموونەیەکی یەکجار گەش و گوڵی شیعری ڕۆمانسی کوردی دادەنرێ. شاعیری هەست ناسکمان (گوڵی سوور) بە کچی نەورۆزی کورد دەچوێنێ و ئەفسووس بۆ ئەوە دەخوات کە دەستێکی نەفام و قەدر نەزان لەپێناوی یەک جار بۆنکردن بە ناکامی لە باخی ژیانی قرتاندووە و نەیهێشتووە بە تەواوی بپشکوێ و بۆن و بەرامەی خۆشی بەسەر سروشت و خەڵکدا پەخش بکات و دوای کەمێکیش بەژاکاوی فڕێی بداتە سەر ڕێگا و ببێتە پێپەستی خەڵک و بەم جۆرە شاعیری بەهرەدارمان کۆپلەی یەکەمی هۆنراوەکەیمان بۆ دادەڕێژێ:

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لە باخی ژین
لە بۆ یەک دەفعە بۆنکردن بە ناکامی ئەتۆی هێنا ؟
ئەویستاکەش بە ژاکاوی
وها بێ قەدر و تۆزاوی
لەسەر ڕێگا فڕێدراوی

لە کۆپلەی دووەمی هۆنراوەکەشیدا ئەوەمان بەشێوەیەکی هونەری بۆ دەردەخات کە لە ئەنجامی ئەو دڵڕەقی و ئەو ستەمەی کە ئەو دەستە نەفام و نەزانە کردوویەتی، پەریزادەی بەیان لەرزیون و پەپوولەی ڕەنگاو ڕەنگیش گریاون! ئینجا شاعیر ئاوڕ لە خۆی دەداتەوە و دەڵێ: ئەی گوڵی ستەم لێکراو منیش دڵێکی پڕ ئاوات و ئارەزووم هەبوو، تێنووی حەز و خۆشەویستی بوو و بەم جۆرە هەستی سۆزی خۆیمان بۆ دەخاتەڕوو:

لە جەور و زوڵمی ئەو دەستە پەریزادەی بەیان لەرزین
لە دەوری ئەم چڵەی لێی بووی پەپوولەی زەرد و سوور گریا
منیش ئەی گوڵ دڵێکم بوو
دڵێکی پڕ لە ئارەزوو
بە سۆزی ئاوی حەز تێنوو

ئەو دڵەیشی لە پڕێک لێی دەفڕێ و دەچێتە لای کچێکی جوان و شیرین، بەڵام ئەمیش وەکو دەستە نەفام و قەدر نەزانەکەی ئەو گوڵە لەجیاتی ڕێزی لێ بنێ، چووە ڕیشەی لە دەست گرتووە و لەژێر پێی ناوە و دەڵێ:

لەناکاو لام فڕی بۆ لای کچێکی دولبەر و شیرین
ئەویش ڕیشەی لەدەست گرت و بەبێ ڕەحمی لەژێر پێی نا

لەکۆتاییدا شاعیر ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ئەو دڵە بریندارە ئازار دراوە بە ڕوو زەردی و غەمگینی و نائومێدی لە دڵداری و عەشق گەڕاوەتەوە ناو سنگی تاریک و غەمباری شاعیر و لەدوا ڕاسپاردەیشی بۆ ئەو گوڵە غەمگینەی، پێشکێش کردنی دڵەکەیەتی تاکو لە تەنیاییدا بیکاتە سەرینی خۆی. بە ڕاستی شاعیری بەهرەدارمان داهێنانێکی جوانی لە هۆنراوەکەیدا خوڵقاندووە و لە بارەی پەشۆکاوی دڵەکەی خۆی بەم جۆرە دێڕە شیعرەکانی کۆتایی هۆنراوە ناسکەکەی دادەڕێژێ و دەڵێ:

بە گریاوی و بریندارى
بە ڕوو زەردی و غەمخوارى
بەبێ ئومێد لە دڵدارى
گەڕاوە سینەکەی تارم ئەویستاش ئەی گوڵی غەمگین،
لە تەنهایی سەرینت بێ، دەهانێ ئەم دڵە توخوا!!

شاعیر لە ڕێگەی هونەرەکانی ڕوونبێژیی ئەدەبیدا وەک لێکچووانی و خوازە و میتافۆراوە زنجیرەیەک لە وێنەی شیعری بۆ کێشاوین و ئەمانەش بوون بە چەند تابلۆیەکی جوان و ڕازاوە وئاستی ناوەرۆکی هۆنراوە ڕۆمانسییەکەی بەرز کردۆتەوە و بەشێوەیەکی هونەریی دڵدار دڵە غەمگین و شکستەکەی خۆی پێشکێش بەو گوڵە ژاکاوە زۆر لێکراوە دەکات کەوا فڕێدراوەتە سەر ڕێگا تاکو بیکات بە سەرینی خۆی لەدوا هەناسەی ژیانی هەڵوەریوبدا.

(٣) خەندەکەی بایی

هۆنراوە نایابەکەی (خەندەکەی بایی) شاعیرمان بەرهەمی سەردەمی ژیانی خوێندنی بووە لە کۆلێجی حقووق لە شاری بەغدا و کاتی دانانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی خوێندنی (١٩٤٤-١٩٤٥) و (ئەم پارچە

شیعرەی دڵدار لە ڕووی داڕشتن و دەست پێکردن و نەخشاندنی و وێنەی دڵگیری و تابلۆی پڕ لە هەستی و دەربڕینی تاسەی شاعیرییانەی و تەڕ و پاراویی زمان و لێکچووواندنی چێژداری و دەنگ و مۆسیقا و ڕەنگ و بەراورد و هەوێن و هونەرە وردەکانی دیکەی شیعرەوە، پارچە شیعرێکی ڕۆمانسییانەی تەڕ و بڕ و بااڵیە).«۸»

ئەم هۆنراوەیە (۷) تابلۆی شیعری لەخۆ گرتووە، هەریەکەشیان دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەکەی بەدوایدا دێ و شاعیر ئەلبوومێکی نایابی شیعری پڕ لە وزەی هونەرییان دەخاتە بەرچاو و ئێمەش لێرەدا بەتابلۆکانیدا دێینە خوار و کەمێک تیشکی سەرنج و شیکردنەوەیان دەخەینە سەر:

تابلۆی یەکەم: تابلۆی یەکەمی هۆنراوە ڕۆمانسییەکەی شاعیر بەم جۆرە دەست پێدەکات:

لە ئافاقی ژیانی نائومێدیم خەندەکەی بایی
فرشتەی پاکی هیوامی نیشاندام وا کە بیدوێنم
پرپشکی تیشکی ئەستێرەی جوان ئیمشەو بە ئەسپایی
بە سۆزێ هاتە نێو کونجی دڵی تاریکی پڕ خوێنم
دەسا دەی مەسدەری هەستی
دەخێرا لابەری پەستی
وەرە تا من بەڕازی تۆ نەمامی شادی بڕوێنم!

سەرچاوەی سرووشی ئەم هۆنراوەیەی (خەندەکەی بایی)ی دڵداری شاعیری ڕۆمانسی ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابوردووە، وەک مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبەکەی (چەپکێک لە گوڵزاری نالی)دا نووسیویەتی خاتوو (بەهیە فەرەجوڵا زەکی کوردی) بووە، ئەو خاتوونە کوردە میسر نشینەی لەو سەردەمەدا هاتبووە بەغدا و کرابووە مامۆستای ئامۆژگای کچان لەو شارەدا و لەگەڵ دایکی لە ئەعزەمیەدا دەژیان و ماڵەکەی کردبووە سااڵنی ئەدەبی بۆ ڕووناکبیرە کوردەکانی بەغدا، دوو لەوانە دڵدار و کاک مەسعوود محەمەد بوون ئەو کچە زۆر جوان و پاک و دەم بە پێکەنین بوو، حەزی بە دەمەتەقێی ئەدەبی و فەلسەفی دەهات. دڵدار بە ئیلهامی خەندە ناسکەکەی ئەو کچە شۆخە هۆنراوەکەی داناوە«۹».

هەر ئەو خەندەیەی خاتوو بەهیەش بووەتە سەرچاوەیەک بۆ هاتنی پرپشکی تیشکی ئەستێرەی گەشی شەوی دەیجوور بۆ ناو دڵی پەست و تاریکی. ئینجا شاعیر بانگی ئەو سەرچاوەیەی هەستی دەکات تاکو بە ڕازی ئەو، نەمامی خۆشی و شادی بڕوێنێ و بەم جۆرە دڵدار (لەوێنەی ئاسۆی بێ هیوایی و کونجی دڵی تاریک و سەرچاوەی هەستی و نەمامی شادی.. تەواوی تابلۆی هەست و مەبەستی شاعیرانەی دەکێشێ«۱۰»).

تابلۆی دووەم: شاعیری هەست ناسک و ئەندێشە قوواڵمان بەم چەشنە تابلۆی دووەمی هۆنراوەکەیمان بۆ دەکێشێ:

جوانی غونچەیێ بوو وا کە پەنجەی ڕازی ڕاکێشای
دە سەیری چەند بەوەصڵی زوڵفی خاوت شاد و مەسروورە
لە ڕووی ڕاستی ئەتۆش وەک ئەو گوڵێکی چیمەنی دنیای
کەچی تاجی دڵی، هێشتا دڵت لەم حاڵە ڕەنجوورە
بە خەندەی نەرمی دڵپاکیت
ئەخۆم سوێندێ بە ڕووناکیت
ئەگەر هەستێ بەژین وابێ لە جەرگی ڕاستیا دوورە

ئەم تابلۆیە خۆی لە دەربڕینی جوانی لەشێوەی غونچەیەکدا کە پەنجەی ڕازی ئەو کچە شۆخەی ڕاکێشاوە دەنوێنێ و ئەوەمان بۆ دەخاتەڕوو کە ئەو غونچەیە بە گەیشتنی بە زوڵفە خاوەکەی چەندە شاد و خۆشبەختە! لە کۆتایی تابلۆکەشدا شاعیر سوێند بە زەردەخەنەی نەرمی دڵپاکی و بە ڕووناکی جوانیی یارەکەی دەخوات و لای وایە ئەگەر هەستکردن بە ژیان ئاوابێ و ئەو هەر پەست و مەلوول بێ، ئەوا لە ڕاستییەوە گەلێک دوورە.

تابلۆی سێیەم: دوای ئەم دوو تابلۆیەی دەسپێکی هۆنراوەکەی شاعیر لە تابلۆی سێیەمیدا جوانترین داهێنان لەشیعری ڕۆمانسی کوردیدا دەخوڵقێنێ و داوا لە خۆشەویستەکەی خۆی دەکات، تاکو هەستێ بەیەکەوە پەرستگای دڵداریی بنیاد بنێن و دەڵێ:

دە هەڵسە با بیناکەین مەعبەدی پیرۆزی دڵداری
لە تیشکی ڕۆژ، لە شەوقی مانگ لە ڕەنگی پەلکە ڕەنگینە
کە هەر کامەی بڵێتی پاکە لە کردەی قودرەتی باری
نیشانەی کردگارێکە و بناغەی پەیڕەوی دینە!
لە شوێنێ پڕ لە هەستی بێ
کەرەستەی خۆشەویستی بێ

لەنێو ئەو باغە بێ جێگەی، کە تۆم لێدیت لە هاوینا
شاعیر دەیەوێ ئەو پەرستگایەی دڵداری لە تیشکی خۆر و لە تریفەی مانگە شەو و لە ڕەنگەکانی پەلکەزێڕینە دروست بکەن و شۆێنەکەیشی لەناو ئەو باخەدا بێ کە لە وەرزی هاویندا چاوی بە یارەکەی کەوتووە! ئایا چ کەرەستەیەک بۆ بنیاتنانی پەرستگای دڵداری و خۆشەویستی لەو کەرەستانەی ناوی هێناون جوانتر و گەش و گۆڵتر هەنە؟ کە هەموویان دەسکردی قودرەتی خودای پەروەردگارن!!

تابلۆی چوارەم: دڵداری شاعیری ئەندێشە قوواڵی هەست ناسک لە وێنەکێشانی تابلۆی چوارەمی هۆنراوەکەیدا، دێتە سەر ڕازاندنەوەی یارە خۆشەویستە شۆخەکەی به جوانترین شێوە و بەم چەشنە دەمان خاتە بەرچاو:

لە پەلکی تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین
کراسێکی سپی بێگەرد دروستکە شەنگ و دامەن شۆڕ
لە بەرکە و زوڵفی زێڕینت بەسەریا بێتەخوار چین چین
پەری تیم تیم بە ڕاز و ناز، لەبۆت بێنن بنەوشەی مۆر
بە ئاواز و نەوای تەبجیل
بهۆنن پێچەکەی ئیکلیل!
بیەن کرنووش، بڵێن: ئەی شۆخ پەریزادەی گزنگی خۆرا!

شاعیری ڕۆمانسیمان دەمێک یارە شۆخە نازدارەکەی وەک کچێکی ئادەمیزاد دەردەخات و کراسێکی لە (گەڵای تازە پشکووتووی نەژاکاوی گوڵی نەسرین)ی بۆ دەستنیشان دەکات هەتا وەکو بووکی پەردە لە بەری بکات و، دەمێکیش دەیباتە ڕیزی فریشتە و حۆری بەهەشت، تاکو پەریپەکانی ئاسمان دەستە بەدەستە بێنە سەردانی و ئیکلیلی شای جوانی بۆ بهۆننەوە و کرنووشی بۆ ببەن و بیکەنە پەریزادەی تیشکی خۆر!! بە ڕاستی ئەمە بیر و ئەندێشەیەکی قوواڵ و دەربڕینێکی یەکجار جوان و ناسکە خۆی لەناو شیعری ڕۆمانسی کوردیدا دەرخستووە.

تابلۆی پێنجەم: لەم تابلۆیەدا شاعیر تاجەگوڵینە (ئیکلیل)ی دڵسۆزی و دڵارامی پێشکێش بە خۆشەویستەکەی دەکات و بەم جۆرە دەمانخاتە بەرچاو:

ئەوا ئیکلیلی دڵسۆزی و دڵارامیت ئەکەین پێشکێش
کە هەر چەپکەی خەم و ملکەچ
سروشتی نەوجەوانێکە
نیگارێ بوو، بەناکامی، بە گریاوی، بەئێش و نێش
لەژین ڕۆیی ئەوێستاکە هەوێنی داستانێکە!
بە یادی ئەو دڵەی تێنوو
کە چۆن هات و وەهاش دەرچوو
بڕۆ ناو ئابیدە و سەیری چ پیرۆز جاویدانێکە!!

شاعیر دوای دروستکردنی پەرستگای دڵداری و دروستکردنی کراسێک بۆ خۆشەویستە شۆخەکەی لە پەلکی تازە پشکووتووی گوڵی نەسرینی سپی کە ڕەمزی پاکی و بێگەردییە، دێتە سەر هۆنینەوەی ئیکلیلی دڵسۆزی و دڵارامی لە چەپکە گوڵی دروستکراو و پێشکێش بە یارە شۆخەکەی دەکات و بە بیرێکی قوواڵی فەلسەفییانەوە لەچەپکە گوڵە ملکەچەکان دەدوێ، بەوەی کە هەریەکێکیان ڕۆژێک لە ڕۆژانی ڕابوردوودا جەستەی نەوجەوانێکی لاو و ئافرەتێکی نازدار بووە و بە ناکامی و بە فرمێسکی گریانەوە و بە ئێش و ئازارەوە لە جیهانی ژیان دەرچوون و ئێستا لەسەر شێوەی گوڵی جۆراوجۆر ڕواون و بوونەتە هەوێنی داستانێکی سەر سوڕمێن. ئینجا شاعیر ڕوو لە خۆشەویستەکەی دەکات تاکو بە یادی ئەو دڵە تێنووانەی کە هاتن و چوون، گورج بێتە نێو پەرستگا پیرۆزەکەی.

بە ڕاستی شاعیری بەهرەداری ئەندێشە قوواڵمان هونەرمەندانە جوانی سروشتی تێکەڵ بە جوانی ئافرەت کردووە و بە بیری فەلسەفەی ژیان و مردنی ئادەمیزادی بەستووەتەوە، تاقیکردنەوەیەکی ئەدەبی سەرکەوتووانەی پێشکێش کردووین.

تابلۆی شەشەم: شاعیر داهێنانەکانی لە شیعری ڕۆمانسیدا لەنێو ئەم تابلۆیەیدا خەست دەکاتەوە و زۆر هونەرمەندانە پێشکێشمان دەکات:

وەرە نێو ئابیدەت تا من لەبەر پێتدا بدەم ئەژنۆ
لەبەر وەی نا دڵارامی، لەبەر وەی چونکە بالایی
خودای شیعر و پەری هیوای بڵێسەی هەستی بەرزی تۆ
هەواڵی هاوڕەگ و خوێنی فرشتەی شۆخی میدیایی
لە ڕووی چاکە و وەفاداریی
بە یادی جامی دڵداریی
لە مەستی خۆشیی بهێڵێ، دروشمی خەندەکەی بایی!

شاعیری بەهرەدارمان هۆنراوە ناسکەکەی بە جوانترین

تابلۆی شیعریی کۆتایی پێدێنێ، بەوەی کە داوا لە یارە خۆشەویستە دڵارامەکەی دەکات تاکو بێتە ناو ئەو پەرستگایەی کە بۆی دروستکراوە، خۆبشی ئەژنۆی پەرستنی بۆ دابدات و کڕنووشی بۆ ببات! چونکە ئەوەندە باڵایە، تا بووەتە خوداوەندی شیعر و پەریی هیوا و ئاوات و هاوڕێی هاوڕەگ و خوێنی و فریشتەیەکی میدیایی!

لێرەدا دڵدار بۆ بەهێزکردنی چەمکی هۆنراوەکەی پەنای بردۆتە بەر ئەفسانەی یۆنانی و دێ بەرگێکی کوردی لەبەردەکات و یارە جوان و شرینەکەی دەکاتە حۆری و فریشتەی بە نەتەوە میدیایی، واتە: کورد دروستکردنە، ڕاستە حۆری و فریشتە نەتەوەیان نییە، بەڵام بۆ ئەوەی دڵدار نەتەوەکەی خۆی ئەوەندە بەرز بکاتەوە و بیگەیەنێتە (موتلەق)ی حۆری و فریشتە، خۆشەویستەکەی دەکاتە میدیایی«١١» و میدیاش باپیرە گەورەی کوردی ئێستایە.

شاعیری ڕووناکبیرمان بە تێکەڵاوکردنی مێژووی ڕابووردووی کورد بە ئەفسانە و کەلەپوورە نەتەوایەتییەکەی، جۆرە قوواڵییەکی سایکۆلۆژی و هێز و وزەیەکی تەواوی بە تابلۆکانی هۆنراوەکەی داوە و ئاواتەخواز بووە ئەو یارە نازدارە خۆشەویستەی لە ڕووی وەفاداری و بە یادی نۆشینی جامی شەڕابی دڵداریی بە خەندەکەی بایی لەنێو دنیای مەستی و شادیدا بەجێی بهێڵێ.

لێرەدا لە هەڵسەنگاندنی تابلۆ شیعرییەکانی ئەم هۆنراوە نایابەی شاعیرماندا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێ کە عەشقی ئافرەتێکی شۆخی کورد بووەتە هەوێنی سەرهەڵدانی ئەم هۆنراوەیەی، بۆیە تاقیکردنەوە ئەدەبییەکەی ئەوەندە جوان و سەرکەوتووە، دڵداری بردۆتە ڕیزی پێشەوەی شاعیرە ڕۆمانسییەکانی کورد لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا، و تاکو ئەم هۆنراوانەی (خەندەکەی بایی) و (گوڵی سوور) و (منداڵی هیوا) و (ئەی ڕەقیب) بەسەر زاری ڕۆڵەکانی نەتەوەی کوردەوە بن، ناوی دڵداری شاعیر و نیشتمانپەروەر هەر بە زیندوویی لەناو دڵ و ویژدانی نەتەوەی کورددا دەمێنێتەوە و هەرگیز نامرێ.

دڵدار و شیعری ڕیالیزمی

دڵدار لەسەردەمی خەباتی نەتەوایەتی لەنێو ڕیزەکانی حزبی هیوا وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە سیاسییە قۆناغی شیعری کلاسیکی بەزاند و بەرەو قۆناغی ڕۆمانسی و ڕیالیزمی چوو، باشترین نموونەی لە شیعری ڕیالیزمی ڕەخنەگری، شیعری سروودە نیشتمانییەکەی (ئەی ڕەقیب) بوو. لە ساڵی (١٩٤٠)دا لە شاری کەرکووک داینا و لەدواییدا لەسەردەمی کۆماری دیموکراتیی مەهاباد لە (١٩٤٦)دا ئاوازی بۆ دانرا و بووە سروودی مارسلیزی کورد و دەقەکەیشی وەک لە دەسنووسەکەی شاعیر بە خەتی خۆی تۆمار کراوە دێڕەکانی دەستپێکی دەخەینە ڕوو:

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زوبان
نایڕمێنێ دانەیی تۆپی زەمان!!
ئێمە ڕۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین
سەیریکە خوێناوییە ڕابووردومان
ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخوسرەوین
دینمان، ئاینمانە نیشتمان!
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان!

شیعرەکە لە ڕووی هەست و سۆز و دەربڕینی واقیعی پڕ کارەساتی نەتەوەی کورد، چوەتە نێو چوارچێوەی ڕیالیزمی ڕەخنەگری و پەردەیەکی تەنکی لە سیمای ڕۆمانسیەتیشی پێوە دیارە و شاعیر لە تازەکردنەوەی ناوەرۆکی شیعری هاوچەرخی کوردییەوە دەورێکی دیار و بەرچاوی بووە.

دوای ئەو هەڵچوونە نەتەوەییەی کوردی سەردەمی کۆماری مەهاباد بەپێی گۆڕانی هەڵوێستی سیاسی دڵدار خۆی، گۆڕانێکی سەرەکی بەسەر هەڵوێستی ئایدیۆلۆژی و ئەدەبیدا هات، بە تایبەتی لەدوای دەرچوونی لە کۆلێجی حقووق لە ساڵی (١٩٤٥)دا کە خووی دابووە خوێندنەوەی کتێبی فەلسەفی و زانستی و ئەدەبی نوێی گەلان.

حەزی دەکرد لە هەموو زانست و فەلسەفەیەکدا زانیارییەکی تەواوی هەبێ، بۆیە دڵدار (لەو ڕۆشنبیرانە بوو کە خۆیان خۆیانیان فێر دەکرد و پێدەگەیاند، چونکە لەو سەردەمەدا دامودەزگای ئەدەبی لە وڵاتدا نەبوو، پیشەی پارێزەریش هۆیەکی گەورەبوو کە بچێتە ناو بنج و بناوانی ژیانی هەژارانەوە«١٢»).

دڵدار و شیعری چینایەتی

دڵداری شاعیری هەست ناسک، دوای ئەو

گۆرانکارییەی کە بەسەر هەڵوێستی سیاسیدا هات و ڕێبازێکی چەپی گرتەبەر، مەیدانی شیعر دانانیشی گۆڕا و خۆی بە بەرژەوەندیی چینی کارگەر و زەحمەتکێش بەستەوە و لە کوردستانی ئەوساکەش نزیکترین نموونەی زەحمەتکێش و چەوساوە، ئەو جووتیارە هەژار و کلۆڵانە بوون کە بەدەستی ئاغای دەرەبەگ و سەرمایەداری ناو بازاڕ دەچەوسێنرانەوە، بۆیە دڵدار ڕووی کردە ئەو مەیدانەی ململانێی چینایەتی نێوان جووتیار و ئاغا و وەک شاعیرێکی ڕیالیست کەوتە وێنەکێشانی دیمەنی ژیانی ئەو چەوساوانە بە بێ زیاد و کەم.

هەرچەندە ئەم جۆرە شیعرانە کارێکی نوێ بوون لە ئەدەبی کوردیدا، بەڵام ئەوەی هەستی پێدەکەین پتر واقیعێکی فۆتۆگرافی ژیانی جووتیاری چەوساوەی دەربڕیوە و تێکەڵاویشی کردووە بە هەست و سۆزی ناسکی خۆی، بەڵام هێشتاش دەڵێین دەبوایە بە ئەندێشە وردەکەی پتر قوواڵی کردبایەوە، چونکە هەندێ ئەدیبی گەورەی جیهانی وەک مەکسیم گۆرکی ڕووسی و جۆمۆکۆی چینی سوورن لەسەر ئەو ڕایەی کە دەبێ نووسەر و شاعیری گەورە ڕۆمانسییەت و ڕیالیزم لە بەرهەمەکەیدا کۆبکاتەوە، تاکو بەرهەمێکی بەهێز و پتەویان لێ بخوڵقێنێ«١٣». کەچی دەبینین دڵدار لە هۆنراوە، ڕیالیستەکانیدا. تەنیا جۆری فۆتۆگرافی تێکەڵاو بە هەست و بەزەیی تایبەتی خۆی وەرگرتووە، هەروەک لە هۆنراوەکەی (لالەباس)دا کردوویەتی و وێنەی جووتیارێکی کلۆڵی ڕووت و ڕەجاڵی پیر و تێکشکاوی بۆ کێشاوین:

ڕۆژێکی پایز لە پاش نیوەڕۆ
لالە باسم دی زەوی ئەدا تۆ
ڕووت و زگ والا، پیر و تێکشکاو
پشتی چەما بوو، لووت لەسەر ئەژنۆ
گۆچانی دەستی دەستەندووی جووت بوو
دەنگی نووسا بوو بەهێ هێ و هۆ هۆ

دوای ئەو وێنەکێشانەی ئەدگاری (لالەباس)ی پیری چەوساوەی تێکشکاوە شاعیر دێتە سەر باسی زوڵم و زۆرداریی ئاغا، کە لە ڕێگای کوێخاکەیەوە لەو جووتیارە هەژارە کلۆڵە کراوە و شاعیر وتەکانی لالۆی بەلەنگاز بەم جۆرە دەخاتە ڕوو و دەڵێ:

وتی: لە هاوین کوێخا کاکەسوور
هاتە ماڵەوە پێی وتم: لالۆ
شایەدی بدە [زەوی زێڕین دۆڵ]
کەوا هی منە و قورئانیش بخۆ
وتم: کاکەسوور بەم سەر و ڕیشە
ئۆباڵی خەڵقی ناخەمە ئەستۆ
وتی: هەروەها بەسەری ئاغا
ئەتکەمە پۆڕی بەر چەنگی هەڵۆ
بۆ شەو زەلامی هەناردە سەرم
ماڵیان دامە بەر شێلنگی بڕنۆ
سێ مانگام هەبوو بە تاڵانی برد
منالی هێشتم بەبێ ماست و دۆ

بەم جۆرە دڵداری شاعیری ڕێبازی ڕیالیزم زۆر بە وردی و وەستایانە هەموو دیمەنێکی ئەو کارەساتە تراژیدیاییە دەردەبڕێ و هەموو زوڵم و زۆریی ئاغای دەرەبەگ بۆ میللەت دەردەخات و ئەوەشمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەنجام و پاداشتی ئەو ئەرک و ماندووبوونەی (لالە)ی جووتیاری زەحمەتکێش تەنیا پاروو نانێکی جۆ بووە بەبێ هیچ پێخۆرێک و لەسەر شیعرەکەی دەڕوات:

ئەوا چل ساڵە زەوی دەکێڵم
فەلاحی دەکەم هەتاکو ئەمرۆ
نرخی ئارەقەی ڕوونی ماندووبیم
تیکە نانێکە چ نان نانە جۆ!
ئەویش بەبێ دۆ!

ئەم هۆنراوەیەی دڵدار چیرۆکە شیعرێکە و واقیعی ژیانی جووتیارێکی ڕەنجدەری زۆر لێکراومان بۆ دەکێشێ، بەبێ ئەوەی شاعیر هەوڵی دابێ شۆڕبێتەوە بۆ دیوی ناوەوەی مەسەلەکەی ئەو هەژارە چەوساوەیە و چۆنیەتی چارەسەرکردنی گیروگرفتی چەوساندنەوەکە بۆ ئەو کلۆڵە دەستنیشان بکات و ڕێگای ڕزگاربوونی بۆ بدۆزێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێ کە لە شوێنێکی هۆنراوەکەیدا هەست بەو شۆڕبوونەوەیە دەکەین و شاعیر لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە تاڕادەیەک چارەسەری کردووە و ئەویش لەم تاکە دێڕە شیعرەیدا خۆی دەنوێنێ کە لە ئاگری نێو دڵی و دووچاوەکانی ئەو کلۆڵەدا دەبینی و دەڵێ:

ئاگری دڵی لە هەردوو چاوی
بڵێسەی ئەدا وەک جووتێ پشکۆ!

دڵدار لەو جۆرە شیعرە چینایەتییانەی نموونەیەکی

دیکەیشی هەیە، ئەویش بە ناوی (تووتنەوان)ەوە، ئەم نموونەیەیشی وەک نموونەکەی (لالەباس) وێنە کێشانی دیمەنەکانی دەرەوەی ژیان و گوزەرانی کرێکارێکی کشتوکاڵییە، کە بووەتە (تووتنەوان) لەلای کوێخایەکی وەکیلی ئاغا و بازرگانی پارەداری ناو شار و ئەو کوێخایەش بۆ بەرژەوەندیی خۆی و ئاغاکانی، ئەو تووتنەوانە زەحمەتکێشەی چەوساندۆتەوە، بەبێ ئەوەی شاعیرمان تروسکەیەک لە ڕووناکی چارەکردنی کێشەی ئەو کلۆڵە دەربببڕێ، تا ئەو چەوساوەیە و هاوەردەکانی چی بکەن باشە بۆ ڕزگاربوونیان لەو ڕەنجمژینە؟!

دەبینین شاعیر تەنیا واقیعێکی فۆتۆگرافی تووتنەوانەکەی بۆ دەربڕیوین (کە بەوپەڕی کەساسی و پەڕپووتی، دیمەنی (عەولا)ی تووتنەوانمان بۆ دەکێشێ، ئەو تووتنەوانەی کە لەبەر ئیشی گران و سەخت ژیانی لێ تاریک بووە)«١٤».

بەم شێوەیە ئادگاری ئەو کلۆڵەمان دێنێتە بەرچاو:

زەرد و بێ هێز و لاواز و نەخۆش
مالّ وێران پەڕپووت بەدەم لەرز و تا!

دڵداری شاعیری واقیعیمان دێتە سەر وێنەکێشانی جێگە و مالّ و پێویستییەکانی ژیانی ئەو هەژارە چەوساوەیە کە لە کەپرێکی شڕ و وڕدا لە دەشتێکی چۆلدا دەژی گوایا مالّێکی پێکەوە ناوە و بەناو کابرا دەژی!!

کەپرێکی دارگەز، نارێک دامەزراو
بە پووش و گەڵای چروو سەرگیراو
بۆ پارێزگاری خۆرە تاو و تۆز
بە چیخێکی شڕ سێ دەورەی دراو
ناو مالّی ئاودێر هەرزالّەیێ چووک
*** * ***
سێلێکی تەنک، خوانەیێ بچووک
لەو لاش مەنجەلّێک سەرنخوون کراو
دوو لێفی شڕی چلکنی کون کون
سێ پیالّەی چاو و قۆریەکی شکاو

ئەم هۆنراوە درێژەی دڵدار کە خۆی لە چیرۆکە شیعردا دەدۆزێتەوە حەوت بەندە و هەموو بەندەکانیشی لەسەر کێشی (١٠) بڕگەیی (٥+٥)ن، بەڵام هەر بەندەی لەسەر جۆر سەروایەک دەڕوات و شاعیر خۆی وەکو چاودێرێکی سەرنج تیژ ژیان و گوزەرانی ئەو تووتنەوانە کە نموونەی هەموو تووتنەوانێکی کلۆڵی کوردە و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی کوێخای وەکیلی ئاغاو بازرگانە پارەدارەکانی شار دەردەخات، بەبێ ئەوەی وەک هۆنراوەکەی (لالە باس)، شاعیری ڕووناکبیری پێشکەوتنخوازمان وتوێژ و دەمەتەقێی خۆی تێکەڵ بە گفتوگۆی (تووتنەوان)ی هەژاری چەوساوە و کوێخای فێڵبازی ڕەنجمژ بکات و گیانێکی شانۆیی و جموجۆڵێک ئاوێتەی ئەو شیعرانەی بکات)«١٥»، ئەگەر شاعیرمان بەشداریشی لە دەمەتەقێی کوێخا و تووتنەوانی هەژاردا نەکردبێ، ئەوەندە هەیە زۆر وەستایانە دەستی لەسەر لایەنی چەوساندنەوە و زۆرلێکراوی ئەو تووتنەوانە کلۆڵە داناوە، هەروەک کامیرایەکی تەلەفزیۆنی لەدەست بووبێ، باری ژیانی ئەو هەژارە بێ دەرەتانە و ڕەوشتی کوێخای چەوسێنەری فێڵبازی بە جوانی کێشاوە و بەباشی پیشانی خەڵکەکەی داوە و لەسەر زاری کابرای تووتنەوانی چەوساوە کە ناوی (عەولا) بووە دەڵێ:

ئینسافت هەبێ، سەیری حاڵم کە
ڕەوشتت چۆنە؟ چۆن منت هێنا
هەتا ئیقناعت کردم بە ئاودێر
خۆت کردە نۆکەر، من بووم بە ئاغا
کە هاتم زگم کەوتە سەر زەوی
تووتنم چاند و ڕەنجی شانم دا
ئەڵێم دار بکرە، ئەڵێم داو بکرە
ئەڵێم: برسیمە، ئەڵێی پارە کوا؟
من بەبێ پارە و منداڵم برسی
لەکوێ قوڕبێنم بیکەم بەسەرما؟!

ئینجا دڵداری شاعیری ڕیالیست زۆر وەستایانە ئەو دیمەنە وردانە دەردەبڕێ کە جۆن مەلای میرزای کوێخا بە خەتە شڕ و ناشیرینەکەی حسێبی خواردنی بۆ مام (عەولا)ی تووتنەوانی هەژار بە فەرمانی کوێخاکەی لە دەفتەرێکی پەڕپووتی پڕ فڕۆفێڵدا تۆمارکردووە:

مەلا دەفتەری لە باغەڵ دەر کرد
دەفتەر چ دەفتەر؟ پەڕپووت و گەچلاو
ئەرقامی زل زل، خەتی خوار و خێچ
ئیملا فارسی بە کوردی نووسراو!
نەمدی پەڕێکی بێ فێڵ نووسرابێ
نەمدی وشەیەک ساغ و نەڕنراو!!
کە مەلای میرزای کوێخا دەکەوێتە سەر حیساب

خوێندنەوەی عەولای کلۆڵ، دڵدار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە چ حیسابێکە و چ ڕەنجمژینێکە و فڕی بەسەر ڕاستییەوە نییە و بەم جۆرە شاعیری واقیعیمان ئەو چەشنە پێوەندییە گەندەڵەی نێوان ڕەنجدەر و ڕەنجمژ لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا بە ڕوونی ئاشکرا دەکات و ئەوەی جێی داخە مردنی ناوەختی دڵداری شاعیری جوانە مەرگمان لە تەمەنی (٣٠) ساڵیدا ماوەی نەدا ئەم چیرۆکە شیعرە واقیعییە تەواو بکات.

سەرەنجام

دڵدار شاعیرێکی ڕووناکبیری لێهاتووی کورد بوو، تەمەنی شاعیریی تەنیا (١٣) ساڵ بوو لە (١٩٣٥)ەوە دەستی پێکرد کە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی هەولێر بوو و لە ساڵی (١٩٤٨)یشدا بە مەرگی ناوادەی کۆتایی هات. لەو ماوە کورتەی ژیانیدا هەر سێ قۆناغی شیعری کلاسیکی و ڕۆمانسی و ڕیالیزمی تێپەڕی و لە ساڵی (١٩٤٠)دا هۆنراوەی (ئەی ڕەقیب)ی دانا کە جارێ قوتابی ئامادەیی بوو لە کەرکووک و هەنگاوێکی باش هاتە نێو دنیای شیعری ڕیالیزمی ڕەخنەگری نەتەوەیی بەهەست و سۆزی ڕۆمانسییەت ئاودراو، لە سەردەمی ئیشکردنی لە (حزبی هیوا) وەک سکرتێری ئەو ڕێکخراوە سیاسیەی کورد هۆنراوەی ڕۆمانسی وەک (منداڵی هیوا) و (گوڵی سوور) و (خەندەکەی بایی) داناو توانی لەناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابوردوودا لە هۆنراوەکەی (خەندەکەی بایی) شیعری ڕۆمانسی کوردی بگەیەنێتە ترۆپکی گەیین و سەرکەوتن و بەڕای من دڵداری شاعیر پتر لەناو هۆنراوە ڕۆمانسییەکانیدا دەدۆزرێتەوە نەک لەناو هۆنراوە واقیعیەکانی، کە لەو دوو ساڵەی دوا دوای ژیانیدا دەستی دابووە ئەو جۆرە شیعرە ڕیالیزمییانەی بەتایبەتی شیعری چینایەتی لەسەر ژیانی پڕ ئەشکەنجە و ڕەنجمژینی (جووتیار) و (تووتنەوان)ی کوردستان و مەسەلەی ڕەنجدەر و ڕەنجمژیی لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری وروژاند و خەڵکی چەوساوەی لەو دیاردە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئاگادار کردووە و لە ناوەڕۆکدا بابەتی پتەوی خستەڕوو، بەڵام لە ڕووی هونەری شیعرەوە نەیگەیاندنە شیعرە ڕۆمانسییەکانی کە بەبێ سێ و دوو لێکردن بە شیعری بەرزی هاوچەرخی کوردی لە قەڵەم دەدرێن.

سەرچاوە و پەراوێز:

١- کەریم شارەزا- کۆیە و شاعیرانی- بەغدا- چ (النجوم)- (١٩٦١)، ل«١٥».

٢- عەبدولخالق عەلائەدین- دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد- بەغدا (١٩٨٥).

٣- د. مارف خەزنەدار- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات ژمارە (٢٠-٢١) بەغدا، (١٩٧٥)، ل«٩».

٤- هەموو دەقی شیعرەکانی دڵدار لە کتێبەکەی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) نووسینی (عەبدولخالق عەلائەدین) بەغدا (١٩٨٥)، وەرگیراون.

٥- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر- ژمارە (٤، ٥) هەولێر (١٩٧١)، ل«٢٠».

٦- هەمان سەرچاوە، ل«٢٣»

٧- مارف خەزنەدار- پێشەکی دیوانی (ڕازی تەنیایی)ی ئەحمەد هەردی- بەغدا (١٩٥٧).

٨- کاکەی فەللاح- کاروانی شیعری نوێی کوردی- بەغدا(١٩٧٨)، ل١١٠.

٩- مەسعوود محەمەد- چەپکێک لە گوڵزاری نالی- بەغدا (١٩٧٦)، ل«١٩٨، ١٩٩».

١٠- کاکەی فەللاح- هەمان سەرچاوە، ل«١١١».

١١- د. مارف خەزنەدار- لە بابەت ئەدەبی کوردییەوە- بەغدا (١٩٨٤)، ل«٧٥».

١٢- د. مارف خەزنەدار- گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات- ژمارە (٢٠-٢١) بەغدا (١٩٧٧)، ل«٩-١٠».

١٣- د. محمد مندور- کتاب فن الشعر- القاهرة- ص«٥٤».

١٤- عەزیز گەردی- گۆڤاری هەولێر ژمارە (٤، ٥) ساڵی (١٩٧١)، ل«٢٦».

١٥- کاکەی فەللاح- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٦.

دڵدار و وتار
زمان و نوێخوازی

نەجات حەمید ئەحمەد

لە زانستە زمانەوانییەکانی بنیاتگەریدا، هەر جۆرێکی ئەدەبی خاوەنی پێکهاتێکی تایبەتی خۆیەتی لە کرۆک و ناوەرۆکی گوتاردا. گوتار جگە لە پێناسە زمانەوانییەکەی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە ئاخاوتنەوە کە درێژبوونەوەیەکی زارەکییە هەیە لە نووسینە ئەدەبییەکاندا، لەو کاتەی گوتار بەلایەنی زانا بنیات گەرەکانەوە گواستنەوەی ماناو ئاماژەیە لە بارێکی ئاسایی نووسینەوە بۆ بارێکی دیکە کە لە کایەکانی ئاماژە و مانادا پۆلێن دەکرێ بەتایبەتی لە جۆری چیرۆکنووسیندا، ئەوا گوتار پەیوەست بە نووسینە پەخشانییەکانی دیکەوە کرۆکێکی زمانەوانی لە مانادا هەڵدەگرێ کە لەپشتەوەی هەر گوتراوێکەوە، کۆمەڵێک دەلالەتی مانا جیاوازو یەک ئاراستە هەیە کە لە خزمەتی بابەت و ناوەرۆکی گوتراوەکان دەبن.

لە زمانی کوردیدا کرۆکی یا گەوهەری ئاخاوتن لە کۆمەڵێک وشەی جیاوازدا بەدی دەکرێ هەروەک وشەکانی:

- ئاخاوتن- ئاخافتن- ئاخافت- ئاخافتە
- وتن- وتە- وتەکان- وتار- وتیار
- قسە- قسەکردن- قسەکان
- زمان+ ی- زمانی شیرین- زمانی پاراو- زمانی پیس (Pejoratif)
- گۆت- گۆتن- گوت- گوتن- گوتراو- گوتار
- دوا- دەدوێ- دواندن

جوداکردنەوەی دەورەکانی هەریەک لەم وشانە لەلایەنی وەزیفییەوە پەیوەست بە وشەی «خطاب- خطابة»ی عەرەبی و «discours»ی فەرەنسی، بەجیا لە وەزیفەی ڕێزمانییان، هەریەک لەو وشانە ئالۆگۆڕیی دەوریان لە نێواندایە و دەکرێ بڵێین «گوتار- وتار، قسە- دوان- ئاخافتن» لە بنەڕەتەوە دەربڕین لە هاتنە گۆیەکی زارەکییانەی «گوتار بێژ و وتار بێژ و قسەکەر و دوێنەرو

ئاخافتەکار» دەکەن کە هەموویان دەوریان لە گەیاندنی مانایەک یا چەند مانایەکی جیاواز و یەک ئاراستە دەکەن هەروەک چەند یەکەیەکی مانا، بەبێ گەڕانەوەو مامەڵەکردنێکی زۆر لەگەڵ ئاماژەو خوڵقاندنی ئاماژە پێکردندا. (دڵدار)ی شاعیرو نووسەر یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی مێژووی نووسینی کوردی کە لە هەموو نووسینەکانیدا وشەی «وتار» بەکار دێنێ و لە هەر بەکارهێنانێکیشدا ئەو لەو گەوهەرو وەزیفە دەلالەتدارەی گوتار هاو ئاراستە دەبێت، دڵداری شاعیر وتار بە کۆمەڵێک گوتە و ڕستە بەکار ناهێنێ، هەر وەکو چۆن بە چۆنێتی قسەکردن و ئاخاوتنێک بەکار ناهێنێ کە هەر گوتەیەکی زمانەوانی بن، بەڵکو (گوتار) یاخود وتار لەلای ئەو کۆمەڵە یەکەیەکی مانایە کە لە پەیوەستێکی یەکگرتووی ئامانجدار و گەیێنەردان کە بە تەنیا یاخود پێکەوە مەبەستێک، یا چەند مەبەستێک دەگەیێنن کە وەک تاقگەیەکی مانا دەڕژێنە یەک سەرچاوەی مانای گشتییەوە کە زۆر نزیکە لە هەڵوێست و دنیا بینیی وتاربێژ و مەرجیش نییە گوتاربێژ لە زمانی کەسی یەکەمەوە بەم کرداره زمانەوانییە هەڵسێ، بەڵام دەشێ گێڕەرەوەیەک، هەقایەت خوانێک، بە زمانی کەسی دووەم بەم کرداره هەڵسێ، لە مەشدا کەسی یەکەم ئەو کەسەیە کە گوتەکانی یا وتەکانی لەلایەن کەسی دووەمەوە دەگێڕدرێتەوە کە مەرجیش نییە کەسی دووەم لەگەڵ ئەو هەڵوێست و دنیا بینی و بیرانەی کەسی یەکەمدا هاو ئامانج بێ، لێرەوە نزیکییەکی مانا هەیە لە بەکارهێنانی وشەکانی «قسە» و «وتار»، دڵداری شاعیر دەورەکان و وەزیفەکانی وتار دەباتە ئەو دیوی سنوورەکانی قسەکردنەوە، لەو کاتەی قسە هەموو کاتێک مانای زانراو وەکو یەکەی سەربەخۆیی ڕستەو جۆرەکانی ناخاتە هاتنە گۆڕە بەو پێیەی کاتێک دەڵێین «قسەکانی فلانە کەسم نەچووە مێشکەوە» یاخود «لە قسەکانی نەگەیشتم» یا «زۆر قسەی لەسەر ئەم بابەتە کرد... تاد» هەموو کاتێک ئەم جۆرە بەکارهێنانانەی وشەی «قسە» پێناسێک دەبن بۆ زانراوەکانی پێشوو کە لەشێوەی بیرو باوەڕو گوتراوی پێشینەدا دەربڕینیان لێکراوە، ئەم ڕاستییە لەسەر وشەکانی «ئاخاوتن و گوتن و وتنیشدا دەچەسپێ ئەمەش جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ ڕستەی «فلانە کەس لە وتارم... وتارەکانم» دەگات، چونکە لێرەدا وتار مانای کۆمەڵە قسەیەک نانوێنێ کە پچڕ پچڕو نەزانراو بن بەڵکو مانایەک یا کۆمەڵێک مانا دەنوێنێ کە دەربڕین لە جیهانبینیی کەسەکە یا گوتار بێژەکە دەکات، گوتار یاخود وتار قەتاوقەت دەربڕین لە ئاخاوتنێکی نەزانراو ناکات لە بەکارهێنانی سەربەخۆی خۆیدا، بەڵکو دەربڕین لە ئایدیال و کۆمەڵێک بیرکردنەوەو وردبوونەوەی بە دووی یەکدا هاتوو دەکات کە لەسەرجەمدا دنیا بینی و هەڵوێست و باوەڕەکانی کەسێک یا گوتار بێژێک دەردەخات، لێرەوە نوێخوازیی دڵداری شاعیر لەبەکارهێنانی «وتار» وەک کۆمەڵە باوەڕو جیهانبینییەکی کەسایەتی شوێنی سەر سوڕمان و لێکدانەوەیە، کە بە داخەوە بە ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو سەردەمەی دڵداردا بەهۆی زاڵبوونی عەقڵییەتێکی زمانەوانیی بەلۆژیککراو و وشککراو ئەم بەکارهێنانە لە زمانی کوردیدا بزربوون، هەروەک زۆر لەو وشە نازدارانەی شاری هەولێر کە ئەمڕۆکە تاک و تەرایان لە زمانی تاک و تروکی ڕۆشنبیراندا گوێمان لێیان دەبێ.

بابزانین ئەم ڕاستییانە چۆن لە پشتەوەی بەکارهێنانی وشەی «وتار»ەوەن کە دڵداری نووسەرو شاعیر بەکاری هێناوە.

دڵدار لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ «ئاسەف لێمی پرسی تۆ چیت، پاش گفتوگۆیەکی زۆر کە هیچی لێ تێ نەگەیشتم بەڵام یەک شتی لە عەقیدە و ئیدیعا گۆڕیم کە ئەویش لێیان پرسیم تۆ چیت.. بڵێم من کوردم... دووسێ سەعات لەژێر تەئسیری ئەم وتارانە مامەوە.

وشەی ئەم وتارانە چەند قسەیەکی لابەلا و پچڕ پچڕ و یەک نەگرتوو نین، بەڵکو ئاسەف کە یەکێک بووە لە منەوەرەکانی شاری هەولێر ویستوویەتی باس لە مەسەلەی کوردبوون و هەڵوێست وەرگرتن لە کوردبوون بۆ دڵدار بکات، لە پاشان ئەو گوتانە کە لەسەرجەمدا کۆمەڵێک مانای یەک ئاراستەیین هەروەک پێشنیار کردن و داوەت کردنێکە بۆ باوەڕ هێنان بەو بیرو ئایدیالە سیاسییانە کە ئەمەش گەوهەری وەزیفەی وتارە لێرەدا [وتار= کۆمەڵێک مانا= جیهانبینی]

دڵدار دەنووسێ «زۆرجاران نەسیحەتی جاهیدم دەکرد کە جەوهەری ئەدەبیی خۆی بەم سەفاهەتە نەکوژێنتەوە، ئەدەب بەبێ سەقافەت چ قیمەتی نییە، ڕووبداتە خوێندن، زۆر ئەم وتارانەی منی لا مەرغووب نەبوو بەڵکو ئەیوت حەیات فورسەتێکە زۆر بە قیمەتە بە خەفەت و مێشک مەشغوول کردن لە دەست خۆمانی بدەین جارێکی تر حەیات ناگەڕێتەوە» تاد.

لێرەدا وتار بەجارێک دوو جیهانبینی لێکتر جیاواز و دژ بەیەک دەنوێنێ، بەبێ ئەوەی وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی لە کۆکردنەوەی کۆمەڵێک مانای هەر جیهانبینییەک لەیەک بۆچوونداا بدۆزێنی. وتەکانی دڵدار دەربڕین لە بۆچوونێکی سەرەکی دەکەن کە دەتوانین بە ڕستەیەک چڕی کەینەوە، ئەویش ئەوەیە «داواکاری بۆ گۆڕانکاری جیهانبینییە» وتەکانی جاهیدیش دەتوانین لەیەک ڕستەی کورتکراودا دەربڕینیان لێ بکەین و لەیەک دەلالەتدا ماناکانی جیهانبینی ئەو کۆکەینەوە ئەویش ئەوەیە «ژیان کاتییە بەشی وەستان و گۆڕان ناکات» ئەم دوو جیهانبینییە ئەگەرچی زۆر هەڵدەگرن، بەڵام پەیوەست بە وتارەوە، وتار دەلالەت لە تێڕوانینێکی کەسایەتی دەکات بۆ ژیان کە بەم شێوەیە چڕی دەکەینەوە.

[وتار= دوو جیهانبینی= دژ بەیەک بوون= گۆڕان]

کە پاش چڕکردنەوەی هەموو ئەم دەلالەتانە:

[وتار= بیری ڕاگەیاندراو]

گرنگی ئەم بەکارهێنانەش وتار قسە کردنێک نییە کە نەچێتەوە سەر سەرچاوەیەک کە بەجارێک ماناکانی جیهانبینییەکی دیاریکراو هەڵنەگرێ، بەڵکو دەچێتەوە سەر کۆمەڵە مانایەک کە هەر یەک لە پێکهاتی خۆیاندا دەخزێنە یەک سەرچاوەی ماناوە کە تێڕوانینی گوتاربێژو گوتار ئاراستە کراوە کە ئەمەش دەلالەتێکی زمانەوانی و بنیاتگەراییانەی نوێخوازی ئەم بەکارخستنەی وتارە لەلایەن دڵدارەوە.

دڵدار دەنووسێ «زۆرجار مەلا هەمزەی موختار کە لە کاتی خۆی سیپارەی خوێندبوو، هەستم کردبوو کە بەس مەلا هەمزە لە وتارەکانم دەگات».

گرفتی گەیشتن لە وتن لە لایەن مەلا هەمزەوە کە توانیویەتی حەرف لێک کاتەوە نەگەیشتن نییە بە ماناکانی ڕستەکانی دڵدار، بەڵکو گرفتەکە تێگەیشتنە لەو بیروباوەڕانەی کە دڵدار لە چوارچێوەی ڕستەکانیدا.... کۆمەڵێکی زۆرو زەبەندی ڕستەی مانادار بەرهەم دێنێ و ئەو ڕستانەش لەسەرجەمدا دەربڕین لە جیهانبینی دڵدار دەکەن، لێرەدا وتار بریتییە لە کۆمەڵە گوتراوێک لە مانای جیاواز و یەک ئاراستە و یەکگرتوو کە لەسەرجەمدا دەربڕین لەیەک جیهانبینیی دەکات هەر بۆیە وتارەکان و وەزیفەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە چڕ دەبێتەوە:

[وتارەکان= کۆمەڵێک بۆچوون= جیهانبینی]

دڵداری شاعیر دەنووسێ «ئەو ڕۆژەی کە موتەسەریفی تازە ئەحمەد تۆفیق بەگ، زیارەتی مەکتەبی کرد، چەند وتارێکی دا ئەم وتارانەی موتەسەریف قوتابیە کوردەکانی لە هەست بەبێ کەسی کردن ڕزگارکرد».

لە شوێنێکی دیکەشدا دەڵێ [مودیر وداد ئەفەندی هەردووکیان خوتبەیان دا، لە خوتبەکەیان ئەمەیان بەیان کرد.... تاد]

لە هەردوو ڕستە بەرچاو خراوەکانی بڕگەکاندا جیاوازییەک نییە لە نێوان «وتاردان- خوتبەدان»، لەیەکەمیاندا وتار دەربڕین لە چەند قسەیەک دەکات کە هەر «قسە- وتار»ێک مانایەکی سەربەخۆ هەڵدەگرێ، هەروەکو چۆن «خوتبە- قسە» لەلایەن دووکەسی جیاوازەوە چەند مانایەکی سەربەخۆ هەڵدەگرن کە لە سەرجەمدا لە پێناوی بەیانکردن و ئاشکرا کردنی مەبەست و مرازێکدا نووسراون، کەواتە وتار هۆیەکە بۆ ئاشکراکردن و ئاراستەکردنی کۆمەڵە مانایەک کە لە پێناوی یەک مەبەستدا گوتراون، گوتار بێژ ئەو کەسەیە کە کۆمەڵێک وتار «وتارێک- یا چەند وتارێک» دەدا و لە سەرجەمدا ئەو یەکانەی مانا لە پێناوی مانایەکی سەرەکیدا بەکار خراون کە دەتوانین بەم شێوەیە دەربڕینیان لێ بکەین: [وتار= خوتبە ـــــ یەکەکانی مانا= مەبەست و ئامانجێک] دڵدار دەڵێ «هەندێکیش دەڵێن زوبانی کوردی دواکەوتووە، لە جێگایەکی کەش ئەفەرموون ئەدەبیاتی کوردی بەرزە، ئەم دوو وتارە پێچەوانەی یەکترین... تاد»

دڵداری نووسەر لە ڕێگەی وتارەوە دوو بیروڕای جیاواز دەخاتە ڕوو، وتار لە گەوهەردا وەک هەڵوێستێکی کەسایەتی دەکەوێتە ڕوو کە لە بنەڕەتەوە دەلالەتێکە بۆ کۆمەڵێک بیروڕای یەکگرتوو سەبارەت بە مەسەلەیەکی دیاریکراو، ڕووبەڕووکردنەوەی وتارەکان لە هاودژیی مانایان بەڵگەیەکە بۆ ئەو ناوکەی مانا کە لە بنیاتی زمانەوانیی خۆیدا سنوورو وەزیفەکانی وتار پەیوەست بە ماناوە دیاری دەکات، کە زۆر جار باس لە وتار دەکرێت بەوە پێناس دەکرێ کە وتارەکە سەبارەت بە فلانە بابەتە یاخود دەگوترێت زۆر قسەو وتە کرا گرنگەکەیان فلانە بابەت بوو ئەم بڕیار یا ئەم داوایە یا ئەم پێشنیارەی تێدا کرا، وتار هەمیشە کۆمەڵە مانایەک دەخاتە ڕوو کەتیایدا زۆرینەی وتراوەکان وەک پاساو و بەڵگەو ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەو پێناس و

پێناساندنێکن بۆ تەوەرێکی سەرەکیی مانا کە هەر ئەو مانایەیە کە لە پێناویدا گوتاربێژ هەموو هەوڵەکانی دەخاتە کارو دەیەوێ کەمترین ناڕەزایی و بەرپەرچ دانەوە و ڕەخنە لە ناوەرۆکەکەی بگیرێ و زۆرترین کەس، یاخود کەسی بەرامبەر باوەڕ بە قسەکانی بکات.

دڵدار دەڵێ (بۆ ئەوەی بە ڕێگایەکی ڕاستەو دوو ڕاستەقینە ئەم وتارانەی سەرەوەت پێشکێش بکەم پێویستە ئەوەندە یارمەتیم بدەی....)

لەم گوتراوانەدا دوو ڕاستی هەیە، یەکەمیان وتار ناونان و پێناسێکە بۆ کۆمەڵە وتراوێک کە چەند مانایەک هەڵدەگرن دووەمیان وتار لە ناوەرۆکدا و هەموو کاتێک ڕوون و ئاشکرا نییە کە خوێنەر یەکسەر لە ماناکانی بگات، دڵداری شاعیر بۆ تێگەیشتنی بەرامبەر لە گوتراو و وتەکانی، بۆ زانین و هەزمکردنی ئەو مانایانەی وتراوەکانی هەڵی دەگرن، داوای یارمەتیی بەرامبەرەکەی دەکات، چونکە وای پێدەچێت دڵدار بە چاکی لەوە گەیشتووە کە وتار لەسەرجەمی گوتراوەکانیدا کار بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی بابەتەکانی خۆی دەکات کەواتە وتار لە پێکهاتی مانادا یەکەیەکی مانای ئاشکراکراو نییە، نیازو مرازێکی بەرجەستەکراو نییە، بەتایبەتی کاتێک وتار دەسەڵاتی قەدەغە کردن و سنوور دانانی وتراوەکانی لە پشتەوە بێ، وتار لە بەردەم ئەم حاڵەتانەدا کۆمەڵێک مەدلوولی دەبێت کە هەر یەکەو چەند ئاماژەو هێماو بەکارخستنێکی ڕەوانبێژییان لە پشتەوەیە، هەموو ئەم کەرەستە زمانەوانییانەش لە پێناوی خزمەتکردنی تێگەیشتنێکە لە وتار کە ماناکانی خۆی پەردەپۆش دەکا. کەواتە دەتوانین ئەم لایەنانەی وتار چڕکەینەوە بەوەی: [وتار= کۆمەڵێک مەدلوول= مەبەستێکی دیاریکراو].

دڵدار دەنووسێ:

١- بۆ ئەوەی وتارەکەمان بەسوورەتێکی ڕێک بێتە خوارەوە جوابی.... تاد

٢- دە سەیری ئەم سێ زوبانە بکەن کە هەرسێکیان دراوسێی یەکترن چەند لەگەڵ یەکتر لە ئوسلوبی وتاریاندا جیاوازن.... تاد.

٣- پێش و پاش کردنێکی وەها کە نەک بڵێیم ڕەونەقی نووسینەکانیان بردووە، بەڵکو لە شێوەی وتاری کوردی شۆڕاندووە.

٤- «من ژینی تەنیا حەز لێ ناکەم، ئایا مرازی نووسەر لەم وتارەیا ئەبێ چی بێ؟

٥- ئاینەکان ئەڵێن کە تیرەی ئادەمیزاد لە مەخلوقاتی تر بەرزترە... بەڵام ئەم وتارە.... تاد

هێڵی سەرەکی لە نێوان هەموو ئەم بەکارهێنانانەی زاراوەی وتار، بە ئاشکرا دیارە کە سنوورێکی دابڕاو نییە لەنێوان وتارو ئاخاوتن و گوتن و قسەکردن تەنها لەو بارە زمانەوانییەوە نەبێ کە وتار لەوێدا لە قسەکردن جیادەبێتەوە کاتێک وتار مانایەکی دەلالەتدار و چڕوپڕی گەورەتر لە قسەکردن دەگرێتە خۆی بەو پێیەی وتار هەروەک وتمان شمووڵیەتێکی بەرفراوانی هەیە لە هەڵگرتنی کۆمەڵێک مانای جیاواز و وەکو یەک و دژ بەیەک و یەک ئاراستە و ئاراستە جیاواز دەگرێتە خۆی، وتار لەم حاڵەتەدا وەک جۆرێکی ئەدەبیی سەربەخۆ و کاملّ لە ڕەگەزەکانیدا دەکەوێتە ڕوو کە لە دەرەنجام و بنەماو پێکهاتەکانیدا وەک جۆرێکی ئەدەبیی چێژ بەخش و کاریگەر دەکەوێتە ڕوو دەچێتە خانەی جۆری پەخشانەوە، کە نەک تەنها پەیوەستە بە بارە ئەدەبییەکەوەی، بەڵکو لە فراوانیی جۆرو شێوازەکانیدا پەل بۆ هەموو جۆرە بەشەکانی دیکەی نووسینی زانستی و هونەری و فیکری و فەلسەفی دەبات.

دڵداری شاعیرو جوانەمەرگ، دڵداری زمان شیرین، گەر مەرگی زۆردار لە هەڕەتی پێگەیین و کاملّبووندا یەخەی نەگرتایە، دڵنیام لەوەی دەبووە یەکێک لە ڕەخنەگرو نووسەرە هەرە ناودارەکانی میژووی ئەدەبیمان، ئەو بەسەرهاتانەی کە وەک سەرگوزشتەیەکی ژیانی نووسیویەتیەوە زۆرترین هونەرەکانی «وتار»ی تێدا بەکارهێناوە، چونکە ئەو شارەزایی لە میژووی فەلسەفە و سیاسەت و هونەری جیهانی هەبووە و لەم شارەدا ئەو نووسەرە منەوەرو ئەکادیمییە بووە کە بەسەر زۆر لە داب و دەستوورو کولتوورە قەدەغەکارەکانی سەردەمی خۆیدا زاڵ بووەو کەسایەتییەکی ڕۆشنبیری و سیاسیی نموونەیی تازەگەری نواندووە. لە نووسیندا دڵداری شاعیر خاوەنی بۆچوون و دیدێکی زانستی و لۆژیکی بووەو قەت ئەوەی لەبیر نەچووە کە هەموو ئەو ڕەگەزانەی وتار دەوڵەمەند دەکەن لە چوارچێوەی زمانێکی ڕۆمانسیدا بیانخاتە ڕوو سوودیان لێ وەرگرێ.

کە یەکێکە لەو کەسە دەگمەنانەی چ لە ڕووە سیاسییەکەیەوەو چ لە ڕووە ئەدەبی و هونەرییەکەوەی هەوڵی داوە خۆی لەو جۆرانە نزیک کاتەوە کە تازەگەر و نوێخوازن.

لە یادی هەشتاو شەش ساڵەی لەدایکبوونی دڵدار و پەنجا و شەش ساڵەی کۆچکردنیدا

دڵزار

دڵدار شاعیرو سیاسەتمەدارو پارێزەری بەشخوراوان: یوونسی مەلا ڕەئووفی مەحموود ئەفەندی مەلا سەعیدی خادم سەجادە لە (٢٠ی شوباتی ساڵی ١٩١٨)دا، لە گەڕەکی (بەفریقەندی) شاری کۆیە چاوی ژیانی هەڵێناوە و پەنجاو شەش ساڵیشە ئەستێرەی ژیانی ئاوابووە.

ماوەی ژیانی ئەم شاعیرە خەباتکارە هەڵکەوتووە تەنیا سی ساڵ بووە بێ هاوسەریش بوو.

لە ساڵی (١٩٢٧)دا دەبێتە قوتابی تاکە قوتابخانە سەرەتاییەکەی کۆیە، دوای ساڵێک مامۆستایان دەکەوێتە ڕانیە و لەوێشەوە دەگوێزرێنەوە بۆ هەولێرو هەمیسان لە ساڵی (١٩٣٢)دا دەگەڕێنەوە کۆیە و لەساڵی (١٩٣٤)دا خوێندنی سەرەتایی لە کۆیە تەواو دەکات و خوێندنی ناوەندی و دواناوەندیش لە هەولێر و کەرکووک لە ساڵی (١٩٤٠) تەواو دەکات و لە پایزی هەمان ساڵدا دەبێتە قوتابییەکی کۆلیژی حقوق لە بەغدا و لە ساڵی (١٩٤٥)دا تەواوی دەکا.

دڵدار هەر لە منداڵییەوە فێر کرابوو کە لە ماڵ دەرنەچێ، لە ماڵ دەرنەچوونیش بۆ بیرکردنەوەو دوور ئەندێشی بردووە و دواییش کە چۆتە ڕانیە سەراسیمەی جوانی کێوەڕەش و زنجیرە چیاکانی ناوچەکەو ئاوە هەڵقوڵاوە ڕوون و ڕەوان و ساردەکەی (قولە) بووەو هەر لە ساڵانی زووشەوە چەند دەرسێکی نیشتمانپەروەری لە کاک ئاسەفی برایەوە فێربووەو لە ساڵانی (١٩٣٥ و ١٩٣٦) لە هەولێر هەمیشە هاوڕێ و هاوکاری (بورهان جاهید) بووەو پێوەندیشی بە شاعیرانی ئەوسای کۆیەوە (عوسمان عەونی) و مامۆستا (مەلا محەمەدی دلاوەر)ەوە بەتین کردووە.

دیسانەوە دڵدار لە یاداشتەکەیدا دەڵێ: «بەحەماسەتەوە لە کتێبخانەی کاکەم سەعدی دەستم پێ کرد کە موتاڵا بکەم، لە پێش هەموو شتێکدا تاریخی شۆڕشی فەرەنسەو تاریخی یۆنانم بە تورکی موتاڵا کردو لە پاشان تاریخی (استقبال)ی جەلال نووری مەشهورم بەهەرسێ جوزئی بە تەدقیق خوێندەوەو تاریخی کوردو کوردستانی ئەمین زەکی بەگ و تاریخی بابان و سۆران و موکریانی سەید حوسێن حوزنیم بەکوردی خوێندەوە، ئەمانە هەمووی دروشمی ڕابردوویان هێنامە بەرچاو، لەگەڵ خۆم زۆرجار موجادەلەم دەکرد، مام بەرە بەرە مێشکم بکەمەوەو تەقدیری تەئریخ و تەنفیزی بکەم».

لە پاشان دەڵێ: «لەم تاریخە بوو کە دیوانی نالیم زۆر بەوردی خوێندەوە، شیعرە جوانەکانی نالی لەگەڵ شیعرە ئاگرینەکانی حاجی قادری کۆیی لە مێشکمدا لەسەر زەعامەتی ئەدەبی شەڕیان بوو، لەم شەڕەدا شتێکیان پێ

بەخشیم ئەویش بۆ شیعرو ئەدەبیات ڕواندمیان».

ئەمن وا دەزانم هەڵبەستی (ڕووناکی) یەکە هەڵبەستی چاپکراوی دڵدار بووە کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕووناکی (٢٤)ی تشرینی یەکەمی (١٩٣٥)دا دەرچووە پەخش کراوە.

دڵدار شاعیرێکی وریاو تا ڕادەیێک نوێکەرەوەبوو، لەو ماوە کورتەی ژیانیدا بەرهەمی بەپێزی ئافراند و زۆربەی هەڵبەستەکانی شیعری ریالستی ڕەخنەیین، سرووی (ئەی ڕەقیب)ەکەی ئەگەرچی لە ڕووی داڕشتنی هونەرییەوە ئاساییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا شوێنی خۆی گرتۆتەوەو بۆتە سروودو مارشی نەتەوەی کورد نەک لە باشووری کوردستاندا، بەڵکو بۆتە یان دەبێتە سروودو مارشی تێکڕای میللەتی کورد لە کوردستانی گەورەدا.

هەندێ کەس ڕەخنە لەوە دەگرن کە ناوی (کەی خوسرەو) لە سروودەکەدا هاتووەو کەی خوسرەوی کەیانیش کورد نەبووە، بەڵام ڕەنگە مەبەستی دڵدار (کەی ئەخسار)ی شای ماد بووبێ کە نەژادی کۆنی کوردەو لە سروودەکانیشدا ڕێکدەکەوێ بڵێی:

ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەی ئەخسەرین
دینمان ئیمانمانە نیشتمان

هەڵبەستەکەی (خەندەکەی بایی)یش کە بۆ بەهیە فەرەجوڵای میسری کورد نەژادی داناوە، بەهێزو پێزو هونەرییە، خۆشەویستییەکی پاک و پیرۆزی تێدا هەست پێ دەکرێ، بابۆ پێویستی شیعریش وشەیێکی پاش و پێشی تێدابێ وەک (خەندەکەی بایی) لەجیاتی خەندە باییەکەی، شیعرەکانی دیکەشی بەتایبەتی (کوردستان) و (لالەباس) و (توتن و توتنەوان)، شیعری واقعین و ئەوانی تریش هەر یەکێکیان هەتوانی برینێکە. سالّی (١٩٣٨) کە لە دوا ناوەندی کەرکووک دەیخوێند و تەمەنی تەنیا بیست سالّ بوو، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی (کۆمەڵەی دارکەر)ی دامەزراند، لەسەر شێوازی ڕێکخراوەکەی (گاریبالّدی) کاربۆناری ئیتالّی.

لە ماوەیێکی کورتا ژمارە ئەندامێکی زۆری لە قوتابیان و لاوانی کەرکووک و سلێمانی و هەولێرو کۆیەو شارەکانی تری کوردستان لە ڕێی قوتابیانەوە ڕاکێشاو ڕێکخست، جا بۆ ئەوەی بتوانن زۆر لە ئەفسەران و کەسایەتی ناسراوی کورد ڕێک بخەن پێویستییان بەسەرۆکێکی بەتەمەن و بەئەزموون و ناسراو هەبوو بۆیە ڕووەکەنە مامۆستاو تێکۆشەری ناسراوی کورد (ڕەفیق حیلمی)، ئەویش داوایەکەیان قبووڵ دەکات بەو مەرجەی ناوی لێ بنێن (حیزبی هیوا) لەسەر ڕێبازی (هێڤی) سەردەمی عوسمانی. جا ئەوەبوو قبووڵیان کرد.

مامۆستا (ڕەفیق حیلمی) بوو بەسەرۆکی حیزبی هیوا و دڵداریش سکرتێری گشتی حیزبەکە بوو.

حیزبی هیوا تا کۆتایی دووەم شەڕی جیهان، تا سالّی (١٩٤٥) ژیاو گەورەترین حیزب بوو لە کوردستانا بەر لە دامەزراندنی حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان) و (حیزبی ڕزگاری نیشتمانی).

هەر لە سالّی (١٩٤٥)دا بوو دڵدار کۆلیجی حقوقی تەواو کرد و گەڕایەوە کۆیە و لەگەڵ کاک ئاسەفی برایدا کە خانەنشین بوو دەژیا، جا لەوساوە پارێزەری توتنەوانان و ڕەنجخوراوانی ناوچەکانی کۆیەو ڕانیە و بیتوێن بوو گەلێ جار بەخۆڕایی داکۆکی لە ڕەنجخوراوان دەکرد.

بەکۆتایی هاتنی دووەم شەڕی جیهان و تێکشکانی بەرەی فاشیزم بەرزبوونەوەیەکی گەورەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە سەرانسەری جیهاندا سەری هەڵداو هەموو گەلانی گێتی گرتەوە، دڵداریش یەکێک بوو لە دڵدارانی ئەو بەرزبوونەوە شۆڕشگێڕییە و لە سالّی (١٩٤٦)دا ڕۆڵێکی باشی لە یارمەتیدان و ڕێنماییکردنی ڕێکخراوی تازە دامەزراوی ڕزگاری نیشتمانی (التحرر الوطني) لە کۆیەدا گێڕا. تێکۆشەرێکی ناسراو و ڕووی بزووتنەوەکە بوو، هەر یاداشتێک درابایە میری بەناوی ئەوەوە دەدرا، لە هەموو چالاکییەکدا ڕۆڵی یەکەمی دەگێڕا.

لە نەورۆزی سالّی (١٩٤٨)دا گەورەترین و ڕێک و پێکترین ئاهەنگمان لە کۆیە گێڕا، دڵدار و من پێکەوە چووینە لای قائمقام (سوبحی عەلی) و ئیجازەی ئاهەنگ گێڕانی نەورۆزمان لێ وەرگرت و لە تاتووکی بەفریقەندیان شانۆیەکی زۆر جوانمان ڕازاندەوەو مامۆستا (جابیر پیرداود) بە بۆیەو فرچە نیگاری دیمەنێکی جوانی کوردستانی لەسەر پەردەی ناوەوەی شانۆیەکەدا کێشابوو کە بریتی بوو لە زنجیرە شاخێکی سەرکەشی بەفراوی و خۆر لەسەر هەڵاتوو و چەند دۆلێکی کپ و ڕووباریکی ڕوون و ڕەوان و پێدەشتێکی گەش و شین.

پێوەندیم بە دڵدارەوە بەتین بوو دوا پارچە شیعریشی ئەو نامە شیعرییە بوو کە لە ڕۆژی (١٩٤٨/٩/١٢)دا، بەر لە کۆچی دوایی بە دوو مانگ لە وەرامی نامەیەکی

منداڵ بۆی ناردم:

دڵزار شیعرەکەت دڵزار شیعرەکەت
دڵزار نامەکەی پڕ شعوورەکەت

گەیشتە دەستم لە کاتێکی وا،
کافر بەحاڵم نەبێتن خوا؛

دەڵێن شەش سەدو کسور قەرزاری
ئایە بۆ پارە زۆر گیانە هاری؟

زرنگ و هۆڕی درهەم و پارە،
بۆ من خەیاڵی خەونی بەهارە؛.. تاد

دڵدار لاوێکی مەیلەو درێژی داڵ گۆشتی سوورو سپی مووزەردی چاوشینی نیگا تیژی قسەزانی نوکتەباز بوو، شارەزایەکی باشی لە ژیان و خوو و خدەی لادێیاندا هەبوو قسە دروست و وەڵام لەمست بوو بەڵام لە دەسپێکی ئاخاوتندا زمانی دەگیراو قسەی بۆ نەدەهات کە دەشکرایەوە بەڕەوانی دەدوا، لەسەر کاغەزیش نووسینی بۆ نەدەخوێندرایەوە بۆیە پارچە کاغەزێکی بەدەستەوە دەگرت و سەیری نەدەکردو سەرپێیی وتاری دەدا.

دڵدار هەمیشە گیرفانی خاڵی و دەست کورت بوو، بەڵام تا حەز بکەن چاوتێرو بەعیزەتی نەفس بوو.

دڵدار لە ڕۆژی ١٩٤٨/١١/١١دا سەرەڕای ئەوەش کە ماوەیەکی درێژبوو تووشی ئاوسانی دڵ و ڕۆماتیزم بووبوو، لەسەر پێداگرتنی عومەری عەلییە گۆج بۆ کاری پارێزەری لە کۆیەوە دەچێتە هەولێرو شەوی ١٩٤٨/١١/١١ لەگەڵ پارێزەر کاک عومەر حەبیب (عومەرە سوور) لە یانەی فەرمانبەران نان دەخۆن کە میمبەری سوور کراوە دەبێ، لە پاشان دەچنە (سینەمای حەمرا) و لە گەڕانەوەدا لە نزیک ئوتێلی فەرەح کاک عومەر حەبیب لادەدات و دڵداریش بەشەقامی (مظفریە)دا بەرەو تەیراوا شۆڕدەبێتەوە بۆ ماڵی سەعدی برای، کە دەگاتە ڕاستی ئوتێلی (کوکب الشمال) ڕەتێک دەباو دەکەوێ و بەهەر حاڵێک خۆی دەگەیەنێتە چایخانەکەی بن قەڵاو ڕادەکشێ، خەڵکەکەش وادەزانن سەرخۆشەو بە عەرەبانەیەکی کۆڵ هەڵگران دەیبەنە پۆلیسخانەی سەرا، گوایە سەرخۆشەو دەبێ تۆژینەوەی لەگەڵدا بکرێ و کەسیش ناناسێ، کەچی لە بەختی کەچی هەمووماڵ مفەوەزی ئێشکچی (ئیبراهیم حنا) ئەو شەوە لە ماڵی دۆستێکیان خەریکی خواردنەوەو یاری پۆکەر دەبێ، دڵداریش بەو شەوە سارده بێکەس و بێچارە لەوێ دەمێنێتەوە لە سەرمان ڕەق هەڵدەگەڕێ و پەپوولەی گیانی بۆ جیهانی جاویدان دەفڕێ.

ئاوا ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی شیعرو بیری کوردەواری دەکشێ و دەکوژێتەوە.

مەودای ژیانی دڵداری جوانەمەرگ وەک وتمان تەنیا سی ساڵ بوو، ئەگەر مردن ئەمانی مانی بدایە لووتکەیەک دەبوو، لە لووتکە بەرزەکانی شیعری کوردی.

حاجی قادری نەمر ڕاستی گوتووە:

مەرگ و ژین میسلی سێبەرو تاوە،
ئەوەی باقی بمێنێ هەر ناوە.

جا ناوی دڵدار، شیعری دڵدار، سروودە بەناوبانگەکەی دڵدار تا کورد بمێنێ کە دەمێنێ، هەر دەمێنێ.

تێبینی:

- جێی ئاماژە بۆ کردنە لاوانی کۆیی بەدەستپێشخەری حاکم پێشرەوی سەید برایم و چەند دڵسۆزێک، لە ئەڵمانیاو شوێنانی تر توانییان گۆڕەپانێک دراو، بۆ پەیکەری دڵدار کۆبکەنەوە و لە ئەنجامیشدا لە یادی هەشتاوشەش ساڵەی لەدایکبوونیدا لە ڕۆژی ٢٠٠٤/٢/٢٠دا لە بناری هەیبەسوڵتان بەرامبەر بە کۆلیژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە لە ئاهەنگێکی شیاودا پەردە لەسەر ئەو پەیکەرە بەرز و بالآیەدا لادرا و ئێمەش کە بە سوپاسەوە بانگهێشت کرابووین لەم پەردە لادانەدا بەشداربووین، خوازیارێشم کە تەرمەکەی دڵدار ببەنەوە کۆیە و شوێنی دووگەز زەویش لە بناری هەیبە سوڵتان لە تەنیشت دڵدار بۆ منی دڵزار دەسنیشان بکەن.

- دڵدار بەر لە نیوەشەوی ١٩٤٨/١١/١١ لە ژیان دەرچووە، بۆیە مێژووی دوا کۆچی ١١/١٢ نییە بەڵکو ١٩٤٨/١١/١١ە بۆ ئاگاداریتان.

دڵدار و سیاسەت

مەجید ئاسنگەر

ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان
نایشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان
کەس نەڵێ کورد مردووە، کورد زیندووە
زیندووە قەت نانەوێ ئالاکەمان
(دڵدار)

خاوەنی ئەم شیعرە نەمرە، ئەم سروودە نیشتمانییە پڕ لە جۆش و خرۆشە ئاگرینە و چەندان چامە و هۆنراوەی کۆمەڵایەتی و نیشتمانیی بە پێزی دیکە، بێ هیچ دوودڵییەک ئەوە دەگەیەنێ کە (دڵدار) شاعیرێکی نیشتمانپەروەر و سیاسەتکارێکی کارامە و خەباتگێڕێکی خاوەن بڕوا و بە هەڵوێست بووە.

دڵدار (یوونسی کوڕی مەلا ڕەئووفی کوڕی مەحموودە فەندی کوڕی مەلا سەعد لە بنەماڵەی خادیم سوجادەیە، دایکیشی زەهوەی کچی خورشید ئەفەندی عەلەمزادە)یە. ڕۆژی ٢٠ی مانگی شوباتی ساڵی (١٩١٨) لە گەڕەکی بەفریقەندی شاری کۆیەدا هاتۆتە دنیاوە و، هەر بە گەنجی لە تەمەنی سی ساڵیدا شەوی (١١) لەسەر (١٢)ی مانگی تەشرینی دووەمی ساڵی (١٩٤٨) لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

دڵدار قۆناخەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شارەکانی کۆیە، ڕانیە، هەولێر و کەرکووک تەواوکردووە و بۆ خوێندنی زانکۆش ڕوویکردۆتە بەغدا و لەوێ لە کۆلێژی (ماف- حقوق) وەرگیراوە و ساڵی (١٩٤٥) بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە (یاسا) وەرگرتووە و بۆتە پارێزەر و یاساناسێکی ڕوونا کبیر و نیشتمانپەروەر و ماوەی (٣) سێ ساڵان- هەتا کۆچی دوایی ناوادەی، بە ئەوپەڕی لێزانین و لە خۆبووردەیی و دڵسۆزانە، بە بیروباوەڕێکی پتەوەوە داکۆکی لە زەحمەتکێش و بێدەرەتانانی گەلەکەی، بەتایبەتی ڕەنجبەر و جووتیار و چینی چەوساوەکانی لادێ و شاری کردووە و، لەدادگەکاندا بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ بەجورئەتەوە ڕووبەڕووی هەندێ ئاغا و مووڵکدار وەستاوەتەوە و هەوڵی داوە مافی بەشخوراوان بۆ خاوەن مافەکان بگێڕێتەوە و زۆر جارانیش بێ بەرامبەر (واتە هەر بەخۆڕایی) داوای ئەو بەشمەینەتانەی بینیوە کە لەبەر هەژاری و نەداری و نەزانی توانای ئەوەیان نەبووە پارەی (واتا کرێی) پارێزەریی بدەن. دڵدار، کە لە شاری حاجی قادر و ئەختەر و مەلای گەورە و، عەونی و عاسی و حسێنی چاوی ژیانی بە دیمەنە دڵڕەفێنەکانی کوردستان هەڵێناوە و، تێکەڵیشی لەگەڵ عەونی و دڵزار و وردی و دڵاوەر و دەستەیەک لە ڕۆشنبیر و ئەدیب و هونەردۆستانی شارەکەدا هەبووە، لەنزیکەوە هاوەدم و هاوژینیان بووە، هەر لە زووەوە خولیای شیعر و ئەدەبیاتی کوردی و ڕۆشنبیریی پێشکەوتخواز لە کەللەی داوە و کورد واتەنی (فرچکی پێیانەوە گرتووە)، لە لایەکی دیکەوە باری سەخت و ئاڵۆزکاوی ژیانی ئەو ڕۆژگارە، واتە ساڵانی نێوان هەر دوو جەنگە جیهانییەکان، بەتایبەتی ماوەی جەنگی دووەم و شکستهێنانی بەرەی (نازی و فاشی) واتە (دەوڵەتانی

ڕێکخستنی نێو بزووتنەوەکانی مەلیکی کوردستان- شێخی نەمر شێخ مەحمودی حەفید بووە، بە سەرۆکی حزب هەڵدەبژێرن و دڵداریش دەبێتە سکرتێری حزبەکە و لەو ساتەوە هەتا دێت زێتر پەرە بە چالاکییەکانیان دەدەن و ژمارەیەکی زۆریش لە سیاسەتوان و ڕۆشنبیر و نووسەر و ئەدیب و مامۆستا و قوتابی و تەنانەت ئەفسەر و سەرباز و کاسبکاران و سەرجەم توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری پێوەندیی بە (هیوا)وە دەبەستن و لەنێو ڕێزەکانیدا درێژە بە خەبات دەدەن. دڵدار، لە دوای تەواوکردنی خوێندنی یاسا لە کۆلێژی (حقوق) لە بەغدا ساڵی (١٩٤٥) دەبێتە پارێزەرێکی سەرکەوتوو، بۆ ماوەی (٣) سێ ساڵان بە ئەوپەڕی دڵسۆزی و لێهاتوویییەوە پشتی هەژار و بێدەرەتان و چەوسێنراوانی ڕەنجخوراوی کورد، بە تایبەتی جووتیار و دێ نیشینان دەگرێت و، وەک لە پێشەوە ئاماژەمان پێدراوە، هەر بە خۆڕایی و بگرە زۆران جار لەسەر حیسابی خۆیشی لە دادگەدا داکۆکییان لێدەکات و ڕووبەڕووی مافخۆرەکانیان دەوەستێت. جارەهایش لەو کارانەیدا دوچاری هەڕەشەو چاو لێ سوورکردنەوە و سەریەشە دەبێت، بەبێ ئەوەی بە قەد تۆزقاڵێک گوێیان پێ بدات یان سڵیان لێبکاتەوە.. بە نەمانی حزبی هیوا و، دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد ساڵی (١٩٤٦) بە سەرۆکایەتی (بارزانی نەمر) و پەلهاویشتنی حزبی شیوعی عێراقی لە ژێر پەردەی (حزبی تەحەرور) و بڵاوبوونەوەی لە کوردستاندا، دڵداری سیاسەتوان زیاتر بەلای چەپدا گیرسایەوە و، لە چالاکییەکانی ئەو حزبەدا بەتایبەتی لە شاری کۆیە و ناوچەکەیدا، وەک مامۆستا دڵزار دەڵێت- ڕۆڵی سەرەکی و زۆر گرنگ و بەرچاوی گێڕاوە. وەک عەبدولخالق عەلائەدینیش لە کتێبی (دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد) لە لاپەڕە (٨٨)دا دەڵێت پێش کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی بە ساڵێک واتە لە (١٩٤٤)دا (هیوا) لەبەر هەندێ هۆی سیاسی تێکچوو.. ساڵی (١٩٤٥) بە تەواوی نەما، دڵدار ڕێبازێکی تری سیاسی گرتەبەر و ساڵی (١٩٤٦) چووە ناو حزبی (تەحەرور) و بوو بە ئەندامێکی کارامە و دیار و کولّنەدەر.. بەڕاستی ڕەوشت و کار و کردەوەی ڕۆژانەی دڵدار لەگەڵ جەماوەردا جێی شانازی هەموو کوردێکی خاوەن بڕوا بوو.. هەرگیز بەچاوی تەسکی حزبایەتی سەیری خەڵکی نەکردووە.. ئەستێرەیەکی گەش بوو لەناو بەرەی نیشتمانیدا، زۆرجار دانراوە بە سەرۆکی لیژنەی سەرپەرشتیکردنی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز و بەزۆری وتاری پێشکێش هی ئەو بووە.. منیش خۆم لە یادمە ساڵی (١٩٤٨) مێحوەر) و سەرکەوتنی ئۆردووی بەناو (دیموکراسی و بەرەی گەلان) و، پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی پێشکەوتخواز و سەرەتاکانی ئازادی و سەربەخۆیی و مافەکانی مرۆڤ بە گشتی و هاتنە کایەی بیری نەتەوەیی و گەشەسەندنی تیۆرییەکانی مارکسییەت و پتەو بوونی خەباتی کرێکاری و بزاڤی ڕزگاریخوازیی و ئاشتی لە جیهاندا و دروستبوونی چەندان دەوڵەتی نەتەوەیی سەربەخۆ دوای دەرچوونیان لەژێر نیری ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەدا، هەروەها بڵاوبوونەوەی دروشمگەلی چەپ و چەپخوازی بە زۆربەی زۆری وڵاتاندا و، دامەزراندنی حزب و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و پەرە ئەستاندنی سەرەتاکانی یەکسانیی و دادپەروەریی.. ئەو ڕەوشە بەگشتی کاریگەریی دیار و ئاشکرایان بەسەر مێشک و هزری لاوان و خەمخۆرانی هەستیار و هۆشیار بوونەوەی کورددا، لەوانەیش دڵداری هەست ناسک و بیرقوڵ، هەبووە. هەر بۆیە دڵدار وەک سەرجەم هەڤاڵ و هاوڕێکانی و بگرە لەوان زیاتریش هەر زوو ئاوێتەی بیروباوەڕ و کرداری سیاسیی بووە و، کەوتۆتە جموجۆڵی چڕوپڕی تێکۆشان چ لەپێناو گەلی کوردی چەوساوە و دابەشکراوی خۆیدا و، چ لە پێناوی تێکڕای گەلانی عێراقدا کە ئەو دەم لەژێر قورسایی باری ئیمپریالیستی بەریتانیادا بە کۆت و زنجیری پەیمانی شوومی ساڵی (١٩٣٠) بەندە تونەکانییەوە دەینااڵند و لە هەموو سەروەرییەک بێبەش کرابوو.

دڵداری شاعیر جارێ هەر لە قۆناغی خوێندنی ئامادەییدا ساڵی (١٩٤٠) لە کەرکووک سروودی (ئەی ڕەقیب)ی داناوە، پێش ئەوەش، ساڵی (١٩٣٧) وەک کەریم شارەزا لە ڕۆژنامەی خەبات- ژمارە (١٦١٨)ی ڕۆژی (٢٠٠٤/١١/١١)دا نووسیویەتی، لەگەڵ دەستەیەک لە قوتابی و لاوانی هەولێر، کەرکووک، سلێمانی، کفری، خانەقین و کۆیە- وەک موکەڕەم تاڵەبانی و خوالێخۆشبووان مستەفا عوزێری، مستەفا نەریمان و نووری شاوەیس، ڕێکخراوێکی سیاسی بەناوی (کۆمەڵەی دارکەر) دادەمەزرێنن و پاشی دوو ساڵان تێدەگەن کە چالاکییەکانی (کۆمەڵە) کە تاڕادەیەک سنووردارە و توانای ئەوەی نییە ئەو ئامانجانە بپێکێت کە لەپێناویدا خەبات دەکەن و بەو شێوەیە نییە زۆربەی چین و توێژەکانی کورد لەخۆ بگرێت و هەموو لایەکی کوردستان بگرێتەوە، لەبەر ئەوە پێوەندیی بە کەسایەتی کوردپەروەری ناسراو و لێهاتووی ئەو سەردەمە (خوالێخۆشبوو ڕەفیق حیلمی)یەوە دەکەن و حزبێکی نەتەوەیی دادەمەزرێنن بەناوی (حزبی هیوا)وە و ڕەفیق حیلمی کە خاوەنی ئەزموون و قاڵبووی بۆتەی خەبات و

قوتابی پۆلی سێیەمی قوتابخانەی ناوەندیی کۆیە بووم، لە ئاهەنگی نەورۆزی هاوبەش کە پارتی و تەحەرور بەیەکەوە لە (تاتووکان) گێڕایان، دڵدار بێژەر (عەریف حەفل)ی ئاهەنگەکە بوو، زۆر چالاکانە و بەڕێکوپێکی بەرنامەکانی ئاهەنگەکەی هەڵدەسووڕاند، کاتێکیش بەهۆی هۆڕا و هوتافکێشانی دژ بە یەکتری خەریک بوو بارەکە ئاڵۆز بێت و ئاژاوە بەرپابێت، دڵدار هاتەوە سەرتەختەی شانۆ و گوتی: «بەناوی هەردوو حزبی تەحەرور و پارتییەوە داواتان لێدەکەم بێدەنگ بن و نیزام بپارێزن». بەو چەشنە ئاهەنگەکە درێژی پێدرایەوە و بەخۆشی و بەبێ کێشە و گیروگرفت کۆتایی پێهات.

هەروەها لە لاپەڕە (٨٩)ی ئەو کتێبەدا نووسراوە: «دڵدار لە دوا دوایی ساڵی پێش کۆچکردنیدا شۆڕشێکی تر لە بیروباوەڕیدا پەیدابوو کە لە سنوور و نەخشەکێشراوی ئەو حزبەش چووە دەرەوە، هاتە سەر ئەو ڕایەی کە پێویستە کورد خاوەنی پارت و سەرکردایەتییەکی شۆڕشگێڕی تایبەتی خۆی بێ و لەگەڵ ڕێکخراو و حزبە سیاسییەکانی تری ولاتدا تەنیا هاریکاری و ئاشنایەتی بێ! دیسانەوە دەڵێت: «لەبەر ئەوە و هەندێ بیروڕای تر لەگەڵ سەرکردایەتی (تەحەرور)یشدا ساردی و نائومێدی لێ پەیدا بووە.... وەک لە ڕۆشنبیرێکی کوردم زانیوە (عەبدولخالق عەلائەدین) دەڵێت: هەندێ لەو سەرکردانەی کە مابوون دانیان بەوە ناوە کە پێشنیاز و ڕاکانی سیاسیی ئەوسای دڵدار ڕاست بووە و زیاتر لەگەڵ باری کۆمەڵی کوردەواریدا گونجاوە.

دڵدار پیاوێکی زۆر واقیعی بووە، لە سیاسەتدا زۆر دووربین بوو... بیری لەچارەنووسی دواڕۆژی دووری گەلەکەی کردۆتەوە.. هەمیشە خاوەنی هەڵوێست و ڕای تایبەتی خۆی بووە. لە ڕایەکی سیاسیدا گوتوویەتی: شەڕی دووەمی جیهانی هەر بەردیەکی لێ سەرکەوێ چ ئاوات و ئامانجی ئێمەی کوردی لێ نایەتە جێ و بگرە بۆ هیچ گەلێکی تری تینوو بە ئازادی... ئەو ڕایەش پێچەوانەی بیروڕای گەلێ لاوی خوێندەواری ئەوکات بوو. کەم کەس لە کوردەواریدا بەم چاوە سەیری ئەو شەڕە جیهانییەی کردووە. زۆر لە لاوانی کورد بڕوایان بە (نازی) بووە. گەلێکیش ئومێدی بە (سوێند خۆران) هەبووە. سەرەنجامیش مەزەندە و ڕای ڕاستی دڵداری دەرخستووە. لە ڕایەکی تری سیاسیدا دڵدار گوتوویەتی «هیچ جوولانەوەیەکی شۆڕشگێڕی سیاسیی بەبێ سەرکردەیەکی دانا و لێهاتوو ناگاتە ئاوات و مەبەست.. واتە سەرکردە لێخۆڕی کەشتی سەرفیرازی جوولانەوەکەیە..» ئیتر بەهەر باریک دڵدار هەتا ئەوساتەی سەری نایەوە و مانئاوایی لێکردین هەموو کات و گیانی خۆی لە پێناوی پێشکەوتن و ژیانی پڕ کامەرانی و ئازادی نەوەی کورددا بەخت کردبوو.. دڵدار گەلێ ئاواتی بەرز و پیرۆزی بۆ گەلی کوردی لە دڵدا بوو، مەرگ- مەرگی ناوادە- هەمووی پێ بردە ژێر خاکەوە (هەمان سەرچاوە).

ئەمەو، بۆ گەواهی و پشتڕاستکردنەوەی ئەو ڕایانەی سەروەمان ئاماژە بەم چەند هەڵبەستە و سروودانەی دڵداری جوانە مەرگ دەکەین، وەک مشتێک لە خەروارێکدا.

مارسیلێزی کورد- ئەی ڕەقیب- لالەباس
کوردستانی خۆش نیشتمانی جوان
تۆ قیبلەگاهی منی بێ گومان
ئەی کورد: ئەی کورد لەنێو گەلدا هەتاکەی مات و داماوی
کە عالەم سەربەخۆن گشتی
ئەتۆش پەیوەندی نێوداوی
جیهانی گیرانی هاوتیرەت کە دوێنێ هەروەکو تۆ بوون
ئەوان وان پێگەیشتوون و ئەتۆش هەر کاڵ و هەر خاوی.
- بڵێ سەربەستی:
لە چاوی کیژە کوردانی برا کوژراوی ماڵ سووتاو
شەپۆلی ئەشکی خوێنین دێ وەکو جۆباری یا لافاو
هەنیسکە قوڵپەگریانی هەتیوی ڕووتی باو کوژراو
فیداکەی واجبە بۆ گشت لەبۆ دڵ تینی نەشکەستی
لەگەڵ لاوی نهێنی کورد بڵێ سەربەستی سەربەستی.
- لاوی کوردان- منداڵی هیوا-
بیروهۆشی خۆت بەکاربهێنە
ئەم دانە و داوە یەک یەک بپسێنە
تاکو دەرکەوێ لە هەموو دنیا
چەندیانکرد بمرێ، کەچی کورد هەرما.
- ڕۆڵەی تازە:
من ڕۆڵەی کوردستانم تازە ڕۆڵەی کوردانم
تاکو وەتەن سەرکەوێ فیدایە ڕۆح و گیانم

هەروەها چامەی (تووتنەوان).

لەکۆتاییشدا، هەر لەم یادەوەرییە پڕ شکۆیەدا، ڕووی دەمم دەکەمە بەرپرسان لایەک لە ئارامگە بێنازەکەی ئەم کەڵەشاعیرە کوردپەروەرەمان بکەنەوە و بایەخی شیاوی خۆی پێ بدەن و لە پووش و پەڵاش و تەپۆ تۆزی زەمانە پاکی بکەنەوە... بەڵکو ئەمە خوایە و گیانی بەرزەفڕی دڵداری جوانە مەرگ شاد دەبێت و ئێمەی کوردیش وەکو وەفادارییەک کەمێ لە قەردی ئەو کەڵەمرۆڤە دەدەینەوە.

میتافیزیک چییە؟

مارتن هایدیگەر*
و/ لە ئەڵمانییەوە: د. حەمید عەزیز
(کۆلیژی ئاداب - بەشی میژوو)

میتافیزیک چییە؟

لەو پرسیارە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت، لە بارەی میتافیزکەوە قسە بکرێت. ئەمە نیازی ئێمە نییە. لە جیاتیان پرسیارێکی دیاریکراوی میتافیزیکی ڕوون دەکەینەوە. بەم پێ و ڕێگایە، وەک دەردەکەوێ، یەکسەر و ڕاستەوخۆ دەچینە ناو میتافیزیکەوە. تەنیا بەم پێودانەیە ئەو هەلە ڕاستەقینەیەمان بۆ دەڕەخسێ وێنەکەی لە میشکماندا بنەخشێنین.

نیازەکەمان بە کردنی پرسیارێکی میتافیزیکی دەست پێ دەکات، ئینجا هەوڵ دەدەین پرسیارەکە تۆ تۆێ بکەین و لە کۆتاییدا وەڵامەکەی بدەینەوە.

کردنی پرسیارێکی میتافیزیکی

فەلسەفە- لە ڕوانگەی تێگەیشتنی ساغ و سەلیمی مرۆڤەوە، بەپێی باوەڕی هیگڵ، «جیهانێکی سەرەو ژێرە». بۆیە ئیتر سروشتی ئەرکە تایبەتییەکەمان هەر لەسەرەتاوە، دیاریکردنی نیشانەکانی پێویست دەکات. ئەم تایبەتمەندییە دوو ڕەنگییە لە کارەکتەری پرسیاری میتافیزیکییەوە دەکەوێتەوە.

لەلایەکەوە هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی هەمیشە سەرجەمی کێشە میتافیزیکییەکانی گرتۆتە خۆی و خۆیشی هەموو جارێک ئەم سەرجەمە خۆیەتی. لە لایەکی ترەوە هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی کاتێک لە کردن دێت ئەگەر پرسیارکەر- وەک پرسیارکەرێک- خۆی لە خۆیدا لەنێو پرسیارەکەدا بێت، واتە، پرسیارەکە خۆیشی بگرێتەوە، لێرەوە ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەکەوێتەوە:

پرسیارکردنی میتافیزیکی پێویستە بە سەرجەمی بێت و لە ڕەوشی جەوهەری هەبوونی پرسیارکەر هەڵبقوواڵێ. ئێمەین کە لێرەدا پرسیار دەکەین و ئێستاکە و لەپێناوی خۆمان و بۆ خۆمان. بوونمان- وەک لێکۆڵەرەوە و مامۆستا و خوێندکار و قوتابی- لەلایەن زانستەوە دیار و دەستنیشان دەکرێت. ئیتر چیمان بەسەر دێت بەشێوەیەکی جەوهەری، لەوەدا کە ئێستا کە زانست بووە بە ئارەزوو و حەزی ئێمە؟

مەڵۆ و مەیدانەکانی زانستەکان زۆر لە یەکتری دوور و جیاوازن. جۆری توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی بابەتەکانیان لە بنەڕەتدا لە یەکتری جیان. ئەو شپرزەیی و پچڕپچڕیەی دیسپلینەکان (پەیڕەوی زانستەکان) تەنیا بەهۆی ڕێککخستنی تەکنیکییانەی زانکۆ و کۆلێجەکانەوە ڕاگیرکراون و بەسایەی ئەو ئامانجە پراکتیکییانەی بەشە پسپۆڕەکان وەک نیاز لێیان هێناون جۆرە بایەخ و واتەیەکیان پاراستووە بە پێچەوانەوە ڕەگوڕیشە داکوتانی زانستەکان لە بنج و بناوانەوە وشک بووە.

لەگەڵ ئەمەشدا، لە هەموو زانستەکاندا، ئێمە، ئەگەر شوێن پێی مەبەست و ئامانجەکانیان هەڵبگرین، لەگەڵ

بوونەوەر خۆیدا ڕەفتار دەکەین. لە ڕوانگەی زانستەکان خۆیانەوە، ڕاستەوخۆ، هیچ مەڵۆ و مەیدانێک لە پێشتر نییە. نە سروشت (فیزیک) لە مێژوو لە پێشترە و نە بە پێچەوانەوە. هیچ پەیڕەوێکی توێژینەوەی بابەتەکان لەسەرووی ئەوانی ترەوە نییە. زانینی بیرکاری بە هیچ جۆرێک لە هی فەلسەفی و مێژوویی وردتر و ڕێک و پێکتر نییە. تەنیا ئەوەی هەیە کە خەسڵەت و کارەکتەری «وردی و وردەکاری» تێدایە ئەمەش لەگەڵ ڕێکوپێکیدا یەک نییە. ئەگەر داوا لە مێژوو بکرێت ورد و گرد بێت، ئەمە بە پێچەوانەی بیرۆکەی وردەکاری تایبەتی زانستییە گیانییەکانەوەیە. بەپێی ئەو پێوەندییەی کە زانستەکان، وەک زانست، دەبێ بە جیهانەوە هەیانبێت، وایان لێ دەکات کە لە بوونەوەر خۆی بکۆڵنەوە و، بۆ ئەوەی وایان لێ بێت بتوانن بەپێی چییەتی ناوەرۆک و جۆری ئەم بوونە خۆی ببێ بە بابەتی لێکۆڵینەوە و دەستنیشانکردنێکی بنەڕەتییانەیان لە زانستەکاندا، بەپێی ئەو بیرۆکە و نموونەی لەبەرچاویانە، نزیکبوونەوەیەک لە پوختە و جەوهەری هەموو شتەکان دەکەوێتەوە.

ئەم پێوەندییە تایبەتمەندییە بە جیهانەوە سەبارەت بە بوونەوەر خۆی لە هەڵوێستێکی بوونی مرۆڤایەتییەوە کە بە ئازادی نوێنراوە، پەیدابووە و ئاراستەکراوە و کەوتۆتەوە، کردەوە و کرداری مرۆڤ جا پێش زانست بن یاخود لە دەرەوەیدا پێوەندییان بە بوونەوەرەوە هەیە. زانست تایبەتمەندی خۆی لەوەدا هەیە کە بەشێوازێکی تایبەتی خۆی، بە مەبەستەوە و بەتایبەتی یەکەم وشە و دوا وشە بە شت خۆی دەسپێرێ. لەم جۆرە بابەتی بوونەی پرسیارکردندا و لە دەست نیشان کردن و بەڵگە هێنانەوەدا جۆرە ملکەچ بوونێکی تایبەتی سنووردار زانست بەرامبەر بە بوونەوەر پیادە دەبێت، بۆ ئەوەی ڕێگا بە خۆی بدرێت، خۆی دەربخات. لەم خزمەتگوزارییەی لێکۆڵینەوە و تیۆری زانینەوە جۆرە بنچینەیەکی شیاوەکی و توانای تایبەتی، بەڵام سنورداری ڕابەریکردن لەسەرجەمی بوونی مرۆڤ پەیدا دەبێت. ئێمە کاتێک دەتوانین لە پێوەندی تایبەتی زانست بەجیهانەوە و هەڵوێستی ڕابەرێتی کاری مرۆڤ لە بەرامبەریدا بە تەواوەتی تێبگەین کاتێک بەچاو دەبینین و پەی پێ دەبەین ئەو پێوەندی بوونە بە جیهانەوە چی بەسەردێت مرۆڤ - وەک بوونەوەرێک لەنێوان ئەوانی تردا- زانست پیادە دەکات. لەم چالاکییەدا لەوە کەمتر ناقەومێ کە بڕیتییە لە چوونە ناو بوونەوەرێکەوە، کە مرۆڤی پێ دەوترێ، چوونە ناو سەرجەمی بوونەوەرەوە، ئەم چوونە ناو پاوانی بوونەوەر و بەهۆیەوە، ئەو چییە و چۆنە، دەردەکەوێ و دەکرێتەوە. ئەم چوونە ناو پاوانەوەکە دەرکەوتن و کرانەوەی لێ دەکەوێتەوە پێش هەموو شتێک و بەشێوازی تایبەتی خۆی یارمەتی بوونەوەر دەدات خۆی بداتەوە بەخۆی.

ئەم سێ ڕەنگە، پێوەندی بە جیهانەوە، هەڵوێست، چوونە ناو پاوانەوە، کە لە ڕەگ و ڕیشەدا یەکە یەکن جۆرە ساکاری و وردەکارییەکی ئاگرپژێنی بوون -Da sein لە بوونی زانستدا بەرپا دەکات. ئەگەر بێتوو ئێمە ئەو بوونە زانستییە ڕووناک و ڕەوانە بکەینە مۆڵکی خۆمان، ئەوا پێویستە بەناچاری بڵێین:

ئەوی پێوەندی بوون بە جیهانەوە نیشانی دەدات، بوونەوەر خۆیەتی، نەک هیچی تر.

ئەوەی هەموو هەڵوێستەکان ڕێنمایی لێ وەردەگرن، بوونەوەر خۆیەتی، نەک هیچی تر.

ئەوی بەهۆیەوە توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە چوونە ناو پاوانەوە دەکەوێتەوە، بوونەوەر خۆیەتی و لەمەوە بەولاوە هیچی تر نییە.

ئەوی سەیرە- لەوەدایە، کاتێک مرۆڤی زانست پێشە دڵنیا دەبێ لەوەی خۆی چییە، ئیتر بە ڕوونی بێت، یان نا باسی یەکێکی تر دەکات. ئەوی پێویستە لێی بکۆڵرێتەوە، دەبێ هەر بوونەوەر بێت نەک هیچی تر، بوونەوەر بۆ خۆی بە تەنیا نەک هیچی تر- بوونەوەر بەتاک و تەرا بەهیچی تر لەو بەولاوە.

کەواتە ئەم هیچە چییە؟ ئایا ئەمە ڕێککەوتە کە ئێمە لەخۆمانەوە بەو جۆرە دەدوێین؟ ئایا ئەمە جۆرێکە لە ئاخاوتن و ئەگینا هیچی تر نییە؟

ئیتر چی وامان لێ دەکات خەمی ئەم هیچە بخۆین؟ هیچ ڕاستەوخۆ لەلایەن زانستەوە ڕەت دەکرێتەوە و وەک نالەبارێکی ڕووت دووردەخرێتەوە. ئایا ئەگەر ئێمە بەم شێوەیە دەستبەرداری هیچ ببین، جارێکی تر پەسەندی ناکەینەوە؟ ئایا دەکرێ باسی پەسەنکردن بکەین، کاتێک هیچ پەسند دەکەین؟ دوور نییە ئەم بێنە و بەردەی قسەکردنە لە شەڕە قسە بەولاوە هیچی تر نەبێت. بەپێچەوانەوە پێویستە ئێستاکە زانست سەرلەنوێ دروستی خۆی و تامەزرۆیی خۆیی ساغ بکاتەوە کە تاکە شتی گرنگ بەلایەوە بوونەوەرە. هیچ دەکرێ بۆ زانست لە تۆقین و وەهم بەولاوە بێت؟ ئەگەر زانست لەسەر هەق بێت، ئەوا تاکە شتێک ساغ دەبێتەوە: زانست دەیەوێ هیچ شتێک لە بارەی هیچ نەزانێ. ئەمەیە لە کۆتاییدا

تێگەیشتنی وردی زانستییانەی هیچ. ئێمە ئەم هیچە دەزانین لەوەدا کە نامانەوێ لە بارەیەوە، لە بارەی ئەم هیچەوە، هیچ بزانین.

زانست دەیەوێ لە بارەی هیچ، هیچ نەزانێ، بەڵام شتێک بە دڵنیایی لێ کراوی دەمێنێتەوە، لەوێ، لەو جێگایەی کە دەیەوێ و هەوڵ دەدات زانینە تایبەتییەکەی خۆی دەربڕێ بۆ یارمەتی پەنا دەباتە بەر هیچ. ئەوی بەڵای ناوە جارێکی تر پەنای بۆ دەباتەوە. ئێستر چ سروشت و جەوهەرێکی ناکۆک و پڕپڕی(١) لێرەدا خۆی دەردەخات؟

کاتێک ئێمە بیر لە بوونی بەرچاوی خۆمان دەکەینەوە و لێی ورد دەبینەوە- وەک بوونێک بەهۆی زانستەوە دیار و دەستنیشان کرابێت- ئەوا ئێمە دەکەوینە نێو گێژاوی تەنگژەو کێشە و بەرەوە. بەهۆی ئەم کێشە و بەرەیەوە پرسیارێک دەکەوێتەوە. پرسیارەکە تەنیا یەک شت داوا دەکات بە شێوەیەکی تایبەتی دەربڕدرێ: چی لە بارەی هیچەوە(٢)؟

ڕوونکردنەوەی پرسیارەکە

ڕوونکردنەوەی پرسیارەکەی لە بارەی هیچەوەیە دەبێ ناچارەکی بمانخاتە بارودۆخێکەوە بزانین و پەی بەرین ئایا، وەڵامدانەوەکەی دەشێ یاخود لە کردن نایەت. پێشتر هیچ پەسندکرا. زانست، بە کەمتەرخەمی و یەک پێ نەکەوتنێکی زەبەندەوە لە دژی، دەست لەو شتە هەڵدەگرێ کە نابوونە و نییە.

لەگەڵ ئەمەدا، هەوڵ دەدەین، لە بارەی هیچ بپرسین، هیچ چییە؟ یەکەم بەرەو پیرچوونی ئەم پرسیارە شتێکی نائاسایی نیشان دەدات. لەم پرسیارەدا، ئێمە- هیچ- هەر لەسەرەتاوە بەشتێک دادەنێین کە «ئەو» ئەمە و ئەوەیە، هەروەک بوونەوەرێک بێت، کەچی ئەو بە ئاشکرا و بەگشتی لەمە جیاوازە. پرسیارکردن لە بارەی هیچ- هیچ چییە و چۆنە- ئەوی لە بارەیەوە دەپرسرێ پێچەوانە دەکاتەوە بۆ دژی خۆی. پرسیارەکە خۆی بابەتی تایبەتی خۆی لە خۆی زەوت دەکات.

بەم پێیە هەر لەسەرەتاوە هەموو وەڵامدانەوەیەکی ئەم پرسیارە لە کردن نایەت، چونکە ئەو ناچارەکی لەم چوار چێوەیەدا دەبزوێ: هیچ ئەمە و ئەوەیە. پرسیار و وەڵامەکە لە بارەی هیچ بە هەمان شێوە لە خۆیاندا بێ واتان.

بۆیە پێویستی بەوە نییە، لەسەرەتاوە، لەلایەن زانستەوە ڕەت بکرێتەوە. ئەو بنەمایەی بە گشتی وەک بنەمایەکی گشتی بیر لە لایەن هەمووانەوە پەسند دەکرێت، کێشەی ناکۆکی کە دەبێ خۆی لێ بپارێزدرێ و - مەنتیق-ی هەمەکی هەمووی ئەم پرسیارە پەک دەخەن. بیر کە هەمیشە لە پوختەکەیدا بیرکردنەوەیە لە شتێک، پێویستە وەک بیرکردنەوە لە هیچ دژی جەوهەر و سروشتی تایبەتی خۆی کاربکات و چالاک بێت.

لەبەر ئەوەی بەهیچ جۆرێک بۆمان ناکرێت- هیچ بە گشتی بکەین بە بابەتێک، بەمە ئێمە بەپرسین لە بارەی هیچ گەیشتووینەتە کۆتایی - ئەویش بەو گریمانەیەی کە کردوومانە، لە پرسیارەکەماندا مەنتیق بالاترین بڕیاردەرە، تێگەیشتن ئامرازە و بیرکردنەوە ڕێگایە بۆ ئەوەی لە بنەڕەتەوە لە هیچ بگەین و لەبارەی شیاوەکی دەرخستنی بڕیار بدەین.

بەڵام، ئایا دەکرێ دەست لە دەسەڵاتی مەنتیق بدرێ؟ ئایا تێگەیشتنی (فام) (ژیر) لەم پرسینەدا لەبارەی هیچ بە ڕاستی ئاغا نییە؟ بە یارمەتییەکەی دەتوانین تەنیا بەگشتی هیچ دەستنیشان بکەین و ئەگەرچی نەشتوانین هیچ وەک کێشەیەکی خۆ خۆرەوە بەکاربخەین. هیچ ناکردنی هەمەکی سەرجەمی بوونە، نابوونی سادەی بێ گەردە. ئێمە بەو جۆرە دەربڕینە هیچ پابەندی دەستنیشان کردنێکی بالای هیچێتی نالەبار دەکەین، وەک دەرکەوێ هی ناکردن. ناکردن بەپێی ڕێ و شوێنی باو و دەست بالا و هیچ کاتێک دەسکاری نەکراوی مەنتیق، کردارێکی تایبەتمەندی تێگەیشتنی و ژیرە. چۆن دەتوانین کەواتە، لاف لێ بدەین کە لە پرسین لە بارەی هیچ و لە پرسی لە بارەی دانانی ئەم پرسینە و پرسەیە خۆی دەمانەوێ دەستبەرداری ژیر ببین؟ لەگەڵ ئەمەدا ئایا ئەوەی گریمانەی دەکەین جێگای دڵنیایی لێ کردنە؟ ئایا هیچەکەو، ڕەوشی نالەبار و ئینجا لەگەڵیدا ناکردن خۆی دەستنیشانکردنێکی بالا کە هیچ وەک جۆرێکی تایبەتیدا ناکردن تێیدا بێت نیشان دەدەن؟ ئایا هەربۆیە هیچ هەیە، چونکە نالەبار واتە ناکردن هەیە؟ یاخود بابەتەکە بە پێچەوانەوەیە؟ ناکردن و نالەبارەکە هەربۆیە هەیە، چونکە هیچ هەیە؟ ئەمە تا ئێستا بەلایەکدا نەخراوە بگرە هەرگیز نەگەیەنراوەتە ئاستی پرسیارێکی ئاشکرا و ڕاشکاو. ئێمە لاف لێ دەدەین: هیچ ڕەسەنتر و بنەڕەتترە لە نالەبار و ناکردن.

ئەگەر ئەم تێزە ڕەوابێت، کرداری ژیر و ژیر خۆیشی بە جۆرێک لە جۆرەکان پشت بە هیچ دەبەستن. ئیتر چۆن دەتوانێ بخوازێ لە بارەی ئەمە بڕیاربدات؟ ئایا لە کۆتاییدا ناکۆکی ڕوخسارەکی پرسیار و وەڵامەکەی لە بارەی هیچ بەند نییە سەرکێشی و کەللە(٣) ڕەقی

کوێرانەی ژیر سەرگەردانەوە؟

ئەگەر بەهۆی لە کردن نەهاتنی ڕوخسارەکی (فۆرمالّییانە)، پرسین لە بارەی هیچ بە تەفرە نەچین و گوێمان لەمە نەبێت و ئێمە هەر پرسیارەکە بکەین،، ئەوا پێویستە ئێمە بەلای کەمەوە بەوە ڕازی بین، کە وەکو پێداویستی بنەڕەتی شیاوەکی دانانی هەر پرسیارێک وەک خۆی دەمێنێتەوە. ئەگەر هیچ -هەر خۆی بێت- ئیتر هەمیشە چۆن پێویست بێ بپرسرێ، دەبێ ناچارەکی لەسەرەتاوە هەبووبێت. پێویستە ئێمە بتوانین ڕووبەڕووی ببینەوە.

لە چ جێگایەکدا بەدوای هیچدا بگەڕێین؟ چۆن ئێمە هیچ دەدۆزینەوە؟ ئایا پێویستە ئێمە، بۆ ئەوەی مشتێک بدۆزینەوە، بە گشتی ئەوە بزانین کە ئەو هەبووە. ئەوی ڕاست بێت! مرۆڤ لە سەرەتاوە و بەگشتی دەیەوێ کاتێک بەدوای شتدا بگەڕێ ئەگەر پێشەکی هەبوونی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێ بە هەبوو دابنێ، هیچکە خۆی ئەوەیە کە گەڕانەکەی بەدوادا دەکرێت. ئایا لە کۆتاییدا بەبێ ئەو بەهەبوو دانانە گەڕانەوەکە دەکرێ، گەڕانێک بەدوادا دۆزینەوەیەکی تێدا نییە؟

ئیتر بابەتەکە هەر چ چونێک بێت، ئێمە هیچ دەزانین و دەناسین، تەنانەت ئەگەر ئەو هەر تەنیا ئەوەش بێت کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ لە بارەیەوە دەدوێین. ئەم هیچە ساکارە، ڕەنگ زەرد و زەبوون و کاڵبووەوە ئاشکرایە، کە لە ئاخاوتنماندا سەرگەردانە بەبێ ئەوەی هەستی پێ بکەین، دەتوانین بێ سڵکردنەوە ئەم جۆرە پێناسەیەی بۆ دابنین بکەین:

هیچ ناکردنی تەواوەتی سەرجەمی بوونە. ئایا ئەم خەسڵەت و کارەکتەرەی هیچ لەکۆتاییدا بە پەنجە ئەو تاکە ڕێگایەمان نیشان نادات کە ئێمە دەکرێ بە تەنیا تووشی یەکتری ببینەوە؟

دەبێ لەسەرەتادا سەرجەمی بوون هەبوو بێ ئینجا بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەو وەک ئەمە دووچاری ناکردنی بنەڕەتی ببێ بۆ ئەوەی هیچ بتوانێ خۆی لێوەی بکەوێتەوە، بەڵام بەبێ گوێدانە کێشە و بەرەی پێوەندی نێوان ناکردن و هیچ، چۆن دەتوانین و پێوبستە لەسەرمان- وەک جەوهەری کۆتایی و سنووردار- تێکڕا و کۆی بوون لەسەرجەمیدا و لەخۆیدا، لە هەمانکاتدا وابکەین دەستمان بیگاتێ؟ ئێمە دەتوانین سەرجەمی بوون هەر لە «بیرۆکە- ئیدێ»دا بە بیرماندا بێنین و ئەوەی بە خەیاڵماندا هاتووە لەبیردا نای بکەین و بە نا بیربکەینەوە. بەم ڕێگایە چەمکی فۆرمالّی هیچ بە خەیاڵدا هاتوومان دەستگیر دەبێ، بەڵام هەرگیز هیچ خۆیمان دەستگیرنابێ، بەڵام هیچ شت نییە و، لەنێوان هیچی بەخەیاڵدا هاتووە هیچی تایبەتیدا ناکرێ جیاوازی هەبێ، ئەگەر بە جۆرێکی تر هیچەکە ئەوپەڕی بێ جیاوازییەکی تەواوەتی نیشان بدات. ئایا هیچی (تایبەتی- ڕاستەقینە) خۆی جارێکی تر چەمک بۆچوونی هیچێکی هەبووی شاراوە و گەڕانەی تەنیا بەهۆی شارەزاییەکی بنەڕەتی هیچەوە ڕەواییەکەی ساغ دەبێتەوە. ئەگەر شتێکی دڵنیایی بێ کە ئێمە هەرگیز سەرجەم و تێکڕای بوون لە خۆیدا ناتوانین پەی پێ بەرین ئەوا ئێمە بە دڵنیاییەوە خۆمان لەنێوەڕاستی ئەو بوونە کە بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی بەتێکڕایی دەردەخات دەبینینەوە. لەکۆتاییدا لەنێوان پەیبردن بە سەرجەمی بوون لەخۆیدا و خۆ دیتنەوە لەنێوەڕاستی بوو لەسەرجەمدا جیاوازییەکی بنەڕەتی هەیە. ئەویان لە بنەڕەتدا لە کردن نایەت، ئەمەیان بەردەوام لە بوونی ئێمەدا دەقەومێ. وا دێتە بەرچاو بێ سێ و دوو لێ کردن، هەروەک ئەوەی لە کرداری ڕۆژانەماندا تەنیا بەم یاخود بەو بوونە پێوەندیمان هەبێت و دەستبەرداری ئەمە یاخود ئەو مەڵوێەی بوون بووبین، ئیتر شپرزەیی ڕۆژانە هەر چ چونێک دەربکەوێ و بێتە بەرچاو، ئەوا ئەو بابە جۆرێکی تەم و مژاویی لە سێبەریشدا بێت، هەمیشە بوون لە یەکەیەکی یەکگرتووی «سەرجەمدا» دەپارێزێ. کاتێک و تەنیا هەر ئەو کاتەی ئێمە خەریکی شت و خۆمان نابین ئەو بە تێکڕایی و سەرجەمییەوە، بۆ نموونە لە کاتی بێزاری ڕاستەقینەدا، بەسەرماندا دەسەپێ. ئەو، لە کاتی بێزاربوون لە خۆبندنەوەی ئەم کتێبەدا یاخود لە بینینی ئەو شانۆیە، یان خەریکبوون و لەکاتی بێ ئیشیدا دووبارەپەرێز دەبێت، بەڵام دەردەکەوێت کاتێک بێزاری لەخۆیدا لە ئارادا دەبێت. بێزاری تۆندوقووڵ کە لە قووڵایی هەبووندا وەک تەم و مژێکی ئارام و بێ دەنگ بەم لاو ئەولادا دەچێ و ڕادەکێشێ، هەموو شتێک و مرۆڤ و، ئەوەی لەگەڵ ئەوانن، لەنێو بێ باکییەکی سەیر و سەمەرەدا لە یەکتری نزیک دەکاتەوە، ئەم بێزارییە بوون بە تێکڕایی و سەرجەم دەکاتەوە و دەردەخات.

دەرفەتێکی تری ئەم کرانەوەیە دڵخۆشبوون بەسەردەم بوونی هەبوون، نەک سەردەم بوون و ئامادەبوونی مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵکو مرۆڤێکی خۆشەویست دەڕەخسێنێ.

لەم ڕەوشە سۆزییەدا کە ئێمە لەم دۆخەدا یاخود ئەویاندا دەبین وامان لێ دەکات هەست بکەین

لەنێوەڕاستی بوون بەسەرجەمەوە داین و گرژییەکەی لە قووڵایی ناخماندایە. هەڵوێستە سۆزییەکە نابێتە مایەی ئەوەی تەنیا، بەپێی ڕێگای تایبەتی خۆی، بوون لە سەرجەمیدا بوون دەربخات، بەڵکو ئەم دەرخستنە خۆی لە هەمانکاتدا- کە دووڕە لەوەی تەنیا ڕووداوێکی ڕووت بێ ڕووداوێکی بنەڕەتی بەدی هێنانی هەبوونی ئێمەیە.

ئەوی ئێمە بە- هەست-ی ناو دەبەین نە نیمچە دیاردەیەکی سەرپێی کرداری بیری و خواستمانە و نە تەنیا هۆکاری پاڵنەری کردارمانە و نە ڕەوشێکی هەبووی مانەوەی شتە کە ئێمە بەهۆیەوە بەم جۆرە یاخود بە جۆرێکی تر کاروباری خۆمانی پێ ڕاهی دەکەین.

لەگەڵ ئەمەدا ئەگەر ئەم ڕەوشە سۆزییانە ئێمە، بەم شێوەیە، بخاتە بەردەم سەرجەمی بوون، ئەوا ئەو هیچەمان لێ دەشارێتەوە کە بە دوایدا دەگەڕێین. ئیتر ئێمە کەمتر ئەو باوەڕەمان دەبێ کە بریتییە لەوەی ناکردنی بوون بە سەرجەمی کە بە پێی سۆز بۆمان دەردەکەوێ، دەمانخاتە بەردەم هیچەوە. هەمان شت دەکرێ بەم پێیە لە بنەڕەتدا تەنیا لە ڕەوشێکی سۆزییانەدا بەپێی مانای تایبەتی دەرخستن، کە هیچ دەردەکەوێ، ڕووبدات ئایا لە بوونی (Da sein) مرۆڤدا ئەم جۆرە ڕەوشە سۆز و وێژدانییەی مرۆڤ دەخاتە بەردەم هیچ، پەیدادەبێ؟

ئەمە ڕووبدات، شتێکە شیاوەکی و ڕاستەقینە، ئەگەرچی بەدەگمەنیش بێت، ئەمە تەنیا لەو ساتەی هەست و سۆزی ترسدا دەبێت. لەو ترسە مەبەستمان تۆقینی نیمچە بەردەوامی باو نییە کە بە ئاسانی جۆرە ئامادەبوونێکی بۆ ترسان(٤) تێدایە و نیشان دەدات. تۆقین لە بنەڕەتدا لە ترس جیاوازە. ئێمە هەمیشە ترسمان لەو یاخود لەم بوونە دیاریکراوە هەیە کە لەم یاخود لەو دۆخ و پێوەندییە دیاریکراوەدا هەڕەشەمان لێ دەکات و ترسان لە.. ، ترس هەموو جارێک لە شتێکی دیاریکراو دەبێت، لەبەر ئەوەی ترس بە ترسان لە، ترسان بەرامبەر، سنووری بۆ دانراوە، ترساو و ترس لێنیشتوو لەو ڕەوشەیدا کە ترساندوویەتی پابەند و سنوور بۆ دارێژدراو دەبێ. لە هەوڵ و کۆششدا، بۆ قوتار بوون لەو دۆخە دیاریکراوەدا، سەبارەت بە پێوەندییەکەی بە ئەوانی تر‌ەوە دووچاری دڵنیانەبوون دەبێ، واتە بەگشتی تووشی سەرگەردانی دەبێت.

پەشێوی ترسناک دەرفەتی ئەم جۆرە سەر لێ شێوانە نادات، چونکە جۆرە هێمنییەکی تایبەت خۆی جێگیردەکات. ڕاستە پەشێوبی هەمیشە پەشێوییە بەرامبەر... هەمیشە پەشێوییە لە بارەی، بەڵام نەک بەرامبەر و لە بارەی ئەم یاخود ئەو شتە دیاریکراوە. دیار و دەستنیشان نەبوونی پەشێوی ئێمە «لە» و «بەرامبەر» ، بەهۆی نەبوونی دەستنیشان کردنەوە نییە، بەڵکو ئەنجامێکی بنەڕەتی و پوختەی لە کردن نەهاتنی دەستنیشان کردنە. دەکرێ ئەو بە توێ توێ کردنێکی ئاشکرا و ناسراو ڕوون بکرێتەوە.

لە پەشێوی ترسدا- ئێمە دەڵێین- ئەمە مایەی نارەحەتی و سەخڵەتییە: «ئەو» مانای چییە و «ئەمە» چییە؟ ئێمە ناتوانین بڵێین بۆچی و ئەو شتە چییە کە لێی نارەحەت دەبین. لەسەرجەمدا ئەمە وایە. هەموو شتێک و ئێمەش خۆمان لە گوێ پێنەدان و کەمتەرخەمی لە بەرامبەریدا قووڵ دەبینەوە. لەگەڵ ئەمەدا ئەمە بەمانای لەبەرچاو ونبوونێکی ئاسایی نییە، بەڵکو بەخۆ کێشانەوەی بەم شێوەیە شتەکان ڕوو لە ئێمە دەکەنەوە. ئەم خۆ کێشانەوەیەی- هەبوو- لە سەرجەمدا- کە لە پەشێویدا دامان دەگرێ سەخڵەت و نارەحەتمان دەکات. هیچ پشت و پەنایەک نامێنێتەوە. لە خۆ کێشانەوە و خلیسکانی بوونە کە لەو «هیچ کامێک» بەو لاوە بۆمان نامێنێتەوە.

پەشێوی هیچەکە - ئاشکرا و دەردەخات

ئێمە لە پەشێویدا هەڵواسراوین، بەشێوەیەکی ڕوونتر، پەشێوی وامان لێ دەکات بە هەڵواسراوی بێین و بچین، چونکە ئەو- بوو- بەسەرجەمی بەرەو خلیسکان دەبات، بەم پێیە و لەوێدا، ئێمە خۆمان- ئەو مرۆڤی هەبووە- لەگەڵ هەبوو بۆ نێوەڕاستی بوون دەخلیسکێین، لەبەر ئەم هۆیە ئیتر، نەک «تۆ» و نەک «من» پەشێو و نارەحەت دەبین، بەڵکو یەکێک بەم شێوەیە هەستی پێ دەکات. لەم هەڵواسینە جووڵاوەدا تەنیا بوونی بێ گەرد هەیە کە ناکرێ دەست بە دامێنی، هیچەوە بگرێت، بەڵام لەگەڵ مەدا- هەبوو-وە.

لە پەشێوی ترسدا زمانمان دەگیرێ و گۆ ناکات، چونکە بوونەوەر بەگشتی هەڵدەخلیسکێ و هیچ لە هەموو لایەکەوە پاڵەپەستۆ دەکات، لە گوتنی بووندا بێ دەنگ دەبێ. کە ئێمە هەوڵ دەدەین لە نارەحەتی پەشێویدا بۆشایی بێ دەنگی بە چەند وشە و گوتەیەکی هەڕەمەکی پڕ کەینەوە، ئەمە بوون و سەردەمەکی هیچ ساغ دەکاتەوە. ئاخۆ پەشێوی هیچ دەردەخات و پەردەی لەسەر لادەدات ئەمە مرۆڤ خۆی، کاتێک پەشێویەکە یەخەی بەردەدات، ڕاستەوخۆ ساغی دەکاتەوە. بە ڕوونی

سەرنجدان کە بیرەوەری گەرم و گوڕ و نوێی تێدایە پێویستە ئێمە بڵێین: ئەوی بۆی و لە بارەیەوە پەشێوی دایگرتین «بەڕاستی» شتێک نەبوو. ئەوی ڕاست بێت؛ هیچەکە خۆی- وەک هیچ- هەبوو، بووە.

بەم سۆز و تاقیکردنەوەی بنەڕەتی پەشێوی گەیشتینە ڕووداوی بوون کە بەوەدا تێدا پەشێوی دەرکەوت: ئیتر لەمەوە دەبێ بپرسرێ: چی لەبارەی هیچەوە؟

وەڵامدانەوەی پرسیارە

ئەو وەڵامەی تەنیا خۆی هەر لەسەرەتاوە پوختەی مەبەستەکەمان بوو بەدەستمان هێنا کاتێک ئێمە لەوە ئاگادار بووین کە پرسیارەکە بە ڕاستی و دروستی لە بارەی هیچەوە کراوە. بۆ ئەمە دەبێ بەشتێکی داواکراو گۆڕینی مرۆڤ لە هەبوونیدا کە دەبێتە مایەی بەرپاکردنی پەشێوی لەلای ئێمە، پیادە بکەین، بۆ ئەوەی هیچ بەدەست بگرین وەک چۆن خۆی دەردەخات. لەمەوە داواکاری دووەم دێتە پێشەوە، هەموو ئەو مۆرک و خەسڵەتانەی هیچ کە بەو شێوەیەی باس کرا، پەیدا نەبوون.

هیچ خۆی لە پەشێویدا دەردەخات، بەڵام نەک وەک بوونەوەر. هەروەها وەک بابەتێک ناکەوێتە دەست. پەشێوی کرداری بۆچوون و پەی بردن بە- هیچ- نییە. لەگەڵ ئەمەشدا هیچ بەهۆی ئەوەوە و لە ئەودا دەردەکەوێ، نەک بەو جۆرە کە هیچ سەربەخۆ شان بە شانی بوونەوەر بەتێکڕایی و سەرجەم کە لەنێو ناڕەحەتی و دڵتەنگیدایە، دەردەکەوێ. ئێمە پتر دەڵێین: هیچ جارێک لە پەشێویدا لەگەڵ سەرجەمی بوونەوەر ڕووبەڕوو دەبێتەوە. کەوابوو مەبەست لە: «یەگجار لەگەڵ» چییە؟

لەپەشێویدا بوونەوەر لە سەرجەمدا بێ هێز و لاواز دەبێت. بە چ مانایەک ئەمە ڕووەدات؟ بوونەوەر بەهۆی پەشێوییەوە لەناو ناچێ، کاتێک پەشێوی بەمانەوە دەهێڵرێتەوە. چۆن شتەکە بەم جۆرە دەبێ، کاتێک پەشێوی لەبەردەم بوونەوەر لەسەرجەمدا ئەوپەڕی بێ هێز و توانایە. هیچ پتر خۆی لەگەڵیدا و لە بوونەوەردا دەردەخەدا لەوەدا کە وەک خلیسکاوێکی تێکڕاییە.

لە پەشێویدا، هیچ جۆرە لەناوبردنێکی سەرجەمی بوونەوەر لە خۆیدا، ناوقەمێ، هەروەها ناتوانین ئێمە لەناوبردنی بوونەوەر لەسەرجەمدا بەو مەبەستەی هیچ بە تێکڕایی بەدەست بهێنین، پیادە بکەین، بەبێ گوێ پێدان بەوەی کە پەشێوی، وەک پەشێوی بەرامبەر بە پیادەکردنی دەستەواژەیەکی ناکراو بیانییە، ئەوا ئێمە هەمیشە درەنگ دەگەین کاتێک وای دادەنێین کە پەنا کردن هیچ بە دەست دێت. پێشتر هیچ دەستگیر بووە، ئەوکاتە وتمان ئەو «بەیەک جار» لەگەڵ بوونەوەری هەڵخلیسکاودا دەردەکەوێ.

لە پەشێویدا جۆرە پاشەکشییەک لە بەرابەر... هەیە، ئەمە بە هیچ جۆرێک ڕاکردن نییە، بەڵکو ڕێگا خۆشکردنی هێمنییە. ئەم پاشەکشییە لە بەرابەر.. لە هیچەوە سەرچاوە دەگرێ، ئەمە هیچ شتێک بۆ لای خۆی ڕاناکێشێ، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتی ڕەتکردنەوەیە. ڕەتکردنەوە لەلای خۆوە وەک ڕەتکردنەوە خلیسکانی نیشاندانی بوونەوەری لەسەرجەمدا نقووم بووە. ئەم ڕەتکردنەوە نیشاندەرانەی خلیسکانی بوونەوەر لە سەرجەمدا، وەک ڕەتکردنەوە، هیچ، لە پەشێویدا پاڵەپەستۆی بوون دەکات، لەخۆیدا پوختەی هیچە: بەهیچ کردنە (Nichtung) ئەو نە لە ناوبردنێکی بوونەوەرە و نە لە ناکردنێکەوە هەڵدەقوڵێ. بەهیچ کردن ناچێتە ژێر باری لەناوبردن و ناکردنەوە. هیچ خۆی بەهیچ دەکات.

بە هیچ بوون هیچ جۆرە ڕووداو و پێشهاتێکی ئاسایی نییە، بەڵکو وەک ڕەتکردنەوەیەکی ئاماژە بۆ بوونەوەری خزاو کردوو لە سەرجەمدا، ئەم بوونەوەرە لەوپەڕی نامۆ بوونە تەواوەتییەکەی کە تا ئەوکاتە شاراوە بوو وەک یەکێکی تری ساکار لە بەرامبەر هیچدا دەردەخات.

لەشەوی مانگە شەوی هیچی پەشێویدا دەرکەوتنی بنەڕەتی بوونەوەر وەک بوونەوەر دەڕەخسێ: ئەو بوونەوەرە و هیچ نییە. ئەوەی لەلایەن ئێمەوە وترا «ئەو ناهیچە» ڕوونکردنەوەیەکی دواتر نەبوو، بەڵکو شیاوەکی کردنێکی پێشووتری دەرکەوتنی بوونەوەر بووە بە گشتی. پوختەی بنەڕەتی بە هیچ کردنی هیچ لەمەدایە: بوون لە سەرەتاوە دەخاتە بەردەم بوونەوەر وەک بوونەوەر.

تەنیا لەسەر بنچینەی دەرکەوتنی بنەڕەتی هیچ دەکرێ بوونی مرۆڤ ڕووبکرێتە بوونەوەر و بچێتە ناویەوە، لەبەر ئەوەی بوون بەپێی جەوهەر و پوختەکەی، لەوەدا کە وا نییە و لەوەدا کە خۆی وایە لە بەرامبەر بوونەوەردا کردار دەکات، ئەوا وەک ئەم جۆرە بوونە لە هیچی بەدەرکەوتووەوە دەکەوێتەوە.

بوون ماناکەی ئەمەیە: مانەوە لەنێو هیچدا. مانەوە لەناو هیچدا بوونە بەتێپەڕاندن بەسەر بوونەوەر لەسەرجەمدا. تێپەڕاندن بەسەر بوونەوەردا ئێمە بە ترانسندێنس ناوی دەبەین. ئەگەر بوون لە بنچینەی پوختەکەیدا ترانسندێنس نەبێ، واتە، ئێستا، ئەگەر لە

پێشەوە لە هیچدا نەبێت، ئەوا ناتوانێ پێوەندی کردارانەی لەگەڵ بوونەوەردا هەبێت، ئیتر بەم پێیە لەگەڵ خۆیشیدا. بەبێ دەرکەوتنی بنەڕەتی هیچ، نەبوونی خۆیەتی و نە ئازادی دەبێت.

بەم پێیە وەڵامی پرسیارە تایبەتییەکەی بەهیچ دەستگیربوو. هیچ نە بابەتە و نە بوونەوەرە بەگشتی. هیچ نە بۆ خۆی و نە شان بەشانی بوونەوەر کە لە هەمان کاتدا پێوەی بەندە، دەردەکەوێ. هیچ مەرجی ڕێ خۆشکەری دەرکەوتنی بوونەوەرە، وەک بوونەوەر بۆ بوونی مرۆڤ. هیچ دژە چەمک و بۆچوونی بوونەوەری لێ پێک نایەت، بەڵکو لە پوختەدا سەر بە جەوهەر خۆیەتی. لە بوونی بوونەوەردا لەناوبردنی هیچ ڕوودەدات.

هەر ئێستاکە پێوبستە ئەو قسەیەی زۆر لە مێژە خەفەکراوە بە ئاشکرا بکرێت. ئەگەر بوون تەنیا بە مانەوە لەناو هیچدا بتوانێ بەرامبەر بە بوونەوەر کردار بکات و بتوانێ هەبووبێت ئەگەر هیچ لە بنەڕەتدا تەنیا لە پەشێویدا دەرکەوێ، ئایا پێویست نییە لەسەرمان بەردەوام لەم پەشێوییە دابێین و بچین بۆ ئەوەی بەگشتی بتوانین هەبوو بین؟ ئایا ئێمە خۆمان دانمان پیادا نەنا کە ئەم پەشێوییە بنەڕەتییە دەگمەنە؟ بەڵام پێش هەموو شتێک ئێمە هەبووین و پێوەندیمان بە بوونەوەرەوە هەیە کە ئێمە خۆمان ناو ئێمە خۆمان ئەوین، بەبێ ئەم پەشێوییە. ئایا ئەمە داهێنانێکی هەرەمەکی نییە و ئایا ئەو هیچەی دراوەتە پاڵی زێدە پێ لێ هەڵگرتنێک نییە؟ لەگەڵ ئەمەدا، ئەمە مانای چییە:

ئەم پەشێوییە بنەڕەتییە تەنیا لە چەند ساتێکی دەگمەندا ڕوودەدات؟ ئەمە لەوە بەولاوە نییە:

هیچ لەسەرەتاوە و زۆرجار لە بنچینە و بنج و بناوانی خۆیدا شاردراوەیە. چی شاردوویەتیەوە؟ بەوە شاردراوەتەوە کە ئێمە بە ڕێگایەکی دیاریکراو بە تەواوەتی خۆمان بۆ بوونەوەر دادەنێین. چەندە زۆر لە چالاکیماندا پێوەندیمان بە بوونەوەرەوە هەبێ، ئەوەندە ئێمە کەمتر بواری ئەم جۆرە خزانە و خلیسکانە دەدەین و پتر لە هیچ دوور دەکەوینەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا خۆمان، بە دڵنیاییەوە، بەرەو ڕوخساری سەرەوەی بوون پاڵ دەنێین.

ئەم شێوازە بەردەوامەی، ئەگەرچی تەمومژاوی و ڕوون نییە، دوورە پەرێز بوون لە هیچ، بە سایەی ئەو مانا تایبەتییەی هەیەتی، لە سنوری دیاریکراو تێناپەڕێ. هیچ، لە کرداری خۆ بە هیچ کردندا، ڕاستەوخۆ بۆ لای بوونەوەر دەمانبات هیچ بەردەوام بەهیچ دەبێ، بەبێ ئەوەی ئێمە لە چوارچێوەی ئەوەدا کە ڕۆژانە ئێمە خۆمان دەجوولێنینەوە، ڕاستی و تایبەتی ئەوەی ڕوودەدات بزانین چی لە ناکردن باشتر و بەهێزتر شایەدی بۆ بەردەوامی و پەخشی هیچ، ئەگەرچی دەرکەوتنێکی چەوتیش بێ، لە بوونی ئێمەدا دەدات؟ ئەم نایە بە هیچ جۆرێک لە خۆبەوە ناخزێتە سەر بۆ ئەوەی وەک ڕێگایەک جیاکردنەوە و پێچەوانەوە بدرێتە پاڵ بابەتی دراو. ئیتر چۆن پێویستە ناکردنی نا لەوەوە بکەوێتەوە، ئەگەر ئەو بتوانی نا بکات ئەگەر لە بنەڕەتدا بەرامبەر بە ناکردنەکە شتێکی پێ نەبەخشرێ، چۆن دەکرێت شتێک کە بکرێ نا بکرێت و ئەوی دەبێ نا بکرێت وەک شتێکی شیاوی ناکردن دابنرێت، کاتێک ئەوەها دەبێت کە بیر هەمووی وەک بیر پێشەکی ئەم نایە پەی پێ بەرێت، هیچ دەتوانێ بەدەرکەوێت کاتێک بنچینەکەی، ناکردنی هیچ بەگشتی و ئینجا هیچ خۆی لە تاریکی شاردراوەییدا دەربهێنرێت. نا بەهۆی ناکردنەوە پەیدا نابێت، بەڵکو ناکردن لەسەر نا دامەزراوە و، لە ناکردنی هیچەوە دەکەوێتەوە، ناکردن تەنیا جۆرە شێوازێکی کرداری ناکارە واتە ڕەوشێکە لە سەرەتاوە لەسەر بنەمای کاری ناکردنی هیچ دامەزراوە.

بەم پێیە تێزەکەی سەرەوە لە بنج و بنەڕەتەکەیدا ساغ کرایەوە: هیچ بنج و بناوانی ناکردنەو نەک بە پێچەوانەوە. ئەگەر هێز و توانای ژیر و تێگەیشتنی لە بواری پرسین لە بارەی هیچ و لە بارەی بوون تێک شکا، ئەوا بەمە بڕیاری چارەنووسی دەسەڵاتی «مەنتیق» لە چوارچێوەی فەلسەفەدا دەدرێت، بیرۆکەی «مەنتیق» لەگەردلوێکی پرسینێکی بنەڕەتیدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئیتر ناکردن چەندە فرە و زەبەند و هەمەچەشنە بێت لە هەموو بیردا، جا شاردراوە، یان بە ڕاشکاوی بێت، ناکرێ ناکردن تاکە شایەدی ئەوپەڕی دەستبەرکاری بەلایەکداخەری دەرخستنی ئەو هیچەبێ کە لە بنەڕەت و پوختەدا سەر بە بوونە. ئەوی ڕاست بێ ناکردن نە تاکە ڕەوشە و نە بە هیچ جۆرێک وەک کرداریکی سەرەکی ناکار دادەنرێت، بەمە، بوونی ناکردنی هیچ بە لەرزیوی دەمێنێتەوە. سەختی دژکاری و تووندو تیژی کینە قوڵ و هەڵدێرترن لە بیرکردنەوەی ڕێکوپێکی ناکردن. ئۆبالەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئازاری ڕەتکردنەوە و سەختی و ناحەزیی و نا جوانی قەدەغەکردن. باری سەخت و گران تفتی و تاڵی بێ بەش بوونە.

ئەم شیاوەکییانەی ناکردن- ئەو هێزانەی کە بوون

تێیاندا چارەنووسە ئازار بەخشەکەی هەڵدەگرێ، ئەگەرچی بە تەواویش دەست ڕۆیشتوو نەبێ- هیچ جۆرە ناکردنێکی سادەی ڕووت نین، هیچ ڕێگایان لێ ناگرێ خۆیان بە نەء و بە ناکردن دەربڕن، بەپێی ئەمە بەڕاستی و باشتر بە تاڵی و فراوانی ناکردن بە دەردەکەوێ و ئاشکرا دەبێت. خۆکوتانی کرداری ناکردن بۆ نێو بوون دەرکەوتنی تاریک و تەمومژاوی هەمیشە و ئازادی هیچ نیشان دەدا. لەمەدا، بەڵام هۆیەکەی هەیە: کە ئەم پەشێوییە بنچینەییە زۆرجار لە بووندا بەهێڵاوەیی سەرکوت و خەفە دەکرێت. پەشێویی لێرەدا هەیە تەنیا خەوی لێ کەوتووە. لەنێو بووندا بەردەوام هەناسە دەدات: ئەم هەناسەدانە، لەلای ترساوان بە کەمتر شێوە دەبێ. بگرە لەلای ئەوانەی سەرگەرمی کارکردن و بەبێ ئاگا دەڵێن: بەڵێ، بەڵێ، نا، نا بە ئاستەم هەستی پێدەکرێت، پتر دەبێ بەهۆی ئەوەی لەخۆیدایە، لە هەموویان ئاشکراتر لەوەدایە کە لە بنەڕەتدا ئازایە. ئەمەی دوایی لەوەوە دەکەوێتەوە کە لە پێناوی پاراستنی دوا قەوارەی بوون خۆی ون دەکات.

پەشێوی مرۆڤی ئازا لەگەڵ بەدژ دانان بەرامبەر بە دڵخۆشی یاخود تەنانەت دژی چێژی سادەی چالاکی هێمنیدا هەڵناکات. ئەو، لەودیو ئەم دژانە، هاوپەیمانییەکی نهێنی لەگەڵ لەسەرخۆیی و تامەزرۆیی هێمنی داهێنەردا دەبەستێ. پەشێوی بنەڕەتی دەتوانێ هەموو دەم و ساتێک لە بووندا بە خەبەربێت. پێویستی بەهیچ ڕووداوێکی نائاسایی نییە بۆ ئەوەی بە ئاگابێت. قوواڵی دەست ڕۆیشتنی ئەوەندەی کەمی و لاوازی شیاوەکی هاندەرەکەیەتی. هەموو کاتێک ئامادەی بازدانە، بەڵام بەدەگمەن بازدەدات بۆ ئەوەی ئێمە بخاتە نێو ڕەوشی هەڵواسرانەوە. مانەوە و خایاندنی بوون لەناو هیچدا، بەهۆی پەشێوی شاردراوەوە، مرۆڤ دەکاتە ئێشککگر و پاسەوانی هیچ. ئێمە بەکۆتایی و سنووردارین بۆیە ناتوانین لە بنەڕەتدا بەهۆی بڕیاردان و خواستی تایبەتیمان بگەینە بەردەم هیچ. ئەو بە کۆتایی و سنووردارکردنە وا قووڵ و لە بووندا هەڵدەکۆڵێ ئازادیمان تووشی ئەم کۆتایی و سنووردارییە تایبەتی و قووڵە دەبێ.

مانەوە و خایاندن لەنێو هیچدا بەهۆی پەشێوی ژێر پەردە و شاردراوەوە تێپەڕاندنی بوونەوەرە لەسەرجەمدا: ئەمە ترانسندێنێتە.

پێویستە پرسینمان لە بارەی هیچ بمانخاتە بەردەم میتافیزیکەوە. ناوی میتافیزیک لە وشەی یۆنانی میتا- تا- فیزیکاوە(٥) کەوتۆتەوە. ئەم ناونیشانە سەیرە لە دواییدا والێکدرایەوە کە نیشانەیەکی ئەم پرسینەیە: میتا- تەرنس، لە سەروو، بەسەر بوونەوەردا وەک بوونەوەر تێدەپەڕێ.

میتافیزیک ئەو پرسینەیە کە لەو بوونەوەرەی لە بارەیەوە دەپرسێ(٦) تێدەپەڕێنێ، بۆ ئەوەی ئەو وەک بوونەوەر لەسەرجەمدا بۆ پەی پێ بردن بهێڵێتەوە. لەو پرسیارەدا لە بارەی هیچ دەکرێت ئەم جۆرە تێپەڕاندنەی بوونەوەر وەک بوونەوەر لەسەرجەمدا دەقەومێ، بەم پێیە ئەم پرسیارە دەبێ بە پرسیارێکی «میتافیزیکی». لەسەرەتادا دوو خەسڵەتی ئەم جۆر پرسیارەمان باس کرد: هەموو پرسیارێکی میتافیزیکی لەلایەکەوە هەموو میتافیزیک بە تێکڕایی دەگرێتەوە. لەلایەکی ترەوە بوونەوەری پرسیار کرد و خۆیشی لە پرسیارەکەدا دەبێ و دەیگرێتەوە.

تا چەند و تا چ ڕادەیەک میتافیزیک لەسەرجەمیدا پرسیار لە بارەی هیچ تێیدایە و دەگرێتەوە خۆ؟

میتافیزیک لە بارەی بابەتی- هیچ- لە زۆر دەمێکەوە بەشێوەی جیاواز خۆی دەربڕیوە: لە هیچەوە هیچ شتێک پەیدا نابێت (ex nihilo nihil fit) لە هیچەوە هیچ دەکەوێتەوە، ئەگەرچی لە ڕوونکردنەوەی بابەتەکە و قسەلێکردنیدا، هیچ کاتێک-هیچ- بە ڕاستی نەبووە بە کێشەیەک، ئەوا ئەو بابەتە بەهۆی ئەم ئاگادارییونەوە لە -هیچ- تێگەیشتن و بۆچوونی ڕابەرانەی بوونەوەر دەردەبڕێ. میتافیزیکی کۆن (ئەنتیک) -هیچ-ی بە مانای نابوون تێگەیشتووە، واتە، کەرەسەیەکی بێ وێنە و ڕوخسار کە لە توانایدا نییە خۆی بە خاوەن وێنە و وەک بوونەوەرێک دەربکەوێ (ئایدۆس). بوونەوەر ئەو وێنەیەیە خۆی دەڕەخسێنێ و وەک وێنە خۆی لە وێنەدا (بە دەرکەوتندا) نیشان دەدات. لە بنەڕەتدا ڕەوایی سنووردارکانی ئەم لە بوون گەیشتنە وەک هی هیچ زۆر بە کەمی قسە یان لێ دەکرێت.

بڕوا (دۆگمای) مەسیحی بەپێچەوانەوە نکۆڵی لە ڕاستی ئەم ڕستەیە دەکات: لە هیچەوە هیچ شتێک ناکەوێتەوە و مانایەکی گۆڕاوی داوەتە پاڵ هیچ کە واتای ئەوپەڕی نابوون و لەبەرچاونەبوون لە دەرەوەی ڕەبدا دەبەخشێ: لە هیچەوە بوونەوەری داهێنراو کەوتۆتەوە. هیچ ئێستاکە دەبێ بە دژە چەمکی بوونەوەری تایبەتی و ڕاستەقینە، یاخود هی بوونەوەری باڵا، ڕەب وەک بوونەوەری دانەهێنراو. هەروەها لێرە شیکردنەوەی هیچ تێگەیشتنی بنەڕەتی و بۆچوونی

بوونەوەر نیشان دەدات. لێکدانەوەی میتافیزیکی لانەی بوونەوەر لەسەر هەمان ئاست و ئاقاری لێکدانەوەی هیچەکەیە.

پرسیارکردنەکان لە بارەی بوون و هیچ، وەک بوون و هیچ، هەردووکیان بە ڕەنگ نەڕێژراوی دەمێننەوە. بۆیە کەس بەهیچ جۆرێک گوێی بەم گرانی و سەختییە نەداوە: ئەگەر ڕەب لە هیچەوە شت ئافەریدە(٧) بکات، ئەوا دەبێ لە توانایدا هەبێ جۆرە پێوەندییەک لەگەڵ هیچدا بکات. خۆ ئەگەر ڕەب ڕەب بێت ئەوا ناتوانێ هیچ بناسێ و بزانێ، ئەگەر، بەلایەکی تردا، ڕەهایەکە هەموو هیچییەک و کەموکوڕییەک لەخۆی دووربخاتەوە.

ئەم ڕوونکردنەوە ساکارە مێژووییە- هیچ- وەک دژە چەمک و بۆچوونی بوونەوەری ڕاستەقینە، واتە وەک ناکردنەکەی، نیشان دەدات، بەڵام کاتێک هیچ بە جۆرێک لەجۆرەکان دەبێ بە کێشە ئەوا ئەم پێوەندییە ناکۆک و ناتەبایە جۆرە دیاریکردنێکی ڕوونی پێ نابڕێ، بەڵکو بۆ یەکەم جار پرسیاری میتافیزیکی لەبارەی بوونی بوونەوەرەوە دەوروژێنێ. هیچ وەک دیاری نەکراو بەرامبەر بە بوونەوەر نامێنێتەوە، بەڵکو وەک لایەن و سەر بە بوونی بوونەوەر دەردەخات.

«بوونی بێ گەرد و هیچی بێ گەرد یەک شتن» ئەم ڕستەیە کە هیگڵ وتوویەتی: (زانستی مەنتیق کتێبی یەکەم، تێکڕای بەرهەمەکانی بەرگی سێیەم، ل٧٤) ڕاستە. بوون و هیچ پێکەوەن و یەکتری پێک دەهێنن، بەڵام نەک، چونکە هەردووکیان- لە بۆچوونی بیری هیگڵەوە- لە دیاری نەکراویدا و لە ڕاستەوخۆییدا وەک یەکن، بەڵکو چونکە بوون خۆی لە پوختەیدا کۆتایی و سنووردارە و تەنیا لە ترانسندنتی ئەو بوونەی لە هیچدا هەیە و بەهۆی بوونەوەرەوە خۆی دەردەخات.

خۆ ئەگەر پرسین لە بارەی بوونەوە وەک بوون پرسیارێکی سەرتاپاگیری میتافیزیک بێت، ئەوا پرسیارکردن لەبارەی هیچەوە لەو جۆرە دەبێ کە سەرجەمی میتافیزیک دەگرێتەوە. پرسین لە بارەی هیچەوە خۆی دەخاتە نێو سەرجەمی میتافیزیکەو لەوەدا کە ناچارمان دەکات ڕووبەڕووی کێشەی بنچینەی ناکردن ببینەوە، واتە، ناچارمان دەکات بڕیار لە بارەی ڕەوایەتی دەسەلاتی مەنتیقەوە لە بواری میتافیزیکدا بدەین(٨). ئەم ڕستە کۆنە: لە هیچەوە شت پەیدانابێ، واتایەکی تری دەبێت، واتایەک پێوەندی بە کێشەی بوونەوە هەیە و بەم جۆرەیە: لە هیچەوە هەموو بوونێک وەک بوون کەوتۆتەوە (ex nihilo omne ens qua ens fit) لە هیچی بوونەوە بوونەوەر لە سەرجەمیدا بەپێی ئەو توانایەی خۆی هەیەتی دەگاتە خۆی واتە بەپێی شێوازە کۆتایی و سنووردارەکەی. چۆن پرسیار لە بارەی هیچەوە، ئەگەر پرسیارێکی میتافیزیکی بێت، چۆن بوونەوەرە پرسیارکەرەکەمان دەیکات و بۆی دەچێ؟ ئێمە ئێستاکە و لێرە بوونی شارەزاکەمان بەوە دانا کە لە پوختەیدا بەزانست دەستنیشان دەکرێت. ئەگەر بوونی ئێمەی بەو جۆرە دەستنیشان کراوە لەو پرسیاردا بێ کە لە بارەی هیچەوە کرا، ئەوا پێوبستە بەهۆی ئەم پرسیارەوە ببێ بە مایە و جێگای ئەگەر و پرسیارکردن.

بوونی زانستی سادەیی و وردەکارییەکەی لەوەدا پێ دەبڕێ کە پێوەندییەکی ئەوپەڕی چاکی بە بوونەوەر خۆی و تەنیا بە ئەوەوە هەیە. زانست دەیەوێ بە جوولانەوەیەکی لووت بەرزانە هیچ دووربخاتەوە و بیخاتە لاوە. ئێستا لە پرسین لە بارەی هیچەوە دەرکەوت، ئەم بوونە زانستییە تەنیا کاتێک شیاوەکی دەبێ، ئەگەر هەر لە سەرەتاوە لەنێو هیچدا بێ و بمێنێتەوە. ئەو تەنیا لەوەدا لە خۆی دەگات ئەگەر بێتوو دەستبەرداری- هیچ- نەبێ. ئەو ڕێک و پێکی و دەست ڕۆیشتوویی گوایە زانست هەیەتی جێگای پێکەنینە ئەگەر بێتوو بە ڕاستی هیچ پەسەند نەکات تەنیا، چونکە هیچ دەرکەوتووە بۆیە زانست دەتوانێ بوونەوەر خۆی بکات بە کەرەسە و بابەتی لێکۆڵینەوە. تەنیا ئەگەر زانست لە میتافیزیکەوە بکەوێتەوە و پەیدا بێت دەتوانێ بەبێ پسانەوە ئەرکە جەوهەرییەکەی خۆی درێژە پێ بدات کە لە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانین پێک نەهاتووە، بەڵکو بریتییە لە هەمیشە سەرلەنوێ بەدیهێنانی دۆزینەوەی بواری سەرجەمی ڕاستی و دروستی سروشت و میژوو.

تەنیا لەبەر ئەوەی هیچ لە بنەڕەتی بوونداً دەرکەوتووە، دەکرێ نامۆیی تەواوەتی بوونەوەر بەسەرماندا بێت. تەنیا کاتێک نامۆ بوونی بوونەوەر پاڵەپەستۆمان دەکات بوونەوە بەخەبەر دەکات و دەیحەپەسێنێ. تەنیا بەهۆی حەپەسانەوە- واتە دەرکەوتنی هیچ-ەوە پرسیاری «بۆچی؟» دەکەوێتەوە، چونکە بۆچی وەک پرسیاری بۆچی لە کردن دێت و شیاوەکییە، دەتوانین بە ڕێگا و شێوازێکی دیاریکراو لە بارەی هۆکار پرسیار بکەین و شت بەهۆکار ساغ بکەینەوە، چونکە ئێمە دەتوانین بپرسین و شت پشتڕاست بکەینەوە، ئەوا چارەنووسی لێکۆڵەرەوە دراوەتە دەست بوونی ئێمە.

پرسین لە بارەی هیچەوە- ئێمەی پرسیارکار- خۆمان دەکات بە جێگای ئەگەر و پرسین، ئەمە پرسیارێکی

میتافیزیکییە.

بوونی مرۆڤ تەنیا کاتێک دەتوانێ پێوەندی بە بوونەوەرەوە هەبێ ئەگەر خۆی لە نێو هیچدا بمێنێتەوە. تێپەڕاندنی بوونەوەر لە جەوهەری بووندا دەقەومێ. ئەم تێپەڕاندنە میتافیزیک خۆیەتی. ئەمەش بریتییە لە: میتافیزیک بەشێکە لە «سروشتی مرۆڤ». ئەو نەپاوانی فەلسەفەی سکولاستییە و نە پاوان مەلۆی بۆ هاتنی هەڕەمەکییە. میتافیزیک ڕووداوی بنەڕەتییە لە بووندا. ئەو بوون خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ڕاستی (هەقیقەت) میتافیزیک لەم بنچینە قوولّە بێ بنەدایە هەڕەشەکار ڕاستەوخۆ نزیکترین دراوسێیەتی. هەربۆیە هیچ وردەکارییەکی زانست ناگاتە ئاستی میتافیزیک. فەلسەفە هیچ کاتێک ناکرێت بە پێوانەی بیرۆکەی زانست هەڵبەسەنگێنرێ.

ئەگەر ئەو پرسیارەی پێشتر لە بارەی میتافیزیک قسەی لێ کرا بەڕاستی لە ئێمە بکرێت، ئەوا ئێمە میتافیزیک لە دەرەوەوە ناخەینە بەرچاو. هەروەها ئێمە خۆمان «نەخستۆتە ناویەوە»، ئێمە ناتوانین بەهیچ جۆرێک خۆمانی بخەینە ناویەوە، چونکە- ئەوەندەی ئێمە هەبووین- هەر لەودا هەین: (ئەفلاتون دیالۆگی فیادرۆس ۲۷۹.ئا) (چەندە مرۆڤ هەبێت فەلسەفەکردن بە شێوازی دیاریکراو دەبێت). فەلسەفە- وەک چۆن ئێمە بەو ناوە ناومان لێناوە بریتییە لە بەگەڕخستنی میتافیزیک و تێیدا خۆی بەخۆی و بە ئەرکە ڕاشکاوەکەی(۹) دەکات. فەلسەفە کاتێک دەست بەکاردەبێ ئەگەر بوونی تایبەتی تایبەتی بەپاڵەپەستۆیەکی جۆری تایبەتی دەخرێتە ناو شیاوەکییە بنەڕەتەکانی بوون لە سەرجەمدا. ئەوی لەم پاڵەپەستۆی خستنە ناوەوەدا بەلایەکاخەرە ئەمە: جارێکیان، دەرفەت (جێگا) بۆ بوونەوەر لە سەرجەمدا دابین بکرێت ئینجا خود بۆ کەوتنە ناو هیچەوە بەڕەڵا بکرێت، واتە ڕزگاربوون لەو وەهمانەی هەموو کەسێک هەیەتی و ئاسایی دەویستێ چاویان لێ بپۆشرێ، لە کۆتاییدا دەرفەتدان بە لەرینەوە و لەرزینی ئەم ڕەوشە لە هەوادا هەڵواسرانە بۆ ئەوەی بێ پسانەوە بمانخاتە ناو پرسیاری بنەڕەتی میتافیزیک کە هیچ تۆزی پێ لە خۆی دەکات:

بۆچی بەگشتی بوون هەبوو و هیچ و نابوون نەبوو؟

(*) مارتن هایدیگەر (۱۸۸۹- ۱۹۷۹ز) قوتابی ئیدمۆند هوسرل-ی دامەزرێنەری فەلسەفەی فینۆمێنۆلوجییە. هەر لەسەرەتاوە سوودی لە پەیڕەوی ئەم فەلسەفەیە وەرگرتووە بۆ ڕشتنی ڕەنگی جۆرێکی تایبەتی فەلسەفەی ئیگزیستیانییالیزم کە لە ڕۆژهەڵاتدا بە فەلسەفەی وجوودی ناسراوە. ئەگەرچی زۆر کەس لەگەڵ بیروبۆچوونەکانی بەگشتی و فەلسەفەکەیدا بەتایبەتی، نییە و پەسەند ناکەن، بەڵام بەرابەرێک لە ڕابەرە بەناوبانگەکانی فەلسەفەی هاوچەرخی ئەڵمان دادەنرێ. گوایە ماوەیەک کۆمەکی بەنازییەکان کردووە و ئازاری مامۆستاکەی خۆی داوە. گومانی لە بوونی جیهانی دەوروپشت نەکردووە و بەلایەوە میتافیزیک و فەلسەفە ئەرک و ڕۆڵێکی تریان هەیە کە بریتییە لە بایەخدان بە مرۆڤ وەک تاکەکەس و کێشەکانی.

پەراوێزەکان:

۱- لە چاپی ساڵی (۱۹۳۱)دا وتراوە: جیاوازی بوونەکی (ئۆنتۆلۆجی) گشتی.

۲- وشەی هیچ لە جیاتی (Nichts)ی ئەڵمانی بەکارهێنراوە.

۳- لەچاپی پێنجەمی ساڵی (۱۹٤۹)دا هاتووە: کەلله ڕەقی کوێرانە:

die Certiudo des ego cogito, Sub-jektivitat.

٤- نووسەر ئەم سێ وشەیەی بەکارهێناوە:

Angst, Aengstlichkeit, turchtsamkeit.

هەرسێکیان ترس و ترسان نیشان دەدەن، بەڵام بە پلەی جیاواز.

٥- واتە لەدوای سروشتەوە. وەرگێڕ.

٦- ئەوەندەی من لە بابەتەکە بگەم، ئەم پێناسەیەی میتافیزیک تەنیا بەلای هایدیگەر و لایەنگیرانیەوە پەسندە. ڕاستە ئەم بابەتە بەشێکە لە جۆرە میتافیزیکێک، بەڵام میتافیزیک خۆی زۆر لەمە فراوانتر و بەپێزترە. پرسیارەکەی نووسەر دڵۆپێکە لە دەریای پان و بەرینی میتافیزیک بەگشتی.

۷- ئافەریدە لە جیاتی وشەی ئەڵمانی (Schaffen) بەکارهاتووە کە مانای خەڵق دەدات، ئافەریدەکردن بەوەدا لە دروست جیایە کە لە هیچ نابوونەوە بووە و شت پەیدا دەکات. وەرگێڕ.

۸- لە چاپی ساڵی (۱۹۲۹)دا بەم شێوەیە نووسراوە: هەمیشە مەنتیقی ئاسایی و لۆگۆسەکەی وەک بنەما و بنچینەی کاتیگۆرییەکان.

۹- لە چاپی ساڵی (۱۹٦۷)دا نووسراوە: جەوهەر و پوختەی میتافیزیک و مێژووە دەسترەنگینەکەی.

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری بۆ سەر پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون

جوان حوسێن
(سلێمانی)

دەسپێک

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون دیاردەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵە، لەئەنجامی گەشەکردن و پێشکەوتنی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و گۆڕان لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەم دیاردەیە بەردەوامی و هەمیشە نوێبوونەوە بەخۆیەوە دەبینێ. ئەوەی لەمەش گرنگتر ئەو قەیرانە کۆمەڵایەتییانەن کە تاک و کۆمەڵگا بەرهەمیان دەهێنن و لە دیاردەوە بەرەو قەیران دەڕۆن و چیتر پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون ناتوانێت بەردەوامی لە بونیادنان و نوێکردنەوە و ڕێکخستندا بەرجەستە بکات. هەر بۆیە لەبەر ئالۆزی قەیرانەکان باس لەو ڕەوشە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەکەین کە ئەمڕۆ چەندین قەیرانی بەرهەم هێناوە و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونی لاواز و سست کردووە. لێکۆڵینەوە لەسەر دیاردەیەکی وا گرنگ ئاماژەکردنە بە پرۆسەیەکی گرنگ و دواجاریش دەرخستنی قەیرانەکانی بەردەم ئەو پرۆسەیەیە کە دەتوانێت ببێتە دەنگێک لە ئاست ئەو بێدەنگییە فراوانەی تاکی ئێمەی خامۆش کردووە.

مەبەستی ئەم لێکۆڵینەوەیە ناساندنی خودی دیاردەکەیە و ئاماژەدانە بە ڕەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەمڕۆی کورد کە ڕۆڵێکی گەورە لە شێواز و سروشتی پرۆسەکەدا دەگێڕێ، لەگەڵ خستنەڕووی کاریگەری سیستمی سیاسی لەسەر ستراکتۆری کۆمەڵایەتی و بەردەوام بەرهەمهێنانی قەیران، هەروەها چۆنیەتی سوودوەرگرتن لەم ڕەوشەی ئێستا و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی قەیرانەکان و ئەمەش لەپێناو لابردنی سانسۆرەکانی بەردەم پرۆسەکە و سەیرکردنی وەک بەشێک لەو گۆڕانە ئاساییەی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەخۆوەی دەبینێت.

لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکە لەبارەی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتییە و تایبەتە بەکۆمەڵگای کوردی، بۆیە بەپێویستمان زانی مامەڵەیەکی خودی لەگەڵدا بکەین و جیای بکەینەوە لە پرۆسە جیهانییەکانی وەک جیهانگیری و...تاد کە دەتوانرێت دەرەنجامی ئەم جۆرە دیاردانە بەسەر هەموو کۆمەڵگایەکدا بگشتێنرێت، بەڵام پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون دیاردەیەکە بەپلەی یەکەم لەسەر بنەمای ستراکتۆری کۆمەڵایەتی نێو کۆمەڵگا بونیاد دەنرێت و سەرچاوە دەگرێت، هەر بۆیە پێویست ناکات لەو سنوورە بچینە دەرەوە و باس لە قەیرانە نێودەوڵەتی و جیهانییەکان بکەین، ئەوەی ویستوومانە کاری لەسەر بکەین چڕکردنەوەی بابەتەکەیە لە ماوەیەکی دیاریکراودا کە بریتییە لە واقیعی کۆمەڵگای کوردی لە پاش ڕاپەڕین مومارەسەکردنی دەسەڵات لەلایەن کوردەوە، لەبەرئەمە نەچوونە ناو میژووی کورد و ڕابردوو و کاریگەری لەسەر ئەمڕۆ، چونکە ئەمە خاسیەتی وردبینی لە لێکۆڵینەوەکە

دەستێنێت و زیاتر بەرفراوان دەبێت...هەروەک ئێمەش کە باسی چەند قەیرانێک دەکەین کە هۆکاری سەرهەڵدان و گەشەکردنیان لەپاش ڕاپەڕینەوە بۆ خولقاوە، سنووری ئەم لێکۆڵینەوەیە لەڕووی زەمەنەوە دیاری کراوە و لەڕووی شوێنیشەوە تایبەتە بەو بەشەی کوردستان کە ئازاد کراوە و کرانەوەیەک بەڕووی تاک و کۆمەڵدا ڕووی داوە و بەکۆمەڵگابوونیش وەک دیاردەیەک خۆی دەخاتە نێو کایە کۆمەڵایەتییەکانەوە.

بێگومان میتۆدی لێکۆڵینەوە ڕێگایەکی گرنگە بۆ بینینی واقیعی کۆمەڵایەتی و تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان، ئەم ڕێگایەش لەلایەن چەندین سۆسیۆلۆژیست و تیۆریستەوە هێنراوەتە ئاراوە. پیێر بۆردیۆ پێیوایە کۆمەڵگا بەگشتی و تێکڕا پێکەوە تاوتوێ ناکرێت، بەڵکو بەسەر چەند یەکەیەکی بچووکدا دابەشی دەکات تا کاری تاوتوێکردن و لێکۆڵینەوەی بۆ ئاسان بکەن. هەروەک دەڵێت لە واقیعدا ناکۆکی و دژایەتی لەنێوان دوو تیۆردا نییە کە بریتیین لە بونیادگەرایی و خودگەرایی، بەڵکو یەکتری تەواودەکەن، هۆیەکەشی ئەوەیە جیهانی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکە دوالیزمی ئەزەلی هەیە و مرۆڤ بەسروشتی خۆی خود و بابەتە، کۆمەڵگەش بەهەمان شێوە. هەر کاتێک دەکەوینە تاوتوێکردنی کۆمەڵگە پێویستە ڕەچاوی هەردوو مەنهەجیەتەکە بکەین. وەسفی بابەتی پێش حوکمی فەردی دەکەوێت نەک بەپێچەوانە، بۆیە ئەولەویەت دەگەڕێتەوە بۆ مەنهەجیەتی یەکەم (١).

پێناسە و چەمکە سەرەکییەکان

کۆمەڵ: کۆمەڵە خەڵکانێکی دیاریکراون، لەهەریەکێکیاندا هەستکردن بە یەکەیەکی تۆکمە بەرجەستە دەبێت، فۆرمی کارتێکردنی نێوانیان لە بازنەیەکی نیمچە چەسپاودا دەبینرێت.(٢)

کۆمەڵ، کۆمەڵە تاکێک کە لە کۆیەکی بچووک، یان گەورەدا دەبینرێن، بەشێوەیەک دەژین یارمەتی و هاوکاری یەکتر بەرجەستە دەکەن، نەک تەنیا لە بەرژەوەندییە دیاریکراوەکاندا، هەروەها لە حاڵەتە سەرەکییەکانی ژیانێکی هاوبەشدا هاوکاری بەرجەستە دەکەن.. (٣)

کۆمەڵ لەسەر بناغەی هەندێ فۆرم و بەهای دیاری کراو و نرخی کۆمەڵایەتی وەکو هاوخوێنی، هاوڕەگەزی، خزمایەتی، ئیمان ، وەلائەت، هاوکاری..تاد دروست دەبێت.

ڕووبەری ژیان لەم جۆرە کۆمەڵانەدا پابەندی قەدەرێکە و هەر ئەم جەبرەشە ئەندامەکانی بەیەکەوە دەبەستێت.

ئەم فۆرمەش لەسەر بناغەی پەیمانێکی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت کە بنەمای پێکەوە ژیانی کۆمەڵایەتی پێک دەهێنێت، مەرجیش نییە هەموو پەیمانێک نووسراو بێت، دەشێت لە باوانەوە بۆ نەوە بۆ یەکتری بگوێزرێتەوە و پیادە بکرێت..(٤)

دەتوانین بڵێین کۆمەڵ کایەیەکی کۆمەڵایەتییە و ژمارەیەک تاک بۆ چەند ئامانجێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو کۆدەکاتەوە، مەرجیش هەموو تاکەکان ئامانجیان هەمان ئامانجی کۆمەڵەکە بێت، بەڵام مەرجە بۆ دەستگیربوونی ئەو ئامانجە هەوڵ بدەن.

کۆمەڵگا: کاتێک بوونی دەبێت کە خەڵکان خاوەن ئیرادەی خۆیان بن، ئەو ئیرادەش بەکار دەخەن بۆ ڕێکخستنی پێوەندییەکانیان، لەنێوان خۆیان و کەسانی دەوروبەر، هەمان کات ئیرادە لە هەوڵی پاراستنی ئەو پێوەندییانەدایە، هەموو فۆرمەکانی پێوەندی، لەم جۆرە ڕێکخستنەدا مەبەستگەراییە.(٥)

کۆمەڵگا تێکچڕژانێکی ئۆرگانی هەردوو جیهانی ژیان و ڕووبەری ژیانە، ئەم دوو جەمسەرەش پێویستی بە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی هەیە، واتە بەبوونی سیستمێک لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی، چونکە بەبێ بوونی ئەو سیستمە ناتوانین باس لەکۆمەڵ و کۆمەڵگا بکەین (٦).

(ماکس ڤیبەر) کۆمەڵگا بە سیستمێکی ڕێکخستنی ئاڵۆز پێناسە دەکات دەڵێت تۆڕێکی گەورەی تێکچڕژاوترە لە پێوەندی و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی کە لەسەر بناغەی ڕێکخستنی عەقڵانی دروست دەبێت و خاوەنی دەستوورو ڕێساو (پەیمانی کۆمەڵایەتی نووسراو)ی تایبەت بە خۆیەتی ئەم ڕێسایانەش دەبن بە ئامانجی ئەو ڕێکخستنەو جۆرێک لە عەقڵانییەتی نۆڕماڵ دروست دەکەن (٧).

کۆمەڵگا چوارچێوەیەکی داخراوی شورابەند نییە، کە یەکجارو بۆ هەمیشە دروست بووبێت، کۆمەڵگا هەمیشە یەکەیەکی کۆمەڵایەتی مرۆڤەکانە لە دۆخی دروستبوون و خۆگۆڕیندایە (٨).

کەواتە کۆمەڵگا، ڕێکخستنێکی بەردەوامە کە ڕەفتاری تاکەکان ئاراستە دەکات بەچەندین ڕێگاو شێواز هەوڵی هاوسەنگی دەدات لەنێوان دەست بەسەراگرتنی ئازادی و دانانی سنووریک بۆ دیاریکردنی کردە

کۆمەڵایەتیەکان ، بۆئەوەی پاریزگاری لەو ڕێکخستنە بکرێت، کەواتە پێکهاتەیەکی دوو فاقەیە کە هەردوو ڕەهەندی دەست بەسەراگرتن و ئازادی پێکەوە تەواوی دەکەن، ئەم ڕێکخستنەش دواجار سیستمێکی ڕێکخراو بەرهەم دەهێنێت.

بەکۆمەڵایەتیبوون: پرۆسەیەکە مرۆڤەکان لەو ڕێگایەوە، بیروباوەڕ و مەیل و بەهاو پێوەر و دابونەریتەکان لە کولتووری کۆمەڵگاکەیان وەردەگرن، تاک لەڕێگای ئەم پرۆسەیەوە شارەزای کولتوور دەبێت، هەموو کەسێک لەم ڕێگەیەوە زانیاری و بیروباوەڕو بەهاو پێوەر و چاوەڕوانییەکانی کۆمەڵگای خۆی وە دەست دێنێت..(۹).

بەکۆمەڵایەتیبوون ئەو کات دەست پێدەکات کە لە کۆمەڵە خێزانیەکان گرووپی گەورە دەبنەوەو ئەمانیش لەنێوان خۆیاندا چەند پێوەندییەکی ژیوارکی دروست دەکەن کە دەسەڵاتی ڕۆحی ئایینی دەهێنێتە کایەوە، بەڕای (کۆنت) خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی سەرەتاییە و نموونەی هەموو کۆمەڵایەتیکردنی مرۆڤە، لە خێزانەوە گرووپی خوێنی پێشکەوتنی بنەڕەتی بەدی دەکرێ..(۱۰)

بەکۆمەڵایەتیبوون پرۆسەیەکە کار لەسەر تاکەکان دەکات تابتوانن بەداب و نەریت و فۆرم و بەها کۆمەڵایەتییەکان ئاشنابن و خێزان بەپلەی یەکەم ناوەندی بەگەڕخستنی ئەم پرۆسەیەیە.

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون: بەو پرۆسەیە دەگوترێت کە ئامانجێکی عەقڵانی لە پشت ئەو کردە کۆمەڵایەتییەوە بێت، لەسەر بناغەی دروستکردن و ڕاگرتنی سیستمێک لە ڕێکخستن بەند بێت، کە ماف یاخود بەرژەوەندی یان ئازادی کەسەکان یان گرووپەکانی تێدا بپاریزرێت، لە حاڵەتێکدا کە ئەم جۆرە ڕێکخستنە کاربکات ئەوا وەلائەت و هۆشمەندی تاکەکانیشی وادەکات کە بەرگری لەو ڕێکخستنە بەرامبەر بەدەرەوە بکەن و ئەوەشی جورئەتی لادان و تێکدانی بکات سزا دەدرێت، بەپێچەوانەشەوە دەبێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ڕادیکاڵانە کە لە فۆرمی شۆڕش، یان ڕاپەڕیندا بەرجەستە دەبێت و گۆڕانکاری لە پێوەندییەکانی دەسەڵاتداریتێدا دروست دەکات.(۱۱)

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون ئەو شێوازەیە لە ڕێکخستن کە شەرعییەتی دەسەڵات بەدەست دەزگاکانەوەیە ڕۆڵ و ئەرکی دامەزراوە و دەزگاکان دیاریکراوە ئەم جۆرە ڕێکخستنە شەرعییەتی دەسەڵات لە تاکەوە دەگوێزێتەوە بۆ دەزگاکان و دەسەڵات کۆنترۆڵی شوێنەکان دەکات و زەمەنەکان یەک دەخات و ئاوێزانی کۆمەڵایەتی و سەروەری نەتەوەیی بەرجەستە دەکات.

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو ساتەوەختەیە کە تێیدا پێوەندییەکان دۆخی ئاسایی خۆیان بەجێ دەهێڵن و دووچاری پێوەندی ناتەندروست دەبن واتە دەکەونە دۆخی نائاساییەوە.

مەبەستمان لە دۆخی نائاسایی ئەو کاتەیە کە تێیدا بەشە پێکهێنەرەکانی سیستمێک، یان لایەنەکانی پێوەندییەک چیدی ناتوانن هاوکاری یەکتر بکەن.(۱۲)

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان لە ئەنجامی چەندین قەیرانی تری وەک قەیران لە دەستووری ولاتدا دروست دەبن، ئەو کاتەی جیاوازی و لێک نەچوون لەنێوان دەقی یاسایی و دەستوور و مەیدانی جێبەجێکردن واتە کۆمەڵگادا تەریبیەک بەرجەستە نابێت...و لە کاتی بوونی جیاوازی لە نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتدا لەبارەی مەسەلەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتی یان ئابووری بەرچاو دەکەوێت.(۱۳)

قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان بەرەنجامی چەندین فاکتەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری...تاد، دەکرێت ڕاستەوخۆش بکەوێتە ژێر کاریگەری قەیران لە دەستور و دەسەڵاتی ولاتدا، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە دۆخێکی ئاساییەوە دەگۆڕێن بۆ پێوەندییەکی مەترسیدار، وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی قەیران لە بونیادی کۆمەڵگادا دروست دەکات.

کورد و کۆمەڵگا پاش ڕاپەڕین.. لێک نزیک بوونەوە

ڕاپەڕین لە کولتووری کورددا گواستنەوەی کۆمەڵگایە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی بەرزتر، لە حاڵەتی نادیار و نائامادەوە بۆ حاڵەتی دیار و ئامادە. ڕاپەڕین وەک موراڤیفی ڕێنیسانس بەسەر واقعی کۆمەڵگادا دەچەسپێت. گواستنەوەی کوردە لە بە پەراوێزبوونەوە بۆ گەیشتن بەناوەند، کە سەرجەم ئەمانەش دەبێت بکەرێکی ڕووداوو دروستکەر لە دوایەوە هەبێت و ئەو بکەرەش ڕاپەڕینە، کۆمەڵگا لە حاڵەتی نەگۆڕان و نائامادەیی دەباتە حاڵەتی بزاوتن و ئامادەیی.(١٤)

خاڵی گرنگ لە ڕاپەڕیندا کرانەوەی کۆمەڵگایە بەڕووی کۆمەڵگاکانی تر و بە ئاراستەیەکی تر بەڕووی تاکەکانی خۆیدا...

کۆمەڵگای کوردی وەک هەر کۆمەڵگایەکی تر لەپاش ئازادی و پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی هەوڵی زیندووکردنەوە و بنیات نانەوەی بواره خامۆش کراوەکانی دەدات، دەشێت ئەم پرۆسەی بنیاتنانەوەیە لە چەندین فۆرمی جیاوازدا بەرجەستە ببێت، ئەم فۆرمانەش خەسڵەتێکی تایبەتی بە کۆمەڵگا دەبەخشنەوە...

ئەمەش مانای ئەوە نییە کە ڕاپەڕین دەرگایەکی کرانەوە بوو بەڕووی کۆمەڵگاکانی تردا و بتوانین بڵێین کورد کۆمەڵگایەکی کراوەیە، چونکە هەموو کۆمەڵگایەکی کراوە بونیادی داخراوی تێدا بەدی دەکرێت و بەپێچەوانەشەوە کۆمەڵگا داخراوەکان خاڵی نین لە بونیادی کراوە.

کۆمەڵگای ئێمەش کۆمەڵگایەکی نموونەیی نییە، هەرچەندە کۆمەڵگاش دووربێت لە نموونەیی بوون، هێندە کۆمەڵگایەکی واقیعی و مرۆییە، لەناو ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و کارلێکردنەکاندا.

ئێمە لەپاش ڕاپەڕین بەرەو خۆدروستکردن و بوون بە کۆمەڵگا هەنگا و دەنێین، وەک کۆمەڵگایەکی واقیعی، کوردیش کەوتۆتە ناو ملمڵانێی ساتە تاریک و ڕووناکەکانی خۆیەوە، دووچاری هەندێک کێشە و بەربەستی ئەوتۆ بووە کە نەدەکرێت بە کۆمەڵگایەکی کراوەی نسبی ناوی ببەین، نە بەکۆمەڵگایەکی داخراوی ڕەها..(١٥)

ئەنجامی ئەم واقیعەی کۆمەڵگاش سەرهەڵدانی چەندین دیاردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئابووری و...تاد دەبێت، پاش ئەوەی میللەتێک بە ئازادی دەگات، سەردەمی ساتە تاریک و نادیارەکانی تێدەپەڕێنێت و سەردەمی خۆنمایشکردن و پیشاندانی وێنا ڕاستەقینەکانی خۆی دەست پێدەکات.

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون قسەکردنە لە پرۆسەیەکی سروشتی کە خودی تاکەکان لە هەوڵی بەگەڕخستنیدان، پاش پێکهێنانی دەسەڵاتی سیاسی و مومارەسەکردنی ئازادی، لە نێوان کارلێکە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین دیاردە سەرهەڵدەدەن کە دواجار هەریەکەیان تەفسیری فاکتەرەکانی سەرهەڵدانی دەکات.

هەموو دیاردەیەکیش هەردوو ڕەگەزی هاوکاری و دژایەتی لە خودی خۆیدا بەرجەستە دەکات. کەواتە ڕاپەڕین خاڵی گۆڕان و دەرکەوتنی وێنا ڕاستەقینەکانی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورد بوو.. کە دەکرێت بە خاڵی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سەرچاوەگرتنی جووڵەی کۆمەڵایەتی ناوی بنێین.

بە تێڕوانینی هیگڵی، هەموو دیاردەکان لە جووڵە و گۆڕانی بەردەوامدان، گۆڕانیش بۆ ئەو ناکۆکییە دەگەڕێتەوە کە لە خودی شتەکاندا هەیە، سەلماندنی هەلومەرجێک لە هەمان کاتدا بەتاڵکردنەوەشی تێدایە..

ڕاپەڕین ناکۆکییە لەگەڵ هەموو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی میللەتێک و لە هەمان کاتدا سەلماندنی هەمان میللەتە وەک نەتەوە و هەوڵدانە بۆ مومارەسەکردنی ئازادی (١٦)

ئۆگست کۆنت، لە دینامیکای کۆمەڵایەتیدا باس لە گۆڕان و پەرەسەندنی وەک یاسایەکی سروشتی کۆمەڵ دەکات و دەیناسێنێت، ئەمەش وا دەکات گۆڕانکارییەکان بە ئامانجێکی ڕوون و بنیاتنەر تەواو ببێت. عەقڵانییەتە کە لە پشت گۆڕانکارییەکانەوە کاردەکات.

هەروەک پەرەسەندن لەسەر هێڵێکی ڕاست نارۆات و دەشێت قەیرانی تووش ببێت و تێکڕای خێرایی و ئامانجەکەی بە مرۆڤەکان خۆیانەوە بەندە. هەموو گۆڕانکارییەکان لە ڕەهەندی ستاتیک بەدەرنین، ئەگەر نا، ئەو گۆڕانە بەرەو دارمان دەڕوات..(١٧)

گۆڕانی کورد گۆڕانێکی ئەندێشە ئامێزە، گۆڕانە لە ترس و بەرگری کردنەوە بۆ بنیاتنان و بەرجەستەکردنی ماف و بەرژەوەندی و ئازادی و مومارەسەی دەسەڵات، ئەمەش سەرچاوەی گۆڕانە لە کولتوور و مێژووی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵ لەناو کۆمەڵگادا.

ئەم مومارەسەکردنی ئازادییە، ڕەفتارکردنە لەگەڵ بیروڕای جیاواز و بۆچوونە نیشتیمانی و نەتەوەییەکان، ڕێگادانە بە نمایش کردنی پرۆژەکانی بنیاتنانەوەی ستراکتۆرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان.

ڕاپەڕین هەلومەرجێکی بابەتی و بەرهەمهێنانی چەندین فاکتەری گۆڕان و لە بەرامبەریشدا سەرهەڵدانی دیاردە و ڕەوشتی تایبەتە بەبارودۆخێکی تایبەت. پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونیش بەرەنجامی کارلێکی چەندین کایەی کۆمەڵایەتی و کردەی کۆمەڵایەتی تاکەکانە، هەر ئەوانیش سەرچاوەی چەندین قەیرانی بەردەم پرۆسەکەن، هەر بۆیە ڕەوشی ئەمڕۆی کورد، قسەیە لەسەر ئامادەیی کایە کۆمەڵایەتییەکان لە بۆ گۆڕان و بە عەقڵانیکردنی کردە کۆمەڵایەتییەکانی تاکە بۆ سەرلەنوێ ئاراستە کردنەوەی مێژوو.

ڕوونی لە ئامانج و لە کردە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێکخستنێکی کۆمەڵایەتی گشتگیر کە

بەرژەوەندییەکانی تاک و کۆمەڵی تێدا پارێزراو بێت. هەر بۆیە پێویستمان بە خوێندنەوەی کایە کۆمەڵایەتییەکان دەبێت و زانینی ڕۆڵیان لە ئاراستەکردن و بوون بە قەیرانی بەردەم پرۆسەی بە کۆمەڵگا بوون. چۆن کایە کۆمەڵایەتیەکان ئاوێزانی پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون دەبن و چەند شوێنێکی تری کوردستان لەم پرۆسەیەدا پەراوێز دەخرێن و چەندین تاکیش بەهۆی هاوتانەبوونی زەمەنەوە لە دەرەوەی پرۆسەکەدا دەژین، تا چەندە ململانێ لە نێوان تاک و لەنێوان دەزگادا دەبینرێت بەشێوەیەک کە ببێتە هۆکاری پێشکەوتن و بەهەمان ئەندازەش تا چەندە بووە بەهۆی پەشێوی کۆمەڵایەتی و تێکشکانی ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی.

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون وەک پێوەندیەستێکی نێوان تاکەکان و یەکە کۆمەڵایەتییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت بە ململانێ لەقەڵەم بدرێ.

ململانێ چەندە ڕەفتارێکی سروشتکردەو سیستمێکی غەریزی تایبەت بەخۆی هەیە، ئەوەندەش لەناو کۆمەڵگادا و لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونی کۆمەڵدا بە سیستیمازە دەکرێت و ڕەگەزێک و ڕەهەندێکی تریش وەردەگرێت کە پابەندی عەقڵە، واتە پابەندی ئەو جیهانەیە کە عەقڵ لێپرسراوی ڕێکخستنی سیستەمەکانی دەبێت.

ماکس ڤیبەر، خەباتی کۆمەڵایەتی لەپێناو دەسەڵاتدا دەکات بە خاڵی سەرەکی ڕاڤەکردن لەسەر بەشێکی دانەبڕاوی ململانێی دەسەڵاتداریتی، لەبەرئەوەی ژیانی پێکەوەیی مرۆڤ لە پێوەندییەکی کارلێکەر و کارلێکراوی بەردەوامدایە، ململانێ لەم پرۆسەیەدا کە لە بەکۆمەڵگابوونی تاکەکان و دۆزینەوەی یاسای پێکەوە ژیاندا بەرجەستە دەبێت.

ململانێ ڕۆڵێکی پۆزەتیڤ لە ئاوێزانی کۆمەڵایەتیدا دەگێڕێ، چونکە هەریەکێ لەناو ئەو ڕووبەرانەی کە لەگەڵ یەکدا لە ململانێدان، خۆی بەڕەوا دەبینێت و لەوێشەوە دان بەبوونی یەکتردا دەنێن.(١٨)

هاوشوێنی و هاوکاتی کورد

کاتێک باس لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون دەکەین، باس لە پرۆسەیەک دەکەین کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆیان لەناویدا دەبینەوە، هیچ یەکێکیان پەراوێز ناخرێن، بۆ پراکتیزەبوونی ئەم حاڵەتەش سیستمێکی عەقڵانی دەسەڵات و سەروەرێتی پێویستە کە مرۆڤەکان و پێوەندییەکانیان ڕێک بخات و سنووری ئازادی و مافەکانیان لەیەکتر جیابکاتەوە و دیاریان بکات، هەر بۆیە ئامادەبوونی دەسەڵاتێک لەهەموو پنتی ئەو ڕووبەرەی کە دەسەڵات تێیدا سەروەرە حەقیەتێکی پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونە، هەمان کات دەسەڵاتداریتی هەموو ئەو زەمەنە لێکدابڕاوانەشە کە یەکە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان پێکی دەهێنن.

بەم جۆرە ئێمە ڕووبەڕووی دوو مەرجی تر دەبینەوە لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون، مەرجی یەکەمیان هاوشوێنیە، واتە کۆمەڵێک گرووپی مرۆیی لە شوێنێکی دیاریکراو دەژین و خۆیان بەهاونیشتیمانی دەبینن.

مەرجی دووەمینیان، بریتییە لە یەکبوونی زەمەنی تاکەکانی ناو ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتداریتی تێیدا سەروەرە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە دەسەڵاتداریتی دەتوانێت دەستی بگاتە دوورترین پنتی شوێن لە زووترین کاتدا..(١٩)

لێرەوە دەسەڵات هەمیشە خۆی لە دڵەڕاوکێدا دەبینێتەوە، چۆن بتوانێت دەستی بگاتە دوورترین شوێن و لە هەموو کاتێکدا ئامادەبێت، کەواتە دەسەڵاتی کوردی قەدەری هاوشوێنی و هاوکاتی کوردەکان دیاری دەکات و سەروەرێتی دەسەڵاتی کوردی لەپاش ڕاپەرین لەبەرهەمهێنانی یەک کولتوور کە هەموو مرۆڤەکان شوناسی خۆیانی لێوە هەڵهێنجێنن دەبینرێتەوە.

حەقیقەتی دەسەڵاتی کوردی ئەوەیە کە کەرتبوونی دەسەڵات بۆتە سیمای ئەو دەسەڵاتە و بەرهەمەکەشی شەڕی ناوخۆیە لە کولتووری ئێمە ئامادەیی خۆی لە ئەمڕۆشدا بەرجەستەکرد.

لە فۆرمێکی نیمچە هاوشێوەدا بەسەر تاک و زەمەندا تەحەکوم دەکات. مەترسی جەنگ لەوەدایە لە ئاڵۆزی پێوەندی نێوان دەزگاکانی حزب و دەزگاکانی کۆمەڵگاوە، پەڕیوەتەوە بۆ داگیرکردن و کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەشدا جەنگ وەک دیاردەیەکی سیاسی چیتر پێناسە ناکرێت، چونکە جەنگ لە دنیای ئێمەدا سیفەتی بەتەنیا سیاسیبوونی خۆی لەدەست داوە و بۆتە خەسڵەتێ لە خەسڵەتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، بەقوڵی بەناو هەناوی کۆمەڵگادا ڕۆچووە و بنەما سایکۆلۆژییەکانی مرۆڤی ئێمەی پەرژینڕێژکردووە، هەر بۆیە کایەی سیاسی و دەسەڵات لەبری چارەسەری کێشەکان دەبێتە سەرچاوەی خوڵقاندنی کێشە.(٢٠)

بە بونیادبوونی جەنگ، ڕەتکردنەوەی ئێستایە و

دووبارەکردنەوەی مێژووە، پرۆسەی بەدوژمنکردنی مرۆڤەکانە لەیەکتر.. جەنگ چەندە ئامادەیی هەبێت، هێندە مرۆڤەکان لەیەکتر دوورن و پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان کاڵتر دەبنەوە، مرۆڤەکانیش هەوڵی دەربازبوون دەدەن لە واقعی کۆمەڵایەتی و هەر بۆیە شەڕی ناوخۆ یەکەمین و کاراترین فاکتەری گەشەدان بوو بە کۆچ.

لەبری یەکخستنی کات و شوێنی مرۆڤەکان، دەسەڵات دەبێتە باشترین فاکتەری دوورخستنەوەی مرۆڤەکان لەیەکتری. ئەم دوورخستنەوەیە تەنیا لە پێگەی جوگرافیدا نابینرێتەوە، بەڵکو لە دوورخستنەوەی دوو مرۆڤی یەک خێزانیشدا دەبینرێت، ئەمەش بۆشاییەکی زەمەنی لەنێوان کایە کۆمەڵایەتییەکاندا دروست دەکات.

کەرتکردنی دەسەڵات دوورخستنەوەی مرۆڤەکانی ژێر هەر دەسەڵاتێک لە یەکتری، ئەمەش پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون لاواز و سست دەکات، مرۆڤەکانی دەرەوەی وڵات پێوەندیەکی باشتر و ڕاستەوخۆیان هەیە بە ناوەوە، لەکاتێکدا مرۆڤەکانی ناو کوردستان تەنیا هۆکارێکی پێوەندی لە نێوانیاندا نییە. چەندە پێوەندییەکان ناڕاستەوخۆبن. هێندەش دەموچاوەکان لەیەکتر دوورەکەونەوە، ئەمەش وا دەکات مرۆڤەکان هەست بە هیچ جۆرە هاوکاتی و هاوشوێنییەک نەکەن لەگەڵ دەسەڵاتەکەی تردا.

تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کورد

لەو ساتەوەی دەسەڵات دەتوانێت، سەروەرێتی بپارێزێت و ڕۆبچێتە ناو کایە کۆمەڵایەتییەکان و پێوەندییەکان ڕێک بخات، سیمای شارستانی و بونیادی دەگەڕێنێتەوە بۆ تاک و کایە کۆمەڵایەتییەکان.

بە پێچەوانەوە لەساتەکانی لاوازی دەسەڵات و گوێنەدان بە ڕێکخستنی شار و نەپاراستنی گیان و ئاسایشی هاووڵاتیان.

مرۆڤەکان ناچاردەبن بگەڕێنەوە بۆ بەهاو فۆرمە ڕەسەنایەتییەکان و وابەستە بوونیان زیاتر دەبێت بە بەها کۆمەڵایەتی و خێڵایەتییەکانەوە لەگەڵ لاوازبوونی دەسەڵاتدا، نەک هەر پێشکەوتن لە فۆرمی پێوەندی و ڕێکخستنی شاردا ڕووندادات بگرە دەگەڕێنەوە بۆ فۆرمە گوندنشینەکان.(۲۱) لەگەڵ ئەوەی کە ڕاپەڕین بە ئامانجی سەربەخۆبوون هاتۆتە کایەوە، بەڵام تا ئێستا تاکی ئێمە بەڕووی خۆیی و بەڕووی کۆمەڵگادا نەکراوەتەوە، پرسیارێک ناکات کوردبوونی مانای چییە؟

بە تەنیا قسەکردن بە کوردی و خواردنی کوردی و جلوبەرگی کوردی، بەڵکو کوردبوونی کرداری نەوەک شوناسێکی نەگۆڕبێت. کرداری بەو مانایەی پرۆسەی دۆزینەوەیەکی بەردەوامە، پرۆسەی دەستکاریکردن و سڕینەوەیەکی بەردەوامە..(۲۲)

کرانەوەی کۆمەڵگا یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای کوردی و ڕەنگە لە پاش ڕاپەڕین ئەم سیمایەش وەک تایبەتمەندییەک بینرابێت، بەڵام کرانەوە لەسەر چ بنەمایەکە و بەچ ئامانجێک و لەچ ئاستێکی کۆمەڵایەتیدا کرانەوە سوودمەند دەبێت.

کرانەوە پرۆسەیەکە کۆمەڵگای سەقامگیر و دڵنیا ئەنجامی دەدات، کە لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا گەیشتۆتە باڵاترین ئاستەکانی بڕوابەخۆبوون، کۆمەڵگایەک هیچ ترسێکی لەدەرەوە نییە، توانای پێوەندی لەگەڵ دەرەوەدا هەیە بێ ئەوەی هیچ شتێکی نەتەوەیی و کولتووری و جەوهەری خۆی لەدەست بدات.. کرانەوەی کۆمەڵگایەکی داگیرکراو ئەمڕۆ نابێتە پێوەندییەکی کارتێکراو لەسەر ئاستی کۆمەڵگاکانی دەرەوەی خۆی..(۲۳)

کورد لە ڕابردوودا کۆیلەی دەرەوەو لە ئێستادا کۆیلەی جەنگە.. تایبەتمەندییەکانی جیاوازی هەیە لەگەڵ کۆمەڵگایەکی پێگەیشتوو کە هەمیشە لە هەوڵی خۆ دروستکردن و خۆگۆڕیندایە.

کۆمەڵگای کوردی بەئازادییەک گەیشت کە دەیتوانی مومارەسەی ئازادی وەک ڕووبەرێکی فراوانی ئازادی تاکەکان بخاتە کارو..ماف و بەرژەوەندی تاکەکانیش بەرجەستە بکات. دەکرێت بڵێین ئازادی و دەسەڵات تایبەتمەندییەکی نزیکە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوونەوە گەر ئەو ئازادی و دەسەڵاتە لەپێناو ڕێکخستن و نوێکردنەوەی کایە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا بەکاربهێنرێت، ئەمەش وادەکات گۆڕان لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتیدا ڕووبدات و تاکەکان خۆیان لەناو ڕێکخستنی بەردەوامدا ببینەوە.

ئەمانە چەند تایبەتمەندییەکن کە کورد وەک میللەتێک خاوەنیەتی و دەتوانێت لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا بیخاتەکار.

لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵگای کوردی خاڵی نییە لەچەندین دەسەڵاتی بزوێنەری تر کە ڕێگا بەنوێبوونەوە نادەن و زۆرترین دەسەڵات مومارەسە دەکەن لەسەر ئاستی تاک و

کۆمەڵ، ئەمەش لەگەڵ پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونداناکۆک و نەگونجاوە، چونکە ئەم دەسەڵاتانە چەسپاوی پێوەندییەکان دووبارە دەکەنەوە و دەبنە تایبەتمەندییەکی ڕێگر بۆ پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون..

پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون پێویستی بەکارکردنێکی قوواڵی خود هەیە کە سەرجەم تاکەکان لەو چوارچێوەیەدا کۆبکاتەوە و تایبەتمەندییەکانی وەک زمانی هاوبەش و خاکی هاوبەش وفەرهەنگ و کولتووری کورد لە خزمەت پرۆسەی بە کۆمکەڵگابووندا بخاتەکار.

ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورد
خێزان.. خێڵ.. عەشیرەت

کۆمەڵناسی ئەمریکی چارلس هورتن کولی زاراوەی گرووپە سەرەتاییەکان بۆ وەسفکردنی گرووپەکانی وەک خێزان و هاوسێیەتی بەکاردەهێنا، بە بڕوای کولی، ئەندامان لەم جۆرە گرووپانەدا فێری پابەندبوون بە بەڵێن و دڵسۆزی و پەیوەستی بەوانی ترەوە دەبن...

خەسڵەتە هاوبەشەکانی گرووپە سەرەتاییەکان بریتیین لە پێوەندی ڕووبەڕوو، وەفاداری، پەیوەستەیی سۆزداری، هاوکاری نزیک و پێوەندی برادەری... تاد.

لە ڕوانگەی کولییەوە هەر یەکێک لەم خەسڵەتانە ئامانجن نەک هۆ، گرووپی سەرەتایی بنچینە سەرەتاییەکانی مەعریفەی ژیانی پێشکەش بە تاک دەکات.

لەوانەیە گرووپ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی کەسێک، یاخود دوو کەس یاخود پشت ئەستوور بێت بە بەشداری هەموو تاکەکان.

لەوانەیە گرووپ هۆکاری سوودمەندی و چالاکی، یاخود لە کارخەرەوەی بێت.(٢٤)

خێزان وەک کایەیەکی کۆمەڵایەتی لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا ئەرکی سەرەکی خۆی لە پەروەردەکردنی منداڵدا دەبینێتەوە، ئەم کار لەسەرکردنی پەروەردەییەش لە قۆناغی لەدایکبوونەوە دەست پێدەکات و درێژترین زەمەنی تاکەکان داگیردەکات.. منداڵ لەناو خێزاندا لەدایک دەبێت و لەناو خێزاندا پەروەردە و گەورە دەکرێت و بەئامانجی پێکهێنانی خێزانێکی تر خۆی لە خێزانی سەرەکی قوتار دەکات.

لە کۆمەڵگای ئێمەدا خێزان چالاکترین و کاریگەرترین ناوەندی مەعریفی ئاکارییە بۆ سەر تاکەکان و قوواڵترین ڕۆچوونی لەناو هەست و سۆزو بیروبۆچوونی تاکدا هەیە.. لە هەموو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا دەستی گەیشتۆتە هەموو تاکەکانی و ئاراستەی کردوون.

تێڕوانینی سۆسیۆلۆژی بۆ خێزان، تێڕوانینە وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ، یان پاشکۆ، یان هەردوو خەسڵەتەکە، ئەمەش لەئەنجامی پشتبەستنی خێزانەوە وێنا دەکرێت.. گەر خێزان وەک گرووپێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا کرا، ئەوا وەک گۆڕاوێکی سەربەخۆ کار لە تاکەکانی دەکات، دەشکرێت گۆڕاوێکی پاشکۆ بێت بەهۆی کاریگەربوونی تاکێکەوە گۆڕان ببینرێت، گەر وەک سیستمێک پێناسەی بکەین ئەوا سیستمێکی سەربەخۆیە وەک هەر سیستمێکی تری وەک دین و دەوڵەت. دەبێتە پاشکۆیەک ئەو کاتەی دەکەوێتە ژێر کاریگەری سیستمێکەوە.

خێزان وەک ڕەهەندێکی کارلێکەر و کارتێکراو دەبینرێت لەیەک کاتدا، ئەم خوێندنەوەیە ڕووبەڕووی تاکەکانی خێزان و تەواوی کۆمەڵگا دەبێتەوە..(٢٥)

خێزان کاریگەرییەکی ئاراستەیی بەرەو ئایدیۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەسەر منداڵدا هەیە، بەڵام خودی خێزان تاکێک بەرهەم دەهێنێت کە مافی پرسیاری زۆری نەبێت، وا لەتاک دەکات لە ژیان بترسێت و لە بەرامبەر دەسەڵاتیشدا ملکەچ بێت، کەواتە کار لەسەر ملکەچ پێکردنی تاکەکان دەکات بۆ سەرکردەیەک..(٢٦)

فرۆید کاتێک باس لە چەمکی چەپاندن دەکات و دەڵێت باشترین میکانیزمە کە کۆمەڵگا وەک قەڵغانێک بۆ بەرگریکردن لە پرسیار و ئارەزووی تاکەکان بەکاری دەهێنێت..(٢٧)

خێزانیش وەک یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەو پێگەیەی کە کەسێتی تاک بەرهەم دەهێنێت، هەمیشە کار لەسەر میکانیزمی چەپاندن دەکات و هەر ئەم منداڵە چەپێنراوەش دەخاتە بەردەم واقیعی کۆمەڵگا و هەڵوێستەکانی. خێزانی کوردی زۆرترین ئەرکی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە ئەستۆدایە، هەر بۆیە بەمافی خۆشی دەزانێت زۆرترین بەشداری هەبێت لە پێکهاتەی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی تاکەکانیدا.

خێڵ

ئەو دەسەڵاتە بەردەوامەی لەناو کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا ئامادەیی خۆی هەیە، ئەو خێڵایەتییەی تەحەکوم بەڕووبەری ژیان و جیهانی تاک و خێزانەکانەوە دەکات.. بە بەردەوامی لە واقیعی کۆمەڵگای ئێمەدا

بوونی هەیە، زیندووکردنەوەی خێڵ و چوونە ناو دەزگاکانی حکومەت دوا مومارەسەی دەسەڵاتی خێل و سەرەک خێڵەکانی کورد بۆ ناعەقڵانیکردنی پرۆسەی بنیاتنانەوە، سادەکردنەوە و خوێندنەوەی ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگایە بە سادەییەکانی خۆیان...

خێڵ و بەشداریکردنی لە دەزگاکاندا، مەترسی تێکچوونی پێوەندییەکانی دەزگاکانە بەهۆی بەربەرەکانی و پێکدادانی خێڵایەتییەوە لەناو خۆیاندا هەمان شت دەگوێزنەوە بۆ ناو دەزگاکان.

قوربانیانی شەڕی ناوخۆو داگیرکردنی هەر پنتێکی وڵات کاردانەوەی بنەماڵەو خێڵی لێدەکەوێتەوە و شەڕ لە فۆرمێکی سیاسییەوە دەگۆڕێت بۆ ململانێی خێڵ و تۆڵەسەندنەوە..(۲۸)

لەدوای خێزان خێڵ ئەو گرووپەیە کە تاک خۆی تێدا دەبینێتەوە دەتوانین بڵێین خێڵ پێگەی خۆی لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لە دەست نەداوە. خێڵ کۆبەکی گەورەیە کە لەسەر بنەمای سڕینەوەی جیاوازییەکانی ناو (کۆ) بچکۆڵەکانی ناو هەناوی دروست دەبێت هەمان بونیادی خێزانە، بەڵام لە پانتاییەکی گەورەتردا.

لەئاستی کۆمەڵایەتیدا خێڵ کۆبوونەوەی کۆمەڵێ خێزانە لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی گەورەتر لە خێزان ، هەر بۆیە ڕێسای دروستبوون و کارکردن و بەردەوام بوونی ئەو یەکە کۆمەڵایەتییەیە لەسەر سڕینەوەی جیاوازییەکانی ئەو خێزانانە پێک دێت کەدەچنە ئەو بازنەیەوە(۲۹).

تاکی ئێمە لەگەمەیەکدایە سەرتاپا دژ بەیەک و ناکۆکن لەگەڵ یەکدیدا، ناچارە دەموچاوی خۆی وا لێ بکات بۆ ئەوەی ڕوخساری خێڵ دەربکەوێت، شوناسی خۆی بدۆڕێنێ بۆئەوەی شوناسی خێڵ بباتەوە، تاکەکان پێویستە وەک یەک بژین، وەک یەک بیربکەنەوە و تەنیا شوناسێک بناسن کە شوناسی خێڵە.

لەلایەکی ترەوە ئەو ڕاوبۆچوون و شوناسەی ناچار بووە بیچەپێنێ، دەبێ لە ئاستێکی تردا بەڕووی دەرەوەی خێڵ و لەدژی خێڵی تر بەرزی بکاتەوە.(۳۰)

ئەو جەنگە لە لێسەندنەوەی مافی تاکەکان نەبێت، هیچی تر نییە و جگە لە داگیرکردنی ڕووبەری ژیان و جیهانی ژیانی تاکەکان هیچ مانایەکی تری نییە.

خێڵ خەون بە فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیەوە دەبینێ، هەر بۆیە پەل دەکێشێتە شارەکان. بە فراوانکردنی ئەو دەسەڵاتەش تاک بە هەموو ماناکان دەسڕێتەوە، تاک ناچار دەبێت بەهۆی ئەو دەسەڵاتەوە شوناسی خۆی دیاری بکات.(۳۱)

ئەم پرۆسەی فراوانکردنی دەسەڵاتی خێڵە کە سیمایەکی دەسەڵاتی کوردییە بە شێوەیەک ئاوێزانی دەزگاکان دەبێت، کە نازانرێت خێڵ هاتۆتە ناو دەزگاوە، یان دەزگا چۆتە ناو پێکهاتەی خێڵەوە. ئەم پرۆسەی ئاوێزان بوونە بە شێوەیەک دەبینرێت کە حزبی کوردیش چۆتە چوارچێوەیەکی خێڵەکییەوە.

ئەمەش پرۆسەی خێڵایەتیکردنی دەزگا و کایە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە کە قەیرانێکی کۆمەڵایەتی گەورەی بەردەم پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونە.

عەشیرەت

دەستەیەکی سیاسییە و تایەفە و تیرە و دەستە و تاقمی خزمی یەکترن، هەر عەشیرەتێک لە تایفەیەک، یان زیاتر پێک دێت، تایەفەش لەچەند تیرەیەک، عەشیرەت سەرکۆی گشت تیرەکانە..(۳۲)

لیج عەشیرەت بە دەستەیەکی سیاسی ناودەبات و تایەفە و تیرە بەدەستەو تاقمی خزمی یەکتر..(۳۳)

سەرەک عەشیرەتەکان لە ستراکتۆری کۆمەڵایەتی کورددا ڕۆڵی سەرکردەو بڕیاردەر دەبینن، هەرچەندە ستراکتۆری عەشیرەتگەرایی و خێڵگەرایی لە دەیەکانی ڕابردوودا بەرەو کزبوون دەچوو، بەڵام دروستکردنی(افواج خفیفة) لەلایەن ڕژێمی بەغداوە ئەو ستراکتۆرەی سەرلەنوێ زیندوو کردەوە.

لە دوای ڕاپەڕینیش شەڕی ناوخۆ بووە هۆی سەرلەنوێ گرنگیدانەوە بە خێڵ و عەشیرەتەکان لەلایەن حزبە کوردییەکانەوە.. سەرەک عەشیرەت قەدەری ژیان و مەرگی تاکەکان بە بڕیارێک یەکلادەکاتەوە، چ لە شەڕی عەشایەری، یان شەڕی حزبی، چونکە سەرەک عەشیرەتەکان پەرلەمانتارێکی خاوەن پلە وپایەو بڕیارن لە کاروبارە سیاسییەکاندا ڕاوێژیان پێدەکرێت.

هێنانی سەرەک عەشیرەت بۆ ناو کایەی سیاسی و بڕیاری سیاسی زیندووڕاگرتن و فراوانکردنی دەسەڵاتێتی وەک هەر سیستمێکی تری ڕەسمی.

تا هەنووکە خێڵ و عەشیرەت بەرگری لە گۆڕان دەکەن و دەسەڵاتیان پتەوتر دەکەن.. کایەی سیاسیش وەک ستراکتۆرێکی سەربەخۆ و حساب بۆکراو لە هەموو ڕەوشە سیاسی و نەتەوەییەکاندا مامەڵەی تایبەت و کاری تایبەت بەڕاوبۆچوونیان دەکات..

پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان.. فۆرمی پێوەندییەکان.. فراوان بوونی پێوەندییەکان

یەکێک لەو چەمکانەی کە دەچێتە بازنەی پێوەندییەکان و بگرە زۆرێک لە پێوەندییەکانی ئێمە دەگرێتەوە، خزمایەتییە، کە دەکرێت بە پێوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانی خێزان پێناسەی بکەین، خزمایەتی وەسفی پێوەندی دانەبڕاوی ئێمە دەکات لەگەڵ دایک و باوک وخوشک و براکانماندا، یان بۆ تۆڕێکی فراوانتری خزمایەتی واتە مام و پوور و خاڵ و منداڵەکانیان و..تاد، بەکاربرێت.(٣٤)

زۆرجار وشەی هاوخوێنی بەکارهێناوە، لە ڕووی زمانەوانییەوە بە مانای (لەیەک خوێن) دێت، لەم حاڵەتەدا خزمایەتی لەڕێی باوکەوە دیاری دەکرێت، ژمارەیەکی زۆری خزمان لە شوێنێکدا یان لە نزیکی یەکترییەوە ژیان بەسەر دەبەن کە پێک دێت لە داپیرەو باپیرەو کوڕەکانیان، هاوسەرو منداڵەکانی کوڕەکانیان و تەنانەت هەندێ جار نەوەی ئەمانیش.(٣٥)

تاکەکان لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەکەن، لە نێوانیاندا تۆڕێک لە پێوەندی بەرقەراوە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە پرۆسەی بە کۆمەڵگابوونداو لە فۆرمی هاوخوێنی و خزمایەتی تێدەپەڕێت، چونکە شوێن چیتر نابێتە جەبرێک بەسەر تاکەکان و دوورو نزیکیان لە یەکترەوە لاوازی و پتەوی پێوەندییەکان دیاری ناکات.

لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا خزمایەتی و هاوخوێنی بنەمای پێوەندی کۆمەڵایەتییە، چونکە پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوون لە دۆخێکی باشدا بەرجەستە دەبێت، لە کاتێکدا پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون بەندبوونی مرۆڤ بەشوێن و کاتەوە تێک دەشکێنێت و پێوەندی و بەندبوونێکی نوێ دروست دەبێت کە لە جۆری نوێی دابەشبوونی کارو جیاوازی کۆمەڵایەتی و گرووپی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەدەن، گرووپە کۆنەکان یان ون دەبن یاخود خۆیان لەگەڵ پرۆسەی بە کۆمەڵگابووندا دەگونجێنن.(٣٦)

تاکەکان لە ئەنجامی کۆچکردنیان بۆ دەرەوە چەندین پێوەندی نوێ دروست دەکەن، لەهەمان کاتدا هەرچەندە لە خزمەکانیانەوە دوورین پێوەندی نێوانیان هەر دەمێنێت..

لە شارەکاندا دابەشبوونی کار و پسپۆرێتی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە فراوانکردنی کۆڕی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، ئاڵۆزی پێوەندییەکان جێگای سادەیی و خزمایەتی دەگرێتەوە...

ناتوانین بڵێین لە شارەکاندا پێوەندی خوێن و خزمایەتی لەناودەچێت، بەڵکو لەگەڵ ئەمانەشدا چەندین پێوەندی کارو هاوڕێیەتی دروست دەبێت، وا دەکات ئامانج لەپشت هەموو پێوەندییەکانەوە ببینرێت، هەر بۆیە ماکس ڤیبەر باس لە دوو جۆر لە پێوەندی دەکات کە لە ئەنجامی دوو جۆر لە کردەی کۆمەڵایەتییەوە دەردەکەون، پێوەندییەکیان لەسەر بنەمای پەیمانی کۆمەڵایەتی و مەرج نییە نووسراو بێت، هەموو تاکەکان لەسەر بناغەی نرخ و بەهای جیا جیا پێکەوە دەبەسترێن..

پێوەندی دووەمیان تۆڕێکە لە پێوەندی کۆمەڵایەتی، کە ئامانجێکی عەقڵانی لەپشت ئەم پێوەندییانەوەیە و مرۆڤەکان بە ئیرادەی خۆیان هەڵاوێردی ئەم فۆرمی پێوەندییە دەکەن..(٣٧)

پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون هەمیشە لە گۆڕینی فۆرمی پێوەندییەکانی تاکدایە و ئەمەش لەپێناو بنیاتنانەوەی تاکەکاندا، بۆئەوەی ڕۆتین نەبێتە خاسیەتی کردە کۆمەڵایەتییەکان و تاک پرسیار لە پێوەندی و ژیانی خۆی نەکات.

عەقڵانییەت لە پێوەندی و لە ڕێکخستنی زەمەنی تاکدا یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پێوەندییەکانی شار و نزیک دەبێتەوە لە پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون.

تاکی کورد پێگەیەک لەناو خێزان و کۆمەڵ، یان بااڵدەستبوونی یەکە کۆمەڵایەتییەکانە

جۆن لۆک پێی وایە مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی ئاشتیخواز و هاریکارە لەبەرئەوە ژیانی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی ئاسایی دەستەبەر دەبێت، پاراستنی بەرژەوەندی تاک لەئەستۆی دەوڵەتدایە، کۆمەڵگای سروشتی پشت بە پەیمانی کۆمەڵایەتی دەبەستێت، یان ڕێکەوتنی هاوبەش، ڕۆسۆ باس لە گەڕانەوەی سروشت دەکات و پێی وایە سەروەری خەڵک دەستەبەر دەکات، بەاڵم ئەگەر دۆکترانیەکەی ڕۆسۆ لە دەوڵەتە گەورەکاندا پیادەبکرێت ئەوا (ئیرادەی گشتی ڕەها دەبێت) ..(٣٨)

تاک لەکۆمەڵگای ئێمەدا تاچەندە خاوەنی بڕیاری خۆیەتی و پێگەیەکە لەناو خێزان و گرووپە کۆمەڵایەتییەکانداە؟

خێزان یەکەمین کایەی کۆمەڵایەتییە لە پێگەیاندن و پەروەردەکردنی مرۆڤەکاندا، هەر لەوێشەوە سنوورە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان فێردەبێت، دەسەاڵت لەنێوان خێزانی کوردیدا دابەش دەبێت لە پلەی باوکایەتییەوە تادەگاتە بچووکترین ئەندامەکانی خێزان.

تاکی ئێمە هەر لەدایک بوونیەوە تا کۆتایی ژیان کار لەسەر لایەنێکی دەکرێت و لایەکی تری فەرامۆش دەکرێت.

ئەرک لە کولتووری ستراکتۆری کۆمەڵایەتی ئێمدا پانتایی داگیرکردووە، هەمیشە دەوترێت پێویستە ئەوە بکەین و ئەوەیان نەکەین، چونکە کۆمەڵگا قبوولّی ناکات. لایەنەکەی تر کەباسی لێوە ناکرێت، مافی تاکە لەژیان و جیهانی ژیان و هەڵبژاردن و تەنانەت قسەکردن و پرسیارکردنیشدا، هەر بۆیە مرۆڤی ئێمە تاکێکە لەترس و بەکەم زانین.

ئەمەش بالادەستبوونی کایەی کۆمەڵایەتی دەردەخات، کەتاک بەیەک ئاراستە پێدەگەیەنێت و ئیش و کارلێکردنە ، قسەو بۆچوونی ئەو گەر نەڵێین بەهەند ناگیرێت، دەتوانین بڵێین لە سنووریکی ئێجگار کەمدایە، بەڕادەیەک خێزان سەرچاوەی بڕیاردان و ئاراستەکردنی تاکە کە ناتوانێت لە بڕیارە خودیەکانیشدا قسەی خۆی هەبێت.

لەلایەکی ترەوە ئەو دووفاقییەی کە کۆمەڵگای ئێمە لە تاکەکاندا بەرهەمی دەهێنێتەوە، دەرەنجامی دووفاقەیی باکگراوندی خێزانی ئێمەیە، هەرچەندە لە شاردا دەژین و دەمامکی شارنشینیان پۆشیوە، لە بیرکردنەوە و ڕەفتارو مومارەسەکردنی دەسەڵاتدا درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خێڵ و بەرهەم هێنانەوەیەتی لە فۆرمێکی تردا(٣٩)

تاکی ئێمە گەر بە بڕوانامەو شوێنی نیشتەجێبوون پێودانگ بکرێت، تاکێکی ئەکتیڤ و کاریگەرەو دەتوانێت لە پانتاییەکی فراواندا تاکێکی کارا بێت.

گرفت لەوەدایە تاکی ئێمە سەربەخۆ نییە، هەمیشە پاشکۆی عەقڵیەتی خێڵ و دووبارەکردنەوە و پارێزگاری کردنە لە پێگەی سەرەک عەشیرەت و داب ونەریتی دواکەوتووی کۆمەڵگا.

ئەمە بە پلەی یەکەم سڕینەوەو دابڕینی تاکە لە بیرکردنەوەو هەوڵەکانی بۆ گۆڕان، جارێکی تر کردنی شارەکانە بە گوندێکی گەورەو بەرجەستەکردنی هەمان تاکی دووفاقییە لە ڕەفتار و بیرکردنەوەو تێڕوانیندا. پێویستە تاک قسەیەکی هەبێت لە ئاست ئەرکەکانیدا. جیاوازییەکی هەبێت لەگەڵ هەموو دووبارەبووەکانی خێزان و کۆمەڵدا.

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- هاشم سالّح، (پیر بوردیۆ) و سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ، گۆڤاری سەردەم، وەرگێڕانی، شوان ئەحمەد، سالّی ٢٠٠١، ژمارە،١٤،ل ٧-٨.

٢- جوردن مارشال، موسوعة علم الاجتماع، الجماعة والجماعة الاجتماعية، سنة،٢٠٠٠، الطبعة الاولى، ص٤٤

٣- ر.م ماكيڤر، الجماعة دراسة في علم الاجتماع، الناشر الفكر العربي، سنة ١٩٦٨،ص٢١.

٤- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠.

٥- ر.م ماكيڤر، نفس المصدر، ص٢٤.

٦- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٠.

٨- ڕێبوار سیوەیلی، لە تۆڵەوە بۆ لێکبووردن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٣)، ل٧.

٩- لویس. ئەی. کۆسەر، ئۆگست کۆنت، وەرگێڕانی ئەلبێرت عیسا، گۆڤاری سەردەم، ژمارە(٧)، ل١٣-١٤.

١٠- مەنوچیهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ڕێبوار سیوەیلی، موصلیح ئیروانی، ئەبوبەکر عەلی، موراد حەکیم، دارا سوبحان، تەحسین تەها، دڵشاد حەمە، سالّی ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، هەولێر، ل١٣٣

١١- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٨.

١٢- ڕێبوار سیوەیلی، مۆدێرنێتی و قەیران، گۆڤاری سەردەم، ئابی ١٩٩٩، ژمارە٤، ل١٠.

١٣- د.عبدالوهاب الكيالي، الموسوعة السياسية، الجزء الاول، ١٩٧٩،الطبعة الاولى، ص١٥٩.

١٤- عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگای کوردیدا، ١٩٩٩، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ل١٧٢.

١٥- ڕێبوار سیوەیلی، لە تۆڵەوە بۆ لێکبووردن، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ژمارە (٢٦٤٣)، بەرواری١٦-١٢-٢٠٠١، ل٧.

١٦- بەیاد عەبدولقادر، دەروازەی گۆڕانی کۆمەڵ،١٩٨٧، بەغدا، چاپی یەکەم، ل٤٣

١٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٠

١٨- ڕەهەند، سالّی ١٩٩٨، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە(٦)، ل ٥٩ - ٦١

١٩- ئاراس فەتاح،دەسەڵاتداریتی و پرۆسەی بە کۆمەڵگابوون، گۆڤاری ڕەهەند، سالّی٢٠٠٠، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە٩-١٠، ل ٣٧

٢٠- مەریوان وریا قانع، شەڕی ناوخۆ- خێڵ- حزب - سیاسەت، گۆڤاری ڕەهەند، نێوەندی ڕەهەند بۆ

لێکۆڵینەوەی کوردی، ساڵی ١٩٨٦-ژمارە(١)،ل ٢٣
٢١- د.علي الوردي، دراسة في طبيعة المجتمع العراقي، سنة ١٩٩٨، الطبعة الثانية، ص ١٤
٢٢- بەختیار عەلی، سەدەی ناسیۆنالیزم، بەرەو داڕشتنی زەمینەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ناکۆکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، گۆڤاری ڕەهەند، ساڵی ٢٠٠٠، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە٩-١٠، ل ١٣٩
٢٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ١٦٣-١٦٤.
٢٤- مەنوچێهر موحسینی، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێڕانی، ڕێبوار سیوەیلی، و... ، ساڵی٢٠٠٢، هەولێر، ل١٧٤-١٧٥.
٢٥- د.محمد الجوهري، و...، دراسة علم الاجتماع، سنة ١٩٧٥، الطبعة الثانية، دار المعارف بمصر، ص٢٦١-٢٧٠.
٢٦- ویلهلم ڕایش، خێزانی دەسەڵاتخواز وەک دەزگایەکی پەروەردەیی، وەرگێڕانی، حەسەن یاسین، گۆڤاری گوتار،١٩پ، ژمارە(٥)
٢٧- جەمال حوسێن، کۆمەڵگا، تاک وەک وێنەیەکی کار لەسەرکراو، گۆڤاری نما، ساڵی٢٠٠١،ژمارە(٤)، ل١٠٤
٢٨- د.فالح عبدالجبار، دەوڵەت و کۆمەڵگا و خێڵ لە عێراقدا-١٩٦٨-١٩٩٨ گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ساڵی٢٠٠٢، ژمارە(٢٣)، ل١٦٢.
٢٩- مەریوان وریا قانع، هەمان سەرچاوە، ل٣٨-٣٩.
٣٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٤٠.
٣١- نیهاد جامی، کۆمەڵی مەدەنی وەهمی حزب و خەونی خێڵ،گۆڤاری نما، ساڵی٢٠٠١، ژمارە(٤)،ل٦٧
٣٢- مارتن ڤان برونەنسن، ئاغا و شێخ و دەوڵەت، وەرگێڕانی کوردۆ، ساڵی ١٩٩٩، چاپی سێیەم، ل ٨٠.
٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٤.
٣٤- مەنوچێهر موحسینی، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨٢
٣٥- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩١.
٣٦- ئاراس فەتاح، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.
٣٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤.
٣٧- کەریم عومەر، دەوڵەت و مرۆڤ، گۆڤاری گوتار، ساڵی ١٩٩٩، ژمارە(٧-٨)، ل ١٩٣-١٩٤.
٣٩- د.علي الوردي، وعاظ السلاطين، سنة ١٩٩٥، الطبعة الثانية-بيروت، ص٣٦-٤٨.

کورتەیەک لە مێژووی هزری ڕامیاری لە سەردەمی ڕێنسانسدا

د. کەمال پوولادی
و/ لە فارسییەوە: ئازاد وەڵەدبەگی

(٢ - ٢)

نەخشەی گشتی تیۆری ڕامیاریی ماکیا ڤیللی

دوو کتێبی جیاواز بۆ یەک تیۆری

تیۆری ڕامیاری ماکیا ڤیللی بەشێوەیەکی سەرەکی لە هەردوو کتێبی وتارەکان و میردا هاتووە. لە ڕوانگەتدا وادیارە لەنێوان ئەم دوو کتێبە و ئەو تیۆریانەی کە تێیاندا خراونەتە ڕوو، هیچ پێوەندییەک لە ئارادا نییە و تەنانەت هەندێ کەس ئەو تیۆرییانەی کە لەم دوو کتێبەدا خراونەتە ڕوو، دژ بەیەک دەزانن.

لە وتارەکاندا ماکیا ڤیللی بەرگری لە کۆماریی و بەهاکانی ئازادی دەکات و لە میردا باس لە چۆنیەتی بە دەستهێنان و پاراستنی دەسەلآت و بەها بنچینەییەکانی ئاسایش دەکات، بەڵام هەروەک لە داهاتوودا دەڵێین نابێ تیۆرییەکانی ماکیا ڤیللی لەم دوو کتێبەدا دژ بەیەک بزانین بە هەرحاڵ ماکیا ڤیللی کەسێکی کۆماریخوازە. جیاوازی لەنێوان ناوەرۆکی ئەم دوو کتێبە بۆ ئەو هۆیە دەگەڕێتەوە کە ماکیا ڤیللی کتێبی میری بۆ کۆمەڵگایەک نووسیوە کە تووشی گەندەڵی بووە، کۆمەڵگایەک کە خەڵک و سیاسەتەکەی تووشی گەندەڵی هاتوون و پاشای نوێ دەبێ ڕیفۆرمی تێدا بکات. ئەگەر بمانەوێ بەکەڵک وەرگرتن لە زاراوە ئەرەستۆییەکان مەبەستەکەی خۆمان دەربېرین دەبێ بڵێین کە کتێبی میر بۆ ڕەوشێکە کە مادە کۆمەڵایەتییەکەی تووشی گەندەڵی بووە، بەڵام کتێبی وتارەکان بۆ کۆمەڵگایەکە کە مادە کۆمەڵایەتییەکەی ساغلەمە و خەڵکەکەی خاوەن فەزیلەتی ڕامیارین، هەر بۆیە باشترین حکومەت بۆ ئەم کۆمەڵگایە حکومەتی کۆمارییە.

خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە ماکیا ڤیللی و گەلێک لە نووسەرانی هیۆمانسیتی سەردەمی ئەو لە ڕووی ناوەرۆکەوە جیاوازییان دانەدەنا لەنێوان حکومەتی پاشایەتی سنووردار و دەستووری لەگەڵ سیستەمی کۆماریدا. بە وتەیەکی تر شێوازی حکومەت بۆ ئەوان گرنگ نەبوو، ئەوەی کە گرنگ بوو پاراستنی «ئازادییە»کانی خەڵک بوو و هەروەک لە داهاتوودا دەڵێین ئەو لێکدانەوەیەی کە ماکیا ڤیللی بۆ ئازادی بەکاری هێناوە لەگەڵ لێکدانەوەی ئەمڕۆیدا جیاوازە.

ماکیا ڤیللی وەک تیۆردارێژ

ماکیا ڤیللی بەواتای تەکنیکی زاراوەکە فەیلەسووفێکی ڕامیاری نییە و لەو کەسانە نییە کە بە دروستکەری سیستەمی فەلسەفی لە قەڵەم بدرێت.

ئەو لەو کەسانە نییە کە لە نامیلکەیەکی دیاریکراودا بەشێوەیەکی ڕێکوپێک تیۆری خۆی لە بارەی مرۆڤ و حکومەت خستبێتە ڕوو، بەڵکو نووسراوەکانی ئەو پرشوبڵاون. هەر بۆیە ئەو کەسانەی کە بەبێ وردبینی پێویست و تێڕوانینێکی هەمەلایەنە نووسراوەکانی ئەویان خوێندۆتەوە تێگەیشتنی جیاوازە، نادروست و تەنانەت دژ بەیەکیان لێ کردووە. بەم حاڵەش ڕاڤەکاران

توانیویانە یەکگرتوویی‌یەک لەنێوان تیۆرییەکانی ماکیا ڤیللیدا بدۆزنەوە و بەشێوەی هزرێکی سیستماتیک بیخەنە ڕوو. ئێمە لەم نووسراوەدا پەیڕەوبمان لە بۆچوونی ئەم گرووپە کردووە.

یەکێک لە کارە گەورەکانی ماکیا ڤیللی ئەوەبوو کە سیاسەتی بە بواریکی سەربەخۆ لە قەڵەم دا و هەوڵی دا سیستەم و ڕێساکانی ژیانی ڕامیاری لەناو خودی ئەم بوارەدا بدۆزێتەوە. ئەو هەوڵی دا کە بە تێڕوانینێکی عەقڵانی و بەدوور لە دادوەریکردنی پێشوەختە شێوازەکانی بەدەست هێنان و پاراستنی دەسەڵاتی ڕامیاری شی بکاتەوە. بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیەش بە شێوازی تایبەتی خۆی سوودی لە توێژینەوەی پشکنەرانە وەرگرت. مێژوو ئەو بوارە بوو کە ماکیا ڤیللی بۆ توێژینەوەی پشکنەرانە کەڵکی لێوەرگرت. جگە لەمەش، ڕووداوەکانی سەردەمی خۆیشی گەلێک کەرەستە و پێداویستی خستبووە بەردەستی بۆ توێژینەوە و هەڵێنجان.

خاڵی دەستپێکی ماکیا ڤیللی لە تیۆرییە ڕامیارییەکەیدا سروشتی مرۆڤە کە ئەو بەسەقامگیر و نەگۆڕی لەقەڵەم دەدات. لێکدانەوەی ماکیا ڤیللی بۆ سروشتی مرۆڤ لەگەڵ لێکدانەوەی زانایانی پێشوودا جیاوازە. زانایانی پێشوو مرۆڤیان بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی دەژمارد و دەرهاویشتە ناکۆمەڵایەتییەکانی ڕەفتاری ئەویان بە نەخۆشی و لادان لە قەڵەم دەدا، بەڵام ماکیا ڤیللی مرۆڤ بە بوونەوەرێکی خۆپەرست دەزانێ کە شوێنکەوتووی خواست و ئارەزووە بێ کۆتاییەکانی خۆیەتی. لە دیدگای ئەودا مرۆڤ بوونەوەرێکی ڕوالەت بینە و هەوڵی پاراستنی نەفسی خۆی دەدات و ئەم پاڵنەری خۆپارێزی و سروشتی ڕوالەت بینە وای لێکردووە کە لەلایەن ڕێبەرانی ڕامیارییەوە دەستەمۆ بکرێت و ئامادەی وەرگرتنی ڕێکخستنی ڕامیاری بێت. ڕێکخراوی ڕامیاری عەقڵانی دەتوانێ ئەم بوونەوەرە خۆپەرستە ملکەچی ڕێکوپێکی و فەزیلەتی ڕامیاری بکات. بەم جۆرە فەزیلەتی شارستانی دەتوانێ ببێتە بەشێک لە سروشتی دووەمی مرۆڤ.

کەوابوو سروشتی مرۆڤ کەرەستەیەکی سەرەتایی و خاوە کە ڕێبەرایەتی ڕامیاری دەتوانێ بۆ پەروەردەکردنی فەزیلەتی شارستانی کەڵکی لێوەربگرێت. ئامانجی بەرزی کۆمەڵگای ڕامیاری بەرژەوەندی، ئاسایش و بەختەوەری خەڵکە لەم جیهانەدا نەک ئەو مەبەستە ئەخلاقییەی کە هزرڤانانی پێشوو بە دوایەوەبوون.

فەزیلەت، یا شایستەیی وەک هێزی پاڵنەری ڕەفتاری مرۆڤ زانایانی بەر لە ماکیا ڤیللی فەزیلەتیان بەهێزێک دادەنا کە لەناو ڕۆح، یا سروشتی مرۆڤدایە، بەڵام ماکیا ڤیللی لەو باوەڕەدابوو کە فەزیلەت تەنیا لە کۆمەڵگا دەتوانێ شێوازی کردەیی بەخۆیەوە بگرێت. مرۆڤ دەبێ بەهۆی یاسا و داب خۆی بەخشڵی فەزیلەت بڕازێنێتەوە.

فەزیلەت لە چوارچێوەی چاکەی گشتیدا پێناسە دەکرێت. چاکەی گشتیش ئەو ئامانجەیە کە سەرجەم کۆمەڵگایەک بە دوایدا دەگەڕێ، وەک ئاسایش، سەقامگیریی «ئازادی» و حکومەتی یاسا. فەزیلەت ناتوانی شتێک بێت جگە لە فەزیلەتی شارستانی. مرۆڤ ئەگەرچی بوونەوەرێکی خۆپەرستە، بەڵام دەتوانرێت بە ڕۆحێکی گرووپی پەروەردە بکرێت. مرۆڤ لە سروشتی خۆیدا باش نییە، بەڵام دەتوانرێت بەشێوەیەکی باش پەروەردە بکرێت.

پرسیار ئەوەیە کە بە چ شێوازێک دەکرێت ئەم مرۆڤە خراپانە بە چاکە پەروەردە بکرێن؟ وەڵام ئەوەیە بە ئارەزووی گەورەیی و شکۆمەندیی و شایستەیی لەلایەن (پاشای نوێ) و بە ترس و پاڵنەری خۆپارێزیی لەلایەن خەڵکەوە. «پاشای نوێ»ش پاڵنەری خۆپەرستی و قازانج پەرستی هەیە، بەڵام خۆپەرستی ئەو دەکەوێتە خزمەتی گەورەیی و شکۆمەندی و دروستکردنی کۆمەڵگایەکی چاک. کاتێک کە پاشای نوێ کۆمەڵگایەکی چاکی دروست کرد، ئینجا هەمووان لەسەر چاکە ڕادێن.

کۆمەڵگای چاک دەبێ بەهێزی شمشێر دروست بکرێت نەک بە ئامۆژگاری و وتاردان. تا ئەوکاتەی کە کۆمەڵگای چاک دروست دەبێت، نابێت تووشی گومان بین لە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کە لە ڕوانگەی گشتی و لە دیدگای ئاساییەوە بە نا ئەخلاقی لە قەڵەم دەدرێن.

ململانێ، ڕەوشی هەمیشەیی کۆمەڵگا

ماکیا ڤیللی بە پێچەوانەی هزری کلاسیک ململانێی بە ڕەوشی ئاسایی کۆمەڵگا دەزانی کە ڕەگوڕیشەی لە ناو سروشتی مرۆڤدایە.

ئەرستۆ وێڕای پەسەندکردنی جوولەی هەمیشەیی لە وزەوە بۆ کردەوە، گوتبووی کە مادە لە حاڵەتی وەستاندا سروشتێکی تری لە حاڵەتی جوولان. ڕەنگدانەوەی سەرەکی ململانێی کۆمەڵایەتی جەنگی هەمیشەییە لەنێوان جەماوەری خەڵک و ڕەخنە گراندا. مارکس، هەروەک پاشان باسی دەکەین، ناکۆکی چینایەتی لە زەمینەی سیستەمی ئابووری- کۆمەڵایەتی بە بنەمای ئەم ململانێییەدا دادەنا کە بە ململانێی کۆمەڵایەتی

ناوەبرێت، بەڵام ماکیا ڤیللی ئەمەی بە ململانێیەک بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات دادەنا. جەماوەری خەڵک بەدوای ئاسایشی خۆیاندا دەگەڕێن، بەڵام کۆمەڵێک ئەرستۆکرات بەدوای دەسەڵات و قازانجدا دەگەڕێن.

ماکیا ڤیللی لەو باوەڕەدایە کە دەتوانین لەم ململانێیە بە ئاراستەی ئامانجە باشە کۆمەڵایەتییەکان کەڵک وەربگرین. لە کۆمەڵگایەکی چاکیشدا ململانێ هەر دەبێت، بەڵام ئاراستەی ئەم ململانێیە بەرەو چاکەی هاوبەش، لە خۆ بردوویی بۆ نیشتمان و ڕێزگرتنە لە یاساو دەسەڵات. بەڕای ماکیا ڤیللی لە کۆماری ڕۆم ململانێ لەنێوان پاتریسییەتەکان (ئەریستۆکراتەکان) و پولی بیەنەکان (خەڵکی ئاسایی) لە سینات و ئەنجوومەنەکانی گەل شێوازێکی ئۆرگانی و دروستی هەبووە.

ئێستا پاش ناساندنی پێکهاتەی گشتی هزری ڕامیاری ماکیا ڤیللی لە باسەکانی خوارەوەدا ڕوونکردنەوەی پتر لەسەر بەشە سەرەکییەکانی تیۆری ماکیا ڤیللی دەخەینە ڕوو.

شێوازی نوێ لە تۆژینەوە ڕامیارییەکان

ماکیا ڤیللی وەک دەستپێکەری زانستی ڕامیاری نوێ

ماکیا ڤیللی لەو هزرڤانانەیە کە وێڕای ئەوەی هێشتا پێیەکی لەناو هزری ڕامیاری کلاسیکی و درێژە پێدەری دانەبڕاوی پێشینانی خۆیەتی لە هەمان کاتدا ڕێگایەکی نوێی لە زانست و هزری ڕامیاریدا کردۆتەوە. ماکیا ڤیللی ئەو بۆچوونەی کە لە بەشی کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست و لەوانەش لەبەرهەمەکانی ئەوکوێناس، مارسیلە و ڤیلیام ئۆکامدا سەری هەڵدا بوو تا کۆتاییەکەی بەرەو پێشەوە دەبات و سیاسەتێکی تەواو عورفی دەست پێدەکات. هەربۆیە هەندێک وتوویانە کە ماکیا ڤیللی بنیاتنەری ڕاستەقینەی زانستی ڕامیاریيە. ئێمە لە بەرگی یەکەمدا ئاماژەمان بەوە کرد کە بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لەسەر ئەوەی کە چ کەسێک زانستی ڕامیاری بنیات ناوە و بە پێی ئەو پێناسەیەی کە ئێمە لە بارەی زانستی ڕامیاری و شێوازەکەی هەمانە، ئەم جیاوازی بیروبۆچوونە شتێکی سروشتییە. گەلێک کەس شانازی بنیاتنانی زانستی ڕامیاری دەدەنە پاڵ سوکرات. هەندێکی دیکەش ئەرستۆ بە بنیاتنەری زانستی ڕامیاری دەزانن، چونکە دەستپێکەری تۆژینەوەی ئەزموونییە لە زانستی دەوڵەتدا. تۆماس هۆبزیش کە لە پاژەکانی داهاتوودا باسی لێوە دەکەین، تێڕوانینی پێشینان بۆ سیاسەت بە تەواوەتی ڕەت دەکاتەوە و خۆی بە بنیاتنەری زانستی ڕامیاری بە واتا ڕاستەقینەکەی دەناسێنێ.

ئێمە مشتومڕەکانی پێوەندیدار بە بنیاتنانی زانستی ڕامیاری بەلاوە دەنێین و لە بری ئەوە ئاماژە بە داهێنانە سەرەکییەکانی ماکیا ڤیللی دەکەین کە ئەوی کردۆتە کەسایەتییەکی دیار لە بواری زانستی ڕامیاری نوێدا.

ماکیا ڤیللی یەکەم بیرمەندە کە ڕامیاری بە بنکەیەکی سەربەخۆ لە قەڵەم داوە کە دەبێ بە دوور لە هەر تێبینییەک و بەجیا لە چوارچێوەی ئەخلاق و پەیڤ بخرێتە بەر تۆژینەوە. ماکیا ڤیللی مرۆڤ بە بوونەوەرێک دەناسێنێ کە بۆ ئەم جیهانە هەوڵ دەدات. مرۆڤ بۆ مەبەستێکی گەورەتر لە ئامانجی مرۆڤ ناژی. ئەو بەدوای ئاسایش و بەدوای ناوبانگ و شانازیدا دەگەڕێ تا خۆی بەدیار بخات.

ماکیا ڤیللی کە سەربە بۆچوونەکانی چەرخی ڕێنسانس بوو، یەکێک لە بەشە بنەڕەتییەکانی هزری سەدەکانی ناوەڕاستی بە لاوەنا کە بریتی بوو لە دابەشکردنی ژیانی مرۆیی بۆ دوو بواری دنیایی و ئاخیرەت و پشت بەستنی بواری دنیایی بە بواری ئاخیرەت و میتافیزیک. هەروەک بینیمان بیرمەندانی سەدەکانی ناوەڕاست تەنیا ڕزگاربوونی ئەم جیهانەیان بە پێویست نەدەزانی، بەڵکو ئەمەیان بە پێشەکییەک دەزانی بۆ ڕزگاربوونی لە جیهانی دیکە.

ماکیا ڤیللی بە پێچەوانەی هزرڤانانی پێشوو لە دادپەروەری، یاسا و یاسای سروشتییەوە دەستی پێنەکرد، بەڵکو لە دەسەڵاتەوە دەستی پێکرد و هەوڵیدا ئەوە پیشان بدات کە چ جۆرە کارگەلێک لە بارودۆخە جیاوازەکاندا دەبێتە هۆی سەرکەوتن، یان شکستی ڕامیاری. ئەو گۆشەنیگای پێشینانی بۆ سیاسەت بەلاوە نا، کە لە هەڵوێستێکی ئەخلاقییەوە سەیری ڕەفتاری مرۆڤیان دەکرد و لە بری ئەوەی کە لە هەڵوێستێکی واقیعگەرایانە و عەقڵانییەوە سەیری ڕەفتاری ڕامیاری مرۆڤی کرد.

بەگشتی ماکیا ڤیللی هۆکارە میتافیزیکییەکانی لە ژیانی ڕامیاری مرۆڤدا بەلاوەنا و ڕووی کردە تۆژینەوەی هۆکارە سروشتییەکان. هەروا ئەو لەبری فەیلەسووفە کۆنەکان بۆ نووسەرانی نا فەیلەسووف و بەزۆری میژوونووس گەڕایەوە وەک گەزەنفۆن، لیڤی، تاستیۆس و پلۆتارک. شێوازی ماکیا ڤیللی لە تۆژینەوە ڕامیارییەکاندا شێوازێکی پشکنەرانەیە بە پشت بەستن بە ڕووداو و بەڵگە میژوویییەکان.

تیۆری ماکیا ڤیللی لەبارەی مرۆڤەوە

دیدگای ماکیا ڤیللی لەمەڕ سروشتی مرۆڤ بە بناغەی تیۆریی ڕامیاری ماکیا ڤیللی دادەنرێت. ئەو بە تۆژینەوەکانی خۆی لە مێژوودا گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە سروشتی مرۆڤ نەگۆڕە و دەتوانین لەسەر ئەو بنەمایە بگەینە هەندێ ڕێسای گشتی یا گشتگیر لە سیاسەتدا.

مرۆڤ بوونەوەرێکە کە گەلێک ئارەزووی تێر نەبوو و زێدەخوازی بێ کۆتایی هەیە. یەکەمین خواستی ئەو پاراستنی خۆیەتی. ئەو کورتبین، ڕوالەتبین و لاساییکەرەوەیە و حەزی لە پەیڕەوی کردنی کەسایەتییە مەرجەع و دوو ڕوو و فریوکارەکانە. بەم جۆرە ماکیا ڤیللی لە دیدگای گەلێک لە فەیلەسووفە گەورەکانی بەر لەخۆی دوورەدەکەوێتەوە کە مرۆڤیان بە سروشت بە بوونەوەرێکی کۆمەلایەتی دەزانی، بەلام بەسەرنجدان بەم تایبەتمەندییانە لە سروشتی مرۆڤ ئایا دروستکردنی کۆمەلگایەکی بنیات نراو لەسەر هاوکاری و هەوڵی هاوبەش مومکینە؟ ماکیا ڤیللی وەلامێکی پۆزەتیڤ بەم پرسیارە دەداتەوە و دەڵێ هەر ڕێک لەسەر بنەمای ئەم تایبەتمەندییە سروشتیانە دەتوانرێت کۆمەلگایەکی دامەزراو لەسەر ڕێکوپێکی، سەقامگیریی و فەزیلەت (بەو واتایەی کە ماکیا ڤیللی بەکاری هێناوە) بنیات بنرێت.

سروشتی مرۆڤ نەگۆڕە، بەلام خەسڵەتەکانی دەگۆڕێت. خەسڵەتەکانی مرۆڤ بەرهەمی ئەزموونە تاک و گرووپییەکانی ئەون. ئەزموون بریتییە لە پەرچەکردار بەرامبەر بەو ڕووداوانەی کە لەژیانی مرۆڤدا ڕووددەدن. کاتێک کە ئەم پەرچە کردارانە بوونە داب، ئینجا دەبنە خەسڵەتێکی سەقامگیر. ئەم خەسڵەتانە بە درێژایی زەمەن بەشێوەی تاک و گرووپی حەزە کەسییەکانی مرۆڤ دروست دەکەن. کاتێک کە کۆمەلگا گەندەڵ بووە و خەسڵەتە خراپەکان تێیدا گەشەیان کردووە ئەرکی پاشای نوێ ئەوەیە سەرلەنوێ فۆرم بە خەسڵەتەکان ببەخشێتەوە.

پاشا سەرەتا ئەو هاوولاتیانەی کە گیرۆدەی خەسڵەتە خراپەکانن، بە هاوولاتیانی شەرمن دەگۆڕێت، پاشان لەسەر یاسای چاک ڕایان دێنێ تا بتوانن خەسڵەتی باش بەدەست بهێنن.

ئێمە لە داهاتوودا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەین لەسەر ئەوەی کە پاشا بە چ شێوەیەک خەڵکی خۆی بەرەو ڕێگای دروست ڕێنومایی بکات، بەلام خراپ نییە هەر لێرەدا ئەم پرسیارە بهێنینە گۆڕێ کە بۆچی کۆمەلگا گەندەڵ بووە و ئەو کۆمەلگایەی کە لە کتێبی وتارەکاندا کەرەستەی سیستەمی کۆمارییە دەبێتە کۆمەلگایەک کە کەرەستەی سیستەمی پاشایەتییە لەکتێبی میردا؟ وەلامی ماکیا ڤیللی بۆ ئەم پرسیارە بریتییە لە دابەشبوونی زۆر نایەکسانی سامان لەنێوان زۆرینەی هەژار و کەمینەی زۆر دەوڵەمەند. هەر کۆمەڵگایەک لە بنەڕەتدا لە دوو جۆرە خەڵک پێکهاتووە، یەکەم گرووپی بچووکی دەست ڕۆیشتووەکان و ئەویتر گرووپی بەرفراوانی جەماوەری خەڵک. ملمڵانێی بەردەوام لەنێوان ئەم دوو گرووپە لە ئارادایە، گرووپی بچووکی دەست ڕۆیشتووەکان دەیانەوێ بەسەرخەڵکدا دەسەڵاتیان هەبێت و گرووپی بەرفراوانی جەماوەری خەڵکیش دەیانەوێ لەم دەسەڵاتە ئازادبن. هەربۆیە ملمڵانێی دەسەڵات لەنێوان ئەم دوو گرووپەدا بەردەوامە. لە هەمان کاتدا گرووپی یەکەم بیری تیژترە. جەماوەریش حەزی لە دەسەڵاتە، بەڵام پاڵنەری دەسەڵاتخوازی لەواندا نووستووە. بەهەرحاڵ دابەشکردنی کۆمەڵگا بە گرووپێکی بچووکی زۆر دەوڵەمەند و گرووپێکی گەورەی هەژار کۆمەڵگا تووشی گەندەڵی دەکات. ئەم کۆمەڵگایە بۆ چاکسازی پێویستی بە پاشایە، بەڵام کۆمەڵگایەک کە چینە ناوەنجییەکەی زیاترە هەلومەرجەکەی بۆ حکومەتی کۆماری لەبارترە، بەڵام کۆمەڵگایەک کە بەسەر دوو گرووپی دژ بەیەک دابەش بووە، خەڵک بەرامبەر بە یەکتر سوپاسگوزار و ئەمەگدارنین، ترس و نەفرەت خەڵک بەرەو زیان پێگەیاندن و فریودان و فریوخواردن پاڵ پێوەدەنێت.

ڕامیاری و ڕەوشت لە تیۆری ڕامیاری ماکیا ڤیللیدا
مەتەڵی میر و وتارەکان

ئەوشتەی کە بووەتە هۆی ناوبانگ و (هەندێ جاریش بەدناوی) ماکیا ڤیللی کتێبی میرە. لەم باسەدا وێڕای خستنەڕووی بەشەکانی تیۆری ماکیا ڤیللی باس لە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە دەکەین، بەڵام بەر لە هەموو شتێک پێویستە جەخت لەسەر نەهێشتنی خراپ لێککگەیشتنێک بکەین و لێرەدا زیاتر ڕوونی بکەینەوە.

بۆ گەلێک کەس ئەمە هێشتا مەتەڵ بوو (بۆ هەندێ کەس هێشتاش هەر مەتەڵە) کە ئایا دەبێ لە کتێبی وتارەکاندا بەدوای بۆچوونی ڕاستەقینە و سەرەکی ماکیا ڤیللییدا بگەڕێین، یا لە کتێبی میردا. هەروەک ئاماژەمان پێکرد ماکیا ڤیللی لە وتارەکاندا بەرگری لە کۆماری دەکات و لە میردا خوازیاری پاشایەکی سەروو یاسایە کە گوێ نەداتە هیچ بنەمایەکی ئەخلاقی و ئۆرگانە یاساییەکانی. لە بارەی ئەم پرسیارەوە بۆچوون و تیۆری جیاواز خراونەتە ڕوو و لایەنگرانی ئەم تیۆر و

بۆچوونە جیاوازانە مشتومڕیان لەگەڵ یەکتردا کردووە. ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە لە ڕاستییدا نابێ ئەم پرسە وەک مەتەڵ سەیر بکرێت. ئەم دوو کتێبە باس لە دوو کۆمەڵگای جیاواز دەکەن یەکێکیان ساغلەم (وتارەکان) و ئەویتر نەخۆشە (میر). کتێبی میر کە بووەتە هۆی بەدناویی و گومان لەسەر کۆماریخوازی ماکیا ڤیللی بریتییە لە ئامۆژگارییەکانی ماکیا ڤیللی بۆ پاشا لە کۆمەڵگایەکی نەخۆشدا و هەڵگری تیۆری ماکیا ڤیللی نییە لەمەڕ چۆنێتی و جۆری حکومەت.

هەندێکی دیکەش وتوویانە کە ماکیاڤیللی وەک سیاسەتمەدارێکی کردارگەرامیری بۆ حاڵەتی تایبەتی فلۆرانس یا ئیتالیا نووسیوە و دەبێ وەک کتێبێکی ئامۆژگارینامە لە قەڵەم بدرێت کە لەسەردەمی ماکیا ڤیللییدا گەلێک نموونەی وا (نموونە لە ڕووی فۆرمەوە نەک لە ڕووی ناوەرۆکەوە) هەبووە. ئەم تێگەیشتنەش دروست نییە. میریش هەر بە قەدەر وتارەکان هەڵگری تیۆری ڕامیاری و بیروبۆچوونەکانی ماکیا ڤیللییە.

ئەخلاقی ڕامیاری لەتیۆری ماکیا ڤیللی

ماکیا ڤیللی لە کتێبی میردا ئامۆژگاری ئەو فەرمانڕەوایە دەکات کە مەبەستیەتی و دەڵێ هەر کاتێک کە پێویست بوو تووشی گومان نەبێت لە بەکارهێنانی فریو، پەیمان شکێنی و تۆندوتیژیدا. ئەو تەنانەت بەتێروتەسەلی باس لە کاریگەربوونی ئەم شێوازانە دەکات لەلای فەرمانڕەوایانی پێشوو و بەتێروتەسەلی ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن دەبێ ئەم شێوازانە بەکاربهێنی. ئەو باس لە کردەوەی یەکێک لە فەرمانڕەوایانی سەردەمی خۆی دەکات کە چۆن بۆ ڕەزامەندی خەڵکی شار دوژمنەکەی خۆی دەکاتە دوو کەرتەوە و لەسەر دەروازەی شار هەڵیدەواسێ.

ئەم بابەتانە بوونەتە هۆی ئەوەی کە پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی میر گەلێک کەس بە کتێبی وانەیی دیکتاتۆرە تاوانبار و چارە ڕەشەکان لەقەڵەمی بدەن و سەرزەنشتی بکەن. تەنانەت ناوی یەکەمی ماکیا ڤیللی واتە (نیکۆڵۆ) بووە بە هاو واتای «ئەهریمەن» و شکسپیر لە سەردەمی خۆیدا بەناونیشانی «ماکیا ڤیللی تاوانبار» ئاماژە بە ماکیا ڤیللی دەکات و (یاگۆ) لە شانۆنامەی ئۆتیللۆ لە مۆدیلی ماکیا ڤیللی وەرگیراوە. بەپێی یەکێک لەو زاراوە باوانە ئەو سیاسەتمەدارانەی کە پابەندی هیچ کۆت و بەندمایەکی ئەخلاقی نین و بە ئاسانی فریوکاری دەکەن بە «ماکیا ڤیللیست» بەناوبانگن. ڕاڤەکردنی جۆراوجۆر لە بارەی تیۆری ئەخلاقی ماکیا ڤیللی لە ئاراداید. ئێمە لێرەدا نەختێک لەسەر ئەم ڕاڤەکردنانە ڕادەوەستین و بە لێوردبوونەوەیەکی زیاتر سەیریان دەکەین. هۆی ئەم کارەش ئەوەیە کە تیۆری ئەخلاقی ماکیا ڤیللی یەکێکە لە بەشە سەرەکییەکانی تیۆرییەکەی ئەو. دەتوانین چوار ڕاڤە لەبارەی تیۆری ئەخلاقی ماکیا ڤیللی لە یەکتر جیابکەینەوە:

۱- باوەڕنەبوونی ماکیا ڤیللی بە ئەخلاق.

ئەم تێگەیشتنە لە ڕابردوو پاش بڵاوبوونەوەی کتێبی (میر) تا ماوەیەک ڕاڤەکردنی باوبووە. بەپێی ئەم لێکدانەوەیە، ماکیا ڤیللی باوەڕی بەهیچ پرەنسیپێکی ئەخلاقی نەبووە و پاشاشی فێردەکرد کە چۆن باوەڕی بەهیچ پرەنسیپێک نەبێت و هەموو کۆت و بەندە ئەخلاقییەکان پشتگوێ بخات. ئەم تێگەیشتنە تێگەیشتنێکی ڕەشۆکی و سەرپێییە و هیچ سەرنجێکی نەداوەتە سەر جوانکاری تیۆری ماکیا ڤیللی.

۲- سیاسەت لەگەڵ ئەخلاقدا سازگار نییە.

ئەم ڕاڤەکردنە بۆ (بێندتۆکرۆچە) فەیلەسووفی بەناوبانگی ئیتاڵی دەگەڕێتەوە. کرۆچە لەو باوەڕەدایە کە ماکیا ڤیللی نکوولی لە بەهای ئەخلاقی مەسیحی نەکردووە و نەیگوتووە ئەو تاوانەی کە زەروورەتی ڕامیاری دەیخوازێ لە ڕاستیدا بەتاوان ناژمێردرێ. ماکیا ڤیللی تەنیا دەیەوێ ئەم خاڵە دەربڕێ کە ئەخلاق لە سیاسەتدا جێگایەکی نییە و هەر سیاسەتێکیش کە پشت بە گرێمانەکردنی بەهای ئەخلاق ببەستێ بە کارەسات کۆتایی دێت.

ئەم وتەیە کە سیاسەت لەگەڵ بنەما ئەخلاقییەکاندا یەک ناگرێتەوە وتەیەکی باوە و ئێمە زۆرجار گوێمان لێ دەبێت کە دەڵێن «سیاسەت دایک و باوکی نییە»، بەڵام ئایزایا بەرلین هزرڤانی سەدەی بیستەم کە پاشان قسەی لێوە دەکەین، ئەم بۆچوونەی کرۆچە ڕەت دەکاتەوە و دەڵێ ئەمە پێویستی بەوەیە کە بڵێین ماکیا ڤیللی ژیانی کۆمەڵگا بە سەر دوو بواری پابەند بە ئەخلاق و پابەندنەبوو بە ئەخلاق دابەش بکات و سیاسەت لە بواری پابەندنەبوون بە ئەخلاق یا شتێک لە سەرووی چاکە و خراپەوە لەقەڵەم بدات. بە وتەی ئایزایا بەرلین ئەمە ڕاست دەرناچێت، چونکە ماکیا ڤیللی چالاکی ڕامیاری بە بەشێک لە چالاکی ئەخلاقی دەژمێرێت. بۆچوونی ئایزایا بەرلین ئەوەیە کە ماکیا ڤیللی هێڵێکی جیاکەرەوە لەنێوان سیاسەت و ئەخلاقدا ڕاناکێشێ، بەڵکو هێڵی جیاکەرەوە لەنێوان دوو جۆرە ئەخلاق،

ئەخلاقی ئاسایی مەسیحی و ئەخلاقی دێرینی (ڕۆم و یۆنانی کۆن) یا ئەخلاقی جیهانی کوفر ڕادەکێشێ. ماکیا ڤیللی ستایشی بەهاکانی جیهانی کۆن دەکات وەک دلێری، هەوڵی بەردەوام، سەرکەوتنخوازی لە بواری گشتی، ڕێکوپێکی، ڕێکسازی، بەهێزی و شادبوون و لە هەمان کاتدا نکۆڵی لە ئەخلاقی مەسیحی ئاسایی دەکات وەک خۆشەویستی، قەناعەت، ئەوین بە خودا، بەخشش، لە خۆبردوویی، خێر، بێ نرخکردنی خۆشییەکانی دنیا و ستایشکردنی ڕزگاری ئاخیرە. هۆی نکوولی لێکردنی بەهاکانی ئەخلاقی مەسیحی ئەوەیە کە بەجێبەجێکردنیان ناتوانێت کۆمەڵگایەکی مرۆیی جێی ڕەزامەندی دروست بگرێتەوە ئەم بەها مەسیحیانە خراپ نین، بەڵام بۆ دروستکردنی کۆمەڵگایەکی بەشکۆی وەک کۆمەڵگای ئەسینا و ڕۆم ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت.

٣-ئەخلاقی ڕامیاری پێویستی بە دوور بینییە.

سکیز بەم جۆرە تیۆریی ئەخلاقی ماکیا ڤیللی لێک داوەتەوە: سروشت بەهرەیەکی تایبەتی بە هەریەک لە ئێمە بەخشیوە و هەڵسوکەوتی ئێمە لە ژێر دەستی ئەم بەهرە تایبەتیانەدایە، بەڵام زەمەن بەردەوام لە گۆڕاندایە، و ئەگەر ئێمە نەتوانین شێوازی کاری خۆمان بگۆڕین بە ناچار سەردەمێک لەگەڵ بەختی باش و سەردەمێکی تر لەگەڵ بەختی خراپ بەرەوڕوو دەبین. بۆ ئەوەی بتوانین هەمیشە کەڵک لە بەختی باش وەربگرین، دەبێ بتوانین خۆمان لەگەڵ هەلومەرج و زەمەندا بگونجێنین. پاشایەک کە نەتوانێ خۆی لەگەڵ زەمەن و پێداویستییەکاندا بگونجێنێ ناتوانێ بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بێت.

٤- تاگەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئیدیال ناتوانێ بەشێوەیەکی ڕەها ملکەچی ئەخلاقی باو بێت.

بەڕای ئێمە دەکرێ تیۆری ئەخلاقی ماکیا ڤیللی بەشێوەیەکی دیکەش لێک بدرێتەوە. وادێتە بەرچاو ماکیا ڤیللی وێڕای ئەوەی کە هێڵێکی جیاکەرەوەی لەنێوان ئەخلاق و سیاسەتدا ڕانەکێشاوە و لە هەمان کاتدا کە نکۆڵی لە ئەخلاقی باو نەکردووە هەندێ پەرەنسیپی ئەخلاقی تایبەتی بۆ سیاسەت لەبەرچاو گرتووە. ئامانجی ژیانی ڕامیاری ئەوەیە کە بۆ بەدیهێنانی ئارەزووە بنچینەییەکانی پاراستنی نەفس هەوڵ بدات تا ئاسایش و سەقامگیری و ڕێکوپێکی لە کۆمەڵگادا جێگیر بکات. کەوابوو ئەخلاقی ڕامیاری ئەو ئەخلاقەیە کە بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەری هەڵداوە، ئەخلاقی مەسیحی باو (خۆشەویستی، دڵسۆزی، ڕاستگۆیی) لەگەڵێک هەلومەرجدا (نەک لە هەموو هەلومەرجەکاندا) بۆ گەیشتن بەم ئامانجە شیاو نییە و پێداگرتن بۆ کارکردن بەپێی فەزیلەتی باو بۆ خۆی دەبێتە هۆی ئەنجامی نا ئەخلاقی. لە هەندێ حاڵەتدا بە ناچاری بۆ گەیشتن بە ئەنجامی باش دەبێ پشت بە ئامرازی خراپ ببەسترێت، چونکە لە کۆمەڵگایەکی نەخۆش کە گەلێک لەخەڵک پابەندی بنەما ئەخلاقییەکان نین، چۆن دەتوانرێت بۆ چاکسازی کۆمەڵگا بەشێوەیەکی ڕەها پشت بەهەندێ پێوەری باوی وەک دڵسۆزی و ڕاستگۆیی و پەیماندارى ببەسترێت؟ هەر بۆیە ماکیا ڤیللیش بەم جۆرە ئامۆژگاری پاشای خۆی دەکات لە کۆمەڵگایەکدا کە خەڵک پەیمان شکێن، ناسوپاسگوزار، درۆزن و ناسەقامگیرن ئەگەر ئەو ڕاستگۆ و دروستکار، پەیماندار و دڵسۆز بێ ئەوا بەزوویی خۆی دەخاتە بەردەم هەڕەشەی لەناوچوون. کەوابوو دەبێ سەرەتا کۆمەڵگایەکی ساغلەم دروست بکرێت تا هەلومەرجی ڕاستگۆیی و پەیمانداری و دڵسۆزی بەسەریدا زاڵ ببێت.

تا بەر لە گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ساغلەم بۆ گەیشتن بەم کۆمەڵگایە (نەک بۆ بەرژەوەندی تایبەتی) ئەگەر پێویست بوو دەکرێت بنەما باوەکان پشتگوێ بخرێن.

ئەم وتەیە بە لێکدانەوەیەکی تر بریتییە لە پاساو هێنانەوە بۆ ئامرازی گەیشتن بە ئامانج و گووتوویانە کە «ئامانج پاساو بۆ ئامراز دەهێنێتەوە». تڕۆتسکی شۆڕشگێڕی ڕووس دەڵێ: کۆمەڵگایەک کە بەسەر چینەکاندا دابەشکراوە و ملمالانێی چینایەتی تێدایە، بوونی درۆ و تۆندوتیژی حەتمییە، شۆڕشیش ناتوانێت ئەم کۆمەڵگایە لە تۆندوتیژی پاک بکاتەوە. کەوابوو فەزیلەت و نادانی پێوەندی بە هەلومەرج و کەشوهەوای کاری ڕامیاری ئێمەوە هەیە. ماکیا ڤیللی لەوتارەکاندا دەنووسێ: «کاتێک کە ئاسایشی وڵات بە تەواوی پشت بە بڕیارێکی دیاریکراو دەبەستێ کە دەبێ بدرێت، نابێ سەیری دادپەروەر، یان نادادپەروەر بوون، دڵسۆز، یا نا دڵسۆزبوون و چاک یا خراپ بوونی بکرێ. سەرەڕای ئەمانە دەبێ ئەو ڕێگایە دەستنیشان بکرێت کە ڕزگارکردنی ژیان و ئازادی وڵات پشتی پێ دەبەستێ» ئەم وتەیە هەمان ئەو شتەیە کە پاشان بە «بەرژەوەندی وڵات» ناوبراو بووە زاراوەیەکی باو لە زمانی ڕامیاریدا.

ئامۆژگاریکردنی پاشا

بەم پێیە ماکیا ڤیللی ئامۆژگاری پاشای نوێ دەکات

که دەیەوێ کۆمەڵگایەکی نوێ دروست بکات و ئەمەش لە قۆناغی یەکەمدا واپێویست دەکات کە بەسەر ڕێگایدا دروست دەبن و ئامۆژگاری پاشا دەکات کە دەبێ فێربێت هەم لە شێر و هەم لە ڕێوی وانە وەربگرێت. هەم لە هێز کەڵک وەربگرێت و هەم لە ڕێگای یاساوە کەڵک لە ئامرازە مرۆییەکان وەربگرێت بۆ ڕێکوپێککردنی دەوروبەر. کەڵک وەرگرتن لە یاسا شیاوی مرۆڤە و کەڵک وەرگرتن لە هێز شیاوی ئاژەڵە، بەڵام لە کۆمەڵگایەکدا کە تووشی گەندەڵی بووە یاسا هەمیشە کاریگەر نییە و پشت بەستن بە هێز و فرتوفێڵیش پێویستە کە تایبەتە بە ئاژەڵەکان. پاشا دەبێ ئاگاداربێت کە نەکەوێتە بەر نەفرەتی خەڵک، بەڵام ئەگەر دەرفەتی ئەوە نەبێت کە خۆشەویستی و لێ ترسان بەیەکەوە کۆبکاتەوە، وا باشترە کە لێی بترسن تا ئەوەی خۆشیان بوێت.

بنەماکانی نوخبەگەرایی لە هزری ماکیا ڤیللیدا

ماکیا ڤیللی ڕۆڵی خەڵک لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشدا پشتگوێ ناخات و گرنگی بەدادوەریکردنی خەڵک دەدات، بەڵام هەمیشە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە خەڵک تەنیا لەژێر ڕێبەرایەتی کردنی ڕێبەرانی باشدا دەتوانن ڕۆڵێکی سازێنەریان هەبێت و بە ڕێگایەکی عەقڵانیدا بڕۆن. چ لە حکومەتی پاشایەتی و چ لە کۆماریدا شارەزایی ڕێبەران بۆ یەکگرتووکردنی خەڵک بە ئاراستەی چاکەی هاوبەش گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە... ئەم دیدگایە یەکێکە لە بنەما هزرییەکانی ئەو تیۆرییەی کە ئێمە بە تێڕوانینی نوخبەگەرایی ناوی دەبەین. بەهەرحاڵ لە ڕوانگەی ماکیا ڤیللییەوە توانایی و ڕۆڵی خەڵک سنووردارە و ئەوان لە پاراستن و بەهێزکردنی دەوڵەت نەک لە بنیاتنانی و ملکەچبوون بۆ پێشنیارە باشەکان نەک داهێنانی شێوازە باشەکان بەخاوەنی ڕۆڵ دەزانێت. بە وتەیەکی تر لێهاتوویی خەڵک لێهاتوویی ئەو کەسانەیە کە وتەی ڕێبەران دەبیستن و دەتوانن بە دروستی دادوەری لەسەر بکەن و پاشان بە پەیڕەوکردنی بەرنامەباشەکان یارمەتی بەدیهاتنی ئامانجە مەزنەکان دەدەن. ڕاستە کە خەڵک ڕوالەت بین و فریو کار و فریوخۆرن، بەڵام بەبێ ئەوان بە ئەنجام گەیاندنی کارە مەزنەکان مەیسەر نابێت.

پێگەی حکومەت لە کۆمەڵگادا

بوونی دەوڵەت گرنگترین ڕێخۆشکەرە بۆ ئەوەی کە سروشتی خۆشەویستی مرۆڤ بەرەو ئامانجە ئیدیالە کۆمەڵایەتییەکان هەنگاو بنێت، دەوڵەت ئامرازێکە کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێ هەلومەرجی ئاسایش و ژیانێکی باشتر بخولقێنێ. لە ڕاستیدا دەوڵەت ناتوانێ ئامانجێکی لەمە بەرزتری هەبێت. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەوڵەت دەبێ ڕێکوپێکی و یاسا زاڵ بکات و لە ڕێگای یاسا و ڕێکوپێکییەوە هەلومەرجی سەقامگیریی فەراهەم بکات، ماکیا ڤیللی ئەم ئامانجە بە «ئازادی» ناو دەبات. لە ڕوانگەی ماکیا ڤیللییەوە ئازادی بریتییە لە ئاسایشی گیان، ماڵ و ئابڕوو لە ژێر سێبەری باڵادەستی یاسادا. ڕاستە کە ماکیا ڤیللی ئامۆژگاری پاشا دەکات کە بە پەیمانی خەڵک دڵخۆش نەکات و دڵ بەستەی پەیمانی خۆی نەبێت، بەڵام ئەم وتەیە واتای ئەوە نییە کە حکومەتی تاکڕەویی حکومەتی خوازراوی ئەوە. کۆمەڵگا پاش تێپەڕاندنی قۆناغی ڕاگوزاری،واتە تێپەڕبوون لە ڕەوشتێک کە پاشا بۆ گەڕاندنەوەی ساغلەمی بۆ کۆمەڵگا دەستی بۆ ئەنجامدانی هەموو کارێک ئاوەڵایە، دەبێ بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی یاساو ئازادی و ئاسایشی خەڵک گەرەنتی بکرێت. زۆرینەی خەڵک خوازیاری «ئازادی»ن (بە واتای ئاسایشی گیان و ماڵ و ئابڕوو) و تۆڵە لەو تاکڕەوانە دەکەنەوە کە «ئازادی» ئەوان لەبەرچاو ناگرن. لە ئەنجامدا پاشای نوێ دەبێ دەوڵەتەکەی خۆی بکاتە دەوڵەتی یاساگەرا و خەڵکی خۆیشی بکاتە هاوولاتیانی ملکەچی یاسا.

جۆرەکانی حکومەت

ماکیا ڤیللی لەسەر بنەمای دوو پێوەر حکومەتەکان دەستەبەندی دەکات، پێوەری یەکەم لەسەر بنەمای ژمارەی دەسەڵاتدارانە. لەم گرووپەدا دەتوانین دوو جۆرە حکومەت لە یەکتر جیابکەینەوە، یەکەم کۆماری و ئەوی تر پاشایەتی. پاشایەتیش بۆ پاشایەتی سنووردار (وەک فەرەنسا)، پاشایەتی دیکتاتۆری (تورکیا) و تاکڕەوی (سیراکوز) دابەش دەکرێت. کۆماریش دەتوانێ کۆماریەکی جەماوەری بێت وەک ئەسینا، یان کۆماریەکی هاوسەنگ بێت وەک کۆماری ڕۆم. کۆماری هاوسەنگیش بەنۆرەی خۆی دەتوانێ ئەریستۆکراتی بێت وەک ڤینیسیا، یا دیموکراتی بێت وەک ڕۆم. پێوەرێکی دیکەی ماکیا ڤیللی لە دەستەبەندی کردنی حکومەتدا شێوازی بەدەستهێنان و پاراستنی دەسەڵاتە کە ڕەنگە لەسەر بنەمای زێدەخوازی بێت وەک ئیمپراتۆری ڕۆم، یان گەندەڵی بێت وەک ڤینیسیا، یان توانایی «ڤیرتۆ» وەک کۆماری ڕۆم.

چاکترین دەوڵەت

هەروەک ئاماژەی پێکرا، لە تیۆری ماکیا ڤیللی باشترین دەوڵەت پێوەندی بە هەلومەرج (کەرستەی کۆمەڵایەتی)ەوە هەیە. باشترین حکومەت حکومەتی کۆماریە، بەڵام ناکرێت حکومەتی کۆماری لە هەر کۆمەڵگایەکدا بەرپابکرێت. لە جێگایەکدا کە کۆمەڵگا هەلومەرجی شیاوی بۆ کۆماری نییە باشترین حکومەت پاشایەتی سنووردارە. بەهەرحاڵ چ لە سیستەمی کۆماری و چ لە پاشایەتی سنووردار حکومەت دەبێ ژیان، ئابڕوو و مالّی خەڵک لە هەر مەترسییەک بپارێزێت، دەبێ هەلومەرجی خۆشگوزەرانی گشتی فەراهەم بکات، پێش بە ڕازاوە پەرستی و کەڵەکەبوونی مالّ و سامان لەدەست گروپێکی کەم (تەنانەت بە بەهای سەرکوتکردنی دەست ڕۆیشتووەکان) بگرێت و هەلومەرجێکی وا بڕەخسێنێ کە هەر کەسێک بتوانێت بەپێی توانای خۆی یارمەتی کۆمەڵگا بدات و کەڵکی لێوەربگرێت. ململانێی زۆرینە و کەمینە لە کۆمەڵگادا هەر هەیە، بەڵام دەکرێت لەم ململانێیە بۆ بەهێزکردنی «دەوڵەت» کەڵک وەربگیرێت. بۆ وێنە دەکرێت لە سیستەم و ئۆرگانە تێکەڵەکان بۆ ئەم مەبەستە سوود وەربگیرێت. ماکیا ڤیللی لەو باوەڕەدابوو کە لە هەلومەرجی حکومەتی یاسادا جەماوەری خەڵک باشترین پشتیوانی سەقامگیری و ئاسایش.

بەم حاڵەش شیکردنەوەی ماکیا ڤیللی ئەوەبوو کە زۆربەی خەڵک پتر نیگەرانی «ئازادی» و ئاسایشی خۆیانن و لە حاڵەتی فەراهەم بوونی ئەم خواستە کەمتر نیگەرانی بەشداریکردنی ئەکتیڤن و قەناعەت بە پەیڕەویی کردن لە ڕێبەرانی باش و یاسا باشەکان دەکەن. بەهەرحاڵ هەرچەندە بەشداریکردنی خەڵک لە یاساداناندا شتێکی پێویست نییە، بەڵام ڕەزامەندی ئەوان بۆ یاسا مەرجێکی پێویستە بۆ کۆمەڵگایەکی یاسامەند و سەقامگیر. ئایینیش یارمەتی سەقامگیربوونی کۆمەڵگا دەدات، بەڵام کلیسا بەو شێوازەی ئێستای گەندەڵە و ناتوانێ خوازیاری جێگایەک بێت لە کۆمەڵگادا.

سەرچاوە: کتێبی (تاریخ اندیشه سیاسی درغرب)- بەرگی دووەم- دکتر کمال پولادی- تهران، سالّی (۲۰۰۳)، ل۳-۳٤.

زمانی پاشا و زمانی ڕەعیەت

چەند سەرنجێکی زمانەوانی لەسەر زمانی کوردی (زاراوای سلێمانی) بەپێی زانیارییەکانی ئەحمەد پاشای بابان و خۆدزکۆ

فەرهاد شاکەلی
(سوید)

وا پێ دەچێت زۆر دەمێک نییە خوێنەری کورد بەم وتارەی خۆدزکۆی زانیوە، دەنا دەبوو هەر زوو تەرجەمەی کوردی بکرایە، یان هەر نەبێ لە وتارێکدا لەسەر ناوەرۆک و بایەخی شتێک بنووسرایە. من خۆم وا بزانم یەکەمین جار لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی مامۆستا مەسعوود محەمەدەوە (2002 - 1919) زانیم کە وتارێکی ئاوەها لەسەر زمانی کوردی نووسراوە(١). هێندەیش من ئاگادار بم هەتا ئێستا نووسەری دیکەی کورد باسی نەکردووە. مامۆستا (مەسعوود محەمەد)یش ئەگەرچی بە شێوەیەکی زۆر زانستییانە لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا (چەپکێک لە گوڵزاری نالی) سوودی لە زانیارییەکانی ناو وتارەکەی خۆدزکۆ وەرگرتووە، بەڵام باسی ئەوە ناکات ئەو وتارەی لە کوێ بەرچاو کەوتووە. مامۆستا بێجگە لەو زانیارییەی پێوەندی بە ژیانی نالییەوە هەیە، ئەوەیشی جەخت کردووە کە نالی کتێبێکی لەبارەی ڕێزمانی عەرەبییەوە هەبووە. سااڵنێک دواتریش لە کتێبەکەی د. ن. مەکنزیدا (Kurdish Dialect Studies) ئەو کورتە سەرنجەم بینی کە لەسەر ئەم وتارە نووسیویەتی(٢).

لەم بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا من کۆمەڵێ وتار و سەرچاوەی گرنگی زانستیم لەسەر زمانی کوردی و بابەتەکانی دیکەی سەر بە کوردەواری کۆ کردوونەوە (فۆتۆکۆپیم کردوون)، کە ڕەنگە تێکڕای بگاتە سێ هەزار لاپەڕەیەک. بابەتەکانی لای من لە پلەی یەکەمدا بە زمانی ئینگلیزین، بەڵام هەمیشە ئەوەم لە دڵدا بوو کە وتارەکەی خۆدزکۆیشم دەست بکەوتایە، ئەگەرچی من زمانی فرانسی ناخوێنمەوە. کە هەشت نۆ ساڵێک لەمەوبەر کاک نەجاتی عەبدوڵاڵ هات بۆ پاریس بۆ خوێندن و پێوەندیی پێوە کردم، هەر زوو هەستم کرد ئەم پیاوە لە زۆربەی «ئەوانی دیکە» جیاوازە. لە هەلێکدا داوام لێکرد وتارەکەی خۆدزکۆم بۆ کۆپی بکات و دواتریش دام بە گوێیدا کە هەوڵێ بدات بیکاتە کوردی. وتی دەیکەم، بە مەرجێ تۆیش لە ڕووی زمانەوانییەوە پێیدا بچیتەوە. هەر زوویش ڕێک کەوتین.

خۆشبەختانە کاک نەجات لەو لاوانەیە کە بواری زانستی و بواری تۆژینەوەی خۆی دەناسێت و دەزانێ خۆی بە چییەوە خەریک بکات. ئەو بە ڕادەی یەکەم خۆی بۆ مێژوو، ئەویش مێژووی کوردستان، تەرخان کردووە. لەبەر ئەوە کە ئەو ئێستا هاتووە ئەم وتارەی کردووە بە کوردی ئەرکێکی نائاسان و بگرە ناخۆشیشی خستووەتە ئەستۆی خۆی. وەک ئەوەیە داوا لە من بکرێ وتارێک لەسەر کشتوکاڵی کوردستان بکەمە کوردی، کە نایکەم. لەگەڵ ئەوەیشدا ئەنجامی کارەکەی هیچ ئەوەیە کە پەسن بدرێت و بەرز بنرخێنرێت.

لێرەدا مەسەلە هەر ئەوە نییە تێکستێک لە فرانسییەوە بکرێتە کوردی. ئالۆزییەکە لە پێش هەموو شتێکدا لەوەوە دەست پێدەکات کە بابەتی وتارەکە زمانەوانییە و پێویستی بە کۆمەڵێ تێرم (زاراوە) هەیە کە هێشتا لە زمانی کوردیدا جێگەی خۆیان نەگرتووە. لە سەردەمی ئەمڕۆدا هەموو زانستەکان زاراوەی خۆیان هەیە و کە تۆ زاراوەی زانستێکی تایبەتت نەزانی، نایشتوانی لەو بوارەدا قسە بکەیت و بنووسیت. کۆسپی دووەم ئەو تێکست و ڕستە و دەستەواژە کوردییانەن کە لە وتارەکەدا بە کار هاتوون و سەرلەبەریشیان کەسێک ئامادەی کردوون و نووسیونی، ئەگەرچی خوێندەوارە بەڵام، نە زمانەوانە و نە نووسەر، بەڵکە سیاسەتمەدار و دەستەڵاتدارێکی سەردەمی خۆیەتی، مەبەستم ئەحمەد پاشای بابانە، کە ئاگادەر (Informant)ی خۆدزکۆی نووسەری وتارەکەیە.

ئەلیکساندەر خۆدزکۆ، بە پێچەوانەی پاشاوە، زمانەوانە (لینگویست یا فیلۆلۆگیست) و کۆمەڵێ زمانی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاواییش دەزانێت. ئەو ئەگەرچی کوردیی نەزانیوە، بەڵام لەبەر ئەوەی شارەزای پێکهاتەی زمانە، بەتایبەت زمانانی ئێرانی، توانیویەتی زانیارییەکانی پاشای کوردی بابان لە چوارچێوەی زانستی زمانەوانیدا جێ بکاتەوە و بنەمای زانستییان لێوە هەڵێنجێ. لەگەڵ ئەوەیشدا وەک زانایەکی ڕاستەقینە خۆنزمگرانە پێ لەوە دەنێ کە شارەزای کوردی نییە و کارەکەی ناتەواویی تێدایە و بۆ کەسانی لە خۆی زاناتری بە جێ دەهێڵێت.

بایەخی ئەم گوتارەی خۆدزکۆ هەر ئەوە نییە کە وێنەیەکی ئەو سەردەمەی دیالێکتێکی زمانی کوردیمان پێشان دەدات و لە ڕووی مێژووی زمان و ڕێزمانەوە کۆمەڵێ زانیاریمان دەداتێ کە بۆ تێگەیشتنی ئەمڕۆی زمانی کوردی گرنگن. ئەم لایەنەمان هەر بە خوێندنەوەی وتارەکە بۆ دەردەکەوێت. بەڵام ئەمە تاکە وتار نییە لەم بوارەدا، چونکە پێش ئەم، چەند ڕۆژهەڵاتناسێکی دیکەیش لەسەر زمانی کوردییان نووسیوە، ئەگەرچی ئەوان لەسەر دیالێکتەکانی تریان نووسیوە، بەتایبەت دیالێکتەکانی کرمانجیی باکوور، و ئەم لەسەر بەشە دیالێکتی بابان (یا سلێمانی) کاری کردووە. بایەخی وتارەکە، لەپاڵ مێژووی ڕێزماندا، ئەوەیە کە بە هۆی تێکستەکانەوە، کە وا دیارە خۆدزکۆ هەمیشە پێی لەسەر ئەوە داگرتووە کە ئەحمەد پاشا بە نووسین بیداتێ، کۆمەڵێ وشە و دەربڕینمان بۆ ماوەتەوە کە هەندێکیان ئەمڕۆ، لەو بەشە دیالێکتەدا، هەر نەماون. بێجگە لەمانەیش لێرە و لەوێی وتارەکەدا هەندێ زانیاریی لاوەکیمان دەست دەکەون کە بۆ مێژووی ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستان، بەتایبەت کوردستانی خوارووە، گرنگن. هەر بۆ نموونە دەبینین ئەو تۆزە زانیارییەی لەسەر (نالی)ی شاعیر چەندە کەڵکی هەبووە بۆ ئەو لێکۆڵینەوە نایاب و دەگمەنەی کاتی خۆی مامۆستا مەسعوود محەمەد بڵاوی کردەوە.

خۆدزکۆ لە کات و سەردەمێکدا خەریکی ئامادەکردنی ئەم نووسینە بووە کە لە زۆر جێگەی دیکەی ئەوروپایش، زانایان و ڕۆژهەڵاتناسەکان هەوڵی ناسینی کورد و وڵاتەکەیان و زمانەکەیانیان داوە. خۆیشی لە پێشەکییەکەیدا ئەمە باس دەکات. دیارە ئەو کاتە ڕۆژهەڵاتناسەکانی ڕووسیا زۆر چالاک بوون و بە هۆی نزیکییەوە لە دەوڵەتی عوسمانییەوە دەرفەتی باشیان هەبووە لەسەر کورد لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن. هاندەری ئەو کارەیشیان هەر تەنیا خواستی زانستی یا کورددۆستی نەبووە، بەڵکە بەرژەوەندییە سیاسی و عەسکەری و ئابووریەکانی ئیمپراتۆرییەتی قەیسەریی ڕووسیایش ئەوەی پێویست بووە. ڕۆژهەڵاتناسانی ڕۆژاواش هەر زوو کەوتنە خۆیان و چوونە ناوچەکانی کوردستان و دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد. ئەمانیش نوێنەری ناڕەسمیی بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیستانەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژاوا بوون. هاوکات لەگەڵ ئەمان و پێش ئەمانیش میسیۆنێرەکان لە کوردستان بوون و لەپاڵ کاری بەناو «زانستیدا» خەریکی بڵاوکردنەوەی دینی مەسیحییەت بوون و ڕێگەیشیان بۆ کۆلۆنیالیستەکان خۆش دەکرد. من بەرهەمی دیکەی خۆدزکۆم بەرچاو نەکەوتووە، بەڵام بەپێی قسەکانی پێشەکیی ئەم وتارە وا هەست دەکەم تا ڕادەیەک کوردی خۆش ویستبێت و هەوڵی دابێت بەرگرییەک لە زمانی کوردی بکات. لەناو ڕۆژهەڵاتناس و کوردناسەکاندا جاروبار وا هەڵکەوتووە کە کەسێکیان بڕێک هاوەردیی لەگەڵ کورددا هەبووە و شێوەی هەستێکی بەزەییئامێزی لا دروست بووە و دوو قسەی چاکیشی کردووە کە بە کەڵکی کورد بێت. ئەم هاوەردییە و ئەم هەڵوێستی جاروبار دۆستایەتییە هەرگیز ئەو ڕاستییە ناشێرێتەوە کە ئەوان بەشێک بوونە لە هەڵمەتی داگیرکارانەی کۆلۆنیالیستان (و دواتر ئیمپەریالیستان) و بە کارە زانستییەکانیان ڕێگەی ناسینی ڕۆژهەڵاتیان بۆ دەستەڵاتی سیاسی و ئابووری و عەسکەریی ڕۆژاوا خۆش کردووە.

چەند تێبینییەک لەسەر تێکستە کوردییەکە و بنەما ڕێزمانییەکان

یەک: ڕێزمان (و فۆنۆلۆگی)

‹› لەمێ: ئاوەڵکارێکە بە مەعنای (لێرە) بە کار هێنراوە. کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە (لەوێ) واتە (لە ئەو جێگەیە)، کەواتە (لەمێ)یش واتە (لە ئەم جێگەیە). من وای بۆ دەچم (ێ)ی هەردوو وشەکە شێوەی سواو یا کورتکراوەی (جێ) بێت؛ واتە (لە ئەو جێ) سوابێت و بووبێتە (لە ئەوێ > لەوێ)، هەروەهایش (لە ئەم جێ > لە ئەمێ > لەمێ). شایانی باسە کە لە هەندێ بەشی ناوچەی گەرمیان ئێستاکەیش زۆر بە ئاسایی (لەمێ) لە باتیی (لێرە) بە کار دەبرێت.

دیارە لە سەردەمی دەستەڵاتی بابانەکاندا (لەمێ) بە کار هێنراوە. شاعیری گەورەی کورد (نالی)، کە خۆی هاوەدەمی ئەحمەد پاشای بابان بووە، وشەکەی لە شیعرێکدا بە کار بردووە، کە دەڵێ:

بە کوێری دوور لە (نووری) مایەوە (نالی) لەمێ، یا ڕەب!
فیووضی تۆزی ڕێگەی کوحلی چاوی ئەشکباری بێ (٣).

بەڵام شاعیری گەورەی کورد (مەحوی)یش، کە نزیکەی سی ساڵ دوای نالی لە دایک بووە و لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا کۆچی کردووە، ئەویش وشەکەی بە کار هێناوە و لە شیعرێکدا دەڵێ:

وەکوو ڕۆژ ئەو مەهە لەو دوورە دەرکەوت
لەمێوە ئەشک و ئاهی ئێمە سەرکەوت (٤).

‹› کن: بە مەعنای (لا) یا (تەنیشت، نزیک). لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بە کار دەبرێت بەڵام لە سلێمانی، کەرکووک و گەرمیان نەماوە. لە کرمانجیی ژووروودا بە شێوەی (نک) دەگوترێت و لەگەڵ وشەی دیکەی وەک (جەم، ڕەخ، دەڤ) هاوواتایە. دەبێ لە سەردەمی بابانەکاندا و تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش بەکارهێنانی لەو ناوچانەیشدا ئاسایی بووبێت. (نالی) دەڵێ:

لەکن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لەکن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ (٥).

مەحوی دەڵێ:

کە من دڵ پڕ کەدەرم و لێڵە عەیشم
لەکن من بەس بکەن باسی صەفا، بەس (٦).

شێخ ڕەزای تاڵەبانی (ی کەرکووکی) دەڵێ:

تف لە کوز داکی لەلای خۆی کوڕی هێناوەتە دەر
گوو بە ڕیش بابی لەکن خۆی ئەمیش ئەولادی هەیە
.....
من لە کەرکووکەوە دێنێتە کن ئەم قەحپەژنە
لەگەڵم خەسمە فەلەک نییەتی بێدادی هەیە (٧).

‹› لە ...دە: ئەحمەد پاشا لە قسەکانیدا لە دوای پرپۆزیسیۆنی (لە)وە، پۆستپۆزیسیۆنی (دە)ی بە کار هێناوە. خۆدزکۆیش ئەوە جەخت دەکات کە پۆستپۆزیسیۆنی (دە) بە دوای (لە)دا دێت. باوەڕ ناکەم مەسەلەکە ئەوە بێت پاشا وشەکەی خراپ گۆ کردبێت، چونکە لە هەموو جێگەیەکدا ئەمە دووبارە دەبێتەوە و هەروەها ئەوەیش دەزانین کە پاشا زۆربەی ڕستەکانی بە نووسینیش داوە بە خۆدزکۆ. لە کوردیی ئەمڕۆدا پۆستپۆزیسیۆنی (دا) جێگەی (دە)ی گرتووەتەوە. سەرنجڕاکێشە ئەوەیە ئەم بارە لە کوردیی ژووروودا ڕێک بە پێچەوانەوە ڕووی داوە. لە تێکستە کلاسیکییەکانی کرمانجیدا (مەلای جەزیری، خانی) پۆستپۆزیسیۆنی (دا) بە کار هێناوە. لە ڕۆژنامەکانی (کوردستان: 1898) و (ژین: 1919-1918)یشدا دیسان بە زۆری هەر (دا) دەنووسرێت، کەچی لە دەرچوونی مانگنامەی (هاوار: 1933)ەوە لە کرمانجیدا تا ڕادەیەکی زۆر(دە) جێگەی (دا)ی گرتۆتەوە.

کوردیزانانی کوردستانی موکریان زۆر جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە ئەو پرپۆزیسیۆنەی بۆ دۆخی لۆکاتیڤ (Locative) بە کار دەبرێت (دە)یە نەک (لە)، بەڵام لە سلێمانی (هەروەهایش بەشی زۆری کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵات) پۆستپۆزیسیۆنی (لە) بە کار دەبرێت. لە کرمانجیی سەروودا (د: di) دەگوترێت و دەنووسرێت.

‹› یەک: ڕاناوی هەردوولایی (Reciprocal pro-noun)، لە زمانی ئەمڕۆدا زیاتر بە شێوەی (یەکتر، یەکتری، یەکدی) بە کار دەبرێت، ئەگەرچی لە هەندێ ناوچە (بۆ نموونە گەرمیان) هێشتایش (یەک) لە کاردایە؛ (تۆ منت خۆش دەوێ، منیش تۆم خۆش دەوێ، ئێمە یەکمان/ یەکترمان/ یەکتریان/ یەکدیمان خۆش دەوێ). ئەحمەد پاشا (یەک)ی بە کار بردووە (یەک بە یەک دەڕێن و یەک بانگ دەکەن...).

‹› دۆخی (ئۆبلیک): لە کۆمەڵێک زماندا هەبوونی

دۆخی ئۆبلیک [چەمـاوە] (کـاسـووسی ئۆبلیک) دیاردەیەکی ئاساییـیە. لە ئەمرۆی زمانی کوردیدا دۆخی ئۆبلیک لە بەشی کـرمـانجـیی سـەرووەدا بە تەواوی پێڕۆ دەکرێت. هەبوونی ئۆبلیک لە کرمـانجـیدا بە یەکگرتنی دوو هۆ دروست دەبێت: گـێنوس و دۆخەکانی ناکارا. لە ڕاستیدا لە کرمانجیدا ناو (Substantive) لـە دوو دۆخی کارا و بانگکردن (Vocative) بەولاوە، هەموو دۆخەکـانی دیکە بە ئۆبلیک دادەنرێت. من لە ئەنجـامی کـارکـردنێکی چڕوپڕدا لەسـەر کـرمـانجـیی باکـوور، گەیشتوومەتە ئەو باوەڕەی دۆخی ئۆبلیک لە کرمانجیی باکـووریشـدا تا ڕادەیەک لاواز بووە، بەڵام ئـەمـە تەنیـا زایەندی نێر (Masculine) دەگرێتەوە، دەنا کە ناوی مـــێ (Feminine) دەبێتـە بەرکاری ڕاستـەوخۆ، ناڕاستـەوخۆ یا ئیزافـە، دیسان هەر بە شێوەی ئۆبلیک گەردان دەکرێت.

وا دیارە دۆخی ئۆبلیک لە دیالێکتـەکـانی خـواروو زمـانی کـوردیشـدا لە سـەردەمێکدا هەبووبێت، بەڵام لە مـاوەی سـەد سـاڵی ڕابردوودا وردە وردە ون بووە. ئەم لەناوچوونەی دۆخی ئۆبلیک ئەنجـامێکی ڕاستـەوخۆی لەناوچوونی، یا کـزبوونی ڕۆڵی، گـێنوسـە لە کـوردیی خوارووەدا. لە بەشـەدیالێکتی مـوکریانیدا شـوێنەوارێکی کـەمی ئۆبلیک مـاوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ڕۆڵی گـێنوس لەوێش نەماوە، بەکارهێنانی ئەو دۆخە بەپێی بنەمایەکی ڕێکوپێکی زمانەوانی بە کار ناهێنرێت. مامۆستا هێمن (1921-1986) پێی وا بوو ئەو شـێـوە بەکـارهێنانە دەبێ بە تەواوی وازی لێ بهێنرێت.

لە تێکسـتـەکـانی خـۆدزکـۆدا دۆخی ئۆبلیک بە شێوەیەکی سیستەماتیک دەردەکەوێت. ئەمە ئەوە پێشان دەدات لەو سـەردەمـەدا دۆخی ئۆبلیک هەبووە، چونکە ئەحمـەد پاشا لە هەمـوو قسـە و ڕستـەکانیـدا پێڕۆیی کـردووە. لەم ڕووەوە من دوو سـەرنجم لا دروست بوون: ‹یەک›: ئۆبلیک لە قسەکانی پاشادا هیچ پێوەندییەکی بە زایەند (گـێنوس)ەوە نیـیـە؛ ‹دوو›: دۆخی ئۆبلیک هەر دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ (Accusative) یـە، نەک دۆخـەکـانی دیکەی وەک بەرکـاری ناڕاسـتـەوخـۆ (Dative) یـــا (Ablative) و (Genitive). خـۆدزکـۆ لە ڕوونکردنەوەی ئەم باسەدا تەنیـا بەوە خـۆی پەڕاندووەتەوە کە «دۆخی بەرکارێتی ... لە ڕێگەی (ی) کۆتایی دروست دەبێ..» [بنەمای 9 لە بەشی ـ ناو ـ]. ئەم باسە هەڵدەگرێ قسەی زۆرتری لەسەر بکرێت.

‹› پاشگر (سـوفـیکس)ی (ـەوە): خـۆدزکـۆ لە کـاتی گەردانکردنی هەندێ کرداردا لەوە سەری سـوورِ ماوە کە دەبێ (کـردەوە، بکـەوە، دەکـەیەوە) لە کـوێوە هاتبـێتێ و بنەمـای دروسـتـبـوونیـان چی بێت. ڕاسـتـیـیـەکـەی ئەم پاشگرە ڕۆڵێکی یەکـجـار گـرنگ و گـەورەی بینیـوە و دەبینێ بۆ دەوڵەمـەندکـردنی زمـانی کـوردی. بەشـێک لە کـردار و ناوە کـوردییـەکـان بە پێـوەلکاندنی پاشگری (ـەوە) واتایەکی تازە وەردەگرن. تەنانەت ئەمرۆیش ئێمە دەتوانین بۆ دروستکردنی وشـە و چەمکی تازە سـوود لەم پاشگرە وەربگرین.

‹› پێـشگری دە (ئە)ی کردار: هێندەی من ئاگـادار بم لە هەمـوو زمـانی کـوردیدا تەنیـا شـێـوەی قسـەکـردنی ناوچەکانی سلێمانی، گەرمیان و سنە و ئاخێوەرانی بەشە دیالێکتی (فـەیلی)ن کە لە بنەمـای بەکـارهێنانی (دە) لایان داوە، دەنا هەمـوو زاراواکـانی دیکەی کـوردی پێشگری کرداری (دە، د، ت) بە کار دەبەن. مـامۆسـتـا تۆفـیـق وەهبی (1894-1984) بەم پێـشـگرە دەڵێ (پێـتـەقـاڵبی)، د. ن. مـەکـەنزی پێی دەڵێ (Modal affixes)، یان هەر تەنیا پێشگر (Prefix).

لە بەشەدیالێکتی سلێمانیدا ئەم بەکارهێنانی (ئە)یە دیاردەیەکی تازەیە و پێم وایە لە سـەرەتای سـەدەی بیسـتـەمـدا پەیدا بووە، چونکە شـاعـیـر و نووسـەرانی کـلاسـیـکی سـەدەی نۆزدەیـەم هەمـوو (دە)یان بە کـار هێناوە. تۆفـیق وەهبی دەڵێ لەبەر ئەوەی سەعـید سدقی لە حـەفـتـاکـانی سـەدەی نۆزدەمدا چووەتە بەر خـوێندن لە مزگـەوتەکانی سلێمانیدا، تەنانەت لەو ڕێزمانەیشدا کە سـاڵی (1928) بڵاوی کردووەتەوە هەمیـشـە (دە)ی بە کـار هانیـوە و دەبێ (ئە)ی بە گـۆڕینێکی عـامی زانیـبێ(٨). نالی، سالم و مـەحوی لە شیـعـرەکـانیـاندا (دە)یان بە کـار بردووە. مـەولانا خـالیـدی شـارەزووریی نەقشبەندی (1779-1827) لە عەقیدەنامەکەی خۆیدا (دە)ی بە کار هێناوە (٩)، هەروەهایش شێخ حوسەینی قازی (1790-1868).

مـامـۆسـتـا وەهبی پێی وایە (ئە) لەژێر تاوی بەشەدیالێکتی ئەردەلان و جافیی شارەزووریدا هاتووەتە ناو زمـانی قسـەکـردنی شاری سلێمـانیـیـەوە. لە زمـانی ئەدەبیی سـتـانداردی کـوردیدا لە سـەرەتای حـەفـتـاکـانی سـەدەی بیسـتـەمـەوە (دە) وەک پێـشـگری کـردار، بۆ بنیاتنانی کرداری ڕانەبردووی سادەی ئاگادەر و ڕابردووی ناڕەبەق (بەپێی دەربڕینی مـامۆسـتـا وەهبی!) جێگەی

گرتووە و تا ڕادەیەکی باش چەسپیوە و بە نزیکەوە هەموو نووسەرانی کورد بە کاری دەهێنن. بەڵام لە زمانی ڕۆژانەی قسەکردندا دیارە خەڵکی گەرمیان (بە کەرکووکیشەوە) و سلێمانی و ئەردەڵان هێشتا هەر (ئە) دەڵێن.

‹› ئەز: ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک لە دۆخی کاراییدا هەندێ جار (ئەز) بە کار هێنراوە. لەم بارەیەوە پێشتریش شت نووسراوە. ڕەگوڕیشەی (ئەز) لە زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکاندا زۆر کۆنە. لە فارسیی کۆندا (فارسی باستانی Old Persian) بە شێوەی (ئەدەم) و لە ئاڤێستادا بە شێوەی (ئەزم) هاتووە. لە فۆلکلۆری کوردیدا پەندێک هەیە دەڵێ (ئەگەر زانیت ئەزم، ئەگەر نەتزانی دزم). (ئەز) لە چەند شیعری نالیدا هەیە.

لە کرمانجیی سەروودا بنەماکانی بەکارهێنانی (ئەز و من) زۆر ڕێکوپێکن و جێی خۆیان گرتووە. هەندێ لە نووسەرانی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات لەم سالانەی دواییدا دەیانەوێ (ئەز) بخەنە ناو نووسینەکانیانەوە، بەڵام زۆر بە شێوەیەکی هەڵە و نەزانانە ئەم کارە دەکەن. بنەمای ڕێزمانیی ئەم دوو ڕاناوە دەکرێ بەم جۆرە کورت بکرێتەوە:

کرداری ڕانەبردوو، تێپەڕ بێت یا تێنەپەڕ، ڕاناوی بکەری (ئەز) دەبێت: ئەز دەنووسم، دەڵێم، دەبینم = ئەز دەچم، دێم، دەخەوم. بۆ کردارەکانی ڕێژەی ڕابوردوو، تەنیا کرداری تێنەپەڕ (ئەز) وەردەگرێت: ئەز هاتم، چووم، ڕاوەستام، خەوتم.. هتد، بەڵام: من نووسیم (نڤیسی)، وتم (گوت)، خواردم (خوار)، پرسیم (پرسی)...هتد. هەروەها کاتێ ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک لە دۆخی (ئۆبلیک)دا دێت، دەبێ (من) بێت نەک (ئەز): مالّی من، براکەی من، بۆ من، لە منەوە، لە منداً، ئەو من دەناسێت...هتد.

مامۆستا تۆفیق وەهبی پێی وایە لەدەستدانی (ئەز) لە کوردیی خواروودا هەڵەیەکی گەورە بووە و لەژێر کارکردی ئەردەڵانی ـ جافیدا ڕووی داوە: «ئەمە غەڵەتێکی گەورە بوو لەچاو سرشتی ئەسڵی زمانی کوردیدا. دیارە زمانەکەمان دەمێکی زۆر نییە کە (ئەز)ی فەرامۆش کردووە. میستەر ڕیچ لە ساڵی 1820 دا لە سلێمانی گۆرانییەکی بیستووە کە تێیدا ڕستەی ـ ئەز دەنالّم ـ هەبووە» (١٠).

‹› لّ › ر: یەکێک لە نیشانە هەرە دیار و جیاوازیدانەرەکانی نێوان بەشەدیالێکتەکانی ناوچەی سۆران و بابان، لە ڕووی فۆنەتیکییەوە، ڕەنگە ئەو دوو فۆنێمەی لّ = ر بێت. بەشێکی زۆری ئەو وشانەی لە ناوچەی بابان فۆنێمی (لّ)یان تێدایە، لە سۆران (لّ)ـەکە بە (ر) بێژ دەکرێت.

لە تێکستەکانی ئەحمەد پاشای بابانداً، ئەم فۆنێمە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەپێی فۆنەتیکی ناوچەی سۆران بێژ کراوە، واتە زۆربەی ئەو وشانەی ئەمڕۆ لە سلێمانی و گەرمیان و موکریان و بەشەدیالێکتەکانی کوردیی نێوەڕاست (بێجگە لە سۆران) فۆنێمی (لّ)یان تێدایە، ئەو بە شێوەی (ر) بێژی کردوون: بلّێ › بڕێ، خەلّووز › خەروووز، ئەمسالّ › ئەمسار، هەلّامەت › هەرامەت، کوتالّ › کوتار، پەشتەمالّ › پەشتەمار، لەگەلّ › لەگەر، سالّێک › سارەک، مالّەوە › مارەوە، حالّ › حار، حاسلّ› حاسر. ڕاستییەکەی ئەگەر ئەمە تەنیا یەک دوو جار ڕووی بدایە، وامان دادەنا کە خۆدزکێ لە گواستنەوەدا هەڵەی کردبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی لە بەشی هەرە زۆری تێکستەکەدا ئەمە دووبارە و چەند بارە دەبێتەوە، دەگەینە ئەو باوەڕەی کە پاشا هەر وا قسەی کردووە. بەڵام پرسیارێکی گرنگ ئەمەیە: ئایا ئەمە جیاوازیی نێوان زمانی پاشا و ڕەعییەتە؟ ئایا خەڵکی شارەکەیش ئەو کاتە هەر وا قسەیان کردووە، یا ئەمە تەنیا شێوەی ئاخاوتنی پاشایە؟ من خۆم گوێم لێ بووە کەسێکی سەر بە بنەماڵەی بابان (نەوەی ئەمڕۆ) کە قسەی کردووە هەندێ جار ئەو فۆنێمی (لّ) ـەی گۆڕیوە و کردوویەتی بە (ر). ئەگەر باشم لە بیر مابێت، بەتایبەت بۆ (لەگەلّ) دەیگوت (لەگەر).

مەکەنزی لە کتێبەکەی خۆیدا سەرنجێکی لەم بارەیەوە نووسیوە، دەڵێ: ئەوەی کە [پاشا] زۆر جار، بەڵام هەمیشە نا، (لّ) وەک (ر) بێژ دەکات، دەکرێ وا لێک بدرێتەوە کە تایبەتێتییەکی ئەریستۆکراتییانەیە. یان شێوەیەکی ناسلێمانییانەیە، کە زەحمەتە شێوەیەکی کۆنی زاراواکە بێت (١١).

‹› د › ت: لە دوو جێگەدا دەنگی (د) گۆڕاوە و کراوە بە (ت): کرد (کرت) ، نامەرد (نامەرت). لەوەیە ئەمە هەر هەڵەیەکی ئاسایی بێت کە پاشا لە کاتی نووسیندا کردبێتی، یا خۆدزکۆ بە هەڵە گواستوویەتییەوە.

‹› بەشێک لەو بنەما ڕێزمانییانەی خۆدزکۆ لە وتارەکەیدا پێشکەشی کردوون، لەگەڵ ڕاستییەکانی زمانی کوردیدا ناگونجێن. ڕەنگە ئێمە بتوانین لەم لایەنە بگەین و وای پاساو بدەین کە کابرا زمانەکەی نەزانیوە و کارەکەی لە جێگەی قسەپێکردنی زمانەکە، کوردستان، ئەنجام نەداوە. بەڵام هەندێ لە ئەنجامگرییەکانیشی هێنده نازانستییانەن کە بۆ کەسێکی شارەزای زمانەوانی ناکرێ بکەوێتە هەڵەی لەو جۆرەوە [نوختەی 16 و 23 و 35ی بەشی ناو].

هەڵەیەکی زۆر ئاشکرای خۆدزکۆ بەکارهێنانی، یا تێکەڵکردنی، تێرمە ڕێزمانییەکانە. ئەو لە گەڵێ جێگەی وتارەکەیدا کە دێت کرداری فەرمان/ئەمر (Imperative) باس دەکات، نموونەکانی هیی فەرمان نین، بەڵکە هیی ڕانەبوردووی خوازیارین (Present subjunctive)، کە مامۆستا وەهبی ناوی دەنێ (موزاریعی پەیڕەوی). ئەم دوو ڕێژەیەی کردار دوو شتی جیاوازن. باوەڕ ناکەم خۆدزکۆ نەیتوانیبێت پاشا حاڵی بکات، بە تورکی و بە فارسی، و لێی بپرسێت کە کورد ئەم کرداره چۆن دەڵێن و چۆنی بە کار دەهێنن. هەروەک دەبێ پاشایش توانیبێتی بە ئاسانی بۆی ڕوون بکاتەوە. هەڵەکردن بە تایبەت لەم نوختەیەدا سەیر دێتە پێش چاو، لەبەر هۆیەکی ئاسان؛ ڕێژەکانی دیکەی کردار دەکرێ بۆ شەش کەس گەردان بکرێن، بەڵام فەرمان تەنیا بۆ دوو کەس گەردان دەکرێت:کەسی دووەمی تاک و کەسی دووەمی کۆ.

دوو: وشە و دەستەواژە

‹› بیدمشک: ئەحمەد پاشا لە جێگەیەکدا باسی خواردنەوەی شەربەتی (بیدمشک) دەکات، کە وا پێ دەچێت ئەو سەردەمە خواردنەوەیەکی باو بووبێت و لە کەبابخانە و چێشتخانەکان لەگەڵ نان و خۆراکدا دانرابێت. دیارە وشەکە بەو شێوەیەی پاشا نووسیویەتی فارسییە. فارس پێی دەڵێ (بیدمێشک = بیدمشک). گیوی موکریانی پێی دەڵێ (بێ مشک› بیرمشک) و وای لێک دەداتەوە: داریکە وە دارەبی دەچێ، ئارەقی گوڵە بۆنخۆشەکانی دەگیرێ وە لەوێش شەربەتی دروست دەکەن(١٢). مامۆستا هەژاریش پێی دەڵێ (بیمیشک) و لە ڕوونکردنەوەدا دەڵێ: جۆرێ بییە گوڵی سپی و بۆنخۆش دەکا(١٣).

‹› جموشگەھ: پاشا ئەم وشەیەی بەرانبەر (جمگە یا جومگە)ی ئەمڕۆی کوردی بە کار بردووە. شایانی سەرنجدانە کە وا پێ دەچێ لە (جنبشگە یا جنبشگاە)ی فارسییەوە هاتبێت و ئەم هەموو گۆڕانەی بەسەردا هاتبێت، ئەگەرچی لە فارسیی ئەمڕۆدا وشەیەکی وەها هەر نییە. (جنبشگە) واتە جێگەی سووڕانەوە و بزووتن. دیارە جمگە یا جومگەیش ئەو جێگەیەیە کە دوو ئێسک (ئێسقان) بە یەک دەگەن و بە هۆی پارچەیەک کرتێنکەوە کە دەکەوێتە نێوانیان دەتوانن بسووڕێنەوە و ببزوون.

‹› دیوانخانە: شێوەی باوی لە کوردیی ئەمڕۆدا (دیوەخان)ـە. شێوەی دیکەیشی هەیە وەک (دیوان، دیواخان، دیواخانە، دیوەخانە).

‹› گزنگ : بە ڕاستی من پێم وا بوو ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا نوێیە و ڕەنگە ئەم چل پەنجا ساڵەی دوایی پەیدا بووبێت.

‹› داخستن: بە مەعنای پانکردنەوە، بڵاوکردنەوە و دانانی شتێک لەسەر زەوی (سفرە، حەسیر، دۆشەک، قاڵی و هتد). ئەمڕۆ زیاتر دەگوترێ (ڕاخستن). لە ناوچەی گەرمیان تا سی ساڵ لەمەوبەر هەر دەگوترا (داخستن) نەک (ڕاخستن). نازانم ئێستایش وا دەڵێن یا نە. پێشگری (دا) کە یەکێکە لەو پێشگرانەی بە هاوکاریی کرداریکی سادە، کرداری لێکدراو (Compound verb) دروست دەکات، بە ڕادەی یەکەم بزووتنەوەیەک دەگەیێنێ لە سەرەوە بۆ خوارەوە، لە بەرزییەوە بۆ نزمی.

‹› چشت: لە کوردیی ئەمڕۆدا بە زۆری دەگوترێ (شت). هەر ئەم شێوەیەیش بۆتە بەشێک لە تێرمی (شتومەک) کە لە ناوچەی سۆران کورت کراوەتەوە و بووەتە (شمەک). لە ناوچەی گەرمیان جاران دەگوترا (چت). لە بادینانی و کرمانجیدا دەگوترێ (تشت).

‹› یەملک (یەملیک): وشەیەکی تورکییە بە مەعنای (نان، خۆراک، خواردن، شێو، شیو، چێشت).

‹› سفرە، بریانی، پلاّو: کۆمەڵە تێرمێکی گرنگن لە بواری نانخواردن و میواندارى و کەیف و ڕابواردن و سەیراندا.

‹› چاوەش (یا چاووش): شمشێربەدەست، پاسەوان، نامەبەر، مۆسیقاژەنی کۆشکی پاشا. لەم تێکستەدا هەر

لە باتیی خزمەتکار بە کار هاتووە.

‹› کیلەرچی (وشەیەکی تورکیی عوسمانییە): کیلەر یا کیلار، ئەنبار، عەمار یا عەمبار: جێی هەڵگرتن و پاراستنی خواردەمەنی و ئازووخە. کیلەرچی: خزمەتکار، نۆکەر، بەڵام زیاتر بۆ سەرۆکی خزمەتکارانی کۆشک دەگوترێ، بەتایبەت ئەوەی کە بەرپرسی ئامادەکردنی خوان و خواردنەوەیە.

‹› دراو: وا باوە کە دەبێ لە (دراخما)ی یۆنانییەوە، و لە رێگەی زمانی عەرەبییەوە، هاتبێتە ناو زمانی کوردییەوە [دراخما › درهەم › درەم › دراو یا دراڤ]. وشەی درهەم لە قورئانی پیرۆزدا هەیە: (وشروه بثمن بخس دراهم معدودة وکانوا فیه من الزاهدین)، سوورەتی یووسوف، ئایەتی بیستەم.

‹› مانهەڵگرتن: لە کوردیی ئەمڕۆییدا دەڵێین (مانگرتن) و ئەمەیش چەمکێکی زیاتر سیاسیی هەیە کە بەرانبەر (اضراب)ی عەرەبی و (Strike)ی ئەورووپایی بە کار دەهێنرێت. وا پێ دەچێت لە سەردەمی بابانەکاندا وترابێ (مانهەڵگرتن)، کە دەکرێ لەگەڵ (ڕقهەڵگرتن) بەروارد بکرێت. لە ناوچەی گەرمیان کاتی خۆی وشەکە تەنیا بۆ ئاژەڵ دەگوترا نەک بۆ مرۆڤ؛ بۆ نموونە دەیانگوت: ئەو ولاخە مانی گرتووە. ئاوەڵواتایەکی (مانگرتن) هەر لە گەرمیان (سینکردن) بوو؛ دەگوترا: ولاخەکە سینی کردووە. لەم تێکستەی ئەحمەد پاشایشدا وشەکە لە باسی بەرازدا بە کار هاتووە.

‹› وشەی سەیر: لە تێکستەکەی خۆدزکۆدا (کە لە ڕاستیدا قسە و نووسینی ئەحمەد پاشای بابانە) هەندێ وشەی سەیر و واتانەدار هەن کە نازانم لە کوێوە هاتوون و لە ڕووی ئێتیمۆلۆژییەوە ڕەگوڕیشەیان دەگاتە کوێ. دوور نییە خۆدزکۆ لە نووسینەوە و گواستنەوەی تێکستەکەدا هەڵەی کردبێت، چونکە دەیان هەڵەی دیکەیش هەن. پاشا لە جێی (ئاسک) دەڵێ (ڕەنی) کە، هێندەی من ئاگادار بم، خزمایەتیی لەگەڵ هیچ زمانێکدا نییە. د. ن. مەکنزی ـ یش هەر ئەم وشەیەی پێ سەیر بووە. وشەیەکی سەیری دیکە (داغبێ)یە کە مەبەست، بە قسەی پاشا و خۆدزکۆ، چۆلەکەیە. من بە دووری نازانم ئەحمەد پاشا (دەعبا)ی وتبێ (یا نووسیبێ) و خۆدزکۆ بە هەڵە تۆماری کردبێت.

سێ: هەندێ زانیاریی لاوەکی، بەڵام گرنگ

‹› مامۆستا مەسعوود محەمەد لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا لەسەر نالی، وای بۆ دەچێت کە ئەحمەد خان (یا پاشا) تەنیا ساڵی 1853 لە پاریس بووبێت. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە خۆدزکۆ دەڵێ لەو ساڵەدا هاتۆتە پاریس، بەڵام لە جێگەیەکی دیکەی هەر ئەو وتارەدا بە ڕوونی ئەوە دەڵێ کە هەتا کۆتاییی مانگەکانی ساڵی 1854 پێکەوە کاریان لەسەر ڕێزمانی کوردی کردووە. دواتر باسی ئەوە دەکات کە پاشا بانگ کراوەتەوە بۆ ئەستەمووڵ. کەواتە پاشا بە لای کەمەوە تا کۆتاییی ساڵی 1854 لە پاریس بووە و ئەگەر زۆریش بە پەلە چووبێتەوە بۆ ئەستەمبووڵ، ئەوا دەبێ لە سەرەتای ساڵی 1855دا گەڕابێتەوە. بۆ پیاوێکی وەکوو پاشا کە زۆریش نەخۆش بووە، ئەقڵگیر نییە هەر وا بە پەلە ملی ڕێ بگرێت و پاریس بە جێ بهێڵێت. ئەم زانیارییە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورەتر بۆ تیۆرییەکەی مامۆستا مەسعوود کە نالی لە 1855دا نەمردووە و ئەو ڕەفاقەت و هاوڕێتییە چەند ساڵەیەی لەگەڵ ئەحمەد پاشادا لە ئەستەمبووڵ هەیبووە دەکەوێتە دوای ئەو ساڵە، واتە دوای ئەوەی پاشا لە پاریسەوە گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ و (نالی)یش لە شامەوە چووە بۆ لای بۆ ئەوێ.

لەم وتارەی خۆدزکۆدا دوو دەنگوباسمان لەبارەی نالییەوە بۆ تۆمار کراون، بێجگە لە ناساندنێکی کورت. دەنگوباسی یەکەمیان ئەوەیە کە ئەحمەد پاشا بە خۆدزکۆ دەڵێ: مەلا خزر، کە زیاتر بە ناوە ئەدەبییەکەی وەک نەعلی ئەفەندی ناسراوە، لە سووریایە، لە شام. دەنگوباسی دووەمیش ئەوەیە کە نالی پێشتر ڕێزمانێکی عەرەبیی تەرجەمەی کوردی کردووە. ئەم دوو دەنگوباسە لەبەر ئەوە گرنگن چونکە نە پێداهەڵدان و نرخاندن و نە خەیاڵ، بەڵکە ڕاستەقینەی لەو بابەتەن کە بناغەی مادەییان هەیە؛ پاشا دەزانێت کە مەلا خزری نالی لەو کاتەدا لە سووریایە و لەوێ دەژی، هەروەها باسی کتێبێک دەکات کە کردوویەتی بە کوردی و دەبێ پاشا خۆی چاوی بەو کتێبە تەرجەمەکراوە کەوتبێت، چونکە دەڵێ پێشتر ئەو کارەی کردووە، واتە پێش ئەوەی ئەم بێت بۆ پاریس. ئەگەر پاشا لە قسەکەی خۆی دڵنیا نەبوایە دەیگوت بیستوومە کتێبێکی وای هەیە، یان دەیگوت خەریکە کتێبێکی وا ئامادە دەکات. هەرچی

ناساندنەکەیە بە ڕادەی یەکەم هەڵوێستی ڕێز و شانازیی پاشایە بۆ نالی، نەک ڕاستەقینەی ماددی. ئەم ناساندنەیش دوو بەشە؛ یەکەمیان ئەوەیە کە نالی زانایەکی بەناوبانگە، دووەمیش ئەوەیە کە خۆی بۆ دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی تەرخان کردووە. سەرباری ئەوانەیش پاشا بەڵێنی بە خۆدزکۆ داوە کە بە نالیی بناسێنێت، واتە کارێک بکات خۆدزکۆ و نالی دەستیان، یا دەنگیان، بە یەکتری بگات، بۆ ئەوەی لەبارەی زمانی کوردییەوە هاوکاری بکەن. دیارە لەمەیشدا پاشا هەم ڕیالیستانە بیری کردووەتەوە و هەمیش خۆنزمگرانە، چونکە زانیویەتی ئەو هەموو زانیارییەی بۆ کارەکەی خۆدزکۆ پێویستن ئەم دەرۆستیان نایەت و پێی هەڵناسووڕێت، لەبەر ئەوە وای بە چاک زانیوە بە کەسێکی بناسێنێت کە لە خۆی شارەزاترە و لەم بوارەدا دەسترۆیشتووە. خاڵێکی سەرنجڕاکێش، بۆ من، ئەوەیە کە لە قسەکانی پاشا و خۆدزکۆیشدا نالی وەک شاعیر باس نەکراوە، بەڵکە وەک زانا و زمانەوان و فیلۆلۆگیست و وەرگێڕ. تەنانەت لە دوا بەشی لێکۆڵینەوەکەدا خۆدزکۆ هەندێ شیعری بڵاو کردووەتەوە، کە هیی باباتاهیری هەمەدانین، کەچی شیعری نالیی بڵاو نەکردووەتەوە و باسیشی ناکات. هیچ گومان لەوەدا نییە کە پاشا دەیزانی نالی شاعیرە و شاعیرێکی گەورەیشە، چونکە ئێمە دەزانین بە هۆی مردنی سڵێمان پاشای بابان و هاتنە سەر تەختی هەر ئەم ئەحمەد پاشایە خۆیەوە، نالی شیعرێکی جوان و بەرزی نووسیوە:

تا فەلەک دەورەی نەدا ـ سەد کەوکەبی ئاوا نەبوو ـ
کەوکەبەی میهری موبارەک تەلعەتی پەیدا نەبوو.

ئەو شیعرەیشی نەوتبایە، دیسان پاشا هەر دەیزانی نالی شاعیرێکی گەورەیە، چونکە ناوبانگی نالی ئەو کاتە زۆر لە سنووری میرنشینیی بابان بەولاوەتریش ڕۆیشتبوو. ئەوجا خۆدزکۆیەک هێندە بە پەرۆشەوە بووبێت کار لەسەر زمان و ئەدەبی کوردی بکات، بۆچی داوای لە پاشا نەکردووە هەندێ لە شیعرەکانی نالیی بۆ بنووسێتەوە، یا تەنانەت یارمەتیی بدات بۆ ئەوەی بیانکاتە فرانسی؟ خۆدزکۆ وەک زانایەکی ئەوروپایی بێگومان ئەم داوایەی لە پاشا دەکرد ئەگەر بیزانیایە نالی شاعیرێکی گەورەیشە. کەواتە، من هیچ بە دووری نازانم کە ئەحمەد پاشا باسی شاعیرێتیی نالیی لای خۆدزکۆ نەکردبێت. کە باسیشی نەکردووە، دەبێ لە دڵی خۆیدا بڕیارێکی وا گرنگی دابێت، دەنا چۆنە لە ماوەی ئەو یەک ساڵ و چەند مانگەدا کە پێکەوە کاریان کردووە و پاشا لە پاریس ژیاوە، تاکە جارێک لە دەمی دەرنەچووە بە خۆدزکۆ بڵێ کە نالی نەک هەر زمانزانە، بەڵکە شاعیرێکی گەورەی کوردیشە. تەنانەت کە بەڵێنی ئەوە دەدات بە یەکیان بناسێنێت، بەو نیازە دەیکات کە نالی لەبارەی زمانی کوردییەوە کۆمەکی خۆدزکۆ بکات. کە بەڵێنی ئەوەیش دەدات دیوانی شیعری کوردیی بۆ پەیدا بکات (مەجموعە، ئانتۆڵۆگی)، باسی شیعرەکانی ئەحمەدی خانی دەکات (لەبەر هۆیەک کە من تێی نەگەیشتم، پاشا بە دابل یا دابەل ناوی دەبات) و باسی (مەم و زین)ی بۆ دەکات. پاشا کە باسی نالی دەکات دەڵێ «ناوە ئەدەبییەکەی» نەعلییە، بەڵام کە باسی شێخ ئەحمەدی دەکات دەڵێت (تەخەللوص)ی دابلە. ئەوەی شارەزای شیعری ڕۆژهەڵاتیی فارسی و کوردی و عوسمانی بێت دەزانێت وشەی (تەخەللوص) تەنیا بۆ ناوی شاعیران بە کار هێنراوە. تۆ کە وتت مەلا فلانکەس تەخەللوسی فلانە، ئیدی ئێمە دەزانین ئەو زاتە شاعیرە.

ئەحمەد پاشا بە خۆدزکۆی نەگوتووە کە نالی شاعیرێکی گەورەی کوردە، بەڵام دەیەوێ کارێکی وا بکات خۆدزکۆ بتوانێت پێوەندیی پێوە بکات، بەشکەم نالی بۆ لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی هاوکاریی بکات و یارمەتیی بدات. باشە خۆ دەبێ پاشا ئەوەی لە بەرچاو گرتبێت کە ئەگەر سبەینێ نالی و خۆدزکۆ چاویان بە یەکدی کەوت یا نامەیان بۆ یەکتر نووسی، ئەم ڕازە ئاشکرا دەبێت و ئەودەم هەم نالی و هەم خۆدزکۆیش دڵیان لێی دەڕەنجێت. ئایا دەکرێ وای دابنێین کە پاشا، لەبەر هەر هۆیەک بێت، لە نالی دڵگران بووە؟ بۆ نموونە لەبەر ئەوەی نالی پێش ڕووخانی ئەمارەتی بابان سلێمانیی بە جێ هێشتووە. ئەمە نابێتە بەڵگەیەکی بەهێز بۆ ئەوەی پاشا باسی شاعیرێتیی نالیی نەکردبێت. پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایا دەکرێ پاشا شاعیرێتی و شاعیربوونی پێ شتێکی ئەوەندە گرنگ نەبووبێت کە شایانی باسکردن بێت؟ ئەمەیش زۆر جێی باوەڕ نییە. هەر نەبێ پاشا لەوە گەیشتووە کە زانایەکی وەک خۆدزکۆ عەودالی ئەوەیە شیعری کوردیی دەست بکەوێت، ئیتر بۆ دەبێ شاعیرێتیی نالیی لێ بشێرێتەوە؟ ئێستا کە ئەم وتارە دەنووسم، من هیچ بەڵگەیەکی مەنتیقیی وام بە بیردا نایەت بڕێک ڕووناکایی بهاوێژێتە سەر باسەکە. لەبەر ئەوە بە پێشکەشکردنی ئەو پرسیار و گومانانە، جارێ، ئەم پەنجەرەیە دادەخەم.

پاشای بابان کە باسی نالی بۆ خۆدزکۆ دەکات پێی

دەڵێ کە نالی کتێبێکی لەسەر ڕێزمانی عەرەبی تەرجەمەی کوردی کردووە. ئەم دەنگوباسە لە لایەن پاشاوە هیچ گومانی تێدا نییە. مامۆستا مەسعوود محەمەد لە کتێبەکەی خۆیدا بە جەختەوە باسی ئەوە دەکات کە کتێبێکی وا هەبووە و وا پێ دەچێت لە مزگەوتەکاندا خوێنرابێت. مامۆستا دەڵێ مەلا محەمەدی مەلا ئیبراهیم (دلاوەر) باسی ئەم سیپارە (نامیلکە)یەی کردووە و تەنانەت بەیتێکی لێ لە بەر بووە، کە ئاوا بووە:

گۆشتی قەڵەو حوققە بە چوارده پارە
وەقتێ گوتت حوققە ضەمیر دیارە (١٤).

خۆدزکۆ دەڵێ پاشا بەڵێنی داوەتێ کە کۆمەڵە شیعرێکی شێخ ئەحمەد(ی خانی)ی بۆ پەیدا بکات. ڕاستییەکەی نە پاشا و نە خۆدزکۆ ناوی (خانی)یان نەهێناوە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە مەبەستیان خانیی شاعیری گەورەی کورد و خاوەنی داستانی نەتەوایەتیی کورد مەم و زینە. پاشا وەک (شێخ ئەحمەدی) ناوی بردووە و ئەوەیشی وتووە کە لە جەزیرە لە دایک بووە، هاوسەردەمی شاعیر و سۆفیی گەورە جامی بووە و پۆپەمێکی هەیە ناوی (مەموزین)ـە. لەم سێ قسەیە تەنیا باسی مەم و زینەکەیان ڕاستە، دەنا خانی (1651-1707) لە بایەزید لە دایک بووە و زۆر دوای جامی (کە ساڵی1492 مردووە) لە دایک بووە و ژیاوە. بە دووریشی نازانم پاشا لەنێوان خانی و مەلای جەزیریدا (کە هەردووکیان ناویان شێخ ئەحمەدە) باسەکەی لێ تێک چووبێت، چونکە زۆرتر ناوی جەزیری لەگەڵ جامیدا دەبرێت، ئەگەرچی لای هەردوویان، جەزیری و خانی، باسی جامی کراوە. نازانم پاشا ئەم ناسناوی (دابل یا دابەل)ەی لە کوێوە هێناوە؟ چونکە هێندەی من ئاگادار بم، نە خانی و نە جەزیری ناسناو و تەخەللوسی وایان نەبووە. هەروەهایش نایەت بە بیرمدا شاعیرێکی دیکە هەبێت تەخەللوسی دابل بووبێت. با ئەم نهێنەیش بچێتە سەر ئەوانی پێشتر.

خۆدزکۆ کۆمەڵێ دەنگوباسی لەبارەی چالاکیی کوردناسەکانەوە بلاو کردووەتەوە، کە وا پێدەچێت پێوەندیی لەگەڵ زۆربەیاندا هەبووبێت و ئاگاداری کارەکانیان بووبێت. ئەمەیش لە دنیای تۆژینەوەی ئەکادێمیدا نائاسایی نییە. لەناو هەواڵەکاندا یەکێکیان زیاتر سەرنجی ڕاکێشام. دەڵێ لەژێر چاودێریی پرۆفێسۆر فۆن دۆرندا خەریکی وەرگێڕانێکی کوردیی گوڵستانن. بێگومان کە دەڵێ گوڵستان مەبەستی گوڵستانی شێخ سەعدیی شیرازییە (1184-1292). ئەوانەی خەریکی ئەو کارەن، کێن؟ دیار نییە. هەروەها ئەوەیشم لا ناڕوون مایەوە، ئایا پێشتر گوڵستان تەرجەمەی کوردی کراوە و (ئەو کەسانە) خەریکن بۆ چاپ ئامادەی دەکەن؟ یا هەر ئەو کەسانە خۆیانن کە دەیکەنە کوردی؟ من زیاتر بۆ ئەوە دەچم کە تەرجەمەکە پێشتر کراوە و یەکێک، یا هەندێک، لە کوردناسەکان خەریکە / خەریکن بۆ چاپ ئامادەی دەکەن.

م. ڕودێنکۆ لە کتێبێکی خۆیدا لەسەر دەستنووسە کوردییەکانی لێنینگراد باسی دەستنووسی (گلستان شیخ سعدی به زبان کردی) دەکات، کە لێرخ لەگەڵ کۆمەڵێ تێکستی کوردیدا بلاوی کردووەتەوە. ئەو تێکستە لای من هەیە و هێناومەتە سەر ڕێنووسی ستانداردی کوردی و چەند جارێکیش وەک کۆرسی خوێندنی تێکستی کلاسیکی، خوێندکارانی بەشی کوردیی زانستگەی ئوپسالا خوێندوویانە.

لەناو ئەو ڕستە و تێکستانەدا کە خۆدزکۆ تێکهەڵکێشی وتارەکەی خۆی کردوون، ڕستەیەک زۆر سەرنجی ڕاکێشام، نەک لە ڕووی زمانەوانی و شێوەی داڕشتنیەوە، بەڵکە لەو ڕووەوە کە پێوەندیی بە ژیانی فەرهەنگیی ئەو سەردەمەوە هەیە. ڕستەکە ئەمەیە: منداڕەکی کە کتێبێکی دڕی. ئایا لەو سەردەمەدا کتێب ئەوەندە زۆر هەبووە کە منداڵ دەستی پێ بگات و بیدڕێت؟ باوەڕ ناکەم لە کوردستاندا وا بووبێت، چونکە کتێبی چاپکراو لە کوردستاندا ڕەنگە لە (قورئان) بەوڵاوە هیچ کتێبێکی دیکە نەبووبێت. ئەو کتێبانەیش کە دەستنووس بوون و بەرگیان تێ گیراوە و مەلا و فەقێ و ڕووناکبیران خوێندوویانن و خوێندوویاننەوە، ئەوەندە بەنرخ و ڕێزلێگیراو بوونە کە ناکرێ وا بە ئاسانی کەوتبێتنە بەر دەستی منداڵ تا بتوانێ بیاندڕێت. من وای بۆ دەچم خۆدزکۆ خۆی ڕستەکەی داڕشتووە و داوای لە پاشا کردووە بۆی بکاتە کوردی.

خۆدزکۆ دوابەشی وتارەکەی تەرخان کردووە بۆ شیعری کوردی و لە پاڵ گلەییکردندا لەوەی دابل (خانی؟) زۆر وشەی عەرەبیی بە کار هێناوە، دوو نموونەی لە دووبەیتییەکانی باباتاهیری هەمەدانی (عوریان)ی بلاو کردووەتەوە. هەردوویان پڕن لە هەڵە و زۆر بێ سەروبەرن. دووبەیتیی یەکەمیان دەبێ بەم جۆرە بێت:

الاله کوهساران هفته‌ای بی
بنوشه جوکناران هفته‌ای بی
منادی می کرم شهرو بشهرو

وفای گلعذاران هفتەای بی (15).

دووبەیتیی دووەم تێکەڵ و پێکەڵێیەکی وایە کە بە ئاسانی (هەر نەبێ بۆ من و لەم کاتەدا) چار ناکرێ.

خۆدزکۆ لە وتارەکەیدا دەڵێ شاری سلێمانی ساڵی 1714 بنیات نراوە. ئەوەی تا ئێستا زانراوە و بۆتە ڕاستییەکی چەسپیو ئەوەیە کە سلێمانی لە ساڵی 1784دا بنیات نراوە. ئەوجا ئایا خۆدزکۆ ئەم قسەیە لە خۆیەوە دەکات، یا ئەویش یەکێکە لەو زانیارییانەی لە ئەحمەد پاشای وەرگرتووە؟ ئەمەیش ڕوون نییە.

پاشا لە تێکستێکدا باسی ژیانی پاشایەتی دەکات. ڕەنگە ئەمە تێکەڵێیەک بێت لە ئەزموونی ڕابوردووی خۆی، هیی ئەو سەردەمەی کە پاشا بووە و هەندێکیش خەیاڵ و فانتازی کە ئەگەر پاشا بێت چی دەکات و چۆن دەژی. لەناو ئەو ڕابواردنە خۆش و گرنگانەدا کە دەیانگێڕێتەوە باسی لە خەنە (حەنا) گرتنی پێی و لە خەنە (دیسان حەنا) و وسمەگرتنی ڕدێنی (ڕیشی) دەکات. وا پێ دەچێت ئەم ڕەنگکردنی پێ و ڕیشە لەو سەردەمەدا لەناو پیاوانیشدا باو بووبێت. دەنا دەزانم لەناو ژناندا هەر هەبووە و ئێستایش ماوە. لە گەرمیان ئەو پیاوانەی کاری سەختیان بە دەست دەکرد (بۆ نموونە دروێنە، قورکاری، داربڕین... هتد) ناولەپیان دەگرتە خەنە، بەو نیازەی کە ببێتە هۆی پتەوبوون و بەهێزبوونی پێستی دەستیان، بۆ ئەوەی بەرگەی کارکردن بگرێت. خەنە لە عەرەبیدا بە شێوەی (حەننا ء) دەگوترێ و لە فارسیدا (حەنا)یە. وا دیارە ئەو کاتە لە سلێمانی شێوەی فارسیی وشەکە باو بووە. نازانم وشەی (خەنە) لە کەیەوە پەیدا بووە. نالی لە شیعرێکدا هەر ئەو شێوە فارسییەی وشەکەی بە کار بردووە:

وەرە بنواڕە دووەدستی حەنایيم
حەنایی چی؟ هەموو خۆ خوێنە قوربان!

هەر لەو تێکستەدا پاشا باسی ئەوە دەکات کە پیاوەکان یا ڕاوکەرەکان (فۆتە)یان بە سەرەوە بووە. فۆتە (بە عەرەبی فوطە) بە پارچە پەڕۆیەک دەگوترێ کە دەکرێتە پشتێن یا دەبەسترێ بە سەرەوە، یا وەک دەستماڵ و خاولی بە کار دەبرێت. فەرهەنگی (المنجد) دەڵێ گوتراوە وشەکە لە بنجدا سندییە و گوتراویشە تورکییە. بەڵام فەرهەنگی (Redhouse)ی تورکی: ئینگلیزی دەڵێ وشەکە عەرەبییە. پێم وایە ئەمڕۆ لە خواروی کوردستان وشەکە نەماوە و تەنیا لەبەر ئەوەی ژنی عەرەبی عیراقی فۆتە دەبەستن بە سەرەوە. ڕەنگە هەندێ کەس بزانن فۆتە چییە.

خۆدزکۆ وتارەکەی بەوە تەواو دەکات کە لە ژمارەیەکی داهاتوودا بەشێکی تری نووسینەکەی بڵاو دەکاتەوە، بەڵام، بەداخەوە وا دیارە، لەبەر هەر هۆیەک بێت، نەیتوانیوە ئەم بەڵێنەی بباتە سەر. ڕەنگە لەبەر ئەوە بووبێت دەستی نەگەیشتبێتە کەسێک کە کوردی زمانی زگماکی بووبێت، ئەحمەد پاشا، نالی یا هەر کەسێکی دیکە. نووسەر وتارەکەی ساڵی 1857 بڵاو کردووەتەوە، واتە بە لای کەمەوە دوو ساڵ دوای ئەوەی ئەحمەد پاشا پاریسی بە جێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبوڵ.

بەداخەوە ئێمە لەبارەی ژیان و مردنی ئەحمەد پاشاوە زۆر کەم دەزانین. ڕەنگە هێشتا ئەو یەکێک بێت لەوانەی بەختێکی باشی هەبووە و سەری پاریسی داوە و ڕۆژهەڵاتناسێک چاوی پێی کەوتووە و هەندێ زانیاریی لەبارەوە تۆمار کردووە و هەندێ زانیاریی لێ وەرگرتووە. من بە دووری نازانم لە ئەرشیڤەکانی وەزارەتی دەرەوەی فرانسادا بەڵگەنامە لەسەر ئەحمەد پاشا هەبێت، چونکە بێگومان ئەو بە شێوەیەکی ڕەسمی هاتووە و ڤیزای وەرگرتووە و سەری نەخۆشخانەی داوە و ماڵی گرتووە و زۆر لایەنی دیکەی ژیانی ڕۆژانەیش کە ئەگەر هەموویشی نەبێت، ئەوا هەندێکی پێویستی بەوە بووە بە نامەی ڕەسمی بکرێت. بریا کەسێک هەبێت هەندێ کات بۆ ئەو ئەرکەیش تەرخان بکات.

ئەنجامگری

ئەلیکساندەر خۆدزکۆ وەک زانایەک و ڕۆژهەڵاتناسێک هەوڵێکی زۆر چاکی داوە بۆ ئەوەی زانیاریەکی باشی لەسەر زمانی کوردی دەست بکەوێت و لە چوارچێوەی کارێکی زانستیدا ڕێکیان بخات و پێشکەشیان بکات. ئەویش وەک هەموو ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسەکان ڕەنگە مەبەستێک یا کۆمەڵە مەبەستێکی هەبووبێت. بەڵام لە چەند جێگەی وتارەکەیدا وا هەست دەکەیت جۆرە دڵسۆزییەکی بۆ کورد هەیە و حەز دەکات بەرگری لە خۆیان و زمانەکەیان بکات. هەرچۆنێک بێت، ئەنجامی ئەو هەوڵ و کۆششانەی خۆدزکۆ کارێکی زانستییە کە بێگومان بۆ ئەمڕۆی لێکۆڵەرەوە و توێژەرەوەی کورد نرخی خۆی هەیە. لە ڕووی زانستی و میتۆدی کارەوە دەکرێ هەندێ ڕەخنەمان لە کارەکەی هەبێت، چونکە کۆمەڵێ هەڵەی تێدایە. بەشێک لە هەڵەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەحمەد پاشا کە زانیارییە زمانەوانییەکانی داوەتێ و تێکستەکانی بۆ ئامادە کردووە، بەڵام بەشێکیش هەڵەی خۆدزکۆ خۆیەتی. من کە دەڵێم هەڵەی هەیە، کارەکەی

ئەو لەگەڵ کاری زانایان و ڕۆژهەڵاتناسانی دیکە بەراورد دەکەم، ئەگەرنا زۆر چاک ئاگاداری ئەوەم کە تەنانەت ئەمڕۆیش، لەو کوردستانەی خۆماندا دەیان کتێبی ڕێزمانی کوردی دەنووسرێن کە فڕیان بەسەر زانست و بەسەر زمانەوانی و بەسەر کوردییەوە نییە.

ئەحمەد پاشا سەردارێکی لێکەوتووی کورد و میرێکی بابان بووە، کە ڕۆژگار پشتی تێ کردووە و لە ئاوارەییدا ژیاوە، چ لە ئەستەمبووڵ و چ لە پاریس. سەرباری ئەوەیش نەخۆش و لەشبەبار بووە. ئەوجا لەناو ئەو جۆرە ژیانەدا کە هاتووە هاوکاریی خۆدزکۆی کردووە و هانی داوە کاری زیاتر بکات، بەڵێنی داوە خەڵکی شارەزای بۆ پەیدا بکات، بەڵێنی داوە کەشکۆڵ و نموونەی شیعری کوردیی بۆ پەیدا بکات، ئەرکێکی ڕاپەڕاندووە کە بە ڕاستی لە توانستی فیزیکی و عەقڵیی ئەو بە دەر بووە. ئەم دوو پیاوە بەم کارەیان خزمەتێکی زۆری زانستیان کردووە و بەرهەمێکی بەنرخیان بۆ بەجێ هێشتووین.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لەپاڵ ڕانانێکی زانستییانەی ڕێزمانی کوردیدا، کۆمەڵێ دەنگوباسی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشی بۆ پاراستووین کە بۆ ئەمڕۆ نرخێکی زۆریان هەیە. ئەگەر ڕۆژێک بمانەوێ مێژووی زمانی کوردی و مێژووی ڕێزمانی کوردی بنووسین، بێگومان کەرەستە و بابەتی وەک ئەم وتارەی خۆدزکۆ دەبنە بەشێکی بنچینەیی و کەڵکێکی زۆریان دەبێ بۆ گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ڕاست.

تێبینییەکان:

(١) محەمەد، مەسعوود: چەپکێک لە گوڵزاری نالی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا، 1976.

(٢) MacKenzie, D. N. : Kurdish Dialect Studies, Oxford University Press, London 1961.

(٣) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبدالکریم: دیوانی نالی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا، 1976، ل: 637.

(٤) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبدالکریم: دیوانی مەحوی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا1977 ، ل: 87.

(٥) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبدالکریم: دیوانی نالی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا، 1976، ل: 382.

(٦) مودەڕیس، مەلا عەبدولکەریم و فاتح عبدالکریم: دیوانی مەحوی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەغدا1977 ، ل: 146، هەروەها لاپەڕەکانی: 125, 152, 223.

(٧) مستەفا، شوکور: دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 2000، لاپەڕە: 97, 98. بەڵام لێرەدا دەبێ ڕەچاوی ئەوە بکەین کە شێخ ڕەزا وشەکەی وەک جۆرە ڕەوانبێژییەک (Rhetoric) بە کار بردووە، چونکە ئەو باسی (مام غەفوور)ی دەکات و مامیشی (کۆیی) بووە و لە کۆیە، ئەوسایش و ئێستایش، بەکارهێنانی ئاساییە.

(٨) وەهبی، تۆفیق: ئەسڵی پیتە قاڵبی (ئە)ی شێوەی سلێمانی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەرگی یەکەم، بەشی یەکەم، 1973، ل: 34-9.

(٩) مەلا کەریم، محەمەد: عەقیدەی کوردیی مەولانا خالیدی نەقشبەندی، گۆڤاری کۆڕی زانیاری [ی] کورد، بەرگی هەشتەم، 1981، ل: 222-199.

(١٠) وەهبی: هەر ئەو سەرچاوەیە.

(١١) MacKenzie, op. cit. p. xix

(١٢) موکریانی، گیو: کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر 1999.

(١٣) هەژار: هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کردی ـ فارسی، سروش، تهران 1369.

(١٤) محەمەد، مەسعوود: چەپکێک ... ل: شەستودوو.

(١٥) همدانی، باباطاهر: اسپیدەباز، اقبال، بهار 1371، ص 44.

سۆللەنتونا، سوێد، مانگی یەکەمی ساڵی 2005.

ئەم وتارە پێشەکیی کتێبێکە کاک نەجات عەبدوڵڵا لە فرانسییەوە کردوویەتی بە کوردی و ئێدیتی کردووە و کۆمەڵێ پاشکۆی بۆی ئامادە کردووە. کتێبەکە دەبێ ئەمساڵ چاپ بکرێت. ئەم نووسینە پوختەی باوەڕ و بۆچوونەکانی منە لەسەر تێکستەکەی خۆدزکۆ و هەوڵدانێکە بۆ خوێندنەوەی ئەو کارە لە چواچێوەیەکی مێژووییدا.

ف. شاکەلی

ئەولادی ئەم عەسرە

فەرهاد پیربال

شاعیری گەورە و ناوداری گەلەکەمان، مامۆستا عەبدوڵلا گۆران، دەوروبەری نیوەڕۆی (٢٠٠٥/١/٣٠) تەلەفۆنێکی بۆ ماڵەوە بۆ کردم؛ داخوازیی ئەوەی لێکردم چاوپێکەوتنێکم دەگەڵ سازبدات لەبارەی نوێخوازیی شاعیرانی ئەمڕۆی هەولێر و (وێران) و (جوایەز) و.. شتی تریش.

مامۆستا گۆرانی شاعیر کاتێ گەیشتە بەردەم دەرگای ماڵەکەمان، چووم بە گەرمییەوە پێشوازیم لێی کرد، دەستیم گوشی و پێمگوت:

– زۆرم پێخۆشە کە لەم ڕۆژە سیاسییەدا تۆ هێشتا هەر شیعرت لەبیرە.

گوتی: باسی ئینتیخاباتەکەش دەکەین، قەیدی چییە.

کاتێ گەیشتینە ژوورەکەی خۆم، فەرموم لێی کرد دابنیشێ. گوتی:

– ماڵەکەتان زۆر زۆر دوورە.

گوتم: باشتر بوو تەکسییەک بگریت، ئەم ڕێگایە هیلاکی کردوویت، دیارە.

مامۆستا گۆران ئەو قەڵافەت و ئادگارەی هەبوو کە من لە وێنەیەکی ساڵی (١٩٥٩)دا دیبووم (وێنەکەم لە پاریس لە د. شاکرۆی خدۆ وەرگرتبوو: لەم وێنەیەدا گۆران لە شاری یەریڤان لەودیو میکرۆفۆنەوە شیعر دەخوێنێتەوە). پیاوێکی بەناوسانکەوتووی جوان و ناسک، بەڵام ئاسەواری بێ خزمەتی و نەداری بە سەرتاپای قەڵافەتییەوە دیار بوو. کونێکی گەورە بەسەر نووکی پێڵاوی چەپییەوە (کە گەیشتبووە ڕادەی هەڵزڕانی پێڵاوەکەی) بەڕوونی ئەم هەژاربیەی ئەوی دەسەلماند.

من پێم شەرم بوو لەم پیاوە گەورەیە بپرسم ئاخۆ ئەم چاوپێکەوتنە بۆ کام ڕۆژنامە، یان گۆڤار ئەنجام دەدا؛ دەشمزانی کە ئێستا لە دایەرەی ئاو و کارەبا (وەک موددەقیق) فەرمانبەرە.. بۆ موجامەلە لێم پرسی:

– ئێستا لەکوێ کاردەکەن؟

بە دڵکزییەکی ئەوتۆوە کە لە دەسکورتییەوە هاتبوو، گوتی:

– لە هەر کوێیەک بێت، فەرق ناکا..

ئەم شاعیرە مەزنە، تۆ سەیرکە، قەدرنەزانینی وەزارەتی ڕۆشنبیری و حکوومەت چۆن وای لێکردووە بۆ پاداشتێکی کەم، بێت چاوپێکەوتن لەگەڵ زەعتووتێکی وەکو من ساز بدات. گوتی:

– دەمێک بوو دەمویست بزانم ئاخۆ ئێوەی گەنج ئەم هەرایەتان لە چییە؟

من ئەمە یەکەمین جارم بوو لەگەڵ مامۆستا گۆران دابنیشم. لەناو شاعیرە پیرەکانی نەوەی خۆی، شێخ نووری شێخ سالح و ئەوم لە هەموویان خۆشتر دەویست. ئەمەش لەبەرئەوەی دەمزانی کە شێخ نووری و ئەو –لە هەموویان– کەمتر ڕقیان لە گەنج دەبۆوە، کەمتر سووکایەتییان بە شیعری نوێ و شاعیری نوێ دەکرد. خەریک بوو لێی تووڕە بم و پێی بڵێم:

– مامۆستا گۆران، تۆ هەقی وایە بچیت دەرس لە شێخ

نووری وەربگریت و بزانیت کـە ئەو چەند جـوان ڕێز لە بەهرەی گەنج دەگرێت و دەڵێ:

سبحەینێ ئەم تەجەدودە بۆ تۆیە ئەی شەباب
بۆ تۆیە ئەی ئومێدی وەتەن، خادیمی حەیات

ئەگـەر وام پێی گـوتبـایە لەوانەیە دڵی بشکایە و هەسـتی بریندار بوایە، بۆیە لە دڵی خـۆمـدا گـوتم بـا لە ئێستاوە تووڕەی نەکەم، گوتم:

– هەرای چی، مامۆستا؟

گـوتی: ئەم بەزمـەی ناوتان ناوە «نوێخـوازی» و «وێران» و «جوایەز» و .. ئەم شتانە.

گوتم: لە سەردەمی ئێوەشدا، نەجمەدین مەلا و خەڵکی دیکە، گـەلێک گـاڵتـەیان بە شـیـعـری ئێـوە و نوێخوازییەکەی ئێوە کردبوو.

– ئەوان ناهەق بوون، گوللەیان بە تاریکییەوە دەنا.

گوتم: تۆش بە هەمان شێوە.

– چۆن؟

– هەمـوو نووسـەرەکـانی نەوەی تۆ و تەنانەت زۆربەی شاعـیـر و تۆژەر و پرۆفیـسـۆرەکانی دوای نەسلی تۆش و ئەوانی ئەمڕۆش، هەمووتان دەرهەق بە ئێمەی شاعیرانی نوێ گوللە بە تاریکییەوە دەنێن.

مامۆستا گۆران دەمێک بوو تەسجیلە بچکۆلە شڕەکەی خۆی خستبووە سەر دۆخی تۆمارکردن، گوتی:

– تۆماری دەکـەم. بەردەوام بە، قسـە بکە! بزانم بۆچی ناهەقم ئەگەر ئەم قۆڕیات و خوزەعبەلاتەی ئێوە بە شیعر تێنەگەم؟!

– تۆ بۆ خـــۆت (خـــودی خـــۆت) گـــەرای ئەم نوێخـوازییـەت، کـە ئێسـتـا تۆ پێی دەڵێی «قـۆڕیات و خوزەعبەلاتەت» دارشت.

– کەی، چۆن من شتی وام کردووە؟

– وەختێ لە ناوەڕاستی سالاّنی پەنجاکاندا لە زیندان بوویت، بەبیرت نایە لەناو بەندیخانەدا چەند شاعیرێکی گەنجی وەک نووری وەشتی و عـەلی فەتاح دزەیی–ت بە شـیـعـری نوێ و «بیـری تازەکـردنەوەی شـیـعـری» زاخاو داوە؟

مـامـۆسـتا گـۆران وەک ئەوەی بەم قسـەیەم غـروری تێر بووبێت، گەڕایەوە گوتی:

– باشە، بەڵام دەمەوێ بزانم، تۆ لە سالّی (١٩٩٤)دا لە گۆڤـارەکەی خـۆتدا بە ناوی (وێران)، بۆچی هاتبووی وێنەیەکی منت بە ئاوەژوویی دانابوو؟

گوتم: لەبەرئەوەی من لە هەموو شاعیر و ڕەخنەگرێکی دیکەی کورد باشتر لە تۆ تێدەگەم.

– بەڵێ دەزانم کـە تا ئێسـتـا چوار تۆژینەوەت لەبارەی شیعرەکانی من نووسیوە.

– سێ لەمانەی باست کردن، ڕوونکردنەوەی داهێنان و تازەگـەرییـەکـانی تۆن کـە پێـشـتـر هیچ نووسـەر و ڕەخنەگرێکی کورد پەی پێ نەبردوون و باسی نەکردوون. وایە؟

– وایە. بەتاییـەتی ئەوانەی لەسـەر (خـاڵبـەندی) و (پەرناس) نووسیبووتن. ڕاستە.

– کەواتە..

– کەواتە؟

– کـەواتە من باش دەتناسم چ داهێن و نوێخـوازێک بووێت!

– ئەدی مادام بۆچی دێی وێنەکەم ئاوەژوو دەکەیتەوە؟

بە لای منەوە خـەفـەتناک بوو کـە شـاعـیـرێکی وەک گـۆران لەوە تێنەگـات کـە (نەسلی نوێ هەمـیـشـە دژی نەسلی پێشوو دەوەستێتەوە) گوتم:

– بۆ ئەوەی نەسلی دوای خـۆیشم فـێـر بکەم کـە ئەوانیش دوای من بێن من ئاوەژوو بکەنەوە و هەزار تۆپم پێوە بنێن: کـەسـایەتیی ئێسـتـەتیکیی تایبـەتی خـۆیان بسەپێنن!

مامۆستا گۆران پێکەنی گوتی:

– کەواتە شێخ ڕەزا ڕاستی گوتووە..

– چیی گوتووە؟

– تڕی ئەولادی ئەم عەسرە بە کێڕم
کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێڕم.

– بەڵێ ئاوهایە ئیتر: نەسلێک دەژیەت بۆ ئەوەی جۆرە شـیـعـرێکی جیـاواز لەدایک ببێ، نەسلێک دەمـرێت بۆ ئەوەی دیدێکی نوێ لەدایک ببێت! نەوەی نوێ هەمیشە پێویستە یاخیگەر و وێرانگەر بێت.

پاشـان گـوتم: لێم زوێر نەبیت، مـامـۆسـتـای بەڕێزم، ئەگـەر پێت بڵێم: لەناو شـاعـیـرانی نەسلی ئێـوە، تەنیـا شێخ نووری شێخ سالّح لەم دینامیکییـەتەی نوێخوازی تێگەیشتبوو.

– چۆن؟

– ئەوەتا لە شیعرێکیدا دەڵێ:

بە قانونیش مووەزەف گەییە حەددی خۆی، تەقاویتە
تەمای چیمان هەیە، تاکەی بژی شیعری من و زێوەر؟
لەناو ئەشعاری ئەم خۆڕاکە نایابانە، شیعری کۆن
ئەشوبهێ هەر بە تەشپی پڕ لە تڕخێنە و لەپەی ساوەر

گۆران هەندێک ئیحراج بوو، گوتی:

– شێخ ڕەزا بەڕاستی بێ منەت بووە بەرامبەر چۆنیەتیی نرخاندنی بەرهەمەکانی خۆی لەلایەن نەوەی نوێ و نەوەی پاش خۆیەوە.

– ئەم بێ منەتییەی شێخ ڕەزا و شێخ نووری دەزانی لە چییەوە هاتووە؟

– لە چییەوە هاتووە؟

– لە دوو شتەوە. یەکەم: باوەڕێکی پتەویان بە هێزی خۆیان و جوانیی بەرهەمەکانی خۆیان هەبووە.

– دووەم؟

– باوەڕیان بەوەش ئەستوور بووە کە چەمکی نوێگەرێتی دیاردەیەکی دینامیکییە، مەرەقێکی تا هەتاییە؛ نەسلی نوێ هەمیشە پێویستە لەناو کۆنەکەدا خۆی بتەقێنێتەوە. ئەوکاتە بێگومان کۆنەکە پڕیشکی زۆری پێدەکەوێت و گەلێک جاریش هەپرووین بە هەپروون دەبێت.

مامۆستا گۆران گوتی:

– یەعنی ئێمە هەمووماں دەبینە پردی نەوەی داهاتووماں، قوربانیی نەوەی داهاتووماں..

– بێگوماں.

مامۆستا گۆران بیری دەکردەوە. گوتم:

– فەقێی تەیران پردی ئەحمەدی خانی بوو. ئەحمەدی خانی پردی نالی بوو. نالی پردی پیرەمێرد بوو. پیرەمێرد پردی تۆ بوو. تۆش هەر پردیت. ئاوهایە ئیتر، تۆ ڕاست دەکەی: هەموشتان (یەک بۆ نەوەی داهاتووی خۆی) قوربانی بوون.

مامۆستا گۆران وەک هەر شاعیرێکی بەناوسانکەوتوو (کە لەوانەیە زیاتریش تەمەن ئەو گەرموگوڕییەی جارانی لێ سەندبێتەوە) لە کورتی بڕاندییەوە و نەیدەویست چیتر دریژە بەم مەسەلەیە بدات، گوتی:

– باشە چەند پرسیارێکی دیکە، بەڵام تکایە بەشێوەیەکی کورت و هەتا پێت دەکرێ بەشێوەیەکی بروسکەیی وەڵامم بدەوە!

من لەو کاتەیدا دەمڕوانییە نیگا زیخ و زرنگەکانی، پرسی:

– بە ڕای تۆ بۆچی زۆرتر و زیاتری ئەم هەرانانەوەیەی ئەمڕۆ، بەتاییەتی هەرای شیعر، لە شاری هەولێرەوە سەرچاوەی گرتووە؟

گوتم: چونکە هەولێر بە لەسەرخۆیی کیسەڵێک بەدەم ڕێگەوە بیردەکاتەوە.

مامۆستا گۆران دوای بزەیەک گوتی:

– ئێوە لە وەڵامەکانیشتانەوە دیارە، بەڕاستی سوریالیستن.

– سوریالیست نین، جوابەزین.

مامۆستا گۆران وەک شتێکی سەرنجڕاکێشی دۆزیبێتەوە، پرسی:

– ئا.. هەها.. مادام باسی ئەم جوابەزەت کرد؟ با جارێ لە گۆڤارەکەی خۆتەوە دەست پێ بکەین.. ئێوە لە گۆڤاری (وێران)دا چیتان کردووە؟

– (وێران) بایەخدار و گرنگەکانی بێ بایەخ و ناچیزە کردووە؛ بێ بایەخ و ناگرنگەکانیشی بایەخدار و گرنگ کردووە.

– واتە: بایەخی داوەتە بێ بایەخەکان و بایەخدارەکانیشی کەم کردۆتەوە.

– وایە.

– بۆچی ئەم کار و میتۆدەتان هەڵبژاردووە؟

– چونکە ڕاگەیاندن و میدیا و کولتوور هەمیشە لەدەست حکوومەت و حزبەکاندایە و ئەوانن کە بڕیار دەدەن چی بایەخدار و چی بێ بایەخ بکەن. ئێمەش دەمانەوێ بەپێچەوانەی ئەوانەوە پێودانگە ڕاست و پێوەرە جوانەکان بچێنین: چونکە ئەوان پێودانگ و پێوەری هەڵە بەناو خەڵکدا بڵاودەکەنەوە.. کولتوورێکی ئیفلیج دروست دەکەن.

– کەواتە، ئێوەی گەنج دژی کولتوورن.. مەبەستم دژی کولتووری باون!

– بەڵێ. ڕاستییەکەیشی، وەک فەیلەسوفی فەرەنسی (باسکال) دەڵێ: کولتووری ڕاستەقینە هەمیشە دژی کولتوورە.

– کولتوور، بە ڕای ئێوە، چی دەگەیەنێ؟

– کولتوور ڕێگەیەکی دیکەی وەبیرەخۆهێنانەوەیە بۆ ئەوەی بیچەسپێنین ئێمە کێین؟ کولتوور ڕێگەیەکی جوانە بۆ ئەوەی بە خەڵکی غەیری خۆت بڵێیت: تۆ من نیت!

– لە بەستێنی تەصمیم و دیزایندا باوەڕ دێنم کە کاریگەرییەکی باشتان کردە سەر گۆڤارەکانی دوای (١٩٩٤)، تەنانەت لە بەستێنی جەسارەت پەیداکردنیشدا.

– بەڵام لە بەستێنی کولتووری شیعریدا چ کاریگەرییەکتان تا ئێستا نواندووە؟

– فۆرم، تەکنیک، شێواز، زمانی شیعری.. لە هەموشیان گرنگتر ئەم جەسارەت پەیداکردنەی باست کرد بۆ شێواندن و وێرانکردن و وروژاندن: سەرچاوەی

هەموو داهێنانێکە. مامۆستا من نامەوێ تەنیا باسی ئەو گۆڤارە بچکۆلەیە بکەم، من قسەم لەبارەی سەرجەم ئەو نەسلە نوێگەرەی ئەم بیست ساڵەی دووایییە.

– پێت وایە کە مێژوویەکتان دروست کردبێت؟

– ئایا ئێمە مێژوو دروست دەکەین، یان مێژوو خۆی خۆی دروست دەکات؟

– مەبەستت تێناگەم، کاک فەرهاد؟

– بۆ نموونە ئەگەر بڵێین : (دوێنێ لە ماوەی هەموو ڕۆژەکەدا دکتۆر فەرهاد پیرباڵ سێ جاران چووە تەوالێت). ئایا ئەمە دەبێتە مێژوو؟ بێگومان نەخێر، چونکە هەزاران شتی وا و تەنانەت هەموو شتێک لە هەموو شوێنێکدا هەموو کاتێک ڕوو دەدا. کەواتە مێژوو لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک هەر ڕوو دەدا.

مامۆستا گۆران گوتی: مەبەستت چییە؟

– مەبەستم ئەمەیە: مادام مێژوو لە هەموو شوێنێک و هەموو کاتێک هەر ڕوو دەدا؛ بۆیە مێژوو هیچ بایەخێکی لای ئێمە نییە.

– ئەدی چ شتێک بایەخی لای ئێوە هەیە؟

– جوگرافیا !

مامۆستا گۆران سەری سوڕما، گوتی:

– جوگرافیای چی؟

– جوگرافیای دەق، جوگرافیای ڕۆح، جوگرافیای زەمەن..

مامۆستا گۆران وابزانم دەیویست گاڵتەم پێ بکات، گوتی:

– ئەدی جوگرافیای عیراق..؟

– نەخێر ئێمە، بەپێچەوانەی نەسلی ئێوە، دژی جوگرافیای عیراقین. بەداخەوە: تۆ و بێکەس و دیلان و تەنانەت کامەران و گەلێک شاعیرانی دیکەی نەسلی خۆت، شیعرتان بەم مەسەلەیە زۆر ناشیرین کرد. تەنانەت کارتان کردە سەر ئەوەی کە شەپۆلێکی ڕەخنەیش لەسەر دەستی چەند ڕەخنەگرێکی وەک د. کامیل بەصیر پەیدا بێ و بێن جوگرافیای عیراق و عیراقچێتی بکەنە پێوەرێک بۆ داهێنانی شیعر.

مامۆستا گۆران گوتی: باشە، بە ڕای ئێوە ئەدی باسی نیشتیمانپەروەرێتیمان نەکردایە؟

– ئەمە بوو هەڵەی گەورەی نەسلی ئێوە: واتاندەزانی ئەگەر باسی نیشتیمانپەروەری بکەن ئیدی ئەمە لە بەستێنی شیعردا دەبێتە داهێنان.

– ئەدی داهێنان، بە بۆچوونی ئێوە، لە شیعردا چییە؟

– ئێوە دەچوون بە زمانێکی وەسفی، بە زمانێکی ساڵە، وەسفی سروشتی کوردستان و خەبات و دیاردە و ڕووداوەکانتان دەکرد.

– ئەدی ئێوە چ دەکەن؟

– ئێمە دیدێکی شاعیرانە لەهەمبەر هەموو دنیا و لە هەمبەر هەموو شتەکانی ژیان پێکەوە دەردەبڕین. کوردستان بە جیا باس ناکەین، شیعرێک تەرخان ناکەین تەنیا بۆ خەبات، ژنێک، یان کچێک بەتاقی تەنیا لەناو چوارچێوەی شیعرێکدا زیندانی ناکەین. وەکو گوتم: جیهانبینییەکی هونەرمەندانەی خۆمان لەبارەی ژیانەوە دەردەبڕین (ئیتر لەو کاتەدا هەرچی دیاردە و بابەت و ڕووداوێک دەکەوێتە بەر نەشتەرگەریی نیگامان گرنگ نییە و وەکو یەک وایە)؛ گرنگ دروستکردنی شیعرێکە، هونەرێک!

مامۆستا گۆران وەک ئەوەی تەڵەیەکم بۆ بنێتەوە، گوتی:

– بەڵام شێرکۆ بێکەس خۆ سەر بە نەسلی ئێوەشە، کەچی هەر وەکو ئێمە دەکا.

گوتم: چۆن؟

گوتی: ئەوەتا ئەویش سەدان شیعری هەیە کە هەر یەکێکیانی تەرخان کردووە بۆ بابەتێک، یان ڕووداوێک: بۆ بارزانی، بۆ مفاوەزاتی ساڵی ١٩٨٤، بۆ ٨ی مارس، بۆ هێرشی بزووتنەوەی ئیسلامی.

گوتم: جارێ پێش هەموو شتێک شێرکۆ بێکەس سەر بە نەسلی ئێمە نییە و سەر بە نەسلی خۆتانە، هەر بۆیەش ئەم کاریگەرییە گەورەیەی تێگەیشتنی ئێوەی هەر بەسەرەوە ماوە. دووەم: هیچ مەرج نییە ئەگەر کەسێکی لەخۆت گەورەتر کارێکی کرد ئیتر ئەمە مانای وابێت کە ئەو کارەی ئەو ڕاستە و بچیت لاسایی بکەیتەوە. سێیەم: حەزدەکەم بزانیت مامۆستا گۆران، نەسلی نوێی ئێمە (تەنیا چەند کەسێکی ماستاوچی و فەرمانبەر و حزبی نەبن) بەشێوەیەکی تەواو چەمکی شێرکۆ بێکەس بۆ شیعر ڕەفز دەکەینەوە: چونکە هەمان تێگەیشتنی کۆنی زەمانی ئێوەی هەیە بۆ داهێنانی شیعر.

مامۆستا گۆران دوای بیرکردنەوەیەکی کەم ئیستێکی کرد و گوتی:

– «ئێمە دەچووین بە زمانێکی وەسفی، بە زمانێکی ساڵە، وەسفی سروشتی کوردستان و خەبات و دیاردە و ڕووداوەکانمان دەکرد». وایە؟

– بەڵێ، وام گوت.

– ئەدی ئێوە، ئێوە بە چ زمانێک لەو ژیانە دەدوێن؟

– ئەمەیە جیاوازییەکی دیکەی نێوان نەسلی ئێمە و

نەسلی ئێوە. حەزدەکەم بۆت ڕوون بکەمەوە کە ئێوە هەموتان یەک زمانتان هەبوو، وەک یەک وابوون؛ بەڵام ئێمە تەنیا یەک زمانمان نییە. هەر یەکەمان زمانی تایبەت و جیاوازی خۆی هەیە.

– چۆن؟

– چونکە هەر یەکەمان دیدی جیاوازی خۆی، ئەزموونی تایبەتی خۆی، سەرچاوەی فیکریی تایبەتی خۆی و دنیای سەر بە خۆی هەیە ئەمڕۆ، بەڵام ئێوە هەموتان لە یەک دیدەوە، لە یەک ئەزموونەوە، لە یەک سەرچاوە و دنیاوە هاتبوون. ئێوە وەک یەک و هاوجۆر، فارس گوتەنی (یکنواخت) بوون، بەڵام ئێمە جۆراوجۆر و لە یەکتر جیاوازین.

مامۆستا گۆران گوتی:

– دەتوانی زیاتر بۆم ڕوون بکەیتەوە کە ئێوە چ زمانێکتان هەیە؟

– مەسەلەن یەکێکمان زمانی نائاگایی، یان زمانی کانگای ناهوشیارییەکانی هەیە، ئەوەی دیکەمان زمانێکی ئاڵۆز و بەگرێوگۆڵی ڕۆحی تووڕەی خۆی، یەکێکی دیکەمان زمانێکی ناماقوڵ، یەکێکی تر تێکشکاندنی مانای شتەکان زمانیەتی، زمانی خەون... تەنانەت شاعیری وامان هەیە ئەسڵەن هێندە زمانیش بەکارناهێنێت: بە وشە وێنە دەکێشێت و شیعرەکە لەگەڵ نیگارێک تێکەڵ دەکا.

مامۆستا گۆران پێم وابێ ویستی قەشمەریم پێ بکا، گوتی:

– ئێوە بەڕاستی زۆر مەژغوول و مشەوەش بوونە بەدەست شیعرەوە.

گوتم: ڕاست دەکەی مامۆستا، هەر بۆیەش گوتم: مێژوو هیچ بایەخێکی لای ئێمە نییە.

– کاری خۆتان دەکەن و گوێ نادەنە سبەینێ؟

– مێژوو خۆی گوێ دەداتە سبەینێ.

مامۆستا گۆران لەناکاو پرسی:

– لە ژمارە دووی گۆڤاری وێران–دا هێرشی زۆر تووندوتیژتان کردبووە سەر گۆڤاری ڕوانگەی ١٩٧٠؟

– سەرەڕای ئەم هێرشە، ڕوانگەییەکان تاقە کەسانێک بوون کە هەوڵیان دەدا لە نوێخوازییەکەی نەسلی ئێمە نزیک ببنەوە. هی وایان تێدایە ئێستاش هەر هەوڵ دەدەن، بەڵام ناتوانن دەقاودەق وەک ئێمە بکەن.

– هەر ئەم نەسلە تازەیەی ئێوە لە هەوڵێر (وابزانم مەحمود زامدار ناوی ناوە نەوەی پێشڕەوەکان (طلیعییەکان) ساڵی ٢٠٠١ هات (جوایەز)ی بڵاوکردەوە. (جوایەز) بۆچی تەنیا دوو ژمارەی لێ دەرچوو؟

– گۆڤاری شین، کە لە هەمان دەزگای ئاراس دەردەچوو، بەردەوامبوونی هەمان هەناسە و ڕێگا بوو. تەنانەت لەسەرەتادا وامان دانا کە ناوەکەیشی هەر (جوایەز) بێت.

– بەڵێ، بەڵام گۆڤاری شین لە ژمارە (٤) بەملاوە «ئەم جوایەزییەی» نەما؟!

گوتم: ڕاستە، بەڵام خۆ مەرج نییە هەمیشە تۆ گۆڤارێکت هەبێ بۆ گەیاندنی خۆت. ئەمڕۆ «جوایەز بوون» ڕۆحیات و شێوازێکە، ئەدەبیاتێکە؛ دەتوانی لەسەر لاپەڕەی زۆربەی گۆڤارەکاندا هەستی پێ بکەیت: هێندە بڵاوبۆتەوە.

مامۆستا گۆران پرسی:

– نووسەرانی ئەم نەسلەی ئێوە، هیچ تێۆرێکتان هەیە؟

– تۆ دەتوانی تێۆر لای زۆربەیان بدۆزیتەوە؟

– لای کێ چی دەدۆزیتەوە، بۆ نموونە؟

– لای ئەنوەر مەسیفی، مەسەلەن، کارکردن لەناو زماندا هەیە. لای عەباس عەبدوڵلا یووسف شیعراندنی نائاگایی هەیە. لای هاشم سەڕاج تەقاندنەوەی تەصەوف بەشێوەیەکی ئەمڕۆیی و مۆسیقایی. لای ئیسماعیل بەرزنجی شیعراندنی ژیانی ڕۆژانە. ئەوانی دیکەش: دڵشاد عەبدوڵلا، کەریم دەشتی، جەلال بەرزنجی، نەوزاد ڕەفعەت، سەباح ڕەنجدەر، محەمەد باوەکر.. هەر یەکەیان بەشێوەیەکی جیاواز جوایەزن.

– ئەدی لای خۆت؟ چ تێۆرێک، چ جیاوازییەک هەیە؟

– تێۆری من ئەمەیە: هەموو ڕۆژێک بیردەکەمەوە: چۆن تێۆرێکی تازە بدۆزمەوە و گرنگی بکەم!

مامۆستا گۆران هیلاک ببوو، گوتی:

– دەتوانی فەلسەفەی (وێران)مان بە چەند دێڕێک بۆ ڕوون بکەیتەوە؟

– وێران واتە:

لەدوای ئەوەی کە فەرهاد پیرباڵ کۆچی دوایی دەکات، هەر کەسێک بۆی هەیە گوو لە گۆڕی ئەدەبەکەی بکات.

لەدوای ئەوەی عەباس عەبدوڵلا یووسف کۆچی دوایی دەکات، هەر کەسێک بۆی هەیە خانوویەکی تازە لەسەر تانوپۆی خانووە ئەدەبییە وێرانکراوەکەی ئەوەوە دروست بکات.

لەدوای ئەوەی ئەنوەر مەسیفی کۆچی دوایی دەکات،

هەموو کەسێک بۆی هەیە تۆپی پێوە نێت.
لەدوای ئەوەی هاشم سەڕاج کۆچی دوایی دەکات، هەموو کەسێک بۆی هەیە بێت وێنەکەی هاشم سەڕاج بە ئاوەژووکراوی لە گۆڤارێکدا هەڵبواسێت..
مامۆستا گۆران لێرەدا هەڵیدایە:
– بەس بەس بەس.. ئەدی دەتوانی فەلسەفەی (جوایەز) و جیاوازبوونمان بە چەند دێڕێک بۆ ڕوون بکەیتەوە؟
– جوایەز و جیاوازبوون واتە:
لە هەمان ئەم سەردەمەی کە کەریم دەشتی شیعری تێدا دەنووسێ، هەر کەسێکی دیکەش بۆی هەیە ئەوە بنووسێت کە خۆی حەزدەکا.
لە هەمان ئەم سەردەمەی کە دڵشاد عەبدوڵڵا شیعری تێدا دەنووسێ، هەر کەسێکی دیکەش بۆی هەیە ئەوە بکات کە خۆی دەیەوێ.
لە هەمان ئەم سەردەمەی کە جەلال بەرزنجی شیعری تێدا دەنووسێ، هەر تەڵعەت تاهیر و سەباح ڕەنجدەر و نەوزاد ڕەفعەت و سەعدوڵڵا پەرۆش و عەبدولڕەحمان فەرهادی و مەوجوود سامانێکیش بۆی هەیە ئەو شیعرە بنووسێت کە خۆی پێی شیعرە...
مامۆستا گۆران لێرەدا ڕامی گرت و گوتی:
– ئەدی من ئێستا لە هەمان ئەم سەردەمەی کە ئێوە شیعری تێدا دەنووسن، ئایا بۆم هەیە بێمەوە ئەو شیعرە بنووسم کە خۆم دەمەوێ؟
– گوتم: بەڵێ.
– باشە، بەڵام من لەگەڵ ئێوە جیاوازم.
گوتم: نەخێر ئێمە لەگەڵ تۆ جیاوازین.
گوتی: چۆن؟
گوتم: چونکە ئێمە (جوایەزین)..
مامۆستا گۆران ئەمجارە پرسی:
– ئەدی من ئێستا بۆم هەیە لە هەمان ئەم سەردەمەی کە ئێوە شیعری تێدا دەنووسن، بێمەوە گوو لە گۆڕی ئەدەبەکەی ئێوە بکەم؟
گوتم: بەڵێ.
گوتی: چۆن قبوولّ دەکەن ئەم کارە بکەم؟
گوتم: **تڕی ئەولادی ئەم عەصرە بە کێڕم..**
مامۆستا گۆرانیش وەری گرتەوە:
– کە من مردم مەگەر گوو بکەن بە خێڕم.
گوتم: شێخ ڕەزا جوانی گوتووە.
مامۆستا گۆران پێکەنی و سەرێکی گاڵتەکردنی بە منی «زەعتووت» ڕاوەشاند و لەبەرخۆیەوە گوتی:
«ئەولادی ئەم عەسرە..!».

ئالۆزی کولتوور و کەسایەتی کورد

سەنگەر ڕەمزی زراری

کولتوور و کۆمەڵگا دوو بەرهەمی عەقڵی و جەستەیی مرۆڤن، نە هیچ کۆمەڵگایەک بێ کولتوور دەبێت و نە هیچ کولتوورێکیش بێ کۆمەڵگا لە ئارادایە، هەر تاکێکیش لەناو کۆمەڵگادا خاوەنی کەسایەتییەکی تایبەتییە و دواجار کۆمەڵگاش وەک پێکهاتەیەک خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی، لێرەدا دەمانەوێ ئەگەر بۆ ساتێکیش بێ، قسە لەسەر کولتوور و کەسایەتی تاک و کۆمەڵگای کوردی بکەین، کە بەداخەوە توێژینەوەکان لەو بارەیەوە چەندە زۆر پێویستن ئەوەندە زۆریش کەمن.

چەمکی کولتوور

لە ڕووی زمانەوانییەوە وشەی کولتوور (Culture) لە وشەی (Cult)ەوە هاتووە لە زمانی یۆنانی کۆن، پاشان ڕۆمانییەکانیش بەکاریان هێناوە، بە مانای (ئەو شتەی کۆمەڵگا چاندوویەتی) دێت، زاراوەی کولتوور یەکێکە لەو زاراوانەی کە سەر بە زانستە مرۆڤایەتییەکانە، بۆیە وەکو هەر چەمکێکی تری مەعریفی پێناسەیەکی ئەبستراکت (مجرد)ی نییە، بەڵکو هەر لێکۆڵەرێکی ئەو بواره و هەر دەزگایەکی توێژینەوە بە جۆرێک پێناسەی دەکات، پێناسەکانیش خاڵی هاوبەش و جیاوازیان هەیە، واتە دەکرێ بڵێین پێناسەکان بەجۆرێکن کە یەکتر تەواو دەکەن، لێرەدا دەرفەت نییە کە ئێمە زۆربەی پێناسەکان بێنینەوە و لەسەریان بوەستین، بۆیە تەنیا هەندێکیان دەخەینە ڕوو، یەکێک لە پێناسە باوەکانی کولتوور ئەوەیە کە (بریتییە لە کۆمەڵە بەهایەکی ماددی و مەعنەوی کۆمەڵگای ئادەمیزاد کە لە ئەنجامی گۆڕینی کۆمەڵایەتی مێژوویی پەیدا دەبێت، کولتوور هەموو چالاکییە بونیادنەرەکانی ئادەمیزاد دەگرێتەوە). زانای ئینگلیزی (ئەدوارد تایلۆر) بەم جۆرە پێناسەی کولتوور دەکات (ئەو «گشتە ئالۆز»ەیە کە زانست و هونەر و بیرۆکە و بیروباوەڕ و یاسا و داب و نەریت و سونەتەکان دەگرێتەوە، بە کورتی هەموو ئەو چالاکیانەیە کە مرۆڤ لە کۆمەڵگادا وەریدەگرێت). کولتوور بەشێوەیەکی گشتی هەروەکو لە پێناسەکانیش دەردەکەوێت دەکرێتە دوو بەشی سەرەکی:

١- کولتووری ماددی: ئەو ئامێر و کەلوپەلانە دەگرێتەوە کە مرۆڤ لە (شوێنکات)ە جیاوازەکانەوە دروستی کردوون و لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیدا بەکاری هێناون، هەر لە تیروکەوان و جل و بەرگی مرۆڤە سەرەتاییەکانەوە، تادەگاتە ئامێرەکانی ماشێن و کۆمپیوتەر و سەتەلایت لەسەردەمی ئێستادا.

٢- کولتووری مەعنەوی (ڕۆحی): هەموو ئەو هەڵسوکەوت و داب و نەریت و بیروباوەڕو کرداره ئەخلاقی و زەوقیانە دەگرێتەوە کە لە هەر کۆمەڵگایەکدا هەن و پەیڕەویان لێ کراوە و بەردەوام پەیڕەویان لێدەکرێت.

لەنێوان کولتووره جیاجیاکانی گەلانی جیهاندا

خاسیەتی هاوبەش هەیە، بەڵام ڕێژەکەی هێندە زۆر نییە، وەڵێ پێدەچێ ئەم خاڵە هاوبەشانە لەگەڵ نزیکبوونەوەی گەلان لەیەکتر بەهۆی ئاسانی پێوەندیکردن لەگەڵ یەکداو ئاسانی سەفەرکردن، ئەم خاڵە هاوبەشانە بەردەوام زیاد بکەن، نموونەی هەندێ خاسیەتی هاوبەشیش وەکو (حەرامکردنی زینا لەگەڵ خوشک و دایک لە هەموو کۆمەڵگایەک، بوونی ئاهەنگ و جەژن و بۆنەی خۆش و ناخۆشی هاوبەش لەنێوان گەلانی جیهاندا، خۆشویستنی زیاتری خزم و کەس لە بێگانە لەکاتی تەنگانە ئەگەر بێگانەکە پێشتر چاکەی زیاتریش بووبێ، بەمانایەکی تر هەبوونی خزم و خزمێنە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی جیهان). لە خاسیەتی کولتووری ماددیش (هەبوون و بەشینەوەی ئامێرە جیاوازەکانی تەکنەلۆژیا بەسەر گەلانی جیهان و بەکاربردنیان)، هەروەها هەر گەلێک و کۆمەڵگایەک خاسیەت و تایبەتمەندی لە کولتووری خۆیدا هەیە و زۆرجار پێی دەناسرێت بۆ نموونە لە ئەنجامدانی کارێک دەڵێن ئەمە (بیرکردنەوەیەکی کوردانەیە) یان (ئەمە ڕەفتارێکی عەرەبانەیە)، یان جۆرە ماددەیەکی بەرهەم هاتوو لە ئامێر و جلوبەرگ و... دەزانرێت کە ئەمە بەرهەمی چ میللەتێکە.

کولتووری گەلی کورد

گەلی کورد بە درێژایی مێژوو تووشی هەوراز و نشێوی زۆرهاتووە، کوردستان مەیدانی بەردەوامی جەنگەکانی مێژوویی ئەم دەڤەرە بووە، زۆربەی بارەکانی هەر شەڕ و ئاژاوە و ناخۆشی بووە، کورد هەمیشە ژێردەستەبووە و چەوسێنراوەتەوە، بۆیە کولتووری ئێمە کولتوورێکی نارێکە، هەڵقوڵاوی ئەو بارو زرووفانەیە کە هەمیشە تەپ و تۆزی شەڕو ئاژاوەیان بەسەرەوە بووە، لەپاش داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان کولتووری ئێمە زێتر ئاڵۆز بوو، ئێستا ئێمە خاوەنی کولتوورێکی تێکەڵ و پێکەڵێن و هەر پارچەیەکی کوردستان کاریگەری کولتووری وڵاتی داگیرکەری بەسەرەوەیە، کوردستانی عیراق و سوریا کاریگەری عەرەب و کوردستانی تورکیا کاریگەری تورک و بەشی ئێران کاریگەری فارسیان بەسەرەوەیە، بۆیە هارمۆنیەت و یەکانگیری کولتووری لەنێوان پارچەکانی کوردستان زۆر لاوازە، دیسان لەگەڵ ئەو هەموو داگیرکارییە، هیچ پارچەیەکی کوردستان لەگەڵ ئەو وڵاتەی کە داگیری کردووە لە لایەنی کولتوورییەوە نەبۆتە یەک، واتە نەبۆتە بەشێکی ئەو وڵاتە، لە هەمان کاتیشدا بە پاکی نەماوەتەوە، بەمانایەکی تر هیچ پارچەیەکی کوردستان کولتوورەکەی لە بۆتەقەی وڵاتە داگیرکەرەکەی نەتواوەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی پاکی کوردانەش نەماوەتەوە، بەڵکو کاریگەری وڵاتی داگیرکەری بەسەرەوەیە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین کە کورد تا ڕادەیەک خۆڕاگر بووە لە پاراستنی کولتوورەکەی، چونکە ئەم وڵاتە داگیرکەرانە هەمیشە کاریان لەسەر ئەوە کردووە، نەک کولتووری کوردی بسڕنەوە، بگرە کورد وەک گەلێک و زۆرجاریش وەکو مرۆڤێکی خاوەن شوناس بسڕنەوە، بۆ نموونە لە سوریا حکومەتی ئەو وڵاتە تەنانەت ئامادە نەبوو کە ناسنامەی (سووری)یش بدات بە کوردەکان نەک ناسنامەی (کوردی)، واتە بە جۆرێک لە جۆرەکان کوردەکان تەنازولیان لە هەموو شتێک دەکرد تەنیا بۆ ئەوەی وەکو مرۆڤ حسابیان بۆ بکرێ و ناسنامەیان هەبێت، بەڵام سوریا ڕازی نەدەبوو. لە تورکیا نزیکەی (٧٠) حەفتا ساڵ کار لەسەر ئەوە کرا کە زمانی کوردی بفەوتێنێ و نەمێنێ، لە ئێران لەسەر شتێکی بچووک کوردەکان ڕاپێچی زیندانەکان دەکران و شوێن بزر دەکران، لە عیراق هەموو هەوڵێک دراوە و هەموو ڕێگایەک پەیڕەوکراوە بۆ نەهێشتنی کورد، هەر لە کوشتنی بە کۆمەڵ و ئەنفال و جینۆسایدکردنەوە تا دەگاتە ڕاگوێزان و تەعریب و تەبعیس و هەڵدانەوەی گۆڕەکان کە کوردیان تێدا نێژراوە و دانانی مردووی عەرەب لە جێگایان، گۆڕینی ناوی گەڕەک و قوتابخانە و نەخۆشخانە بەناوی عەرەبی، کە ئەمانە هەموویان دواجار جگە لە هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کولتوور و کەسایەتی و لە ڕیشەوە دەرهێنان و سڕینەوەی ناسنامەی ئەم گەلە بەهۆیەوە هیچی تر نییە، بەم ڕەفتارانە داگیرکەران هەوڵیانداوە کە ئەوە لە زەینی تاکی کورد دروست بکەن کە کورد کەمینەیە و (کەمینە)شیان وا لێکداوەتەوە، فەزڵی کەمتەرە و برا بچووکە، دەبێت پەیڕەوی لەو هەڵسوکەوتانە بکات کە ئەوان هەیانە و بە چاوساغی خۆیان دابنێن، ئەم هەوڵانەشیان تاڕادەیەکی زۆر سەری گرتووە و توانیویانە کاریگەری بخەنە سەر کولتوور و کەسایەتی تاک و کۆمەڵی کوردی و هەوڵەکانیان لە کولتوورەوە دەستی پێکردووە، چونکە کولتووری هەر میللەتێک مۆرکێکی دیاریکراوی تایبەت بە کەسێتی تاکەکانی دەدات و ئەزموونە گشتییەکانی پەروەردەبوون لەناو کولتوورێکی دیاریکراودا کاریگەری خۆیان لەسەر کەسایەتی تاک دەسەلمێنن.

هەر جەستەیەکی کۆمەڵگەیی پێویستی بە سێ توخمی سەرەکی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە کۆمەڵگا ئەوانیش بریتین لە (هەبوونی کۆمەڵە کەسێک بۆ ئەوەی کۆمەڵگا دروست

بێت، هەبوونی کولتوورێک کە خەڵکەکە هەیانە و هەبوونی خاکێکیش کە لەسەری دەژین)، بە نەبوونی یەکێک لەمانە واتا دروست نەبوونی جەستەی کۆمەڵگا، لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کولتوور و کولتووری کوردی کرد کە بەشێک بوون لە باسەکەی ئێمە، ئاشکراشە کە خاکی کوردستان داگیرکراوە و دابەش کراوە، ئەمەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی تایبەت هەیە و لە توانای ئەم باسە بچووکەدا نییە، بۆیە وازی لێدێنین و دەچینە سەر باسی کەسایەتی و کەسایەتی کورد.

کەسایەتی

بەڕای زانایان هەوڵدان بۆ ناسینی کەسایەتی مرۆڤ لەوێوە دەستپێدەکات کە گەورە فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی (سوکرات) لە وتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت (خۆت بناسە) ئەم ناسینە بە مانای گەڕان و پشکنین دێت بەنێو لایەنە شاراوە و ئاڵۆز و پڕ نهێنییەکانی مرۆڤ، مرۆڤیش بوونەوەرێکە هەرگیز ناتوانین بەو مانایە لێی بدوێین و پەی بە لایەنە شاراوەکانی ببەین، دواتر هەر ئەم ئاڵۆزی و هەمە لایەنییەش وای کرد کە چەند زانستێکی ئاوێتە سەرهەڵبدەن بۆ گەڕان بەدوای کەسایەتی مرۆڤ، چونکە تەنیا زانستێک لە توانایدا نییە دیراسەی کەسایەتی مرۆڤ بکات، نموونەی ئەم زانستانەش وەکو (سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی و ئیتنۆسایکۆلۆژی و ئەنتڕۆپۆلۆژیای دەروونی)، پسپۆران لەو باوەڕەدان کە ئەگەر پۆلێنێکی وردی کەسایەتی مرۆڤ بکرێت، ئەوا چەند مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی هەیە، ئەوەندە جۆرەش کەسایەتی دەبێت لەبەر جیاوازی مرۆڤەکان لە یەکتر، بەڵام ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە بە هیچ شێوەیەک نەتوانین خۆمان لە قەرەی پێناسەیەک بدەین بۆ (کەسایەتی) بەڵکو شارەزایانی ئەو بواره هەریەکە و بە جۆرێک و لەسەر چەند بنەمایەکی گشتی دیاریکراو کەسایەتی مرۆڤ دابەش دەکەن، دواتر لەسەر بنەمای ئەم دابەشکردنە (کەسایەتی) پێناسە دەکەن، باوترینیان ئەوەیە کە کەسایەتی دابەش دەکات بۆ (کراوە و داخراو یان گۆشەگیر)، کە لە کەسایەتی ئەو (گەلە)یە ئەویش بریتییە لە کۆمەڵێ سیما و خەسڵەتی کولتووری تایبەتی کۆمەڵگا کە لەژێر کاریگەری ژینگە و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و میژووییی پێکهاتووە.

ئەمە و هەروەکو گوتمان کەسایەتی مرۆڤ پێناسەی زۆری بۆ کراوە لە لایەن شارەزا و پسپۆرانەوە، یەکێک لە پێناسە هەمەلایەنەکان ئەوەیە کە (بریتییە لە پێکهاتەیەکی دەروونی- کۆمەڵایەتی کە لە کۆمەڵێ سیما و ڕەفتاری دیار و نادیار پێکهاتووە و ئارەزووی خۆ گونجاندنی هەیە لەگەڵ کولتوور و باری ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکەی خۆی)، لایەنی دەروونی کەسایەتی پێوەندی بە پێکهاتە و سروشت و هەڵسوکەوتی هەر تاکێکەوە هەیە، واتە لایەنی دەروونی دەگەڕێتەوە سەر تاک خۆی، بەڵام لایەنی کۆمەڵایەتی پێوەندی بە (تاک- دەوروبەر) هەیە، واتە ئایا تا چەند ئەم تاکە دەتوانێ خۆی لەگەڵ ڕەفتارەکانی کۆمەڵگا و دەوروبەریدا بگونجێنێ، یەکێک لە پێناسە باوەکانی تری (کەسایەتی) ئەوەیە کە بریتییە لە (کۆی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندی و توانا جەستەیی، دەروونی- سۆزداری، هزریە، بۆماوە و وەرگیراوانەی مرۆڤ لە پرۆسەی گەشەکردنی میژوویییدا بەدەستی هێناوە و لە کەسانی دیکەی جودا دەکاتەوە)، کەواتە کەسایەتی دیاردەیەکی میژوویییشە و لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر دەگۆڕێت بەوەی کە کۆمەڵێ تایبەتمەندییە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەمێنێتەوە، ئەو تایبەتمەندییانەش دەخرێنە سەر ئەو سیفاتانەی کە لە دەوروبەرەوە وەردەگیرێن، هەروەها کەسایەتی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەگۆڕێت بە شێوەیەکی گشتی هۆکاری زۆر هەن کار لە کەسایەتی مرۆڤ دەکەن لەوانە هۆکاری (میژوویی، کۆمەڵایەتی، جوگرافی).

کەسایەتی مرۆڤی کورد

تاکی کورد بە حوکمی ئەندامبوونی لە کۆمەڵگای کوردی و ئەو کولتوورە ئاڵۆزەی کورد کە باسی لێوەکرا، خاوەنی کەسایەتییەکی ئاڵۆزبشە، ئەو فاکتەرانەی کە کار لە کەسایەتی مرۆڤ دەکەن، لە کۆمەڵگای کوردی فۆرمێکی تر بەخۆوە دەگرێ کە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانی تر جیای دەکاتەوە، چونکە،

۱- لەلایەنی میژوویییەوە، کورد خاوەنی میژوویێکە پڕ لە شەڕ و ئاژاوە و هەمیشە داگیرکراوە، ئەگەر ماوەیەک دوژمنی بێدەنگ بووبێ ئەوا کورد خۆبەخۆ زەفەریان بەیەکتر بردووە، واتە ئێمە میژوویێکی خوێناویمان هەیە کە هەرگیز لە جەنگ دانەبڕاوە.

۲- لە ڕووی جوگرافییەوە کوردستان بەشێوەیەک هەڵکەوتووە کە شوێنی زۆر لە یەکتر جیاوازی هەیە، ناوچە چیایی و شاخ و داخە زۆرەکان لەلایەک و لەلایەکی تر پێدەشتەکان، لادێ و شارەکان، گەرمیان و کوێستانەکان.

۳- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەبەر جیاوازی شوێنەکان و دابەشبوونی کوردستان و نەبوونی پێوەندییەکی ڕێک و

پێک لەنێوان پارچەکانی کوردستان و جیاوازی داگیرکەرانی کوردستان و کولتوورەکانیان، بارودۆخی کۆمەڵایەتی کورد بە ڕادەیەک لە یەک جیاوازە زۆرجار وا دێتە بەرچاو کە سەر بەیەک کولتوور نەبن، لە هەندێ شوێندا هەردۆڵێک و گوندێک بە دیالێکتێک قسە دەکەن، دوو دیالێکتی کوردی بەزەحمەت لەیەک دەگەن، یان هەر لە یەکتر ناگەن.

٤- لە ڕووی بیروباوەڕی ئایینییەوە، کوردستان شوێنی چەندەها ئایین و مەزهەبی جۆراوجۆرە (ئیسلام «سوننە و شیعە»، مەسیحی، ئێزدی..) کە پەیڕەوانی خۆیان هەن و پێیانەوە پابەندن.

٥- جیاوازی نەتەوایەتی، لە کوردستاندا نەتەوەیی جیاواز هەن و بە هەموو شوێنەکان بڵاوبوونەتەوە و تێکەڵن بە کورد و بە یەکتر واتە شوێنی نیشتەجێ بوونیان لە یەکتر جیاواز نییە، لەو نەتەوانەش (تورکمان، عەرەب، کلد و ئاشور، کەمێکیش فارس).

ئەم فاکتەرانەی سەرەوە هەریەک بە دەوری خۆی کاریگەری لە دروستبوون و داڕشتنی کەسایەتی کورد هەیە و وای لە تاکی کورد کردووە بەشێوەیەکی گشتی خاوەنی کەسایەتییەکی تێکەڵی و ئاڵۆز بێت و (ناوەندێتی) لە بیرکردنەوەیدا نەبێت، خاوەنی بالانسێک نەبێت لە تێڕوانین بۆ بەرامبەرەکەی، بەڵکو بۆچوون و ڕەفتاری جیاوازی دژ بە یەکی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر خۆشەویستی بە یەکێک هەبێت تا ئەوپەڕ خۆشی دەوێت و وەکو کاریزمایەک سەیری دەکات، نابێت کەس هەڵەی لێبگرێت، یاخود باسی سیفاتی خراپی بکات، ئەگەر ڕقیشی لە یەکێک بووەوە، ئەوا تا ئەوپەڕی ڕق لێبوونەوە ڕقی لێی دەبێتەوە و وەکو شەیتانێک دێتە بەرچاوی و حەز ناکات بیبینێت و کەس مامەڵەی لەگەڵدا بکات (لەوانەیە ئەوکەسە هەمان ئەوکەسەش بێت کە پێشتر بێ ئەندازە خۆشی ویستووە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەنجامدانی کردارێک کە بەدڵی ئەو نەبووە، بەم جۆرە ڕقی لێیەتی). هەروەها لە ڕادەبەدەر ئازایە و ملکەچیشە، کە غەمگین بوو توانای نامێنێ، چونکە تا دوا ئەندازە غەمبارە، کە دڵخۆشیش بوو بە هەمان شێوەیە.

کەسایەتی کورد بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەری ئەنجامدراوە لەلایەن خۆرهەڵاتناسەکان و توێژەرانی ناوەخۆ چەند خەسڵەتێکی گشتی دیاریکراوە کە دەکرێت هەندێکیان باس بکەین.

- مرۆڤی کورد بەشێوەیەکی گشتی ساویلکە و دڵپاکە و زۆرجار بەم هۆیەوە تووشی نەهامەتی بووە و بە ئاسانی باوەڕی بە ناحەزو دوژمنانی کردووە.

- کورد بەشێوەیەکی گشتی چاوتێرن و ڕقیان لە مرۆڤی ڕەزیل دەبێتەوە، ئەوەش لە میواندارى و هەبوونی دیوەخانی ئاغا و شێخ و پیاو ماقوڵەکان دەردەکەوێت بە درێژایی مێژوو، ئەو خزمەتە زۆرەی لە هەر ماڵە کوردێکدا بۆ میوان دەکرێت.

- ئازایەتی سیمایەکی تر کە هەر لە دێر زەمانەوە کوردی پێدەناسرێت و هەمیشە لەناو کورددا ڕێز لە مرۆڤی ئازاو قارەمان گیراوە،

- ڕێزگرتنی زۆر و شەرمکردن لە بێگانە، ئەم سیفەتەش زەرەری زۆری بە کورد گەیاندووە، لە مێژووی کورددا بۆتە هۆی لەدەستدانی زۆر شۆڕش و ڕاپەڕین و سەرکەوتن و دەسکەوت، کاتێ بێگانەکان دەهاتن بە مەبەستێکی گلاو لە ناخەوە و بە ڕواڵەت ئینسانی باش کوردیان هەڵدەخەڵەتاند.

لەگەڵ ئەمانەشدا چەند سیمایەکی تری خراپ بۆ کورد دیاری کراوە، کە هەر چەندە جێی داخن، بەڵام واقیعێکن و ناکرێ خۆمانی لێ بدزینەوە، ئەوەندە هەیە دەتوانین کار بۆ چاککردنیان بکەین، لەو سیمایانەی هەلپەرستی، زوو لەخۆ گۆڕان، بێگانەپەرستی و خۆبەزلزانین بەرامبەر خەڵکی هاوزمان و هەندێ سیمای تری خراپ، ئەگەرچی ئەم خەسڵەتانە پێچەوانە و دژن لەگەڵ ئەوانی تر کە لەسەرەوە باسکران، بەڵام حەقیقەتێکن و دەرهاوێشتەی ئەو دوالیزمی و نەبوونی (ناوەندێتی)یەیە کە تاکی کورد بەهۆی بارودۆخەکەیەوە هەیەتی.

سەرچاوەکان:

١- فەرهەنگی نوێ- بورهان قانع (١٩٨٥).

٢- کولتوور و کۆمەڵگا «توێژینەوەیەک لە بارەی سۆسیۆلۆژیای کولتووری» ئا: نادیە عومەر کاکە سوور- گۆڤاری (ڕامان)- ژمارە(٧٣) تەموزی (٢٠٠٢).

٣- کولتوور و کۆمەڵگا- ئانتۆنی گیدێتر- و/ لەفارسییەوە: خەسرۆ ئەڵماسی. گۆڤاری (ڕامان)- ژمارە(٧٥) ئەیلوول (٢٠٠٢).

٤- مەلەفێکی تایبەت بە کولتوور- گۆڤاری (ژیار)- ژمارە (٥) ساڵی (٢٠٠٠).

٥- کەسایەتی مرۆڤی کورد (چەند سەرنجێکی سەرەتایی)- د. ڕەشاد میران- گۆڤاری (سەنتەری برایەتی)- ژمارە(٩) کانوونی یەکەم (١٩٩٨).

٦- تەوەرێک بۆ کەسایەتی مرۆڤی کورد- گۆڤاری سەنتەری برایەتی ژمارە(٢٦) کۆتایی (٢٠٠٢).

بیرانینەک ل سەر گۆڕا ئەحمەدێ خانی

م. ئارارات
ئەگوهاستن ژلاتینی: ئەزهار بامەرنی (دهۆک)

بلنداهیا چیایێ گریداخێ، پێنج هەزار و سەد و شێست و پێنجە، د گوند و زۆزانێن وی چیایی دا ب هەزاران مەرف، دکۆن، قول و بەر زنارێن وی دا ب حەیوانێن جووره- جووره و بێ ژمار دژین.

بەرلنگێ چیایێ گریداخێ دا دەشتەک درێژ دبە، دڤێ دەشتێ دا، جۆتکار زەڤیان جۆت دکن، پالە مێرگان دچینن، گاڤان و شڤان ژی ب دەنگێ مەشک و بلوورێن خوە فا پێز و دەواران دچێرینن.. پێشبەری چیایێ گریداخێ، ل سەر تاپەکی، وارەکی پڕ کەڤن هەیە، ئەو دەر، (۲۰۰۰) سال بەری بووینا عیسا پێغەمبەر، وارێ ئورارتوویا بوویە. وان ل ور برجەکە نێزیکی (۳۰۰)م درێژاهی ئاڤاکرنە. د سەدسالا (۱۷) ئان دا میرێ کوردا یێ وێ عێلێ ئیسحاق پاشا ب ناڤێ کەلا بازید کەلاکە پڕ مەزن و بەدەو دایە ئاڤاکرنێ. گەلەک دیوارێن وێ کەلایێ ب هەلبەستێن ئەحمەدێ خانی ڤە هاتنە نەخشاندنێ.

وەختێ ئەز ل گوند و باژارێن وێ عێلێ د گەڕیام، تشتێ کو بەرێ بالا من کشاند ئەو بوو، وەکی هەموو کوردا ب سەرێ ئەحمەدی خانی سۆند دخوارن هەر ووسان ژی هەلبەستێن وی دنیڤەکە دلێ کوردێن وێ عێلێ دا جی گرتنە، من دەرهەقا خانی دا ژی کێ پرسی دکر، بەرسڤا خوە ب چەند ڕێز هەلبەستێن وی ڤا ددا وەکە:

گەر دێ هەبیا مە ئیتیفاقەک
ڤێک را بکرا مە ئینقیادەک

ئان ژی:

چ بکم کو قەوی کەسادە بازار
نینە ژ قماش ڕا خەریدار

ژ کەلا- بازیدا بەر ب دبستانا ئەحمەدێ خانی چووم، وەختا ئەز گەشتم ور، مالەک بەر دەرێ دبستانێ سەر کولاڤەکی روونشتی بوو مە ناسیا خوە دا هەڤ، مەلا ئەز ل چاڤی یێن دبستانێ گەڕاندم. تربا خانی و ڕەخ ژی یا کولفەتا وی (حەبیبە خانمێ) بەر دبستانێ دا بوو ل سەر دیواران گەلەک نڤیس هەبوون. من ب پێچیا خوە نڤیسەک نشان کر و گۆت:

- ئەز بەنی، ب کەرەما خوە، ل ڤر چ دنڤیسە؟
- ئەڤ ڕێزەکە خانی یە، تێ گۆتییە:

مەهدا ئەسەرا خەیرێ نەدهات ژ دەستێ ئەحمەد
تەوفیق نەدایە وی ئەو پادیشاهێ ئەمجەد

- مەعنا وێ گۆتنا خانی چی یە، مەلایێ من؟
- ئەحمەد ئەفەندی تم کار کری یە و خوەستی یە، کو کورد هشیار بن و بگهێن سەرفرازیێ، لەوما دوان ڕێزاندا دلێ خوە کری یە، کو ل وی نە قەومی یە، کار و ئەسەرێن هن باشتر و هێژاتر پێک بینە، و وەکی خوەدێ ژی زێدەتر دەستوور نەدایە وی، لێ، ب باوەڕییا من ئەو کارێن کو ئەحمەد فەندی ژبۆ کوردا پێکانی یە، زاف

مەزارێ ئەحمەدێ خانی

تشتێن هێژا و مینا دەفینەکێنن..

وەختا مەلا وسان شرۆڤە دکر، بینامن فرە دبوو و دەردکەتم سەیرانێ. من هەواس دکر. کو ئەو شەڤ- رۆژ بپەیڤە و ئەز ژی بەختەوەر و ب دلجان گوهداربیا وی بکم..

من چاڤێن خوە دۆردەر د گەڕاند و دگوت:

- مەلایێ من...!

- بەلێ..

- ب راستی ناخوازم سەرێ تە زێدە ئێشینم ئەزبەنی، لێ کو ڤێ نڤیسارا هان ژی بخوینە، ئەزێ پڕ کێفخوەش بم.

دوان ریزان دا ژی سەیدا گوت:

کێلیا گورێ ئەحمەدێ خانی

گولبانەک ژ غەیبێ هات ئەڤ رەنگە تاریخ
مەعبوود عەنایەت کر چبو ئەڤ مەعبەد

- مەعنا وێ چی یە؟

- ئەحمەد ئەفەندی هونەرا خوە مینا گولبانەکێ حەسباندییە و وەکی خوەدێ ژی ئەو گولبانا دەلال پاراستی یە... مەرف ب وان گوتنانان د کارە بۆستانەکی گولا بینە بەرچاڤێن خوە، ئەم بێژن، کو د دیرۆکا وی بۆستانی دا گەلەک گول، سۆسن و کولیلکێن بەدەو هێشین بوونە، رۆژەکێ بژی دوی بۆستانی دا گولبانەکە بلند و دەلال بەژن دده و دده خەملا وی بۆستانی- ئەو گولبان ئەحمەدێ ئەفەندییێ خانی یە.

- راستە مەلایێ من، پڕ سپاس...

گەلەک مەرف دهاتن و دچوون، قاسەکێ سووندا رابوون سەرخوە و چوون بەر چاڤکانییێ، ل سەر کەڤرێ وێ دنڤیسی «کانیا خانی». ئاڤا کانی یێ پرسار بوو، ئاگرێ کەزەوا منی شەوتی ڤەدمراند..

ئەو ئاڤا کو ژ چاڤکانییا ئەحمەدێ خانی دزێ، ئاڤەکە پڕ زەلالە، دبە چەمەکێ دوور- درێژ دکشە، چیا و بانیان د قەلێشە و دچە دگهێژە ناڤ بەحرا دنیایێ.

*** گۆڤارا (رۆژا نوو)/ هژمار (۳) سالا (۱۹۸۳)ێ. بپ (۲۰-۲۱) سوێد، ستوکهولم.**

سۆفیا

هاشم سەڕاج

که تۆی شای کەچ کولاهی دیدەمەستان،
چ باکم قەیصەر و فەغفوورە ئەمشەو؟!
«نالی»



چێشتەنگاو
لەژێر ڕەشمالّە شینباوەکەی بێستانە
بەیبوونییە بلوورینەکەی «کامالا»دا
پشوومان دا و
غەریب و بێ موبالات و کەسەردار
لە نهێنییەکانی غەمزەی فورقانی چاو و
قەڵەمی قودرەتی ئەبرۆ و نووری گزنگی بالّا
دواین و دواین و دواین
شەپۆل شەپۆل شەپۆل شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
گورزە ئارامییەکی ئالۆز و نادیاری سووتێنەر
شەوەی شاراکانی
ناخ و دڵی دەتاسان و
دانە دانە دانە دانە
دانە دانە
زەنگیانەکانی ڕشتەی گیان دەلەرزان!
لەوێش لە بانیژەی زاگەی بڵێسەی جوانیدا
مەرجانەکانی گۆپکە ئاڵ و بەفرینەکانی
«سۆفیا» لەژێر
کراسە مەلەسە پەڕمێشییە خەنەڕەنگەکەیدا
دەلەرانەوە و
دەلەرانەوە و
دەلەرانەوە
دەتگوت فەریکە هەڵووژەی فیردەوسەکانی خودان!
ئەی خودا
خودای میهر و حوسن و گەردیلەکانی گیان!
لەم دەیجووری وێرانەی نەهامەتییەدا
تۆسقاڵێ ڕووناکیمان پێ ببەخشە!
چی دەکەین؟ تازە چی دەکەین؟
ئێمەی بەدبەخت و شەیدا و نامراد و پەرێشان
تازە چی دەکەین!
لەپڕ سەراپای لەشمان خرۆشا و

زایەڵەی نەغمەکانی «ئۆم»
لە فەزای میحرابە ئاگرینەکانی دەروونەوە
هەڵدەقوڵا و
هەڵ هەڵ هەڵ دەقوڵا
سەرمەست و کەسیرە و کەسەردار
ڕۆحمان ئەڵقەیەکی چکۆڵەی نەبینراوی
سیلسیلەی بێ بڕانەوەی گەردوونی
هیچ و پووچ و پەژمووردەی ئەبەدە!
ئەبەد ئەبەد ئەبەد
دەسەپاچە و داماو... سەرسام و ڕەنگپەڕیو
ساغەرێک «شەرابی ئاڵ»مان هەڵدا و
سەرمەست و کەنەفت و حەیران
دڵ کەوتە
لەتردان و لەتردان و لەتردان
ڕۆح(شۆڕەبی)یەکی بەرزی نازپەروەری شمشادزادە و
لەتری دەدا و
لەتری دەدا و
لەتری دەدا
هێواش هێواش هێواش هێواش
هێواش هێواش
لە چەمک و ماناکانی بوون و مەرگ و مۆراد و مایا و
ئەڤین و ئارامی و جوانی
دەدواین و دەدواین و دەدواین و
پێدەکەنین!
لەوێش لە ترۆپکی ئاتەشکەدەی
«گردی مردووان»ڕا
شەپۆل شەپۆل شەپۆل شەپۆل
شەپۆل شەپۆل
بۆن و بەرامی
هێل و دارچین و زورمبات و خاسەڕەنگ و کافوور و
ڕازیانە و زەنجەفیل و ڕەشکە و شملێ و سمڵ و
سەمەڵ و سەندەڵ و شەب و مازوو و قەنەفڵ و زافەران و
شەوەر و شوێت و شکۆفە و شەکری نەبات و گوڵەباغ و
سینەمەکی و سەندەلووس و ئاس و وەنەوشە و
شەرمینۆک و بەیبوون و خەجیجۆک و کەما و
کەبابە و کەبەر و کاژ و بوخورد و میسک و عوود و
عوننات و عەنبەر و پوونگ و ڕێحانە و نەعناع و
سێوی ئەجندان و خەیارچەمەر و قورسی قەمەر و
گۆزگردو سەبر و زەڕنیخ و خەردەل و حەرمەل و حەتحەت و
حەنتیت و بۆدڕنی برایم بۆگەنی و گژگژە و سوپەند و
عوودی سەڵیب و کەموون و کەفی دەریا و ئەنیسۆن و
جاترە و گیای غەربەل و ڕەگەڕێواس و زەرەند و
سووسن و ئەقاقیا و خەربەند و خەشخاش و ترنجۆک و
عەتری عیشق و حەسرەت و جوانی و
دوودی عەدەم!
ئای دوودی عەدەم!
ئۆھ! کشوماتترین دەخمەیەک لە کپی و خاموشی!
چ دووکەڵستانێکە وجوود ئەی خودا، خودای من
کەرنەڤاڵی بە هەدەرسپاردنی
ئاقیقەکانی ئەڤین و زوبەرجەدەکانی جوانی و
ئەفسوونەکانی قەد و قامەت و باڵا و
نەوا و نەشئە و سۆسەکانی ڕۆح!
پێچ پێچ پێچ پێچ دووکەڵ
دووکەڵ پێچ پێچ
حەلقە حەلقە حەلقە حەلقە دووکەڵ
دووکەڵ حەلقە حەلقە
پێچ پێچ
دووکەڵ
حەلقە حەلقە
گەمارۆی دەداین و گەمارۆی دەداین و
گەمارۆی دەداین!
نەوای زایەڵە جەلاتینییە بێ یادەوەرییەکانی
مەفتەنی وێرانەی /هادیس/
دانە دانە دانە دانە
دانە دانە
تۆم و تەڵا و تەوەن و تووڕەی
تەرزە ئاسا... بەسەرمانا دادەباران!
دا دا دا
تازە چی دەکەین ئەی خودا؟
خودای من!
بێ پەنا و نوا خۆمان!
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
ئەی بنێسیترین کچە سوورکەڵەکەی
قیبلەی عیشق و سرووش و ئۆخژنی و
دەرەوشانەوەکانی ڕۆح!
وەی بێ موبالاتیترین (زەری)یەک
لە عەتر و نەشئە و ڤانێلاکانی
بسکیت و شکوولاتە و شەوبۆکانی

لەززەت و لەبزینە، ئۆه!
قەشەنگیترین شۆخێک لە ئاگرە
ئاڵتووناوییەکانی خەتا و
ئیکسیرەکانی یاقووتی زەرد!
بە لەنجەی نەوڕەسیدەی سیحرینی
فۆنیمە نازپەروەرە خواییەکانت
مەستمان کە مەست مەست مەست
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیای مەلەک بەچکە و ئەفسوونکار!
بەنانە شووش و شووشەییەکانی
ئاڵتر لە دەنکە هەنارە هەڵڕژاوەکانی
بەرچنە گوڵگوڵینەکانی باغی ئیرەم و
لەنگەرییە بڕۆنزییەکانی بەر
ئاستانەی پەرستگای (ئیشتار)
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
سۆفیا ئەی سۆفیا
وەی زافەرانیترین
هاڵاوێکی ناسک ناسک ناسک و
تەنک تەنک تەنک
لە یەشم و یوسر و یاقووتەکانی
جەننەت!
لەپڕ گازی لە مەرجانەکانی
سەر پەنجە یەسووعییەکانی دەگرت و
حیلکوهۆڕ پێدەکەنی
پێ پێ پێ
د ە ک ە ن ی

٢٠٠٤/٩/٢٠

هەڵاتن

هۆشەنگ شێخ محەمەد یووسف
(دهۆک)

(تەئەمولێکی دی لە مردن..
پێشکەشە بە سەلام بالایی)

ئەو کاتانەی لە ژیان نزیک ئەبوومەوە من لە مردن
هەڵئەهاتم و
کە لە تۆش نزیک ئەبوومەوە لە تاریکی هەڵئەهاتم
من نە بە پیری پیری و فەوتانەوە ڕۆیشتم و
نەدەستم بۆ باخچەیەک لە باخەکانی ئەم دنیایە دریژ کرد
هەمیشە دەستەکانم لە شتێکەوە ئەکشانەوە
هەمیشە چاوەکانم لە دیتنی بابەتێکا ڕایان ئەکرد
تەماشاکانم و پەنجەکانم هەمیشە لە هەڵاتن لە ساردییەوە
گەرم ئەبوون
ڕۆحم هەردەم بە هەواوە بوو تا لە خاکەوە دووربێت و
هەردەمیش پێیەکانم لە بۆشاییەکانی ئەم عەردەدا ڕایان
ئەکرد و لە شوێنێک نەگیرسانەوە
من لە خواو لە ئازادی و زۆر شتی ڕام ئەکرد و گەیشتمە
باوەشی تۆ
من لە خەونەکاندا ڕام ئەکرد و تووشم بوو بە نووسین
من لە وشەکاندا هەڵئەهاتم و لە خوێندنەوەکاندا گیر بووم
ژیان هەڵهاتنە
چوونێک، نەچووم بۆ ئەو چوونە
ڕاکردنێک، نەمکرد بۆ باوەشی گەرمی وشەیەک، یان
ژنێک، یان دنیایەک
ژیان لەوە سەیرترە بتوانیت تێیدا بە مەرگ بڵێیت
زەحمەت نەبێت ئەم باخەم لێ مەشێوێنە
ئەم پیاسەیەم پێ تێکمەدە
ژیان لەوە زەحمەتترە گوێت بداتێ و پێی بڵێیت
قوربان دەلێگەڕێ با شیعرێک بۆ جوانی بنووسرێت و
هەڵاتن نەبێت لە کرێتی؟
دەبا خەونێک ببینم بە ئازادی و لە ڕقی زنجیرەکان
نەبێت؟
دەبا گۆرانییەک بڵێم و بۆ ئەوە نەبێت بێدەنگی پێ
بشکێنم..
دەبا خۆم بم.. وەک ئەوە نا کە لە خۆمدا ون بم، یان ببم
دەلیم گەڕێ با ساتێکی پڕ تەئەمول نەبێتە هەڵاتن لە
تورەهاتی
دەبا ماچێک نەبێتە هۆیەک بۆ بەردەوامی نابووتییەکان
چەند جوان ئەبوو گەر نووسیبام من بۆ هیچ نانووسم و
لەبەر هیچیش نانووسم و با هیچیش منەت نەکا بە
وشەیەکم و وشەشم منەتێ نەکا بەسەر هیچا..
چەند جوان ئەبوو کە ماچم ئەکردی ئەوەم لە خەیاڵ نەبا بۆ
ئەوەی نەمرم ماچت ئەکەم

بۆ ئەوەی کۆیلە نەبم ماچت ئەکەم
بۆ ئەوەی ماچت بکەم ماچت ئەکەم.. بۆ ئەوەی مرۆڤ بم
و باخچە بم و شەوق بدەم ماچت ئەکەم؟
ئای کە سەخیفە ئەو ئازادییەی زنجیرەکانم لا ناشیرین و
تەفروتوونا و بێ مانایەکی جوان ئەکات
ئای کە بێزارکەرە ئەو خۆشەویستییەی لە ترسی مەرگ و
لە ناوچوونی پیاسەکان و پاساریپەکان و ئەم دنیایە
ڕایەڵەکانی خۆی ئەخاتە ناو ڕۆحمەوەو لە بنمەوە تا
سەرمەوە ئاوسم ئەکات بە ترس لە فەوتانی خەونێک..
مەرگی سنۆبەرێک.. تێکچوونی جێژوانێک.. خراپی
گۆرانییەک.. لەنگی ڕووبارێک و ڕەشبوونەوەی
ڕەنگێک و
دڕانی کتێبێک و فرمێسکی ئاڵی، یان ڕەشی ئەزیزێک
و....
ئای... ئەزیزبوون، چ گرفتاریەکی گەورەیە و گەورەبوون
چ گرفتاریەکی ئەزیزە..؟
من تێناگەم بۆ ئەبوایە کاروانی من هەمیشە ڕاکردن بێت
و بە پیرچوون نەبێت؟
من لە ئێوە هەڵدێم و شیعرتان بۆ ئەخوێنمەوە..
من لە ئێوە هەڵدێم و تریفە ماچ ئەکەم
من لە ئێوە هەڵدێم و بە سەڵمان کۆڤلییەوە ئەگەم
لێ ئێوە و تریفە و ئەم دنیایەش، ڕامانێکن لە
هەڵاتنەکانم
من بەڕۆحمەوە دیارە شیعریشم هەڵاتنە لە مردنم..
من خوێندنەوەشم هەڵاتنە لە مردنم
ژیاندۆستی و عەشقدۆستی و خۆشەویستم هەڵاتنە لە
فەنابوون
من پێش ئەوەی لەسەر خوانی جوانی ئێوە کۆببمەوە.. لە
تاریکییەکەوە هەڵاتووم
پێش ئەوەی بگەمە ڕووباری ڕەنگی ئێوە من لە
کابووسێکەوە هەڵاتووم
پێش ئەوەی بگەمە مالی ئێوە من لە زیندانی
شەقامێکەوە هەڵاتووم
من هەڵاتووم لە خۆم و لە ڕۆح و هەبوونی خۆما.. ئنجا
بە قسە گەیشتووم
من هەڵاتووم لە خوا و کتێبەکانی ئنجا بە تۆ گەیشتووم
من هەڵاتووم لە ئازادی و وەهمەکانی، ئنجا بە حەقیقەت
گەیشتووم
من هەڵاتووم.. لە مەرگ و فەنابوونەوە.. ئنجا بە ژیان
گەیشتووم

٢٠٠٥/١/٨

لە شیعری ئەڵمانییەوە

سەرکەوتنەکانی ئیرۆس لە جەنگدا

و/ لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل
(ئەڵمانیا)

من دەزانم
کلێمنس برێنتانۆ

من باش دەزانم، تۆ لە منداا چیت خۆشدەوێ
ئەوەیان ژیلەمۆیەکە لەنێو سینەمدا،
ئەوەیان ئارایشێکی سیحراوییە
لە قوواڵیی نهێنی ناوەوەی شەهوەتدایە
تیشکە لە منەوە دەردەچێ و بانگی تۆ دەکا
من لە بەردێکدا بنێژە
بەو شێوەیە لە ڕێگای هزر و ئامێزمەوە بانگت دەکەم
وەرە گەورەم، خۆشەویست، لەڵای من بمرە
وا پێویستە لەسەر تۆ.. وا پێویستە لەسەر تۆ

سەرکەوتنەکانی ئیرۆس لە جەنگدا
ئێریش فرید

لە دەستپێکی ئەو پیربوونەدا
ئارەزوو گەورەترە لە ئیستێتیک
هێز بەهێزترە لە شەهوەت و
ئیرۆس بزە دەکا.

لە لێژایی ئەو پیرییەدا
غەریبی مەزنترە لە شەهوەت
حەز گەورەترە لە ترس و
ئیرۆس بزە دەکا.

لە وەرینی ئەم پیرییەدا
ترس گەورەترە لە غەریبی
هیلاکی مەزنترە لە ترس و
ئیرۆس هەڵدەچێ لە زەردەخەنەدا.

خۆشەویستی من
ئینگە مویلە

ئەو بۆ هەمیشەیی کامڵ بوو
ئەو منی لەت لەت کرد
ئەو ناوەکانی پێدام
من ناوەکانم لە یادکرد

سەرچاوە:
لە کتێبی(Die schonsten Liebesgedichte – جوانترین شیعری خۆشەویستی) هەڵبژێردراوە.. چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٩٦.. لە بڵاوکراوەکانی (زیگرید دام)، دەزگای بڵاوکردنەوەی ئینزل.

حەوتەمین ڕۆژ

جەلیل کاکەوەیس

– ئەوە کێیە؟!

یەکێ لە دەرگا دەدات و زاتی بەدەنگەوە چوونیم نییە. دەزانم ئەم مانگە خاکەلێوەیە، خاکەلێوەش لای من، یان خۆڵ باران بووە، یان لافاو. لەوە دەترسم دەرگا بکەمەوە و ئەوەی لەبەر دەرگایە پێم بڵێت؛ «لافاو ئەوەندە و ئەوەندە لاشەی لەگەڵ خۆی هێناوە و... وەرە بزانە کەسێکیان ناناسیتەوە؟». لە دەرزێکی دەرگاکەوە تەماشای دەرەوە دەکەم و کەس نابینم، دەگەڕێمەوە و دەنگی دایکم بە ئاستەم و لە دوور دووڕەوە دەبیستم، «خودا لەم مانگەدا ڕەنجێکی زۆری کێشاو لە حەوت ڕۆژدا بەری ڕەنجەکەی خۆی چڕ کردەوە؛ ئێدی لە هەر ڕۆژێکدا شتێکی دروست کرد و بەڵایەکی بۆ قوت کردەوە و ئێدی ئاوها..». من ترساوی پشت دەرگایەکی ئەم کۆڵانەم و دەزانم هێشتا چ دەرگایەک درزی تێنەکەوتووە، دەزانم تارمایی ترسێک ئەترەشی هەر بوونەوەرێکی بردووە، ترسی بینینی ئەو لاشە شین هەڵگەڕاوانەی سەر ئاو دەکەون و گۆڕغەریب دەبن، ترسی ئەوەی کاڵاو ڕەشەکان وەربنە کووچە و کۆڵان و بەشەق و شوڵاق دەرگاکان بکەنەوە و بڵێن؛ «دەی وەرنە دەرێ دەویت باوکانە، دەڵێی. دێڵەسەگی تازە تەرەکیون و کونی مااڵوە بەرنادەن... وەرن تەماشای ئەو لاشە گەنیوانە بکەن، بەاڵم بەو خودایەی ئێوەی بە زەلیلی و چاوشۆڕی دروست کرد، ئەوەی بڵێ کەسیان ناناسم، دەیدەینە دەم لافاوەوە.. ئیتر خۆتان دەزانن چۆن ئێوەش دەبنە کەاڵکێکی تۆپیو و بۆگەن!!».

ئێستا ڕۆژ بووەتەوە و گوێم هەڵخستووە، دەبیستم و بڕواناکەم، هەموو دەرگایەک بە حوجەت لێدەدرێ؛ «وەرنە دەرێ، لافاو نیشتووەتەوە، لافاوی ئەم خاکە لێوەیە هەموو کاڵاو ڕەشەکانی لەگەڵ خۆیدا لوولدا و بردنی، وەک ئاومااڵک کەوتوونەتە سەر ئاو و لەگەڵ شەپۆلەکاندا ون بوون». بە دڵە کوتێ و ترسەوە دەرگاکەم کردەوە و تێکەڵی هەزاران ڕوخساری گەشکەبردوو بووم. ئێدی لە هەر دەرگایەکەوە سیمایەکی تۆقیو دەردەپەڕی و یادی ئەو خاکە لێوەیەی لە خەیاڵدا زیندوو دەبووەوە کە خوامراد کەڵەوی و ژنە دوو گیانەکەی بوونە تیکەنانێک و قووت دران، تەنیا لە یادی هەندێکدا وەک تارماییەکی لێڵ مابوون، تارماییەک کە ئەوسا خوامراد کەڵەوی و ژنەکەی وەک با هەڵیان کرد و لەنێو هەڵەتەکانی دوحێلە لە چاوان بزر بوون، ئێستا ئەوەی لە دوای ئەو دووە جێماوە ئەو دوو ژوور و هەیوانە ڕووخاوەیە، کە فانۆسێکی ژەنگن و لەتە کراس و سوخمەی ئاگر بارانەی ڕزیو و قۆناغە تفەنگێکی شکاو لەنێو قایەی سوور و گەچی وردوخاش بوو بە عاستەم نیوەیان بەدەرەوەیە، ئەم دیمەنە ڕۆژانە دڵی لافاوزەدەکان دادەخورپێنێت، کەچی ئەوانەی کەتنی خاکە لێوەکان و لافاوەکانیان نەدیوە، هەر ئاوڕیش لە دیمەنی

کەلاوەکە نادەنەوە.

هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ سەدان ڕوخساری تۆقیودا لەنێوان بڕواکردن و بڕوانەکردندا، ڕووم کردە شوێنەواری کەتنەکانی لافاو، لەوێ وەک لاڵێک تەنیا گوێم هەڵخستبوو، بەگوێی خۆم بیستم؛ «ئێرە ڕێژگەی ئاوەڕۆی شارە، دوو کەفە سپییەکە هەر لێرە دەرکەوتن، دوو کەفی سپی یەکێکیان گەورە و ئەوی دی بچووک، کەوتنە سەر ئاو و تەوژمی شەپۆل لای دانە لاوە.» هێشتا کەفی سپی لای من لە کەفێکی ئاسایی پتر نەبوون، لەبەر خۆوە گوتم؛ «دایکم باسی ئەوەی بۆ نەکردم کە خودا لە حەوت ڕۆژەکەدا کەفی سپی و کاڵاو ڕەشەکانی دروست کردووە، یان نا... تۆ بڵێیت هەر لەو حەوت ڕۆژەدا ئەمانەشی دروست کردبێت؟ خۆزگە هەر دروستی نەدەکردن.». ئەوەندەی نەبرد دەنگۆی دوو کەفە سپییەکە وەک با بەنێو خەڵکەکەدا هەڵی کرد؛ «دوو کەفە سپییەکە بوونە دوو لەپە گۆشت، دوو لەپە گۆشتی پیرەڵۆک و وا لەسەر زیخ و چەوی خاسە لەبەر تیشکی هەتاودا دەبریسکێنەوە.»

دوو کەفە سپییەکە بوونە بنێشتە خۆشەو کەوتنەسەر زاران، لە زەینی هەر کەسێکدا پەرجوویەک سەری هەڵدا، ئاخر لافاوی ئەم خاکەلێوەیە لە بری لاشەی گۆڕ غەریب دوو کەفی سپی هێنا بوو، کەفی سپیش بوو بوونە دوو لەپە گۆشتی نەکردەنی، بنیادەم تا پتر زەینی بدانایە، سەیرتر دەهاتنە بەرچاو، جارێ بە دوو مەلۆتکەی پیرەڵۆک و بێ زمان و کەڕولاڵ دەچوون، کە قژی تازە دەرهاتوویان لە خوریيەکی سپی و هەلاجی کراو دەچوو، دوو مەلۆتکەی چاو نەپشکووتووی گەورە و بچووک، گەورەکەیان مێینە و بچووکەکەش نێرینە. گاوێکی دی ڕەنگی پێستیان چون ماسییەکی تازە لە ئاو دەرهاتوو خاو و گرژ دەبووەوە، ڕەنگیان لە زەرد ئامالّەوە دەبووە چوێتییەکی تێر و ئینجا دەبووە پێستێکی سووتاو و هەڵقرچاو.

هەستم دەکرد زەینی منیش وەک ئەو سەدان زەینەی ئاپۆراکە تێکەڵی ئەو دیوی خەیاڵ و ئەفسانە دەبوو؛ «ئەم نێرینە و مێینەیە هاوسەری یەکن، ئەمانەش یەکێکن لەو ئافەریدانەی کە خودا لە حەوت ڕۆژەکەدا خەڵقی کردن. خودایە ئێمە ڕەگ و ڕیشەکین لەم دووە، ئەم دووەش بەدەستی کلاوڕەش گۆڕ غەریب کراون، خودا هەزار گوناە و تۆبەیەکی زەلیلانە!». ئیدی لە چاو تروکانێکدا دوو کەفە سپییەکە لە خەیاڵ و هزر ئاوابوون و مێینە و نێرینەیەک لەشێوەی داپیرە و باپیرە کەوتنە سەر زاران و ئەو ڕۆژە شەوی بەسەرداهات.

ئێستاش ڕۆژی دووەمی سەرهەڵدانی دوو کەفە سپییەکەم لەبەر چاوە، کە چۆن حەشیمەتێک بوونەتە دارە قوڵە بەدەست و ڕژاونەتە نێو بەستەکەوە، کەوتوونەتە سەر ئەڵهایەک و ماڕێنزیش بەریان لێناگرێت. ئیدی تا دەمی خۆر لەزەردە هەرکەسە و لەدەوانی ئەوەدا بوو، بەر لە تاریکان بە بینینێکی دووڕا و دووری داپیرە و باپیرە بگاتە مراز، نەخۆشی درمداری نێو خەڵکەکە بەنرکە و نالّەوە بۆ پەڕینی درم و پەتای پشتاوپشتی خۆی بکێش دەکرد.

ئێستا سێیەم ڕۆژ بوو، نەدەرگایەک پێوە درابوو، نەکەسێکیش بەلای کاری خۆیدا دەچوو، شار بچووک بوو بووەوە و لە شێوەی تۆپەڵێکدا لەنێو بەستەکە خڕ بووبووەوە، هەستم ڕاگرت سیمای حەشیمەتەکە نەترسی پێوە دیار بوو، نە پەشۆکان، بەڵکو تەنیا پرسیارێکیان لەسەر زار بوو؛ «ئەرێ داپیرە و باپیرە کوان!؟». لە گەرمەی ئەم پرس کردنەدا چەند دەمامکدارێک بە دووی تەڕ پۆشێکدا دڕیان بە ئاپۆراکەدا؛ «ئەوە میکایل برۆی دەمڕاست لە هەوارگەی خیام وەستا، ئەوا دەستی نزا و پاڕانەوەی هەڵبڕی و داوای پیرۆزی لە داپیرە و باپیرە دەکات!». حەشیمەتەکە گوێ بەگوێی میکایل برۆ هەر لەدوورڕا دەستی نزایان بەرزکردەوە و خڕ بەچۆکدا هاتن؛ «خودایە بە گەورەیی خۆت و میهرەبانی داپیرە و باپیرە بەزەییەکت پێماندابێتەوە و ئیدی دیمەنی ئەو لاشە گۆڕغەریبانەی خاکە لێوەکانمان نیشان نەدەیتەوە کە بە بەرچاوانمانەوە تێدەپەڕین و بزر دەبوون و کەسێک نەیناسینەوە! بەڵام هۆ میکایل برۆ دەستمان دامێنت داپیرە و باپیرە لەو شوێنە پیسە دامەنێ، ئاخر ئەو شوێنە بە ئاوی هەزار لافاویش بسمیل نابێت، هەزاران ناموسی لێ هەتک کراوە، دایان مەنێ، لەوراکە دایان مەنێ میکایل برۆ...».

دەمی دەمامکدارێک لە پەناگوێی میکایل برۆ نزیک بۆوە و بڵندگۆیەکی لە حەناس دەمی ڕاگرت؛ «دوو فریشتەی خودایی، لە شێوەی دوو کەفی سپیدا بەدەم لافاوەوە هاتن و دەرگاکانیان بۆ کردینەوە، فریشتەش لە تەگبیری خوادا دەرناچن، ئیدی هەر ناوێڵییەک، هەر زەللەیەکی زمانی ئێمە دەبێتە مایەی زمان نەکرانەوەی ئەوان... ئەوسا. ئەو ڕازەی وا پێیانە بە زاریاندا نایات و لەگەڵ خۆیاندا دەیبەن و هەتا هەتایە نای بیستین.» لەگەڵ کپ بوونی بڵندگۆکە سامێک نیشتە سەر حەشیمەتەکە.

لە ڕۆژی چوارەمی دوای پەیدابوونی دوو کەفە سپییەکە. لە چاو تروکانێکدا لە هەر دەرگایەکی

کـراوەوە ڕوخـسـارێکی پەرۆش و دەم پڕ لە پرسـیـار دەهاتەدەرێ. هەموو ڕوخسارەکان بوونە حەشیمەتێک و هەر لە حـەناس ڕێژگەی ئاوەڕۆی شار یەکانگیر بوون. ئەمێستا هەر مەژگێک حەکایەتێکی ئەفسانەیی تێدا بوو، هەر کەللەسەرێک بەسەودایەکەوە خەریک بوو؛ دوو فریشتەی گوڵڕەنگ لەشێوەی دوو باڵندەی ئەفسانەیی، هەریەکـەیان نامـەیەکی بچکۆلەو لەشـێـوەی قـەزمـە نوشـتـەیەکـدای بە بن باڵەوە بەسـتـرابوو، کـەسـێک نەیدەزانی ئەو دوو فریشـتە باڵندەیە لە کـوێوە هاتوون و ئەو نامەیەی بن باڵیان چ پەیامێکی تێدایە! هەر مەژگە و حـەکـایەتەکـەی لە شـوێن و سـەردەمـێکی دیکەوە هەڵێنجابوو؛ ژن و پیاوێکی جادووگەر خۆ لە شێوەی دوو کەفدا دەنوێنن و گەمە بە چاو و ئاوەزمان دەکەن.

لە غـایلەی نێـو حـەشـیـمـەتەکـە وەک با هەڵیـدەکـرد و دەگەیشـتە نێـو خێـوەتە خارچک ئاساکە، لەولاوە بایەکە دەی گۆڕی و دەنگی میکایل برۆی بەسەر حەشیمەتەکەدا دەهێنا؛ «ئەو دوو فریشـتەیەی ها لەو بەرزییـەن، دالّغـەی ناو مـەژگـمـان دەخـوێنـنـەوە، هەر زەللەی زمـانێک، هەر نیـازێکی زڕی ناو کـەللەسـەری زرکـەتالّمـان، ئەو دوو فریشـتەیە دەڕەنجـێنێت، ئێ هەرکە ڕەنجان ئیتر وەک دوو پاسـاری سرک دەفڕن و لە دەسـتـمـان دەردەچن. ئاخر کـە ڕوحـیش نـەمـا ئەوسـا لە دوو جـەسـتـە، دوو تالۆرەی بەتالّمـان پتـر بۆ نامێنێتـەوە. لەوەولا دەبێ هەتا مـاوین دوو قـالۆرەی بەتالّ بدەینە چک شانمان و کوناو کون بیان گێڕین. وەی لە قورسی و گرانی دوو جەستەی ڕزیو!».

لەگـەڵ کپ بوونی دەنگی مـیکایل برۆ، تاریکی ڕژایە سـەر پەردەیەکە و بۆنەکە سەری کردەوە هەناوی خەڵکەکە؛ «بۆگەنی ئەو خارچکە سەگانییە هەناومانی پساند، وەی بۆگەنی تێکەڵی ڕوح و خوێنمان بوو!».

بڵندگۆکە جـارێکی دی دەنگی مـیکایل برۆی گـەیاندە بۆنکەران؛ «منیش وەک ئێوە بۆن دەکەم، وەلێ دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە هەر لایدەیەک، هەر ڕێبوارێکی غـەریبە لەگـەڵ خۆیدا بۆنێک دێنێت. ئەوەتا داپیـرە و باپیـرەش لەگـەڵ خۆیاندا بۆنێکی بەهەشـتیی نوێیان بۆ هێناوین.. بۆن بکەن.. هەر بۆن بکەن... با بۆن بە پێست و گۆشت و ئێسکتـاندا ڕۆبچێت. بۆن بکەن، وا تاریک داهات و بـۆنـی شـــــەو دێت...» بـۆنـکـەران چـەشـنـی تـۆپـەڵـە تارمـاییـەکی لێڵ، لێـرەو لەوێ بەدەم بۆنکردنەوە لەنێـو گوزەرەکاندا نوقم بوون.

پێنجـەمین ڕۆژی دەرکـەوتنی داپیـرە و باپیـرە، لەبەردەم خـێـوەتە گـەورەکـە وەسـتـام، وام هەسـت دەکـرد تـەنـیـا منم ئەڵهـای بینینی داپیرە و باپیرە حەجمینی لێ هەڵگرتووم و هاوکـات بۆنێکی قـێـزەون گـێـژ و حـولم دەکـات، کـەچی ئیدی هەر نیگابوو بەرەو بەرزایی قـەڵا هەڵدەکشا، لەوێ لەسـەر پەردەیەکی ڕووناک و بەرین لەگـەڵ داپیـرە و باپیرەدا یەکانگیر دەبوو؛ لەوێ هەریەکەیان بە تەنیشت ئەوی تردە لەسـەر نوێنێکی مـەخـمـەڵی وەک ئەوەی لە خەوێکی قوواڵدا بن، ڕاکشـابوون. جەسـتەیان لە گەردن بەرەو خوار بە قوماشێکی پەمەیی ئاوریشم ئاسا داپۆشرا بوو. تیشکێکی تریفە ئاسا دەکەوتە سەر ڕوخساریان و هەر جارە و بەڕەنگێ دەگۆڕا؛ سپی، سوور، قـەرسیلی. حەشیمەتی وڕوکاسی نێو بۆن و هێڵنجدان کەوتنە نێو ئەفسوونی ڕوخسارە هەمـە ڕەنگەکانی داپیـرە و باپیرە؛ «ئەوا داپیرە و باپیرە سەرکەوتن و لەو بەرزاییەوە نوێژ و نزامان بۆ دەکەن».

غـایلەی نێـو حـەشـیـمـەتەکـە وەک با هەڵیـدەکـرد و دەگەیشـتە نێـو خێـوەتە خارچک ئاساکە، لەولاوە بایەکە دەی گۆڕی و دەنگی میکایل برۆی بەسەر حەشیمەتەکەدا دەهێنا؛ «ئەو دوو فریشـتەیەی ها لەو بەرزییـەن، دالّغـەی ناو مـەژگـمـان دەخـوێنـنـەوە، هەر زەللەی زمـانێک، هەر نیـازێکی زڕی ناو کـەللەسـەری زرکـەتالّمـان، ئەو دوو فریشـتەیە دەڕەنجـێنێت، ئێ هەرکە ڕەنجان ئیتر وەک دوو پاسـاری سرک دەفڕن و لە دەسـتـمـان دەردەچن. ئاخر کـە ڕوحـیش نـەمـا ئەوسـا لە دوو جـەسـتـە، دوو تالۆرەی بەتالّمـان پتـر بۆ نامێنێتـەوە. لەوەولا دەبێ هەتا مـاوین دوو قـالۆرەی بەتالّ بدەینە چک شانمان و کوناو کون بیان گێڕین. وەی لە قورسی و گرانی دوو جەستەی ڕزیو!».

لەگـەڵ کپ بوونی دەنگی مـیکایل برۆ، تاریکی ڕژایە سـەر پەردەکە و بۆنەکە سەری کردەوە هەناوی خەڵکەکە؛ «بۆگەنی ئەو خارچکە سەگانییە هەناومانی پساند، وەی بۆگەنی تێکەڵی ڕوح و خوێنمان بوو!».

بڵندگۆکە جـارێکی دی دەنگی مـیکایل برۆی گـەیاندە بۆنکەران؛ «منیش وەک ئێوە بۆن دەکەم، وەلێ دڵی خۆم بەوە دەدەمەوە کە هەر لایدەیەک، هەر ڕێبوارێکی غـەریبە لەگـەڵ خۆیدا بۆنێک دێنێت. ئەوەتا داپیـرە و باپیـرەش لەگـەڵ خۆیاندا بۆنێکی بەهەشـتیی نوێیان بۆ هێناوین.. بۆن بکەن.. هەر بۆن بکەن... با بۆن بە پێست و گۆشت و ئێسکتـاندا ڕۆبچێت. بۆن بکەن، وا تاریک داهات و بـۆنـی شـــــەو دێت...» بـۆنـکـەران چـەشـنـی تـۆپـەڵـە تارمـاییـەکی لێڵ، لێـرەو لەوێ بەدەم بۆنکردنەوە لەنێـو گوزەرەکاندا نوقم بوون.

پێنجـەمین ڕۆژی دەرکـەوتنی داپیـرە و باپیـرە، لەبەردەم خـێـوەتە گـەورەکـە وەسـتـام، وام هەسـت دەکـرد تـەنـیـا منم ئەڵهـای بینینی داپیرە و باپیرە حەجمینی لێ هەڵگرتووم و هاوکـات بۆنێکی قـێـزەون گـێـژ و حـولم دەکـات، کـەچی

حەشیمەتێک وەک ئەوەی هەموو زیخ و چەوی خاسە بووبێتنە بەشەر، وەکو من بۆنیان دەکرد و لەسەر پەردەی سەر بەرزاییەکە نیگایان بە هێلکێکی خوار و خێچەوە ڕووا بوو. لە سەرەتای هێلکەوە نووسرابوو: دوحێلە و لە کۆتایی هێلکەکەش نووسرا بوو: ڕۆخی بەرانبەر خانەقا. لە دامێنی هێلکەکەشدا ئەمە نووسرا بوو: کارێزێکی کۆنەوە بووی چاخی نووزی.

ئەو ڕۆژە تا تاریکانێکی درەنگ نەداپیرە و باپیرە لە خەیاڵدا مابوون، نەخارچکە سەگانییەکە، نە کەسێک بۆنی دەکرد و نە میکایل برۆ وشەیەکی لە زار دەرچوو، تەنیا نیگای حەشاماتەکە بوو، بەو هێلکە خوار و خێچەی سەر پەردەکەوە ئاڵکابوو. هەرکەسە و لە حەناس خۆیەوە سەردەمێکی دەخوێندەوە؛ لافاوە ترسناکەکانی هەر خاکە لێوەیەک، ئەو ڕۆژەی خوامراد کەڵەوی و ژنە دووگیانەکەی لەنێو هەڵەتەکانی دوحێلە بزربوون، ئەو کۆنە کارێزەی شەوان ڕاوە کۆترە باریکەیان تێدا دەکرد.

بەیانی ڕۆژی شەشەم، هێشتا تاریک و ڕوون بە ئاستەم لێک ترازابوون، ئەڵهای دیداری داپیرەو باپیرە پەلکێشی کردم، کەچی دەبینم بەر لە من ئاپۆرایەکی بەشەر بە دەوری خێوەتە کوارگ ئاساکەدا خەرمانەی داوە. هەر لەو دەمەدا تیشکێکی تریفەیی کەوتە سەر پەردەکە و داپیرە دەرکەوت. ئەمێستا سەری گرتبووە قوتەوە و دەست و پێیەکانی بە عاستەم دەبزوان، کەچی باپیرەی چکۆلە جەستەی وێک هاتبۆوە و هەر ئەوەتا هەناسەی دەهات و دەچوو، هەناسەیەکی سەرە مەرگانە، سەدان چاو بە جارێک تروکان و یەک نیگایان دەکرد، نیگایەک داپیرەی لەنێو تیشکی نیوە کۆلکە زێڕینەیەکدا دەبینی، چوار مشقی دانیشتووە و بێ ئەوەی تنۆکە عەسرێک لە چاوانی دابارێن، بە کپی لاشەی سارد و سڕی باپیرەی دەلاواندەوە. سەدان گەروو بوونە یەک و یەک حەسرەتیان دەربڕی؛ «باپیرە جێی هێشتین.. وەی ڕێبواره ماندووەکە، نە تۆ چاوت هەڵێنا تا سەرگەردانیی ئێمە ببینیت، نە ئێمەش گوێمان لەسەربردەکەی تۆ بوو، وەی باپیرە وەی!!».

میکایل برۆ بە گەرووییەکی سۆزناکەوە، پشکۆی حەسرەتی پرسەدارانی گەشاندەوە؛ «نیوەی سەر بردەکەمان لە دەست چوو، ئەمێستا نیوەکەی تر لە سنگی داپیرەدایە و هاکا زمانی کرایەوە.» ئیدی هەرکەسە و بە ئەڵهای بیستنی نیوە سەربردەکەی دی ملی نایە تاریکی گوزەرەکانەوە.

* * *

هەر ئەو شەوە هەرچی ڕوح لەبەرە خەونی بینی؛ ژنێکی زەیستان خەونی بینی کە لەسەر هەردەی جەوەڵبۆر وەستاوە و تەماشای ئەو لافاوەی کردووە کە ملی ناوەتە شارەوە، ئیدی شار چون پاپۆرێک سەر ئاو دەکەوێت. پاپۆڕ لموزی لەباشوور و پاشەڵی لە باکوور. لەو دەمەدا وا هەست دەکات جەوەڵبۆر جوودییە و خۆشی نوح. لە حەژمەتان چاوەکانی دەنووقێنێت، وەلێ کە چاو دەکاتەوە، دەبینێت لافاو نیشتۆتەوە و تا حەناس گامێشەوانەکانی کردووەتە زەوییەکی کاکی بە کاکی. هەر ئەو شەوە میکایل برۆش خەون دەبینێت و بەدەم گریانەوە ڕادەپەڕێت، ئیدی نازانێت ئەو ڕوندکی حەسرەتەی بۆئەو نیوە سەربردەیە ڕشتووە،کە باپیرە لەگەڵ خۆیدا بردییە بن گڵەوە، یان لەو ترسەوە بووە، نەبادا داپیرەش زمانی نەکرێتەوە و بەدەردی باپیرە نیوە سەربردەکەی دیکە دەگەڵ خۆی ببات!!

* * *

لەگەڵ ڕژانی گزنگی حەوتەمین ڕۆژی دوای سەرهەڵدانی دوو کەفە سپییەکە بێ ئەوەی گوێ بۆ لێدانی دەرکە هەڵبخەم و بڵێم «ئەوە کێیە؟» لە دەرکەی واز کراوەوە دووی ئەڵهای دیدار کەوتم، دەمزانی سەدانی دیکە هەریەکە و وێردێکی لەسەر زارە، هەرکەسە و قەدەری خۆی لەو حەرفانەوە دەبینێت، کە لە زاری داپیرەوە هەڵدەوەرین، وام زەن دەکرد ئەوەی گوناهێکی کردووە لەگەڵ ئەو وشانەدا بە حەوت ئاو دەشۆرێنەوە، ئەوەی لەناوەختدا پیر بوو بوو، دەبێتەوە جحێڵەکەی جاران، ئەوەی بە بۆن کەوتبوو و جەستەی تڵۆتڵۆ بوو بوو، کاژفرێ دەدات و گۆشتە زیندوو دێنێتەوە. ئاوها هەزاران غایلە یەکانگیر بوون و بەدەوری خێوەتە خارچک ئاساکەدا خەرمانەیان دا. هەزاران پەرندەی نیاز لەنێو حەشاماتەکەوە هەڵفڕین و لەوێ لەسەر بەردەکە لەگەڵ داپیرەدا یەکانگیر بوون؛ «یەژی ئەم داپیرەیەم دیگە، ئەرێ خۆ ئەوە کوێستانە! ئەها ئەو کوێستانەی کە ڕۆژی حاویج بوونی کلاوڕەشەکان ئەو بزربوونەی بزربوو، ئیتر کەس نەیدیتەوە؟!»، «وەی کوێستان! هەموو نێرینەی شارت والحی خۆت کرد و لە خوامراد کەڵەوی زیاتر دڵت بەنێرینەیەکەوە نەنووسا!»، «کوێستانێک ئێستا سڕ و سوقانیشی نەماوە، ئیتر بۆ ئازاری ڕوحی دەدەن؟! بنیادەم مرد، شەیتان دەستی لێ دەشوات!».

ئەمێستا داپیرە لەنێو خەرمانەی تەمێکی سپی خۆی دەنواند، لەسەر پێ تەمەکەوە ڕوونا کییەکی کاڵ دەردەکەوت و نیوە کۆلکە زێڕینەیەک کە شتێکی دوای گەوالە بارانی بەهاری دەنواند. چاوەکانی داپیرە دوو گوڵە ئەستێرە بوون و لە شوێنێکی نادیاردا ورشە ورشیان

بوو. هەر لەو دەمەدا سێبەرێک چون بنیادەمێکی دەمامکدار بەسەر داپیرەدا خۆی لارکردەوە و چەند جارێک لێوەکانی بزواند؛ «داپیرە مەترسە. تۆ ئێستا لەسەردەمی ئێمەدایت؛ سەردەمی ئێمە کەسێک ناوی کلاوڕەشی نەبیستووە، ئەوانەشی دەیانزانی بیریان چووەوەوە، مەترسە داپیرە، مەترسە...!».

داپیرە بینێکی خواردەوە و زمانی پژا؛ «خوامراد، تۆ لە کوێیت؟ هەر خوا دەزانێت لە کەیەوە چاوەڕێت دەکەم، سومای چاوەکانم داهات ئەوەندە تەماشای ئەو تاریکی و ڕووناکییە بکەم، کە ڕژانە ناو ئەو کۆنە بیرەی کە تیایدا حەشارت دام. قوڕگم زیواڵ زیواڵ بوو هێندە چاوەڕێی ئەو قومە ئاوە بکەم کە تۆ بۆم بێنیت. خوا مرادەکەم.. من تەمەنێکم لەشەو بردەسەر، جگە لە ناوی خۆم و تۆ و خوامرادی بچووک ناوی کەسی دیکەم لەبیر نەماوە. هەندێ جار ناوی ئەمانەشم بیردەچنەوە. ئاخر چەندین شەو مەژگی خۆم گوشیوە، ئینجا زانیومە تۆ خوامرادی گەورەیت و منیش کوێستان، ئەو پیرو زورهانەی تەنیشتیشم خوامرادی بچووک. عەیامێکە کەسێک بانگی نەکردووم: کوێستان!! خوامرادی گەورە خۆ تۆ هێشتا ئەم پیر و کەنەفتەی تەک منت نەدیوە و ناویشی نازانیت، ئەم خوا مرادە بچووکەی کە لە پشتی تۆ و لە هەناوی من بەربۆوە!- ئێی هەموو تەمەنی لەتاریکی پیر کرد و ئێستاش زمانی نەکرایەوە- خوامرادی گەورە، ڕەنگە ئەو ڕۆژەتیش بیر نەمابێت کە پەلت گرتم و ڕاتفڕاندم؟ بەدەم ڕێوە خێراخێرا دەت گوت: پێ هەڵگرە کوێستان پێ هەڵگرە. خەمت نەبێ لە شوێنێکی وات تەقەت دەکەم، نەک کلاوڕەش تەنانەت شەیتانیش ڕێی پێ نابات. دەی پەلەکە، ئەو جوانییەی تۆ بەلای سەری هەردووکمانە! گوێی شەیتان کەڕ بێت، نا.. نایلێم، زمانی خۆم دەبڕم و نایلێم. ئاخر چۆن شتێ بەدەمدا بێت، کە مایەی کوێرایی چاوەکانمە!؟ ئاخر کوێستان ئەو کلاوڕەشانە، ئەو بەدمەزەبانە هەر بۆ خەساندنی من، بۆ زەلیلی نێرایەتی من.. نا، نایلێم و زمانی خۆم دەبڕم.

خوامرادی گەورە، ئێستاو ئەوساش هەر نەت وت. ئێ خۆ من دەمزانی ئەوەی ناتەوێ بیلێیت چییە! دەمزانی ئاگرێکت تێبەربووە و ئاگرەکەش من بووم و دەم سووتاندیت، بۆیە بووبوویتە ئەو گەردەلوولە و لەگەڵ خۆتدا هەڵت دەپێچام. دەت وت: دەتبەم لەنێو کارێزە کوێرەوەبووەکەی نێو هەڵەتەکانی دوحێلە تەقەتت دەکەم و خۆم دەگەڕێمەوە. زۆرم تینووە کوێستان، بەخوێنی کلاوڕەشی ئەم دنیایە ئایم ناشکێت. خەمت نەبێ هەموو شەوێ کە تاریک داهات سەرت لێدەدەم و برسی و تینووت ناکەم. پێت دەوتم: کوێستانەکەم، دەزانم لەسەر مانگ و ڕۆژی خۆتیت. دەبا ئەوەی لە پشتی من و هەناوی تۆ بەردەبێتەوە، لە تاریکی ئەو کارێزەدا لەسەڵای گریانی ناقایلی بدات. لەوێ دەنگی گریانی کەس ناگاتە کلاوڕەش. کارێزەکە بە ئەمەکە و هەر کەسێ پەنای بۆ ببات، دەنگەکەی هەڵدەمژێت. ئێستا هەزاران دەنگ، دەنگی ئەوانەی لە دۆزەخی جەنگە نەبڕاوەکانەوە هەڵاتن، دەنگی ئەو کیژە عاشقانەی کە بەزەبری خەنجەر پرچی سپییان بەدیار پیرەمێردێکی چلێسەوە سپی کرد، ئا... ئێستاش لەو تاریکییەدا دەزرینگێنەوە. کوێستانەکەم.. کارێزە کوێرەوەبووەکە ڕازی هەزاران عاشقی بێدادلێدەی پاراستووە، هەزاران جوانی وەکو تۆ بەدەم بەرەژانەوە ڕوویان تێکردووە، لەوێ وەک ئەوەی مووێک لە ماست دەربێنیت کۆرپەکەیان لێ بووەتەوە. دەی پێ هەڵگرە، تۆ لەوێ بە تەنیا نیت، لەنێو هەزاران دەنگدایت، فریشتەی خودا خۆیبانە دەورت دەدەن و ئازارت سووک دەکەن، دەی پێ هەڵگرە.

هێی خوامرادی گەورە... وا جارێکی تر هەوای سەر زەمینم بەر دەکەوێت و تۆ دیارنیت.. ئێستاش نازانم چ دەستپێک من و خوامرادی بچووکی لە تاریکی بن زەوی هێنایە سەر زەوی. نازانم لافاو بوو، یان دەنگەکانی نێو کارێزەکە!. ڕەنگە بیرت چووبێت ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی، کە شۆڕت کردمەوە ناو کۆنە بیرەکە و گوتت: کارێزەکە لەم کۆنە بیرەوە دەست پێدەکات، هەر بەم بن گەوەڕەدا بڕۆ تا دەگەیتە تاریکی. لەوێ دانیشە و خەمت نەبێ، هەر ئەمشەو دەگەمەوە لات، هەر ئەو ڕۆیشتنە بوو و نەگەڕایتەوە. دەزانیت هەر لەدوای تۆ ڕەوە کۆترە شینکەیەک بەفڕەفڕ هاتن و لە نزیک منەوە هەڵنیشتن و دەستیان بە گەمەگم کرد. هەر لەو دەمەدا هەزاران دەنگی هەمە جۆرم دەبیست، کە تێکەڵی گەمەی کۆترەکان دەبوون و ئاوەدانییەکیان دروست دەکرد. بەردەوام چاوم بڕیبووە ئەو شوێنەی کە شۆڕت کردمەوە، هەر لەوێوە دوو جار تاریکی و جارێک ڕووناکی ڕژانە نێو کۆنە بیرەکە و، ئەوسا زانیم ئەوا شەوی دووەمیش داهات و تۆ هەر نەهاتیت! لەناکاو ژانێکی تیژ سەری کردە هەناوم و زمانم لە گۆ کەوت. لەو دەمەدا گوێم لەسەدان دەنگ بوو، دەنگەکان تا دەهات لێم نزیک دەبوونەوە و بەگوێم ئاشنا دەبوون، هەستم دەکرد خاوەنی دەنگەکان دەوریان داوم و دۆستانە یەکێ سەرمی لە ئامێزگرتبوو، یەکێ عارەقەی تەوێلێمی دەسڕییەوە، یەکێ بە میهرەبانییەوە دەستی بە زگمدا دەهێنا. هەستم کرد سەراپای جەستەم نیشتووەتە سەر عارەق و لینجییەکیش لەنێوان ڕانەکانم هەڵدەپلکا.

کــه دەســتم درێژ کــرد، مــەلۆتکەیەکی نێــرینه بەدەستمەوەهات، بەبێ ئاگا بانگیم کرد: وەرە خوامرادی بچووک، وەرە ئامێزم. ئیتر لەوەولا نەمزانی ئەوانەی وا بە دەورمەوە بوون، کەی هاتن و کەی ڕۆیشتن. ئیدی من دوو خوامرادم هەبوون؛ خوامرادی گەورە لە ڕووناکی و خــوامــرادی بچــووک لە تاریکی (هێی خــوامــرادی بچـــــووک... لە تاریکی چاوت هەڵێناو هەر لە تاریکیشدا لە پڕ پیر و کەنەفت بوویت).

خوامرادی گەورە، هەر دوای ئەوەی خوامرادی بچووک لە کۆشم بەربۆوە، تینوێتی بوو بە ئاگرێک و لە هەناوم بەربوو، بۆیە ڕووم کردە کۆترە شینکەکان و پێم وتن: ئامانەتی ئێوە و خوامرادی بچووک. تینوێتی ئاگری تێبەردام. وەک خشۆکێک بە دامێنی خوێناوییەوە خۆم بکێش کرد و ملم نایە تاریکی دەهنەی کارێزەوە. لەپڕ ڕۆشنایی کلاو ڕۆژنەیەک دایچلەکاندم. لەو دەمەدا لەو کلاوڕۆژنەیەوە تۆم دەبینی، سەرت هێنابووە ژوورەوە و پێت دەوتم: کوێستان، ئاگات لەوە نییە ئێستا ڕۆژە، ئاخر هەر ئەوەندەت خۆشە کلاوڕەش سۆسەیەکت بکەن، ئەو دەمە.. ئاخ کوێستان! هەر ئەوساتە منیش وتم: خــوامــراد ئەوە من نیم پەیمانم لەگــەڵ تۆ و تاریکیــدا شکاندووە، ئەوە ئاگــرەکــەی هەناوم و تینوێتــیــیــە پەیمانەکەیان شکاند. ئیتر کلاو ڕۆژنە بوو بە شەیتان و چووە بن کلێشەمەوە: دەی ئەوەتا کارێز و ئاوەڕۆی شار هەر هەنگاوێک لەولاتەوە یەکانگیر دەبن، دەی ئەوە ئاوە و بینی پێوە بنێ. بینم پێوەنا و ئاگرەکەم کوژاندەوە.

خوامرادی گەورە.. لەو ساوە تا ئێستا من گوناە لە خۆم باردەکەم، گوناهێک بە هەموو دنیا هەڵناگیرێت. ئاخر من پەیمانم لەگەڵ تۆ و تاریکی شکاند. قورسایی گــوناە کــردمی بەجــرجــە کــوێرەیەک و بە وردە نان و پاشماوەی خۆراکی نێو ئاوەڕۆ جەستەی خۆم خافڵاند و تەڕاییەکیشم لە مەمکە چەقەکانم بەخوامرادی بچووک بەخشی. نازانم، خوامرادی گەورە ئێستا من لە کوێم!؟ ئەی تۆ لە کوێیت!؟».

ئەمێستا داپیرە سەری بەسەر سنگیدا لار بووبووەوە، ڕووناکییەکی کز ڕەنگی پەڕیوی پیشان دەدا. یەکێ لە تەنیشتمەوە پرسی: ئەرێ ئەوە کێ بوو قسەی دەکرد؟

وتم: کــوێســتــان.. ئەها ژنە جــوانەکــەی خــوامــراد کەڵەوی... ئەنفالەکەت بیر نەماوە!؟

شوبات و ئاداری (٢٠٠٥)

ئیفلیج

محەمەد ڕەنجاو
(سلێمانی)

به ناسۆرێکی قوواڵەوە قاچێکی مێزەکەی گرت و خۆی ڕاست کردەوە، وەک کوللەیەک کە باڵەکانی لە دەست دابێ، بە گێرەڕە گێڕ و خۆهەڵدان، خۆی گەیاندە دیوارەکە و دەم و چاو و قژە پەرشوبڵاو و ئاڵۆزەکەی نووساندە دیوارەکە، ئەو هەموو تەمەنی نووساندبووە بۆیە پەمەییەکەی سەر گەچی دیوارەکە.

چەند هەنسکێک هەڵبەزو دابەزی بە ملەکەی کرد و وەک هێستریای بەردەوامی ڕۆژانەی توند توند سەری بە دیوارە چیمەنتۆکە دەکێشا:

– ئاخ ژیان تاکەی وەک بەردەکەی سیزیف، وەک چارەنووسی سیزیف، شەڵاڵ بووی خوێن و عەرەقم دەکەی... تاکەی ئازارم دەدەی، تاکەی گیرۆدەی خۆتم دەکەی، گیرۆدەم دەکەی و نە ئەوەیە وەک کۆرپەیەکی نیان بەخۆتم بگری، نە ڕێگەش دەدەی مەرگ بەو دەستە نەوازشانەی خۆیەوە بمالوێنێتەوە.

ئاخر خۆ من سیزیف نیم، بوونەوەرێکم وەک کرمێکی هەڵتۆقیو لە زەوی و حەوشەی دوای بارانەکان، وەک کوللەیەک، وەک هەر شتیکی بێ بایەخ کە سروشت دەیهارێ. ئاخر من بیست و دوو ساڵە مردووم.. نا..نا من بیست و دوو ساڵە دەژیم. گۆڕستانی ئەو ژوورە کپە نەبڕایەوە..! نا.. گۆڕستانەکان گەلێک جوانترن لەم ژوورە..

ئەی نالێن گۆڕستان لەسەر پێدەشتێکی بەرزە و هەر چوار دەوریشی مەزرا و نەمامی سەوزن، ئەی نالێن لەسەر گۆڕەکانیش وەنەوشە سەوز دەبێ و، کێلە قەبرەکانیش لەگەڵ کازیوەی بەیاندا چاوبڕکێ لەگەڵ تیشکی خۆرا دەکەن و سەرەتای بەهارانیش قەوزەیەکی شین کە هەر لە مەخمەر دەچێ، بن کێلانەکان و ڕۆخەکانیان دادەپۆشێ.

قاچەکانی لە پەلوپۆ کەوتن و مەچەکی دەستەکانی سڕ ببوون، سەری لە گێژەوە هات و کەوتەوە سەر کورسییەکە و ئینجانەی گوڵە نایلۆنەکانی بەسەردا کەوت. کە چاوی هەڵبڕی، هەموو جەستە کەنەفت و شین هەڵگەڕاوەکەی لە ئاوێنە گەورەکەی بەردەمیدا دەرکەوت، یەکسەر گۆڕستانەکەی کەوتەوە یاد، ئەو گۆڕستانەی کە ئامە بەردەوام بۆی باس دەکرد و نەزیرەش خەونی پێوە دەبینی، بەڵام گۆڕستانەکەی ئەو، لە فەزای کراوە و نەشئەی بەختەوەری و شەبەقی جوانیدا، نەدەگەیشتە گۆڕستانە مەزنەکە، بۆیە ئەو وەک خۆ لەبیرکردن، وەک خۆ هەڵخەڵەتاندن، سەر کورسی و مێزەکەی ژوورەکەی بە پێدەشتەکە چواند و، ئینجانەی گوڵە نایلۆنەکانیشی بە وەنەوشەی سەر گۆڕەکان و ئاوێنەکەشی کە هەمیشە ڕەنگدانەوەی جەستە تێکشکاوەکەی ئەو بوو، بەتیشکی خۆر. بۆیە هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و بە ئاوازێکی پڕ لە ناسۆر و غەمگینەوە وتی:

– ئای چەندم خۆش دەوێی گۆڕستانە پیرۆزەکە
ئای چەندم ڕق لێتە گۆڕستانە کپەکەی
ژووری بۆگەنەکەم

* * *

وەک پلنگێکی کەلاکەوتووی زامدار سەری خستە سەر باڵیفەکەی، خەوی نەهات، ویستی لە ناو قوڵپی گریانێکی سەختا پێبکەنێ، بەڵام نەیتوانی، چونکە ئەو وەک زەلیلێکی پەککەوتە خۆی دەهاتە بەرچاوان و هەستی بەوە دەکرد، هەموو زەمین، خوا و چارەنووس، بەو پێدەکەنێ، ئەو بۆتە تۆپەڵەیەک ئازار و هەر جارەی بۆ لایەک غلۆر دەبێتەوە.

بۆیە وەک بوونی خۆی و توانای خۆی تاقی بکاتەوە شێتانە هاواری لە کارەکەرەکەیان کرد..

– ئامە، ئاو... ئامە، میوە و چای و کاسێتەکان... ئامە ئاڵۆشی حەزە پیرۆزەکان.

ئامە بە شپرزەییەکەوە خۆی کرد بە ژوورا، نەزیرە تێی ڕامـا، ڕقی لە کـەمـەر و باڵا سـرکـەکـەی بۆوە، ڕقی لە ڕۆیشتنەکەی بۆوە، چاوەکانی وەک پشیلە مێینەیەک تێبڕی و، وەک شێت دایە قاقای پێکەنین:

– ڕاستە پەککەوتەم و ناتوانم بستە ڕێیەک هەنگاو بنێم، ڕاستە دەستەمۆی قەدەر و زەلیلی ئەو ژووره چارەگرانەم، بەڵام لە توانامدا هەیە مرۆڤی بەتوانا و شۆخ بێنمە ژێر بار، ئێستا من سەروەری مرۆڤە ساغ و دلاراکانم.. برۆ مەوەستە، لەپێشا میوەکە بێنە.

وەک سەرەڕۆیەکی زامدار، گازێکی توندی لە سێوەکە گرت و بە پەلەش لەسەر سینییەکەی دانایەوە، بە قوولی لە سێوەکان ورد بۆوە، بیری لەو ڕەوە کێژ و کوڕانە کردەوە کە ئەم سێوانەیان چنیوە:

– ئەوانە ئازادن، ئەمانە وەک گڤەی با بە دۆڵ و نساری باغی سێواندا شۆڕبوونەتەوە، وەک شەپۆل بەناو سێوستانەکاندا خزیون، دەشێ کوڕەکان ئازاری کچەکانیان دابێ، بە گازگرتن ختووکەی لێو و مل و مەمکە قنجەکانیان دابێ، چەند خۆشە ئەم جۆرە ئازارەی لەو ختووکانەوە دێن، دەشێ چاو شارکێشیان لە پەناو پەسیوی باغەکەدا کردبێ، ئەشێ ئاونگی بەیانیانیان لەسەر گەلای دارسێوەکان هەڵمژیبێ، ئەشێ ورده ماچ، گەردنی بە عەرەق شەڵاڵ بووی کچەکانی سڕیبێتەوە، ئەشێ باڵندەکانیش نرکە و نووزەی گەمەکانی چاو شارکێیان تۆمار کردبێ، ئەشێ.. ئەشێ.. هەموو شتێ ئەشێ، بەڵام ئەوەی ناشێ تەنیا بەردەوامبوونە لەژیان لەناو ئەم دۆزەخی ژووره‌دا.

تفێکی تونڈی کردە ژووره‌کە و دیسانەوە وەک کۆست کەوتوویەک، بە دیواری ژووره‌کەدا هەڵزنایەوە، هەنسکی قوولی بە گوێی ژووره‌کەدا، دەچڕپاند، دەکەوت و ڕاست دەبۆوە، دیسانەوە دەکەوتەوە.

چاوێکی بە ژووره‌کەدا دەگێڕایەوە..

ئینجانەیەک و دوو کورسی و مێزێک، سێتێک نوێنی ڕازاوە، ئاوێنەیەکی گەورە و ڕێکۆردێک و تەلەڤزیۆن و ڤیدیۆیەک، ئامێرێکی تەلەفۆن و کتێبخانەیەکی پڕ لە کتێب کە تەنیا شیعر و چیرۆک و شانۆ و ڕۆمانی بەخۆوە گرتبوو.

* * *

قێزی لە هەموو شتەکانی دەبۆوە، بە ڕقەوە تەماشای گلۆپەکانی دەکرد.

لە پڕ کەوتە ماچکردنی دار و دیواری ژووره‌کەی:

– تەنیا کەرەسەکانی ئەم ژووره دۆستی ڕاستەقینەی منن، من ئاشنای کـپـیـی ئەو ژووره‌م، ئەم جـیـهـانە بچکۆلانەیەی من کە درێژییەکی سێ مەتر و پانی دوو مەترە، ئولفەت و ژیان و هاوەڵی ڕۆژانی تەمەنی با بردوومە، من چ پێوەندییەکم بە ژیانی دەرەوە هەیە، مرۆڤ زۆر جار ئازار و قەفەسی ژووره تەنگەکان بە سەریدا دەسەپێن، بەڵام ناچارە قبوولیان بکا.

خودی ژیان و بوون زادەی ناچارییەکی گەورەن، ناچاری، ناچاری لە بوونی منداً، سەرەتاتکێ لەگەڵ مەرگ و ژیانمدا دەکا. لە وەتەی هەم ژوورێکی پڕ لە هاشوهووشی منداڵێتی و ژوورێکی بچووکتری سەردەمی هەرزەیی و، ئەم ژووره لە چارەی بوونی منداً سەریان هەڵداوە، بوونی مرۆڤێکی گێڕ و شەپلەلێدراو، چیتری پێ ڕەوا دەبینرێ جگە لەم ژووره...!

خۆ چارەنووسی پڕ لە بەختەوەری کچە قەرەج و گەڕۆک و تیاترۆکانی نیوەشەو و یاخی و شەلاتییەکانی سەرجادە، بە هەموو کەس ڕەوا نابینرێ..!

ئەفسووس بۆ ژیانی پڕ لە کەیف و سەفای ئەو قەرەج و دۆمانەی، هەر ڕۆژەی لە پەنا بەرد و نساریکا ڕەشمالەکانیان دەخەن، ئاخ بۆ ئەو کچە مەردانەی هەر ڕۆژە لە پەنا و پەسیوێکدا خۆ وەبن کوڕان دەدەن..

خۆزگەم بەو سەگە وێڵ و بەرەڵایانە کە شەوانە ئازادانە پەلاماری قاچ و قولی ڕێبواران دەدەن و سەر بە تەنەکەی زبڵی مالاندا دەکەن بۆ قرتاندنی پارچە ئێسکێک، خۆزگەم بە هەموو شتێ تەنها بەو ژووره نەبێ کە هەر لە دارەمەیتێکی ڕازاوە دەچێ.

دیسانەوە تفێکی خەستی لە ئاوێنەکەی بەردەمی کرد و وەک شێرێکی بە داو کەوتوو نەڕاندی..

ئامە وەرە ئەو تەلەفۆنەم بدەیە.. مەچەکی

تەلەفۆنەکەی گرت، ویستی بەهۆی ئەو ئامێرە بێ گیانەوە پێوەندی خۆی بە جیهانی دەرەوە ببەستێتەوە، بەڵام کوان هاوڕێ و دۆست و ئاشناکانی!

تەنیا چەند کەسانێکی کەم لەو خزم و ناسیاوانەی دەوروبەر و خاوەن یەک دوو کتێبخانەی شار، کە ئەوانیشی تەنیا لە ڕێی پێوەندی تەلەفۆنەوە دەناسی. هەر چۆنێ بوو، ویستی بۆ چەند چرکەیەک خۆی لە واقیعی ژووڕە کپەکەی ڕزگار کات، چەند ژمارەیەکی بادا و خاوەنی کتێبخانەکە وەڵامی دایەوە نەیزانی چی بڵێ، قسەیەکی نەبوو بۆ وتن، بۆ ئەوەی ببێتە کلیلی باسێک، ناچار بە داواکردن و پرسین لە کتێبێکی تازە، کلیلی باسێکی دەستەبەر کرد، بەڵام ئەمەش کاتێکی هێندەی نەدەویست و کەوتەوە ناو گۆمی ژووڕە مەنگەکەی؛ دیسانەوە چاوەکانی لێک نا، بانگی ئامەی کردەوە، هەڵسایەوە، دانیشتەوە، گریا و پێکەنی.

* * *

لە دەرەوە سەدا و هەرا و هۆریای منداڵە لاسار و چەقاوە سووەکانی گەڕەکی بیست، دەتوت دەنگ و نووزەی ئەو ئاسکە کێوییانەن کە لە چێشتەنگاوی بەهارێکا بە بناری چیایەکی دوورە دەستا بە دوای یەکتریدا ڕادەکەن و خۆیان لە قەرسیلان دەگەوزێنن، زەڕە زەڕی کەرە بۆزی نەوت فرۆشەکەشی بیست کە لەگەڵ قووقەی کەڵەشێرەکەی سەربانەکەیان تێکەڵ دەبوو..

خۆی نووساندەوە بە دیوارەکەدا و بە خشکە و گینگڵدان تا بەردەرکی پەنجەرەکە خۆی خزاند و ڕوانیە دەرەوە، تیشکی خۆر وەک پەردەی سووری بووکێنی ڕوخساری دەرەوەی داپۆشیبوو، شەمااڵێکی هێمنیش یاری بە گەڵاو لق و درزی دامێنی تەندوورەی کچان دەکرد، شوڕەبییەکانی (کانیە شێخە)ش بەدەم شەکانەوە و هەناسەی باوە، سمت و ڕان و عەورەتی ئەو ژنانەی وەدەردەخست کە بۆ دەستنوێژ گرتن خۆیان لەناودا حەشاردابوو. ڕووبارە بچکۆلانەکەی داوێنی گردی (حوسنیش)، خوێنی بەهاری تێزابوو، گەورەتر خۆی دەنواند، کەف و کوڵی قەڵبەزەکانی، سیمفۆنیای حەوتەمی بیر دەخستەوە، کە ئەو ئێواران گوێی لێ دەگرت، لەو بەریشەوە لە دامێنی گۆڕستانی (سەیدە غەریبە)وە نەسرینی بینی چاوبڕکێ لەگەڵ کورێکی کاکۆڵ درێژی باریکەڵەدا دەکا و جار جارەش هێمایەک بۆ یەکتری دەکەن.تاوێ لەو دەوروبەرە ڕاما کە هەر وەک سیحر دەهاتنە بەرچاوی، بۆیە لە پڕ تفێکی کردە هەتاو و سامااڵ و هەموو ئەو شتە جوانانەی دیتبوونی ماخۆلیای حەزێکی شێتانە لەسەری دا. ئەم جیهانە تایبەتیەی ئەو، هیچ پێوەندییەکی بە جیهانی دەرەوە نەبوو، ئەم لە دنیایەکدا دەژیا و هەموو زەمین و مرۆڤایەتیش لە دنیایەکی تردا دەخولانەوە.

دیسانەوە پەنای بردەوە بەر کتێبخانەکەی، خۆی بە پاڵەوانی هەموو چیرۆکەکان دەزانی، بەڵام ئەوەی زۆر لە ژیان و چارەنووسەکەی ئەوەوە نزیک بوو چیرۆکەکەی فرانتس کافکا بوو. (شێواندن)ی دەیان جار خوێندبووەوە، ئەمجارەش هەڵی گرتەوە و توند لە ئامێزی گرت، پاڵەوانی شێواندن وەک ئەو کەلاکەوتووی ژووڕەکەیە، ئەویش وەک کوللەیەک دەڕوانێتە خۆی، بەڵام ئەم بیرکردنەوانە نەزیرەیان تووشی هێستریایەکی تر کرد و لە پڕ کتێبەکەی فرێدا و وتی... نا من شێرە کوللەم.

– نا ئەوەتا ئەو توانی لە مرۆڤ بشۆڕێ و ببێتە کوللەیەک، بەڵام من لەم ژووڕەدا کوللەیەکیش نیم، من بوونم بەستراوەتەوە بە نەبوونمەوە، ئەو پاڵەوانێکە دەتوانێ خۆی بکوژێ، خۆی لە سەربانێک بەربداتەوە و هەپروون بە هەپروونیش ببێت، من توانای ئەوەشم نییە، من ناتوانم بگەمە سەربانی کۆشکەکەی خۆمان، پەنجەرەی ژووڕەکەش ئاسنڕێژ و تەڵڕێژ کراوە.

– ئاخ تاکەی لە ناو ئەو قەفەزەدا دەمێنمەوە، ئاخ بۆ دوو قاچ و لەشێکی ساغ، تا بمکاتە خاوەنی مەرگی خۆم، ئەمەی وت و دوو جار سەری خۆی بە دیوارەکەدا کێشا و نااڵەیەکی سەیر لە سینگە خرپنەکەی هەڵسا، هەستی کرد هێڵنجی دێت، چاوەکانی تارماییەکی خەستیان بەسەرا کشابوو، هەموو لەشی وەکو کوورە دایسا، ئاڵۆشەکان گینگڵ و تەپڵی تەپانێیان پێدەدا، حەزیشی نەدەکرد کەس بەو خووە تایبەتییانە بزانێ، دەیەویست ببێتە خاوەنی خۆی، ئەوەی ئەوی بە جیهانی دەرەوە دەبەستەوە تەنیا ئامە و ئامێری تەلەفۆنەکە بوو، ڕۆژی دەیان جاریش تفی دەکردە تەلەفۆنەکە و نەفرەتیشی بۆ ئامە دەنارد.

* * *

پەرداخێک شەربەت و شیرێکی خەستی فڕ کرد. لەسەر نوێنە ڕازاوەکەی ڕاکشا، ئاڵۆشی حەزێک مووچرکەیەکی بەلەزەتی بە دەمارە هەستەوەرەکانیدا هێنا، ئەو کاسێتەی خستە ناو ڤیدیۆکەوە کە ئامە بەشەرمەوە بۆی خواستبوو، بیرێکی قووڵی لە ڕۆژانی ڕابردوو کردەوە ئەو ساتانەی مامۆستا کاکۆڵ درێژەکە لەمااڵەوە و لە ژووڕەکەی تەنیشتیدا وانەکانی پۆلی پێنجەمی سەرەتایی فێر دەکرد، ئەو باڵاو مەچەکانەی هاتنەوە یاد کە سەعاتە زیوینەکەی بەو مووە ڕەشانە دادەپۆشی، پرچە خاوەکەی نەزیرە ئێستاش بۆنی هەناسەکانی مامۆستا شەریفی

بەرنەدابوو.

نەزیرە توند بالیفەکەی خستە کۆشیەوە و ڕانە لەرزۆکەکانی بە ماندووبوونێکی زۆرەوە جووت کرد، لێوەکانی دەلەرزین، دەستی دەلەرزی، نەرمایی گوێکانی دەلەرزین، بە هەناسە بڕکێیەکی زۆرەوە دووجار خۆی هێناو برد، وەک نەهەنگێکی زامدار کەوتە ڕۆخی بالیفەکەی، لە پڕ تفێکی کردە ناو گەڵی و بە قێزەوە ڕوانیبە ڕووداوە بەتام و لەزەتەکانی گوناهەکە و، بانگی ئامەی کرد، دەرپێ و ستیانێکی تری بۆ بێنێ.

ئەو ڕقی لە هەموو حەزێک دەبۆوە، بەڵام برسێتی گەدە و ئاڵۆشی حەزە پیرۆزەکان، ملکەچی ڕووداوەکانیان دەکرد. زۆرجار حەزی دەکرد لە مووچڕکەیەکدا بتوێتەوە، هەمیشە گۆڤارەکانی سێکس و فیلمە ئاڵۆش هێنەکانی لە هەناویا گرێدەدا، سەری هەموو تەنگوچەڵەمەکانی بە خەونی ڕاوە جرج و ئاڵۆشی ساتە پیرۆزەکان دەبەستەوە، لەدوای موچڕکەکانیش خەمێکی قورستر لەشی دادەڕماند، هەستی بە گێژبوون و هێلنجدان دەکرد، لە دواییشدا بۆ تاوێ سەرخەوێکی پڕ لە ئازار و کەنەفتی دەشکاند.

کە ئامە هاتە ژوورەوە، وەک نەهەنگێکی پێکراوی ڕۆخی دەریایەک، کە لە تەنیشت بالیفەکەی پاڵ کەوتبوو لەشە قورسەکەی چۆکیان پێدادابوو، کاتێ نەزیرە لینگە پەککەوتووەکانی جوولاند، ئامە هەستی پێکرد و لە مەبەستەکەی گەیشت و بە هێمنی و ترسێکەوە فوستانە تەنکەکەی هەڵدایەوە و دەرپێ لینجەکەی لەبەر دامالّی و بەکلینکسیش سەرووی ڕانەکانی وشک کردەوە و دەرپێیەکی تری لە پێ کرد.

تا ئێوارە خەوت، وەک ئەوەی لە نوستنا خۆی بۆ نوستنێکی ئەبەدی ئامادە بکا، هێمن و بێ خورپە ڕاکشا.

لەگەڵ زەنگی تەلەفۆنەکە ڕابوو..

ئامە ئامێری تەلەفۆنەکەی دایە، خاوەنی کتێبخانەکە بوو.

– کتێبێکی تازەی شیعر هاتووە، هی شاعیری ڕووسی (یەسەنین)ە

– دەبوو هەر ئەوساتە پێی بگا، درامای مەرگ و ژیانی یەسەنینی لە زۆر نووسیندا خوێندبۆوە، دەبوو هەر ئەو ساتە پێی بگا، بۆیە هێندەی نەبرد، کتێبەکە لەزەرفێکی قاوەییدا گەیشتە ئەو... لەسەر گازەرەی پشت ڕاکشا، دوا سیمفۆنیای گوێ کەڕەکانی بیتهۆڤنی خستە ناو ڕێکوردەکەوە، کۆمەڵە شیعرێکی سەرشێتانەی یەسەنینی خوێندەوە، هەمووی یاخیبوون و پەشیمان بوونەوە و ناڕازی بوون بوو، گەوردیی مەرۆڤ و سەرلێشێوان شەلاتی..

وشەی شەلاتی چەندان شیعری یەسەنینی سیخناخ کردبوو، ئەو شیعرەشی خوێندەوە کە یەسەنین پێش خۆ کوشتنەکەی بەخوێنی مەچەکی خۆی نووسیبووی:

– مردن شتێکی نوێ نییە لە ژیانا

بەڵام ژیانیش لەو نوێتر نییە–

لە پڕ کتێبەکەی فڕێ دا و تفێکی لە گڵۆپە کزەکە کرد کە تا ئەو ساتە لەبەر ڕووناکی دەرەوە ڕەنگی ڕاستەقینەی خۆی وەرنەگرتبوو.

چۆوە بەر پەنجەرەکە، خۆر کەمێ داکشابوو لە باوەشی چیاکە سەرەتاتکێی مالّئاوایی بوو، بالّندەکان هەریەکە و لەتە نانێ، کرمێکی بچووکیان بە دەنووکەکانیان، هەڵگرتبوو بەرەو هێلانەکانیان دەگەڕانەوە، لە کۆڵانەکانەوە ئەو حەمالانەی بەدی دەکرد کە کۆپانەکانیان بەلایەکی شانیانا دادابوو بەدەستەکەی تر پاشماوەی میوەی بەقالّەکانیان بۆ منداڵەکانیان دەبردەوە. ئەو پیرەژنانەشی بینی کە دوای کاری مالّە خواپێداوەکان بەدەموچاوی ئازار لێنیشتووەوە هەریەکەی سینیەکی قەبەیان خستبووە سەریان بەرەو مالّەکانیان غلۆر دەبوونەوە. نەزیرە هەموو ئەوانەی بینی.. ئەو مەرگ زلانەشی بینی کە لە ئوتۆمبێلە کەشخەکانیانەوە دەردەپەڕینە دەرێ و بە کەشو فشێکەوە دەرگای ئوتۆمبێلەکانیان لێدەکردەوە، ئەم ژیانە جەنجاڵ و سەمەرەیە هیچ پێوەندییەکی بەمەوە نەبوو، ئەو لەسەرووی واقیع و کێشەکانەوە بوو، ئەو جیهانێک بوو تایبەت بەخۆی، ئەو و مرۆڤ، ئەو و کۆمەڵ، هیچ شتێ بە یەکەوە کۆی نەدەکردنەوە.

نەزیرە تاشە بەردێکی غلۆربووەوە بوو لە قووڵایی خەرەندێکا گیرسابۆوە، گێژاوی زەمانە، ڕەشەبا و تۆفان یارییان بە چارەنووسی دەکرد.

لەپڕ بانگی ئامەی کرد.

ئەمشەو دەمەوێ لە سەربانەکە بنووم، چاو ببڕمە ئەستێرەکان، بگەمە قووڵایی ئاسمانەکان...

ئامە ئەم هەوالّەی گەیاندە دایکی نەزیرە، دوای گێرمە و کێشەیەکی زۆر، ڕاکەی بەسەرا سەپاندن. بە کۆڵی ئامە، بە پلیکانەکاندا سەرکەوت لە قەراغی ڕۆخی سەربانە کۆنکرێتەکە لە نزیک بالّکۆنەکە قەرەوێلّەکەیان دانا.

لەسەر جێگاکەی ڕاکشا، تازە خۆر مالّئاوایی لەدوا لووتکەی چیای (ئاسۆس) کردبوو، سوورێکی پەمەیی کاڵ لەو دیو چیاکەوە ئاسمانی شینی داپۆشیبوو، بۆ

ماوەیەک وەنەوز بردیەوە، کە چاوەکانی کردەوە ئاسمان باوەشێک ئەستێرەی بەخۆوە گرتبوو، شنەبایەکی فێنکیش، یاری بە پرچە خاوەکەی دەکرد، پرچەکانی هێندەی تر ئالۆز ببوون، نەزیرە ورتەی لە خۆی بڕیبوو، وەک چاوەڕوانی قەدەرێکی مەترسیدار بکا، چاوەکانی بڕیبووە ئەستێرەکان، جار جارەش سەری شۆڕ دەکردەوە و دەیڕوانیە لاکۆڵانەکەی خوارەوە، وەک گۆڕی خۆی لەو کۆڵانەدا دیاری بکات. سەرێکی بەسەر بالکۆنەکەدا شۆڕ کردەوە و تفێکی هەڵدایە قوواڵیی کۆڵانەکە، ماوەیەکی پێچوو تا لەبەر ڕووناکی گڵۆپەکە و لەولای عەمودی کارەباکە کەوتە خوار، چاوەکانی ڕەشکەوپێشکەیان دەکرد، بە قوواڵی دەیڕوانیە تروسکایی گڵۆپەکان، گڵۆپە زۆر دوورەکان، هۆڕنی ئوتۆمبێلەکانی سەر جادە، حەزی فڕینێکیان لە نەزیرەدا دەڕسکاند.

بە هەموو شاردا دەیڕوانی وەک مانگاوایی لە شارێک بکا، بۆ یەکەمین جار و دواجارە بەو شێوەیە دەیبینێ و ویستی خۆی ڕاست کاتەوە، بەاڵم لەسەر قەرەوێڵەکەی کەوتە خوار و ئامە بە پرتاو باوەشی لێدا و خستیەوە سەر جێگاکەی.

ئەم کەوتنە هێندەی دی ناوەوەی دارماند، هەستی کرد مرۆڤێکە بێ بایەخ ناتوانێ بۆ چرکەیەکیش خۆی بە پێوە ڕابگرێ، بوونی ئەو هیچی نەدەگەیاند، حەزی دەکرد هەموو شتێ بوایە مرۆڤ نەبێ، بەخیلی بەو سەگانە دەبرد کە بەکۆڵانەکاندا وێڵ ببوون و سەریان بەسەر تەنەکە زبڵەکاندا شۆڕ دەکردەوە، بەخیلی بە زەرە زەرێ کەرەکان دەبرد، بەو منداڵە پێخواس و سواڵکەرانەش کە چنگێ عانەیان لە مشتیانا گرمۆڵە کردبوو بە هەڵەداوان غاریان دەدا، بێ مەبەست غاریان دەدا.

ئەمانەی هەموو بە شایانی ژیان دەزانین، بەاڵم خۆی شیاوی ژیان نەبوو، حەزیشی نەدەکرد بمرێ و دوو مەتر زەوی مرۆڤەکان بە گۆڕەکەی داگیر بکات.

– ئەم زەوییە هی ئەوانەیە کە مرۆڤن، من مرۆڤ نیم کەلوپەلێکی پەککەوتە و بێ کەڵکم، بۆیە حەز ناکەم بشمرم، با کەمێ لەو زەوییە داگیر نەکەم کە هەقە مرۆڤەکان ئینجانەی گوڵێکی لەسەر دانێن- دیسانەوە چاوی بڕیبووە ئەستێرەکان ئەستێرەی گەش گەش، جربوویان وە ئاسمانی شین خستبوو، گوڵە ئەستێرەکان وەک بروسکە ئاسمانیان شەق دەکرد، ئەستێرەکان پۆڵ پۆڵ بوون، ئەستێرەکان تاک و تەرا بوون، ئەستێرەکان دەتریقانەوە.

لە دوورەوە... زۆر لە دوورەوە، هەر زۆر زۆر لە دوورەوە، ئەستێرەیەکی کزی بەدی کرد، ئەو ئەستێرە درەوشاوەکانی بەهی خۆی نەدەزانین.

بیری کردەوە.. کەمێ ڕامـا و بە قوواڵی لە ئەستێرە کزەکە وردبۆوە.

– ئەڵێن هەموو مرۆڤێ ئەستێرەی خۆی هەیە، کە مرۆڤێ دەمرێ ئەستێرەکەشی بەردەبێتەوە، تۆ بڵێی ئەو ئەستێرە کزەش کە هیچ مانایەکی نییە لەو سەرەوە هی من نەبێ؟، ئەوە نییە ئەویش دابڕاو و غەمگین و کەلەلا کەوتووە..

– ئاخ ئەستێرە غەمگینەکەم، ئێستا تۆ بەزەییت بە منا دێتەوە، یا من بەزەییم بەتۆدا بێتەوە؟!

– ئاخ چەند بەختەوەرم کە تۆ دەبینم، خۆزگە ژیانم هەمووی لەو سەربانە بووایە، تا بەردەوام دڵداریمان بەیەکەوە بکردایە، تۆ تاکە هاوڕێمی لە ژیاندا، بەاڵم مخابن درەنگ یەکترمان ناسی، کاتێ یەکترمان ناسی، دەمێ بوو زەنگی مانگاوایی لێی دابوو، بەردەوام چاوی دەبڕیبە ئەستێرەکە، بە چاوی مۆڵەقەوە، زۆر بەوردی سەرنجی دەدایە، لەپاڵ هەموو ئەستێرە درەوشاوەکاندا، تەنیا ئەو ئەستێرە دوورەدەست و لاواز و بە پەراوێزکراوە سەرنجی ئەوی ڕاکێشابوو، ئەو تەنیا ئەم ئەستێرەیەی دەبینی.

لە پڕ ئەستێرەکە کشاو وەک پرووشە بەفرێکی وێڵ وەرییە سەر زەوی و لە چاوان ون بوو.

نەزیرە چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و دایە پڕمەی گریان و هەنسکەکانی گیانی بوومەلەرزەیەکیان لەناوەوەدا دروست کرد، گریان و هاوارێکی نادیار بانگی شێتبوونی بە گوێی دایک و باوکی و ئامەی خزمەتکاریاندا دا، هەرچی هێزی تیابوو لە هاوارێکا بەکاری هێنا.

– ئاخ ئەستێرە غەمگینەکەم، ئەوا تۆش بێ مانگاوایی خەریکە جێم دێڵی، نا..نا، بووەستە، ئەوا منیش هاتم، با بەیەکەوە درزی خاکێکی سووتەمەرۆ وەدۆزین و بۆ هەتا هەتایە خۆمانی تیا حەشاردین، با لەم زەویەدا بەیەکەوە بمرین.

کاتێ ئامە و دایک و باوکی چاویان بڕیە نەزیرە، ئەو توند توند چنگە لاوازەکەی لەباڵکۆنی بەردەمی گیرکردبوو، بە شەڵە شەڵ و خۆڕاکێشانێکی سەیر، خۆی هەڵدا و لە کۆڵانەکەوە تڕپەی لاشە بابردەڵەکەی نەزیرە بەر گوێی مرۆڤ و دالاشەکان کەوت.

باوکی سیمۆن

گی. دی. مۆپاسان
و/ لە فەرەنسییەوە:
زەنوون بیلال محەمەد عەلی
(سوێد)

کات نیوەڕۆبوو، دەرگای قوتابخانە کرایەوە و منداڵەکان بە پەلە دەرپەڕینە دەرەوە. ئەو منداڵانە تا بۆ نان خواردن دەچوونەماڵەوە لێک جیانەدەبوونەوە، بەڵکو هەموو ڕۆژێ هەنگاو بەکۆمەڵ ڕادەوەستان و بەدەنگی نزم دەدوان ئەو ڕۆژە بەیانی یەکەم جاربوو، کە «سیمۆن»ی کوڕی «بلانشۆت» هاتە قوتابخانە.

هەموو دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە خەراپە باسی «بلانشۆت»یان دەکرد؛ جا لەبەر ئەوە خەڵکی بەگشتی گوێیان لەم قەوانە ببوو، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەڵسوکەوتی خەڵکەکە لەگەڵیا باش بوو. ژنەکان نەبێ تۆزێک بەزەییان پێدەهاتەوە بەچاوێکی سووک تەماشایان دەکرد. منداڵانی گوندەکەش هەر بەم جۆرە بیریان دەکردەوە بێ ئەوەی لە باسەکە تێبگەن.

منداڵەکان بەچاکی «سیمۆن»یان نەدەناسی، چونکە لەگەڵیان نەدەچووە دەرەوە تا لەسەر شەقامەکانی گوندەکە، یان قەراغ ڕووبارەکە غارغارۆکێیان لەگەڵ بکا.

هەر لەبەر ئەوە «سیمۆن»یان خۆش نەدەویست و بەشێوەیەکی سەیرو زۆر بە سەرسامییەوە پێشوازییان دەکرد. یەکێ لەو منداڵانە کە تەمەنی چوارده پازده ساڵێک دەبوو؛ گاڵتەی پێدەکردو بڕۆی لێ هەڵدەتەکاندو جوێنی پێدەدا. ئینجا منداڵەکان قسەی ئەو مێردمنداڵەیان دووبارە دەکردەوە. وا دیاربوو ئەو چەقاوەسووە زۆری دەربارەی «سیمۆن» دەزانی: منداڵان ئێوە دەزانن کە «سیمۆن» باوکی نییە.... هەتیوە!!؟؟ کوڕی «بلانشۆت» لە پێش دەرگای قوتابخانەکە بەدەرکەوت.

«سیمۆن» تەمەنی حەوت هەشت ساڵێک دەبوو، منداڵێکی زۆر ڕەنگ زەردو خاوێن بوو، بەڵام شەرمن دیاربوو. «بلانشۆت» سیمۆنی کوڕی بەپاک و خاوێنی ڕادەگرت و زۆر بایەخی بە پەروەردەکردنی دەدا، بەڵام نەخۆشی و هەژاری ڕەنگ زەردی کردبوو؛ هەست بەکەمی کردنیش وای لێ کردبوو شەرمن بێ.

کە هاوڕێیەکانی باسیان دەکرد یەکسەر دەگەڕایەوە لای دایکی. کاتێ کە دەهاتە ناویان ئابڵوقەیان دەداو بە درندەیی و فێڵبازییەوە تەماشایان دەکرد. «سیمۆن»یش بەدوو دڵی و حەپەساوی لە ناوەندیان ڕادەوەستا بێ ئەوەی بزانێ چی لێ دەکەن. بەڵام ئەو منداڵەی شانازی بەخۆوە دەکرد ڕووی کرده «سیمۆن» و لێی پرسی: «کوڕە ئەتو ناوت چییە؟» منداڵەکە وەڵامی دایەوە: ناوم «سیمۆن»ە، («سیمۆن»ی چی؟!) منداڵەکە بەشەرمەوە دووبارەی

کردەوە: «سیمۆن».

کوڕەکە هاواری کردە سەری: ئاخر «سیمۆن» شتێ... ئەوە ناو نییە ئەوە تەنها «سیمۆن»ە.

«سیمۆن»یش گریان لە قوڕگیدا مابوو؛ بۆ جاری سێیەم وەڵامی دایەوە: ناوم «سیمۆن»ە.

منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین و کوڕەکەش سەرکەوتووانە دەنگی بەرزکردەوەو گوتی: (باشە ئێوە ئاگاتان لێیە؛ خۆ ئەمە بێ باوکیشە... هەتیوە....) بێدەنگی بااڵی بەسەریاندا کێشا. منداڵەکان زۆر سەرسام بوون بەرامبەر بەم شتە نائاساییە... ناکرێ منداڵ باوکی نەبێ!!! وەک درندەیەک سەیریان دەکرد. وایان دەزانی لە سروشت بەدەرە. ئەوسا باسەکەیان گەورە دەکردو بەچاوێکی زۆر سووکەوە تەماشایان دەکردو نەیاندەتوانی بەسەرهاتی «بلانشۆت» لە دایک و باوکیان بپرسن.

«سیمۆن» بۆ ئەوەی بەرنەبێتەوە؛ زۆر بەغەمگینی پااڵی بە درەختێک نا، نەیدەزانی چۆن چارەسەری ئەو کارەساتە گەورەیە بکا کە بەسەری هاتبوو. هەوڵی دەدا وەڵامی پرسیارەکانیان بداتەوە، بەاڵم نەیدەتوانی.

ئینجا ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاو بێ بیرکردنەوە قیژاندیە سەریان: (با من باوکم هەیە.) منداڵەکە پرسی: (کوا؟ لە کوێیە؟) «سیمۆن» بێدەنگ بوو نقەی لێنەهات چونکە نەیدەزانی چۆن وەڵامیان بداتەوە. منداڵەکانیش زۆر بە پەرۆشەوە دایانە قاقای پێکەنین. منداڵەکانی ئەو کێڵگانە وەک گورگ درندەبوون. ئەو بەرخەی شوانی نەبوایە پڕیان دەدایێ. لەناکاو «سیمۆن» چاوی بە منداڵێکی تەنیشت خۆی کەوت؛ کە وەک ئەو بەتەنیا لەگەڵ دایکە بێوەژنەکەی دەژیا: (ئێ خۆ تۆش باوکت نییە!) منداڵە هەتیوەکە وەڵامی دایەوە گوتی: (با من باوکم هەیە.) «سیمۆن» یەکسەر پرسیارێکی تری ئاراستە کرد: (باوکت لە کوێیە؟) منداڵەکە زۆر بەشانازییەوە گوتی: (باوکم لە گۆڕستانە.) هەموو منداڵەکان ڕازی بوون. وایان بیردەکردەوە جێگەی سەربەرزی و سەرفرازییە بۆ ئەو کەسەی باوکی مردبێ و باوکی دیاربێ بە پێچەوانەی «سیمۆن» کە باوکی دیارنییە!! یاخود باوکی نییە!

باوکانی ئەو منداڵانە ڕادەی تێگەیشتنیان لەوە نەدەچوو کە منداڵەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان پەروەردەکردبێ. لەبەر مەی نۆشین ئاگایان لەکەس نەمابوو. درندەو سەرخۆش و دزیان تێدابوو؛ لەگەڵ خاوخێزانیان زۆر خراپ ڕەفتاریان دەکرد.

ئەو منداڵانە مەبەستی خنکاندنی «سیمۆن» یان هەبوو لەبەر ئەوەی کوڕێکی باش و خاوێن و بێگەردبوو. یەکێک لەوان کە لەبەرامبەر «سیمۆن»ی وەستابوو؛ زمانی لێدەرهێناو گاڵتەی پێکردو هاواری کرد: (بێ باوک بێ باوک...) «سیمۆن»یش نەیکردە نامەردی و گرتی و پرچی ڕاکێشاو دایە بەر لەقە. منداڵەکە بەزی و هیچی بۆ نەما. لە پڕ گازێکی لە ڕوومەتی «سیمۆن» دا. دوایی منداڵەکان بە هەموویان ئابڵوقەی «سیمۆن» یان داو گەلەکۆبیان لێ کردو وەرگەڕانە سەری. بە مست بە کەللە، بە پێاڵقە کەوتنە سەری و کوڕەکەیان لە خرتۆڵێ وەردا. کاتێ دیتیان شڕبووە لێی دوورکەوتنەوەو دەستیان بە چەپاڵە لێدان کرد. کوڕەی هەژار ساتێ بەخۆ هاتەوە هەستایە سەر پێ و سەرو ڕوخسارو شان و ملی خاوێن کردەوە؛ ئەوسا یەکێ لە منداڵەکان هاواری کرد: (بڕۆ بێژە باوکت لێیان دام.) «سیمۆن» لە ناخی دڵیەوە هەستی بە خەمێکی زۆر قووڵ کرد. بێگومان منداڵەکان لەو زۆر بەهێزتربوون. چاکیان لێدا بێ ئەوەی بتوانێ وەڵامیان بداتەوە. چونکی ئەویش وا هەستی دەکرد کە ڕاستە؛ باوکی نییە. «سیمۆن» کەوتە ناو دەریای خەم. چاوە جوانەکانی وەک کەشتییەک پڕبوون لە ئاو. فرمێسکیش دوو جۆگەلەی لەسەر کوڵمە زەردەکانی دروست کردو دایە پڕمەی گریان بەمە دوژمنەکانی هێجگار دڵخۆش بوون. بێ بیرکردنەوە دەستی یەکتریان گرت و کردیانە سەماو هەڵپەڕکێ بە دەوری، بەدەم دووبارە کردنەوەی ئەو قسەیە: (بێ باوک... بێ باوک...) کتوپڕ «سیمۆن» لە گریان وەستا. لە تووڕەییان شێت بوو. هەندێ بەرد لەژێر پێی هەبوو. هەڵی گرتن و تا هێز لە لەشی دابوو تێی گرتن. دوو سێیەک بەرکەوتن و بەدەم هاوارەوە هەاڵتن. ئەوەندە تووڕەو ترسناک بوو هەموو زەندەقیان چووبوو.

منداڵە بچووکە هەتیوەکە بەتەنیا لە مەیدانی جەنگدا مایەوە. پاشان شتێکی هاتەوە بیری کە بڕیاری دابوو. دەیویست خۆی فڕێ بداتە ناو ڕووباری گوندەکەیان و بخنکێ. بیری کەوتەوە کە هەشت ڕۆژ لەمەوبەر پیاوێکی هەژاری بێ ئیش و کار؛ بەهۆی بێ دەرامەتی خۆی فڕێ دابوە ناو ڕووبارەکە. کاتێ کابرای هەژاریان لە ئاوەکە دەرهێنا «سیمۆن» لەوێ ئامادە بوو. پیاوەکەی زۆر غەمگین هاتە بەرچاوی کابرای هەژار زۆر پیس و چڵکن دیاربوو، بەاڵم هێمن و بێدەنگی هەژارەکە، کوڵمە

زەردەکانی، ڕیشە درێژە تەڕەکەی، چاوە مەنگەکانی؛ هەموویان سەرنجی «سیمۆن»یان ڕاکێشابوو.

خەڵکەکە زۆر بەهێمنی و ماتەمینی گوتیان: (مردووە). کابرایەکیش لەو سەرەوە گوتی: (بەڕاستی ئێستا زۆر شادو کامەرانە) «سیمۆن»ی خەمگینیش دەیویست خۆی بخنکێنێ. چونکی باوکی نەبوو؛ وەک کابرای هەژار کە پارووێ نەبوو بیخوا. «سیمۆن» لە ڕووبارەکە نزیک کەوتەوەو سەیری ئاوە شینە جوانەکەی کرد. هەندێ ماسی بەخێرایی لەناو ئاوە بێگەردەکە یارییان دەکرد. جارناجاریش بەرز دەبوونەوە سەر ڕووی ئاوەکەو مێشوولەکانیان قووت دەدا.

کاتێ کە «سیمۆن» چاوی بەو ماسییە جوانانە کەوت هێمن بووە. چونکە زۆر حەزی دەکرد سەرنجیان بداتێ و سەیریان بکات، بەڵام هەندێ جار زۆر بە خەمگینی بیری دەکردەوەو دەیگوت: (خۆم دەخنکێنم... چونکە باوکم نییە!!).

وەرزەکە زۆر فێنک و خۆش بوو. خۆری نەرمیش گیاو گۆڵەکانی لە ئامێز گرتبوو گەرمی دەکردنەوە.

ئاوەکەش وەک پارچە شووشەیەک دەدرەوشایەوە. «سیمۆن»یش حەزی دەکرد بچێتە ناو باوەشی سروشت و گەرم بێتەوەو لەسەر ئەو گیا سەوزە گەرمە بخەوێ. لە پڕ بۆقێکی سەوزی چکۆڵە بازی دایە ژێر قاچەکانی. «سیمۆن» سێ چوار جار هەوڵی دا بیگرێ، بەڵام ڕزگاری بوو و ڕایکرد. پاشان پێیەکانی گرت و دەستی کرد بە پێکەنین. چونکە بۆقیلەکە خۆی ڕادەشەقاندو تەکانی دەدا تا ڕزگاری بێ کەچی نەیدەتوانی. بۆقیلە قاچەکانی وەک دار ڕەق کرد؛ چاوەکانی دەرپەڕاندە دەرەوە.

دەستەکانیشی لە هەوا شەپەشەپیان دەکرد. ئەو بۆقە ڕوح سووکە جۆرە یارییەکی هێنایە یاد «سیمۆن» کە لە چەند پارچە دارێک دروست کرابوو چەند سەربازێکی چکۆڵەی هەڵواسراوی دەجوواڵاندەوە. ئەوکاتە مناڵەوەو دایکی بیرکەوتەوە. هەمدیسان خەم دایگرتەوەو دایە پڕمەی گریان. گشت گیانی هاتە لەرزین. بۆ نوێژکردن و پاڕانەوە چووە سەر ئەژنۆ، بەڵام گریان ڕێگای نەدەدا کۆتایی بە نوێژەکەی بێنێ. ئێتر بەرچاوی تاریک بوو دەور و پشتی خۆی نەبینی و بیری لەهیچ شتێک نەکردەوە تەنها گریان نەبێ. لە پڕ دەستێکی قورس کەوتە سەر شانی و دەنگێکی گەورە داوای لێ کرد: (بۆچی وا دڵ پڕی بچکۆڵەم؟) «سیمۆن» ڕووی وەرچەرخاند، کرێکارێکی باڵابەرزی چوارشانەی موو ڕەشی دیت. دیار بوو زۆر بەزەیی بەو منداڵە دەهاتەوە. ئەویش بەچاوی پڕ فرمێسک و قورگی پڕ گریانەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: (لێیان دام... منداڵەکان لێیان دام چونکە من... من باو... کەم... باو... کەم... نییە. باوکم نییە... نا.) کابرا بە زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە: (چۆن؟ بەخوا سەیرە! ڕۆڵەکەم کەس بێ باوک نییە.) منداڵەکە لەناو دەریای فرمێسکا وەڵامی دایەوە: (من.. من باوکم نییە.) کرێکارەکە بزەی سەرلێوی وشک بوو «سیمۆن»ی کوڕی «بلانشۆت»ی ناسییەوە. هەرچەندە ماوەیەکی کورت بوو هاتبووە گوندەکەیانەوە بەڵام شتێکی دەربارەیان دەزانی. (دەی کوڕم بەسە مەگری؛ دەبابچینەوە دەی. دەتبەمەوە لای دایکت ئەوسا باوکێکت بۆ دەدۆزینەوە.) کرێکارەکە دەستە چکۆڵەکەی «سیمۆن»ی گرت و ملی ڕێگایان گرت. کابرا زۆر دڵخۆش بوو زەردەخەنە لە ڕووی دەباری، چونکە زۆری حەز دەکرد ئەو «بلانشۆت» ناوە ببینێ کە خەڵکی دەیانگوت یەکێکە لە کچە هەرە جوانەکانی ئەو ناوچەیە.

کاتێ گەیشتنە بەردەم خانوویێکی سپی بچووک؛ منداڵەکە گوتی: (ئا ئەوە مناڵەکەمانە.) ئینجا هاواری کرد: (دایە گیان!) هەر کە دایکی «سیمۆن» لە پێش دەرگای خانووەکە بەدەرکەوت؛ کرێکارەکە تێگەیشت کە ئەوە کچێکی باشەو گاڵتەی پێناکرێ. (فەرموو خانم! ئەوە منداڵەکەتم بۆ هێنایەوە؛ لای ڕووبارەکە بزر ببوو.) بەڵام پێش ئەوەی سوپاسی کرێکارەکە بکات «سیمۆن» خۆی هاوێشتە ئامێزی و بەدەم گریانەوە گوتی: (نەخێر دایەگیان من گوم نەبووم؛ بەڵکو ویستم خۆم بخنکێنم چونکە باوکم نییە... منداڵەکان لێیان دام.)

کاتێ دایکی گوێی لەمە بوو کوڵمەکانی سوور هەڵگەڕا؛ تا ناخی دڵی بریندار بوو؛ «سیمۆن»ی لە باوەش گرت و تێر تێر بۆنی کرد. فرمێسک لە چاوە جوانەکانی هاتە خوارەوە. کابرای کرێکاریش زۆر شڵەژاو نەیزانی خۆی چۆن ڕزگار بکا. کەچی لە پڕ «سیمۆن» بەرەو کرێکارەکە ڕای کردو پێی گوت: (دەتەوێ ببی بە باوکم؟.) کابرای کرێکار نەیزانی چی بڵێ و مات و بێدەنگ مایەوە. «بلانشۆت» لەشەرما سوور سوور بووەوە پاڵی بە دیوارەکەدا بێ ئەوەی ورتەی لێوە بێ. کە منداڵەکە بەوەی زانی کەس وەڵامی ناداتەوەو بە هەندی هەڵناگرن؛ گوتی: (گەر ناتەوێ ببی بە باوکم دەگەڕێمەوە سەر ڕووبارەکەو خۆم فڕێ دەدەم.) کابرای کرێکار ناچاربوو گوێ لە قسەی منداڵەکە بگرێ. ئینجا

بەدەم پێکەنینەوە وەڵامی دایەوەو گوتی: (بەڵێ باشە دەبمە باوکت.) منداڵەکە داوای لێکرد: (ناوت چییە؟) (تاوەکو وەڵامی ئەو کەسانە بدەمەوە کە لە ناوەکەت دەپرسن.) پیاوەکە وەڵامی دایەوەو گوتی: (ناوم «فیلیپ»ە.) «سیمۆن» دەمێک بێدەنگ بوو بۆ ئەوەی ناوەکەی بەجوانی لە مێشکی بمێنێتەوە.

دوایی زۆر بە کامەرانییەوە دەستی بۆ درێژکردو گوتی: (باشە «فیلیپ» گیان تۆ باوکمی.) کرێکارەکە منداڵەکەی گرتە ئامێزو هەردوو کولمەکانی ماچ کرد و ڕۆیشت. بۆ بەیانیەکەی کاتێ «سیمۆن» چووە قوتابخانە؛ منداڵێکی فێڵباز هاتە بەرامبەری و گاڵتەی پێکرد. دوای وانەکان دووبارە فێڵبازەکە دەیویست گاڵتەی پێبکا، بەڵام «سیمۆن» قسەکانی وەک بەرد تێگرت: (باوکم ناوی «فلیپ»ە.) گشت منداڵەکان دایانە قاقای پێکەنین و بەدەنگێکی بەرز گوتیان: (ئەو «فلیپ» ناوە کێیە؟) (ئەو «فلیپ»ە چییەو لە کوێت دۆزیتەوە؟) «سیمۆن» وەڵامی نەدانەوە چونکە بێگومان بوو لە قسەکانی خۆی. بەچکە هەژار زۆر بەشانازییەوە سەیریانی دەکرد؛ ئامادەبوو شەڕیان لەگەڵ بکات نەک لەژێر دەستیان ڕابکا بەڵام مامۆستاکەیان هات و لێکیانی جیاکردەوەو ناوبژی کردن. پاشان «سیمۆن» گەڕایەوە لای دایکی.

لە ماوەی سێ مانگ کرێکارەکە بەپێش مانگی «بلانشۆت»ی دا هاتوچۆی دەکرد. جاروباریش لە پێش پەنجەرەی خانووەکە دەیدیت و قسەی لەگەڵ دەکرد. ژنەکەش زۆر بەشەرمەوە وەڵامی دەدایەوەو نەیدەکردە حیتەحیت و ڕێگای نەدەدا بێتە ژوورەوە. بێگومان «فیلیپ» زۆری ڕێز لەو ژنەی دەنا چونکە خانمێکی زۆر بەحەیاو ئاوڕووبوو. خەڵکی گوندەکەش بەو باسەیان زانیبوو ئاگاداری پێوەندییەکەیان بوون. «سیمۆن»یش «فیلیپ»ی زۆر خۆش دەویست و لەگەڵ یەکتری ببوونە هاوڕێ. هەموو ئێوارەیەک بەیەکەوە دەچوونە دەرەوە. «سیمۆن» کە بەیانیان دەچووە قوتابخانە بەناو هەڤاڵەکانی تێدەپەڕی بێ ئەوەی وەڵامیان بداتەوە. ڕۆژێکیان؛ یەکێ لەو منداڵانەی دوژمنی گەورەی «سیمۆن»بوو پێی گوت: (هەی درۆزن تۆ باوکت نییە... چیتە؟ «فیلیپ فیلیپ»ت بەدەم گرتووە؟) ئەویش بە پەشۆکاوی وەڵامی دایەوە: (بۆچی؟) منداڵە فێڵبازەکە دەستەکانی خۆی لێک خشاندو گوتی: (ئەگەر باوکت هەبوایە دەبووە میردی دایکت.) «سیمۆن» بەو قسەیە زۆر تێکچوو دوایی پێیگوت: (بەڵام «فیلیپ» باوکمە.) چەقاوە سوورەکە وەڵامی دایەوە: (لەوانەیە ڕاست بێ، بەڵام بەتەواوی باوکی تۆ نییە.) «سیمۆن» سەری خۆی شۆڕکردو بەرەو شوێنی ئاسنگەری مام «لوازۆن» ئەو کارگەیەی «فیلیپ» ئیشی لێدەکرد؛ کەوتە ڕێ.

ئەو کارگەیە ئەوەندە تاریک بوو وەک بڵێی کەوتۆتە ژێر دارو درەخت. پێنج ئاسنگەری چوارشانە دەوری ئاگرێکی گەورەیان دابوو. ڕۆژ تائێوارە بەهێزی قۆڵ و بازوویان ئاسنیان دەکوتیەوە. «سیمۆن»یش بێ ئەوەی کەسێک هەستی پێ بکاو چاوی پێبکەوێ؛ چوە ژوورەوەو قۆڵی کابرای کرێکاری ڕاکێشا. ئەویش دەستی لە کارەکەی هەڵگرت و کارەکە وەستا. هەر چوار کرێکارەکەی تر سەرنجی «سیمۆن»یان دابوو لەپڕ دەنگە ناسکەکەی بەرز بووەوە: («فیلیپ» پێم ناڵێی تۆ چی من دەبی؟) (هەر پێش تۆزێ کورەکەی «میشۆد» پێی گوتم گوایە تۆ باوکی من نیت.) کرێکارەکە گوتی: (بۆچی؟) منداڵەکە: (چونکە تۆ مێردی دایکم نیت.) کەس پێنەکەنی چونکە باسەکەیان بەڕاستی وەرگرتبوو. «فیلیپ» پەشۆکا، سەری لەسەر دەسکی چەکوشەکەی داناو کەوتە بیرکردنەوە. هاوڕێیەکانی چاویان لە چاوی «فیلیپ» دووربینووەوە سەیریان دەکرد. «سیمۆن»یش بە دوودڵی لەنێو ئەو پیاوە گەورانە چاوەڕێی وەڵام بوو. لەناکاو یەکێ لە ئاسنگەرەکان؛ کە بەهەمان شێوە بیری لە باسەکە دەکردەوە؛ بە «فیلیپ» گوت: (هەر چۆنێک بێ «بلانشۆت» ژنێکی ئازاو قارەمانە؛ هەرچەند تووشی بەدبەختییەکی گەورە بووە.) سێ ئاسنگەرەکەی تر: (ئەشەدوبیلا ئەوە ڕاستە.) ئاسنگەرەکە: (خۆ کفر نەبوو منداڵێکی بوو!!؟؟ بەڵێنیان پێدا کە بیهێنن کەچی بەتەنها لەگەڵ منداڵە ساواکەی جێیان هێشت.) سێ ئاسنگەرەکە: (بەخوای ئەوەی دەیڵێی ڕاستە.) ئاسنگەرەکە بەردەوام بوو لە دوان: (زۆر شەکەت و ماندوو بوو سەراو دەراو دەردەسەرییەکی زۆری دیت تا ئەو منداڵەی گەورەکرد. بایەخی زۆریشی بە پەروەردەکردنی دەداو تەنانەت خۆی لە گەڕان و سەیران کردبوو و نەدەچووە دەرەوە تەنها بۆ کڵێسە نەبێ. کە خوای گەورەمان ئاگاداراە.) سێ ئاسنگەرەکەی تر سەریان بۆ لەقاندەوەو گوتیان: (گومانی تیا نییە ڕاستە.) دەنگی چەکوش و ئاسن نە دەهات؛ لەپڕ «فیلیپ» هاتە قسەکردن و گوتی: (بڕۆ بە دایکت بڵێ ئەمڕۆ ئێوارێ خۆم دێم و لەو بارەوە قسەی لەگەڵ دەکەم.) ئەو چەند

قسەیەی لەگەڵ کردو منداڵەکەی ڕەوانەی دەرەوە کرد. ئێنجا گەڕایەوە بۆ سەر کارەکەی. هەر پێنجیان پێکەوە کەوتنەکار. دەنگی چەکوش دونیای هەڵگرتبوو. بەم جۆرە تا ڕۆژئاوابوون چەکوش و ئاسن شەڕیان بوو. ئەو پێنج کرێکارە ئەوەندە بەهێزبوون تەنانەت لەگەڵ ئاسن دەجەنگان بەڵام «فیلیپ» لە هەموویان بە هێزتر بوو. ئاسنگەرێک بوو پڕ بەدڵ پیشەکەی خۆی خۆش دەویست و بەجۆش و خرۆشەوە ئاسنی دەکوتیەوە.

شەو درەنگ بوو... ئاسمان بە ئەستێرەکان ڕازابووەوە. «فیلیپ»یش کراسێکی خاوێنی لەبەر کردبوو؟ بەرەو ماڵی «بلانشۆت» کەوتە ڕێ. کە گەیشتە بەردەم ماڵەکە لە دەرگاکەی دا... ژنە شۆخەکە بەدیارکەوت و بەدەنگێکی خەمگین گوتی: (چۆن بەو کاتە هاتووی مسیۆ «فیلیپ»؟!) (ناوەختەو شەو درەنگە!) «فیلیپ» ویستی وەڵامی بداتەوەو شڵەژاو قسەی بۆنەکرا.

دووبارە ژنەکە گوتی: (زۆر چاک دەزانی ئیتر لێم ناوەشێتەوە گاڵتەم پێ بکەن و باسم بکەن.) لە ناکاو «فیلیپ»یش گوتی: (چی تیایە گەر شووم پێ بکەی؟)

ژنەکە بەهیچ جۆرێک وەڵامی نەدایەوە بەڵام «فیلیپ» گوێی لە دەنگێک بوو، بەپەلە چووە ژوورەوە. «سیمۆن» لە ژوورەوە لە شوێنەکەی خۆی درێژ بوو؛ گوێی لە دووکەس بوو باوەشیان بەیەکتری گرتبوو بەهێمنی دەدوان. لە پڕ هەستی کرد «فیلیپ»ی هاوڕێی گرتیە ئامێزو پێی گوت: (بەهاوڕێیەکانت دەڵێی: کە باوکت «فیلیپ ڕێمی»یە؛ ئاسنگەرە.. ئەوەی ئازارت بدا گوێی ڕادەکێشێ...)

بۆ بەیانییەکەی «سیمۆن» چووە قوتابخانە. کە پۆلەکە پڕ بوو لە قوتابی؛ پێش ئەوەی وانەکەیان دەست پێبکا هەستاوە سەر پێی و بەدەنگێکی بەرزو پڕ شانازی گوتی: (باوکم «فیلیپ ڕێمی»ی ئاسنگەرە؛ بەڵێنی پێدام گوێچکەی ئەوکەسانە ڕابکێشێ کە ئازارم دەدەن.)

ئەو جارەیان کەس گاڵتەی پێ نەکرد چونکە زۆر باش «فیلیپ ڕێمی»یان دەناسی و شانازییان پێدەکرد.

«گی. د. مۆپاسان ۱۸۵۰ - ۱۸۹۳» یەکێکە لە چیرۆکنووسە بەناوبانگەکانی جیهان، لەسەرەتای ژیانی ئەدەبییدا «فلۆبێر»ی هاوڕێی خێزانەکەی هانی دەداو هەر بەیارمەتی ئەویشەوە ناسیاوی لەگەڵ «زۆلا» پەیدا دەکا. «مۆپاسان» لەساڵی «۱۸۸۰» دەست بە نووسین دەکاو تا ساڵی «۱۸۹۰» بەرهەمێکی زۆر لە چیرۆک و ڕۆمان دەنووسێ: مادموازێل فیفی «۱» «FiFi» ۱۸۸۲، توان «۲» «Toine» ۱۸۸۵، جوانی بێ کەڵک ۱۸۹۵/ ژیان ۱۸۸۳، هاوڕێی جوان ۱۸۸۵، دڵەکەمان ۱۸۹۵. دوای ئەوە دەست بە گەشت و گەڕان دەکا بەرەو جەزائیر و ئیتالیا و بەریتانیا بەڕێ دەکەوێ.

نووسەر هەر لە ساڵی «۱۸۸٤»ەوە بەدەست نەخۆشی نێرۆسیس «عصاب»ەوە دەناڵێنێ، ئەم نەخۆشییە وازی لێ ناهێنێ؛ تاوەکو لە ساڵی ۱۸۹۳ بەشێتی سەر دەنێتەوە. مۆپاسان لە بەرهەمەکانیدا شێوازێکی ساکار و ئاشکرا بەکاردەهێنێ و نزیکە لە واقیع.

پەراوێز:

(۱) ماد موازیل: کیژۆڵە. فیفی ناوی کچە.

(۲) توان چیرۆکێکی مۆپاسانە و ناوی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

ت.ب.ن: دوای ئەم نیشانەیە/ ناوی ڕۆمانەکانی دەست پێ دەکا.

سەرچاوە:

Guy de Maupassant (Le Papa de Simon)

با ئەوانەش لەبیر نەکەین

باکووری

گوتراوە:«لە پشت هەر مرۆڤێکی مەزن، ژنێک هەیە!»
منیش دەڵێم: «لەپشت هەر هونەرمەندێکی مەزن و سەرکەوتوو، چەند کەسێک هەن، جا ڕەنگە ژن بن و لەوانەشە پیاوبن! ئەوکەسانەش کە بە یارمەتیدانی جۆراوجۆر دەبنە پاڵپشت و هونەرمەندەکە بەسەر پێپلیکانەکانی (پلەی مەزنایەتی)، هەنگاو لە دوای هەنگاو، بەرزی دەکەنەوە تا دەگاتە لووتکە». ئەو قسەیەش هەموو هونەرمەندێکی گەورە دەگێتەوە لەو بوارەی تێیدا کارە هونەرییەکانی بە ئەنجام دەگەیەنێ: واتا گۆرانیبێژ، یان ئەکتەر، یاخود وێنەگر و شێوەکار و هەروەها شاعیر و مۆسیقار و ڕۆماننووس و... تاد. بۆیە ئێمە دەبێ ئەو خێزانە.. یا ئەو ژن و پیاوانەش بناسین و لەگەڵ مێژووی ژیانی هونەرمەندەکان، ناوی ئەوانیش بە ڕێز لێگرتنەوە بهێنین، ئەو خزمەتەی کردوویانە و ئەو پشتگیریەی بووەتە هۆی سەرکەوتنی هونەرمەندەکان، بۆ خوێنەران و گوێگران و بینەران.. باس بکەین و ڕۆڵە گرنگەکانیان ڕوون بکەینەوە و پیشان بدەین. لەم بارەیەوە، من بە گوێرەی پێویستی بوار و هەبوونی هەنجەت و بەڵگە، ناو و مێژووی ژیانی چەند کەسێکم لە چەند شوێنێک لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەتایبەتیش لە گۆڤاری ڕامان-دا بڵاوکردۆتەوە، بۆ نموونە: جەمیل بەشیر، حەننا پترۆس، ئێزگەی ڕادیۆی کوردی بەغدا و کامیل کاکەمین و...تاد.
ئەمڕۆکەش بەوپەڕی شانازیەوە، مێژووی ژیانی هونەر دۆستێک باس بکەم کە لەبەر سێبەرەوە.. نەک لەژێر تیشک و ڕووناکی، ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە خزمەتکردنی هونەری ئاواز و مۆسیقا و گۆرانی ڕەسەنی کوردی.. بەو شێوەی لێرەدا ئەو پیاوە، بە ئێوەی ئازیز و ڕۆشنبیر بناسێنم، کە ناسراوە بە محەمەد عەبدوڵڵای چایچی، یاخود «حەمە گەمحان»ی چایچی، کۆیی.

کەی و چۆن «حەمەی چایچی کۆیی»م ناسی؟

لە هاوینی ساڵی (١٩٥٥) ئەوسا مامۆستایان لە کەرکووک بوو، من قوتابی بووم لە کۆلێجی (دارالمعلمین العالیة) لە بەغدا. بۆ پشووی هاوینان دەهاتمەوە کەرکووک. ئەوەبوو لەو هاوینەی باسم کرد، کاک «هورمز ئەسکەندەر»ی هاوڕێم، کە لە کۆییە ناسراوەکان بوو لە کەرکووک هاتەسەردانمان، و دوای ئەوەی یەک دوو شەو مایەوە، ئێمەی دەعوەت کرد بۆ کۆیە، ئەوەبوو ڕێککەوین کەوا: من و مامۆستا خوشکم و یەک دوو نەفەریش لە مامی «دەرمان» واتا کوڕەکەیان، هاوڕێمان، کاک مەتی و چەند خزمێک، بە لاندرۆڤەرێک بەرەو کۆیە بەڕێ کەوتین، بە عەوەد و گۆرانی و چەپڵە و بەخۆشی تا کۆیە.. لەگەڵ ئەوەش کە ڕێگاکە هێشتا هەر خۆڵ و تۆز و بەرد و چاڵ بوو.
لە کۆیە، هەموو ڕۆژێک لەبەیانییەوە، دایکی هورمز، هەزار ڕەحمەتی لێبێ، کەرەستەی «یاپراغ» و مریشکی

حەمە گەمحان

سوور کراوە و سەماوەر و کەل و پەل و قاپ و ئیستیکان و قۆریە و نانی ساج و... تاد، ئامادەی دەکردن و بە جێبێک، یان لاندرۆڤەرێک بۆ سەیران دەچووین یەکێک لەو سەیرانگا دڵڕفێنانەی کۆیە، وەکو: حەمامۆک، تۆبزاوا- کە دێرەکەی (ماڕبێنە قەدیشە)ی لێیە، یان بۆ ناو ڕەزەکانی هەرمۆتە.. و یا سەر ڕووبار و جۆگەکانی (ئاشان)...تاد.

لەو ماوەیەدا، دەعوەت دەکرام لە چەندین لایەن و برادەر و مامۆستاکانم و ماڵە گەورە ناودارەکانی ئەوسای کۆیە، وەک ماڵی (خوالێخۆشبوو) مەلا حەوێز ئاغا و هەروەها لەلایەن هاوڕێی قوتابخانەم کاک مەحموود حەمە زیاد ئاغا و چەند جارێکیش، بە ڕێکەوت کاک تاهیر تۆفیق، گۆرانیبێژی نەمر، دەهات بۆ سەردانی ماڵی باوکی و برادەران، جا دووبارە لەو شوێنە خۆشانە، شەوانمان ڕادەبوارد بە گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی ناوچەی کۆیە و دەنگی تایەر و سێوە و عوودی من..

ئەوەبوو ڕۆژێک کاک هورمز گوتی: «کاک حەمەی چایچی، منی ڕاسپارد کە پێت بڵێم، دەیەوێ هەندێ گۆرانی خۆمی بۆ تۆمار بکەم بەسەر موسەجیلەکەی»، منیش ڕەزامەندی و ئامادەیی خۆمم پێ ڕاگەیاند. بۆ ڕۆژی دوایی، پێشنیوەڕۆ کاکە حەمە هاتە ماڵی هورمز، بەخۆ و بە موسەجیلە گەورەکەی کە لە مارکەی (گرۆندیل) بوو و بەکرەیەک و مایکرۆفۆن و شتی دیکەی پێویستی هێنابوو، ئیتر دانیشتین، دوای پێناساندنم و ئەو گۆرانییانەی تا ئەوکاتە و ئەوسالّەم لە ئێزگەی کوردی بەغدا گوتبوو، بۆم دەگوت بە عوودەکەوە و ئەویش سەرپەرشتی تۆمارکردنەکەی دەکرد! ئیتر لەو ڕۆژەوە «حەمە»م کەوتە دڵ و زوو زوو لە چایخانەکەی سەردانم دەکرد.

چایخانەکەی لەدوای فولکەکەی «حاجی قادر»ەوە بوو، لەلای ڕاستی شەقامە سەرەکییەکەی کۆیە، بەرامبەر مزگەوتی گەورە، چایخانەیەکی گەورە بوو، چایچییەکەی ناوی (سالّح)بوو، چایەکی زۆر نایابی لێدەنا ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێ). لەو چاپخانەیە مامۆستا و کاسبکار و هونەرمەندان و گەنجانی شار دادەنیشتن گوێیان لە ڕادیۆ و گۆرانییە تۆمارکراوەکان دەگرت لەپاڵ یاریی «تاوڵی» و «دۆمینە» و یارییەکانی ترکە لە چایخانەکان دەکرێن.

ئەمە و هەندێ کەس، لە موشتەرییە بەردەوامەکانی ئەو چایخانەیە، کە بە تەمەن بوون و بێ کار و کاسبی بوون، هەمیشە لەوێ دەبینران.

لەو پیاوە بە تەمەنانە، یەکێکیان «مام تۆفیق»ی باوکی هونەرمەند تایەر تۆفیق بوو.

مام تۆفیق دەنگی خۆش بوو کاتی خۆی مەقامی زۆر دەزانی. دەڵێن ئەگەر گوێی لە ئاهەنگی تایەری کۆڕی بوایە، لە زۆر شوێن، ڕەخنەی لێ دەگرت، لەبەر خۆیەوە هەم جوێنی پێ دەدا و هەم بۆی ڕاست دەکردەوە و دەیگوت «هەتیم، ئەوە وا نابێ! دەبێ ئاوای بڵێی!» هەڵبەتە تاهیر گوێی لێ نەدەبوو!

دیسان لە وانەی هەموو دەم لە چایخانەی حەمەدا دەبینران (خالّە سێوە) بوو! خالّە سێوەش، لە دوا سالّانی تەمەنی، لەبەر نەخۆشیەکانی دەردی پیری و بێکاری و هەژاری، تەنانەت ئەرکەکانی ڕوتبەی (شەماشەیی)شی پێ جێبەجێ نەدەکران و هەردەم لە ماڵەوە کە دەردەچوو، بەپیاسە.. هێواش هێواش دەڕۆیی و هەردوو دەستەکانیشی لە پشتەوەی گرێ دەدان و ئینجا بەرەو چایخانەی حەمە و لەسەر نزیکترین تەختەی چایخانە، خۆی دەخست و بەمات و مەلوول لێی دادەنیشت!

لە سالّی (١٩٥٦) دوا سالّم بوو لە (دارالمعلمین العالیة) و هاوینەکەی ئاهەنگی دەرچوون (تخرج)مان بۆ کرا و مەلیک فەیسەلّی دووەم، یەکە یەکە، بەدەستی خۆی بڕوانامەکانی دابێ، ئینجا بۆ سالّی خوێندنی

(١٩٥٦/٩٥٧ له شاری کۆیه، لەسەر داوای خۆم، له قوتابخانەی ناوەندی (متوسطة کویسنجق للبنین) وەک مامۆستای ئینگلیزی تەعین بووم. هەر ئەو دەمەش هەندێ قوتابیم هەڵبژاردن، لەوانەی کەوا بەهرەی هونەریم لێیان بەدی کرد، وەک دەنگخۆش و جورئەت هەبوون بۆ وەستان بەرانبەر جەماوەر لەسەر شانۆ و پێشکەش کردنی چالاکییە هونەریەکانیان.. لەم قوتابیانە تیپێکی مۆسیقا و گۆرانیم دامەزراند بەناوی «تیپی مۆسیقای باواجی». ئەم تیپە گەورە بوو ئەندامەکانی زیادیان کرد و دەستمان کرد بە پێشکەش کردنی ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا و شانۆیی.

ئا لێرەدا ڕۆڵی موسەجیلەکەی (حەمەی چایەچی) و شەخسی کاکە حەمە خۆی، دەبێ زۆر بە (هەند) و بە نرخ هەڵبسەنگێنم چالاکییەکانمان پێویستیان هەبوو بە سەماعە و مایکرۆفۆن و ئەمپلیفایەر و زۆر شتی کە پێوەندیان بە دەنگەوە هەیە! ئەم کەلوپەلانە، هەموویان «حەمە عەبدوڵڵای چایچی»، بەو پەڕی خۆبەختکردن و ماندوونەناسی، بۆی دابین دەکردین و چایخانەکەی بەجێ دەهێشت و لە ڕۆژانی ئاهەنگەکانمان خۆی هەر لە گەڵماندا بوو. کارەبا و وایەرەکانی ڕێک دەخست و موسەجیلەکەی کردبووە ئامێری دابەشکردنی ئامیرەکانی دەنگ و هەر لەوێشەوە دەنگ دەچووە ئەمپلیفایەرەکان و بەرامبەر جەماوەر پەخش و بڵاودەکرایەوە. ئەگەر ئەو مرۆڤەی، کە خۆی بە خزمەتکاری هونەر دەزانی، نەبوایە و ئەو خۆشەویستییەی بۆ هونەری مەقام و ئاوازی کوردی نەبوایە ئێمە لەسەدا سەد هیچمان پێی نەدەکرا. بەڕاستی خزمەتی هونەری کوردی و هونەرمەندانی کۆیەی زۆر کرد.

سەبارەت بە ژیاننامەی تەواوی ئەو هونەردۆستە، بەڕێزە، پێم باشە کە ئامۆزای خۆی «مامۆستا حوسێن حاجی قادر» بۆمان باس بکات، لەو نامەیەی کە بەسوپاسەوە، لەسەر داوای خۆم، بۆی ناردم: دەڵێ: موحەمەد عەبدوڵڵا ئەحمەد ناسراو بە محەمەد عەبدوڵڵا چایەچی، پێشیان دەگوت حەمە گەمحان، سالّی (١٩٢٠) لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە. تا دووی ناوەندی خوێندووە و دەبێتە سەرباز و ماوەکەی تەواو دەکات و دەگەڕێتەوە کۆیە. ماوەیێک لای حاجی قادری مامی دەبێتە کاتب حیسابات. پاشان سالّی (١٩٤٤) بۆ یەکەم جار لە کۆشکەکەی جەمال ئاغای حەویزی چایخانە دادەنێ، دواتر دێتە دوکانەکانی تەنیشت دایەرەی ئیستهلاک بەرامبەر مزگەوتی گەورە، حاجی قادری مامی ڕادیۆیەکی گەورەی بۆ دەکرێت، لەوێ بۆ یەکەم جار خەڵک گوێیان لە ئاهەنگی گۆرانیی تایەر

(مام تۆفیق)ی باوکی هونەرمەند (تایەر تۆفیق) - کۆیە

تۆفیق دەبێت.

سالّی (١٩٥٢) چایخانەکەی دەباتە دوکانەکانی مام ڕەسووڵ و ناوی لێدەنێ گازینۆی لاوان. هاوینان چایخانەکەی لەسەر گۆمی حەمەدبەگ و کانیلە و تەمتەمان دادەنا.

سالّی (١٩٥٥) لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەری بۆ ماوەی (٦) مانگ دەگیرێت و دەنێردرێتە حەپسخانەی هەولێر و کەرکووک هەر لەو سالّە یەکەم تۆمارکەری گۆرانی دەکرێت و بۆ یەکەم جار لە بەغدا ئاهەنگێکی گۆرانی تایەر تۆفیق لە ئوتێل حەکیم تۆمار دەکات.

چەند جارێ تایەر تۆفیق هاتبێتە کۆیە میوانداری کردووە و ئاهەنگی گۆرانییەکانی تۆمار کردووە. سالّی (١٩٧٥) مالّەکەی دەهێنێتە هەولێر و لە هونەرمەند تایەر تۆفیق نزیک دەبێتەوە، ناوە ناو ئاهەنگێکی گۆرانییان لە مالّەکەی کاکە حەمە یا لە مالّی محەمەد کەبابچی یا مالّی باکووری یا لە هاوینە هەوارەکان ساز دەکرد، بەدەیان شریتی گۆرانی ئەو هونەرمەندە نەمرەی لەسەر شریتی گەورە و بچووک تۆمار دەکرد، هەندێکی

چایخانەی حەمە گەمحان و تۆمارگەکەی گرۆندیل
سالانی پەنجاکان - کۆیە

دەدایە کاک ئەمیر محەمەد کەبابچی کە خاوەنی تۆمارگەی «خەیام» بوو. پاشان بوو بە تۆمارگەی «چرا». بەشێک لەشریتەکانی لە ئەرشیفەکەی کاک ئەمیر و کاک جیهانبەخش کۆیی پارێزراون، هەندێکیشی لەگەڵ تۆمارکەرەکە لای مامۆستا حوسێنی حاجی قادری ئامۆزای پارێزراون. لە ڕۆژی (١٩٨٧/١١/٣٠) لە چلەی ماتەمینی هونەرمەندی نەمر تایەر تۆفیق پەردەی لەسەر وێنەیەکی ئەو هونەرمەندە لادا.

سالی (١٩٧٩) دەچێتە بەغدا و بەشێکی لە ئوتێلی سەری ڕەش کرپوە و هەر خۆشی بووەتە کارگێڕی، پاشان بووەتە خاوەنی ئوتێل چنارۆک لە بەغدا... بەڵام چونکە باوکی شەهید ئازادە کە لە (١٩٨٧/١٠/٩) لە گوندی (قەرەنگوێ) بەدەستی ڕژێم شەهید کرا کاکە حەمە ناچار دەبێت بەغدا بەجێ بهێڵێت و ماوەیێک بە نهێنی ژیان دەباتە سەر.

سالی (١٩٩١) لە ئەنجامی بە خەڵووزبوونی سیکڵدانۆچکەی سییەکان تووشی نەخۆشی هەناسە تەنگی دەبێت، چونکە ماوەی (٣٠) ساڵ زیاتر تۆز و دووکەڵی خەڵووزی چایخانەی هەڵمژیبوو. بۆ چارەسەرکردن چووەتە ئەڵمانیا، بەڵام بێسوود بووە.

نەخۆشییەکەی چارەسەری نەبوو تاکو لە ڕۆژی (١٩٩٦/٥/٩) کۆچی دوایی کردووە و لە شاری کۆیە بە خاک سپێردراوە.

حوسێن حاجی قادر
٢٠٠٥/٣/٢٣
(هەولێر)

کاکە حەمە، وەک هاندەری هونەرمەندان، کە ببووە خووێکی گرنگ لەلای، بەدەرفەتی زانی کە تیپی مۆسیقای باواجی دامەزرا، و بەتایبەتیش کە من سەرپەرشتی ئەو تیپە نوێیەرە خنجیلانەم دەکرد، حەزی دەکرد، لەلایەکی دیکەوە تا بکرێ هەوڵ بدات کە بەرهەم و مەقام و گۆرانییەکانی گۆرانیبێژانی ئەوکاتە کە لە ژیاندابوون، بە یارمەتی مۆسیقاکەمان: عوود- کەمان- دەف و تەپڵ و شمشاڵ، بۆهەر یەکێک لەو مەقامبێژانە چەند مەقام و گۆرانییێکیان بۆ تۆمار بکات و لە ئەرشیفەکەی خۆی بیانپارێزێت! ئەوکارەشی دەکرد، نەک هەر سوودێکی مادییان نەبوو بۆی، بەڵکو لەسەر حیسابی باخەڵی خۆی، ئەو مەسرەفەی پێویستبایە، دابینی دەکرد! یەک دوو جار، لەماڵە بچووکەکەی خۆی، ئێمەی کۆ دەکردەوە خواردن، خواردنەوە و شتی پێویستی بۆ ئامادە دەکردین، جا، هونەرمەندانی خوالێخۆشبوو: سێوە، مەلا ئەسعەد، حەمەدەمینی کەبابچی، حەمەدەمینی عەباسی، باقی حەلاق، جەلال جۆبار.. بە گوێرەی دەرفەتیان، ئامادە دەبوون، جا، بەنۆرە.. یەکە یەکە مەقامیان دەگوت، کە دەهاتنە سەر (بەستەکان)، هەموو ئەوانەی لەوێ دەبوون، دەبووینە (کۆرس) و بەزمەکانمان دەگێڕایەوە! چەند جارێکیش لەلای من و شەوێک لە ماڵی کەریمی حەمە مەلا لەسەر دەعوەتی (جەمال)ی کوڕی واتا جەمال کەریمی حەمە مەلا، کە دەکاتە برازای مۆسیقاژەن (کاک وریا ئەحمەد حەمە مەلا).. چونکە جەمال، ئەندامی (باواجی)ش بوو. ئەمە هەمووی لەدوای سالی (١٩٥٧)ەوە تاکو سالی (١٩٦٠-١٩٦١) کە من هاتمە هەولێر، لە کۆیەش، بارودۆخی سیاسی بەرەو ناخۆشی دەچوو، بۆیە ئەم کارە هونەرییانە بەرەو سستی دەچوون و تا لە سالی (١٩٦٣)ی ئینقیلابە شوومەکەی بەعسی گۆڕ بەگۆڕ، دۆخەکە ئاڵۆز بوو..ئەندامانی تیپی باواجیش پەرتوبڵاوبوونەوە.

حەمەش چایخانەکەی هەڵوەشاند و چووە هەولێر و بەغدا... ئیتر وەزعەکە لە دەوری (سوبات) مایەوە..

کاک حەمەی هونەردۆست، جگە لە دەنگی خاڵە تایەر و ئەو ناوانەی لەپێشەوە باسم کردن، لە گۆرانیبێژانی عەرەب، بە پلەی یەکەم عاشقی دەنگی ئوم کەلسووم بوو. ئینجا لە پیاوان «محەمەد عەبدول وەهاب». زۆریشی کەیف بە دەنگی «ئەسمەهان و فەیرووز» دەهات و گۆرانیە بەناوبانگەکانی ئەو هونەرمەندانەی هەموو تۆمارکردبوون و بەشەو و بەڕۆژ لە چایخانەکەی، قەڵەبالغی هەبوو.. خەڵکانێ کە ئەو دەنگانەیان خۆش

دەویست، لەوێ کۆدەبوونەوە و گوێبیستیان دەبوون.

ئەگـــەرچی نـازانم ئەم ناوە یـاخـــود «نـاز ناوە»ی «گەمحان» مانای چییە و چۆن بەناوی (حەمە)دوە لکاوە و کێ بۆ یەکـەم جـار ئاوای بانگ کـردووە، بەڵام ئەوە گرنگ نییـە! من بۆ یەکەم جار لە ڕەحـمەتی (هورمز)م بیـست، بەڵام چونکە، هونەرمـەندی گـەورەشـمـان «تایەر تۆفیقی» نەمر، هەر بەو ناوەی بانگ دەکرد ئیتر منیش لەوەوە فێربووم!

کـاکـە حـەمـە، دوای ئەوەی من گـوازرامـە هەولێـر، لە سـاڵی (١٩٦١)، زوو زوو سـەری لێـدەداین، لە (کـاک تایەر) و من. هەموو نەورۆزێک یان بۆ مـانگی ڕەمەزان، یەک هەفـتـە پێشـتـر، لەکۆیەوە، بەخۆی و بە تۆمارکـەر (مـوسەجیلە) کەی دەهاتە هەولێر. ئینجا چەند شەوێک دەمایەوە: یا لە مـاڵی ئێمە، کە ئەوسا هێشتا لە شار و لەخانوێکی بەکرێ، بەرامبەر خانووە قـوڕەکەی ڕەحمەتی ڕەسـوول گـەردی بووین، کـە دەکـەوتە سـەر شـەقـامـەکـەی (دختۆران)ی ئەمڕۆ.. هێشتا قیڕتاویش نەکرابوو.. خۆڵ و بەردەڵان بوو. لەوێ شـەوێک و لەمـــاڵی کـاک تایەر شەوێک و لە شوێنێکی تر، شەوێک.. بەم جۆرە هەموو شـــەو بۆ یەک دوو ســـەعـــات، گـــۆرانی و مـــەقـــام و بەستەخۆشەکانی تایەر تۆفیقی تۆمار دەکرد. جار جارەش گـۆرانیـێکی منی تۆمـار دەکـرد. مـن گـۆرانی عـەرەبی، بەتایبـەتی ئی (مـحـەمـەد عـەبدولوەهاب)م بۆی تۆمـار کردووە و ئێستا ئەو بەکـرەیە و مـوسەجیلەکەش، لەلای مـامـۆستـا (حـوسێن حـاجی قـادر)ی ئامۆزای (حـەمـە) پارێزراوە و یەک دوو جـار لە تەلەفـۆنەکـەی خـۆی، بۆم دادەنێ و گوێی لێڕادەگرم. لەسەرەتای نەوەدەکان بوو بۆ دواجـار کـاکـە حـەمـەم دیت، لەگـەڵ کـاک حـەمـەدەمـینی عـەباسی، لەبەردەم دوکـانی (باتا)ی ئەوسـا پیـاسـەیان دەکـرد چاک و خـۆشـیم لەگـەڵیـاندا کـرد... ئەوسـا لە یەکـــێک لە ئوتێلەکـــانی نزیک «باغی شـــار»، لە کـۆڵانەکـانی نزیک دەلاڵخـانـە، شـریک بوون. هەروەها زەمانێک لە هەشتاکان لە بەغداش لە بەڕێوەبردنی یەک دوو ئوتێل شـریک بوون. ڕەحـمـەتی کـاک (کـەیفی ئیـسـمـاعـیلیش)، خـاوەن ئوتێلی (کـەیفی) لە گـەڕەکی (کازینۆی موڕەبەعە- لە سەیید سولّتان عەلی) ئەویش، وام زانیوە، لەگەڵیاندا شریک بووە.. خوایان لێ خۆشبێ و ڕەحمەتی خودایان لێ بێ، هەموو ئەوانەی ناوم هێنان و خزمەتی گۆرانی و ئاوازی کوردییان کردووە.

بەسەر هێڵی سەڵت و هەستە دەروونییەکانەوە

بە بۆنەی کرانەوەی پێشانگای هاوبەشی هونەرمەند عەلی دەروێش و ئەحمەد حەسەن سەفار

وریا بوداغی
(کوردستانی ئێران)

کاتێک کە بەرهەمێکی هونەری دێتە وێناکردن، جیا لەو ڕەگەزانەی کە بەکاربراون و سەرنجڕاکێشن، بابەتی بەرهەمیش بەشێکی گرنگ و بەرچاوی ئەو بەرهەمەیە. لە هەر حاڵدا بابەت، داوێنگیری زۆرینەی ئیشە هونەرییەکان دەبێ و تەنانەت ئەگەر بەرهەمێک بەڕەو سەڵت بوونیش چووبێت، بابەت ڕۆڵی ئەکتیف بوونی خۆی بە ڕەنگ و تۆنە ڕەنگییەکان دەگێڕێ و هەستە تایبەتییەکانی وێنا دەکات.

هونەرمەند عەلی دەروێش و ئەحمەد حەسەن سەفار لە پێشانگایەکی هاوبەشدا کە ماوەیەک لەمەوبەر لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەڕێوە چوو، بە کۆمەڵێک تابلۆ، بەتایبەت بەم شێوازەی عەلی دەروێش کاری پێکردبوو، واقیعە نالەبار و دڵتەزێنەکانیان وێنا کرد و لەسەر ئەم واقیعە دەردناکە کە پێوەندی بە شاری کەرکووکەوە بوو، بەرهەمگەلێکی بەپێزیان نیشان دا، هەرچەندە بەرهەمی هەر کام لەم دوو هونەرمەندە، لە ڕووی تەکنیک و بەکارهێنان و شێواز و کەرەسە جیاوازبوون.

هونەرمەند عەلی دەروێش کە وەک کاریکاتێریست ناسراوە و لەم بوارەشدا بەرهەمەکانی لەسەر واقیعی ڕۆژانە و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان دەدوێ و وێناکردنێکی ڕەخنەگرانەیە و هەر بەم بەرهەمانە قورساییەکی باشی خستۆتە سەر هونەری کاریکاتێری کوردی و شوێن پەنجەی داناوە، ئەم جارەیان بە ڕەنگ، لە هەوڵی وێناکردنی بابەتەکانی دابوو و ئەم وێناکردنەی ئەم جارەشی، پێوەندی هەبوو بە ژیانی مرۆڤ-ی کورد لە شاری کەرکووک و ئەم دۆخە نالەبارەی کە سالانێک تێیدا ژیاوە و بەشێوازێکی ئیکسپێرسیۆنیزم بابەتی ئەم جارەی کەرکووکی وێنا کرد.

دیارە عەلی دەروێش هەر لە سەرەتاوە بابەتی بۆ تابلۆکان هەڵبژاردبوو و جۆری هەڵبژاردنەکەشی پێوەندی بە جۆری هەڵبژاردنی کەرەسەوە هەبوو و مەبەستە سەرەکییەکانی عەلی دەروێش بەهەر جۆرێک و تا هەر ڕادەیەک بێت، وێناکردنی ڕاستییەکانی شاری کەرکووکە و لە ئاکامدا بەپێی ئیش و بەرهەمەکانی، کەرکووک بەرەو ئاوەدانی دەچێتەوە.

هونەرمەند لەو بەشە لە تابلۆکانیدا کە بەشێوازێکی ئیکسپێرسیۆنیزم کاری کردبوو، لە جێی قوماش، لە کارتۆن (کاغەزی ڕەق) کەڵکی وەرگرتبوو و لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا لە کەرەسەی جۆراوجۆر بۆ دەرخستنی بابەت کەڵکی وەرگرتبوو و بەهارمۆنییەکی باش ئیشەکان بەڕێوە چووبوون، ئەم بەرهەمانە کە باس لە ڕەنج و مەینەتەکانی مرۆڤی کورد لە شاری کەرکووک دەکا، بە کەرەسەگەلێکی وەک: ڕۆترینگ و پاستێل و هەروەها لە

تابلۆی هونەرمەند «ئەحمەد حەسەن سەفار»

ڕەنگی تریش کەڵکی وەرگرتبوو. هێڵ لە زۆرینەی تابلۆکاندا بە چەشنێکی توند و زبر و تووڕە بەکار هاتبوو و بەپێی هەستی ناخۆشی دەروونی هونەرمەند زەبری تایبەت لێدرابوو.

مرۆڤی بەرهەمەکانی عەلی دەرویش، مرۆڤێکی حەساوە نییە و مرۆڤێک نییە کە لە ئارامییەکی تەواودا بژی. ترس سەراپای جەستە و لەشی مرۆڤی داگرتووە و پۆرتریتەکانی نیشاندەری ئەوپەڕی بێچارەیی و ئاوارەیی ئەم مرۆڤانەیە و هەر کات عەلی دەرویش جەخت لەسەر ئەم لایەنانە دەکاتەوە تابلۆکانی بەرەو یەک ڕەنگ دەچن و بە ڕەش و سپی دەگەن. لەنێوان ڕەشایی و سپیایی ئەم تابلۆیانەدا تۆنالیستەیەکی کەم هەیە و لە زۆر شوێندا نییە.

کونتراستی نێوان ڕەش و سپی لەوپەڕی خۆیدایە و هەر کات لەم جۆرە تابلۆیانەدا بابەت و ڕەنگ بەم جۆرە دەرکەوتن، دیارە هونەرمەند هەوڵی داوە، بەتایبەت لەم کونتراستە قورسەدا ئەوپەڕی هەستی خۆی بەسەر بابەتدا زاڵ بکا و دایسەپێنێ و ئەمەش بە مەرجێکە کە بۆ بەردەنگی بەرهەمەکەشی هەر ئەم هەستە دەرکەوێ و پێوەندی لەگەڵدا بگرێ. لە لایەکی تریشەوە فۆرمی مرۆڤەکان، لە فۆرمی ئاسایی و سروشتی خۆیان دەردەچن و لادەدەن.

عەلی دەرویش بەگشتی ئەم واقیعانە وێنا دەکا و زۆرینەی وێناکردنەکان بەرەو سەڵت بوونەوە دەچن و بەجۆری دەربڕینی ئەم بابەتە، هەستی هونەرمەند بەرامبەر ئەم ڕاستییانە و قەزاوەتی لەسەر ئەم واقیع-ە وێنا دەکرێ.

بەشێکی تری ئەم پێشانگایە. تابلۆکانی ئەحمەد حەسەن سەفاری لە خۆ گرتبوو. زۆرینەی بەرهەمەکانی ئەم هونەرمەندە، بەرهەمگەلێکی سەڵت بوون و بەڕەنگی ڕۆن لەسەر قوماش کار کرابوو، بەرهەمگەلێک کە بەگشتی دوور بوون لە شێوە و فۆرمی وێناکراو کە پابەندبێ بە کۆمەڵێک وێنەی سروشتی. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بە گشتی، فەزای پێکهاتووی بەرهەم، لە زۆرینیاندا، فەزایەکی سەڵتە و تەنیا شتێک کە ئەحمەد حەسەن سەفار پشتی پێدەبەستێ ڕەنگە، هەرچەندە جۆری دەربڕین لە بەرهەمدا، لە یەکەم حاڵەت و بینیندا، بەگشتی پانتاییەکی سەڵت و بێ بابەتە، بەڵام بە هێندێک تێڕامان و وردبوونەوە لە تابلۆکان، شتگەلێک دەردەکەوێ، بۆ نموونە: دەکرێت ئاماژە بە دەستە کلیلێک بکرێت کە ڕاستەوخۆ لەسەر تابلۆیەکدا تێکەڵ بە ڕەنگ بووە.

دیارە لێرەدا باس لە کەرەسەیەک دەکا و وێنای دەکا کە بۆ گشت بینەرێک ناسیاوە و مەبەستداریشە، دەستە

تابلۆی هونەرمەند «عەلی دەرویش»

تابلۆی هونەرمەند «عەلی دەرویش»

کلیلێک کە نوقمی ڕەنگی سەر تابلۆ بووە. بۆ قفڵێک بەکارهاتبوو کە وێنا نەکرابوو، ڕەنگە هونەرمەند باوەڕی بە کرانەوەی بازنە دوگم و داخراوەکان بێت. ڕەنگە هەر لە ئەنجامی ئەم دوگم و داخراو بوونەی مرۆڤی دەوروبەردا بێت کە بەرهەمەکانی بە سەڵت دەگەن.

سەڵتخوازی لە بەرهەمەکانی هونەرمەنددا، وێناکردنی ژیانێکی بێڕەنگ و وێنەیە و لە باوەڕی ئەودا ڕەنگە لە ئەنجامی بینینی کۆمەڵێک ڕەگەز و مرۆڤ، بیرکردنەوەی سەڵت یان ژیان و ژینگەیەکی سەڵتەوە بێت و هەر لەوێوە سەری هەڵدابێ.

ئەحمەد حەسەن سەفار لە کاتێکدا سەڵت بەڕێوە دەبات کە ئەو ژیانی لێی دەدوێ بە تەواوی سەڵت بۆتەوە و ڕەگەزە بەهێز و پێکهێنەرەکانی نەتەوەیی (زمان، خاک، سایکۆلۆژی، کولتوور و تەنانەت ناوی نەتەوەش) کەمڕەنگ دەبن و گشت شتە سروشتی و واقیعەکان دادەوەرێن.

لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە وێناکردنە سەڵتەی کە هونەرمەند پشتی پێبەستووە جگە لە تێڕامانێک بۆ شتە ڕاستەقینەکانی دەوروبەر، ڕەنگە تێڕامان بۆ هیچ شتێکی تر نەبێت، یان باشترە بڵێم کە لە ئەنجامی ئەم تێڕامانە بۆ دەوروبەر بەرهەم هاتووە. هەرچەندە لەگەڵ گشت ئەم بەکارهێنان و تێڕامانەیدا هونەرمەند بە باشی باس لەم واقیعە دەکا و پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە چەند بەرهەمێکی ئەحمەد حەسەن سەفار لەم پێشانگایەدا هەڵگری فەزایەکی ئێکسپێرسیۆنیزم بوون و تەنانەت لە چەند تابلۆیەکدا تێکەڵێک لەم دوو شێوازە دروست ببوو (ئێکسپێرسیۆنیزمی سەڵت) و بەتایبەت لەم جۆرەیاندا ئیتر هێڵ خێرایی بەرچاو بەخۆوە دەبینێ و لە ڕووی ڕەنگیشەوە تۆخ بوونەوە و گرژبوونی پێوە دیارە، لە لایەکی ترەوە و لە بەشێکی زۆری تابلۆکاندا ڕەنگەکان تۆخ نین و هێڵیش بەم جۆرە خێرایی تێدا نییە. دیارە ئەمەش پێوەندی بە زەمەنی لەناوچوونی ڕەنگەوە هەیە لە ژیانی دەوروبەری هونەرمەنددا. هەرچەند بەگشتی ڕەنگەکان، تایبەتمەندیی خۆیان بەیەکجاری لە دەست نەداوە و کەمتر بەرەو لەناوچوون و خۆڵەمێشی دەچن، بەڵکو هەر لەسەر بنەمای خۆیان (سارد و گەرم، ڕەنگە تەواو کارەکان، کاڵ و تۆخ بوون) و... تاد، ماونەتەوە.

هونەرمەند کەمتر کاری لەسەر ئەم جۆرە لە سەڵتکاری کردووە کە تەنیا پێوەندی بە هەستەوە بێت، بەڵکو ئەو بە تێڕوانینێکی واقعیانە بۆ دەوروبەری خۆی، لەگەڵ جۆری مەنتقی بوونی بەرهەمەکەشدا هەڵدەکا و لە ئەنجامدا دەکرێ ئەم بەرهەمانە بەسەر دوو جۆردا دابەش کرێن. یەکەم: لەم حاڵەتەدا «بابەت»ی بەرهەمەکە زۆرتر پێوەندی بە ئێلێمێنت و ڕەگەزەکانی سروشتەوە هەیە. دووهەم: لە بەکارهێنانی فڵچە و کەرەسەکانی تر کە زیاتر بۆ نواندن و وێناکردن بەکاردەهێنرێت، هونەرمەند هان دەدا بۆ زیاتر واقیعی بوونەوەی دەوروبەری خۆی و تێڕامانی بۆ ئەم واقیعانە، هەروەها لە حاڵەتی یەکەمدا: بەم تێڕامانە واقیعیانە بۆ دەوروبەر، هەوڵ دراوە کەمتر گرنگی بە هەست بدرێت و بەتایبەت ئەو جۆرە هەستەی کە لۆژیک و مەنتیق دەخاتە ژێر کاریگەری خۆی و لە جۆری دووهەمدا، دیسان کە دەربڕینەکان ڕەها و ڕزگارکراون، لە بایەخی بابەت و قورسایی و ڕێک و پێکی و هارمۆنی کەم نەبۆتەوە و پڕ بایەخیشی کردووە، بۆیە دەکرێت ئەمە ئەنجامێکی باش بێت بۆ ئەم بەرهەمە و دیارە ئەنجامەکەشی لە ڕووی داڕشتنێکی سەرکەوتووانەوە بە دەست هێناوە کە ئەحمەد حەسەن سەفاری بەڕێوەی بردووە.

جۆرەکانی هاوێنە.. کار و تایبەتمەندییەکانیان

ئەدریان هۆلڤوەی
و/ لە ئینگلیزییەوە: فارس سەعدی

(١-٢)

هاوێنە چاوی کامێرایە و گرانی و هەرزانی هەر کامێرایەک بکرێ پابەندە بە جۆری هاوێنەکەی سەری و ئەو کۆمپانیایەی کە لێی دروست کراوە. جوانی وێنەکان و ڕێکیان (٨٠٪)ی دەگەڕێتەوە بۆ باشی و خراپی هاوێنەکە. هاوێنەش زۆر جۆری هەیە، هەریەکەیان جۆرە گۆشەنیگایەک دەبەخشن، بۆیە وێنەگر دەبێ بزانێ وێنەکەی دەیەوێ بگرێت بە چ گۆشەنیگایەک بێت، تا بتوانی ئەو هاوێنەیە بخاتە سەر کامێراکەی کە ئەو گۆشەنیگایەی بداتێ کە دەیەوێ. بۆ زیاتر چوونە نێو جیهانی هاوێنەکان و کار و تایبەتمەندییەکانیان و کوالەتیان، تیشک دەخەینە سەر گشت جۆرەکانیان.

(وەرگێڕ)

هاوێنە

هاوێنەی کامێرا ئەو ڕووناکییەی لە بابەتەکەوە دێت ڕووە و ناوەوەی کامێرای دەکات وێنەکەی لەسەر فیلمی ناو کامێراکە پێکدێنێت. هاوێنە بەگشتی لە توخمێکی یا زیاتری شووشەیی (یا پلاستیکی) پێکهاتووە کە ئەمانە یا تیشک کۆدەکەنەوە یا بلاودەکەنەوە. توخمی تیشکی کۆکەرەوە وێنەیەکی لاواز پەیدا دەکات بۆیە کۆمپانیای دروستکەری هاوێنە، هاوێنەی جۆری تیشک بلاوکەرەوە لە پالێیا دادەنێت بەمەش وێنەی جوانتر و ڕێکتر دروست دەکەن هەرچەندە ئەمە دەبێتە مایەی زیادبوونی نرخەکەی. بەهەر حاڵ زۆری توخمی هاوێنە دەبنە مایەی کاڵکردنی وێنەکە لەبەر ئەوەی لەسەر ڕووی ئەو توخمانە تیشک دەدەنەوە بۆ کەمکردنەوەی ئەم حاڵەتە ئەوا ئەمۆڵشنێکی تایبەتی لە ڕووی هاوێنەکان هەڵدەسوون بەمەش زۆربەی زۆری تیشکەکان ڕووە و ناوەوەی دەکەن و کۆنتراستی وێنەکەش باش دەردەکەوێت. هەرچەندە کوالەتی شووشەی مۆدێرن وایان کردووە ڕۆڵی ئەو ئەمۆڵشنە کەم بێتەوە و بەپێویست نەزانرێ.

جۆرەکانی هاوێنە

بەگشتی سێ جۆر هاوێنەی سەرەکی هەنە. هاوێنەی کامێرای گیرفان (١١٠)وە جۆری کامێرای کۆمپاکتی (٣٥ملم)ی کە لە توخمێک یا دووان پێکهاتووە و چەسپن بە بەدەنی کامێراوە و بواری ئەوە نادەن فۆکەسینگ ئەنجام بدرێ. زۆربەی کامێرای کۆمپاکتی (٣٥) ملیمی کە هاوێنەی چەسپاویان بەسەرەوەیە کە لە دوو توخم یا زیاتر پێکهاتووە، کە دەتوانی فۆکەسینگ لە (١) مەترەوە تا (بێ کۆتایی) ئەنجام بدەی هەندێکیان دەتوانی (فەتحەی) هاوێنەیان بە ڕادەیەکی دیاریکراو ڕێک بخەی.

کامێرای (٣٥) ملیمی و مامناوەندی جۆری (SLR)

واتە تاک هاوێنەی ڕفلێکس کە هاوێنەکانیان دەگۆڕین و لە چەندان توخمی هاوێنە پێکهاتوون بە ئاسانی فۆکەسینگ لە (٠,٣)م تا (بێ کۆتایی) پێ ئەنجام دەدرێ. لەگەڵ ڕێنجێکی زۆری فەتحەی هاوێنە. هەندێک لەم هاوێنانە فەتحەی گەورەی هاوێنەیان هەیە، لێدەگەڕێن ڕووناکیەکی زۆر بچێتە ژوورەوە، هەر بۆیەشە کاری فۆکەسینگ ئاسان دەکەنەوە و بە ئاسانی پێیان ئەنجام دەدرێ. لەو شوێنانەی ڕووناکیان کزە یا نزمە. هەروەها دەتوانی خێرایی داخەری بەرز یا زۆر خێرا بەکاربێنی، بەڵام ئەم جۆرە کوالەتیانە نرخەکانیان زۆر بەرزن.

دووەم تیشکۆ

هاوێنە بەهۆی دووەم تیشکۆیەکەیانەوە دروست دەکرێن. دووەم تیشکۆ دەکاتە ئەو ماوەیەی لەنێوان توخمی دواوەی هاوێنە تا ڕووی فیلمی ناو کامیراکە بە مەرجێک سکێڵی هاوێنە لەسەر (بێ کۆتایی) بێت. دووەم تیشکۆی هاوێنەی ستاندە- بانۆرمالّ بە گوێرەی جۆری کۆمپانیای دروستکەری دەگۆڕێت. ئەم جۆرە هاوێنانە جۆرە بینینێک دەبەخشن کە نزیکە لە بینینی چاوی ئاسایی. زۆر لە وێنەگران کە کامیرا دەکڕن ئەم جۆرە هاوێنانەی لەگەڵدا دەکڕن. هاوێنەی زیادەکی تر بواری ئەوەت دەدەن کەوا بە زۆر ڕێگاو شێواز وێنەیان پێ بگری. هاوێنەی تەلی فۆتۆ وا دەکات بابەتەکە بە گەورەیی دیاربێت بە گۆشەیەکی تەسک وێنەی بگیرێت. ئەم کوالەتیە بواری ئەوەت دەداتێ کە بتوانی لە دوورەوە یا بابەتی دوور وێنەیان بگری یانیش بەشێکی گرنگ لە بابەتەکەت وێنەی بگری. هاوێنەی کاتادایۆپتریک یا (ڕفلێکس) یا ئاوێنەدار لوولەیەکی هاوێنە دێتەوە بار یەکتری و کورتی دەکاتەوە بەمەش هەڵگرتنی ئاسان دەبێت. هاوێنەی واید ئەنگڵ یا گۆشەکراوە بواری ئەوەت دەدا کەوا زۆرترین بابەت لەنزیکەوە لە یەک فریم کۆکەیتەوە، یانیش بتەوێ پێرسپێکتیڤی دراماتیکیت دەست کەوێت هاوێنەی زوومیش دووری تیشکۆیی هەمە جۆرت دەداتێ بەمەش باشترین شێوەی پڕ بە فریمەکەت دەست دەکەوێ بێ ئەوەی خاڵی ڕوانینت بگۆڕی، هەروەها قوواڵیی مەیدانی گونجاویشت دەست دەکەوێ گەر بتەوێ زیاترت دەست کەوێ و هەمەجۆری وەدەست بێنی ئەوا هاوێنەی تریش جۆری تایبەتی وەکو هاوێنەی ماکرۆ بواری وێنەگرتنی لەنزیکەوەت دەدات.



هاوێنە چۆن کاردەکات

هاوێنەی کامیرا تیشکی ڕووناکی بابەتەکە کۆدەکاتەوە و شێوەی بابەتەکە بەخشتی دروست دەکات لەسەر فیلمی ناو کامیراکە. ئەو وێنەیەی بەم شێوەیە دروست بووە بە هەڵگڕاوەیی و بەرەواژ ڕاست بۆ لای چەپ و چەپ بۆ لای ڕاست دەردەچێت. دەتوانرێ ئەم حاڵەتە لەکامیرای مامناوەندی تاک هاوێنەی ڕفلێکس (SLR) بەدی بکەی، بەڵام لە زۆربەی کامیراکانی تردا ئەوا بە ڕاستی و دروستی وێنەکە بەدی دەکرێت. لەمیانی دیارکەری دیمەندا (View- finder). گشت جۆرەکانی هاوێنە بە دووەم تیشکۆکانیانەوە وەسف دەکرێن واتە دووری نێوان دوا هاوێنە تا دەگاتە ڕووی فیلمی ناو کامیراکە.

خشتی

دوو هۆکار (فاکتەر) کۆنترۆڵی «کوالەتی» هاوێنە و خشتی وێنەکە دەکەن. ئەمەش ئەوەیە توانای هاوێنە دەردەخات کەوا وردەکاری بابەتەکە دەربچوێنی و هەروەها هێزی هاوێنەش باشترین وێنە و بەکۆنتراستێکی گونجاو دەربچوێنێ. هاوێنە لە هەردوو ئەم ڕووبەرانە کاری خۆی بە چاکی ئەنجام دەدا کاتێک ئەگەر هاتو وێنەی خشتی گونجاوی ئەنجام دا لەسەر فیلمەکەی ناو کامیرا. هەندێ هاوێنەی هەرزان کڕ وێنەی بەخشتیەکی نایەکسان دەردەچوێنێ. بە تایبەتی تێبینی دەکرێ کاتێک وێنەکە بە گەورەیی چاپ بکەی.



کارتێکردنی فەتحەی هاوێنە

لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا وێنەکە زۆر بەشەوقە، بەڵام قووڵایی مەیدان تا بڵێیی کەمە زۆر قووڵ نییە. تۆ ئەم حاڵەتە بەکاربێنە بۆ فۆکەسینگ «واتە سافکردن». زۆر لە هاوێنەکان بواری ئەوەت دەدەن کەوا لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا فۆکەسینگ ئەنجام بدەی ئینجا لەکاتی وێنەگرتنەکەدا بچووک بێتەوە بۆ ئەو فەتحەیەی کە دات ناوەتەوە بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی. فەتحەی هاوێنە تا بچووکتری بکەیتەوە ئەوا قووڵایی مەیدانی پێ قوواڵتر دەبێت، بەڵام لەبەر ئەوەی فەتحەی زۆر بچووک هاوێنە دیاردەی «دیفراکشن»ی لێ ڕووەدات، دیاربوون و کۆنتراستی لاواز دەبن. هەندێک فەتحەی گەورەتر لە بچووکترین فەتحە وێنەی خشتی گونجاون دەداتێ و، بەڵام هەندێک لە قووڵایی مەیدان کەم دەکاتەوە.

قووڵایی مەیدان

قووڵایی مەیدان ئەو مەودایەی (مسافە)یەی نێوان نزیکترین تا دوورترین خاڵی بابەتەکە کە هاوێنە وێنەیانی بەخشتی دەردەچوێنێت. ئەو مەودایە دەگۆڕێ بە گوێرەی ئەو فەتحەیەی دادەنرێتەوە. لە فەتحەی گەورەی هاوێنەدا قووڵایی مەیدان زۆر کەمە، بەڵام کاتێک فەتحەکە زۆر بچووک کەیتەوە قووڵایی مەیدان بەرەو زیادبوون دەچێت.

سکێڵی قووڵایی مەیدان

ئەگەر هاتو لەمیانی هاوێنەی کامیراوە نەڕوانیتە بابەتەکەت، لەم حاڵەتەدا سکێڵی قووڵایی مەیدان کە لەسەر لوولەکی هاوێنەی کامیراوە نیشان کراوە بەکاربێنە. کە لە شێوەی (f-stop) پلە پلە کراوە. وەک لەسەرەوە دیارە، یەکەمجار فۆکەسینگ ئەنجام بدە ئینجا فەتحەی هاوێنە دیاری بکە پاشان ماوەکە لەسەر سکێڵی فۆکەسینگ بخوێنەرەوە، کە ماوەکە کەوتۆتە بەرامبەر ژمارەی (f-stop) کە تۆ دەستنیشانت کردووە نمرەکان ئەوە دیاری دەکەن نزیکترین خاڵ تا دوورترین خاڵ کە نێت (خشت) دەردەچێت.

گۆشەی بینین

گۆشەی بینین، گەورەترین گۆشەیە لەنێوان دوو تیشکی ڕووناکیدا کە لەمیانی هاوێنەدا ڕەت دەبن و وێنەیەکی گونجاو دروست دەکەن لەسەر فیلمی ناو کامیرادا. گۆشەی بینین زیاد دەکات تا دووەرە تیشکۆی هاوێنە بچووکتر بێت.

هاوێنەی ستاندەر بۆ (۳۵ملم)

بەپێناسەکردنێکی ورد، هاوێنەی ستاندەر بۆ (۳۵ملم)ی دووەرە تیشکۆییەکی هەیە کە بە قەدەر ژێی فیلمی (۳۵)ملمیە. ئەم پێوەرەش دەکاتە (۵۰ملم) هەروەها زۆربەی هاوێنەی کامیرای تاک هاوێنەی

ڕەفلێکس SLR لەم جۆرە هاوێنانە دروست دەکەن، واتە بەم درێژە تیشکۆییە بێت. هەندێکی تر دروست دەکرێن بە درێژی (٥٥ملم) و (٥٨ملم) ئەمانەش بەستاندەر لە قەڵەم دەدرێن. هەروەها هاوێنەی (٣٨)ملم و (٤٠)ملم بەستاندەر دەژمێردرێن بۆ کامیرای کۆمپاکتی (٣٥ملمی) کە ڕوانینی ڕاستەوخۆیان هەیە. ئەم گۆڕانە کەمە کارتێکردنێکی کەمیان لەسەر وێنە هەیە. لەگەڵ ئەوەی هاوێنەی کە دووەم تیشکۆی کورتیان هەیە و بەسەر کامیرای (دایرکت ڤژن)ن واتە کامیرای کۆمپاکتی ٣٥ملیمی لەوەیە گۆشەیەکی بینینی فراوانتریان هەیە لە کامیرای SLR کە هاوێنەی ستاندەریان هەیە یا بەسەرەوەیە. خێرایی یا هێزی هاوێنەکان دەگۆڕێن بەشێوەیەکی دیاریکراو بگرە لە (f-35) لەگەڵ (f-1.2)، بچووکترین فەتحە هاوێنەکان لە (f-16) بۆ (f-22) دەبێت. هاوێنەی ستاندەر بە گشتی نرخەکانیان هەرزانە، وێنەکانیان گونجاو و باشە، هەروەها گەورەیی فەتحەی هاوێنەیان یارمەتی ئەوە دەدەن کەوا لە ڕووناکی کزدا وێنەیان پێ بگیرێ. هاوێنەی ستاندەری مۆدێرن پەرەیان پێدراوە کە بتوانێ لە دووری کەمیش وێنەیان پێ بیگیرێ وەک لە دووری (٠,٥٠)م.

گۆشەی بینین

بە گشتی هاوێنەی ستاندەر گۆشەی بینینی وات دەداتێ کە وەک گۆشەی بینینی چاوی مرۆڤی ئاسایی بێت. هاوێنەی نموونەیی (٥٠ملیمی) خوارەوە، گۆشەی بینینی (٣٥)ە. وێنەی وا دروست دەکات کە بە قەبارەی ئاسایی بابەتەکە دەربکەوێ. ئەم پیرسپێکتیڤە سروشتییەی وای کردووە هاوێنەی ستاندەر زۆر بلاوە بکاو بەناوبانگ بێت بۆ وێنەگرتنی ئاسایی.

خێرایی هاوێنە

دەتوانی هاوێنەی ستاندەر بکرێ کە گەورەترین فەتحەی هاوێنەکەی لە (f-3.5 تا f-1.2) بێت تا گەورەترین فەتحەی هاوێنەکە گەورەتر بێت ئەوا هاوێنەکە هێندە خێراترە. هاوێنەی زۆر خێرا زۆر باشە بەکاربهێنرێ بۆ وێنەگرتنی بەدەستی لەو شوێنانەی ڕووناکیان کزە، چونکە دەتوانی خێراترین خێرایی داخەر بهێنی بەمەش مەترسی ئەوەت نامێنێ وێنەکە لێڵ دەربچێت بەهۆی لەرزینی کامیراوە. بەهۆی هاوێنەی خێراوە دەتوانی خێراییەکی بەرزی داخەر بەکاربێنی بۆ بەستانی جوولە.

قووڵایی مەیدان

دەتوانی قووڵاییەکی فراوانی مەیدانت بەهاوێنەی ستاندەر دەست کەوێ. لە گەورەترین فەتحەی هاوێنەدا دەتوانی فۆکەس وا هەڵبژێری کە وەک هاوێنەی تەلی فۆتۆ بێت.

لەوکاتەی لە بچووکترین فەتحەی هاوێنەدا قووڵاییەکی قوولّی مەیدانت پێ دەبەخشێت کە دەگاتە ئەو قووڵاییەی کە بەهۆی هاوێنەی واید ئەنگڵت دەست دەکەوێ.

هاوێنەی چاو ماسی بۆ (٣٥ملم)

دووەم تیشکۆی لە (١٨)ملم وە تا (٦ملم) کە هی هاوێنەی چاوماسین گۆشەیەکی بینینی وەک چاوی ماسی بەفراوانیت پێ دەبەخشێت لەسەر فیلمی (٣٥) ملیمی وێنەیەکی دراماتیکی چەماوەت پێ دەبەخشێت. ئەم شێواندنە زیاد دەبێت هەر چەندی دووری تیشکۆی هاوێنەکە کەم بێت. قووڵایی مەیدان لە چەند سانتیمێکەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە بێ کۆتایی پێویستیت بەوە نییە فۆکەسینگ ئەنجام بدەی هەندێ هاوێنەی چاو ماسی کۆنترۆڵی دایافرامیان تێدایە لەو کاتەی هەندێکی تر لە جیاتیان ئەوا کۆمەڵە فیلتەرێکی (نیوترال دێنستی) ND لەگەڵیدا بەکار دەهێنرێ بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕووناکی. ئەمانە بەهۆی ڕینگی فەتحە هاوێنەوە بەکاردەهێنرێن. هەندێکیان فلتەراتی ئاساییان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێ کە ڕەنگە سەرەکییەکانیان گرتۆتەخۆ. هەروەها فلتەری (ئەڵترافایۆلیتیش) UV هاوێنەی چاوماسی جۆری تایبەتییە و بۆ بواریکی تەسک بەکاردەهێنرێ واتە بەکارهێنانیان کەمە و نرخەکانیان زۆرگرانە بۆیە بەزۆری وێنەگری پرۆفیشنالّ بەکاریان دێنن بۆیە باشتر وایە لەوانە بە کرێ وەرگری لەجیاتی ئەوەی بیکڕی.

گۆشەی بینین

دیارترین سیفەتی هاوێنەی چاو ماسی گۆشەی بینینەکەیەتی. هاوێنەی (١٨ملیمی) گۆشەیەکی بینینی نزیکەی (١٠٠)ە هەیە لەوکاتەی هاوێنەی (٦ملیمی) گۆشەی بینینی (٢٢٠)ە هەیە. دەبێ زۆر وشیار بیت لەوەی بەشێک لەلاشەت دەرنەچێت لەگەڵ دیمەنەکەدا. لەگەڵ دووەم تیشکۆی کورتدا ئەوا وێنەکە لەشێوەی بازنەیی دەردەچێت، بەڵام دووەم تیشکۆی (١٥) ملیم و (١٨) ملیم شێوەی لاکێشەییت پێ دەبەخشێت لەسەر

فیلمی (۳۵)ملیمی.

هاوێنەی گۆشەکراوە بۆ (۳۵ ملیمی)

گشت ئەو هاوێنانەی دووره تیشکۆیان له هاوێنەی ستاندەر کورتتره (بگره له ۵۰ ملم تا ۳۵ملم) ئەوا پێیان دەگوترێ هاوێنەی گۆشه کراوه (واید ئەنگڵ). له ڕووی پراکتیکەوه بەو هاوێنانه دەگوترێ کە دووره تیشکۆییان دەکەوێته نێوان (۳۵ملم- ۱۵ملم). ئەو کۆمەڵه هاوێنانەی کەدووره تیشکۆیان دەکەوێته نێوان (٦ملم- ۱۷ملم) کە بە دیزاینێکی جیاوزاتر دروست دەکرێن بەناوی هاوێنەی چاو ماسی ناو دەبرێن. ئەو هاوێنانەی کە دەکەونه نێوان (۳۵ملم- ۵۰ملم) کاریگەرێتی گۆشەکراوەی کەمیان هەیه.

هاوێنەی گۆشەکراوه بواری ئەوەت دەدات کەوا بەشێکی زۆرتر لەنێو دیمەنەکەدا جێی ببێتەوه زیاتر وەک لەوەی بەهاوێنەی ستاندەر ئەنجام دەدرێ له هەمان خاڵی ڕوانینەوه. لەگەڵ هاوێنەی (۳۵)ملیمدا ئەم گۆڕانه زۆر ڕوونه، گۆشەی بینین فراوانتر دەبێت هەر چەندە دووره تیشکۆیەکە کورتتر بێت. له دووره تیشکۆی دەوروبەری (۱۵ملم) هاوێنەی گۆشەکراوه تێکەڵ بە هاوێنەی چاوماسی دەبێت، کاریگەرێتیان بە باشی تۆمارکراوه. گۆشەکرانەوەی بینین یارمەتی ئەوەت دەدات له دوورییەکی کەمدا وێنە بگری هەروەها لەو شوێنانەی تەسکن، هەروەها لەو دیمەنانەی گەمارۆدراون و کە بە هاوێنەی ستاندەر ناتوانرێ وێنەیان بگیرێت. کاریگەرییەکی سەرەکی تری هاوێنەی گۆشەکراوه ئەوەیە قووڵایی مەیدانی پێ زیاد دەکرێ. بۆیە دەتوانی وێنەی وای پێ ئەنجام بدەی له فۆرگراندەوه تا دەگاتە بابەت و باکگراوندەکەی بەنێتی (سافی) دەربچوێنی. له هەمان کاتدا گەمارۆدرانی دیمەنەکە فراوانتر دەکات بەتایبەتی لەنێوان فۆرگراوندو باکگراوندەکەی. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کەوا ئەو بابەتانەی نزیکن له دەوروبەریان جیا دەکرێنەوه بەشێوەیەکی دەرپەڕیو بەدی دەکرێن. ئەمە بۆ حاڵەتی دیمەنی وەک شانۆیی بەکاربهێنرێ جوانترین دیمەنی (لاند سکێپ) سروشتی پێ ئەنجام بدەی. یانیش وێنەی پۆرترێت بگری لەپاڵ دیمەنێکی سروشتی کە زۆرترین وردەکاری بگرێتەخۆ بەتایبەتی بۆ گرتەی ناو بینا (indoor shots). هەروەها دەتوانی دیمەنی بیناسازی بگری، بەڵام دەبێ وریا بیت لەوەی گرفتی بینا چەمانەوه بۆ ناوەوەت بۆ پەیدا دەکات.

هاوێنەی گۆشەکراوه یەکەم هاوێنەی زیادەکیت بێت بۆ هاوێنەی ستاندەری سەر کامیراکەت. هاوێنەیەکی زۆر باش بکرە کە لەتواناتدا بێت. زۆر له هاوێنەی گۆشەکراوه وێنەی ڕاستەقینه دەشێوێنن، ئەم کاریگەریەتیە ئەوکاتە لەبەرەو زیادبووندا دەبێت هەرچەندی دووره تیشکۆی و نرخەکەی له کەم بوونەوەدابێت. هاوێنەی گۆشەکراوەی هەرزانەکڕ توخمەکانی ناوەوه هێنده ڕاست نەکراونەتەوه تا گرفت و کۆسپەکان لاببات. هاوێنەی (۲۸ملم)ی یا (۲٤ملم)ی هەڵبژێره بۆ بابەتی هەمەجۆری کە نرخەکانیشیان گونجاو بێت.

گۆشەی بینین

هاوێنەی گۆشەکراوه دووره تیشکۆی وای هەیه کە کورتتره له ژێی ئەو فیلمەی بەکاردەهێنرێ (هاوێنەی ۵۰ملم ستاندەری فیلمی «۳۵ملم»ە کە دووره تیشکۆیەکەی بە قەدەر ژێی وێنەکە دەبێت). ئەم کورتکردنەوەی دووره تیشکۆیەی وا دەکات گۆشەی بینینی هاوێنەکە زیاد بکات. بەهاوێنەی (۳۵) ملیمی گۆشەی بینینی نزیکەی (٦۲)ە دەست دەکەوێ لەو کاتەی لەگەڵ هاوێنەی (۱۵)ملیمیدا گۆشەی (۱۱۰)ە دەست دەکەوێ.

قووڵایی مەیدان

لەگەڵ هەمان دووری بابەتەکە بۆ کامیراو لەگەڵ هەمان فەتحەی هاوێنەدا، هاوێنەی گۆشەکراوه قووڵاییەکی مەیدانی زیاترت دەداتێ وەک لەوەی بەهۆی هاوێنەی ستاندەرت دەست دەکەوێ. لەگەڵ هاوێنەی (۱۵ملیم) و (۱۷ملیم) بواری ئەوەت دەدەن وێنەیان پێ بگری بە فەتحەی هاوێنەی (f-5.6 یان f-8) بێ ئەوەی هاوێنەکە فۆکەس بکەی. دەتوانی خێراترین خێرایی داخەر بەکاربێنی لەگەڵ ئەو فەتحانەی ئاماژەیان پێ کرا. بەمەش له لەرزینی کامیرا دوور دەکەوێتەوه، بەڵام دەبێ باشترین قووڵایی مەیدانت لەبیرنەچێ.

دیاربوون

له خاڵی ڕوانینی نزیکەوه دەبینی لەگەڵ هاوێنەی گۆشەکراوەی زۆر فراوان موبالەغه له (فۆرگراوند)دا دەکات، هەروەها موبالەغه له چەمانەوەی هێڵەکان بەرەو ئاسۆ دەکات. لەگەڵ هاوێنەی (۳۵ملیم)یدا کاریگەرێتی

لەگەڵ ئەو بابەتانەی بە گۆشەن یا باریکن دەبێت گەر بکەونە (فۆرگراوند) یانیش هێڵەکان زۆر بەزەقی بچەمێنێتەوە. هاوێنەی (٢٤ملیم)ی قووڵایی بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا زیاد دەکات هەروەها هێڵەکان لەئاسۆدا بزر دەکات یا (لادەبات). هەمان هەردوو کاردانەوەکە ڕوونتر هەست پێدەکرێ کاتێک هاوێنەی گۆشەکراوەتر بەکاربێنی (١٥ملیم و ١٧ملیم)ی.

کوالەتی وێنە

لەگەڵ هاوێنەی هەرزان کڕدا خۆت دوچاری کەمبوونەوەی کۆنتراستی وێنەکە دەکەیتەوە سەرەڕای لاچوونی ڕەونەقی وێنەکە، شێواندنی شێوەی هێلکەیی لە لێواری وێنەکە. لە هەمان سیستەمی کامیراکەت بکڕە یانیش لە فابریکەی تایبەت بە دروستکردنی هاوێنەی هەمەجۆر بکڕە.

سەرچاوە:

Adrian Holloway; The hand book of Photographic Equipent and Techniques, 1981.

ئەکتەر لەنێوان دوو قوتابخانەدا

خوێندنەوەیەک بۆ ئەدای ئەکتەری شانۆی ڕۆمانی و هۆڵەندی

ئەحمەد شەرجی
و/ شۆڕش محەمەد حوسێن
(سلێمانی)

ئەکتەر یەکەی دینامیکی کۆمەڵەیەکی تەواوەتی ئاماژەکانە:

دوو ڕێچکە هەیە بۆ کارکردنی نواندن ئەوانیش (دەروونی و فیزیایی)، ڕێچکەی دەروونی ئەوەیە کە لەناوەوە دەردەپەڕێت، بە کارکردن لەسەر هەستەکان و پێوەندییە تایبەتییەکان لەگەڵ کەسایەتییەکە و ئەندێشە و هوشیاری. ڕێچکەی فیزیاییەکەش کارکردن تیایدا لەسەر شێوەی دەرەکی کەسایەتییەکە بونیاد دەنرێت«۱».

پێدەچێت یەکەم کەسێک کە کاری ئەکتەری دیاری کردبێت (ستانسلاڤسکی) ڕووسی بووبێت، کە هەر ئەو یەکەمین میتۆدی دانا بۆ ئەکتەر تاوەکو لەسەری بڕوات و میتۆدەکەی لە کتێبی (ئامادەکردنی ئەکتەر) و کتێبەکانی تر خستەڕوو، سەبارەت بە ئەکتەری شانۆیی بووە هاوشێوەی کتێبی پیرۆز. کەم تا زۆرێک هەموو قوتابخانە شانۆییەکانیش لە جیهاندا تیۆرەکەی ستانسلاڤسکیان کردە میتۆدێکی خوێندن بۆ فێرخوازەکانیان لەوانەی نواندندا.

پاشان ڕۆڵی (کرۆتۆڤسکی) بەدەرکەوت تاوەکو قسەی خۆی بکات لە تیۆردانان لەپێناوی کاری ئەکتەردا و پێدەچێت ئەو کارەی کرۆتۆڤسکی پۆڵێنی کردی بە دریژایی چەند ساڵێک لە گەڕان لە کاری ئەکتەردا هاوشێوەی هاوکاری ئەو کارانەی ستانسلاڤسکی بێت کە لە ڕۆژگاری خۆیدا پێی هەستا، بەڵکو ئەوە بەدیدەکەین کە کرۆتۆڤسکی زۆرترین تیۆردانەرە گرنگەکانی پاش ستانسلاڤسکییە کە کاریان کردووە لەسەر گەڕان، بۆ بەرەو پێشبردنی هونەری ئەکتەر لە ڕێگەی لابۆرەکەیی ئەکتەری خستە ژێر ئەزموونێک کە لە هونەری نواندندا خستیە ڕوو و بە کۆمەڵێک لە لێکۆڵینەوە و مانیفێست و نووسراوی تیۆری گرنگ پاڵپشتی لێکرد لە پێناوی پشتگیریکردنی بۆچوونەکانی سەبارەت بە گرنگیدان بە تەکنیکی ئەکتەر و کارکردن لەسەر بەرەوپێش بردنی ئامرازە ئەداییەکانی لە ڕێی تیۆرەکەیەوە کە ناوی نا (شانۆی هەژار). کە تیایدا دەیویست جەخت بخاتە سەر گرنگی ئەکتەر لە نمایشی شانۆیی و ئەکتەریش تاکە بنچینەی شانۆیە کە ناتوانرێ هەرگیز دەستبەرداری بین. هەر ئەویشە کە دەڵێت: (بناغەی شانۆ ئەکتەرە و ئەو شتەی ئەو پێی هەڵدەستێ ئێمە ناتوانین ئەنجامی بدەین«۲»، چونکە ئێمە دەتوانین دەستبەرداری دەرهێنەر و دەق و مۆسیقا و مێکیاژ و...تاد ببینەوە لەم بنچینانەی تری نمایشی شانۆیی).

ئەکتەر ئەو جادووگەرە جوانەیە کە تەنانەت هەرگیز ناتوانین دەستبەرداری پەنجەیەکی ببین، چونکە گرنگترین شتە لە نمایشی شانۆیی و ئەوە کە هەڵدەستێ بە گەیاندنی گوتارەکەمان بە ئەوی تر، جا ئەم گوتارە بینراو بێت لە ڕێی جەستەوە یاخود بیستراو بێت لەڕێی قسەوە.

ئەو شتەش کە زیاتر پاڵپشتی لە بۆچوونەکانمان دەکات لە هەمبەر دەرهێنەری پۆڵێنی (کرۆتۆڤسکی) ئەو

وتەیەیە کە دەرهێنەری ئینگلیزی (پیتەر بروک) لە بارەیەوە دەڵێت: (کرۆتۆفسکی بێ هاوتایە.. بۆچی؟ چونکە بەپێی زانیارییەکانم، لە ستانسلاڤسکییەوە هیچ کەسێک هێندەی ئەو لە جیهاندا لە سروشتی نواندن و ڕوخسارەکانی و مانا و سروشت و زانستی پرۆسە فکری و جەستەیی و هەستییەکان لەسەر ئەو لایەنە قوواڵە تەواوەتیەی نەکۆڵیوەتەوە کە کرۆتۆفسکی پێی هەستاوە)«٣». پێدەچێت هاندەری یەکەم بۆ بەخەبەرهێنانی هۆشیارییەکانی ئەکتەر لەسەر تەختەی شانۆ بانگکردنی هەستە یادەوەری- (الذاکرة العاطفیة) بێت کە پڕ لە هۆشیاری و هەست و سۆزە و لەپاشان ئاسانکاری بۆ ئەکتەر دەکات کە کۆمەڵێ هۆشیاری پێشینە بهێنێتەوە یاد کە لە بانکی هەستەکانیدا عەمباری کردووە و لە هەر ساتێکدا بیەوێت لە کاتی نمایشی شانۆییدا بەدەستی دەهێنێت. هەروەک ستانسلاڤسکی دەڵێت، بەڵام ئەوەی بۆ ئاشکرا بوو کە هەستە یادەوەری ساتی هەنووکەییە و هەندێک جار دێت و هەندێ جاری تر ون دەبێت، هەر بۆیە پەنای بردە بەر کرداری یارمەتیدەرەکان و هەستەوەرەکان.

ئەوە بەدی دەکەین کە گرنگترین شتێک کە تیۆرەکەی ستانسلاڤسکی دۆزییەوە بریتی بوو لە (ئەگەری ئەفسووناوی) ئەم (ئەگەرەش) لەڕێی ڕووبەڕووکردنەوەی ئەکتەر بەپرسیارێک لەخۆی کاردەکات.

ئایا چی بکەم ئەگەر من لە جێی ئەو کەسایەتییەدا بوومایە؟ ئایا پەرچەکردارم چی دەبوو لەبەرامبەر ئەم ڕووداوە؟ ئەی ئەگەر پزیشکێک بوومایە؟ لەم حاڵەتەدا چی بکەم؟ بەم جۆرەش پرسیارەکانی ئەکتەر لەخۆی لەڕێی (ئەگەری ئەفسووناوی)یەوە بەردەوام دەبێت، ستانسلاڤسکی سەر بە گرنگترین قوتابخانە شانۆییەکانی جیهانە، بەڵکو یەکێک بووە لە دامەزرێنەرە گرنگەکانی قوتابخانەی شانۆی ڕووسی و کە لە پاشان بنچینەکانی لەسەر زۆربەی قوتابخانە شانۆییەکانی جیهاندا جێگیربوو، بەڵکو تا هەنووکەش کاریگەرییەکانی هەر ماون، ئەمە دەروازەی خوێندنەوەمان بوو بۆ ئەدای ئەکتەری شانۆیی لە دوو قوتابخانەدا کە ئەوانیش قوتابخانەی ئەوروپای ڕۆژهەڵات کە مۆسکۆ ئاڵاهەڵگری نوێگەری و تیۆرداناانی کرد تیایدا و قوتابخانەکەی تریش ئەوروپای ڕۆژئاوایە کە خاوەن ئەو ئەفسوونە نییە کە بەشە ڕۆژهەڵاتییەکەی هەڵگریەتی. ئەکتەری ڕۆمانی و ئەکتەری هۆڵەندیش نموونەی ئەم خوێندنەوەمانە، ئامانجمان بریتییە لە جیاکردنەوەی نێوان ئەدای ئەکتەر لە قوتابخانەی ڕۆژهەڵات کە خۆی لە ڕۆمانیا دەنوێنێ لەگەڵ قوتابخانەی ڕۆژئاوا کە خۆی لە هۆڵەندا دەبینێتەوە.

لە ڕێی بینینی کۆمەڵێک لە نمایشی شانۆیی لە بۆخارستی پایتەختی ڕۆمانیای سۆسیالیستی پێشوو و نمایشی شانۆیی هۆڵەندی لە چەند شارێکی هۆڵەندا ئەوەم بەدیکرد کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئەو دوو نمایشە (مەبەستم ڕۆمانی و هۆڵەندی) هەیە و لە هەواداری بزاڤی شانۆییش شاراوە نییە، ئەم جیاوازییە هونەرییەی نێوان ئەم دوو قوتابخانەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە بۆخارست یەکێک لە گرنگترین گۆڕەپانە شانۆییەکانی ئەوروپا دەنوێنێت و قوتابییەکی گەورەی پایتەختی یەکەمی هونەرە لە جیهاندا کە (مۆسکۆیە) و هەروەها بۆخارست قورسایی گرنگ لە ژیانی هونەری پێکهێنەری دەوڵەتە سۆسیالیستییەکانی پێشوو کە مۆسکۆ قیبلە پیرۆزەکەی بوو دەنوێنێت، زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین کە زۆربەی شۆڕشەکانی هونەر لەژێر پاڵتۆی ڕووسیدا دەرپەڕیوە، نمایشی شانۆیی ڕۆمانیمان وا بینیەوە کە لە گەڕانێکی بەردەوامدایە لەسەرجەم هونەرە شانۆییەکان بە ڕووناکی و دیکۆریشەوە، وەک ئەوەی بیانەوێ بەمە هەمان ئەو شتە بەرهەم بهێننەوە کە مایرهۆڵد کردی ئەوکاتەی بۆ یەکەم جار پەڵەی ڕووناکی جیاکەرەوەی بۆ تاکە ئەکتەر بەکارهێنا لە نمایشی شانۆیی کە لەوە و پێشتر نەزانراو بوو، کەسیش بەکاری نەهێنابوو، لە هەموشی گرنگتر بریتییە لە سەرقاڵبوونی هەمیشەییان بە ئەکتەر بەو پێیەی گرنگترین بنچینەی گەمە شانۆییەکەیە. ئەکتەر لە نمایشی ڕۆمانی (ڕۆمانیا) ئەکتەرێکی داهێنەر و پشکنیارە و ڕۆژانە بەدوای فۆرمێکی تر دەگەڕێت و وەک ئەوەی بچێتە نێو گەمەیەک لەگەڵ بینەردا و ئایا ئەمشەو دەتوانێ بمناسێتەوە؟ هەر ئەم گەمەیەش وای لێکرد لە گەڕانێکی بەردەوامدا بێت و هەدا نەگرێت. ئەمە ئەو شتەبوو کە لە نمایشی شانۆیی (قەرەج)ی پۆشکیندا دەرکم پێکرد. ئەم نمایشەش هی دەرهێنەرێکی گەنج بوو و ئەم گەنجەش نمایشە ئەفسووناوییەکەی لەنێو تەویلەی ئەسپ یاخود لەوەڕگەی بەرازەکان پێشکەش کرد. دەرهێنەر بەدوای فۆرمێکی تردا دەگەڕا بۆ (قەرەج)ەکەی پۆشکین.

دەرهێنەر لە ڕێی کۆمەڵێک ئەکتەرەوە بەرەو ناواخنی گەمە شانۆییەکەیان پەلکێشیان کردین بە واتایەکی تر بەرەو جیهانەکەیان (جیهانی قەرەج) کە ژیانێکی پڕاوپڕ لە بێهوودەیی و نابەرپرسیاریەتی و ژیانێک لە پێناوی یەک ڕۆژدا و بەیانی ئەوکاتەی ڕۆژ هەڵدێت بێگومان

ڕۆژێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت کە هەڵگری کۆمەڵێ شتی نوێیە.

مەبەستی ئەم گەواهیدانەمان ئەوەیە کە دەرهێنەر چوارچێوەی گشتی یاخود فۆرمی گشتی نمایشە شانۆییەکەی دۆزیبۆوە لە ڕێی ئەو ڕوانین و خوێندنەوانەی کە بۆ دەقەکەی پۆشکین کردبووی و پاشان ڕۆڵی ئەکتەری داهێنەر و پشکنیار هات «کە ئەکتەر خاوەنی خوێندنەوەی دووەمی دەقی ئەدەبییە لە دوای دەرهێنەر» تاوەکو ڕوانینێکی تر بۆ ئەدای خۆی لە نمایشەکە پێک بهێنێت و بەمەش ڕوانین و ئەندێشەکانی ئیزافە بکاتە سەر بەرهەمەکە. ئەم خوێندنەوەیەی ئەکتەر هەڵگری زۆرێک لە ئەفسوونە کە ئەکتەر بەهۆیەوە سەرسامان دەکات لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام ئەم ئەفسوونە لەسەر توانایی ئەکتەر ڕادەوەستێ، بە واتایەکی تر ئەم ئەفسوونە لەسەر ئەو هەوڵە پشکنیارە ڕادەوەستێ کە ئەکتەر لەسەر ڕۆڵەکەی دەیکات و لە دۆزینەوەی مێژوویەکی گرنگانەیی بۆ کەسایەتییەکە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی تۆڕی پێوەندییەکانی لەگەڵ کەسایەتییەکانی تردا.

ئەم گەڕانە هەمیشەییە بە لایەنەکانی کەسێتی بە واتای ئەوەیە کە کار بە عەقڵی ناوەکی کەسایەتییەکە دەکات، ئەو شتانەش بەرجەستە ناکات کە نووسەر یاخود دەرهێنەر بەسەریدا دەدات، هەر بۆیە گوێمان لێدەبێت لەسەر شانۆ دەڵێت «ئاه»، بەڵام ئەم (ئاخ هەڵکێشان)ە لە ڕۆژانە و ژیانی کەسە ئاساییەکاندا گوێمان لێ نەبووە، لە ڕۆژانەی خۆماندا (ئاهێک) دەبیستین کە هەموان بەتاکە شێوەیەک و بەیەک ڕێگە دەربدەبڕن، بەڵام ئەوکاتەی لەگەڵ ئەم «ئاهە» دەگوێزینەوە بۆ شانۆ پێویستە لەسەرمان لە هۆکارەکانی ئەم (ئاهە) بکۆڵینەوە و ڕۆبچینە نێو واتای ناوەکی وشەکە. ئەم هەوڵە زانستییە لەسەر کەسایەتی ئەو شتەیە کە ئەکتەر لە نمایشی شانۆی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی (ئەگەر بشێت وا ناوی ببەین) جیادەکاتەوە.

بێگومان کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی هۆڵەندیشمان بینی کە خاوەن چێژ و سوودمەندی بوون و ئەکتەری هۆڵەندی خاوەن توانا و ئەفراندنێکی باشە و ئەکتەری باش و گەورەی تێدایە، بەڵام ئێمە قسە لەسەر شێوازی گەڕانی ئەکتەر دەکەین بۆ ڕۆڵەکەی یاخود ئەو کەسایەتییەی کە ڕۆڵی دەبینێت و تا چەند توانای زانستی خەرج دەکات لەسەر کەسایەتییەکەی لەڕێی لێکۆڵینەوەکەمان ئەوە بەدی دەکەین کە توانایی گەڕان لە نمایشی شانۆی هۆڵەندیدا گەڕانێکی شکڵییە بە واتای ئەوەی بە تەنیا لەشکڵی شانۆییدایە، ئەمەش ئەو شتەیە کە لە زۆربەی نمایشەکاندا (ئەوانەی کە هەڵی بینینمان بۆ ڕەخسا) درکمان پێکرد و کە زۆربەشیان هی گرنگترین تیپە شانۆییەکانی هۆڵەندا بوون، لەوانەش تیپی شانۆی ئەمستردام کە خاوەن گەورەترین توانایی مادەی و مرۆییە. ئەکتەری هۆڵەندی وەک هاوتا ڕۆمانیەکەی ئەکتەرێکی گەڕیدە و پشکنەر نەبوو، بەڵکو ئەکتەرێکی تەقلیدی کڵێشەیی بوو، قوتابییەکی کۆنی وانە یەکەمینەکانی هونەری نواندن و مامۆستای یەکەم (ستانسلاڤسکی) بوو، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ستانسلاڤسکی ئەکتەرێکی بلیمەت بوو؟ ئایا لەگرنگترین ئەکتەرە ڕووسییەکانی ئەو قۆناغە بوو کە قۆناغی شۆڕشی هونەری بوو لە مۆسکۆ؟ لە پاشان پێویست بەوە دەکات هەموو ئەکتەرێک لەناوچەکانی جیهان تەقلیدی بکەنەوە و بەپێی تیۆرەکەی لە هونەری نواندنا بڕۆن بەڕێوە، هەروەها دەپرسین بۆچی خێرخوازانی هونەری نواندن، ئەکتەری گریکی (سیلسبس) وەرناگرن کە یەکەمین کەس بوو کە ئەکتەری ناساند ئەویش لە ڕێی گەشتەکانی بەگالیسکەکەیی و نمایشکردنی شانۆییەکانی و پاشان ئەکتەرێکی تری بۆ نمایشەکانی زیاد کرد و دواتر ئەسخیلیۆس ئەکتەری دووەم و سۆفۆکلیس ئەکتەری سێیەمی زیاد کرد تاوەکو دایەلۆگ بکات لەگەڵ کۆرسدا کە لەدوای ئەم زیادکردنانە ڕێژەی کۆرس بەرەو کەمبوونەوە چوو.

هەنووکەش دەچینە لای گوتەی تیۆردانەری پۆڵۆنی و خاوەن تیۆری شانۆی (هەژار)- کرۆتۆڤسکی، بەرامبەر تیۆردانەری یەکەمی هونەری نواندن (ستانسلاڤسکی) وتی: (ستانسلاڤسکی ئەکتەرێکی داهێنەر نەبوو و جەستەشی لە گەنجێتیدا جوان بوو، بەڵام ڕەق هەڵاتوو بوو، هەموو شتێک تەنانەت سادەترین ئەو شتانەی کە زۆرێک لە ئەکتەرەکان دەیانتوانی ڕاگوزاریانە پێی هەستن، دۆزەخێک لە تەکنیک بوو بۆی، ئەو مرۆڤێکی ناداهێنەر بوو یاخود داهێنانی زۆر سنووردار بوو، هەر بەم هۆیەش بەدیاریکراوی ڕێچکەکەی هەڵێنجا، هەموو ڕێچکە و لێکۆڵینەوەکانی ستانسلاڤسکی بۆ هونەری ئەکتەر وای لێکرد کە ئەکتەرێکی بلیمەتی لێ دروست بکات).«٤»

مەبەستمان لەم قسانە ئەوەیە ئەکتەری هۆڵەندی ئەکتەرێکی داهێنەر و پشکنەر نییە لە فۆرمی نواندنی تایبەت بەخۆی. کەواتە ئەو جۆرە ئەکتەرەی کە داهێنەر و پشکنەر، ئێمە لە زۆربەی نمایشەکانی شانۆی هۆڵەندیدا بەدیمان نەکرد، ڕاستە ژمارەیەک ئەکتەری باش هەیە،

بەڵام ئەوانە خاوەن ئەو ئەفسوونە نین کە لەلای ئەکتەری ڕۆمانی بینیمان و ئامادەبوونی هەیە.

ئەم بۆچوونەشمان لەڕێی نمایشە گرنگەکانی تیپی شانۆی ئەمستردام وەک (شالیر، بازرگانی ڤینیسا و ئۆتێللۆ و هاملێت) دروست بوو لەگەڵ کۆمەڵێک نمایشی شانۆیی تری چەند تیپێکی زۆری تر.

لەسەرجەمی ئەمانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە دەرهێنەر تاکە هێزی بااڵدەستە لە نمایشی شانۆی هۆڵەندی و هەر ئەویشە بەدوای فۆرمێکی جیاواز بۆ نمایشە شانۆییەکەی ئەرک دەکێشێت، تەنانەت سینۆگرافیا خاوەن ئەو سەرسامییە نەبوو کە لە نمایشەکانی شانۆی ڕۆمانیدا بەدیمان کرد. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هۆڵەندییەکان خاوەن تەکنەلۆژیایەکی گەشەسەندوون، بەڵام لە نمایشەکانی شانۆی هۆڵەندیدا درکمان بە سوود بینین لەم تەکنەلۆژیایە و تەکنیکی ڕووناکی نەکرد، بەڵکو نمایشەکەمان وابینی وەک ئەوەی هۆڵی شایی ڕازاوە بە ڕەنگی سپی و وەک ئەوەی شەقام یاخود باخچەی گشتی بێت و بێگومان ئەمەش کاریگەرییەکی سلبی بەسەر گەڕانەکانی دەرهێنەر بەجێدەهێڵێت و لە ڕێی ناهاوسەنگی کردنی لەنێوان تەواوکردنی بنچینەکانی تری نمایشە شانۆییەکەی ماندووبوونەکانی بەهەدەردەدات، چونکە نمایشی شانۆیی هاوچەرخ پێویستە بنچینەکانی تەواوکاری یەکتربن. وەک ڕووناکی و مۆسیقا و جل و بەرگ و ماکیاژ، وەک چۆن (دکتۆر سەڵاح قەسەب)یش دەڵێت: نەخشەکێشی سینۆگرافیا دەرهێنەرێکی تری نمایشی شانۆییە.

پەراوێزەکان:

١- كير إيلام، سيمياء المسرح والدراما، ترجمة: رئيف كرم- بنكەی ڕۆشنبیری عەرەبی (بەیروت- کۆشکی سپی- ١٩٩٢).

٢- جيرزی كروتووڤسكی- نحو مسرح فقير- ترجمة: د. كمال قاسم نادر دار شؤون الثقافة العامة- وزارة الثقافة العراقية، (١٩٨٦).

٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو.

٤- أناتولی فاسيليف، أخبار اليوم الرابع عشر، ترجمة: عبدالهادي الراوي.

شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا

لێدوانی: کامەران سوبحان (سلێمانی)

ئەم ناونیشانە ناوی کتێبێکی (١٦٠) لاپەڕییە و لەلایەن بورهان قەرەداغی شانۆکارەوە نووسراوە و لە ساڵی (٢٠٠٤) لە سلێمانی چاپکراوە، نووسینی من لەسەر ئەم کتێبە ڕەنگە لە چەند لایەنێکەوە مایەی سەرنج و بایەخ بێت، کە گرنگترینیان ڕەنگە بۆ ئەو بۆشاییە گەورەیە بگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەداخەوە دەڵێم نووسین و کتێب لە هونەری شانۆدا بە ڕێڕەوێکی زۆر خامۆشدا دەڕوات و ڕەنگە ئەم خامۆشییەش پەیوەست بێت بەو بێدەنگییەی کە سەرجەم لایەنە ڕۆشنبیری و مەعریفییەکانمانی گرتبێتەوە، بۆیە ئەم کتێبە لەگەڵ ئەوەی ماویەتی بۆ نووسینی کتێبێکی مەنهەجی و قوواڵ، بەڵام هەمان کات نووسەر تەرحی بابەتێکی کردووە کە لە میژووی شانۆی ئێمەدا مایەی قسە لەسەر کردن و هەڵوێستەیە، بەڵام لێی بێ دەنگین، ئەو چەمکەش ڕەوتی ئەزموونگەرییە کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکانی شانۆی ئێمەدا قسە و باسی لەسەر کراوە و تا هەنوکە هیچ ئاوڕێکی لێ نەدراوەتەوە.

گەورەترین گرفتی ئەم کتێبە لە تەرحکردنی بابەتەکانیدایە گەر وانەبایە دڵنیام سەنگ و قورسایی گەورەی دەبوو، تەرحکردنیشی لە مەوداو ناونیشانی سەرباس و بابەتی کتێبەکەدایە، کە چەند وتارێکن جگە لە یەکەم وتار کە (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا) و وتاری (شانۆ تابۆیە و جەستە بێزار و شانۆ لە پەراوێزدایە) هیچ وتارێکی تریان کە نزیکەی حەوت بەشی تری کتێبەکەیە پەیوەست نییە بە ناوەرۆکەوە، لەوانە (سەمای میللی و چ هونەرێکمان دەوێ و خەونی گورگەکان و بەزەخرەفەکردنی جوولّە.. تاد) کە ئەمانە کۆمەڵە وتارێکن لەم کتێبەدا ناچنە ئەو شارێگەی کە ئەم کتێبەی لە پێناودا نووسراوە. ڕەنگە یەکەم وتاری کتێبەکە (شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا) کە دواتر بۆتە ناوی کتێبەکە بەس بووبێت بۆ ئەوەی نووسەر هەڵوێستە لەسەر ئەم لایەنە و ڕەوتی ئەزموونگەری بکات لە شانۆی کوردیدا... بۆ ئێمەی نەوەی ئەم قۆناغەی شانۆی کوردی ڕەنگە حاڵەتێکی تەندروست بێت کە بمانەوێت لەسەر ڕەوت و ئەزموونی ڕابردوو قسە بکەین، بەتایبەتی (بورهان قەرەداغی)یش بە جورئەتێکی گەورەوە پەردە لەسەر ئەو ڕابردووە لائەدات، بەڵام من پێم وایە ئەم کتێبە پێویستی بەچاپی تر هەیە و هەروەک ئەوەی یەکەم چاپی کتێب بۆ ئەوەیە نووسەر سەرنج و تێبینییەکانی خەڵکانی تر وەرگرێت و لەچاپی دووەمدا ئەوەبێت کە خۆی دەیەوێت و بەو سەرنجانە دەوڵەمەندی بکات، هەرچەندە نووسەر لەپێشەکیەکەیدا ئاماژەیەکی چاکی کردووە کە ئەم کتێبە لە چەند وتارێک پێکهاتووە و میژووی نووسینیان بۆ ساڵانی (١٩٩٧-٢٠٠١) دەگەڕێتەوە

کە نزیکەی (٨) ساڵ بۆ نووسینی بابەتگەلێکی ڕۆژانە ڕەنگە کات و مەودای نووسین و گەرمی وروژاندنی بابەتەکان لە مڕۆدا بەسەربچن، چونکە زیاتر ئەو لەسەر چرکەساتەکانی ڕەوتی شانۆ دواوە کە سێ نموونەی نمایشیشی وەرگرتووە(١) گەر لە یەکەم وێستگەی نووسینەکەمان لەسەر ئەم کتێبە لەسەر ڕەوتی ئەزموونگەری بدوێین. کە دەوڵەمەندترین بابەت و تەوەرەی کتێبەکەی نووسەرە ئەوا ڕەنگە نووسەر بابەتێکی وروژاندبێ یان لە دەرگایەکی دابێت کە پێشتر کەم کەس لێیدابێت. ئایا ئێمەی شانۆکاران هیچ ڕۆژ پرسیارێکمان لەخۆ کردووە؟ ئەزموونگەرەکان کێ بوون؟ پەیامی ئەوان بۆ شانۆ چی بوو؟ چ بەرهەم و فۆرمێکی تازەیان بە ڕەوتی شانۆی کوردی پێشکەش کرد؟ نووسەر لە پشتی ئەمانەوە دەیەوێت لە مەودای ئیشکردنی ئەوانەوە درێژبێتەوە بۆ ڕەوتە میژوویەکان و سەرەتا و بنەمای زاراوەکە و دواتر ئیشی خۆی لە ئەزموونەکە بگرێت، بۆیە زۆرجار بورهان لەم نێوەندەدا پەلی هاویشتووە بۆ کەسان و فۆرمی جیاوازتر لە ئەزموونگەری کە ئەو ئەحمەد سالار وەک ناوێکی دیار باس دەکات و ڕەخنە و سەرنجی خۆیشی سەبارەت بە ئەزموونی ئەو دەخاتە ڕوو کە کورتەی بۆچوونەکەی بورهان ئەوەیە کە ئەحمەد سالار ئەو دەق و تێکستانەی لە شیعری شاعیرە کلاسیکییەکانەوە هەڵدەهێنجا و لە نمایشدا گرنگی دابوو بە کەرەستەی مۆزەخانەیی و فۆلکلۆری کوردی و ئەو پێی وایە ئەم هەوڵدانەی سالار زیاتر لە یەکەیەکی فۆلکلۆریدا بوون و بە پەرینەوە بۆ یەکەیەکی شانۆیی و بەوپێیە (جاجم هەر لە جاجم)ە و دەف هەردەفە و بەبێ گۆڕانکاری، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەم مامەڵە کردنەی نووسەر لەگەڵ ئەزموونی سالاردا شکڵێک لەسەر پێیی پێوە دیارە.(٢)

لەوەش بترازێ نووسەر بۆ ئەوەی زیاتر خوێنەر ئاشنا کات بەوەی ئەزموونگەری چییە و چۆن سەری هەڵداوە، سەرەتا لە زاراوەی (ئەزموونگەری EX-PERIMETAI)یەوە دەستی پێکردووە، کە ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی زانستییە و (داروین) لەتیۆری گەشەسەندن (التحول)دا لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا بەکاری هێناوە، بە مەبەستی چەمکی ئازادبوون لە تیۆری کۆن و باوەکان و پەرینەوە لەو چەمکانەوە بۆ چەمکی نوێ و مۆدێرن و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییە زانستییەکان. هەر سەبارەت بە هەمان زاراوە (کلۆد برنارد) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی (پێشەکییەک لە لێکۆڵینەوەی زانستی پزیشکی) زاراوەی ئەزموونگەری بەکارهێنا. ئەمە جگە لەوەی ئەم زاراوەیە لای هونەرمەندە شێوەکاریەکانی وەک (مانیە و مۆنیە) بەکارهاتووە بۆ شێوازێک لە دوورکەوتنەوە و ئازادبوون لە ڕێگەی وێنەگرتنی کۆن و فۆرمە باوەکان و دۆزینەوەی فۆرم و شێوازی نوێ.

ئەم سەرەتا میژوویەی نووسەر خاڵێکی زۆر میتۆدییە و دەبایە تا دوا دێڕی کتێبەکە بەو فۆرمە بچوایە، بەڵام هێنانی چەند وتارێک بۆ ناو کتێبەکە بەدەر لەو تەوەرانەی خۆی زانستی بوونی شێواندووە، بەڵام سەرەتایەکی میژوویی باش چۆتە ناو بابەتەکەوە بریا ئەم تەوەرە درێژ دەکرایەوە بۆ ناو قووڵایی نووسینی کتێبەکەی.

دواتر باس لەو گرووپە شانۆکارە (پڕۆفیشنالآنە) دەکات کە گرووپی ئەزموونگەرییان لە ساڵی (١٩٨٦) لە سلێمانی دامەزراند کە بریتی بوون لە هونەرمەندان [شەماڵ عومەر- کەریم عوسمان- دانا ڕەئووف] کە ئەم گرووپە بە بڕوای من لەو چرکە ساتەدا گرۆتینێکی گەورەیان بەخشی بە ڕەوتی چەقبەستووی ئەو قۆناغەی شانۆی کوردی.

ئەم گرووپە شانبەشانی ئیشکردنە پراکتیکییەکە هێڵێکی تیۆریشیان هەبوو، کە ئەم هێڵە زیاتر کاری لە قووڵایی ئیشکردنی ئەمان ئەکرد لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا جگە لەگرتنی کۆڕ و سیمیناری هونەری لەسلێمانی.

ئەم گرووپە دواتر بوو بە گرووپی (کۆمەڵەی ئەزموونکاران)، شەماڵ عومەر یەکەم تەقەلا و ئەزموونە سەرەتاییەکانی خۆی وەک پرۆژەیەک لە چوارچێوەی کاری ئەزموونگەرییدا پێشکەش کرد، ئەو ئەزموونەش شانۆگەری (غۆرێلا) بوو، کە دەقی نووسەری ئەمریکی (یۆژین ئۆنێل) بوو، ئەم ئەزموونە ئیدی بوو بە سەرەتای ئەو ئەزموونە جوانانەی ئەم گرووپە کە بەو ئاڕاستەیە کاریان دەکرد.

[دانا ڕەئووف] یەکێک لەو گرووپە پێکدەهێنێت سەبارەت بە میژوو مەبەستی ئەزموونگەری دەڵێت: «لە ساڵی (١٩٨٦)دا قۆناغی دووەمی ئەو گفتوگۆ فکری و شانۆییە دەستی پێکرد. ئەم قۆناغەش چارەنووسسازبوو بۆ پرۆژەکەمان لەم ساڵەدا بۆچوونە شانۆییەکەمان لە سنوورەکانی مەسەلە تیۆری و قسە لەسەر کردن چووە دەرەوە یەکەم هەنگاوە پراکتیکییەکانمان هەڵنا، بێگومان سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی ئەو یەکەم تەقەللایە زۆر بە

بەها بوو بۆ بەردەوامی ئەو پرۆژەیە ساڵ و نیوێک بوو قسەمان لەسەر دەکرد، نوشوستی ئەو پرۆژەیەش نوشوستی هەموو پرۆژەکەمان بوو، چونکە ئەزموونگەری پەیامی نوێکردنەوەی هەڵگرتبوو، نوێکردنەوەی شانۆ، عەقڵ، نوێکردنەوەی دیدە هونەرییەکەمان.

بێگومان نوێکردنەوەش، بەتایبەتی نوێکردنەوەی عەقڵ ئەوکاتە دەستەبەر دەبێت، کە جیهانبینی بگۆڕێت و کەرەستە و تێڕوانینەکانیش سەرلەنوێ داڕێژرێتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین، بە ئاشکراو بێ هیچ تەمومژێک، کە ئامادە بوونی زانستییانەی ڕەوتی ئەزموونگەری خستنە کاری ئەقڵێکی نوێ بوو، یەکەم هەنگاوی جیابوونەوە لەگەڵ (ئەوانیتر) واتە عەقڵی (تەقلیدی) بزاڤی شانۆی کوردی جیابوونەوەکانیش بوارەکانی تێگەیشتن، خوێندنەوە، ڕاڤەکردنی گرتەوە. (٣)

من لێرەدا دەپرسم بورهان قەرەداغی چەندێ توانیویەتی کەشفی ئەو دێرانە بکات کە (دانا ڕەئووف) وەک یەکێک لە کارەکتەرە ئەکتیڤەکانی ئەو گرووپە باسی لەو ڕەوتە کردووە؟ تا چەند بورهان توانیویەتی ڕەوتی ئەزموونگەری کوردی بە هەردوو دیوەکەیدا بخوێنێتەوە؟ چ بە دیوی نێگەتیڤ و چ بەدیوی پۆزەتیڤ؟! پێم وایە هەوڵی دابێت ڕەخنەی خۆی لە ئەزموونگەری بگرێت وەک تەوژمێک کە بەکولتوور و نەرێت و ترادسیۆنی ئێمە نامۆیە، کە ئەو پێی وایە، نەک ئەزموونگەری لە بونیادی ڕۆشنبیریمانەوە هەڵنەقوڵاوە، بەڵکو هیچ تیۆر و میتۆدێک ئامادەبوونی دیارنییە کە لە بونیادی ڕۆشنبیریمانەوە سەری هەڵدابێت و گەشەی کردبێت. (٤)

من گەر بمەوێت دیالۆگی ئەم ڕستەیەی بورهان بکەم ڕەنگە لە زۆر تەوەرەدا ڕاستی و حەقیقەتی پێ ببەخشم، بەڵام دواجاریش ئەو کەمەندکێشمان دەکات بۆ ڕەهەند و لایەنێک کە مەبەست و ئامانجی خۆمانی لێوە دوورە کە ئێمە دەمانەوێت سەرنج و مەبەستی خوێنەر و شانۆکار بۆ ئەوە ڕاکێشین کە گفتوگۆ لەسەر ئەم کتێبە بکات لە هەموو لایەنێکەوە.

ڕەنگە ڕەخنەکانی (بورهان) لە ڕەوتی ئەزموونگەری ئەو ڕەوتەی کە لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا هەر هیچ نەبێت هەوڵی داوە بە فۆرمێکی ناباو و ناتەقلیدی کاربکات، ڕەخنەیەکی زیاتر میتا کولتووری بێت بەوەی کە کولتوورێک لە بنەماوە هێزی ئەوەی نەبێت ڕوحی کرانەوە و نوێگەری وەرگرێت، بە شێوازێک هەر قۆناغێک لە قۆناغەکانی نوێخوازی لە ڕەوتی ڕۆشنبیریماندا تووشی جۆرێک لە بێئومێدی هاتووە، ئەمەش ڕەنگە بە پلەی یەکەم لای منیش بۆ ئەو بارودۆخە مێژوویی و کولتوورییە بگەڕێتەوە کە بوونەتە بنەمای کۆنکرێتی عەقڵی ڕۆشنبیریمان بەر لەوەش لە کرۆکی بابەتەکەشدا من پێم وایە (کۆمەڵەی ئەزموونکاران) بە زمانەکەی (دانا ڕەئووف) لە قۆناغێکدا توانیان پرسیاری نوێگەری بکەن با ئەو قۆناغەش لە ڕەوتی شانۆ توانای وەڵامدانەوەی پرسیار و تەرحەکانی ئەوانی نەبووبێت، بەڵام بە ئێستاشەوە بەو هەموو گۆڕانە جۆراوجۆرانە لە ڕەوتی شانۆ کە باس لە قۆناغی هەشتاکان دەکەین ناکرێت ناوی (شەماڵ عومەر و دانا ڕەئووف و کەریم عوسمان) و چەند دەنگێکی تر نەکەین لە ڕەوتی ئەزموونگەرییدا، کە باس لە نمایشەکانیش دەکەین ئەوا [غۆرێللا و خەج و سیامەند] دوو ناوی زۆر دیارن لە زاکیرەی هەموماندا.

دەبایە نووسەر لەو بۆشاییانەی بدایە لەنێو ئەندێشە و کۆنەستی ئەو نەوە نوێیەدا کە هەیە کە هەموو ئەمانە لەبەرچاویان جگە لە تارمایی هیچ شتێکی تر نییە، چونکە نەوەیەک هەیە ئێستا ڕابردوو ناناسێت، نەوەیەک نازانێت لە ڕابردوودا چ گوزەراوە، ڕەنگە ئەمانیش ناحەقیان نەبێت، چونکە کارەکتەری هونەری ئێمە لەئاست باسکردنی ڕابردوو کارەکتەرێکی بۆش و بێ ڕەهەندە، کارەکتەرێکە وا دەزانێت باسکردنی لە ڕابردوو نوستالیژیا و مەرگە، نازانێت دەکرێت لەو ڕابوردووە چەندین فۆرمی نوێی هونەری و چەندین ئەزموون بەرهەم بێنێت، کە ڕەنگە ئەزموونگەریش بەرەنجامی ئەو کارکردنە بێت.

نووسەر مادام ناوی ئەم وتارەی کردۆتە ناوی کتێبەکەی دەبایە ئەم وتارەی لە هەموو وتارەکانی تری پڕ بایەخ و گرنگتر بوایە، کە من پێم وایە ڕاستە ئەم وتارەی نووسەر بابەتێکی وروژاندووە کە ڕەنگە پێشتر کەمتر ئاماژەی پێدرابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا هەناسەیەکی ڕۆژنامەیی یان نووسینی ڕۆژنامەیی پێوە دیارە، دەکرێت لە چاپی دووەمدا (گەر ئیمکان هەبێت) زیاتر ئەم تەوەرەیە لەسەری بڕوات و سەربەستیشە لە بابەتەکانی تر کە لەم کتێبەدا بێت یان نا، بەڵام من وادەزانم دەبێت بەشەکانی تریش کۆی گشتییان لەسەر ئەو مانشێتە بێت کە ئەو کتێبێکی لەسەر نووسیوە، چونکە لەپێناسی ئەو بۆ شانۆکار یان بۆ ئەزموونگەری وەک دوو تەوەرەی سەرەکی دەتوانێت بنەمای بەشەکانی تریان هەر هیچ نەبێت ئاڕاستەی کارکردنی خۆی داڕێژێت.. ئایا ئەو کە باس لە شانۆکاری کورد دەکات، شانۆکاری کورد کێیە؟ ناسینی

ئەو کائینە چۆنە؟ سیما و تایبەتمەندییەکانی کامانەن؟ ئەی کامەیە یۆتۆپیای ئەزموونگەری؟ ئایا (کۆمەڵەی ئەزموونکاران) لە یۆتۆپیادا بوون یان هەوڵی شانۆکاران بەگشتی لەو قۆناغەی شانۆدا؟ بە دڵنیاییەوە ئەم پرسیارانە لە کتێبی (شانۆکاری کورد لە یۆتۆپیای ئەزموونگەریدا) یان لە نووسەری کتێبەکە هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی هەوڵێکی جوانی ڕەخنەیی کە هاوڕێیەکمان ڕەنگە ماوەی دوو ساڵ سەرقاڵی نووسینی بێت، لە هەمان کاتدا پرسیارەکانی ئێمەش تەواوی شتە لاوەکی و نووسینە پەراوێزکارییەکانی ئەم کتێبە هەڵئەداتەوە و زیاتر دەیکاتە کتێبێکی مەنهەجی و زانستی لەسەر لایەنێکی زۆر قووڵی هونەری کە (ئەزموونگەرییە) ئیدی وەک ستایلی کارکردن یان فۆرم و دیدگای هونەری..

ئەگەر بەدیوێکی تریشدا نووسەر مەبەستی بووبێت ئەم کتێبە لە چەند وتارێکدا کۆ بکاتەوە کە پێشتر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردبنەوە بۆ ئەوەی لە فەوتان ڕزگاریان بکات، ئەوا پێم وایە ئەم هەوڵە شتێکی ئاساییە و پێشتریش لە دونیای نووسیندا چ لای خۆمان چ نووسەرە عەرەب و بیانییەکانیش چەندین کتێبی وا هەیە کە دەکرێت ئاماژەیان بۆ بکەین بەتایبەتی هەوڵەکانی (سەمیر سەرحان و نهاد سولەیحە).(٥)

بەڵام ئەوەی لەم کتێبەدا مایەی پرسیار و تێڕامانە قسە کردنە لەسەر ئەزموونگەری و ڕەوتی ئەزموونگەری لە بزووتنەوەی شانۆی کوردیدا بێ گەڕانەوە بۆ ئەساسیات و مەنهەجیەتی ئەو گرووپە کە کاریان کردووە، لێرەشدا نووسەر جگە لەو چەند پەرەگرافەی وتارەکەی سەرەتا بەهیچ شێوەیەک نەگەڕاوەتەوە بۆ ئەو گرووپە شانۆکارانەی کە خۆیان بە ئەزموونگەرییەوە سەرقاڵ کرد، لە باشترین حاڵەتدا دەبایە هەر هیچ نەبایە بگەڕایەتەوە بۆ ئەو کتێبەی شانۆکار و لێکۆڵیار (دانا ڕەئووف) بەناوی (گوتاری ئەزموونگەری لە ڕەوتی شانۆی کوردیدا)، کە لە سوید ساڵی (١٩٩٥) چاپی کردووە. لە کتێبخانەکانی ئێرەش هەن، بە بۆچوونی من بێ چاو خشاندن بەم کتێبەدا قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغەی شانۆ مایەی نەنگی و لاوازییە هەروەک ئەوەی ئەم قۆناغە بە تایبەتی لە هەوڵەکانی دانادا بە دوور و درێژی تێڕەی ئەو قۆناغەی شانۆیان کردووە و بە چاوێکی ڕەخنە کارانەوە لە سەرجەم بنەما کولتووری و داب و نەرێت و ترادیسیۆنەکانی کۆمەڵگەدا کاریان کردووە. بەشێوازێک ئەوان وایان دەبینی کە ئەو زاراوەیەی پێی دەڵێن (شانۆی کوردی) لە ڕووی کولتوورێکی دێرینی شانۆییەوە خاوەن هیچ جۆرە تیۆرێکی جوان کاری و بیری تایبەتمەند نییە، تەنانەت لەسەر ئاستی پرۆژە و بازنەیەکی دیاریکراویش، ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری بەسەر گەشەسەندنی پرۆژەی شانۆییەوە هەیە.(٦)

لەم پەرەگرافەوە بە تەواوەتی بۆمان دەردەکەوێت ئەم گرووپە بۆ کاریان کردووە لەسەر بنەمایەک هەنگاویان ناوە، با قۆناغ و کاتێکی دیاریکراویش بێت، گرنگ ئەوەیە ئەو ڕۆژگارانە بە هەمان گرووپی (ڕوانگە) لەپێش خۆیاندا لەلایەنی ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا توانییان پانتایی نووسینی زۆرێک ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان بۆ خۆیان داگیرکەن، بەڵام لە کتێبی (شانۆکاری کورد لە یۆتۆپیای ئەزموونگەریدا)، هەموو ئەمانە ونە، ئێمە نازانین ئەو مەبەستی چییە سەرزەنشتی ئەم قۆناغ و ئاڕاستەیەی شانۆ دەکات. یان ستایش و مەدح، بۆیە ئاستی نووسینی فۆرمێک لە ناجێگیری پێوەیە، پێچەوانەی نووسینەکانی تری نووسەر کە قووڵی و مەودایەکی فراوانیان هەیە. بەتایبەتی لە ناوەڕۆکدا پێم وایە نەیتوانیوە بچووکترین مانا ببەخشێتە ئەو مەبەستەی کە کتێبەکەی بۆ نووسیوە، چونکە گەر وابوایە چەندین جاری تریش دووبارەی دەکەمەوە قسەکردن لەسەر ئەو قۆناغە لەمڕۆدا گەورەترین خزمەت بە ڕەوتی شانۆ دەکات لە هەنووکەدا.

دوا سەرنج و تێگەیشتن لەسەر ئەم کتێبە نووسەر لە یەکەم وتاریدا کە بۆتە ناوی کتێبەکەش دەیەوێت لە وتارێکی (د. عەونی کەڕومی)یەوە لە کۆی بنەما کەڵچەرییەکانی بزووتنەوەی شانۆ بدات و بیانخوێنێتەوە بە بڕوای من لەم حاڵەتەدا شتێکی ئاساییە، بە مەرجێک وەک لێکۆڵیارێکی وریا و میتۆدی بتوانێت کۆی ئاڕاستەکانی ئەو وتارە هەڵوەشێنێتەوە و بنەما و ئاسۆکانی دیاری بکات.

لام وایە دوای خوێندنەوەی ئەو وتارەی (د. عەونی) کە ڕەنگە مایەی هەڵوێستەش بێت، کە ئەو وتارە تەنیا ڕووی دەرەوەی کولتووری شانۆیی دەخاتە ژێر پرسیار و پێوەندییە جەدەلیەکانی نێوان کولتوور و شانۆ لە دوای بونیادی گوتار و ئاماژەکانی بەهیچ شێوەیەک پرسیاریان لە بارەوە ناکات، ئەو دەیەوێت بە دیدێکی مارکسییانە بەشداری بکات لە ڕەخنەگرتن لە کۆی ئەو چالاکییە هونەرییانە و - شانۆ- بەتایبەتی لە بونیادی چالاکی فەرهەنگی و کولتووری لای میللەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەند کە ئەو پێی وایە ئەم حاڵەتە تەنیا بەشداریەکی

کولتووری و پەیوەستییانەیە وەک زۆرێک لەو پێوەندییە سۆسیۆلۆژیانەی تر کە لە ئەنجامی بەریەک کەوتنی مرۆڤ بە سەرجەم کەرەستەکانی تری نێو ژیانی دروست دەبێت(٧) ڕووی دەرەوەی ئەم تێگەیشتنەی (د. عەونی کەرومی) تەواوە، بەڵام لە ڕووی ناوەوەی نەخوێندنەوەی حاڵەتە تایبەتی و نەستییەکان کە ڕۆڵیان هەیە لە دروستکردنی ئەخلاق و بیرکردنەوە و تێڕامان زۆرجاریش بیروباوەڕی تاکەکان، بەڵام گەر وەک ئەو وەری گرین بەراوردی پرۆژەی مۆدێرنیزمی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بکەین ئەوا بێ گومان ئەم هونەرە بە حوکمی ئەو پێگە فەرهەنگییەی کە هەیەتی هەرگیز بەراورد ناکرێت و دواتریش ڕەنگە هوشیاری و دنیابینی تاک و بینەر و ڕۆشنبیریەتی ئەم دوو لایەنە لە ئاستێکدا بەراورد ناکرێت.

لەم ئاستەدا من ئەو پەرەگرافەی د. عەونی و وتارەکەشی دەخەمە ژێر پرسیار و پەرەگراف بە پەرەگراف و دیالۆگ و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەم بە حوکمی شیکردنەوە و دروستکردنی پردێکی هەمەلایەن بۆ وتووێژ لەسەر ئەم لایەنە هونەرییە، بە هیوای ئەوەی لە سەرەتاییترین ئاستیشدا ئەم نووسینەمان ببێتە گفتوگۆیەکی نێوان من و بوورهان قەرەداغی و بە زانستیکردنی سەرجەم هەوڵەکانی.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا- بورهان قەرەداغی (٢٠٠٤).

٢- من نامەوێت لێرەدا سەرنجی خۆم لەسەر ئەم تێڕوانینەی بورهان بڵێم، چونکە بۆ ئەم مەبەستە ئێستاش سەرقاڵی کتێبێکم لەسەر ئەزموونی سالار لە شانۆی کوردیدا لەو کتێبە بە دوور و درێژی موناقەشەی ئەم بابەتەم کردووە و بەهیوام لە ئایندەدا.

٣- ئەم پەرەگرافە لە کتێبی (ئەزموونگەری و داهێنان) وەرگیراوە کە دیالۆگێکی دوور و درێژە و لەگەڵ شانۆکار (دانا ڕەئووف) سازم کردووە لەگەڵ هاوڕێم (شۆڕش محەمەد) لەو کتێبەدا دانا ڕەئووف بە دوور و درێژی لە ئەزموونگەری کوردی ئەدوێت.

٤- شانۆکاری کورد لە یۆتۆبیای ئەزموونگەریدا. ل«٢٢».

٥- المسرح والتكنيک والأيدولوجيا.

٦- مجلة المدى-ژ-١١-١٩٩٥- سوريا (الخطاب المسرحي) عونى كرومي.

نامەی منداڵان بۆ خوا

لێدوانی: عەبدولخالق قەرەداغی (سلێمانی)

ماوەیەکە کۆمەڵێ کتێب و نامیلکەی زۆر کەوتوونەتە بەر دیدی خوێنەران و زیاتر لە زمانی بێگانەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، دیارە لەم بوارەدا گەلێ دەزگا ئەسپی خۆی تاوداوە، دیارترینیان (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)ە، یەکێ لەو کتێبانەی کە دەمەوێ ئاماژەی پێ بدەم کتێبی (نامەی منداڵان بۆ خوا)یە. ئەم کتێبە لە زمانی فارسییەوە کاک (ئازاد بەرزنجی) وەریگێڕاوە، لە (٢٩)یەمین کتێبی منداڵانە و دەشچێتە خانەی ئەدەبی منداڵانەوە، ئەدەبی منداڵانیش گەلێ پێناسەی بۆ کراوە ئەوەتا (د. محمد علي الهرفي) دەڵێ: «پێکهاتەیەکی زمانی هونەرییە، جۆرێکی ئەدەبییە لە چیرۆک یا شیعری شانۆیی بێ یا گۆرانی.. یەکانگیرە لەگەڵ جیهانی منداڵێتیدا»، سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی منداڵانیش دەگەڕێتەوە سێیەدەی سەدەی (١٩) و لەسەر دەستی جان لوک و جان جاک ڕۆسۆ و ولیەم بلیک و وۆردث وۆرثدا سەریان هەڵداوە، چونکە جاران منداڵ وەک (هەرزەیەکی بچووک) تەماشا دەکرا.

بە بۆچوونی (دستویڤسکی) یادەوەری منداڵی بەهێزترین یادەوەرییە، هەروەک ڕۆسۆ دەڵێ (نازانم چۆن فێری خوێندنەوە بووم، بەڵام دەزانم کە یەکەمین کتێب کاریگەرییەکی گەورەی لا دروست کردم.

کتێبی (نامەی منداڵان بۆ خوا) کۆکردنەوەی کۆمەڵێ نامە و وتوویژە لەگەڵ خوداو ئاراستەی خوا کراوە (ستیوارت هامیل و ئیریک مارشاڵ) کۆیان کردۆتەوە کە لەنزیکی (٥٩) نامە و چەند و مەتەڵ و داواکاری تێدایە و لە زمانی منداڵان و بە خەتی خۆیشیان نووسراون کە پڕن لە هەست و سۆزی منداڵان بەرامبەر بەخواو ئاراستەکردنی ئەو پرسیارانەی کە لە سەروو عەقڵی مرۆڤەوەن، ئەو پرسیارانەی کە تا ئێستاش مرۆڤەکان دۆش داماون بەرامبەریان، تەنانەت زۆرجار ئەم پرسیارانە قوتابخانەی فەلسەفی و کەسانی فەیلەسووفی لێ پەیدا بووە و زۆر لە فەیلەسووف و زانایانی وەک فارابی و ئیبن روشد و ئیبن ئەلعەرەبی و عەبدولڕەحمانی کەواکبی بەرەو سەرسامی و (انحراف) لە دین بردووە، ئەوەتا یەکێ لە منداڵەکان دەڵێ [خوایە گیان من خەڵکی ئەمریکام، ئەی تۆ خەڵکی کوێی؟] یان یەکێکی تر دەڵێ [بۆچی تۆ لە کۆندا ئەو هەموو موعجیزەیەت کردووە، کەچی ئێستا هیچ موعجیزەیەک ناکەیت]، بوونی ئەم پرسیارانە شتێکی زۆر ئاساییە، چونکە ئەمانە هەژانی میشک و بیرە، [ئەمە بیردەکاتەوە، کەواتە هەیە] یاخود منداڵێکی تر دەڵێ [باپیرەم دەڵێ کاتێک ئەو منداڵ بووە ئەوساش تۆ هەر بوویت، باشە تۆ چەند ساڵ بەر لەو هەبوویت؟»

زۆرجار بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە پەنا بۆ کتێبی فانتازی و ئەندێشەی زانستی دەبرێت، د. نووری جەعفەر لە کتێبی (أدب القصص الخيال العلمي)دا ناوی زیاد لە (٦٠) نووسەری جیهانی هێناوە کە لەم بوارەدا

کارەکەن، هەر چۆنێ بێ ئەم پرسیارانە ناچنە ناو قاڵبی کفرەوە هەروەک هەندێک پێیان وایە، چونکە گەڕان و پرسیارکردن بە دوای بوونی خوادا شتێکی ئاساییە و زیاتر کاری زانا و فەیلەسووفەکانە بۆیە خوای گەورە دەفەرموێ [انما یخشی الله من عباده العلماء]، بۆ نموونە پێغەمبەر محەمەد (د.خ) هەر لەسەرەتاوە کە دەچووە ئەشکەوتی حەڕا بۆ بیرکردنەوە و ڕامان و پرسیارکردن بوو لە شتە نادیار و نەزانراوەکان، بەڵام ئەم پرسیارانە بیرۆکەی منداڵی خۆرهەڵات و ووڵاتانی ئیسلامی نین، چونکە لای ئێمە بەهۆی (قورئان و فەرمودەکانی پێغەمبەر)ەوە زۆربەی ئەو پرسیارانە وەڵامیان هەیە ناڵێین منداڵی ئێمە ئەم پرسیارانە لە مێشکیاندا نییە! هەیەتی و دەشیکا، بەڵام زۆر بەکەمی.. ئەوەتا گۆرانی شاعیر لە شیعرێکدا موناجاتی ڕۆح دەکات دەیەوێ لە ڕۆح تێبگات، هەر خۆیشی دەڵێ (من لە نەزانینی تۆ هەتاکەی!»، بەڵام خوای گەورە زۆر دەمێکە وەڵامی ئەم پرسیارەی داوەتەوە و دەفەرموێ «قل الروح من أمر ربي»، کەواتە ئەو پرسیارکردنە کاری من و تۆ نییە، لە دیندا کۆمەڵێ شت سنووری هەیە، لە دەرگا لێدانی ئەو پرسیارانە، بێ هیواییە، چونکە (ئیمامی غەزالی) بیست ساڵ سەرقاڵی فەلسەفە و گەڕان بەدوای ئەم پرسیارانەدا بوو، دوایی بۆی دەرکەوت کە ناتوانین لە دەرگای فەلسەفەوە وەڵامەکانی دین بهێنین، بەڵام بە پێچەوانەوە دەکرێت. بەمانایەکی تر لە ڕێی دینەوە وەڵامەکانی فەلسەفە بدەینەوە.. چونکە لەدیندا بە تایبەتی لە (قورئان)دا باس لە هەموو ئەو شتانە کراوە، هەر لە دروست بوونی مرۆڤەوە تا دروست بوونی گەردوون و قۆناغەکانی دروست بوونی زەوی و هەسارەکانیش- یاخود یەکێ لە منداڵەکان دەپرسێ (خوایە گیان کێ بە دەوری وڵاتەکاندا خەت دەکێشێت)؟ ئەم پرسیارە زۆر جوانە، چونکە هەموو وڵاتێ سنوور و هاووڵاتی و زمانی تایبەتی خۆی هەیە، وەڵامی ئەم پرسیارە لای خوا نییە، چونکە هەموو کەس دەزانێ (ئەو بستە خاکەیە کە دوژمن ناوی نا سنوور).

یەکێکی تر لەو پرسیارانەی کە لە مێشکی کچێکدا بەناوی جوان دەڵێ (خوایەگیان حەز دەکەم بزانم بۆچی هەرچی ئەو شتانەی تۆ وتووتن بە ڕەنگی خۆین نووسراون؟ یاخود بە مانایەکی تر بە (سوور) نووسراون، ئەم پرسیارە چەند مانایەکی لێ دەکەوێتەوە: ئایا مەبەستی لە شەڕی چەند ساڵەی کاسۆلیک و ئەرسەدۆکسە؟ یان شەڕی خاچ پەرستەکان و موسڵمانان؟! یاخود سووتاندنی زاناکان و کوشتنیانە لەلایەن پیاوانی کڵێساوە؟ منداڵێکی تری (٩) ساڵان دەڵێ (حەزم دەکرد شتێک نەبوایە پێی بوترایە گوناە، شتێک نەبوایە پێی بوترایە شەڕ..] کەواتە لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە منداڵ دەیەوێ ئازاد بێ چی دەکات بیکات، هەرچەندە تا منداڵ بێ ئاساییە، بەڵام هاوکات حەزیشی لە ئاشتییە. منداڵێکی تر بەناوی (لاری) دەڵێ (خوایە گیان، گەر هەریەکە لە (هابیل) و (قابیل) ژووری نوستنی جیای خۆیان هەبووایە، لەوانە بوو یەکتریان نەکوشتایە..] بە بۆچوونی ئەم منداڵە کوشتنی (هابیل) لەلایەن (قابیلەوە) لەسەر شتی یاری و جێگە و وێنە و جانتا و جلوبەرگە.. نەک ئەم منداڵە، بەڵکو زۆر کەسی تریش بێ ئاگایە لەوەی کە مەسەلەکە مەسەلەی (تەماح) و (چاوچنۆکی) بوو نەک شتی تر، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئەم منداڵە ئاگاداره لە خوێن ڕشتن و کوشتنی برایەک بە دەست برایەکی تری- هەر چۆنێک بێت بوونی ئەم جۆرە پرسیارانە شتێکی نوێ نین و زۆر لە زانایانی وڵاتانی ئیسلامی سەرقاڵی دانان و گەڕانن بەدوای ئەم پرسیارانەدا. ئەوەتا لە ساڵی (١٩٦٩)ە (محمد قطب) کتێبێکی بەناوی (شبهات حول الاسلام)ی داناوە، کە زۆر بە وردی وەڵامی گەلێ لەم جۆرە پرسیارانەی داوەتەوە، و دەشتوانین بڵێین کە لەسەدەی (١٩)دا و لە ساڵەکانی (٦٠ و ٧٠)کاندا ئەم جۆرە پرسیارانە باویان هەبوو. جارێکی تر دەستخۆشی لە کاک ئازاد دەکەم، کە دەتوانم بڵێم ئەمە یەکەمین جۆری کتێبە کە ئەم شێوازە لە خۆ بگرێ و بە نۆبەرەی فیکری منداڵان لە قەڵەم دەدرێ. جگە لەوەش بە دوو زمان نووسراون بە (ئینگلیزی- کوردی) ئەم جۆرەش شتێکی نوێیە، بەندە تەنێ یەک نامیلکەی ترم دیوە بەو شێوەیە کە سێ زمانی لەخۆ گرتووە (فارسی، کوردی، ئینگلیزی) بەناوی (ئازادی چەند جوانە) لە نووسینی (ڕەزا هاشمی) بەو هیوایەی ئەم جۆرە کتێبانە کەلێنێک لە کتێبخانەی کوردیدا پڕ بکاتەوە.

سەرچاوەکان:

١- شیعری منداڵان لە ئەدەبی کوردیدا د. فازڵ مەجید، (٢٠٠٤).

٢- الكتابة على صفحة بيضاء فاروق يوسف، (١٩٨٦).

٣- کیف تکتب للاطفال، جون ایکن، (١٩٨٨).

٤- قصص خيال العلمي و عالم الاطفال د. نوري جعفر، (١٩٨٧).

داهێنان لەبەردەم ئیرادە و ویستی خێردا

ئەحمەد سەیید عەلی بەرزنجی
(سلێمانی)

لە دوا پەنجەرەی ژمارە (٩١)ی ڕامان-دا کاک جەبار جەمال غەریب بەو نائومێدییە لە ڕادەبەدەرەی کە خستوویەتییەڕوو، گۆمە ساف و ڕوونەکەی لێ شڵەقاندووین و بەڕادەیەک لێڵی کردووە کە بەحاڵە حاڵێ هەندێ لایەنی سەرەکی هۆکاری ئەو (نائومێدییە)یم بۆ دەهاتە پێش چاووتارماییەکانیم دەناسییەوە، بەڵام ئەوەی لێی بێگومانم، ئەو خەتای چۆکدادان و یەئسە کوشندەکەی خۆی لە دنیاو ژیان، دەباتەوە بۆ (خۆ هەڵواسینی کوێرانە بە دەزووە وەهمییەکانی ئاسمانەوە)؛ ڕوونتر و ڕاستتر بۆ (تەفسیرە موقەدەسەکانی کەنیسە) و (باوەڕهێنان و تەسلیم بوونمان بە تەفسیرەکانی مزگەوت)... لێرەدا باشتر بوو هەر کورت و پوخت بیگوتبا: ئایینە ئاسمانییەکان هۆکاری سەرەکی نائومێدی و وەبەردان و چۆکدادانمانن.

ئەمە لایەکی باسەکەی، (ترسی پووچەڵکردنەوەی ئەو قەناعەتە کە ئێمە لە بواڕەکانی فیکر و هزردا بااڵین)، وەک دیاریشە بەمە نووسەر دەباتە ئەوبەری باوەڕ بوون بە (زانست و کرانەوەی کۆمەڵگا- نائومێدی جیهانی-ی لە فەنابوون ئازادکرد).

لێرەدا دیسانەوە، ئەو بە هەمان گاسنەکەی (ئەنسکلۆپیدییەکان)ی وەک ڤۆلتێر و دیدرۆی سەدەی هەژدە؛ هەر هەمان وەرد دەکێڵێتەوە، بە جیاوازی ئەوەی ئەوان وا (نائومێد) نەبوون... دەچێ فیکری داهێنەرانەی بێ سنووری مرۆڤ، دروستکراوو داهێنانە شارستانییەکانی بە یەکلاییانە تێ دەڕوانێ و هەرچی پاڵنەرو هۆکاری ڕۆحی و هزریشە لێیان دادەماڵێ، بەمەش دڵی ئاو ناخواتەوە، (هیوا)ی لێبڕاوە گومانێکی سەخت و دەستەوئەژنۆیە؛ (دنیای یەک ڕەنگمان لە دەست چوو، دنیای سەد ڕەنگیشمان بۆ دروست نەکرا)... دیارە ئەمە لووتکەی بێ ئومێدییە کە نووسەر گوتارەکەی پێ تەواو دەکات، بەڵام... بەرچاو ڕوونان خاوەنانی هزرێکی واقیعبینانە وانااڵێن، وانازانن کە سەری ئەم دنیایە بە پووش گیراوە.

ڕەوتی داهێنان و بونیادی ئەم پێشکەوتنەی ئەمڕۆکە (گواستنەوەی کۆمەڵگا لەشارە گوند ئامێزەکانمان بۆ ناوجەرگەی دێهاتە پڕ مۆبایلەکان)، ئینتەرنێتەکان، دووکەڵاوییەکان و... بگرە پڕ کردنی ئاسمان و نێوان هەسارەکانیش- لە دەرەوەی گوێ ئەم زەویەی ئەمڕۆ پێمان تەسکبۆتەوە!!- بە ڕۆکێت و مانگە دەستکردەکان و وێستگە زەبەللاحە تایبەتەکانیان، تەنگ هەڵچنین بە ڕۆژ و مانگ و زوحەل و ئەوانی دی... هەموو لایەنەکانی ئەم ڕەوتە بریتییە لە (إن ما یستطیع الأنسان تخیله، یستطیع الأخرون تحقیقه- جول ڤرن)، هەر بەم مانایەش مایاکۆڤسکی دەبێژێ: ئایندە لەخۆیەوە نایەت، دەبێ کاربکەین بۆ هاتنی.

نووسەر دەستی خۆی بەسەر (دەزووە وەهمییەکانی ئاسمان)دا دەساوێ، کە دیارە گشت ئایین و باوەڕە

ئاسمانییەکانی مەبەستە.

(هەرچی لێکۆڵینەوەیە لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و مێژووودا کە لە سەدەکانی نۆزدە و بیستدا ئەنجام دراون، وایان چەسپاندووە کە ئایین لە تەک بوونی مرۆڤدا وەک هەستێکی قوواڵ و پاڵپشتێکی مەعنەوی بووە، جا هەرچی مەدەنیەت و شارستانیە سەرەتاییەکانە، بە پاشماوەکانیشیانەوە، گشتی سەرەنجام و لەدایکبووی ئەم هەستەن). «٢»

زانست شێوەیەکی دیاریکراوی ژیان و ڕێبازێکی دەستنیشانکراو بۆ ئادەمیزاد دیاری ناکات، ئەو دەرەنجام و قانوونەکانیمان دەخاتە بەردەست، ئەمانەش لە ژیانی کۆمەڵ و تاکەکانیدا هیچ بەهایەکیان نابێ ئەگەر لەگەڵ ئیرادە و ویستی خێر و چاکەدا یەکانگیرنەبن.

هەیە نەزانێ کە یەکبوون و هاریکاری نێوان تاکەکانی کۆمەڵ چ سوودێکی دەبێ بۆ سەرکەوتن و بەرەو پێشەوە چوون و بەختەوەری ئەو گەلە؟ بەڵام شەڕانگێزی و کینەبەری و دژایەتیش هەر هەیە؛ زۆرجاریش لەو لایەنانەوەیە کە بانگەشەی زانست و مۆدێرنیزم دەکەن!!

بەمەدا، زانستەکە بە تەنیا سوودێکی ئەوتۆی بۆ کۆمەڵ نەبوو، بەبێ پاڵنەرە ڕۆحی و ئیرادە خێرەکە، ئەوەش خۆی لە (دەزووە ڕاستەقینەکانی ئاسمان)ەوە دەبینێتەوە.. ئەم لەنگەر گرتنەی نێوان جەستە و ڕۆح، ماددە و ماناکەی، بەبێ (خۆ هەڵواسینێکی ژیرانە بە دەزووە بەرجەستە و ڕاستەقینەکانی ئاسمانەوە) پێکنایەت.

خۆ کە بە ژیرانە هزرێکی گوشادەوە بتوانرێ لەنگەر گرتنەکە بهێنرێتەدی، ئەوکات نائومێدی پەی بە هۆشمان نابات و لێشی نادوێین، (برتراند رسل) هەر لەم سۆنگەیەوە دەبێژێ: (من بە چاوێکی خەیاڵیەوە دنیایەکی پڕ لە جوانی و خۆشی دەبینم، ئەقڵەکان تێیدا فڕەوان دەبن و هیوا و ئاواتیش تێیدا بێ سنوورە... گشت ئەمانە هەمووی دەشێ بێنەدی، ئەگەر لێیانگەڕێین. ئەم نەوەیەی ئێمەش دەبێ بڕیاری خۆی بدات، لەسەر ئەوەی کە ئەم ژیانە بژی، یان بەگێلێتی و سەرکێشی خۆی تێکی بشکێنێ). «٣»

بابەتەکە مایەی قسە و باسی زێترە، بەڵام بوار هەر ئەوەندەیە.

پەراوێزەکان:

١- جەبار جەمال غەریب: داهێنان لەبەردەم نائومێدیدا، ڕامان، ژ(٩١)، کانوونی یەک (٢٠٠٤).

٢- د. علی فؤاد باشکیل: موقف الدین من العلم، دار الوثائق، کویت، (١٩٨٥)، ص«٣٢».

٣- فاروق سعد: قانون الفضاء الکوني، الأهلیة للنشر و التوزیع، بیروت، (١٩٧٨)، ص«١٦٧».

ستراڤێژا ناڤدار گولبهار:
ما کێ پرسیارا من دکر، دابزانیت ئەز ل کێڤەبووم؟

گولبهار ناڤەکێ گەشە دناڤ ستراڤا کوردیدا وشیایە تایبەتمەندیەکێ بۆ خۆ پەیدا بکەت، ل سپێدەهیان مرۆڤ حەز دکەت دگەل ئاواز و دەنگێ وێ یێ رەسەن ل ناڤ دول و نهال و چیایێن کوردستانێ بگەڕیێت. گولبهار بەری بیستە ستراڤێژەکا ناڤدار، هونەرمەندەکا چەلەنگ بوویە دواڕۆ زارڤەکرنێدا و خودان بەرهەمە.

بۆ پێتر نیاسینا گولبهارێ، ژ نێزیک گوهداریا سوحبەت و بزاڤێن وێ بکەین، مە چاڤ پێ کەفت و ئەڤ دیدارە دگەل دا هاتە کرن، ل باژێرێ دهۆکێ ل دەمێ ب چاڤدێریا وێ پێشانگەهەکا گولان یا کارتێن دەستی بۆ هونەرمەندەکا کچ هاتیە ڤەکرن و ب هەڤکاری دگەل رۆژنامەنڤیس عەبدولعەزیز بارزانی.

* گولبهار دێ چەوان خو دەتە نیاسین؟

– گولبهار کورده و ئەز ئامێدی مە، ئەز یا ل مویسل و بەغدا مەزن بویم و ژیانا خو من پتر ل بەغدا بۆراندی یە. ئەز د مالدا یا ناڤێ مە و ب سالا ١٩٣٢ێ ل کوردستانا ترکیا ل گوندەکێ ناڤێ وی (کۆچانز) وی دەمی مالامە چوو بوونە ترکیا، ئەزا ل مالا مەلیکێ ئاشووریان ل وی گوندی ژ دایک بوویم. لدویڤ نفووسێ، هندەک جاران بوونا من کری یە سالا (١٩٢٨)ێ. بەلێ ئەز دبێژم (١٩٣٢)یە.

* دەستپێکا تە یا هونەری کەنگی بوو؟

– ل سالا (١٩٤٩)ێ، ئەز ل ئێزگێ بەغدا یێ عەرەبی بووم. من دتیپا کورالی دا کارکری یە. هونەرمەندەک د گۆتنێ شێخ عەلی دەرویش سەیدایێ پەیمانگەهێ بوو ژ سووریێ هاتبوو، وی ئەو تیپا مۆسیقێ چێکر و ستراڤێن (موشحات أندلسیه) مە دگۆتن.

* د مالا وەدا، ژبلی تە کەسەکی دی هەبوویە ستران گۆتبن یان هونەرمەند بیت؟

– نەخێر.

* بەری ستراڤانان، دواڕۆ شانۆیێ دا تە کار کری یە، کەنگی بوو، چ کاربوون؟

– ل دەستپێکێ دگەل تیپا (یەحیا فایق)ی من کارکری یە. ناڤێن هەمیان ل بیرا من نینن، لێ دنڤیسی نە. من ل سەر دەپێ شانۆیێ کارکری یە و زارڤەکرن ل تەلەفزیۆنا بەغدا من پشکداری لێ هەبوینە.

* ئەڤە بۆ سالا چەندێ دزڤڕیت؟

– ل سالا (١٩٥٠)ێ و هەتا پشتی سالا (١٩٦٠)ێ، دگەل تیپا (١٤ی تەمموزێ) ژی من کار کری یە.

* د چەند شانۆگەریاندا پشکدار بوویی؟

– گەلەکن.. گەلەک.. ناهێنە بیرا من.

* پشتی شانۆیێ.. دفلمێن سینەمایی دا ژی پشکداریێن تە هەنە..؟

– د دوو فیلمان دا من پشکداری کرییە کو فیلمێن دریژێن سینەمایی نە، یێ ئێکێ ناڤێ وی (وردة) بوو، یێ دوویێ ژی (عروس الفرات)ە.

* ڕۆلێ سەرەکی بوو، یان ڕۆلەکێ کومبارس بوویە؟

– نەوەڵلا ڕۆلێ دوویێ بوو، یێ لاوەکی بوو.

* دەستپێکا گۆتنا ستراڤێ و سالێن شێستاندا، بۆ کچێ بتایبەت و ب رەنگەکێ گشتی ژی ب گونەح دهاتە هژمارتن...؟

– تو ڕاست دبێژی، هینگێ وەسان تێدگەهشتن.

* دەنگێ کچێ هینگێ گەلەکێ کێم بوو؟

– دناڤ کوردان دا هەتا نهۆژی یێ دکێمن.

* تۆ نابینی وی دەمی ستراڤێژێن ژن و کچ پتر بوون؟

– نە.. نە، نهو پترن.

* ستراڤێژێن وی دەمی ژن و کچ کی بوون؟

– بەری مە (مریەم خان) هەبوو، وەختێ مە ژی (ئەلماس محەمەد)، گولیزار، فەوزیا محەمەد– ئەڤە خویشکا منە– نەسرین شێروانی.

* کەنگی (فەوزیا) یێ وەغەرکری یە؟

– ل سالا (١٩٩٢)ێ بوو. وەغەرکرنەکا بێ دەنگ، چونکە پشتی شویکری، دەست ژ ستراڤێ بەردا.

* ئەز دبێژم هونەرمەندا ناڤدارا عیراقی (غزوة الخالدي) کچا وێ یە؟!

– بەلێ ئەو هونەرمەندە.

* گولبەهار و ستران گۆتن، ئێکەمین ستران کەنگی تە گۆتیە، پەیڤ و ئاوازێن کێ بووینە؟

– ستـرانا ئێکێ من تۆمـارکـری ل ئێـزگێ کـوردی ل بەغدا، سترانا (کۆڕی گوندی بەژن داریّ حەیزەران) بوو، ژ پەیڤێن سەیدا یێ رەحمەتی محەمەد ئەمین ئۆسـمان بوون، هینگێ ئەو ریڤـەبەرێ ئێـزگـەی بوو ل سـالا (١٩٦٣)ێ.

* سـتـرانبـێـژێن وی دەمی و یێن نوکـە، چ جـۆداهی دناڤبەرا واندا هەیە؟

– ب خودێ گەلەک جۆداهی یا هەی، ئەڤە رەئیا منە، یا ئێکێ ئێزگە مـرۆڤی دکەتە سـترانبـێژ، هونەرمـەندێن مۆسیقێ مرۆڤ دکەنە سترانبێژ، شاعرێن من سترانێن وان گـۆتین، ئەو ب خـۆ شـیـعـرێن وان ژی د بەرکـەتینە و هەژی هندێ بوون مـرۆڤ بکەتە سـتـران. نوکـە هەچیێ دهێت– هەکە ل من سل ژی نەبن– هەما بـۆ خۆ دوو سێ قەسەکا دێ بێژیت و دێ چیت.

* سـتـرانبـێـژێن نوکـە ب دیتنا تە د چ ئاست دانە و چەوان د هەلسەنگینی؟

– دەنگ د خـۆشن، دەنگێن هەین د خـۆشن، بەس ئەز رەئیا خۆ نابێژم.

* بۆچی سترانا فولکلۆری ئەڤا نوکە دهێتە گۆتن، پتر جەماوەرێ خۆ هەیە؟

– نێ نەدیتی یە، نە گولێ بوویە، حەقێ وانە، ئەم ب خۆ ژی، مە ژی فۆلکلۆری یا دەست پێکری.

* بۆچی پتر ڕۆلێ خۆ دبینیت؟

– ئەز ژی دبێژم بۆچی؟

* گـولبـەهار وەک سـتـرانبـێـژەکـا خودان دیرۆک، چەند ستران تۆمار کرینە؟

– (٢٧٠) ستران من یێن تۆمار کرین.

* تا چ ڕادە تو یا ژ بەرهەمێن خۆ رازی؟

– ئەزا رازی مـە، چونکو من خـۆ دیتـیـیە ئەزا ب تنێ مە، ئەزا ژ خۆ رازی مە.

* سترانا دوماهیێ تە گۆتی و تۆمار کری چ بوویە؟

– ل سـالا (١٩٨٥)ێ بوو، سـتـرانـا (دلۆ دلۆ تە ئەز هێـلام) د گـەل هونەرمـەند (سـەمـیـر زاخـۆبی) بوو ژ هوزانێن د. بەدرخان سندی یە.

* بۆچی سـتـرانێن گـولبـەهارێ د رادیـۆ و تێلەفـزیـۆنێن مەدا دکێمن یان ژی نینن؟

– چونکی سترانێن مە نەیێن مـەبوون، یێن ئیـزگـەی بوون، ژ بـەر هندێ کـەسـەکێ تۆمـار نەدکـرن و هەمی ل ئێزگەی ماینە.

* هەتا بەری چەند سالان، دەنگ و باسێن تە نەبوون، بۆچی؟

– ما کێ پرسیارا من دکر دا بزانن ئەز ل کیڤە مە!!

* ئانکۆیا وێ دەزگەهێن مەیێن هونەری و راگەهاندنێ خەمساری کری یە؟

– (ئەکید).

* ل وی دەمی پویتە ب هونەرێ کوردی دهاتەدان؟

– هونەرێ کوردی ل وێرێ، کەسەکێ پویتە پێ نەدکر.

* ژبلی تە ب تنێ گەلەک ستران تۆمار کرینە، ب دوو قولی ژی تە ستران دگەل سترانبێژین دیتر هەنە..؟

– ژبەر کـو ئەز هەر ل بەغـدا بووم و پـتـر دهاتنە وێرێ ستران تۆمار دکرن. من دگەل سەمیر زاخۆبی، عەبدوللا زێرین، عـیـسـا بەرواری و مـحـەمـەد عـارفی جـزیزی و گەلەکێن دی ستران گۆتینە.

* ل بەغدا کوردێن ل وێرێ چەوان وەردگرت؟

– ب دلێ وان بوو، گەلەک یا باش بوو.

* هوزانڤـانێ نەمـر (سەبری بۆتانی) د شـعـرێن خـۆدا گـەلەک بەحسێ گـولبـەهارێ دکـەت، هەڤـبـەندیا وە د گەلێک دا هەبوو؟

– ئەوی گـوهداریا دەنگێ من دکـر، نە من ئەو دیت بوو، نە وی ئەز دیت بووم.

* چ هوزانێن وی تە کرینە ستران؟

– بەلێ، وەللا من یێن کرینە ستران، بەس ل بیرا من نەماینە!! (هۆزانا: ژ جەرگا گولێ– دیوان دلستـان/بپ ٢٣/ ئیسماعیل بادی).

* ژ هونەرمەندێن گەلەک ئاواز داینە تە کی بوون؟

– (ئەحـمـەد خـەلیل) و (جـەمـال جـەلال) و بارا پـتـر (ئەحمەد خەلیل) بوو، ئەو ژی کورده.

* بەس ئەگەر چ بوون وەک کورد نەهاتە نیاسین؟

– ئەوی ژی نەدزانی، ژمـێـژە ل بەغـدا، کـەس نەبوو بێژیتی، من گۆتێ ئەو ئاوازێن کوردی دانیت.

* دەمـێ کـــــارێ تـە ل رادیـۆیێ، تـە پشـکـداری د تەمسیلی یێن زارڤەکرنێ دا دکر؟

– بەلێ، ب کوردی و ب عەرەبی.

* دەقێ وان یێن کوردی بوون، هاتبوونە وەرگێڕان. پشتی من ل تیپا (١٤ی تەموز) کارکری، مەیێن عیراقی ژی چێکرن.
– ل بەغدا، وە هونەرمەند و سترانبێژێن کورد ل کیڤە ئێک و دوو و دیت؟
– مە ئێک و دوو ل ئێزگەی ددیت.
* بۆ ئێکەمین جار گولبەهارێ ل بەرامبەر جەماوەری ستران گۆتی؟
– ١١ێ ئادارێ بوو سالا (١٩٧٠)ێ لە بەغدا و هەتا کوردستانێ هەمیێ و ل ژێریا عیراقی ژی.
* وەک کچەکا کورد تە چەوان خۆ ددیت..؟
– ب خودێ من خۆ دیت، سەرێ من یێ بلند، ئەز هەر ب جلکێن کوردی ژی دەردکەفتم.
* هونەرمەندێن کورد، گەلەک جاران دچوونە ژ دەرڤەی عیراقێ، پشکداری تە هەبوینە؟
– ل سالا (١٩٧٣)ێ من سەرەدانا لوبنانێ کر، ل بەیروتێ د گەل رەحمەتی (عیسا بەرواری) و (مەحەمەد عارفێ جزیری)، ئەم چووین و چ جارا ئەز وێ ئاهەنگێ ژ بیر ناکەم.
* پشتی هینکێ؟
– سالا (١٩٧٧–١٩٧٨)ێ، ئەم چووینە لەندەن و ڤییەنا و فەرەنسا. جارەکا دیڕی ئەز و عیسا بەرواری چووین و تیپا کەلەپوورێ مللی دگەل مەدا بوو ئەڤا عیراقی.
* هونەرمەندێن عیراقی، ئەڤێن دگەل وەدا دهاتن، نەخۆشی بۆ وە پەیدا نەکرن کو دەرفەتێ نەدەنە وە پشکداریێ بکەن؟
– نەء، ئەو کارێت هەین، بەس ما من چ کار پێ یە، یا گرنگ ئەم دچووین و مە کارێ خۆ دکر.
* نوکە هژمارەکا ئێجکار زۆر یا سترانبێژان هەیە، تە چ شیرەت بۆ هەنە؟
– ئەز دبێژمێ هۆزانێن جوان بێژن و رێکێ نەبەردەن و نەهەما بچن دوو– سێ سترانا وێنە بکەن بۆ تێلەفزیۆنێ و بەس، ئەڤە خەلەتە، هندی ئەز بێژم، دڤێت ئەز دگەل واندا روینم و دگەلدا باخڤم.
* دریکا ڤێ دیدارێدا، ئەڤێن تو نەبینی، بۆ وان چ دبێژی؟
– هەچیێ شیان هەبیت و دەنگ خوش بیت، بلا دەنگێ خۆ نەڤەشێریت.
* بەری تو سترانا بێژی.. تو عاشقا دەنگێ کێ بووی؟
– دوی وەختی دا من گەلەک حەز ژ دەنگێ (مریەم خانێ) دکر، ئەز عاشقا دەنگێ (محەمەد عارفێ جزیری) بووم.
* بۆ دەستپێکا تەیا هونەری، مالاوە رێگرنەبووینە؟
– نە.. ئەز تشتێن تایبەتمەند نا ئاخڤم.
* وەک خواندن... گولبەهارێ چ خواندی یە؟
– ئەزا چوویمە خواندنگەهێ پیچەک، نەگەلەک.
* ل وی دەمێ وە سترانا دگوتن، بەرامبەر هندێ ئێزگەی چ ددا هەوە؟
– چ نەددامە، تو نابینی ئەم هەمی فەقیرین و هەمی ب فەقیری مرن، هەڤالێن مە ژی تشتەکێ کێم ددامە.
* ئانکۆ تێرا مەزاختیێ سترانبێژی نەدکر؟
– تێرا نەدکر، ئەوا ددایێ، بۆ نموونە (ئەحمەد خەلیل، ئاوازدانەر بوو یێ عەرەبی، ژ هەمیان پێشکەفتی تر بوو، دا (٣٠) دیناران دەنێ، یێن مە کورد، (١٥٠٠) فلس ددانێ، هینگێ یا وەسا بوو.
* ئانکۆ جۆداهی دناڤبەرا وەدا دکر؟
– یا دیار بوو، ما وەسا نەیا دیارە!!
* وەک راتب نە ددانە هەوە؟
– بەلێ هەر ل سالا (١٩٤٩)ێ ئەز یا ل وێرێ دامەزراندی بووم. ژ بەر ستران گۆتنێ و هندەک جاران نەدهێلا سترانەکێ بێژم، دا سل بم، پاشی دا زڤرمەڤە هەکو دهێلا.
* چەوان..
– وەختێ وەحید بامەرنی.. جارەکێ سەرا شیعرەکا (حافز مایی) بوو، گۆت (مەمنوعە) توبێژی، ژ ئاوازێن (ئەحمەد خەلیل)ی بوون. ئەز ژی دابێژمێ یان دێ بێژم، یان ب خاترا هەوە.
* هەر کورد رێگر بووینە؟
– بەلێ پا کی بوو؟!
* چەوا عەرەبا (فەیروز) هەیە و هەمی سپێدەهیان خەلک گوهداریا وێ دکەن، زۆربەی سپێدەهیان مە گوهداریا دەنگێ تە دکر ل ئێزگێ کوردی ل بەغدا، نوکە تو ب (فەیروزا کوردا) یا بناڤ کری؟
– ئەڤە سەر بلنداهیە بۆ من، دەنگێ فەیروزێ گەلەکێ خۆشە.
* تۆ پێ تورە نابی؟
– نە ئەڤە من پێ فەخرە، (فەیروز) هونەرمەندەکا ناڤدارە و دەنگ خۆشە و ئەز ب خو ژی گەلەک حەز ژ دەنگێ وێ دکەم.
* سترانێن تە دگوتن، هۆزانێن وان چەوان بۆتە دهاتن؟
–شاعران دئینان، بەس دا کێماسیا بێژین یان تشتەکێ زێدەبا.
* ژ شاعرێن تە هۆزانێن وان کرینە ستران؟
– وی وەختی هەما کەس نەبوو ژ (حافز مایی) پێڤەتر، پاشی (فەیسەڵ مستەفا) ژی هات و من کێم ییێن بۆ گوتین. ییێن د. بەدرخان سندی ژی من کرینە ستران.
* سەبری بۆتانی؟
– خودێ ژی رازی بیت، جارەکێ، ئێک دوو جار ل

دوماهییێ من یێ دیتی.
* جگەر خوێن؟
– هۆزانەکا وی من یا گوتی، بەس ناڤێ وێ ناهێتە بیرا من.
* ئەو سترانێن تەو (عەبدوللا زێرین)ی پێکڤە گوتین، پەیڤ و ئاوازێن کێنە؟
– ئەز دبێژم پەیڤێن د. بەدرخان سندی نە و ئاواز ژی یێن عەبدولّلای و فۆلکلۆرینە.
* ئەڤ پەیڤە ل نک تە چ دگەهینن؟ وەلات؟
– وەلات دایک و بابە.
* دایک؟
– ئەو ژی وەلاتە.
* زارۆک؟
– دلە، گولە.
* خیانەت؟
–چ ژ هندێ خراپتر نینە، هەمی کار بلا، ئللا خیانەت.
* ستران و موسیقە؟
– ژینە.
* فیستەڤالا رێزگرتنێ بۆ خزمەتا تە هاتیە گێران ژلایێ رێڤەبەریا رەوشەنبیری و هونەری ل دهۆکێ... تە چ پەیڤ بۆ هەیە؟
– چ بێژم، مانێ هەکو جارا دبێژن، ئەز ژی هیڤیدارا ڤێ رۆژێ بووم. بۆ وان ژی هندی بێژم ژی کێمە ب حەقێ وان.
* پەیڤا دوماهییێ..؟
– سوپاسدارا هەوەمە، ب ئانەهیا خودێ هوین ژی دێ رێکا ئایندەی ڤەکەن. د سەرکەفتی بن د ژیان و کارێ خۆدا.

ئا: ئیسماعیل بادی
(دهۆک)

ڕاپۆرتێک سەبارەت بە دووەمین فیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لە سلێمانی

لە ژێر دروشمی «ڕووەو هونەرێکی کوردی ڕەسەن و هاوچەرخ» لە ڕۆژانی (٢٤ – ٢٠٠٥/٢/٢٨) لە هۆڵی سلێمانی سەنتەری گەنجان، دووەمین فیستیڤاڵی مۆزیکی کوردی لەلایەن «یەکێتی هونەرمەندان»ەوە سازکرا، ئەوەی ئەم فیستیڤاڵە مۆزیکییەی لە زۆرێک لە فیستیڤاڵە هونەرییەکانی تر جیا دەکردەوە، بەشداریی تیپە هونەرییەکان بوو لە سەرتاسەری کوردستان و لە زاخۆی دەلالەوە بۆ شارەزوور و هەڵەبجەی جوان.

ژمارەی تیپە بەشداربووەکانیش (١٥) تیپی هونەری بوون، کە بریتی بوون لە: «تیپی مۆزیکی هونەرە میللییەکانی هەولێر، تیپی مۆزیکی گەنجانی زاخۆ، تیپی مۆزیکی سلێمانی، کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی، گرووپی نالی، تیپی مۆزیکی دەربەندیخان، تیپی مۆزیکی شاکار، تیپی مۆزیکی باواجی، تیپی مۆزیکی شارەزوور، تیپی مۆزیکی شۆڕشگان، تیپی مۆزیکی سیلاڤ، تیپی مۆزیکی کەرکووک، تیپی مۆزیکی مەولەوی، گرووپی سەهەند، تیپی مۆزیکی شنرۆ».

پرۆگرامی فیستیڤاڵ دابەشکرابوو بەسەر پێنج ڕۆژدا، بەم شێوەیە:

ڕۆژی یەکەم:
تیپی مۆزیکی هونەرە میللییەکانی هەولێر بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: سێ گۆرانی بە ناوی (خۆشەویستم، مەمرەنجێنە، بێنە دڵ) کە ئەم سێ بەرهەمە لە لایەن گۆرانیبێژان «جەلال سەعید و شێرزاد ئەحمەد و خۆشەوی عەزیز»ەوە گوتران. دواتر تیپی مۆزیکی گەنجانی زاخۆ و تیپی مۆزیکی شنرۆی هەڵەبجەی شەهیدیش بەرهەمەکانیان پێشکەش کرد، ئەوانەی زاخۆ چوار گۆرانی لە خۆ گرتبوو کە بریتی بوون لە «گۆرانی دونیا بو بهار، ماهوین نزانن، گەلیێ زیلان، بێرکێ». ئەوانەی تیپی مۆزیکی شنرۆیش بریتی بوون لە «سێ چریکە و سۆزی شارەزوور، وێسگەی ژیان، باخی ژین، کزەی شەماڵ».

ڕۆژی دووەم:
چالاکییەکانی دووەمین ڕۆژ لە کاتژمێر (٤)ی پاش نیوەڕۆ دەستی پێکرد و سێ تیپ بەرهەمیان پێشکەش کرد، ئەوانیش کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی، تیپی مۆزیکی شۆڕشگان و تیپی مۆزیکی دەربەندیخان بوون.

بەرهەمەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان سێ گۆرانی بوون بە دەنگی هونەرمەندان (ئیسماعیل سابووری و دانا مستەفا) گوتران، گۆرانییەکانی دەربەندیخانیش بە دەنگی (هونەر عەلی و ئەدیب وەهاب و دڵشاد لەتیف و ڕێبوار مەولوود) گوترا.

تیپی شۆڕشگان چەند گۆرانییەکی ناوازەیان پێشکەش کرد کە خرۆشی هۆڵەکەی زیاتر تاودا.

ڕۆژی سێیەم:
لە ڕۆژی سێیەمدا تیپی مۆزیکی باواجی وەک تیپێکی دێرین و بە ئەزموونی شاری خالّە تاهیر سێ گۆرانی جوان و قەشەنگیان پێشکەش کرد بە دەنگی

هونەرمەندان (سەلاح محەمەد و شێواز فریاد و ماردین کەمال).

دوابەدوای ئەمانیش کۆرانی شاری بابەگورگور تیپی مۆزیکی کەرکووک چەند گۆرانییەکیان پێشکەش کرد، لەوانە: «شارەکەم، ڕۆژان، وا ئەمشەو، لەگەڵ مەقامێکی ئەڵاوەیسی و بەستەیەک».

پاش ئەمانیش گرووپی نالی وەک گرووپێکی زۆر چالاکی فیستیڤاڵ دوو گۆرانی و پارچە مۆزیکێکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: مۆزیکی بە لەرزانە، ئامادەکردن و پێشکەش کردنی هەڵبەست سەلاح، گۆرانی نیگا گوتنی: دیار بەرزنجی و گۆرانی نازداراە و نازەنینم گوتنی شوان قەرەداغی.

ڕۆژی چوارەم:

بەرنامەی ئەم ڕۆژەش بریتی بوون لە: گرووپی سەهەند، ئەمانیش سێ پارچە مۆزیکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە: «مۆزیکی بریا، مۆزیکی ڕۆبارۆ، مۆزیکی ڕاز». دواتر تیپی مۆزیکی مەولەوی چەند بەرهەمێکیان پێشکەش کرد کە بریتی بوون لە پارچە مۆزیکێک و دوو گۆرانی، دوابەدوای ئەمانیش سێ گۆرانیان پێشکەش کرد بە دەنگی هونەرمەندان «شەماڵ ڕەشید و کاروان مەحمود».

ڕۆژی پێنجەم:

لەم ڕۆژەدا کە دوا ڕۆژی فیستیڤاڵ بوو، جگە لە دابەشکردنی خەڵات و وتەی بەرپرسانی حکوومی و حزبی و هەڵسوورێنەرانی فیستیڤاڵ هەر یەک لە تیپی مۆزیکی سلێمانی و گرووپی مۆزیکی شاکار و تیپی مۆزیکی سێلاف بەرهەمیان پێشکەش کرد و بە وتاری هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی کۆتایی بەم فیستیڤاڵە هات و خەڵات بەسەر سەرجەم تیپە بەشداربووەکاندا دابەش کرا. بە شێوەیەکی گشتی ئەم فیستیڤاڵە لە ماوەی ئەم پێنج ڕۆژەدا ببووە سەکۆیەکی بەرفراوان بۆ کۆکردنەوەی سەرجەم هونەرمەندانی کوردستان.

کاروان حەسەن
(سلێمانی)

نەدیم ئادۆ
لە پێشانگەیەکی فۆتۆگرافیدا

ئەمڕۆ هونەری فۆتۆگرافی لەوە دەرچووە تەنیا گرتنی چەند گرتەیەکی ساتەوەختی بێت، بەڵکو فۆتۆگراف لە زۆر حاڵەتدا کاریگەرییەکانی بۆ سەر بینەر لە زۆر هونەر و لایەنی تر خێراتر و کاریگەرترە، بە شێوازێک زۆر جار گوزارشت لەم هونەرەدا سەرنجڕاکێشترە لە هونەری شێوەکاری، چونکە وێنەکانی لە واقیع و لە ژیانەوە نزیکترن، بەدەر لەمەش تەکنیک لەم هونەرەدا گەیشتووەتە ئاستێکی زۆر باڵا، بە جۆرێک ئێستا چەندین ڕێباز و ستایل هەیە کە هەریەکەیان بۆ خۆی تایبەتمەندی فۆرمی جیاوازی هەیە و هەموشیان دەچنە خانەیەکەوە پێی دەڵێن هونەری فۆتۆگراف، هەر ئەمەشە توانیویەتی زیندوویەتی بە فۆتۆگراف ببەخشێت.

لەم تێڕوانینانە و لە بەرواری (٢٠٠٥/٣/١٥) و بۆ ماوەی سێ ڕۆژ لە هۆڵی گەلەری مۆزەخانەی سلێمانی «نەدیم ئادۆ»ی فۆتۆگرافەر پێشانگەیەکی تایبەتی کردەوە، لەم پێشانگەیەدا و لە بینینی تابلۆکانی ئەودا هەستت بە قوواڵی و تەماسێک دەکرد لەگەڵ ژیاندا، بە جۆرێک تاکە شتێک ببووە جیاکەرەوەی نێوان ژیان و نەدیم تەنیا «کامێرا»کەی بوو، ئەو کامێرایەی کە بە چاو و ئیحساسی دنیایەک چرکەی ڕۆژگارە سەیروسەمەرەکان و ساتەکانی نێو ژیانی ئەو کۆمەڵگەیەی گرتووە کە هونەرمەندی تێدا ژیاوە.

ئەوەی لێرەدا مایەی هەڵوێستە لە سەر کردنە ئەو ئەزموونەیە کە هونەرمەند ڕۆح و دنیابینینی خۆی پێبەخشیوە، کە سەرجەم تابلۆ فۆتۆگرافییەکان بەبێ ڕتووش و دەسکاریکردنێکی موزەیەفانەی کۆمپیوتەر بوو، بەڵکو تەنیا تەکنەلۆژیا لەوەدا ڕۆڵی بینیوە کە کارەکە دوای بەرهەمهێنانی ئیحساسی هونەرمەند وەک خۆی بە بێ دەسکاری بشواتەوە، ئەمەش خۆی لە خۆیدا هونەرێکە پڕ لە ئیحساس و ڕاستگۆیی و بەدەرە لە هەموو جۆرە فێڵێک لە هونەر و بەرهەمی هونەریی.

گەر تەنیا وێنەیەکی فۆتۆی ئەم هونەرمەندە وەرگرین و ئەم دەستەواژەیەی پێ بخوێنینەوە ئەوا دەتوانین لەو

وێنەیە ڕامێنین کە وێنەی عەرەبانەیەکی وشکە فرۆشە لە بازاڕێکی مـیللیـدا و ئەو لە سـەرەوە وێنەی گـرتووە، ڕێتـمی ئەم تابلۆیە پڕە لە ژیان و پڕە لە چرکـە و وێنەی ژیانی ئاسایی خەڵک، ڕەنگە ئێمە هەمـومان ئەم وێنەیە ببـینین، بەڵام کـەسـمـان وەک ئەم هونەرمـەندە هەسـتی پێناکـەین، ئەمـەش دیارترین خـاڵی هونەری ئەم هونەرمەندەیە.

نەدیم ئادۆ فۆتۆگرافەرێکی کوردی سووریایە و ساڵی (١٩٦٦) لە دایک بووە و تا ئێـسـتـا بەرهەمـە فـۆتۆگـرافـیـیـەکـانی لە زۆرێک لە وڵاتانی دنیـادا بڵاوبووەتەوە، لەوانە: فـەڕەنسـا و لوبنان و هۆڵەندا و کوێت و سویسرا.

ئەمـە جگە لەوەی چەندین پێـشـانگەی لە سـووریا و دەرەوەی سـووریاش کـردووەتەوە و دوا پێـشـانگەشی لە ناوەندی ڕۆشنبیری ئەمریکی و ئیسپانی کردووەتەوە. ئێـسـتـاش ئەندامی یەکـێـتی وێنەگـرانی ڕۆشنایی جیهانییە، کە ڕێکخراوێکی فۆتۆگرافی نێودەوڵەتییە.

ئەردەڵان ساڵح
(سلێمانی)

نامیق حەمە لە دەیەمین پێشانگەی تایبەتییدا

نامیق حەمە شێوەکارێکی بە ئەزموون و بە سەلیقەیە، ماوەی زیاتر لە دە ساڵ دەبێت ڕێچکەیەکی تایبەتی بۆ خۆی گـرتووە و بەشـێـوازێک زۆرجـار لەگـەڵ بینینی تابلۆکـانـیـدا ڕاسـتـەوخـۆ بینەر هەست بە هەناسـە و دنیـابینینی ئەو دەکـات، ڕەنگە ئەمـەش لە خـۆڕانەبێت هێندەی ئەوەی بینینی ئەوە بۆ هونەر.

زۆرجار کـە باس لە سـتـایل و تایبـەتمەندێتی دەکـرێت لای هونەرمـەند بەو شـێـوازە دەگـوترێت کـە هونەرمـەند نەخشاندوویەتی بۆ کارکردنی خۆی، بەڵام لەم سۆنگەیەوە هەمیشە «نامیق حەمە» لەبەردەم ئەو پرسیارگەلەدایە کە بەردەوام لە گۆڕان تاقیکردنەوەی جۆراوجۆردایە، ئەمـەش وای کـردووە هونەرمـەند لە هەر وەرزێکی هونەریدا ڕوویەکی دیاریکراوی هەبێت، بەڵام خاڵی سـەرەکی لاو کارکردنێکی هونەرییانەیە.

گـەر ئەم دەسـتـەواژانە بۆ ئەزمـوونە سـەرەتاییـەکـانی هونەرمـەند گـرنگی هەبووبێت و ڕەوابێت، ئەوا لە دوا ئەزموونیدا و لە «دەیەمین پێشانگەی تایبەتیدا» کە لە ڕۆژی (٢٠٠٥/٣/١٦) لە یادی کـیـمـیـابارانی هەڵەبجەدا کردیەوە، ئەم خاڵە زیاتر چڕبووەتەوە و کاری لەسـەرکـراوە، ئەو ئەزمـوونەی هونەرمـەند کـە لەو یادەدا کردیەوە زیاتر لە مەساحەی تابلۆ و کـۆنتراسی ڕەنگەکان و تەکنیکی هونەریدا دەخـولایەوە، ئەمـە جگە لەوەی فـیگەری تابلۆکانی فیگەرێکی وەهمی بوون و زیاتر لە فۆرمێکی فەنتازی و نامەنووسدا دەسووڕانەوە.

لایەنێکی تری جیاوازیی ئەم جارە هونەرمەند هێندەی بە دووی تەکنیک و داهێنان کـاریدا گـەڕابوو، هێندە نەچووەتە وردەکـاری فـۆرم و سکێـچی فـیگەرەکـان، لەکـاتێکدا هونەرمـەند لە ئەزمـوونەکـانی ڕابردوو لە پێـشانگەکـانی تریدا زیاتر بەهۆی ڕەنگە گەش و شکلّە کـوردییـەکـانی نێـو تابلۆکـانـیـدا بەدووی ناسنامـەی کولتووریدا دەگەڕا، ئەمە جگە لەوەی ڕەنگەکانی پڕ بوون لەو ڕەنگە کوردییانەی کە بە ڕەنگی فۆلکلۆری ناسراون و لە کەرەستە دەسکردە فۆلکلۆرییەکاندا هەن.

وەک بینەرێک لەمـەوە بۆمـان دەردەکـەوێت هونەرمـەند لەبەردەم ڕێچکەیەکی نوێی گۆڕاندایە، ڕەنگە ئەو گۆڕانە تەواو پێـچـەوانەی کارکردنەکانی ڕابوردووی بێت، بەڵام بە دڵنـیـاییـشـەوە ئەم گـۆڕانەی هونەرمـەند و لەنێـو تابلۆکـانـیـدا هەست بە دڵەڕاوکێ و ڕاڕاییـەکی سـەیر دەکەین، کە بە بڕوای من ئەم قەلەقییە بنەمای سەرەکی داهێنانە.

ماوەتەوە بڵێین نامیق حەمە لە ساڵی (١٩٦٧) لە

هەڵەبجە لە دایک بووە و بەشی وێنەکێشانی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی لە ساڵی (١٩٩١) تەواو کردووە.

لە ساڵی (١٩٩٥-٢٠٠٥) خاوەنی دە پێشانگەی تایبەتییە و، ئەمە جگە لەوەی بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەشی کردووە لە ئەمریکا و ژاپۆن و کۆریا و سوید و بەریتانیا و جگە لەم پێشانگایەش هەر دوو ساڵ لەمەوبەر پرۆژەیەکی هونەری بۆ هەڵەبجە کرد، پرۆژەکەش کارکردنی هونەری بوو لەسەر ئەو ڕۆکێتانەی کە هەڵەبجەی پێ بۆردوومان کرا. ئەم ئەزموونەشی ناوبانگێکی گەورەی پەیدا کرد، دیارترن ناوبانگ وەک پۆسکارت لەنێو پەرلەمانی بەریتانیا بەسەر ئەندامانی پەرلەماندا دابەش کرا.

هەردی عەلی
(سلێمانی)

مەریوان ئەبوزێد لە (وەرزەکانی حەسرەت لە غوربەت)دا

وەرزەکانی حەسرەت لە غوربەتدا ناوی ئەو پێشانگە هێڵکاریە بوو کە مەریوان ئەبوزێد لە ڕۆژی (٣/٣٠ تا ٤/١) لە گەلەری مۆزەخانە کردیەوە، ئەم پێشانگەیە کە (٢٣) تابلۆی هێڵکاری هونەرمەندی لەخۆ گرتبوو هەموویان شێوازێک لە هێڵکاری ڕەمزی و گوزارشتکارییان لەخۆ گرتبوو، ڕەنگدانەوەی ئەو هەستی غوربەتەیە کە لەناخی هەموو پەناهەندەیەکی کورددا هەیە بەتایبەتی توێژی هونەرمەندان و ڕۆشنبیران، کە ئەوان توێژێکن زیاتر هەست بەو غوربەتە دەکەن.

لەم سۆنگەیەوە لەگەڵ ئەوەی مەریوان خۆشی بەشی پەیکەرسازی تەواو کردووە و زیاتر لە کاری هێڵکاریدا وردەکار و بە سەلیقەیە بۆیە سەرجەم کارەکانی شکڵێک لە تایبەتمەندییان وەرگرتووە، کە خۆی لە تەقسیکی تایبەتمەنددا دەبینێتەوە کە ئەویش ئەو هەستی غوربەتەیە کە لە ناخی هونەرمەندا هەیە.

مەریوان ئەبوزێد گەنجێکی شێوەکارە و دەرچووی بەشی شێوەکاری پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانیە و ماوەی چەند ساڵێکە لە بەریتانیا دەژی و لە گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان ئەم پێشانگەیەی کردەوە، پێشانگەکە کە ماوەی سێ ڕۆژ بەردەوام بوو، کۆمەڵێک تابلۆی کێشابوو کە سەرجەم تابلۆکان قەبارەیەکی بچووکیان هەبوو بەمادەی (حیبری شین و ڕەش) لەسەر کاغەز دروستکرابوون.

کۆی گشتی کارکردنی هونەرمەند دەتوانین بڵێین لەناونیشانی پێشانگەکەیەوە هەڵێنجراوە، کە ئیشکردنی هونەرمەندە لەنێو کایەکانی غوربەت و ئەو حاڵەتە دەروونییانەی کە کەسی کوردی لە تاراوگە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، وەک نەگونجانی کولتوور و کۆمەڵایەتی و زۆر شتی تریش، لەم سۆنگەیەوە هونەرمەند وەک کەسێکی ئەو کایە ویستبووی گوزارشت لەو حاڵەتانە بکات کە تووشی مرۆڤی غەریب دەبێت لەو وڵاتەدا، ئەمە جگە لە پەنابردن بۆ هەندێ ئاماژەی تایبەتی بۆ گوزارشتکردن لەو حاڵەتە.

لە فۆڵدەری پێشانگەکەشدا کامەران ڕەزای هونەرمەند پەیڤێکی بۆ ئەم ئەزموونەی هونەرمەند نووسیوە و لە بەشێکیدا هاتووە دەڵێت (هونەرمەند مەبەستیەتی لە ڕێگای هونەرەکەیەوە پەیامێکمان پێبگەیەنێت و پێمان بڵێت لە غوربەتا ژیان سەختە و هونەر تینووی غوربەت دەشکێنێ، مەریوانی هونەرمەندیش لەنێو ئەم حەشاماتەی دەیەوێت لە ڕێگای هێڵ و پانتایی و کارە مۆتیفیەکانیەوە ئەوەمان پێڕاگەیەنێت کە ژیان پێویستی بە بەرەنگاربوونەوەیەکی بەردەوامە)

مەریوان ئەبوزێد لە شارۆچکەی مەخمور لەدایک بووە.

* ساڵی (١٩٩٩) بەشی پەیکەرسازی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تەواوکردووە.
* ساڵی (١٩٩٤) پێشانگەیەکی تایبەتی لە هەولێر کردۆتەوە.
* ساڵی (١٩٩٧) بەشداری پێشانگەی هاوبەشی گەلەری زامواي کردووە لە سلێمانی.
* ساڵی (٢٠٠٣) پێشانگەیەکی تایبەتی لە مانچستەر کردۆتەوە.
* ساڵی (٢٠٠٤) پێشانگەیەکی تایبەتی لە زانکۆی (بێرمینگهام) کردۆتەوە.
* ئێستاش قوتابی ئەکادیمی (Nottingham) لە (Mans tehd) لە بەشی شێوەکاری.

سەرخێڵ عەلی
(سلێمانی)

شانۆگەری «ماشێنی مەرگ» لە هەڵەبجەی شەهید

ڕەنگە کارەساتی هەڵەبجە زۆر لەوە گەورەتر بێت بە یادکردنەوەیەک، یان بە بەرهەمێکی هونەری گوزارشتی لێ بکرێت، چونکە ئەم کارەساتە هێندە گەورەبوو هەستی مرۆڤایەتی لە سەرتاسەری جیهاندا هەژاند و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی بەعسیشی خستە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ئەوەی مایەی هەڵوێستە لە سەر کردن و جێگەی داخە تا هەنووکە هونەرمەندانی کورد نەیانتوانیوە بەرهەمێکی وا پێشکەش کەن هێندەی گەورەیی ئەو کارەساتە بێت، هۆکاری سەرەکی ئەمەش بۆ کەمتەرخەمی هونەرمەندان و لاوازی یادەوەری تاکی ئێمە دەگەڕێتەوە، کە ڕەنگە ئەم کارەساتە بە سەر میللەتێکی تردا بهاتایە شتی زۆر لەمە گەورەتریان بۆ بکردایە.

بە هەر حاڵ وەک نەریتێکی ساڵانە، هەموو ساڵێک لە ڕۆژی (١٦/٣) فیستیڤاڵ و یادی ئەو کارەساتە شوومە دەکرێتەوە، ئەم ساڵیش وەک هەموو ساڵێک لەم یادەدا کۆمەڵێک بەرهەمی ئەدەبی و هونەری پێشکەش کران، لە نێویاندا بەرهەمێکی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکان بوو، ئەم بەرهەمەش شانۆیی «ماشێنی مەرگ» بوو، «ماشێنی مەرگ» چامە شیعرێکی شاعیر (سەلاح ڕەش) بوو کە تایبەتە بەم کارەساتە و دیوی ناوەوەی نەهامەتییەکانی هەڵەبجەیە، پاشتریش ئەم چامەیە لە لایەن شانۆکار «مۆفەق عارف لهۆنی»یەوە کراوەتە بەرهەمێکی شانۆیی و کاری دەرهێنانی بۆ کراوە، لەم نمایشەدا کۆمەڵێک قوتابی بەشی شانۆ لە هەموو قۆناغەکان ڕۆڵی کارەکتەرەکانیان بەرجەستە دەکرد.

شۆپنی نواندنیش بە شێوەیەکی گەڕۆک و بە گەڕەکە سەرەکییەکانی هەڵەبجەدا دەگەڕان و لە هەر کووچە و کۆڵانێک دیمەنێکیان پێشکەش دەکرد و گریان و ماتەمی خەڵکی و بینەرانی دڵشکاو ببووە ڕیتمێکی حەزینی ئەم نمایشە کە خۆی لە خۆیدا هەوڵێکی ناباو بوو بۆ گوزارشتکردن لەم کارەساتە و ئاستی نواندن تا ڕادەیەک لە زۆرێک لەو شانۆگەرییانەی تر باشتر بوون کە لەو کارەسات و یادەدا پێشکەش کران، ڕەنگە هۆکاری ئەمەش بۆ ئاستی خوێندەواری ئەو قوتابییانەی شانۆ بگەڕێتەوە کە خۆیان بە شێوازێکی ئەکادیمی سەرقاڵی ئەزموون و خوێندنی شانۆن.

هەڕێز ئازاد
(سلێمانی)

شانۆگەرییەکی گەڕۆک لە هەورامان

گرووپێک شانۆکار کە هەموویان دەرچووی بەشی شانۆی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانن ماوەی دوو مانگە سەرقاڵی خۆ ئامادەکردن بۆ نمایشی شانۆگەری (پێکەوە دەژین) ئەم شانۆییە بەهاوبەشی هەردوو هونەرمەند (سەفین ئەنوەر و کامەران سوبحان) نووسیویانە و کاری دەرهێنانیان بۆ کردووە و هەریەکە لە هونەرمەندان (ئاشنا ڕەئوف و نیشتیمان عەبدوڵڵا و زانیار فەتاح و جەمال ئەحمەد)یش ڕۆڵی تێدا دەبینن و کارەکەش بەرهەمی ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت (c d o) بە هاوکاری ڕێکخراوی (n p a) بودجەی بۆ دابینکراوە.

ئەم شانۆییە گەڕۆکە یەکەم نمایشی لە گوندی (ئاوایی ڕۆستەم بەگ)ەوە دەستی پێکرد کە ڕۆژی (٢٠٠٥/٣/١٧) دواتر لە هەریەک لە خۆرماڵ و هەڵەبجەی شەهید و گوندەکانی (زەردەهاڵ و باخەکۆن و ئەحمەد ئاواو چەند شوێنێکی تر بەردەوام سەرقاڵی نمایشکردنە و بڕیارە تا کۆتای مانگی نیسان بەردەوام بێت لە نمایشکردن.

بیرۆکەی گشتی نمایشەکە بریتییە لە تۆخکردنەوەی هەستی ئینسانی لای مرۆڤەکانی ئەو ناوچانە و ناساندنی مافەکانی مرۆڤ پێیان لە ڕێگەی نمایشەوە و بەشداریکردنی ئەوانیش وەک کارەکتەرێکی چالاک لە ڕووداوی نمایشکردنەکەدا، مەبەستی سەرەکیش لە هەڵبژاردنی ئەم شوێنانە بۆ نمایشکردن ڕەنگە پەیوەستبێت بەو باگراوەندە سیاسییەی کە ئەم ناوچانە هەیانبوە کە ماوەکی زۆر لەژێر دەسەڵاتێکی ڕەشی دیکتاتۆری ئەنساردا کە هیچ کەس نەیتوانیوە گوزارشت لە ئینسانی بوونی خۆی بکات، لەم ڕێگەوەش جگە لە وەزیفە ئینسانیەکەش وەزیفەیەکی ئیستاتیکی و هونەرییە بۆ ئەم ناوچانە کە ماوەی دە ساڵە هیچ جۆرە چالاکییەکی هونەرییان تێدا ئەنجام نەدراوە و ئەمەش بوو بە هۆکارێکی بەهێز بۆ بەگەڕخستنی ئەو چالاکییە هونەرییانەی کە ماوەیەکە لەم ناوچانە مەحرووم.

ئەوەی ماوە بڵێین ئەو شوێنانەی کە ئەم نمایشانەی تێدا کراوە بینەر بەگوڕ و تینێکی زۆرەوە بەشداریان لە بینینی نمایشەکاندا دەکرد و زۆر جاریش لە شوێنێکدا بەهۆی زۆری بینەرەوە نمایشەکان دووبارە دەبوونەوە، ئەم نمایشە یەکەم نمایشی لەو جۆرەیە کە لەدوای ئازادی ناوچەکەوە بەو شێوەیە ساز بکرێت.

کارزان ڕۆستەم
(سلێمانی)

شانۆیی شانۆ لە سلێمانی

لە چوارچێوەی ئەو بەرهەم و کارە هونەرییانەی بۆ ڕۆژی شانۆی جیهانی لە سلێمانی سازکران لە ڕۆژی (٣/٢٧ تا ٣/٣٠) لە هۆڵی شانۆیی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی شانۆگەری (شانۆ) نمایش کرا، ئەم شانۆگەرییە لە نووسین و دەرهێنانی هونەرمەند (سەردار مەحموود) و نواندنی کۆمەڵێک لە قوتابیانی بەشی شانۆ بوو، بیرۆکەی شانۆگەرییەکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە کۆمەڵێک قوتابی شانۆکار یان چەند هونەرمەندێک دەیانەوێت بەرهەمێکی شانۆیی پێشکەش کەن، لەم ساتەوە دەرهێنەر دەگەڕێت بەدوای ئەو چرکەساتە پەنهانەی کە بونیادی ئەو نمایشەی لێدروست دەبێت و دواتر لە پشتی ئەوەوە دەیەوێت گوتاری خۆی ئاڕاستەی بینەر بکات.

لە ڕووی فۆرمی کارکردنیشەوە بیرۆکەی سەرەکی ئەم شانۆگەرییە لەو ساتەوە دروست دەبێت کە گرووپێکی شانۆیی دەیانەوێت نمایشێک ئامادە بکەن، بەڵام دنیایەک گفت دێتە ڕێگەیان بۆ ئەو نمایشە لەوانە ڕێکنەکەوتنیان لەسەر دابەشکردنی ڕۆڵی کارەکتەرەکان و چۆنیەتی نواندنی سیماکانی ئەو شانۆگەرییە، لێرەوە دەرهێنەری نێو نمایشەکە کە شانۆیەکە لەناو شانۆدا تووشی بەدگومانییەکی گەورە دەبێت هەرگیز جورئەتی ئەوە ناکات بڵێت بە ئەکتەرەکان با نمایش بکەین.

ڕەنگە دیارترین شێوازی شانۆیی شانۆ جگە لەو کارکردنەی شکسپیر لە دەقی (هاملێت)دا ئەزموونی ڕاهێنانەکانی دەرهێنەری جیهانی (ستانسلافسکی)مان بیربخاتەوە کە چۆن مەشق و ڕاهێنانی بە ئەکتەرەکانی دەکرد بۆ ئەوەی لای بە شێوازێکی پراکتیکی لەو وانەیە فێربن کە ئەکتەری سەرکەوتوو دەبێت هەیبێت بۆ ئەم حاڵەتەش دەرهێنەر زۆر هەوڵی دۆزینەوەی ئەو فۆرمەی داوە.

سەبارەت بە نواندنیش دیارترین ڕەگەزی ئەم نمایشە بوو کە دەرهێنەر هەوڵی دابوو سادەییەکی وای پێببەخشێت کە لەگەڵ ڕیتمی گشتی نمایشەکەدا ئاوێزان بێت.

هەرێز حەسەن
(سلێمانی)

کۆمەڵێک لە شاکارەکانی «تارکۆفسکی» لە سلێمانی نمایش کرا

لە وەرزێکی نوێی چالاکییەکانی گەلەری (ئارام) کۆمەڵێک لە شاکارەکانی دەرهێنەری سینەمایی بەناوبانگ (تارکۆفسکی) نمایش کرا.

ئەم وەرزە نوێیەی گەلەری ئارام بە هاوکاری وەزارەتی ڕۆشنبیری و بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەرە لە سلێمانی، ڕەنگە بۆ بینەری ئێمە بەتایبەتی ئەوانەی تازە سەرقاڵی بینینی فیلمە جیهانییەکان بن ئەمە شتێکی زۆر تازە و نوێ بێت، نەک هەر ئەمەش، بەڵکو بینینی کۆمەڵێک شاکاری دەرهێنەرێکی جیهانی هەروا کارێکی سانا نەبێت هەوڵی زۆری بوێت، بەڵام ئەم هەوڵەش بە توانا و لێهاتوویی وێنەگر و هونەرمەندی سینەمایی «کامەران شەوقی» بێت کە ماوەیەک لە ڕووسیا هونەری سینەمای خوێندووە و پاشتر لە سوید ژیاوە و وەک کەسێکی موتابیعی بەردەوامی ئەم بواره توانیویەتی ئەم شاکارانە بگەیەنێتە بینەری کوردی.

پرۆگرامی نمایشکردنی فیلمەکانیش بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

ڕۆژی هەینی (٣/١٨) یەکەم فیلمی «تارکۆفسکی» نمایش کرا کە فیلمی «سۆلاری» بوو، دوای بینینی

فیلمەکە و نمایشکردنی لەلایەن «کامەران شەوقی» و چەند هونەرمەند و بینەرێکی تردوە گفتوگۆ و دیالۆگێکی بەرفراوان لە سەر هەموو ئاستەکانی فیلمەکە کرا.

ڕۆژی هەینی (٣/٢٥) فیلمی «ئاوێنە» نمایش کرا و بە هەمان شێوە دوای بینینی فیلمەکە دەرگای گفتوگۆ و قسەکردن کرایەوە و هەر بینەرێک بە پێی ئاست و هۆشیاری و ڕادەی تێگەیشتنی خۆی لە فیلمەکە لەبارەیەوە دوا.

سێیەم فیلم لە سێیەم هەفتەدا کە ڕێکەوتی (٤/١) فیلمی «ستالکەر» بوو ئەمیش یەکێکە لەو شاکارانەی کە «تارکۆفسکی» کە دەتوانین بڵێین زۆرترین شتی لە دنیای سینەما و ڕەخنەی هونەری لە سەر نووسراوە.

چوارەم فیلم لە چوارەم هەفتەدا کە ڕێکەوتی (٤/٨) فیلمی «نۆستەلگی» بوو.

پێنجەم فیلم و دوا فیلمی ئەم کەڵە دەرهێنەرە ڕۆژی (٤/١٥) نمایش کرا، فیلمی «قوربانی» بوو.

بەم جۆرە پرۆگرامی نمایش کردنی فیلمەکانی دەرهێنەری جیهانی «تارکۆفسکی» لە گەلەری ئارام کۆتایی هات.

نیشتمان ڕەزا
(سلێمانی)

پێشانگەیەکی گرافیکی لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی

لە سەرەتای مانگی ئادارەدا چوار قوتابی بەشی گرافیک لە پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی سلێمانی بۆ ماوەی هەفتەیەک لە گەلەری پەیمانگە پێشانگەیەکی هاوبەشیان کردەوە، ئەوەی لەم پێشانگەیەدا مایەی هەڵوێستە لەسەر کردنە ئەو مەنهەجیەت و ڕێکخستنەیە لە کاری ئەم چوار قوتابییە کە بریتی بوون لە: «مەریوان سدیق، هاوسەر سەفەر، هێرۆ جەلال، ئالان ئەحمەد» و هەر چواریان قوتابی بەشی گرافیک بوون و ئەم پێشانگەیە لە ژێر چاودێری مامۆستای وانەی پراکتیکیان هونەرمەند «ئەڵوەند جەلال» ڕێکخرا بوو، ئەم هەوڵەی ئەم کۆمەڵە قوتابییە ڕاستە هەوڵێکی سەرەتاییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ ئەو قوتابییانەی هونەر کە لە داهاتوودا دەبنە هونەرمەندی دوارۆژ و لە کارەکانیشیاندا ئەو جورئەت و وردەکارییە دەبینرا کە بنەمای سەرەکی هەموو کارێکی گرافیکییە، قەبارە و فۆرمی تابلۆکان لای هەر یەکەیان بە شێواز و تایبەتمەندیی خۆیەوە بوو، بە شێوازێک بینەر لە یەکەمین بینیندا هەستی بەو جیاوازییە دەکرد. لەم پێشانگەیەدا ئەم چوار قوتابییە (٥٠) تابلۆی گرافیکیان نمایش کردبوو، کە زۆرێک لە تابلۆکان پۆرترێت و ئەزموونی دارشتن و کاری سەربەستی ئەو چوار قوتابییە هونەرمەندە بوو کە هیوای ئایندەیەکی گەشیان لێ دەکرێت.

لە دەلیلی پێشانگەکەدا مامۆستا ئەڵوەند جەلال پەیڤێکی بۆ نووسیون تێیدا دەڵێت: «بینین گەورەترین سەرچاوەی کارە هونەرییەکانمانە، بەر لە هەموو شتێک ڕوانین بۆ دیدێکی گوزارشت لێکراو دەبێتە گەورەترین دەربڕین لە چوارچێوەی هونەریدا کە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە ئەزموون و هەست و نەستی کەسێتییەوە هەیە.. لێرەدا هونەری زانستی دەبێتە بناغەی نێو هەموو کارە هونەرییەکانمان».

لوقمان ئەحمەد
(سلێمانی)

ڕەخنەی ڕەخنەگران

لێکۆڵینەوە لە بارەی سنوور و بەهای ڕەخنەوە بەشێوەیەکی سرووشتی ڕەخنە لە ڕەخنەگرانیش لە خۆ دەگرێ و هەڵبەتە کاتێک «ڕەخنەی ڕەخنە» لە سنووری ڕاستەقینەی ڕەخنە دەکۆڵێتەوە، ئیدی ئەو سکالانامانەی هاوشێوەی ئەوەی کە مارسل پانیۆل (١٨٩٥-١٩٧٤)ی نووسەر و سینەماکاری فەرەنسی لە (ڕەخنەی ڕەخنەگران)دا نووسیویەتی جگە لە خستنەڕووی لایەنی کورت و لاوازی هەندێک ڕەخنەگری سەرکێش و

نابەرپرس شتێکی تر نیشان نادا. هەروەها کاتێکیش کە ژان پۆل سارتر لە کتێبی «ئەدەب چییە؟»دا ڕەخنەگران بە پاسەوانی گۆڕستان دەچوێنێ و دەڵێت ئەمانە جگە لە دۆسیە هەڵگیراوەکان و ئەو دەعوایانەی کە کۆتاییان هاتووە حەز بەشتێکی تر ناکەن، ڕەخنە ڕەت ناکاتەوە و مەبەستی لە ڕەخنەی ڕەخنەگرانە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ ڕەخنەدا کە هەندێ کات کەموکورتی ڕەخنەگران دەخاتە خانەی ڕەخنەوە، لە مێژووی ئەدەبدا ڕابردوویەکی کۆنی هەیە و ڕووداوەکەی سید کۆرنی لەگەڵ ڕیشلیۆ و چیرۆکەکەی موتەنەبی لەگەڵ (صاحب بن عیباد) چەند بەڵگەیەکن کە نیشانی دەدەن چۆن ڕەنگە لادانی ڕەخنەگر، زیان بە کەسایەتی و متمانەی ڕەخنەییش بگەیەنێ. مارسل پانیۆل لە «ڕەخنەی ڕەخنەگران»دا ئاماژە بەوە دەکات کە هەر کاتێک بەرهەمێکی بەرچاو لەلایەن خەڵکەوە بێ بەش دەبێ، ڕەخنەگرانی وەچەی پاشتر گوناهەکەی دەخەنە ئەستۆی خەڵکی ئەو سەردەمە لە کاتێکدا کە گوناهی ڕاستەقینە لە ئەستۆی ڕەخنەگرانی ئەو سەردەمەیە کە لە بری ڕێنمایی و ئاراستەکردنی خەڵکی سەردەمەکە، بە ئەنقەست بێ دەنگییان نواندووە. لە ڕاستیدا ئەگەر شاعیرێکی وەکو مەنوچەهری دامغانی لەو سکالانامەیەی کە لە ئێرەییکەرێکی خۆیەوە بە دەستی دەگات و بە ڕێگری سەرکەوتنی خۆی دەزانێت (هەرچەندە بە سووکایەتیشەوە باسی ئەوی کردبوو) بە دڵنیاییەوە بە ڕەخنەگرێکی دادەنێت کە بەدوای کەموکورتییەکاندا دەگەڕێت و ئەگەر ئەفسانە سازان ویستوویانە (بە هاندانی «عونسوری» و «فەڕوخی» لە دەرباری مەحمود) پەسندی شانامە لە بەین بەرن، نیشانەی ئەوەیە کە ئەوان بەباشی لە ڕۆڵی ڕەخنەگری مەبەستدار گەیشتوون. نەک وەک ئەوەی کە داستانی «سوور و ڕەش»ی بەرهەمی بەناوبانگی ستاندال (١٧٨٣- ١٨٤٢) کە لەکاتی بڵاوکردنەوەدا بەهاکەی بەدەر نەکەوت، یان ئۆپەرێتی «کارمەن»ی بەرهەمی بیزە (١٨٣٨- ١٨٧٥) هەر لە یەکەمین شەوی نمایش کردنیدا تووشی شکستێکی چاوەڕوان نەکراو هات، ڕەخنەگرانی سەردەم بەرپرسیار بن و هەروەک مارسل پانیۆل دەڵێت ناتوانین یەخەی ئەم سەوداگەری خەڵکی لێۆن و ئەو پیشەکاری شاری پاریس بگرین کە بۆچی بەهای ئەم بەرهەمانەیان لەبەرچاو نەگرتووە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جۆرە ڕەخنە ناتەواوانە ڕەنگە بەلای کەمەوە لەلای هەندێک لە نووسەرانی بەرهەمەکان ببێتە مایەی نائومێدی و ساردبوونەوە و لەوانەیە هەندێکیان واز لە ئافراندن و داهێنانی بەرهەمەکان بهێنن. لە ڕاستیدا ئەم کارتێکردنە نەشیاوە، زیانێکە کە ڕەخنەگر بەدنیای داهێنانی دەگەیەنێت و بەشێکی زۆری داهێنەرانی هەستیار دەشکێنێتەوەو دووریان دەخاتەوە لە مەیدانەکە. دەقی شانۆنامەی «فدر»ی بەرهەمی ڕاسین (١٦٣٩- ١٦٩٩) و ئەوەی کە شاعیرێک بەناوی پرادۆن (١٦٤٤- ١٦٩٨) لە بەرامبەریدا دەیخستەڕوو لایەنی زیانبەخشی ئەم شکانەوەیەی داهێنەرانی ڕاستەقینە دەخاتە ڕوو. کاتێک کە تێکدەران پرادۆنیان لە بەرامبەر ڕاسین ڕاست کردەوە و بە هاتوهاوار و بەدکاری، کارە کەم بەهاکەی ئەویان بە باشتر لە بەرهەمە بەرزەکەی ڕاسین نیشان دا.

ڕاسین بە دڵشکاوی مەیدانەکەی بەجێهێشت و ڕووی کردە گۆشەگیری و بۆ ماوەی دوازدە ساڵ بێدەنگ بوو، دەستی نەدایە داهێنانی بەرهەمێکی نوێ. ڕاستە کە پاش ئەوە بە هاندانی هەندێک لە هونەردۆستان دڵخۆش بوو و، تەنانەت بەرهەمێکی وەکو «ئاتالی»ی نووسی کە لە ڕووی گرنگی و تەواویەوە، تەواوکەری (فدر) بوو بەڵام هاتو هاواری ڕەخنەگران ئەم کاریگەرییە خراپەی هەبوو کە ماوەی دوازدە ساڵ لە تەمەنی شاعیرێکی گەورە بەفیڕۆ بدا و ڕایبگرێت لە داهێنانی بەرهەمی بە نرخ. دروستە لە وەها حاڵەتێکدا زەوقی گشتی بەرە بەرە هەڵسەنگاندنە نادروستەکانی ڕەخنەگران ڕاست دەکاتەوە، بەڵام کاریگەری ڕۆحی ئەو زیانەی کە ڕەخنەی ناڕەوا بە ئەفرێنەرانی ئەم بەرهەمانەی دەگەیەنێت تا ساڵانێکی زۆر لە یادیان ناچێت. ڕەنگە چیرۆکی ژول لومتری (١٨٥٣- ١٩١٤) ڕەخنەگری ناوداری فەرەنسی لەگەڵ ژۆرژ ئونە (١٨٤٨- ١٩١٨)ی نووسەری چیرۆکی بەناوبانگی «وەستای کووڕەکان» بەڵگەیەکی پەندئامێز بێت لەم بارەیەوە. ڕەخنەی ڕووخێنەر و تا ڕادەیەک بەدکارانە کە ژول لومتر ئاراستەی ئەم بەرهەمە سەرکەوتووەی کرد، بەبێ ئەوەی کە ڕێگر بێت لەبەردەم ناوبانگ و پەسندکردنی لە ڕادەبەدەری، نووسەرەکەی زۆر ساردکردەوە و وای لێکرد تاوەکو لەو بەرهەمانەی کە لەوەو دوا دەیاننووسێت، زۆر ڕاڕا و ورد بێت کە ئەمەش وای کرد بەرهەمەکانی وشک و بێ گیان بن. پاشتر هەروەک چۆن پانیۆل باسی دەکات ژول لومتر داوای لێبووردنی لەو نووسەرە کرد، بەڵام بەو ڕەخنە ناڕەوایەی کە ئاراستەی کردبوو، لە ڕاستیدا زیانێکی بەرچاوی بە ڕێز و بەهای خودی ڕەخنەش گەیاند. ڕاستە کە ڕەخنەگرانی پاش ئەویش هەمان کاریان دووبارە کردووەتەوە بەرامبەر بە ئێدمۆند ڕۆستان (١٨٦٩- ١٩١٨) و هانری بوردۆ (١٨٧٠- ١٩٦٣) و ژۆرژ سیمۆن و هێنەدەش زیانیان بە ڕێز و پەسندی ڕەخنە گەیاندووە و ڕەخنەگرانیشی خستووەتە بەردەم گلەیی و سووکایەتی. بێگومان ئەوەی کە ئەم جۆرە ڕەخنەگرانە دەخاتە بەردەم سەرزەنشت کردنی ڕەوا ئەوەیە کە خۆیان نابەستنەوە بە سنوور و کارەکانی ڕەخنەوە. تا ئاستێکی نابەرپرسانە بەشێوازی بەجێهێشتنی کاریگەری کار دەکەن و هەندێک کات شێوازی ڕاڤەکردنەکانی خۆیان تا

ئاستی پشکنەرێکی بیروباوەڕەکان دێننە خوارەوە. هەڵبەتە ڕەخنەگرێک کە کارەکەی خۆی بەجدی وەردەگرێت و ئاگایانە ڕەچاوی سنوور و بەهاکانی دەکا، دەزانێت کە لە هەموو کاتێکدا بەرپرسە بەرامبەر بەوەی کە دەینووسێت، چونکە لە هەموو کاتێکدا، تەنانەت ئەگەر توانای هەڵسەنگاندن و بوونی پێوەرە پەسەندەکانیشی نەبێت، هێشتا مەحاڵە لە دەربڕینی خۆیدا، یان لە بێ دەنگی خۆیدا جۆرێک هەڵسەنگاندن هەبێت بەرامبەر بە ئەو بەرهەمەی کە لەبەر دەستیدایە. لەو کاتەدا ناچارە وەکو هەموو قازیەک هەست بە بەرپرسیاری بکات و هەوڵ دەدات تا کارێک بکات (هەرچەندە هەندێک کات نائومێدانەیە) بۆ بێ لایەن بوونی و هەر ئەم خاڵە جیاوازی دەکات لەنێوان ڕەخنەگر و ئەو کەسانەی کە کاری ڕەخنە بەجدی وەرناگرن، یان هەمیشە سنوورەکانی دەبەزێنن. تەنیا لە ڕێگەی ئەم جۆرە ڕەخنەگرەوەیە کە ڕەخنە سەرەڕای ئەو ڕقەی کە داهێنەران هەیانە بەرامبەری و لەگەڵ ئەو بایەخ نەدانەی کە خۆیانەرانی بەرهەمی ئەدەبی دەینوێنن لە ڕووبدا، ڕۆڵێکی کەم تا زۆر بەرچاوی هەیە لە چاکسازی و پێشکەوتنی ئەدەبی ئەفرێنراو، لە ڕاستیدا «هۆکاری بوون»یشی هەر ئەمەیە.

و/ لە فارسییەوە: مەحبووبە محەمەد

سەرچاوە:
نقد ادبی- عبد الحسین زرین کوب.

تۆ بڵێی سوریالیزم شەپۆلێکی نوێ بژییێنێتەوە؟

کەمێک دوای مردنی ئەندرێ بریتۆن لە ساڵی (١٩٦٦)، مارسێل دوکمپ وتی: بریتۆن یەکێک بوو لە شەیدایانی عیشق لە دنیایەکدا کە ڕووی لە بێ بەندوباری کردبوو. بیست و پێنج ساڵ دوای ئەم وتەیە، سوریالیزم- ئەو بزاڤەی کە بریتۆن لە سەرەتای ساڵانی بیستەکان لە هێنانە ئارایدا لە فەرەنسا، بەشدارییەکی بەرچاوی هەبوو، هەروەها خۆیشی شاهانە ڕێبەرایەتی دەکرد- جارێکی دیکە نرخ و بەها پەیدا دەکاتەوە و لە پڕ ناوبانگ دەردەکاتەوە.

زۆری بەسەرداتێنەپەڕیبوو کە سوریالیزم لە شوێنێکدا وەلانرابوو، مۆدێرنیستەکان، بابەتەکانی دژی فۆرمالیستیان بە بزاڤێکی بێ سوود دەزانی، چونکە بێ یاسایی و بێ بەندوباری و بێ سەروبەری لە بەکارهێنانی زاراوەی بیانی لە ناو بەرهەمی سوریالیستەکان شەپۆلیان دەدا. نووسینە ڕیزپەڕو لادەر و بێ جێ و ڕێبەرەکانی سلڤادۆر دالی (بەناوبانگترین بەرگریکار، بانگەشە کارو جلەوگری ئەم بزاڤە!) تەنیا بەو چەمکەی سوریالیزم گەیشت کە بێ بایەخ و بازاڕیانە بیخاتە بەرچاو. گێرمەو کێشەو بانگەشە لە ڕادە بەدەرو شێوازەلێکچووەکانی بازاڕ پەیداکردنیش، سیمایەک بوون لە تایبەتمەندییە دروستەکانی ئەم بزاڤە، کەچی سوریالیزم، بەتایبەتی بریتۆنی ڕێبەرە بەتواناو داناکەی، جارێکی دی لە هەموو شوێنێک و بەشێوەیەکی جددی دەخرێنە ڕوو و پێشوازییان لێ دەکرێت. بنکەی جۆرج پۆمپیدۆ لە پاریس، پێشانگایەکی شکۆدار و تەکاندەر و لە هەمان کاتدا مایە پووچ و بێ ئەنجامی لەژێر ناونیشانی «ئەندرێ بریتۆن، جوانی سەرلێشێواو» سازکرد کە لە کۆتاییەکانی مانگی ئابی/ ١٩٩٢ کۆتایی هات. ئەم پێشانگایە بە تێکڕایی و سەرلەبەری سەدان بابەتی نائاسایی و بێ وێنەی لەخۆگرتبوو کە بریتۆن بەکۆکردنەوەیان لەنیو ماڵە تازەکەی خۆی لە پاریس، جۆرە تابلۆیەکی سوریالیستی لێ دروست کردبوون. پێشانگای ناوبراو، هەڵکۆڵینی داری ئەفریقیا و ماسکەکانی ئەسیکۆییەکان و شتگەلی دیکە کە خۆی لە خۆیدا بەجۆرە هونەرێکی شێوەکاری دەژمێردراو پەیکەرو هێڵکارییەکانی پیکانیا، دوشریکۆ، ئەرنست و... نزیکەی تەواوی گەورە کەسانی سوریالیزمی لەخۆ دەگرت.

هەر لەگەڵ ئەم بەرهەمانەدا چەندان وێنە، نووسین، نامە و کاری هونەری دیکە کە لە دوو توێی کەتەلۆگێکی قەبارە (٥١٢) لاپەڕەیی خرابوونە ڕوو.

وێڕای ئەمە چەند ژوورێکیش بە بەرهەمی هونەری ئەو سوریالیستانە پڕ کرابوونەوە کە لە وەچەی دووەم و سێیەم بوون و ببوونە مایەی بەدناوکردنی ئەم قوتابخانەیە. هەروەها بەرهەمی ئەو کەسانەش خرابوونە ڕوو کە بەدیاری بۆ بریتۆنیان هەناردبوو- گومانی تێدا نییە هیچ کەسێک لەوان داوای دیاری هەناردنیان نەکردبوو- هەڵسووڕاندنی ئەم پێشانگایە بەڕفراوانە، زۆر سوودی لە دەست و پەنجە بەتواناو چوست و چالاکەکان وەرگرتبوو، بەڵام هەروەکو پێشتر، هۆش و فیراسەتی بریتۆن، زانیاری و دەرککردنی بەرفراوانی ئەویش، سەلیقە و زەوقی لە ڕادەبەدەری ئەویش لە دەستڕەنگینی و ڕازاندنەوە و چنینی بەرهەمەکان لەبەرچاوی هەمووان بە ئاشکرا دەدرەوشایەوە. مۆزەخانەی هونەرە هاوچەرخەکانی نیۆیۆرک لە ڕۆژی سێ شەممە (١٩٩٢/٨/٢٧) لە میانەی پێشانگایەکی پەیوەست بە هێڵکاریە سوریالیستیەکان، بەرهەمی (٧٥) کەسی خستبووە ڕوو، ئەم پێشانگایە بەرهەمە تەعبیریە دامالڕاوەکانی هونەرمەندانی پولوک و ڕۆتکو لە تەک بەرهەمە سوریالیستیەکان خستبووە ڕوو و جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی، هونەر لە ئەمریکا، بەشێوەیەکی بەرچاو و شیاو و سەرنجڕاکێش، قەرزباری سوریالیزمە. ئەو تابلۆ

هێڵکارییەی کە بیکاسۆ بۆ سەر بەرگی یەک لە ژمارەکانی گۆڤاری میناتو (گۆڤاری سوریالیستی)ی کێشابووی، لەگەڵ ئەو بەرهەمە درەوشاوەیەی (میرۆ) کە لە مۆزەخانەکەدا نمایش کرابوو، خۆی لە خۆیدا گۆشەیەک لەم گەنجینە بەهادارە بوون. ئەمەش نەک تەنیا بۆ بەرزڕاگرتنی (دادابیزم) وەک سەرچاوەی سوریالیزم، بەڵکو پیشاندەری ڕۆڵی ئۆماتیزم و بیومورفیزم و بۆچوونی خەونئامێز لە بەرهەمەکانی سوریالیستەکان بوو.

پیشانگای ناوبراو بەهیچ شێوەیەک تەنیا پڕوپاگەندەو بانگەشەی سەرلەنوێ چاوپێداگێڕانەوەی قوتابخانەی سوریالیزم نەبوو.

لە کۆتاییدا لەم بوارەوە،کتێبێکی زۆر لە فەرەنسا بڵاوکرایەوە و دووبارەو چەند بارە چاپ کرانەوە، لەوانە زیاترینیان بەرهەمەکانی ئەندرێ بریتۆن بوون، کە دەکرێ ئاماژە بە کتێبی (هونەری سەرسوڕهێنەر) و نامە نائاساییەکانی ئەو بکەین کە میژووی هونەریش دەگرێتەوە.

بڵاوبوونەوەی چاپی دووەمی کتێبی (ئافرەتانی هونەرمەند و بزاڤی سوریالیزم) نووسراوی پڕ لە کێشە و سەربەگۆبەندی (قیەتنی چادڤیکنز) هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی کۆمەڵە وتارێک و چەند تیۆرێکی چاکخوازیگەرانە بەناوی (سوریالیزم و ئافرەتان) لە ڕۆژنامەی (میت) کە زۆربەیان شیاوی تێگەیشتن نەبوون، ئەوانیش لە میانەی ئەو بەرهەمانەدا بوون.

یەکێک لە ئاڵۆزترین و بەرچاوترین ئەو کتێبانەی کە بەم دواییە لەم بوارەوە بڵاوکراوەتەوە، کتێبی (پاریس و سوریالیستەکان)ەکە بەرهەمی (جۆرج میلی)یە و بە وێنە ڕەش و سپییەکانی (میشل قود) ڕازاندراوەتەوە کە لە شوێنانی ئەوتۆدا گیراون کە وەک ئیلهامگەی سوریالیستەکان خۆیان دەنوێنن، لەوانە وێنەی: بورجی سەن ژاک- کە بریتۆن بە گەورەترین بااڵخانەی میژوویی جیهانی دەزانێت بۆ خۆ شاردنەوە تیای- هەروەها لایەنی درەوشاوەی دیکەی ئەم شارە کە کاریگەرییەکی زۆرو شیاوی لە بەرەو پێشبردنی سوریالیزمدا هەبووە، ناوەرۆکی بەرهەمەکەی (میلی) کە خۆی «جازلێدەری ئینگلیزی، دەقنووسی فیلم، ڕەخنەگری ڕۆژنامەوانی، بێوگرافنووس، قوتابی هەمیشەیی و بەردەوامی قوتابخانەی سوریالیزم و هاوڕێ و هاوکاری زۆر لە گەورە کەسانی ئەم بزاڤەیە» خۆی لە خۆیدا لە بواری تێکەاڵوکردنی یادەوەری و خەیاڵ، شیکردنەوەی ئەدەبی و میژوویی و دەنگ و ئاوازی بێ ڕێتووش و بێ زۆر لەخۆ کردنی، جۆرێکن لە بەرهەمی سوریالیستی.

بەشێکی بەرفراوانی کتێبەکەی جۆرج میلی، تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوە لە (ناجا) و (عیشقی شێتانە)ی بەرهەمی بریتۆن و (ڕەعیەتی پاریس)ی لویس ئاراگۆن. ئەم بەشە بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کتێبەکە، شایانی تێڕامانێکی ئەفسوناوی و شیعر ئامێزانەیە و لەو ڕۆڵە گرنگەیە کە دڵنیامان دەکاتەوە کە شاری پاریس وەک سەنتەرێکی ڕاپەڕاندنی ئەم بواڕە گێڕاویەتی.

بە بۆچوونی (میلی)، ئاراگۆنی سوریالیست، واتە ئەو نووسەرەی کە دەتوانێت بەرهەمی ئەوتۆی سەرنجڕاکێش و بزوێنەر دابهێنێت کە شیاوی ئەوەیە تا لەو ڕێبازە ستالینیزمییە ڕزگاری بێت کە لە سەری بوو، هەروەها میلی زیاتر لە سەری دەڕوات و دەڵێ: هیچ شتێک ناتوانێت شکۆداری نووسینی (ڕەعیەتی پاریس) لەناو ببات، ئەگەرچی بریتۆن دژی ئەم گەورە بەرهەمە سوریالیستییە ناڕەزایی دەربڕی، بەاڵم وەکو شاکارێکی ئەدەبی هەمیشە دەمینێتەوە.

لە هەمان کاتدا لەناو یادەوەرییەکانی سلفادۆر دالی-ش کاتێ لەگەڵ بریتۆن و سەرگەردانییەکانی تێک دەگیرێن بەدرێژایی ئەو چوار دەیەی کە لە پاریس خەریکی کارکردن بووە، دیسان چەند مەسەلەیەک دێتە گۆڕێ و ئەو دەڵێ: وازەن نەکەیت کە من شرۆڤەی ئەم پێک گەیشتنە بە پێک گەیشتنی کچۆلەیەکی قوتابخانە بچوێنێت کە بە ئەستێرەی ئارەزووی خۆی دەگات و قسەی نهێنی و سەرسامی خۆی و چێژو خۆشییەکانی خۆی لەگەڵ ئەودا وەسف دەکات، بەڵکو ئەمە بەتەواوی هەمان ئەو شتانەیە کە لەو سەردەمیدا هەستم پێ دەکرد. من لەگەڵ زۆر کەسدا هاموشۆو سەردانم هەبووە کە بەردەوام ستایشیان دەکەم، بەاڵم تەنیا بریتۆن بوو کە منی شەیدای خۆی دەکرد.

لە ساڵی (۱۹۵۲)دا هەروەکو (میلی) جەخت دەکاتەوە، سوریالیزم بەشێوەیەکی بەرفراوان خۆی سەلماندبوو، ئەمەش تاڕادەیەک بەهۆی ئەو ڕێزداری و پیرۆزییەوە بوو کە تا ئەو سەردەمی لە کەرستە و کەلوپەلە بەهادارەکانی مۆزەخانەکان بۆ سوریالیزم بەشێوەیەکی سەرەکی (وەک دەڵێن- دابونەرێت شکاندن) بەشیاو دەزانراو لە الیەکی دیکەوە، توانایی هێنانە ئارای شۆکێک (صدمة) بێت کە بەهۆیەوە پاشماوەی جەنگ لاواز ببوو، جارێکی دیکە لە ڕێگەی نووسەرانی سوریالییەوە هەناسەی وەبەر بێتەوە. وا پێدەچێت سەرلەنوێ چاو پێداگێڕانەوەی سوریالیزم ئەمڕۆ ئارەزوومەندی زیاتری هونەرمەندانی هاوچەرخ سەبارەت بەو ڕێبازە، بچووکترین تەگەرەو کۆسپ لەبەردەم هەلومەرجەکانی میژووی نەهێنێتە ئاراوە. ئەوەی کە مۆدێرنیستەکان بەوردی لە بارەی ئەم بزاڤەوە پەسندیان نەدەکرد. سوریالیستەکانیش بە هەمان شێوە پۆست مۆدێرنیستەکانیان پەسەند نەدەکرد. (فرە کولتووری) لە تێڕوانینی بریتۆندا سەبارەت بە هونەر، بەشێوەیەکی بەرفراوان لە پێشانگای پاریس خۆی سەلماندبوو، ڕێژەگەرایی و هەڵقۆزتنەوەگەرایی کە شوێن پێی زنجیرە ڕێچکەیەکی هونەری وێنە کێشراون کە شێوازی سەرەتایی سوریالیزم بوون، جارێکی دیکە لە دنیای هونەردا پێشکەوتن وەدەست دێنێتەوە، ڕەنگە سوریالیزم بەر لە مەرگی بریتۆن بە (۲۵) ساڵ مردبێت، بەاڵم بابەت و پرسیارگەلی ئەوتۆی خستۆتە ڕوو کە تا ئەمڕۆش بەتەواوی لەبیرنەکراون.

مایکل کیمل من
و/ لە فارسییەوە: کەریم سۆفی

سەرچاوە:

گۆڤاری آینە آندیشە، سال دوم، شمارە (۱۱)، مردادماە ۱۳۷۱، ص۵۶-۵۷، وەرگێڕانی بۆ فارسی: سەعید ئەلیاسی بروجنی.

ڕوانینێک لە میژووی ناودارانی کورد:

عەزیز خان سەرداری گشتی
(١٧٨٧- ١٨٦٧)

عەزیز خانی سەردار ناسراو بە عەزیز خانی موکری، کوڕی محەمەد سوڵتانی موکری یەکێک لە کەسایەتییە سیاسییە بەناوبانگەکانی دەورەی پاشاکانی قاجار و زاوای میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیری سەدری ئەعزەمی ناو بە دەرەوەی ناسرەدین شا بووە.

عەزیز خان لە ساڵی (١٧٨٧) لە سەردەشت هاتۆتە دنیا و لە پاش ئەوەی پێی دەنێتە تافی لاوی، لەگەڵ فەرەج خانی براگەورەیدا ڕوو لە شاری تەورێز دەکات و پاش ماوەیەک فەرەج خان دەچێتە بەر دلۆڤانی خوای مەزنەوە.

عەزیز خان بەهۆی خوێندەواری و دەستخەتێکی جوانی کە هەیبوو لەگەڵ هێندی لە گەورە پیاوانی دەرباری محەمەد پاشای قاجاردا پێوەندی دەگرێ و بە یارمەتی ئەوان و بەیاوەری (نەقیب) لە فەوجی شەشی تەورێز دەچێتە ئیشوکاری سەربازییەوە. لەشکرکێشییەکەی محەمەد پاشا بۆ سەر شاری هەراتی ئەفغانستان بە پلەی سەرهەنگ (رائید) فەوجی شەشی تەورێز دیاری دەکرێت و دەبێتە یەکێک لە سەرانی سوپاو فەوجەکەیەوە دەچێت بۆ گەمارۆدانی هەرات. لە پاشان شازادە بەهرام میرزا عەزیز خان ڕەوانەی تاران دەکات و لەوێ لە دامودەزگای ئەمیری کەبیردا پلەی بەرپرسی هەموو سکرتێرەکانی سوپای پێدەبەخشرێت. لە ساڵی (١٨٤٦)دا فەرماندەی لەناوبردنی سەربزێوی «بابی»یەکانی پێدەدرێت لە شاری زەنجان و دەچێتە سەر ئەم فرقەیە و سەرکوتیان دەکات.

عەزیز خان بەهۆی لێوەشاوەیی لە بە ئەنجام گەیاندنی پێسپێر دراوییەکانی وەک نوێنەری ئێران بۆ چاوپێکەوتنی ئەلیکساندەر نیکۆلاڤیچ وەلیمەهلری ڕووسیای قەیسەری دەچێتە شاری یەریڤان و لە ساڵی (١٨٤٩)دا پلەی سەرداری گشتی پێدەدرێت و دەکرێتە بەرپرسی قوتابخانەی «دارالفنون»(١)ی تاران و لە ساڵی (١٨٥٠)دا نێوان دوو ئیمپراتۆرییەتی ڕووس و عوسمانلی تێکدەچێت و لەنێوانیاندا جەنگ دێتە ئاراوە.

ناسرەدینشا عەزیز خان بە چل هەزار سواره نیزامەوە دەنێریتە سنووەرەکانی. ئازربایجانی ڕۆژئاوا و میرزا محەمەد خانی قاجاری دەوەللووباشی بەسی هەزارکەسەوە مەئموری سنووەرەکانی کرماشان دەبێت.

میرزا ئاقاخانی نووری کە مرۆڤێکی چەپەڵ و نەفس نزم و خەیانەتکار دەبێ و بەو هەموو سەرکەوتنانەی عەزیزخان ئێرەیی دەبات بەلای ناسرەدینشاوە شۆفاری و دوو زمانی لە عەزیز خان دەکات تا وای لێدێت شا بەنیسبەت عەزیز خانەوە مەبەستی خەراپ دەبێت و بەفەرمانی شا عەزیز خان لەسەر وەزیفەکەی لادەبردرێت و ئەمری پێدەکرێ بچێتەوە بۆ سەردەشت، بەڵام ئاقاخانی چلکاوخۆر لەوێش دەستبەرداری نابێت و شادنەدەدات، بەڵام لە ساڵی (١٨٥٥)دا ناسرەدینشا ڕاستییەکانی بۆ دەردەکەوێت و عەزیز خان بانگهێشی تاران دەکاتەوە و ساڵی (١٨٥٦) دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی وەزیران و لەپاش ئەوە وەک یاریدەدەری بارام میرزا دەبێتە والی ئازربایجان و دەنێردرێتە شاری تەبرێز، بەڵام بۆ جارێکی دیکە عەزیز خان بەهۆی شەیتانی و شۆفاری نەیارانییەوە لە ساڵی (١٨٦٥)دا دوور دەخرێتەوە بۆ سوڵتان ئابادی شاری ئەراک و هەموو مااڵ و سامانەکەی لە سابڵاغ و سەردەشت زەوت دەکرێت، ناسرەدینشا لە ساڵی (١٨٦٦)دا دیسانەوە بەنامەیەک عەزیز خان بانگهێشتی تاران دەکاتەوە و ئەمر دەکات ڕێزی لێ بگیرێ و مااڵ و سامانەکەی بدرێتەوە.

سەردێری نامەی ناسرەدنیشا بەزمانی فارسی بە چەشنی خوارێ دەست پێدەکات:

«عزیزا بیاتا عزیزت کنم
عزیزان ایران کنیزت کنم!»

واتا: عەزیزم وەرە تاکو عەزیزت کەم، عەزیزانی ئێران بکەم بە کەنیزت،... بەم هۆیەوە عەزیز خانی موکری بۆ جارێکی دی دەبێتە بەرپرسی فەوجی چوارەمی تەبرێز و حکومەتی ویلایەتی مازەندەرانی پێدەسپێردرێت و لەدواییدا حکومەتی موکریانی دەدرێتی.

بەرە بەرە عەزیز خان تەمەنی دەگاتە سنووری (٨٠) ساڵی و پر دەبێت و لەلایەکی دیکەشەوە وەلیعەهد دەگاتە تەمەنی لاوی و دەوروبەرەکەی کاری تێدەکەن و بەدژی عەزیز خان هانی دەدەن، عەزیز خانیش پۆست و مەقامی حکومەتی وەلا دەنێت تا ئاخرەکەی لەساڵی (١٨٦٧)دا دەچێتە بەر دلۆڤانی خودا و لە شاری تەورێز لە گۆڕستانی ئیمامزادە هەمزە دەنێژرێت.

دەگێڕنەوە کاتێکی جەللادی دەرباری ناسرەدنیشا ویستبووی لە سەری میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیر(٢)بدا، گوتبووی: «بچۆ بە شا بڵێ ئەوکاتەی لەسەریم دا (دارالفنون)م بونیات نا...» هەروەها گوتبووی: «ئێستا کە دەتانهەوێت لە بەینم بەرن گەورە پیاوێک لەنێو ئێوەدا هەیە زۆر لێوە شاوە و بلیمەتە ئاگاتان لێی بێت، (مەبەستی عەزیز خان بوو).

عەزیز خانی سەردار زۆر ئیشوکاری ئاوەدانی و بیناسازی لە تاران و تەورێز و موکریاندا ئەنجام داون لە بەشێکیان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت ماون.

لەسەردەشت

دروستکردنی پردێک لەسەر زێی بچووک (کەڵۆێ)- کاروانسەرایەک لە شوێنێک بەناوی دۆڵی کورتەک لەسەر ڕێگای کاروانی سەردەشت بۆ مەهاباد. دروستکردنی حەمامێک و مزگەوتێک بەناوی مزگەوتی سوور (بەخشتی سوور دروست کرابوو). حەمامەکەی وەقفی مزگەوتەکە کرد بوو ئێستاش ماوە. دروستکردنی حەمامێک و مزگەوتێک لە گوندی نستان لە ناوچەی ڕەبەتی سەردەشت، بەڵام نەماون. لە بۆکان لەسەر حەوزە گەورەی بۆکان بینایەیەک بەناوی سەردار.

پەراوێزەکان:

١- بەپێی هێندێ سەرچاوەی مێژوویی میرزا تەقی خانی ئەمیری کەبیر کوڕی کەربەلایی قوربان کورد بووە و خەڵکی کرماشان بووە بەهۆی لێهاتوویییەوە بۆتە سەدری ئەعزەم (سەرۆکی وەزیران)ی ناسرەدینشای قاجار، بەڵام بەهۆی شۆفاری نەحەزان لەبەرچاوی شای دەخەن و شا دووری دەخاتەوە بۆ شاری کاشان و لەپاشان جەللادی تایبەتی خۆی (شا) دەچێ و لە حەمامێک بەناوی «فین» لە ملی دەدا و دەیکوژێت. قوتابخانەی «دارالفنون» لە تاران بەچاوێکەری بە چەشنێکی ئەروروپایی بە ئەمری میرزا تەقی خان دروست کراوە.

٢- لە بارەی عەزیز خانی سەرداریش، ناسرەدینشا هەر ئەو بڕیارەی کە بۆ کوشتنی ئەمیری کەبیری دابوو، بۆ ئەویشی دابوو، بەڵام عەزیز خان بە زیرەکی خۆی پیلانەکەی پووچەڵ کردەوە.

ئا: حەمە ڕەسوڵ حەسەنپوور
(سەردەشت)

سەرچاوە:

١- سەردەشت لە ئاوێنەی بەڵگە میژوویییەکاندا (فریدون حیکم زادە).
٢- گۆڤاری مەهاباد ژمارە(١)، لاپەڕە (٥٢-٥٣).

داستان - Epopee

(بەشی دووەم)

داستان کە وەک ژانرێکی ئەدەبی زیاتر لە ئەفسانە نزیکە، لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدانەوە ڕەنگە کۆنترین ژانری ئەدەبی بێ، سەرەتا وەک ئەدەبێکی میللی و فۆلکلۆری دەرکەوتووە پاشان لە ئەدەبی نووسراو. لەم بەشە هەوڵدەدەین زیاتر باسی داستان بکەین لەناو مێژووی ئەدەبی یۆنانی کە بێگومان وەک ڕەگوڕیشە پێوەندی بە کوردیشەوە هەیە، هەڵبەت ئەگەر ئەو خاڵە لەبەرچاوبگرین کە کوردیش وەک زمان و ئەدەب و دابونەریتی ئەخلاقی و هونەری و ئەدەبی زۆر لە میللەتانی هیند و ئۆروپی نزیکە.

لەسەدەی سێیەمی پێش زایین هۆمیرۆس- بە وەسفکردن و دارشتنی جەنگی تڕوادە بنچینەی داستان دادەڕێژێ، ئەمەش تارادەیەک بەشێوەیەکی خۆبەخۆیی (عفوي) سەرهەڵدەدا، چونکە یۆنانی سەردەمی هێلینی (واتە پێش سەردەمی ڕۆمانی) خاوەن دابونەریتێک و ئەدەبێکی شەفاهی- میللی و فۆلکلۆری مەزن و دوور و درێژ بوو- هۆمیرۆس بە دارشتنی و نووسینی جەنگی تڕوادە وەک داستانێک، تەواوی کەسیەتی و ڕوانینی خۆی و شێوازی خۆی لە دارشتنی داستان بەکاردەهێنێ، بۆیە ئەو بە یەکەمین کەسێک دادەنرێ لەم بارەیەوە کە شێوازێکی تایبەتی دابێتە داستان. هەڵبەت ئەمەش دژی ئەوە ناکەوێتەوە، کە داستان لەناو هەر سفێرێکی کولتووری و ئەدەبی دیاریکراو، وەک ڕۆژئاوا، ئەفریقیا، هیند و ئێران و چین و ژاپۆن، خاسیەتی خۆی هەبێ و مۆرکی تایبەتی ئەو کولتوور و ئەدەبەی پێوەبێ.

هەر لەو سەردەمە، واتە لەسەردەمی هۆمیرۆس، کە ئەلفوبێی فینیقی سەرهەڵدەدا کە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەم جۆرە نووسینەی هۆمیرۆس هەبوو، یان گریمانی ئەوە دەکرێ کاریگەری هەبووبێ، بەو مانایەی لە ڕووی جوگرافییەوە لە یۆنان نزیک بووە، دواتر دەردەکەوێ هیچ کاریگەرییەکی ئەوتۆی نەبووە لەسەر ئەدەبی شەفاهی یان زارەکی یۆنانی. دواتر لەسەردەمی یۆنانی کلاسیکی، واتە دوای هۆمیرۆس، کە (قەسیدەی هۆمیرۆس) وەک شێوازێکی تایبەتی شیعر، لە شارەکان بلاوەبێتەوە، لە لایەن دەنگبێژەکان و شاعیرە میللیەکان پراتیک دەکرێ. بە گشتی ئەو زانین و زانیارییانەی داستان پێشکەشمان دەکا هەڵبەت لە ڕێگای سیستەمێکی پەروەردەیی تایبەتی، بەو مانایەی داستان (گوێگرتن و خوێندنەوە و نووسینی) تێدایە، تەواوی دابونەریتە ئەدەبییەکان پێکدەهێنێ. هەڵبەت هەمان شت ڕاستە بۆ ئەدەبی کوردی و دابونەریتی داستان لەناو ئەدەبی میللی و فۆلکلۆری. کێشە سەرەکییەکانی داستان بە پلەی یەکەم پیشاندانی گیانی پاڵەوان ئامێزە لەناو کۆمەڵ، پیشاندانی چارەنووسی ئاڵۆزی مرۆڤە، هەروەها پیشاندانی ئەو هەموو کارەساتانەیە کە مرۆڤ لە ئەنجامی جەنگ دووچاری دەبێ. هەموو کەسێک قوربانی چارەنووسی تایبەتی خۆیەتی، ئیتر ئەو کەسە سەر بە کۆمەڵێکی براوە بێ لە جەنگ یان دۆڕاوبێ، سەرەنجام هەر هەموویان ڕووبەڕووی هەمان ئازاری مرۆیی دەبنەوە، هەموو ئەمانە وەک پەیام و شێوازێکی تایبەتییە کە لەلای هۆمیرۆس هەستی پێدەکرێ.

هەندێ جار داستان، هەروەکو چۆن لەسەردەمی هۆمیرۆسەوە تێکەڵ بە ڕووداوی جەنگ بووە، یان جەنگ وەک ئەنجامێک لەپاڵ پراتیکی داستان بووە، بەتایبەتی بە دوو شێوە گوتراوە، لەشێوەی لاواندنەوە، لەشێوەی پاڵەوان و قارەمانی، لەناو ئەدەبیاتی کوردیش ئێمە ئەم دوو شێوازەمان هەیە، وەک داستانی قەڵای دمدم، کە بنچینەکەی ڕووداوێکی کارەسات ئامێزی مێژوویی (١٦٠٨ز) لە نائاگایی گەلەکی (لاشعور جمعي- Sub conscience) کورد بە زۆر شێوە گوتراوە. جارێک بۆ پیشاندانی ئازایەتی، جارێکی دیکە بۆ هێمنکردنەوەی گیانی بریندابوو و قوربانی،...تاد.

د. موحسین ئەحمەد عومەر

لەنێوان نووسەر و دەرهێنەری شانۆییدا

د. فازیل جاف
(سوێد)

گەلێ لە شانۆکارانمان باس لە مردنی دەق و لە مەرگی دراماتووس دەکەن، هەندێکیان پێیان وایە داهێنان و ئەزموونکاری لە مردن و سەربڕینی دەقەوە دەست پێدەکا، ئەمەش بۆ تێگەیشتنی هەڵەی پێوەندی نێوان نووسەر و دەرهێنەر دەگەڕێتەوە، کە هەر لە سەرەتای پەیدابوونی پیشەی دەرهێنەر، پێش پتر لە سەد ساڵ بە نووسەری دراماوە هەیبووە.

شانۆ بەر لە سەرهەڵدانی پیشەی ڕێژیسێۆر، شانۆی نووسەر بوو، چونکە جیهانبینی نووسەری تێدا بالآدەست بوو، هەر بۆیە دەڵێین شانۆی شکسپیر، شانۆی مولییر، شانۆی گۆگۆل، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی شانۆی هونەریی مۆسکۆ و کەسایەتی ستانیسلاڤسکی وەکو یەکەم دەرهێنەر (لە ڕووی پیشەییەوە) ئیدی ناو و پایەی ڕێژیسێۆر بە زەقی بەرچاو دەکەوێ و لە زۆر بواریشدا جێگای فراوانی خۆی داگیر دەکا، بۆیە ئێستا دەڵێین، شانۆی ستانیسلاڤسکی، شانۆی میرهۆڵد. شانۆی بریخت، گرۆتۆڤسکی، ئارتۆ، بروک.. تاد.

ئەگەر بە وردی لە ڕەوتی شانۆی مۆدێرن و هاوچەرخ بکۆڵینەوە، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دەرهێنەران، تەنانەت دەرهێنەرانی شانۆی پۆست مۆدێرنیزمیش کە لە هەمووان پتر باس لە بالآدەستی ڕێژیسێۆر دەکەن، تەنیا لە یەک حاڵەتدا پایەی یەکەم لە شانۆدا بە دەست دەهێنن، کاتێ کە تەواو کارامە و داهێنەرن و ئەوانەن کە شایستەی سیفەت و نازناوی بلیمەتین، کەسانی وەکو میرهۆڵد، ئارتۆ، بریخت، گرۆتۆڤسکی، بروک،..تاد، ئەوانە خاوەن قوتابخانە و ڕێچکە و شێوازن، لە بواری هونەری دەرهێناندا دید و جیهانبینی خۆیان هەیە، کە جێگای جیهانبینی نووسەری گرتۆتەوە، یان بەسەریدا زاڵ بووە، هەندێ جاریش هاوتەریبن. ئەوان بەشێوەیەکی هونەرمەندانە و داهێنەرانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەق و نووسەر و جیهانی نووسەردا کردووە، بۆیە هەر لە سەرەتاوە نازناوی نووسەری دووەمیان پێدراوە، وەکو لە حاڵەی میرهۆڵددا دەبینین.

کاتێ میرهۆڵد، شانۆنامەی (ڕیڤیسێۆر- پشکنەر)ی گۆگۆڵ-ی خستە سەر شانۆ، بەشێوەیەکی نوێ ڕەفتاری لەگەڵ ئەو دەقەدا کرد، ڕەخنەگران گوتیان میرهۆڵد تەنیا شانۆنامەی ڕیڤیسێۆر- پشکنەری نەخستە سەر شانۆ بگرە هەموو ئەدەبی گۆگۆڵی خستە سەر شانۆ، لێرەدا سیفەتی نووسەری دووەم بە شێوەیەکی چەسپاوتر درایە ڕێژیسێۆر.

بۆ ئەم ئەرکە دەرهێنەر دەبێ بلیمەت بێ. دەرهێنەر دەبێ وەستابێ، کارامە و دەستڕەنگین و خاوەن ئەزموون بێ، نەک لە سەرەتای فێربوون بێ و هێشتا قوتابی بەشی دەرهێنان بێ، یان ئارەزوومەند (هاوی) بێ.

بەدرێژایی مێژووی شانۆ، نووسەر خۆی دەرهێنەری خۆی بووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی پیشەی دەرهێنەر کێشەی نێوان نووسەر و دەرهێنەر سەبارەت بە ڕەفتار و مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی شانۆدا دەست پێدەکا، لێرەوە کەسێکی دی کار لەسەر دەقی نووسەر دەکا کە نووسەر خۆی نییە، ئەمە لە جیهانی شانۆدا دیاردەیەکی نوێ بوو. کاتێکی زۆر و زەمەنێکی دوورودرێژی خایاند تاکو نووسەران ئەم مافەیان بە دەرهێنەران ڕەوا بینی، بەڵام نەک بۆ هەموو دەرهێنەرێک، تەنیا بۆ ئەو دەرهێنەرانەی کە خاوەن قوتابخانە و میتۆد و جیهانبینی خۆیان بوون، وەکو ئەو ناوانەی کە ئاماژەم بۆ کردن.

ڕۆژێک کە لە زانکۆی لەندەن قوتابی ماجستێر بووم ئامادەی سیمیناری درامانووسێکی بەریتانی بووم کە ناوی نیک دییر (Nick Dear)ـە، ئەم نووسەرە گەلێ گلەیی لەو ڕێژیسێۆرانە دەکرد کە بێ پەروا دەستکاری دەقەکانی دەکەن. پێم گوت:

– جا چی تێدایە بڕوانە میرهۆڵد، چەند دەستکاری دەقەکانی ئەسترۆڤسکی و لیۆنیدۆڤ و گۆگۆلی کردووە.

– لە وەڵامدا گوتی:

– منیش ئەگەر ڕێژیسێۆرێکی وەک میرهۆڵد دەستکاری دەقەکانم بکا قبووڵمە، بەڵام نەک کەسێ کە خۆی هێشتا قوتابی پەیمانگەی شانۆیە، یان ڕێژیسێۆرێکی ئارەزوومەندە (هاوی).

لە بیرمە کە لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی بەغدا قوتابی بووم، دەرهێنەرێکی قوتابی شانازی بەوەوە دەکرد کە چۆن توانیویەتی (هاملێت)ی شکسپیر کورت بکاتەوە بۆ (١٧) لاپەڕەی بە دەست نووسراو، مامۆستا بەهنام میخائیل لە داخا لە هەموو جێگایەکدا ئەمەی بە تەوسەوە دەگێڕایەوە.

کاری دەرهێنەر لەگەڵ داهێنانی نووسەر هاوتەریب دەڕوا، داهێنانی هەردووکیان لەسەر بنەمای کەشف و جیهانبینی دەڕۆن، هەردووکیان جیهان و داهێنانی یەکدی دەوڵەمەند دەکەن. پیشەی دەرهێنەریی دیاریبەکی مەزن بوو بۆ شانۆ، چونکە پیشەیەکە ڕێگای بۆ چەکەرە کردن و گەشەکردنی جیهانبینی هەموو هاوکارانی شانۆ خۆش کرد، جیهانبینی سینۆگراف، جیهانبینی ئەکتەر، جیهانبینی پسپۆڕانی ڕووناکی و جلوبەرگ و دەنگ و...تاد ئەوانە تەنیا لە پاش سەرهەڵدانی ڕۆڵی دەرهێنەر پانتایی ڕاستەقینەی خۆیان داگیرکرد، کە ئێستا لە زۆر جێگادا ناوی سینۆگراف لەگەڵ ناوی ڕێژیسێۆر دەنووسرێ.